**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پڕۆتۆکۆلەکان

# ١٢٦

ساڵی/ ٢٠٢٢ – بەرگی سەدو بیست و شەش

---

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٢٣

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

---

ناوی كتێب: پڕۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(٢٠٢٢)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: ١٢٦
چاپی یەكەم: ٢٠٢٣
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: نەورۆز شێرزاد،، شوان محمد، كۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، شیلان ملاعباس، رەنجدەر رقیب.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:
چاپخانەی شەهاب - هەولێر

# پێڕیست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢٢/٦/٧ ل ٥
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە ٢٠٢٢/٦/١٢ ل ٩٧
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٢/٦/١٥ ل ١٦٧

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)ی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢\٦\٧**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)
# سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠٢٢/٦/٧

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠٢٢/٦/٧ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٢) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی ماددەی (٥) بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) بڕگەكانی (یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٠)، ماددەكانی (٤٧) و (٤٨) بڕگەی یەكەم لە ماددەی (٥٢)، ماددەكان (٥٤) و (٥٥) و (٥٦) و (٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕێكەوتی (٢٠٢٢/٦/٧) بەم شێوەیە بێت:

-خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بە پێی حوكمی ماددەكان (٨٧)، (٨٨)، (٨٩)، (٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

١- پێشنیازە یاسای بەركاركردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاخ و قەدەغەكراو بۆ ئاڵوگۆڕكردن لە بازاڕە نێوخۆییەكان ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەمواركراو.

٢- پێشنیازە یاسای هەمواری جێبەجێ كردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

بە ناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی وەرزی بەهارە، ساڵی (چوارەم) لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ دەكەین، سەرەتای دانیشتنەكەش بە دەقیقەیەك وەستان بۆ ڕۆحی پاكی (د.عزیز گەردی) دەست پێ دەكەین، فەرموون.

فەرموون زۆر سوپاس.

ئێستاش داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەم بەرنامەی كار و پوختەی كۆنووسی كۆبوونەوەی پێشوو و ئامادەنەبوون بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموون.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەرنامەی كار**

بەپێی حوكمی ماددەی (٥) بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) بڕگەكانی (یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٠)، ماددەكانی (٤٧) و (٤٨) بڕگەی یەكەم لە ماددەی (٥٢)، ماددەكان (٥٤) و (٥٥) و (٥٦) و (٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی

پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٧) بەم شێوەیە بێت:
-خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بە پێی حوکمی ماددەکان (٨٧)، (٨٨)، (٨٩)، (٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:
١- پێشنیازە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاخ و قەدەغەکراو بۆ ئاڵوگۆڕکردن لە بازاڕە نێوخۆییەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو.
٢- پێشنیازە یاسای هەمواری جێبەجێ کردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣).
پوختەی دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی:
بەپێی حوکمی ماددەی (دووەم) بڕگەی دووەم ماددەی (٢٠، ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:
یەکەم: دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
سێیەم: دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
چوارەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای بەڕێوبردنی پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان.
پێنجەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیاز و پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە کرا:
١- پێشنیازە یاسای ئەرك و مافەکانی هێزکاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.
٢- پڕۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان.
٣- پڕۆژە یاسای دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکانی پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.
شەشەم: خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر سەبارەت بە دەرمانی بێ کواڵتی و ماوە بەسەرچوو و قاچاغ و نرخی نەخۆشخانە تایبەتەکان و بەکۆی دەنگ ئەندامانی پەرلەمان ڕەزامەندی درا و ڕاسپاردنی لیژنەی تەندروستی بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕاپۆرت و ڕاسپاردنەکانی بۆ ئەوەی ئاڕاستەی حکومەت بکرێ.
حەوتەم: دواخستنی خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە:
١- پێشنیازە یاسای بەرکارکردنی هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراو بۆ ئاڵوگۆڕکردنی لە بازاڕە نێوخۆییەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو.
٢- پێشنیازە یاسای هەمواری جێبەجێ کردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦) ساڵی (١٩٨٣).
هەشتەم: کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیستی ئامادەنەبوونی ئەندامان لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی (٢٠٢٢/٦/٢) هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە: بەڕێز
- راهی رەهبەر إبراهیم.
- شنۆ أشقی عبدالله
- عبدالستار مجید قادر
- سەرکۆ ئازاد حسین
- سەلما فاتح توفیق
- صباح محمود محمد
- رێڤینگ محمد
- کاظم فاروق نامق (بە بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢١) ئامادەنەبوو).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت یان بێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان ئامادە نەبوون:

**یەکەم**: لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار (٢٠٢٢/٦/٥) مۆڵەتیان پێدراوە: بەڕێز
١- زیدان رشیدخان أودل.
٢- نجاة شعبان عبدالله.
٣- کلارا عۆدیشۆ یعقوب
٤- رزگار محمد محمود

**دووەم**: لیژنەی پەیوەندییەکانی رەوەندی کوردستانی (٢٠٢٢/٦/٦) مۆڵەت پێدراو:
١- محمد سعدالدین أنور

**سێیەم**: لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی (٢٠٢٢/٦/٦) مۆڵەتیان پێدراوە:
١- سەرکۆ ئازاد حسین.
٢- رێبوار عبدالرحیم عبدالله
٣- جنان جبار بویا

**چوارەم**: لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە (٢٠٢٢/٦/٦) مۆڵەتیان پێدراوە:
١- صباح محمود محمد
٢- زانا خالد سمایل
٣- شنۆ أشقی عبدالله
٤- جلال محمد أمین بایکۆت

**پێنجەم**: لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری (٢٠٢٢/٦/٦):
١- محمد سعدالدین أنور مۆڵەت
٢- سەرکۆ ئازاد حسین مۆڵەت

**شەشەم**: لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار (٢٠٢٢/٦/٦) مۆڵەتیان پێدراوە:
١- زیدان رشیدخان أودل

٢- كلارا عوديشو يعقوب

٣- ئاشنا عبدالله قادر

٤- راهى رەهبەر إبراهيم

٥- فريد يعقوب إيليا

**حەفتەم**: ليژنەی كاروباری پێشمەرگە (٢٠٢٢/٦/٧) مۆڵەتيان پێدراوە:

١- سەروان محمد علی

٢- باڵانبۆ محمد علی

٣- بژار خالد عبدالله

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دەست بە جێبەجێ كردنی بڕگەی (يەكەم)ی بەرنامەی كار دەكەين، داوا لە سەرۆكايەتی هەردوو ليژنەی ناوخۆ و ياسايی دەكەين بێنە شوێنی خۆيان، فەرموون.

(كاك سيپان، سەرچنار خان، مژدە خان، بدريە خان، كاك كاوە، گوڵستان خان، روپاك خان، كاك جلال محمد، كاك عثمان سێدەری، كاك كاروان، د.شايان، كاك ياسين، رۆژان خان، د.رێبوار، ليزا خان، كاك جلال، د.زيدان، مامۆستا وەيسی)، بەڵێ كاك سيپان، فەرموو.

**بەڕێز سيپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

گەهاندنا كێشە و گلە و گرفتێن هاووڵاتييان ئێك ژ ئەركێن پەرلەمانيش وەكی ديڤچوونا پرسا گرفتێن هاووڵاتييان، بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی، حكومڕانی بێ ڤێ ڕەنگی ناهێت كرن خەڵك ل دهۆكی ل سرا بەنزينێ بێت و د نەبوونا كارەبا نيشتيمانی دا بناليتن، لە هەولێری ژ بێ ئاڤێ خەلك پەريشان دبيت و لە سلێمانی نەبوونا دەرمانا ل كەرتی تەندروستی وێران بوويە، خەلك براستی ب زەحمەتی دشێت ل نەخۆشخانێ حكومی چارەسەری وە ربگری، حەلەبچە ژی وەكو پارێزگا كو ب تنێ پارێزگە وەكو ناڤ هاتييە دان هەتاكو ڤی دەی ژی خزمەتگوزاريەن پێتڤی نەهاتيە دابين كرن، لەوڕا ب گرنگ دبينم وەكو سەرۆكايەتيا پەرلەمانێ كوردستانێ ب ئەركی ياسايێ خۆ هەستن ژ بۆ يەكی هەڵبژاردنێت پەرلەمانی كوردستانێ د وادێ خۆی ياسايی دا بهێنە كرن و خەلك ب بەشداريەكا كارا دوان هەڵبژاردنا دا گۆرانكارييەكا ريشەيی د حكومڕانيا هەرێما كوردستانێ دا بكەت ژ بۆ يەكێ ببيتە حكومەتەكا خزمەتگوزار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

گوڵستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعيد حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شاری سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی، شاخی گۆيژە باعيسی كەيف و سرور بە ڕەنگە جوانەكانی، بەداخەوە لە يادی رۆژی ژينگەدا سلێمانی بە شۆفڵ وێران دەكرێت و دار و درەختی لە بن هەڵدەكێشرێ، دەزگا پەيوەنديدارەكانی كۆمەڵەی سەوز بە هيچ جۆرێك لەسەر ئەمانە هەڵوێست وەرناگرن، ئێمە وەكو فراكسيۆنی گۆڕان پێمان گرنگە پەرلەمانی كوردستان

هەڵویستێك لەسەر ئەم ژینگە شێواندنەی سلێمانی کە دوو خەسڵەتی تایبەتی سلێمانی رەشەبا و بەفر بوو کۆتایی پێ بهێنرێ، ژینگەی سلێمانی وێران بووە بەڕاستی، ئێمە لە یادی یەکێتی مژدەیان پێداین گوتیان ملیۆنێك نەمام ئەنێژین، لە ناو خێزانەکانمان پیلان.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت سەرۆکی فراکسیۆنی، جگە لە ئیلتیزامی قانوونی و جگە لە ئیلتیزامی نوێنەرایەتی کردن، ئیلتیزامێکی سییاسیشت هەیە، لەبەر ئەوە بەڵێ رووپاك خان، فەرموو.

**بەڕێز رووپاك أحمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکاری مامۆستایانی وانەبێژ بۆ دامەزراندنییان زیاتر لە سێ ساڵە لە سەرەتای ئەم خولەی پەرلەمان مامۆستایانی وانەبێژ داوای دامەزراندنیان دەکەن، کە رێژەیان زیاتر لە سی هەزار مامۆستای وانەبێژە، بۆیە داوا دەکەین و یاداشتیشمان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان لەسەر ئەم پرسە بکرێ بە ئامادەبوونی وەزیرانی پەروەردە و هەروەها وەزیری دارایی، هەروەها سەبارەت بە پرسی کارەبا، کارەبای نیشتیمانی لە چەند رۆژی رابردوو زۆر زۆر کەم بووە، کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا، لە کاتێك دا وەرزی گەرما رۆژ بە رۆژ پلەکانی گەرما زیاتر بەرز دەبنەوە، داوا دەکەین دانیشتنێکیش لەسەر پرسی کارەبا و پێدانی کارەبای نیشتیمانی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان سێدەری، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بابەتەکەی منیش هەر بە هەمان شێوە پەیوەندی بە کارەباوە هەیە، کە ماوەیەکی زۆرە کارەبا بە شێوەیەکی بەرچاو........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دووبارەیە، کاك سروان، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ ساڵی رێکە خۆتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەموو پەرلەمانتاران شاهیدی ئەوەن کە داوای ئەوەمان کردووە لیژنەیەك تەشکیل بکرێت بۆ بەدواداچوون لەسەر چوار سریە یەك فەوجی کوردستان کە بیست و یەك بە حەفت دەوام دەکات، تاکو ئێستا وەك خۆی ماوە، من پێتانم گوت پێشمەرگە ژنی خۆی تەڵاق داوە لەسەر ئەوەی واجیبی زۆرە، بکەن بۆ خاتری خودا بە جواب وەرن، یەعنی ئەوە موزایەدە نییە بۆ خاتری خوا، دە ئەنگۆش ئەگەر موزایەدە دەکەم

جارێك موزایەدە بکەن، دیفاع لە پێشمەرگە بکەن، یەك جار، یەك جار، با ئەو موزایەدەیە بۆ من بێت قەیناکە، با ڕوو ڕەشییەکەی بۆ من قەیناکە، بەڵام بە جواب وەرن، غەدریان لێ دەکرێت، ئەوە یەك، دوو/ بە نیسبەت لیژنەیەك دابمەزرێنرێ بۆ بەدواداچوون لەسەر مووچەی خانەنشینی وەزارەتی ناوخۆ، پۆلیس و ئاسایش، هەموویان هەموو رۆژ لێرەن و داوای ئەوە دەکەن کە بەدواداچوون بکرێت و خەمێکی جیددی لەوان بخورێت، سێ/....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك سروان، رۆژان خان، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان إبراهيم على:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ببوورن، راستی دانیشتنا چووی چونکی پەیاما مە خۆ نەگەهشت من حەز کر ئەڤرۆکە یەعنی داخازیا خۆ بگەهێنم ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار بکەم سەرکێشا جوتیارا بی ل دەشتێ کو چ نەبیتن، ژ بەلکو زەرەر و زیانێ بەرووبوومێ وان کەتی، حکومەت بۆ چ نەبت بۆ تۆڤی هاریکاریا وان بکەتن کە ئەڤە داخازی وانا رەئیسی بی، من بەحسێ ژینگەهێ ژی کرد، یاسا چاکردن و پاراستن و چاکردنا ژینگەهێ، خۆشبەختانە حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئەنجومەنی بریار سەدا کو بێت هەموار کرنێ، جێی دڵخۆشییا مە بی، راستی ژینگەخاز دەڤەرا کو وەشێی هەرە ئەم بەحس بکەن، خەلکی وێ دەڤەری زۆر دل گرانن، حەتا نووکە ئەو پاڵاوگە بە شێوەیەکی زانستی سەرەدارییێت دگەل وی بابەتی ناکەن، ئەم حەز دکەم ئەو کێشە بێ چارەسەر کرن و دیفچوونی بۆ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس رۆژان خان، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەپێی ماددەی (٥٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان قسە دەکەم، پرسیار کردن کە شێوازێکە لە شێوازی چاودێری کردن بەسەر ئەدای حکومەتەوە، راستی ئێمە کە پرسیار دەکەین دەمانەوێ وەڵامێك، چونکە هەدەفی پرسیار لەوەدایە کاتێ کە مەعلوماتمان لەسەر شتێ نەبێ دەمانەوێ مەعلوماتی دەقیق وەرگرین، پرسیارم ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی کردووە لەسەر سی هەزار فەرمانبەری گرێبەست کە کەی دەکرێن بە هەمیشەیی؟ پلانی وەزارەتی چییە لەو بارەیەوە؟ ئەگەر بە هەمیشەیی بکرێ داهات چەندە؟ ئەگەر بە هەمیشەیی نەکرێن چەندە؟ فۆرمەکان کەی دەگەڕێتەوە؟ جوابێك مەتاتییان لە بەڕێوبەرایەتی گشتی بوودجەوە ئیستینساخ کردووە و ئاڕاستەی منییان کردووە، یەعنی بەڕاستی حەق وایە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو جوابانە کە دەزانی لە ئاستی پێویست دا نییە بیانگەڕێنێتەوە و بڵێ جوابێکی دەقیق بدەنەوە بە

پەرلەمانتار، مانای نییە تۆ پرسیار ئاڕاستەی جیهەتێکی موختەص بکەیت و جوابێکی نا دەقیقت بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، لیزا خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم لە قسەکانی گوڵستان خان و ڕۆژان خان لەسەر پرسی ژینگە لەسەر ئێمەیە کە چۆن بتوانین پارێزگاری لە ژینگەی کوردستان بکەین بە بێ جیاوازی لە هەموو شارەکان، هۆکاری ئەو خۆڵبارینەش کە هەیە هەر ئەو بێ مننەتی ئێمەیە بەرامبەر بە ژینگە، من دەمەوێ ئەمڕۆ باس لە بابەتێك بکەم کە پەرلەمانی کوردستان کەمترین باسی لێوە کردووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوەی کە ڕەنگە ئێمە ترسابین لە کاردانەوەکانی شەقام، بەڵام ئیتر لەمەودوا پێویستە کاری لەسەر بکەین، ئەویش چۆنییەتی پارێزگاری کردنە لە بەشێکی تری ژینگە کە ئاژەڵانی بێ لانەن، کە ئەو ئاژەڵانەن لەسەر شەقام، کە پێویستە وەکو پەرلەمان بە جیددی ئیتر لەسەر ئەو پرسە قسە بکەین، چونکە جگە لەوەی ڕۆژانە ئێمە دیمەنی ئازاردانی ئەو ئاژەڵانە دەبینین، هەروەها لە هەندێ گەڕەك و لە هەندێ کووچە بوونەتە مەترسی بەسەر ژیانی هاووڵاتییانەوە، کارکردن لەسەر ئەم بابەتە جگە لەوەی کە ئەرکێکی ئینسانییە، بۆ ئەوەی چۆن بتوانین ئێمە کاتێك لەماڵەکانی خۆمان منداڵێك بەخێو دەکەین ئەگەر توندوتیژ بین لەگەڵی منداڵێکی توندوتیژ دەردەچێ، بە هەمان شێوە ئەو ئاژەڵانە ئەگەر ئێمە بەو شێوەیەی ڕەفتاریان لەگەڵ بکەین ئەوانیش کاردانەوەیان بە پەلامار دەبێ، بۆیە پێویستە ئیتر لەمەودوا پەرلەمانی کوردستان کاتی خۆشی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە پرۆژەیەکمان لەگەڵ ئاژەڵدۆستان هێنا بۆ لای جەنابتان کە کاری لەسەر بکەن، دوو ساڵی بەسەر چوو، ئێمە لەبەر ئەوەی کاری گرنگتر هەبوو پێویستی پێ بوو کە کاری لەسەر بکەین،....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڵێ ئێمە دەستمان بە کارکردن کردووە لەسەر هەردوو پرۆژەکە، وەڵامی ئیجابی حکومەتیشمان وەرگرتۆتەوە، ئێستا ڕاوێژکارانی پەرلەمانی کوردستان خەریکی یەکخستنی هەردوو پرۆژەکەن، کاك وەیسی، فەرموو.

**بەڕێز ويسى سعيد ويسى:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ یادی ڕۆژێکی مێژوویی یە لە ژیانی سیاسی گەلی کوردستان کە لە (٧)ی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٧) لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆك (مەسعود بارزانی) بە کۆ دەنگی بڕیاریان دا لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم، بۆ ئەوەی گەلی کوردستانیش بتوانێ لە ڕێگایەکی ئاشتییانە دەنگ و ویستی خۆی بە جیهان بگەینی، ئەم بڕیارە دەستکەوتێکی گرانبەها بوو بۆ هەموو هاووڵاتییانی کوردستان و شانازییەکی گەورەش بوو بۆ

هەمــوو ئەو لایەنــانەی بەژدار بــوون لە دەرکردنــی ئەو بڕیــارە، لەم یــادەدا پێویســتە هەوڵ و کۆششی بێ وچان بدەین بۆ یەك ریزی و تەبایی و یەك گوتاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بدریە خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

بەپێــی مــاددە (٦٦) لە پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمــان قســە دەکەم ســەرۆکی پەرلەمــان، ئێمە بە ژمــارەی یاســایی ئەنــدامانی پەرلەمــان داوامــان کــردووە کۆبــوونەوەیەکی تــایبەت ســەبارەت بە بــارودۆخی چاکســازییەکان دا ئەنجــام بــدرێ، بەپێــی بەدواداچوونەکانمــان چاکســازییەکان لە هەرێمــی کوردســتان لە بــارودۆخێکی زۆر نــاهەمواردان، قەرەبــاڵغییەکی زۆر هەیە، بەپێــی بەدواداچوونەکانی ئێمە لە چوار چاکسازی، شەش چاکسـازیمان هەیە، ژنـان و منـاڵان و گەوران، لە چــوار چاکســازی نەخۆشــی شــێرپەنجەی زۆر تونــد هەیە، قــوڕس هەیە، بەداخەوە کە دکتــۆر هەندێك لەو نەخۆشانەی ئیزن داوە و چەند ڕۆژێکی بۆ داناون، کە دەبـوو پـێش لە دەسـتدانیان ببرێنەوە لای خانەوادەکانییان، بەڵام بەداخەوە جـێگەی نیگەرانیـیە جەنازەکەیـان دراوەتەوە بە خانەوادەکانیان، ئێمە لە کۆبوونەوەکانی رابردوو دا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمـان، داوامـان کردبـوو کە کۆبــوونەوەیەکی تــایبەت بکــرێ، یاداشــتمان ئاراســتە کــردووە و بەدواداچوونەکانیشــمان بەردەوامە، راپۆرتیش دەدەین، ئومێد دەکەین بە زووترین کات کۆبـوونەوەیەك ئەنجـام بـدرێ و وەزیرە پەیوەندیدارەکان بانگهێشت بکرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کەی راپۆرتی لیژنەتان تەواو بوو مەوعیدی کۆبوونەوەتان بـۆ دادەنێـین، د.رێبـوار، فەرموو.

**بەڕێز د. رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە گـوێرەی مـاددە (٥٤) قسـە دەکەم، هەڵـبەتە قسـەکردنی مـن لەسـەر گرانـی بـازاڕە، وێـڕای دەستخۆشیم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەوڵی بێ وچانی بۆ کۆنترۆڵ کردنـی بـازاڕ و نەهێشتنی سیاسەتی قۆرخکاری کە لەلایەن هەندێك بازرگانانەوە پیادە دەکرێ، بەڵام بەداخەوە خەریـکە گرانـی بـازاڕ و گرانـی شـتومەك لە بـازاڕ و بەتـایبەتی کە کـاڵا خۆراکییەکـان تەنـگ بە هاووڵاتییان دەچنێ، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە لیژنەیەك پێك بێنن بۆ بەدواداچوون بۆ گرانـی بـازاڕ، بـۆ ئەوەی چیتـر بەرژەوەنـدیخوازان و بازرگـانی هەڵپەرسـت رێگەیـان پـێ نەدرێ سیاسەتی قۆرخکاری بەکار بێنن، بە جۆرێك بێ بازاڕ کە لەگەڵ توانای دارایی خەڵك دا بگونجێ، خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بـۆ رێکخسـتنی کۆبوونەوەکـانی لیژنەکـان تکاتان لێ دەکەم کە میکـانیزمێکی گونجـاو بـدۆزنەوە بـۆ ئەوەی بەریەککەوتـن لە رووی کـاتەوە نێوان کۆبوونەوەکانی لیژنە دروست نەکرێت، دوێنێ من لە دوو لیـژنەدا کۆبـوونەوەم هەبـوو لە

هەمان دەم دا، لە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و رەوەندی کوردستانی و لە لیژنەی سامانە سرووشتییەکان، بە ناچار لە یەکێکیان حزوورم هەبێ و لەوی تریان بە مۆڵەت هەژمار بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەڵێ میکانیزمەکە لای کاروبارە، سەبارەت بە گرانی بازاڕ ئێمە رۆژی دانیشتنمان داناوە، چاوەڕێی راپۆرتی لیژنەکەتان دەکەین کە جەنابیشت تیایدا ئەندامی، راپۆرتی هەر لیژنەیەك ئامادە بێ وەزیرە تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەن بێنە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی قسەیان لە بارەی ئەو بابەتانە بکەن کە ناوەڕۆکی یاداشتەکانن، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، پێش سێ مانگ من یاداشتێکم پێشکەش کرد سەبارەت بە لێبووردنی گشتی، برادەرانی لیژنەی مافی مرۆڤیش تەبەنییان کرد، یەعنی بڕوا بکە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خێرێکی زۆر گەورەیە، بۆ نمونە ماددەك هەیە لە ماددەکان ماددەی (٣٩٣) من چوومە موتابەعەم کردووە دوو قاوش (٢٨) کەسن، (٢٢)یان تەنازولیان هەیە، (٢٥) ساڵە ئەوانە حوکمی دەخۆن، ئێستا بە ئیجازە دێنەوە ماڵێ، دێنەوە ماڵێ حەفتەك لە ماڵی خۆیان دەبن، کەواتە لە ماڵی خۆی دێ و دەچی، لە هەمان کات دا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سی و پێنج هەزار بۆ هەر سجنەك رۆژانە حکومەت زەرەری دەکات، حیساب بکە ئەو هەموو سجنە، ئەگەر بێنەوە ماڵی خۆیان حکومەت چەند قازانج دەکات، جگە لەوەی ئەرکێکی مرۆڤایەتی زۆر گەورەیە بەڕاستی خەمێکیان لێ بخۆین، هەموو ماددەکانی تر، ئەوی تر باسی بەنزین دەکەم، یەعنی ئێستا بەنزین هەیە سەرچاوم، بە (١٠٢٥)یە تێدەکەی تانکی دەکوڵێ، من زانیتم هەر ساوار لە ناو مەنجەڵی دەکوڵێ، نەمزانی لە ناو تانکی بەنزین بکوڵێ، یەعنی بە صەراحەت بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، رۆژ هەیە خەڵك تەلەفۆن دەکات دەڵێ دوو فیت پەمپم راوەستایە لە رۆژەکی، دەفرۆشی گرانە قەیناکە، بەس با هەرزان بی، هەرزانیش نەبی قەینا بەس بەنزینەکە کواڵتی باش بی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە لێبووردنی گشتی نووسراومان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی حکومەت، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری کردووە بۆ دروستکردنی یان پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ دۆسیەکە، چونکە ئەو بابەتە پەیوەندی بە هەموو لایەکەوە هەیە، بەڵێ کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باس بە بابەتێکی مەترسیدار دەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ساڵی (٢٠١٨) بە گوێرەی داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێژەی بێکاری (٩%) بووە، لە ئێستادا بۆ ساڵی (٢٠٢٢) ئەم رێژەیە زۆر بەرز بۆتەوە، بە جۆرێك کە زیاتر لە (٢٥٠) هەزار دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا بە

خەڵکانی تریشەوە بەدوای کاردا دەگەڕێن و بێکارن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە گوێرەی بەدواداچوونی ئێمە لە تەمەنەکانی (١٤) ساڵ بۆ (١٨) ساڵ تا ساڵی (٢٠٢٦) (٦٧٥) هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان بێکار دەبن، جگە لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە هەرێمی کوردستان کە ئەم ڕێژەیە بە لە خۆگرتنی هەر سێ تەوەرە کە باسم کردنزیك بە ملیۆنێك و دوو سەد هەزار کەس دەکات لە هەرێمی کوردستان دا، حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەرگای دامەزراندنی داخستووە، کە زەمینەسازی ناکات بۆ کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی گەنجەکان دابمەزرێن، بۆ چوار ساڵی داهاتوو کە ملیۆنێك و دوو سەد هەزار کەس بێکار دەبن، کە بەرپرسیارێتی ئێمەیە وەکو ئەندامانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەوەی کە دەرچەیەکی چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە چۆن بتوانن چارەسەری ئەم بابەتە بکەن، بۆیە چەندان یاداشتمان داوە تکایە بەدواداچوونی بۆ بکەن، مکووڕ بن لەسەر چارەسەرکردنی ئەم بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك کاروان، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەی (٤٣) داواکارم لە بەڕێزتان ئەگەر بکرێت لیژنەیەك پێك بهێنن بۆ کۆمەڵێك کێشە و گیر و گرفت کە لە ئێستادا یەك لەوانە کێشەی کواڵتی خەراپی بەنزین و گرانبوونی و هەروەها کێشەی بابەتی ئەو سووە زۆرەی کە چۆتە سەر سولفەکانی عەقار و سولفەی سندوقەکانی نیشتەجێبوون، کە ئەوە گرفتێکی گەلێ زۆری بۆ هاونیشتیمانییان دروست کردووە، هەروەها بابەتی کەمی ئاو لە هەرێمی کوردستان بە شێوازێکی گشتی لە شار و شارۆچکەکان، بەتایبەتیش قەزای چەمچەماڵ یەکێکە لەو قەزایانەی کە گرفتی کێشەی کەمی ئاوی هەیە، یەك خاڵی تر کە ئەمەوێ تیشکی بخەمە سەر ئەویش ئەوەیە کە لێرە و لەوێ لە وەزارەتەکان هەندێك جار دامەزراندن بە گرێبەست هەیە داواکارم لیژنەیەك پێك بهێنرێ، بۆ ئەوەی ئەو دامەزراندنە کەمە کە هەیە بە شروت و بە پێی ئیستیحقاق و بە عەدالەت بێ، نەوەکو بە میکانیزمێك کە لەگەڵ ڕێزم هەر بەڕێزێك بۆ خۆی هەندێك لە کۆمەڵێ لە کەس و کاری خۆی دابمەزرێنێ، ئەو دامەزراندنە کەمەی کە بەداخەوە....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك جلال، بەڵێ، د.شایان، فەرموو.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم بۆ بەڕێز گوڵستان خان، کێشەیەکمان هەیە ئێمە لە لیژنەکان دا، نیصاب تەواو نابێت، بەڕاستی، یەعنی زۆر بە زەحمەت تەواو دەبێ، تەنانەت لە دانانی ڕۆژی کۆبوونەوەکانیش کێشەی تێدایە، بە هۆی تەواو نەبوونی نیصاب، خاڵێکی تر ئەوەیە ئێمە تێبینیمان کردووە لە ئێستادا ڕاپۆرتی یاداشتی ئەندامانی پەرلەمان کە بەپێی ماددەی (٦٦) دەنووسرێ، کە لە حەوت

بڕگە پێکهاتووە، ئێستا ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار دەکرێتەوە، لە کاتێك دا خۆی بە پێی پەیڕەو کە حەوت بڕگەیە مەسەلەن بڕگەی یەکەم باسی ئەوە دەکات گفتوگۆ لە نێوان پەرلەمان و حکومەت، دەستەی سەرۆکایەتی دەبێ لە ماوەی چوارده ڕۆژدا بیخاتە بەرنامەی کارەوە، لە بڕگەی حەوتەم دا دەڵێ (پێویستە ئەو ئەندامانەی واژوویان کردووە ئامادە بن و دەستپێکی ئاخافتنییان پێ بدرێ) بەڵام ئێستا دەبینین یاداشتەکانی پەرلەمانتاران دەدرێتەوە یان ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار دەکرێ، ئەمەش سنووردار کردنی کاری پەرلەمانتارە، واتا ئەگەر لە لیژنە راپۆرتی لەسەر نەدرێ یاداشتی ئەو ئەندامانە کە واژوویان کردووە ناخرێتە بەرنامەی کار، کە ئەمە دەبێتە ناپەیڕەوی بەڕاستی، هیوادارم پێداچوونەوەی پێدا بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان سەبارەت بە یاداشتەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە بە ناچاری دەبێ ئاڕاستەی لیژنەکانی پەرلەمانی بکەین بۆ حازرکردنی راسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانین دواتر دەنگی لەسەر بدەین، کۆبوونەوەکان بە پێی ماددەی (٦٦) بە تەنها بۆ ئەوە نییە ئەندامان قسە بکەن و ئیتر بڕۆینە دەرەوە، بۆ ئەوەی راپۆرتێکی سەنگین هەبێ، کێشەکە دیاری کرابێت، چارەسەرەکانی دیاری کرابن، دەوڵەمەند بکرێ بە قسەی ئەندامانی پەرلەمان، دواتر بەپێی ماددە (٦٧) بڕگەی سێهەم دەخرێتە دەنگدان، ئەوە دەبێتە بڕیاری پەرلەمان وەکو راسپاردەیەك ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێت، ئامانجی ئێمە لەوە ئەوەیە کە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەی (٦٦) بەرهەمدار بن، لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان بتوانن بەدواداچوون بکەن بۆ ئەوەی کە لە ناو هۆڵی پەرلەمان بڕیاری لە بارەوە ئەدرێ، مژدە خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك هەموومان دەزانین ئێستا چەند ڕۆژێکە نرخی بەنزین بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو بەرز بۆتەوە، لیترێك بەنزین...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دووبارەیە.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی ترم هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دووبارەیە، ئەوەی تر بکە.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

ئێمە یاداشتمان تەقدیم کردووە بۆ ئەو بابەتە، هیوادارم هەر ئەو حەفتە بخرێتە بەرنامەی کار، چونکە بێکاری بازاڕ و کێشەی گەنجان کەم نەبوو، ئەوە کێشەی گیر و گرفتی سایەقی تەکسی و پاسەکانیشی هاتە سەر، جێگەی داخە ئەو هەفتەیە دانیشتن هەیە، بەڵام لە کۆی (٣٤) یاداشت

يەك دانە بۆ خەمی خەڵك لە بەرنامەی كارەكەدا نییە، یاسای خانەنشینی ئاسایش و هێزەكانی ناوخۆ نەهاتۆتە پەرلەمان، چونكە هەموو جارێ ئەو مژدەیە بە هێزەكانی ئاسایش و ناوخۆی دەدرێ، بەڵام هەتاوەكو ئێستا هەر چاوەڕێین هیچ وەڵامێكی دروستمان نییە پێیان، پێمـوایە لە حكومەت نەهاتووە، ئێوە فشارتان كردووە كە بە زووترین كات بێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەوانەی ناومان نووسیون وەریان دەگرین، هەرچی تر هەبێ بۆ دوای بڕگەی یەكەمە، د.زیدان، فەرموو.

**بەڕێز د.زیدان رشیدخان أودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو خاڵم هەیە، خاڵی یەكەمیان سەبارەت بەو ئامادەنەبوونانەی كۆبوونەوەی لیژنە لە بەرواری (٥)ی مانگ و (٦)ی مانگ، كە لەسەر یاسای گەشت و گوزار بووە، جەنابیشتان ئاگادارن هۆكارەكەی چییە، من بایكۆتم كردووە نەك ئامادەی كۆبوونەوە نەبووم، خاڵی دووەمم/ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بە هۆی ئەوەی لە لیژنەی شارەوانیم و لەو كاتەی كە یاسای بە خاوەن كردنی ئەو زەوییانە كە لە سنووری شارەوانییەكان دا دەرمانكرد ژمارە (٣)ی (٢٠١٩) و هەمواری ژمارە (٧)ی (٢٠٢١)، من یەكێك بووم لەوانەی كە داوام كرد كە خانوویەك زێدەڕۆكارە و تاپۆی پێ دەدەین بە یاسا، زەوییەكەی تەنیشتیشی دەبێ داخیل بكرێ، بۆیە ئێستا كێشەیەكی زۆر زۆر هەیە، تەنها لە شاری سۆران سەرووی هەزار پارچە زەوی هەیە لە نێوان ئەو خانووانەدایە، وەزارەتی شارەوانی ئەو كات گوتیان ئێمە بە خۆمان چارەسەری دەكەین، بەڵام لە ئێستادا دەڵێن دەبێ لەگەڵ ئەو یاسایە یاسایەكی تری بۆ دەربكات، بۆیە بابەتێكی زۆر گرنگە لە هەموو كوردستان زیاتر لە (١٠) هەزار پارچە زەوی بەو شێوەیە ماوەتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڵام ئەگەر بیرتان بێ لە نوسخەی یەكەمی قانوونەكە كە پەرلەمان پەسەندی كرد چارەسەری ئەوەمان كردبوو، بەڵام هەر لەسەر داوای وەزارەتی شارەوانی بەڕێز سەرۆكی هەرێم قانوونەكەی جارێكی تر لەسەر ئەو ماددەیە گەڕاندەوە بۆ پەرلەمان، جارێكی تر دەنگمان لەسەر دایەوە، كاك كاوە، فەرموو.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە چەند ڕۆژی رابردوو گرفتێگی تر لە هەولێر سەری هەڵدا ئەویش گرفتی كەم ئاوی یە، بەڕاستی دەتوانم بڵێم ئێستا خەڵكی هەولێر لەبەردەم مەترسی كەم ئاوی دان، بەشێك لەو خەڵكانە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دووبارەیە كاك كاوە، شتێكی تر باس بكە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

بەڵێ، دەمەوێ ئەوە بەوە ببەستمەوە بەڕاستی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە ماوەی سی و یەك ساڵ دا حکومەتێك نەتوانێت ئاو بۆ خەڵك، ئاوی خواردنەوە کە سەرەتاییترین پێداویستی یە بۆ خەڵك دابین بکات، بەڕاستی حکومەت شکستی هێناوە، بۆیە ئەرکی پەرلەمانە کە یاسای هەڵبژاردن و کۆمسیۆن بخاتە بەرنامەی کار بۆ ئەوەی بە زووترین کات هەڵبژاردن لە کاتی خۆی ئەنجام بدرێ، چونکە عەیبەیەکی گەورەیە بە هەر شێوەیەك تەمەنی پەرلەمان، یاخود حکومەت و سەرۆکایەتییەکان درێژ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری رووبدات، بۆ ئەوەی ئەو دۆخە چەقبەستووەی کە هەیە دەربازی بکەین، بۆ ئەوەی ئەو شکستە، ئەو بە بنبەست گەیشتنەی حکومەت کە تا ئێستا بەردەوامە بەڕاستی گۆڕانکاری ریشەیی بەسەردا بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەکان؟ بەڕێزان دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی(یەکەم)ی بەرنامەی کار ئەکەین کە بریتییە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی ماددەی قاچاغ و قەدەغە کراو ئاڵوگۆڕ کردن لەنێو بازاڕە ناوخۆییەکان ژمارە(١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی هەموار کراو، بەڵێ بەڕێزان ناویشم خوێندنەوە هیچتان نەوتووە بەڵێ فەرموون تەواو من نازانم ئەوان خاڵی پەیڕەوی ئەڵێن یان نا نازانم ئەوان چیان لەناو دڵیان دایە ئەوان ئیستیغلالی ئەوەکەن پەیڕەوی نین، بەڵێ فەرموو کاك یاسین، ڕاست ئەکەی کاکە ناوت نووسراوە نەم بینیوە فەرموو بیڵێ بزانم چی ئەڵێی تۆش، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، وێڕای پشتگیری لە گوڵستان خان و کاك سەروان هەرکی دەکەم پشتگیری هەموو برادەران دەکەم ئێمە ڕۆژانە بە دۆلی سماقولی دادێین دۆلی سماقولی دۆلێکە پڕە لە شۆڕشگێڕو ئەنواع لە هەموو حزبەکان بەتایبەتی حزبەکەی جەنابت کە باتیبەتی گەورەترین ناوبانگی لەوێ هەیە بەڕاستی شەرمە بەو جادەی دابڕۆی من دوێنێ بەوێ داهاتووم خەڵکی گوندی پێیان وتوومە بیکەنە خاتری خواو پێغەمبەران یان ئەوەتە گوندەکەمان بۆ بارکەن یان ئەو لۆریەو ئەو تانکیە نەوتانەی کە نەوتی پێ دەدزرێ و ئەو لۆریانەی کە خواردنی ئێکسپایەری پێ دێت با بەوێ دانێت ئەوە خاڵی یەکەم.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

........خاڵێکی ترم ماوە ئێ والله دە سانییە نابێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بابەت ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمان، کە ڕەخساندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی دووشەمە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٨ کاتژمێر(١١)ی پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بەمەبەستی پێداچوونەوەو داڕشتنی و دڵنیابوونەوە لە دژنەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ماددەی(٨٥) بڕگەکانی( یەکەم، سێیەم) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تایبەت بە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە پێشنیازە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مادده قاچاغ و قەدەغە کراو بۆ ئاڵوگۆڕ کردن لە بازاڕە نێوخۆییەکان ژمارە(١٨)ی ساڵی ٢٠١٨ی هەموارکراو لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە.

پێشنیازە یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لەمامەڵە پێکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق

ماددەی(١):

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستەواژەو زاراوەکانی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەر دەگەیەنن.

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.

٢- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.

٣- کاڵای قاچاغ: ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان.

٤- کاڵای قەدەغەکراو: ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە مامەڵە پێکردن یان لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت.

٥- لیژنە: ئەو لیژنە تایبەتمەندەیە کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێکدەهێنرێت.

ماددەی(٢):

هەردوو وەزارەتی ناوخۆو کاروباری پێشمەرگە و دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی.

١- ئەو کاڵایانەی کە بۆ قاچاغی پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا.

٢- گرتنی کاڵای قەدەغەکراو.

ماددەی(٣):

١- لەهەر ئیدارەو پارێزگایەکی سەربەخۆ لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار یان جێگری سەرپەرشتیار پێکدێت بە ئەندامیەتی نوێنەری هەریەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆو کاروباری پێشمەرگەو دارایی و ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی و دەزگای ئاسایشی هەرێم و داواکاری گشتی.

٢- لیژنە ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت.
- وەرگرتنی ئەم کاڵایانەی بەپێی حوکمی ئەم یاسایە گیراوە.
- خەمڵاندنی بەهای کاڵای دەست بەسەر داگیراو بەپێی نرخی بازاڕ بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.
- ڕادەستکردنی کاڵای گیراو بە فەرمانگەی پەیوەندیدار.
- دەست بەسەر داگرتن و فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی گیراون کە بەهایەکەیان کەمترە لە پێنج ملیۆن دینار وە دابەشکردنی بڕە پارەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەوانەی بەهاکەیان لەو بڕە زیاترە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند ڕەوانە دەکات.
- فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی کە گیراون بە زیادکردنی ئاشکرا دەبێت بەپێی حوکمەکانی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ئەگەر بۆ لیژنە سەلمێنرا کەوا بە قاچاغی ئامادەکراوە.
- فرۆشتنی ئامرازی کاڵای گیراو بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرکار لە هەرێم پاش ئەوەی حوکمی دەرچوو لە داوای پەیوەست بە کاڵای گیراو پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
- ڕەوانەکردنی قاچاغچی وەك کەسێك مامەڵە دەکات بە کاڵای قەدەغەکراو شۆفێری ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو وە ئەوەی لەگەڵیاندا بەژداربووە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند و ئازاد ناکرێن لە ڕاگرتن تاوەکو حوکمێکی بنبڕ لە داواکەیاندا دەرنەچێت.
- خەرجکردنی پاداشت و ئەو بڕە پارانەی لە هەردوو ماددەی(٥، ٦)ی ئەم یاسایەدا هاتوون بۆ کەسانی شایستە پاش ئەوەی حوکمەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

١- سەرۆکی لیژنە دەسەڵاتی پیادەکردنی حوکمی ماددەی(١٩٤) یەکەم(ب) لە یاسای گومرگی ژمارە(٢٣)ی ساڵی(١٩٨٤)دا دەبێت بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
ئەو کاڵایانەی دەگیرێن بەپێی یاسای گومرگی بەرکار لە حوکمەکانی هەردوو بڕگەی(یەکەم و دووەم)ی ئەم ماددەیە بەدەردەکرێن.
٢- حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەی کاڵای گیراو بەکرێ گیراوبێت یان خاوەنداریەتی بۆ قاچاغچی بگەڕێتەوە جێبەجێ دەکرێت.
٣- بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تەکمیلەکە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی لیژنەی تایبەتمەند کاك شاخەوان دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٤):

ئەو کاڵایانەی کە بەقاچاغ هاوردە یان هەناردە کراون لە ماددەکانی(١٩٥)ی یەکەمی یاسای گومرگی بەرکاردا هاتوون بەهاکەیان پێنج ملیۆن دینار دەبێت بۆ ئەوەی بەهاکەی لەوە زیاتر بێت ڕەوانەی دادگای گومرگی تایبەتمەند دەکرێت.

ماددەی(٥):
١- ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە ئاشکرا کردنی یان گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە پاداشتێکی داراییان پێدەبەخشرێت بەڕێژەی٢٠%ی کاڵای دەست بەسەر داگیراو.
٢- پاداشتی هاتوو لە بڕگەی(یەکەم)ی ئەم ماددەیە بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە دابەش دەکرێت،
- لە ٥٠% بۆ هەواڵدەر.
- لە ٥٠% بۆ ئەو کەسانەی هەڵساون بە ئاشکراکردن و گرتنی کاڵاکە.
٣- لە حاڵەتی نەبوونی هەواڵدەر تەواوی بڕی ئەو پاداشتە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون دەبەخشرێتە ئەو کەسانەی هەڵساون بە ئاشکرا کردن و گرتنی کاڵاکە.
٤- ڕێژەی ٨٠%ی بەهای ئەو کاڵایانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستیان بەسەرداگیراون داهاتێکی کۆتایی بۆ ژمێرەی گەنجینەیی گشتی تۆماردەکرێت.
ماددە(٦):
١- وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕی ئەو پاداشتانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە خەرج دەکرێت سەبارەت بەو کاڵایانەی لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەناودەبرێن و شیاوی فرۆشتن نین لە ئەستۆ دەگرێت.
٢- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەتوانێ ڕەفتار بە کاڵای قەدەغەکراو کە بەپێی حوکمەکانی یاسایە ڕادەست کراون بکات، بە هەناردەکردن یان لەناوبردنیان.
ماددەی(٧):
١- بەرامبەرەکانی فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لای بانکێکی حکومی بەناوی لیژنەوە ئەسپاردە دەکرێت و تا حوکمی ماوە پەیوەست بەو کاڵایانە پلەی بنبڕکردن وەردەگرێت.
٢- دوای ئەوەی حوکم دەرکراو لەداوای پەیوەست لەو کاڵایانەی دەستی بەسەرداگیراوە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەم شێوەیەی خوارەوە ڕەفتارکاری بەو بەرامبەرە لەگەڵ بڕگەی(یەکەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە ئەنجام دەدرێت.
- ئەگەر حوکمدرا بەدەست بەسەرداگرتنی کاڵاکە ئەوا بەپێی یاسای بەرکار لەهەرێم کە ڕەفتارکاری لەگەڵدا دەکرێت.
- ئەگەر حوکمدرا بە گەڕاندنەوەی کاڵاکە بۆ خاوەنەکەی ئەوا بەرامبەری فرۆشتنەکەی بۆ دەگەڕێندرێتەوەو ئامرازی گواستنەوەش بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە.
- سوودی ئەو کاڵایانەی لە بڕگەی(یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە لەو بانکە سپێردراوە بەناوی شارەوانی پەیوەندیدار لە پارێزگاکەدا تۆماردەکرێت.
ماددەی(٨):
دادگای گومرگی تایبەتمەند بەشێوەی خێرا دەروانێتە ئەو داوایانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

ماددەی(٩):
پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
ماددەی(١٠):
وەزیری ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکەن.
ماددەی(١١):
کار بەدەقی هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.
ماددەی(١٢):
ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.
هۆیەکانی دەرچوواندن بۆ ڕێگرتن لە قاچاغچیەتی و لەپێناو دەست بەسەرداگرتنی ئەو کاڵایانەی کە مامەڵە کردنیان لە بازاڕە نێوخۆییەکاندا قەدەغەکراون بەمەبەستی ئاشکراکردنی ئەو تاوانانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ئەو یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەو ڕاپۆرتە ئەخەینە دەنگدان وەکو بنەمای موناقەشە هەر بەڕێزێك لەگەڵییەتی بە پێی ماددەی (٨٧) لە پەیڕەوی ناوخۆ؟بەڵێ پەسەندە فەرموون ناونیشان بخوێننەوە بەڕێزان لە لیژنەکان. فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشان پێشنیازە یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لە مامەڵە پێکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك ئەیەوێت لەسەر ئەم ناونیشانە قسەبکات با ناوی خۆی بنوسێت؟ (د. شێرکۆ، د.اسماعیل، بدریە خان، کاك، مەم، د. هەورامان، گوڵستان خان، ڕووپاك خان، کاك بەڵێن، کاك دیاری، هەژان خان، د. ڕێبوار، کاك سەروان، مامۆستا ابوبکر، حاجی سفین، شیخ ظاهر) کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازە یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لە مامەڵە پێکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق، پێم باشە بکرێتە پێشنیازە یاسای دەست بەسەرداگرتنی، چونکە لە ضەبتیش پێم وایە دەست بەسەرداگرتنە نەك گرتنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سفین.

**بەڕێز سفین اغا عمر ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكەی من لای شێخ ظاهر كرا پشتگیری دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانەكە وشەی گرتن هاتووە، گرتن لە ئەدەبیاتی ئاسایشدا بۆ ئەوە دێت كە كەسێك بگیرێت، بەڵام بۆ كاڵا دەست بەسەرداگرتن دێت بۆیە من پێشنیار دەكەم وشەی (گرتن) بكرێتە (دەست بەسەرداگرتن) پشتگیری كاك شێخ ظاهر كاك حاجی دەكەم، هەروەها ( لە مامەڵە پێكردن) بكرێت (وەمامەڵە پێكردن)، (وە)ی لۆ زیادكرێتن لەجیات (لە)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان پێشنیاری كاك ظاهر و د. ڕێبوارم هەبوو قسەكانم كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك هەورامان.

**بەڕێز هەورامان حمە ڕشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە ئەم ناونیشانە دەبێت سیاغە بكرێتەوە ڕەكاكەتی پێوە دیارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم ئەم عینوانە بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە، یاسای دەستبەسەر داگرتن و قەدەغەكردنی مامەڵە پێوە كردن بە كاڵای قاچاغ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو ڕوپاك خان.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ناونیشان خۆی ئەو پێشنیازە كە هاتووە بە بەركارو هەموار هاتووە، بەڵام دیارە لیژنەی یاسایی وایان پێ باش بووە یاسای سەربەخۆ بێت ڕاستە من ئەندامی لیژنەم، بەڵام كە ڕوونكردنەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن سەرۆكی لیژنە بدرێت لەوانەیە باشتر بێت،

هەروەها بۆ وشەی دەستبەسەر گرتن پشتگیری لە کاك شێخ ظاهر و د. ڕێبوار و ئەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەو پێشنیارەیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ناونیشانەکە پێم باشە بەو شێوازە دابڕێژرێتەوە وێڕای پشتیوانیم لە کاك ظاهر، پێشنیازە یاسای دەستبەسەر داگرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لە هەرێمی کوردستان، وشەی مامەڵەکردن، من پێم وایە کاڵایەکی قاچاغ کە دێتە هەرێمی کوردستان، ئەگەر هێشتا نەچووبێتە قۆناغی مامەڵە پێکردنیشەوە لەبەینی خاوەنی قاچاغچییەکەو هاووڵاتی یان دامودەزگایەکە، بەڵام زانیاری هەبێت لەسەری پێویست ئەکات دەستی بەسەرا بگیرێت یەعنی پێویست ئەکا وشەی مامەڵە کردنەکە لابرێت، هەروەها پشتیوانی لە کاك شێخ ظاهر دەکەم کە وشەی (گرتن) بکرێتە (دەستبەسەر گرتن)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوە باس لە دەست بەسەرگرتنی دوو نەوع کاڵا دەکات، با بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەوەمان بۆ ڕوونکاتەوە باسی مامەڵەکردن ناکات ڕەنگە لە ئیعادەی سیاغەیا باشتر بکرێتەوە ناونیشانەکە، کاك د. بژار فەرموون ئێوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ پێشنیارەکانی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، سوپاس بۆ روپاك خان فعلەن پێویست بوو لە بیدایەت ئاماژەش پێ بدەین لەسەر داوای ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند داواکرابوو کە لەجیاتی ئینفاز کردنی یاسای عێراقی شتێك ئامادەکەین و کاربکەین بۆ ئەوەی ببتە یاسایەکی کوردستانی، سەبارەت بە عنوان کە باسکرا، پێشنیازە یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ لە قانوونی عێراقیش ضبط هاتووە ئێمە مەبەستمان ئەوەیە لە بەرامبەر ئەو ضبطە گرتنە ئێستا ئەگەر ئێمە بێین لە عنواندا بکەینە دەست بەسەرداگرتن، دەست بەسەرداگرتن مصادریە، مصادرەش مەوزووعێکی ترە لە گرتن ناتوانی لە عنوان بکەینە مصادرە، چونکە ئەم یاسایە جاریێ تایبەت نییە لەسەر مصادرە دیارنییە ئایا مصادرە دەکرێت یان نا، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین لە ماددەی(٧) لەوێ دەستبەسەر داگرتن هاتووە ئەوەش دوای ئیجرائات، لە مەحکەمە بڕیار دەدرێت بە مصادرە کردن یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو هەژان خان.

**بەڕێز هەژان حسن احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم کە پێشنیازە یاسای گرتن و دەست بەسەرگرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغە کراو لە مامەڵە کردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق، لەبەر ئەوەی لە ماددەی (٧) باسی دەستبەسەر گرتن

ناکات لەبەر ئەوەی هەندێ مەواد هەیە لە هەندێ بۆنەدا بۆ نموونە لە یاریە ئاگرینەکان کە دێنە ناو هەرێمی کوردستان لە هەندێ ماوەدا قەدەغە دەکرێت بۆ نموونە لە جەژنەکاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی برادەران پێشنیازەکەیان وت یەکەم، دوای بەرمەبنای ڕوونکردنەوەکەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پشتگیری لە قسەکانی خاتوو ڕوپاك ئەکەم کە ئایا ئەم یاسایە یاسایەکی سەربەخۆیە یان هەمواری بەرکارکردنی هەمووارە لەبەر ئەمە ڕوونکردنەوەمان ئەوێت لەم ڕووەوە بۆ یەکلاکردنەوی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریه اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیازی کاك ظاهر و د. ڕێبوار و ڕوپاك خان ئەکەم سەبارەت بە دەستبەسەراگرتن کە لە ماددەی (٣،٧)دا هاتووە، بڕگە (چوار)ی مادده (٣)، وە سەبارەت بە بەرکارو هەموار پشتگیری ڕوپاك خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کاك د. بژاریش ڕوونیکردەوە ئێمە دوو موصتەلەحمان هەیە (ضبط و والمصادره) ئەم قانوونە قانوونی ضبطە دواتر مصادره ئەکرێت، یەعنی ئەگەر ئێمە ئەم عینوانە ڕاستە لە وتنا خۆش نییە، ئەگەر شتێکی ترتان هەیە بۆ موقابیلی ضبط بۆمان بێنن زۆر باشە، بەڵام دەستبەسەراگرتن مصادرەیە لەڕووی قانوونییەوە لیژنەی قانوونی ناتوانن عینوانەکەی بگۆڕن خۆ ئەگەر بۆ بەرامبەری کەلیمەی ضبط شتێکتان هەیە، ئەوە ئەتوانن بە لیژنەکە بڵێن، بەڵام دەست بەسەراگراتن ضبط جیایە، المصادره جیایە، دوو موصتەلەحی قانوونی زۆر جیاوازن، د. اسماعیل فەرموو جەنابتان.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحيم، والله من هەر پرسیارەك هەبوو ل لیژنا تایبەت ل ڕاپۆرتێ دا ب شکلەکی هاتیەو ناڤ وەسا هاتیە کو یاسایەکا سەربەخۆیە موسەقلە ئەڤە ڕاپۆرتێدا هاتیە

یەعنی هەموارەو جێبەجێ کردنە وە د ڤێرێ دا وەکو یاسایەکا موسەقلەك بۆمـان ڕوونکردنەکێ بدەن چونکە کیش کشوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بەو ڕوونکردنەوەی جەنابت وەئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی باسیکرد، ئەگەر بە وشەی گرتن بێت گرتن بە مانای ضبط نییە قەبچە، مەسەلەن القبچ علی فلانی، وە پرۆسێسی گرتن وەکو برادەران بەشێکی ئەندامانی بەڕێز تەئکیدیان لێ کردەوە مەسەلەی پرۆسێسێك هەیە ناوی دەست بەسەراگرتنە وە گرتنە، گرتن حادەتەن بۆ چ شتێك ئەبێت بۆ زیندەوەر ئەبێت بۆ ئاژەڵ ئەبێت بۆ مرۆڤ ئەبێت عەمەلیەکە ئەکرێ، بەڵام کاڵایەك ماددەیەك ئەڵێ دەستم بەسەراگرت ئەم موصادەرەیە ئەکرێ کاتی بێت بێت بۆ سەعاتێك بێت ئەکرێ بۆ حەفتەیەك بێت ئەکرێ بۆ مانگێك بێت، بەڵام ئەگەر وشەکە ضبط لە بەرامبەر عەرەبی بەڕاستی لێرەیا وشەی گرتن جێگەی خۆی ناگرێ یەعنی ئەوە ئیشکالێکە، تەبعەن من پاڵپشت بەوەی کە تەئیدی ئەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە جەختیان کرد لەسەر مەسەلەی چەمکی موصادرە واتە دەستبەسەراگرتن بەشیاوتر دەزانم نازانم ئەگەر چەمکێکی تر هەبێت ئەگەر لێرە بەکاری بێنین بۆیە پێشنیاز دەکەم دارشتنەوەکە کۆی بەم شێوەیەی لێبکرێت پێشنیازە یاسای دەستبەسەراگرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو نەك لە مامەڵە پێکردنا قەدەغەکراو و مامەڵە پێکردنیان لە هەرێمی کوردستان، ئەم چەمکانە لەناو تەبعەن زمانی کوردی دەوڵەمەندە هەندێ موڕادیف هەیە ڕەنگە ئێستا لەبەردەستا نەبن، ضبط تەئکید دەکەمەوە گرتن نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن لە زمانی عەرەبی هەر سێ وشەی (ضبط، حجز، صادرە) مان هەیە، فعلەن من ئەم شەو لە فەرهەنگی قانوونی د. نوری تاڵەبانی و لە هەنبانە بۆرینەشا گەڕام نزکترین دەستەواژە بۆ ضبط گرتنە یەعنی لە هەموویان نزیکترە هەروەها لە ماددەی (٥٧)ی پەیڕەویش لە ئینزباتا بەرزەفت کردنمان داناوەتەوە بۆیە نزیکترینیان بریتیە لە گرتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان فەرمووو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت ئەو ضبطە......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتە نیزامی نیە ئەوە دەی قسە بکە.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

.... ئاخر ناوم نەنووسی بوو بەس دەمەوێ قسە بکەم لەسەر ئەو پێشهاتەیە یەك پێشنیازم هەیە ناوم نەنووسی بوو، بەڵام بەڕووخسەتی جەنابت ئەگەرنا بە نوقتە نیزامی قسە ناکەم.......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نانا دەست خۆش والله پێم خۆشە فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

...... من وەك وەرگێڕێك لە ئەڵمانی ئەم شتە بە گلدانەوە دێتەوە، گلدانەوە گلی ئەدەنەوە تا ئەو حاڵەتە یەکلا ئەبێتەوە ئینجا گلدانەوە لە وشەیەکی ئەڵمانیەوە ڕێك کوردیەکەی وا ئەکات ضبط ئەوەیە حاڵەتێکە نارِوونە پۆلیسێك پێی وایە ئەمە قاچاغییە وەری ئەگرێت ئەیدا بە دادگا دادگا بڕیار ئەدا ئایا ئەمە قاچاغ بوو یان قاچاغ نەبوو بۆ گلدانەوەی وەکو تەئمین دائەنرێت تەئمینەکە ئەوەیە یان ئەوەیە یاسا بەسەریا ئەسەپێ سزای لەسەرە سزای ئەدەن یاخود سزای لەسەر نییە، پۆلیسەکە تەهوینی کردووە پاداشتیشی ئەکەنەوە تەئمینەکەشی بۆ دەگەڕێننەوە کەواتە وشەی گلدانەوە لە ضبطەکەیا دێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەشتاندا، بەڵام ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ لە ئینفازەوە کردمان بە قانوونێکی سەربەخۆ؟ فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە زۆر سوپاس، بەپێویست دەزانم جارێکی تر تەوزیح لەسەر هەردوو بابەت بدەم جارێ پێشتر ئەم پێشنیازی یاسایە لە کاتی خۆیدا لە ساڵی(٢٠١٩) بۆ خوێندنەوەی یەکەم کە ئاڕاستەکراو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرابوو ڕاستە بەرکارکردنی یاسای ئیتحادی بوو لێرە دوای ئەوە ئەمە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆیە لەم ڕاپۆرتە داوایان کردیە پێمان باشە لە جیاتی باسکردنی قانوونی ئیتحادی با قانوونێکی کوردستانی بێت، بۆیە ئێمە ناتوانین لە کلیشەی یەکەم و دووەمی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی یەکسەر عنوان بگۆڕین ئەو دەسەڵاتەمان نییە بەس کەدێین یەکسەر دەڵێین لیژنەی یاسایی ئەمەی خوارەوە یان ئەو داڕشتنەی خوارەوەی پێ پەسەندە یەکسەر عینوان لەوێ ئەو عنوانەیە کە ئێمە دامانناوەو بەشێوەیەك کە یاسایەکی کوردستانییە بۆ، چونکە ئەو ڕاپۆرتەی دێتە ناو جەلسە لێرە بە دەنگدان دەبێتە بنەما دوای ئەوەیکە دەنگ لەسەر ئەم ڕاپۆرتەدرا، ئینجا ئەوە عینوانەکەی تەسبیت بوو بۆیە لە کلیشەی یەکەمی ڕاپۆرتی ئێمەدا ناتوانین دەستکاری عینوان بکەین چۆن تەقدیم کراوە دەبێت ئەوە دانێین لە بەرنامەی کاریشدا بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان ناتوانن، چونکە تا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەنگی لەسەر نەدرێت نابێتە بنەما ئەوە یەکەم، بەس سەبارەت بە ئەویتر سەبارەت ناونیشان، یەعنی وەکو جەنابت ئاماژەت پێدا ئەگەر دەستەواژەیەك هەیە بەدیل بۆ گرتن لای ئێمە هیچ کێشەمان نییە وابزانم لای لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆش، بەس ئەگەر بۆ مصادرە بێت فعلەن لە ڕووی قانوونیەوە ناتوانین ئەم یاسایە هەمووی تێك دەدات جارێ ئەم کاڵایانە تا هەموو ئیرائاتەکان تەواو نەبێت وە قەراری مەحکەمە دەرنەچێت کە ئەم کاڵایانە قاچاغن یان هاتوون بەبێ ئەوەی

ڕسم و گومرگی دابێت ناتوانین یەکسەر بێین مصادرە بکەین، چونکە مصادرە چیە یەعنی گواستنەوەی موڵکیەتە لە ئی مەحکوم علەی بۆ دەوڵەت بەبێ ئەوەی هیچ تەعویزێك بدات ناتوانین یەکسەر کە کاڵایەك دەستبەسەرداگیرا ئەگەر بەس بە نموونەش بێنم صەفعەی پێنج لەم ڕاپۆرتەدا خاڵی پێنجەم لە کۆتاییەکەیا دەڵێت ئەگەر بۆ لیژنە سەلمێنرا کەوا بەقاچاغی ئامادەکراوە ئاخر ئەگەر نەسەلمێنرا، چۆن مەعقولە لە بیدایەت مصادرە بکرێت پێش ئەوەی ئیسپات بێت فعلەن ئامادەکراوە بۆ قاچاغی یان نا بۆیە دوو شتی لێکجیان یەعنی گرتن و دەست بەسراگرتن دوو شتی لێکجیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشیم بۆ ڕوونکردنەوەی جەنابت و بەڕێز سەرۆکی لیژنە، من ئەمەوێ ئەمە بخەمە ڕوو کە ئێمە لە مەجلس نوابی عێراقی نین ئێمە لە پەرلەمانی کوردستانین وە موشەرەع کوردەو بە نیەتێکی کوردی و بە گوێرەی ئەو وشانەی کە باون لە کۆمەڵگای کوردی و لە ئەدەبیاتی بوارە جیاجیاکانا هاتووە تەشریع دەرئەچوێندرێ لە پەرلەمانی کوردستانا، بۆیە تەئکید دەکەمەوە وشەی دەست بەسەراگرتن بەگوێرەی ئەدەبیاتی ئاسایش کاڵاییەك پێی ناڵێن گرتن پێی ئەڵێن دەست بەسەرگرتن، کەواتە دەست بەسەرگرتن لە فەرهەنگی کوردی بەمانای مصادرە نایەت بەهیچ جۆرێك بەمانای ضبط کردن دێت بۆیە من جەخت ئەکەمەوە لە بڕی وشەی گرتن وشەی دەستبەسەرگرتن بکرێ کاتێك ئەگەر پێویست بوو ئەم یاسایە تەرجوومەی عەرەبی بکرێتەوە ئەوکاتە لە بڕی مصادرە بکرێتە ضبط، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە دەیان قانوون لەم پەرلەمانە دەرچووە دەست بەسەرگرتن لەجیاتی مصادرە بەکارهاتووە یەعنی ان شاءالله بیردەکەینەوە لە زۆر یاسا هەتا لە تازەترین یاسا یاسای چەك یەعنی مصادرە حوکمە لێرە بە دەست بەسەرگرتن تەرجوومە کراوە، فەرموون ماددەی(١) بخوێننەوە، فەرمووکاك جەلال.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستەواژەو زاراوەکانی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن.

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.

٢- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.

٣- کاڵای قاچاغ: ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان.

٤- کاڵای قەدەغەکراو: ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان مامەڵە پێکردنیان لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت.

٥- لیژنە: ئەو لیژنە تایبەتمەندانەیە کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێکدەهێنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەر ماددەی (١) کێ قسەی هەیە؟ هەموو ناوەکان دەخوێنمەوە نەوەك یەکێکمان نەنووسی بێت دوای ئەوە کاك جەمال بەڕێزت قسەبکە، (کاك سیروان، کاك مەم، مژدە خان، کاك جەمال، کاك کاروان، کاك بەڵێن، شیرین امین، کاك ڕزگار، کاك عثمان، د. ڕێبوار، جوان خان، کاك چیا، حسیبە خان، کاك هێڤیدار، لیزا خان، سەوسەن خان، د. گەلاوێژ، کاك شێخ ظاهر، کاك علی، کاك بختیار، نجاة خان)، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جەمال حويز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی(١) من تێبینیم لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە هەیە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق نووسرایە، بەڵام ئەبێت بکرێتە هەرێمی کوردستان-عێراق.

سێیەم: کاڵای قاچاغ: ئەو کاڵایانەیە ئەوە جەمعە بەخۆی ئەبێت بنووسرێت ئەو کاڵایانەن.

چوارەم: ئەو کاڵایانەیە کە مامەڵە پێکردنیان لە ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) من تێبینیم لەسەر بڕگەی سێیەم و بڕگەی چوارەم هەیە.

بڕگەی سێیەم: کاڵای قاچاغ: ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان، پێشنیار دەکەم وشەی پێدەکرێت بکرێتە (پێوە دەکرێت) هەروەها بەبێ دانی ڕەسم و گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەن بکرێتە (لە دەرەوەی ڕێکارە یاساییەکان). بڕگەی چوارەم: کاڵای قەدەغەکراو: ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان مامەڵە پێکردنیان لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت، پێشنیار دەکەم دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە بکرێت بە (دەسەڵاتی پەیوەندیدار)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله (کاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١) لە بڕگەی چوارەم من تێبینی ئەوەم هەیە کە ئەو کاڵایانەی لە لایەن دەسەڵاتە پەیوەدیدراەکان، ئەمە یاسای بۆ زیادبکرێت یاسا بەرکارەکان ڕاستە لە بڕگەی سێیەمیش لە شوێنەکانی تریش ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لێرە تۆزێك مەطاطیە بۆیە ئێمە کێشەیەکی گەورەی قاچاغمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە وابکەین کە نەك تەنها ئەوەی کە بەڕێنمایی لە حکومەتەوە دەردەچێت بەڵکو ئەوەی بە یاسا بەرکارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

ڕێگری لێکراوە ئەمە قوفلی دەکات تا ڕادەیەك وا ئەکات کە ئەم مەطاطی بوونە نەهێڵن لەناو بڕگەکەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عثمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە (عثمان سێدەری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك جەمال هەروتی دەکەم لەو دوو بڕگەیەی کە ئیشارەتی پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی (چوارەم) جارێکی تر من دیسان داوای ڕوونکردنەوە لە بەڕێزان لە لیژنەی قانوونی دەکەم، مەسەلەن ئەگەر ماددەیەکی قاچاغ لە دەروازەکانی هەرێمی کوردستانەوە بهێنرێتە ناو هەرێم، بەڵام لەناو هەرێم مامەڵەی پێوە ناکرێت، مەسەلەن ئەچێتە باشوری عێراق یان ئەچێتە شوێنێك، بەڵام لەو کاتەیا کە لەناو هەرێمە پێی ئەزانرێت هەواڵ دەرەکە یەعنی ناگیرێت لەبەر ئەوەی مامەڵەی پێوە نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك جەمال دەکەم سەبارەت بەو داڕشتنەی دووبارە دابڕێژرێتەوە، لەهەر یاسایەك کە ئێمە دەیهێنین و باسی پێناسەکان دەکەین هەر دەستەواژەیەك لەناو فەرهەنگەکاندا هاتبێت لە ماددەی (١) پێناسەی بۆ دەکرێت، لە ماددەی (٢) باسی وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە دەکرێت، پێم باشە وەزارەتیش زیادبکرێت لە پێناسەکان وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پێشمەرگە، لە ماددەی (٨) باسی دادگای گومرگی دەکرێت، دادگای گومرگیش پێناسەیەکی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من لسەر خالا چارێ بیت لڤێرێ هاتیە کو ئەڤ کاڵایانەی کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان هاتووە معامەلە پێدەکرێن لە بازاڕەکانی ناوخۆی کوردستان قەدەغە دەکرێت، من پێم باشە بەپێی یاسا قەدەغە دەکرێت لە بازاڕەکانی ناوخۆ، چونکە گەلەك جارا تشتەك وەکو بڕیار دێتە ئەڤ بڕیارا نەیاساییە ژبەر هندێ سەرۆکێ لیژنا یاسایی کاك بژار ئەکەر بەپێی یاسا لە

بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان قەدەغە بکرێت، چونکی هەر ل خاڵا پێنجییش نقیسیە ئەم یاسایە یەعنی عەینەن بابەتی یاسی لێ زێدە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان، لە پێناسەکان من پشتگیری جوان خان دەکەم کە وەزارەتەکان دیار بکرێن وە بڕگەی سێیەمیش بەم شێوەیەی لێبکرێت، ئەو کاڵایانەن کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت لە دەرەوەی یاسا بەرکارەکان بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی، بۆ بڕگەی چوارەمیش پشتگیری کاك کاروان دەکەم ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە مامەڵە پێکردنیان لە لە شارەکانی ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت بەپێی یاسا بەرکارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سەوسەن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی چوارەم لە کاڵای قەدەغە کراو پشتگیری کاك چیا دەکەم وە من پێم باشە لەو بڕگەیە کە دەڵێ ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان بکرێتە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا مامەڵە پێکردنیان لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) خاڵی سێیەم کاڵای قاچاغ پێم باشە بەشێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە ئەو کاڵایانەن کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت بە شێوەیەکی نا ڕەسمی بەبێ دان و باج و ڕەسمی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان یانی شێوەیەکی نا ڕەسمی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: من هەست دەکەم ئەم پێشنیازە یاسایە وشەیەکی گرینگی لێ نقووستانە، چونکە ناکرێت تەنها تەرکیز لەسەر کاڵا بکەین، ئێمە وشەیەکی تریشمان هەیە پێی دەوترێت شتومەك کاڵاو شمەك یا کاڵاو شتومەك، ئێستا بۆ نموونە جل و بەرگ شتومەکە، بەڵام ئەم پێنووسە کاڵایە

ئایا مەبەستی موشەرەح تەنها کاڵایە قەدەغە بکرێت دەستبەسەرا بگرێت، یان شتومەك، بۆیە ئەمە زۆر گرینگە ئەم تەوزیعە لە لیژنەی تایبەتمەن وەربگیرێت لە لیژنەی یاسایی.
دووەم: لە خاڵی سێیەم هاتووە تەنها بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان قەدەغە کراوە ڕێنمایییەکان زۆر دەوری هەیە لەکاتی پێویست دا بە ڕێنمای کاڵایەك قەدەغە دەکات، بۆیە گرینگە وشەی ڕێنمایشی بۆ زیاد بکرێت لە خاڵی سێیەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبنی هەین، تێبینیا یەکێ یەکەم: هەرێم هەرێمی کوردستان هەڵەی چاپ دیارە هەی هەرێمی کوردستانی دبیتە هەرێمی کوردستان، وە لە بڕگەی چوارێ کاڵای قەدەغە کراو لێرە ئەز پشتڤیا ئاخافتنێ کاك چیا و سەوسەن خانێ دکەم کو ب یاسا قەدەغە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بختیار.

**بەڕێز بختیار شوکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: سەبارەت بە ماددەی (١) سێیەم کاڵای قاچاغ باسی ئەوەی دەکات ئەو کاڵایە ڕەسم و باجی گومرگی نادات ئێمە لە یاسای وەبەرهێنان و یاسای تەلمیعی سناعی مەوادمان هەیە مەعفیە لەڕەسم و گومرگیش ئایا ئەوە دەچێنە ناو خانەی کو ئەو کالایە قاچاغە؟ پێم باشە بە ڕەزامەندی جهێتی پەیوەندیدار یان حکومەت تێدا دیاربکرێت.
دووەم: ماددەی(٣) دووەم: بەعسی کەسانی شایستە دەکات ئەو کەسانەی شایستەن تەعریفی نەکراوە یەعنی ئەوە بە عمومیەت هاتیە کە چییە ئەوە پێم باشە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سفین.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر تێبینیم لەسەر وشەی کاڵا هەیە وەکو د. ڕێبواری گوتی، کاڵا بە هەندەك ماددەی تایبەت دەگوترێ، خۆراکمان هەیە، مەسەلەن شتومەك و جل وبەرگ و ئەو شتانەمان هەیە، پێم باشە وشەی کاڵا بگۆڕدرێتن ئەوەش بگرێتەوە یەعنی بە عام وشەك دابنرێتن ئەوەی هەموو بە قاچاغ دێتن وەکو خۆراك و جل وبەرگ و ئەوشتانە بگرێتەوە، پشتگیری د. ڕێبورار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر بڕگەی سێیەم و چوارەم هەیە، بڕگەی سێیەم کالای قاچاغ ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی بەپێی یاسا بەرکارەکان، لێرە پێشنیاز دەکەم بکرێتە ئەو کاڵایانەی کە هەناردەو هاوردە دەکرێن بەشێوەی قاچاغ و ئەوەی تر لابرێت، چونکە شتێك کە بەقاچاغ بوو چۆن ڕەسم و باجی گومرگی دەدات، چوارەم کاڵای قەدەغەکراو ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی پەیوەندیدارەکانەوە مامەڵە پێکردنیان لە بازاڕەکنی ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت، پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت (کاڵای قەدەغەکراو ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان لە هەرێم)، لەبەر ئەوەی تایبەتە بە هەرێم مامەڵە پێکردنیان لە بازاڕەکانی هەرێم قەدەغە دەکرێت، بکرێتە (قەدەغەکراوە)، چونکە پێشووتر قەدەغەکراوە مەرج نییە ئێستا قەدەغە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشتی بەڕێز کاك بختیار دەکەم قسەکانی منی کرد، یەعنی لە کوردستان عەفووی گومرگی هەیەئێ ئەو شتانەی کە بە عەفووی گومرگی داخڵ بوو ئەوکاتە قاچاغە یان نا، هیچ باج نادات زەریبە نادات، هەر داخڵی دەبێت وە شەرت نییە لەناو گومرگ داخڵ ببێت، لە شوێنێکی تری سنوورەکە داخڵ دەبێتن ئەو تەعریفەیە زیاتر ئەوبێت هیچ مەجال نەدات، چونکە پێناسەیە بۆ ئەم یاسایەو هەموو یاسایەکی تری کە لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچن، هەرێم وەسفە ئەم هەرێمە کوێیە، هەرێم ناوەکەی کوردستانە هەرێمی کوردستانە مەسەلەن، دووەم ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم، کام هەرێم؟ ئەبێ مەسەلەن هەرێمی کوردستانە کوردستان ئەصڵەکەیە هەرێمی کوردستان، یەعنی بۆ ئەم قانوونەو هەموو قانوونەکانی تر یەعنی کوردستان لە تەنیشت هەرێمەکە زیاد بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی پێشووتر زۆر موناقەشەی ئەوە کرا، کە گرتن یان دەست بەسەرگرتن بەکاربێت لێرە دەتوانین حەلی ئەم موشکیلەیە بکەین لە پێناسەکان دەتوانین زیادی بکەین بۆ نموونە کە پرۆژەکە دەخوێنیتەوە یان پێشنیازە یاساکە دەبینی هەم دەست بەسەرداگرتن بەکارهاتووە هەم گرتن ئایا یەکە یان جیاوازە؟ ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە گرتنەکە پێش حوکم دانە با پێناسەی بکرێت ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە کە یەك وشەیە با ڕێکبخرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم پێشنیازە یاسایە جوانتر بێت لە ڕووی یاساییەوە، ئەگەر بێت و ئەم وشەیەش بەکارهێنرا لەلایەن ئەندام پەرلەمانێکەوە وشەی گلدانەوەش جوانە دەتوانی بەکاری بێنین وە ئەگەر کالای دەست

بەسەرگیراویش ئەتوانێتن ئەمە حەلی موشکیلەیەکە بەم شێوەیەش پێناسەی بکەین، ئەگەر پێش حوکمدان بێتن نازانم ئەوە با برادەرانی لیژنەی یاسایی جوابمان دەنەوە.
کالای دەست بەسەرگیراو: ئەو کالایەیە کە لەلایەن هەردوو وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگەو دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکانەوە دەستیان بەسەرداگیراوە، مەبەستی ئەوە ئەبێت کە هێشتا حوکم نەدراوە، لەبەر ئەوە ئەم وشەیەمان بەکارهێناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بێت، دوای لیژنەی قانوونی ڕوونکردنەوەیەك بدەن بۆ هەمووی، بەسەر چاو کاك علی ئاخر کەس ناوت نووسی بوو بۆیە فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم لەلایەن زۆربەی هاوڕێیانەوە کرا، بۆیە بە پێویستی ئەزانم کە پشتگیری لە قسەکانی کاك جمال بکەم بەتێکڕایی وە کاك بەڵێن و کاك کاروان گەزنەییو بەشی دووەمی قسەکانی د. ڕێبواریش پێم پەسەندە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیشکالیەت هەیە لەناو پێناسەکانی ئەوەی کە لیژنەی بەڕێز بەسەریان تێپەڕیوە زۆر دیقەتمدا بزانم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئەو خەلەلە ئەگرن یان نا، مەسەلەن پێناسەی سێیەم تەماشاکەن کالای قاچاغ پێناسە بەخۆی پێناسە ناکرێت، ئەوە وەکو ئەوە وایە بڵێ کالا ئەو کالایەیە وەکو ئەوەی بڵێی گەنم چیە بڵێی ئەو گەنمەیە کە نانی پێ دروست دەکرێت، یەعنی ئەبێت پێناسەیەك بێت ماددەکەمان پێ بناسێنێت، یەعنی کالای قاچاغ ئەو کالایانەیە کە هێنان و بردنیان ئەمە لە پێشا جارێ نازانین کالا چییە تاوەکو کالای قاچاغ، بۆیە من ئێستا هەندێ پێشنیاز بۆ چۆنیەتی داڕشتنەوەی بڕگەی سێیەم وە بڕگەی چوارەم کە کالای قەدەغەکراوە دیسانەوە کالا ئەو کالایەیە گەنم ئەو گەنمەیە کە نانی پێ دروست ئەکرێت وەکو ئەو پێناسەیە لە کاتێکدا ئەبێ بڵێی گەنم ئەو بەرهەمە خۆراکییەیە کە لە ئاش دەکرێتە ئاردو نانی لێ دروست ئەکرێت بۆ نموونە، مەسەلەی بڕگەی سێیەم بڕگەی سێیەم پێناسەکە پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت، جارێك ئەم یاسایە من لەلیژنەی بەڕێز دەپرسم ئایا پێویست ناکات کالا بناسین چییە؟ جارێ بزانین کالا چییە پێناسەیەکمان هەبێت بۆ کالا بەدێڕێك بە دوو دێڕ دواتر کالای قاچاغ ئەمەیە وە کالای قەدەغەکراویش بەم شێوەیە، بۆیە من پێناسەکانم بەم شێوەیە دەبێت تەبعەن کالا لە ماددەی (١)ی قانوون ژمارە (٢٣)ی ساڵی١٩٨٤ کەکاری پێدەکرێت بەم جۆرە هاتووە.
بڕگەی (سێزدە) ماددەی (١) کالا: هەر ماددەیەك یان بەرهەمهێنراوێکی سروشتی یان ئاژەڵی یان کشتوکاڵی یان پیشەسازی دەگرێتەوە، ئەگەر ئەم پێناسەیەی کە لە قانوونی ژمارە (٢٣)ی ساڵی

١٩٨٤ كە بەرکارە، چونکە لەناو ماددەکانی تریش دا ئەڵێت ئەوە پێویست ئەکا لیژنەی پەیوەندیدارە ئەوە جێبەجێ بکات، ئەوە بەم پێناسەیە دابنرێتەوە خزمەتی پێشنیازە یاساکە ئەکات، بڕگەی سێیەم پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت.
کاڵای قاچاغ: هەر ماددەیەك یان بەرهەمهێنراوێکی سروشتی یان ئاژەڵی یان کشتوکاڵی یان پیشەسازی دەگرێتەوە کە بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە هێنان و بردنیان پێوە دەکرێت.
بڕگەی چوارەم کە کاڵای قەدەغەکراوە هەر ماددەیەك یان بەرهەمهێنراوێکی سروشتی یان ئاژەڵداری یان کشتوکاڵی یان پیشەسازی دەگرێتەوە کە لەلایەن دەسەڵاتی پەیوەندیدارەوە پاڵپشت بە حوکمەکانی ئەم یاسایە مامەڵە کردنیان لە ناوخۆی هەرێمدا قەدەغەکراوە، بۆ بڕگەی چوارەمین.
بەنسبەت بڕگەی پێنجەم تەبعەن ئەو کاتە ئەگەر کاڵا پێناسەکەین کاڵا ئەبێتە بڕگەی سێیەم، بڕگەی سێیەم کاڵای قاچاغ دەبێتە چوارەم، چوارەم ئەبێتە پێنجەم، پێنجەم کە لیژنەیە ئەبێتە شەشەم بەم شێوەیە پێناسە کرێت لیژنەکە کە ئەڵێ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە من پێشنیاز دەکەم ئیزافەیەکی بۆ بکرێت بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٣)ی ئەم یاسایە، چونکە لە ماددەی (٣) ئەم ڕوونکراوەتەوە باشتر دێ، ئیشکالیەتێك لەناو ئەم یاسایە ئەبینم حەزئەکەین لیژنەی یاسایی بۆمان ڕوونکاتەوە مەسەلەی لێرە ئەوەیە دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان ئەو کاتە هەر فەرمانگەیەك هەر وەزارەتێك خۆی بەخاوەنی ئەم مەسەلەیە ئەزانێت، یەعنی بۆ نموونە دەسەڵاتی پەیوەندیدار لە قۆناغێکدا بۆ قەدەغەکردنی تەماتەو خەیار لە وەرزی بەرهەمهێنانی تەماتەیا ئەو قەدەغەی دەکات کە پەیوەندی بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە هەیە کە لێرە ئەرکی جێبەجێ کردنی تەنیا وەزارەتی ناوخۆو داراییە، بۆیە مەسەلەی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان بەبڕوای من پێویست ئەکات چەند پێناسەیەکی کەی هەبێت وەکو دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان وە لایەنی پەیوەندیدار وە فەرمانگەی پەیوەندیدار، لەناو ئەم یاسایەیە زۆرجار هەندێ فەرمانگە خۆی ئەکات بەخاوەنی، من لایەنی پەیوەندیدارم جێگەی بکرێتەوە بۆ نموونە من پێشنیاز دەکەم بۆ دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان، دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان وەزارەتەکانی ناوخۆ، کاروباری پێشمەرگە، دارایی و ئابووری، بازرگانی و پیشەسازی، کشتوکاڵ، دوزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گومرگەکان دەگرێتەوە، بۆ لایەنی پەیوەندیدار ئێستا پێناسەیەکم لەبەردەستدا نیە ئەگەر پێتان باش بێت یان فەرمانگەی پەیوەندیدار دواتر لە ڕاپۆرتی هاوبەشا ئەکرێت سیاغەی بدۆزنەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس ئەو پێناسانەی کە کردبووت کاك مەم والله بەنووسراو بینێرە بۆ لیژنەکە بێ زەحمەت. فەرموو مژدە خان.
**بەڕێز مژدە محمود محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، لە ماددەی (١) بڕگەی یەکەم هەرێمی کوردستان، مادام ئەو داشە کە هەیە ئەو (ی) لێبکرێتەوە دەبێتە هەرێمی کوردستان-عێراق.

ماددەی (١) خاڵی سێیەم: کاڵای قاچاغ بەر لەوە پێناسەش بکرێت بۆی زیاد ببێت، ماددەی (١) پێناسەکان لە پێنج پێناسەوە بکرێت بە حەوت پێناسە هەم دادگای گومرگی پێناسە بکرێت، لەبەر ئەوەی لە یاساکەدا ناوی هاتووە دەبێت تەعریفێکی هەبێت وە هەم کاڵاش مەفروزە تەعریفێکی هەبێت، لە خاڵی سێیەم کاڵای قاچاغ ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت مادام لێرە ئەو کاڵایانەیە بە کۆ هاتووە هێنان و بردنەکە پێدەکرێت وشەیە زۆر جوان نییە، پێویستە بکرێتە (پێوە دەکرێت) ئەو کاڵایانەن کە هێنان و بردنیان پێوە دەکرێت بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان.
لەخاڵی چوارەم کاڵای قەدەغەکراو پێشنیار دەکەم بەو شێوەیەی لێبێت، ئەو کاڵایانەن کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێم بەپێی یاساو ڕێنماییەکان قەدەغە دەکرێت، وشەی مامەڵە پێکردن لادەن لەبەر ئەوەی قەدەغە دەکرێت کەواتە مامەڵەی پێوە ناکرێت، لەبەر ئەوەی قەدەغەکراوە مەفرووزە لەگەڵ یاسا وشەی ڕێنماییەکانی بۆ زیاد بکرێت لە هەندێك وەرزدا بەپێی ڕێنمای مەوادێك قەدەغە دەکرێت لە خاڵە سنووریەکان، بۆیە پێویستە لێرە ئیشارەی پێبدرێت لە یاساکەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من تێبینیەکانم لەسەر خاڵی سێیەم و چوارەمە کە پێم وایە تەحەکوم دەکات بە ناوەڕۆکی قانوونەکەوە، ئەو کاڵاو شمەکانەی کە هاوردەو هەناردەیان پێوە دەکرێت هێنان و بردن مەعنای نییە یەعنی ئەکرێت لە بەینی دوو دوکانیشادا بێت یان دوو ماڵ بێت بۆیە بکرێتە هاوردەو هەناردەکردنیان، یان ناوە زانستیەکەشی لەدەرەوەی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان لە دەرەوەی ڕەسم و باجی گومرگ دەقیق نییە چ بە بەخشینە، بەیاسای وەبەرهێنانە، قونسوڵگەرییەکانە، نوێنەرایەتییەکانە ئەمانە هیچی ڕەسم و باجی گومرگی نادەن و کاڵای یاساین، بۆیە بکرێتە لە دەرەوەی یاساو ڕێنماییەکان، وە وشەی (هێنان و بردن) بکرێتە (هاوردەو هەناردە)، وشەی (پێبکرێت) بکرێتە (پێوە دەکرێت).
خاڵی چوارەم دیسانەوە مامەڵە پێکردنە هاوردەو هەناردە کردنیان ئەو کاڵایانەی کەلەلایەن دەسەڵاتە پەیوەدیدارەکانەوە هاوردەو هەناردە کردنیان وە لە بازاڕەکانیش قەدەغە دەکەن مەبەستمان چییە لێرە، مەبەستەکە ئەوەیە کۆمەڵێك کاڵا هەیە لە بازاڕا قەدەغە نییە، بەڵام هاوردەو هەناردە کردنی قەدەغەیە، بۆ نموونە هێلکە بەڕەسمی ناتوانی داخڵی کەی، بەڵام لە بازاڕیش ئێستا مامەڵەی پێوە دەکرێ و هیچ قەدەغەش نییە مریشك و زۆر موادی تریش ئەتوانین باسکەین بۆیە ئەبێت تۆ تەرکیزت لەسەر خاڵی سنووری بێت لەوێ دیاریی ئەکرێت ئەوە پێی دەوترێت هاوردەو هەناردە کردن دیسناوە بۆ ئەڵێم لە ناوخۆیا ناپێکێ کۆمەڵێك کاڵای زۆرهەن لەناوخۆیا مامەڵەی پێوە ناکرێت هێنانیشیان قەدەغەیە بردنیشیان قەدەغەیە، بۆ نموونە فافۆن و مس و ئەوانە بە قاچاغ ئەبردرێنە دەرەوە لەبەر ئەوەی گومرگەکەی زۆرە بە قاچاغ ئەبردرێن گومرگێکی کەمترە لە ناوخۆیا هیچ مامەڵەی پێوە ناکرێت، بەڵکو هەناردەی

دەرەوە ئەکرێت یان کۆمەڵێك کالای زۆر هەیە بۆ ناوچەکانی تر ئەبردرێن بۆ عێراق ئەبردرێن واتە لە ناوخۆیا مامەڵەی پێوە ناکرێت بەڵکو هەناردە کردن و هێنانیشی قەدەغەیە، بۆیە هیوادارم بۆ ئەوەی یاساکە ئەو وشەی( هەناردەو هاوردە) بەکاربهێنرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك علی حەمە صالح، لیژنە تایبەمەندەکان بێزەحمەت فەرموون، با کاك د. زێدان قسە بکات ئەویش، فەرموو کاك زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای تێبینیەکانم پشتگیری لە بەڕێزان شێخ ظاهرو د. ڕێبوار و کاك مەم و کاك علی دەکەم، تێبینیەکەم لەسەر خاڵی سێیەم و چوارەمی ماددەی(١)، دەکرێ بڵێین ئەو کاڵایانەی هاوردەو هەناردە دەکرێن بەبێ مۆڵەت لەپێش ڕەسم و باج مۆڵەت ئاماژە پێبکەین، چونکە هەندێکیان بەبێ ڕەسم و باج، بەڵام ئاماژە بە وشەی مۆڵەت بکرێت کە ئەوانە مۆڵەتیان هەبێت یان نا، کاڵای قەدەغەکراو کە باس دەکرێت لەلایەنە پەیدوەندیدارەکان لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێم بەشێك لە کاڵاکان هەن لە ئاستی جیهانیدا قەدەغە کراون، ئایا ئەوانە ڕاستەوخۆ لە هەرێمیش قەدەغەکراو دەبن؟ ئەوەش پێویستە ئاماژەی پێوە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ پێشنیارەکانی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، لە کاك بەڵێن دەست پێدەکەین پرسیارێك ئاراستە کرابوو بەڵێ کاك بەڵێن، ئەگەر مەمنوع بێت لێرە بێت هەتا بۆ عێراقیش بچێت هەتا موخەدەراتیش مەسەلەن ئەوە هەرنابێت، یەعنی دەستی بەسەرا دەگیرێت مامەڵەشی پێوەبێت دەگیرێت هەتا ئەگەر بۆ عێراقیش بچێت ئیلا ئەگەر شتێك لێرە، بۆ نموونە یاسای پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان فەرەزەن شتێك لێرە دەسەڵات درایە دەسەڵاتی تایبەتمەندو وەزارەتی کشتوکاڵ وەنیە، لەوێ هەتا ئەگەر مەسەلەن بۆ هەرێم مەمنوع بێت داخڵ بێت بەس ئەو ماددە بچێت بۆ عێراق وە عێراق بەکتابی ڕسمی و بەڕێگای ئسوڵی خۆی داوا بکات ئەوە شتێکی ترەو مەسمووعە ئەوەی شتێکی مەمنوع بێت لە هەرێم بێت مەسەلەن موخەدەرات یان چەك و تەقەمەنی و ئەو شتان بەڵێ حەتمەن دەگیرێ.

سەبارەت بە تەعریفی دادگای گومرگی بکەین لەم یاسایەدا بەڕێزان ئەم دادگایە لەو یاسایەدا ژمارە(٢٣)ی ساڵ١٩٨٤ هاتووەو باسکراوە زۆر ماددەیە و بە تەفصیلی باسکراوە ئەم یاسایە زۆر زۆر دور و درێژە(٢٧١) ماددەیە لەگەڵ ئەو تەعریفاتانەی کە لەگەڵ ئەو ماددە بەسەریا هاتووە بە تەفصیلی لەوێ باسی کەلوپەل و کاڵاو ئەو شتانە کراوە بە تەفصیلی باسی سزاکان و غرامە و پێبژاردن و ئەوانە کراوە بەتەفصیلی باسی مەحکەمەی مختص کە باسە گومرگییە ئیختساسی مەحکەمە چییە لە ماددە(٢٤٦، ٢٤٧) بەدواوە هەمووی دەست پێکراوە ئەم یاسایە زۆر دوروو درێژە ئەوە نییە یاسایەکی ئاسانە وەکو ئەوەی لە عێراق ئێمە دێین باسی کاڵا دەکەین وە

لێرەبین کالا پێناسە بکەین، ئەگەر تەماشای ئەو یاسایە بکەین کاڵا لەویێ تەعریف کراوە زۆر زۆر بەجوانی و بەدەقیقی باسی بیڤاعە کراوەو هەر نەوعەیەکی کاڵاو تاك و تایف، لەسەر ئەم یاسایە بەس حەزدەکەم وەکو مەعلومات ئاماژە پێبدەم جگە لە دوو، سێ قراری مەحکەمەی ئیتحادی لەسەر ئەم یاسایە دەرچووە دێین چەند یاسای ترمان هەیە کە چەند یاسا تەعدیلی ئەم یاسایە کراوە بە نموونە وەکو مەعلومات ئەگەر جەنابتان حەزدەکەن دواتریش سەیری بکەن قانوونی ڕەقەم (٣٧)ی ساڵی١٩٨٥ تەعدیلی یەکەمی لەسەرکراوە، ڕەقەم (٤٣)ی ساڵی ١٩٨٦ تەعدیلی دووەمی لەسەرکراوە، ڕەقەم (٥٦)ی ساڵی ١٩٨٨ تەعدیلی سێیەمی لەسەرکراوە، ڕەقەم (٧٦)ی ساڵی ١٩٩٤ تەعدیلی چوارەم کراوە دیسان دێین ڕەقەم (١٠)ی ١٩٩٨، ڕەقەم (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٠، ڕەقەم (١١)ی ساڵی ٢٠٠٣، ئینجا ڕەقەم (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٢ تا ژمارە (١٠٣)ی ساڵی٢٠٠١ هەشت جار ئەم یاسایە تەعدیل کراوە زۆر زۆر بە تەفصیلی باسی دادگاو سزاکان و پێبژاردن و بیڤاعە باسکراوەو تێدا هاتووە.

سەبارەت بە پێشنیارەکانی کاك چیاو کاك کاروان و مامۆستا جەمال، وابزانم یەعنی لاریمان نیە، مەعقولە ئەگەر ئیزافە بکەین بۆ بڕگەی چوارەم.

سەبارەت بە پرسیاری کاك ڕێبوار، بەڵێ هەر بەپێی تەعریفی بیڤاعە فەقەرە(٣) لە ماددەی(١)ی ئەم یاسایە باسکراوە ئەوانەش دەگرێتەوە هەتا بەرهەمی حەیوانی و سناعی ئەو شتانە هەمووی دەگرێتەوە.

کاك بختیار پرسیارێکی کرد، کاك بختیار مەسەلەن دەستەی وەبەرهێنان یان هەر وەزارەتێك ئیعفای گومرگی بۆ هەندێك کاڵاو ئەوشتانە موافەقەی دابێت هیچ کێشەیان نییە لەگەڵ ئەم یاسایەو بەدەر دەکرێن ئەوانە ناتوانین بڵێین ئەوانە کاڵای قاچاغن، چونکە بەپێی یاسا ئیخفای بۆ دەرچووەو هیچ کێشەنیەو مەشمول نابن بەم یاسایە.

سەبارەت بە کەسی شایستە، ئەوە هاتووەو لە ماددە(٣)ێش هاتووە کەسی شایستە ئەوەیە کە هەواڵ دەر ئەو مەعلوماتانە دەگەیەنن ئەوانەیە، بۆیە لێرە پێویستمانە چونکە لە ماددە(٣)دا هاتووەو دیارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی(٢) بخوێننەوە، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٢):

یەکەم: هەردوو وەزارەتی ناوخۆو کاروباری پێشمەرگەو دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی یەکەم ئەو کاڵایانەی کە بەقاچاغ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا.

دووەم: کاڵای قەدەغەکراو: وە گرتنەکە لێرە ئەڵێ گرتنی کاڵای قەدەغەکراو، گرتنەکە لێرە ڕەشدەکەینەوە تەنها چونکە لەسەرەوە هاتووە تەنها کاڵای قەدەغەکراو دەمێنێتەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بۆ گفتووگۆ کردن لەسەر ئەم ماددەیە هەر بەڕێزێك ئەیەوێت ناوی خۆی تۆمارکات بابفەرموێت؟ بۆ گفتووگۆ لەسەر ئەم ماددەیە ئەم بەڕێزانە ناویان نووسیوە ( کاك مەم، کاك د. عثمان، کاك سیروان، کاك مسلم، بدریە خان، کاك د. اسماعیل، کاك بەڵێن، کاك عثمان سێدەری، کاك دیاری، شیرین خان، کاك علی، کاك کاروان، کاك شاخەوان، کاك حاجی سفین، کاك چیا، کاك د. ڕێبوار، سەوسەن خان کاك شێخ ظاهر، گوڵستان خان، لیزا خان، کاك د. زێدان، حسیبە خان، نجاة خان، مامۆستا ابوبکر)، کاك حاجی سفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) دەڵێ ئەو کاڵایانەی کە بەقاچاغ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا، وشەی ئامراز هەر سەیارەو ئەوشتانە دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بێی تەماشا بکەین لە بەینی هەرێمی کوردستان و ئێران بە وڵاغ و ئەوشتانەش قاچاغی دەکرێتن، ئایا ئامراز وڵاغ و ئەوشتانەش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ل سەر ماددا دووێ بیت هەردوو وەزارەت، ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی من ڤێرە شتەك دی زێدە کرێتن، دەسەڵاتیان هەیە بۆ دەست بەسەرگرتنی، چونکی گرتن ئیحتماله بۆ شەخس بێتە بەکارهێنان بەس بۆ کاڵا دەست بەسەرداگرتنی باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کە کاڵایەك ئامادە بکرێت بۆ قاچاغ پێکردن، هەروەها کاڵایەك قاچاغچیاتی پێکراوە، بۆیە ئەوەی کە ئامادە ئەکرێت ئەو کاڵایەی بۆ قاچاغ پێکردن گرینگە وشەی بەڵگە هەبێت بۆ ئەوەی بسەلمێنرێت کە ئامادەکراوە بۆ قاچاغ پێکردن، من پێشنیار دەکەم بەو شێوەیەی لێبکرێت فەقەرەی یەکەم یان خاڵی یەکەم: ئەو کاڵایانەی کە بە بەڵگە سەلمێنراون بۆ قاچاغ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا، بەڵام پرسیاریش لێرە ئەوەیە ئایا دەزگای ئاسایشە یان ئەنجوومەنی ئاسایش ئەو سلاحیەتەی هەیە لە پێشنیازە یاسایەکە هاتووە دەزگای ئاسایش، ئایا ئەنجوومەنی ئاسایشە یان دەزگای ئاسایش؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سەوسەن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی یەکەم تێبینیم هەیە، لە ڕاستیدا پێم باشە بڕگەی یەکەم بەم شێوازەی لێبکرێت: ئەو کاڵایانەی کە بۆ قاچاغ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان بکرێتە، ئەو کاڵایانەی کە بۆ قاچاغ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو کە بۆ گواستنەوەیان بەکار دەهێنرێت یان ئامادەکراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عثمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢) یەکەم کە دەڵێ ئەو کاڵایانەی کە بەقاچاغ پێکردن، واتە خۆیان لە ئەساسدا قاچاغ نین، بەڵام قاچاغیان پێوە دەکرێت ئەوە یەك، هەروەها پاشان لە ماددەی (١) هەموو تەرکیزەکە لەسەر نەبوونی ڕەسمیات و باج و غەرامە بوو، ئێمە یاسا بۆ هاووڵاتیان دەردەکەین بابڵێین ئەو کاڵایە زیان بەخشانەن کە بەبێ مۆڵەت یان بەبێ دانی باج و غرامە ئەو کات باشتر دەبێت کە ئێستا بە موودهەمی بێت وەکو ئەوە وایە کە ئێمە لە خەمی حکومەت بین بۆ کۆکردنەوەی باج و غەرامەو زەریبەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) نازانم ڕێککەوتە لەگەڵ د. ڕێبوار یەك ئەگرینەوە لە ماددەی (١) پشتگیری ئەو دەکەم لە ماددەی (١) ئەو کاڵایانەی کە بۆ قاچاغ پێکردن ئامادەکراوە لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو ڕەنگە تەوسیفێکی تری بۆ بکرێت ئامادەکراون، ئەی ئەو شتەی کە لەناو سەیتەرەکانا ئەگیرێت یەعنی ئەوە لە ڕێگایە ئەبێت شتێکی بۆ بدۆزیەوە، یەعنی تەمەڵوس نەکات ئەو کەسەی کە قاچاغچیە ئەو مادانەی کە قاچاغچی پێوە دەکرێت، ئێستا لەم ماددەی (١)دا بە ڕوونی نووسراوە لە مەخزەنێکا خەڵك شتی ئامادەکردووە دەستی بەسەرا ئەگیرێت، ئێ ئەگەر بە ڕێگاوە بوو لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر لە سەیتەرەکەیا ئەڵێت تۆ یاساو دەرکردووە بۆ ئەو شوێنەی کە ئامادەکراوە ئەوەتا من هینم پێکردووە، لەبەر ئەوە من پێشنیاز ئەکەم بڕگەی ( دووەم) هەر لەناو یەکا بێت، چونکە ماددەی قەدەغەکراو وە ئەو ماددانەی کە ئامادەکراوە لەگەڵ وشەی قاچاغچیەتی پێوە دەکرێت پێی زیادبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، من دوو تێبینێت هەی، تێبینیا یەکێ ئەز بینم تەداخولەکا هەی تەبعەن پێشتر هەردوو وەزارەت وەزارەتا ناڤخۆ (پاشی دی فرات باوە عەتفینا دەزگایەت ئاسایشێ) دەزگا ئاسایشێ دەزگایەکا تەبیعی وەزارەتا داخلی یەعنی ڤێت ئەڤە تشتەکی دی بیتن ئیمکانە ئەو چاوا هاتیە موداخەلە کرن، یە دوویێ ئەز دبینم یا باشتر حەوجە نێنە کردبا نوقتا ئێکی و نوقتا دوو یێ یا ئەوەلی گوتبا کالا قەدەغەکراو و ئەو کالایانەی بۆ قاچاغ پێکردن پێتڤی ناکات ببیتە دوو خاڵ پتر بەر خەلکی بەرزەفت ببیتن، دوماهیکا لسەر بەعسێ ئامرازێت ڤەگهۆستنێ کەتن ئامرازێ هەی قاچاغچی خودانێ ئامرازێیە وی هەی کرێ گرتیە یێ کرێ کری کاش هەردووکا گریت ئەو شوێش گریت کە کرێیە گرتیە ئامراز سەیارەکا یا گەراجی گرتی و قاچاغچیا پێدکەت دێ ئەو دەست بسەر سەیارا کرێ ژ هێتە گرتن یان ژ نە؟ ئەڤە پرسیارەکە بۆ لیژنا تایبەتمەند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکەی کاك د. ڕێبوار دەکەم کە ئەنجوومەنی ئاسایش گشتگیر ترە، چونکە دەزگای ئاسایش بەشێکە لە ئەنجوومەنی ئاسایش، دووەم ئێمە پاسەوانی سنووریشمان هەیە کە پێم باشە لە ڕاستیا ئەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ پاسەوانی سنوور، یەعنی هەردوو وەزارەتی ناوخۆو کاروباری پێشمەرگە ئەوانیش داخڵ بە پرۆسەکە ببن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە پرسیارم دیسان ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدارە لیژنەی یاسایی بەتایبەت، ئایا ئەی بۆ باسی ئەو کالایانەیان نەکردووە کە بەقاچاغ هێنرابن، تەنها ئەو کالایانەی کە ئامادەکراوە بۆ بەقاچاغ بردن باسکراوە، دەتوانن بڕگەیەکی تریش لە ماددەی دووەم زیادبکەن، ئەگەر پێیان باش بێت بەم شێوەیە ئەو کالایانەی کە بەقاچاغ هێنراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشتیا ئاخافتنێت د. اسماعیل دکەم کو دوو ئێك ببێتە ئێك، هەروەسا بۆم وازح نینە یەکەم چەوا یەعنی چونکی ڤێرا ئیك وەختدا دوو تاوانا دکەتن، یەعنی ماددەی قاچاغ و ژی چێدکەت یەعنی دوو وەختدا ژبەر هەندێ ڕوون نیینە ئەگەر بهێتە ڕوونکرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەنجەکەی من لەسەر ماددەی (٢) بڕگەی یەکەمە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی هیوادارم دواجار وەڵامێکی ڕوونی هەم سەرەنجەکەم بدەنەوە، ماددەی (٢) بڕگەی یەکەم دەڵێت ئەو کاڵایانەی کە بۆ قاچاغ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا، بابزانین کاڵای قاچاغ چییە، کاڵای قاچاغ لە ماددەی (١) لە بڕگەی (سێیەم) پێناسەکەی بەم جۆرە هاتووە.

ئەڵێ: ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن ئەکرێت بڵێین مەسەلەن تۆمەتێك تاوانێك بدرێتە پاڵ لایەنێك یان کەسێك بەهۆی ئەمە لەچی ئەڵێ کە ئامادەکراون، بۆ نموونە ئەگەر ئەو لە شوێنەکەی خۆیا کۆمەڵێك ماددەی هەیە کۆمەڵێك کالای هەیە ئەم کاڵایانە تۆ چووزانی ئەمە قەراری داوە کە باج و ڕسوماتی بۆ نەدات، یەعنی تۆ چۆن ئەتوانی هەر لەڕووی قانوونیەوە کە ئەو تاوانەکەی نەکردووە تۆ یەکسەر تاوانباریکەی بەوەی کە ئەم بابەتە ئەو کەسە بەتەمایە باج و ڕسومات نەدات، بۆیە پێشنیاز دەکەم دەستکاری بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٢) بکرێت وای لێبکرێت کە ئەو کاڵایانەیە کە بەقاچاغ دەگوازرێنەوە یاخود هاوردەو هەناردە دەکرێن لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) دیارە قسەکانی من کرا، بۆیە پشتگیری لە بەڕێزان ( کاك چیا، کاك سیروان، کاك دیاری) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت ماددەی (٢) بڕگەی یەکەم و دووەم هەردووکی ئەشکالی هەیە لە ڕاستی دا ئەمە کێشەی ئەوەمان نییە کە کاڵایەك لێرە ئامادە دەکرێت بۆ بەقاچاغ بردن کێشەمان ئەوەیە کە ئەو

کاڵایانەی بەقاچاغ دەیانهێنن ئەمە کێشە گەورەکەیە کە دەبێت تەرکیزی لەسەر بکەین، کۆمەڵێك کاڵامان هەیە کە لەدەرەوە دەیانهێنن وەکو دەرمان وەکو شیر و خۆراك، یەعنی کۆمەڵێك مەوادی تریش کە داخڵی ناو هەرێمی کوردستان دەکرێن کە ئەمانە مەشاکیلی گەورەیان بۆ خەڵك دروست کردووە، باشە تۆ کاڵایەك کە لەناوخۆی هەرێمی کوردستانە وەکو ئەوەی کاك دیاری باسیکرد جارێ نیەتەکە ئەوەیە کە ڕەنگە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر بیگوازێتەوە ئەوە پێویست بە باج و ڕسومات هەر ناکات ئەصڵەن کێشەمان بۆ دروست دەکات لەسەر ئەوەی کە چۆن بزانین دەقیقەن تەحدیدی ئەوە بکەین کام کاڵایە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بەقاچاغ دەهێرنرێت وە کامەیان دەنێردێنە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کە چۆن بتوانن وەزارەتەکان دەستی بەسەرا بگرن سەبارەت بە بڕگەی دووەم مەبەستم یەعنی بڕگەی یەکەم ئەوەیە کە زیاتر ئەم بابەتە بابەتێکی داخلیە یەعنی شمولی ناوخۆ دەکات ئەی بۆ دەرەوە، ئەگەر کاك بژار بتوانێت وەڵامێکمان بداتەوە سوپاسی دەکەم، بۆ بابەتی دووەم بڕگەی دووەم گرتنی کاڵای قەدەغەکراو و قاچاغ، پێم وایە قاچاغی بۆ زیادبکرێت دووبارە هەرچەندە لە بڕگەی یەکەم هاتووە، چونکە دووبارە تەرکیزەکە لەسەر کاڵای قاچاغە ئینجا مامەڵە پێکردن ئەی ئەو کاڵایانەی کە دەیهێنن کاك بەڵێنیش لە ماددەی پێشوو ئاماژەی پێکرد ئەو کاڵایانەی کە دەیهێنن و مامەڵەی پێوە ناکرێت، یەعنی شتێکی زۆر هەیە لە هەرێمی کوردستان کە لەدەرەوە هێنراوە بەقاچاغیش هێنراوە مامەڵەشی پێوەناکرێت بەکاردەهێنرێ مامەڵە پێکردن و بەکارهێنان دوو شتی جیاوازن چۆن موعالەجەی ئەمە دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پێش ئەوەی لەسەر بڕگەی یەکەم قسە بکەم هەنێك پێشنیاز کرا لەسەر ئەوەی دەزگای ئاسایشی هەرێم یان ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم بێت کە لە ڕاستیا دەزگای ئاسایش ئێستا سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانە، بەڵام ئەنجوومەنی ئاسایش ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، یەعنی لە ڕووی هەیکەلیەتەکەیەوە پێم وابێت تێکەڵاویەك هەیە، بەڵام ئەوە لیژنەی قانوونی ئەوە یەکلای کاتەوە دروستە، بڕگەی یەکەم ئەوەی باسکرا بۆ سەلمانی ئەم مەوادە ئەم کاڵایە بۆ قاچاغ پێکردن ئامادەکراوە قورسە لەبەر ئەوە دەقیق ڕێکارەکانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆو کاروباری پێشمەرگەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان ڕوون بێت، ئەو کاڵایانەی کە قاچاغی پێوە دەکرێت لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گاستنەوەیان دا فەقەت یەعنی ئەو کاتەیە کە تۆ مەوادەکە لە کاتی قاچاغ پێکردنەکەیا ئەگری جا بۆ بردنە دەرەوەیە یان بۆ هێنانە هیچ گرفتێك درووست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهرمحمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) خاڵی یەکەم: یەکەم ئەو کاڵایانەی کە بەقاچاغ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا، پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت هەموو ئەو کاڵایانەی کە بۆ قاچاغی کردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا و ئەو شوێنانەی کە تێیدا کۆکراوەتەوە یان تێیدا ئامادەکراوە شوێنەکەش تێیدا زیادبکرێت، خاڵی دووەم: گرتنی کاڵای قەدەغەکراو گرتنەکە بکرێتە دەست بەسەراگرتنی کاڵای قەدەغەکراو، هەروەها پشتگیری برای بەڕێزیش (کاك چیا و کاك د. ڕێبوار) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەك من بۆ لێژنا پەیوەندیدار هەیە، لیژنا یاسایی بە بۆچوونا من ژرویێ دارشتنێڤە ئەم دا تەمام نینە ئیجا ژبەر هندێ ل شینا هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە هەردوو ببیتە هەر یەك لە وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە ئەو (و) دناڤبەرا کاروباری پێشمەرگە، دەزگای ئاسایشی هەرێم ببیتە (لەگەڵ) یەعنی ب ڤی رەنگی بێتە خاندن هەر یەك لە وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە لەگەڵ دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.زیدان)، فەرمووو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی (٢) تێڕوانینێکی جیاوازم هەیە، ئەگەر سەیری دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین سەر بە هەر وەزارەتێك بن رەنگە لە داهاتوودا گۆڕانکاری بکرێت بۆ نمونە پێشتر فرۆکەخانەکان راستەوخۆ سەر بە دەزگاکانی ئاسایش بوون، بەڵام ئێستا لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنن، یان دەتوانین بڵێین لە داهاتوو ئەگەر وەزارەتی شارەوانی پۆلیسی گەشتوگوزاری دانا ئەو پۆلیسە دەسەڵاتی گرتنی ماددەیەکی قاچاغی لە گەشتیار نابێ، بۆیە دەکرێ بڵێین لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم دەسەڵاتی گرتنیان هەیە، بۆ هەموو لایەنەکان بێ لە بواری ئەمنی و پێشمەرگە دەسەڵاتیان پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(حسیبە)خان، فەرمووو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی دووەم لە دوا دێڕەكەی كە (دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی) بكرێتە (دەسەڵاتیان هەیە بۆ دەست بەسەرداگرتنی) بڕگەی یەكەم هەموو لەپێش ئەوە زیاد بكرێت بەم شێوەیە (هەموو ئەو كاڵایـانەن كە سـەلمێنراون بـۆ قاچـاغپێكردن ئامـادەكراون لەگەڵ ئـامرازی بەكارهـاتوو لە گواستنەوەیاندا پشتگیری كاك (شێخ ظاهر) دەكەم ئاماژە بە شوێنیش بكرێت، شوێنی زیاد بكرێت، بـڕگەی دووەمـیش (مـامەڵە پێكردنـی كـاڵا قەدەغەكراوەكـان بەپێـی حـوكمی یاسـا بەركارەكان) بەم شێوەیە بنووسرێت لە جیاتی ئەوەی كە تەنها ئاماژە بە كاڵای قەدەغەكراو كرایە، پشتگیری (د.زیدان)، كاك (د. ڕێبوار)، كاك (چیا)، كاك (شێخ ظاهر)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (علی)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خـواری گەورە و میهرەبـان، ڕاستیەكەی مـن كە كـۆی یاسـا چەنـد جارێـك دەخـوێنمەوە هەسـت نـاكەم كێشـەكە بە دیـاریكراوی دیاریكرابێـت چـیە تـا یاسـای بـۆ دیـاری بكەیـن، (٩٥%) قاچاغی لە كوردستان مونەزەم دەكرێت، موئەسەساتی حـوكمڕانی لەپشـتە، نەك ئەوەی تـۆ بێـی دیاری بكەی، بۆیە ئەگەر لەم مـاددە وردبیـنەوە بەرپرسـیاریەتی دەبـێ دیـاری بـكەی، نەك بڵێـی دەسەڵاتیان هەیە، بۆ نمونە هەموو خاڵە سنوورییەكان دەزگاكانی ئاسـایش، هێزەكـانی ئاسـایش بەتەنیـا بەرپرسـن لەوەی دەتـوانن ڕێگـری لە هەمـوو كـاڵایەكی قاچـاغ بـكەن، بـۆیە دەبـێ بڵێـی (هێزەكانی ئاسایش بەرپرسن لە هێنانە ژوورەوە كاڵای قاچاغ)، كە دەڵێی دەسەڵاتیان هەیە سێ موئەسەسەمان ریز كردووە دەسەڵاتیان هەیە، وشەی (دەسەڵاتیان هەیە) فۆڕمێك لە ئیختیـاری پێوە دیـارە، یەعنـی دەسـەڵاتیان هەیە بیگـرن، بەڵام ئەگەر نەیگـرت چـی؟ بەڵام دەقیـق ئەوەیە ئەگەر دەزگاكانی ئاسایش كۆنترۆڵی خاڵە سنوورییەكان بـكەن دڵنیـا بە (٩٥%) قاچـاغی كۆتـایی پێ دێت، ئەمە جگە لەوەی لە ماددەكانی دواتر لە سزاكاندا دەبێـت بچیـنەوە سـەری، ئایـا ئەگەر ئەم دەزگایانە خۆیان ئەو موئەسەسانە خۆیان بەشێك بن لە پرۆسـەی قاچـاغی چیـان بەرامـبەر دەكرێـت، بـۆیە مـن پێشـنیار دەكەم بكـرێتە ئەوەی (هێزەكـانی ئاسـایش بەرپرسـن لە ڕێگـری لە هێنانە ژوورەوە و بردنە دەرەوەی قاچاغ) چونكە بە تەنسیقی ئەوان نەبێـت هـیچ بارێـك نـایەتە دەرەوە، دیسان تەئكید دەكەینەوە كە لەگەڵ وشەی (كاڵاش)، (شـمەك) زیـاد بكەیـن (سـلع)، واتـا هەر كاڵا نییە سەیاری (سلع)ە، وا نییە؟ سەیاری بە قاچاغ دێت (سلع)ە، بۆیە ئەو دوو سەرنجەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (عثمان سێدەری)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (٢) بڕگەی یەكەم ئەو كاڵایانە بكرێت بەو كاڵایانەی كە بە قاچاغ گواستنەوەیان پێ دەكرێت لەگەڵ وەسائیلی گواستنەوەیان، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، كاك (شاخوان)، فەرموو.
**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (٢) هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و كاروباری پێشمەرگە و دەزگای ئاسایشی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەكان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی، ئێمە پێشنیار دەكەین لەبەر ئەوەی ناوی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە هاتووە، وا باشترە ئەوەی ئاسایش وای لێبكرێت بكرێت بە (ئەنجومەنی ئاسایش) خاڵێكی دیكە لەسەر پاسەوانی سنووریشی بۆ زیاد بكرێت، پشتگیری مامۆستا (ابوبكر) دەكەم، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، كاك (مسلم)، فەرموو.
**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
قسەكەی من لەسەر ماددەی (٢) بەراستی ئیزافەكردنی بڕگەیەكە كە زیاد بكرێت بە خاڵی سێیەم كە تیایدا ئاماژە بەوە بكرێت دەستگیركردنی ئەو كەسەی كە خاوەنی كاڵایەكەیە، ئەو كاڵایەی كە قاچاغە مامەڵەی پێوە دەكرێ و هاوردە و هەناردەی پێوە دەكرێت چونكە بەراستی ئەگەر ئاماژە بە كەسی خاوەن كاڵای قەدەغەكراو نەكرێت پێم وا بێت ئەو كارە دووبارە دەكرێتەوە، دەبێت سزای بۆ دیاری بكرێت، راستە لە ماددەی (٣) لە خاڵی (٧) ئاماژەی پێوە كراوە، بەڵام لێرە كە ئاماژە بە وەزارەتی ناوخۆ و كاروباری پێشمەرگە و دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەكان كراوە كە دەچێتە بابی قەدەغەكردنی ئەو كاڵایەی كە دەهێنرێت، ئاماژە بە بڕگەیەكی زیادكراو بكرێت كە كەسی خاوەنی كاڵا قەدەغەكراوەكە هاوردە و هەناردەی پێوە دەكرێت كە زیاد دەكرێت لەو ماددەیەدا، سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، (بدریە) خان، فەرموو.
**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٢) هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و كاروباری پێشمەرگە و دەزگای ئاسایشی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەكان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی، بۆ گرتنی پشتگیری لە (حسیبە) خان دەكەم، دەست بەسەرداگرتنە، من پرسیارەك ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار و لیژنەی یاسایی دەكەم ئایا بۆ دەسەڵات نەدراوە بە كوالیتی كۆنترۆڵ و كوالیتی دەرمان؟ پشتگیری لە قسەكانی (د.زیدان) دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، لیژنەی تایبەتمەند، فەرمووون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند پرسیارێك ئاراستە كراون پێویستە وەڵامیان بدەین، یەك لەوانە بەڕێز كاك (حاجی سفین) پرسیارێكی كرد، بەڵام لێرە نییە، مهم ئەو پرسیارەی كردی بەڵێ دەگرێتەوە، چونكە ئەویش وەسیلەی نەقلە، بەڕێز (د.ریبوار) پێشنیار سەبارەت بە بڕگەی یەكەم یەعنی مەعقولە دەتوانین لەگەڵ لیژنەش دواتر گفتوگۆ بكەین قابیلی ئیزافەكردنە، ئەوی تریش دەزگای ئاسایشە، تێبینیەكی تر باسكرا كە بۆ ئەو كاڵایانەی كە ئامادەكراون، بەڵام قاچاغیان پێوە نەكراوە بۆ باس دەكەن، حوكمی لەسەر دەدەین، دێین ئیحالە دەكەین، بەڕێزان ئاماژەشم پێدا لەم یاسا ژمارە (٢٣)، (١٩٨٤)ی عێراقی یاسایەكی تەفصیلە (٢٧٠) مادده لەگەل (٧) جار تەعدیلی یاساكە لەگەڵ سێ بڕیاری مەحكەمەی ئیتحادی، یاسایەكی زۆر زۆر بەرفراوانە لەوێ شروعیش تێدا هاتووە تاوانە، تاوانە كەسەك شتێك بۆ قاچاغی ئامادە بكات بە نیازە، بەڵام لە نەتیجە تەحقیق نەبو تاوانە و سزاش وەردەگرێت، یەعنی بەپێی ئەو یاسایەش بێت بەڵێ حەتا ئەگەر ئامادەش بكات، بەڵام نەیكرد هەر تاوانەكە ئەنجام بدات، ئەم یاسایە، یاسای عێراقی (ضبط أمول المسربة) هەر ئی عیراقی كە پێش چەند ساڵێك دەرچووە وەكو تەكمیلە و تەرجومەیەكی بچوكی یاسای ژمارە (٢٣)ی (١٩٨٤)ە مەعقول نییە ئەو ماددەیە بە حەوت مادده و هەشت ماددەبێ جێگای یاسای (٢٣)، (١٩٨٤) بكات كە (٢٧٠) دوو سەد و حەفتا ماددەیە، ئەم یاسایە هەیە، هەموو شتێك لەوێ تەفصیل كراوە، بەس نیطاقی تطبیق كردنی ئەو یاسایە لە خاڵە سنورییەكانە ئینجا دێین، بۆ لێرە دەڵین لە ماددەكانی تر كە لیژنەیەك پێك دێت لە هەر پارێزگایەك یان ئیدارەیەكی سەربەخۆ ئەوەی كاك (علی) باسی كرد، فەرەزەن قاچاغچی كراوە مەسەلەن ماددەیەك هاتووە دەتوانین مەسەلەن هەر هاووڵاتییەك دەتوانی ئەو هەواڵە بداتە ئەو لیژنە دەچن دەستی بەسەردا دەگرن و دەفرۆشن و مكافەئەش دەدەنە كەسی هەواڵدەر و كەسانی شایستە، یەعنی ئەوە بۆ ئەوەیە ئەگەر ماددەیەك بە نیازە بچێتە دەرەوە یان لەدەرەوە هاتووە ناو بازاڕ بۆ ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە بێت ئەم لیژنەیە بتوانێ بێت تەعامول لەگەڵ ئەو مادده كە بە قاچاغ هێنراوە بكات، پرسیارێكی تر ئاڕاستە كراوە لای بەڕێز (د. اسماعیل) ئاسایش سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نییە، بڕگەی پێنجەم لە مادده (٣) باسكراوە، یەعنی حەتا ئەگەر وەسیلەی نەقل ئی ئەو كابرایەش بێت یان خاوەنداریەتییەكەی بۆ بگەڕیتەوە یان بەكرێش گیرابێت لە بڕگە (٥) ماددەی (٣) دا هاتووە و مەشمول دەبی و ئەویش دەستی بەسەردا دەگیرێت، جارێكی تر تەئكید لەسەر ئەمە دەكەمەوە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، دەست بەسەرداگرتن مصادەرەیە، مصادرە مەوزوعێكی ترە، گرتن مەوزوعێكی ترە، یەعنی لە قانووندا دوو شتی زۆر زۆر زۆر لێك جیان، نابێت بە هیچ شێوەیەك بێین لەشوێنی گرتن پێشنیار بكەین بڵێین با مصادەرە بێ، مصادەرە مەوزوعێكی ترە، ئەوە نییە بە پێشنیار ئەمە بێ و ئەوە بێ، چونكە قانوونەكە ڕەفز دەبێت، دەگەڕێتەوە، سەقەت دەردەچێ ئەمە مەسئولیەتی ئێمەیە لیژنەی قانوونی لیژنەی مەعنی و مەسئولیەتی هەموو ئەندام پەرلەمانە، بۆیە یەعن تكایە ئەمە ناكرێت لەڕووی قانوونی و دەستوورییەوەش ناكرێت،

سەبارەت بە پرسیارێکی تری کاك (کاروان)، بەڵێ کاك (کاروان) هەردووکیان دەگرێت، هێنان، بردنیش، وەکو پێشتریش باسکرا ئەگەر بۆ هەناردەکردن و (استیراد)، (تصدیر)بێ، هەردووکیان دەکرێت بەبێ ئەم یاسایە، پرسیارێکی دیکە کاك (دیاری) ئەوەیە دەڵێت چۆن دەزانن ئامادەکراوە یان بەبێ دانی باج و رسوم، پرسیاری جەنابت ئەوە بوو کاك (دیاری) دەڵێ چۆن نیەتی دەزانن ئەمە دەچێ باج و رسومی پێویست نادات، وە نییە؟ ئێمە راستە بەس فەرەزەن ئەوە لەشوێنێکە مەنتیقەی جوگرافی تەحەکوم دەکات، فەرەزەن لە خاڵی سنووری نییە، لە مەنتیقەیەکی ترە بۆ قاچاغ دەڕوات، ئێ ئەوە دیارە یەعنی بۆ ئەوەی تەهریبە و بۆ ئەوەی دان و باج و رسوماتی گومرگی نەدا دیارە، حەتا ئەگەر لەناو مەنطقەی گومرگی چونکە لە یاساکەدا هاتووە، حەتا لەوێش بێ ئەگەر چوار مەرحەلەی تێپەڕی لە خاڵی کۆتایی دیارە کە هیچ وەصڵ و وصوڵاتی نییە، هیچ پارەی نەداوە بە ئیجرائاتی قانوونی نەهاتووە، بەنیازە تیپەڕێت بە مەسەلەن سنوورێکی تریش ئەویش دەگرێتەوە، ئامادە کراوە دەڵێم شروعیش هەیە تاوانە، ئامادەکراوە شروعە لەم یاسایەدا ئەوەی ئامادە دەکات، بەنیازە بیکات تاوانە، حەتا نەتیجەش تەحقیق نەبێت تاونە، شروع هاتووە ئەمە تاوانە یەعنی، جارێکی تر ئاماژەی پێدەدەم بڕگەی سێزدەیەم لە مادده (١) لە یاسای ژمارە (٢٣)ی (١٩٨٤) تەعریفی بیظاعة کراوە بەم شێوەیە دەڵێ (کل مادة أو منتج طبیعي أو حیواني أو زراعي أو صناعي) هەمووی دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشی زۆرم بۆ بەڕێزان لێژنەی یاسایی و ناوخۆ بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاساکە، بەڵام لە راستیدا چەند جارێك کاك (د. بژار) ئاماژەی بەوە کرد کە یاساکە خۆی زۆر تێر و تەسەلە ئەگەر یاساکە زۆر تێر و تەسەلە بۆچی یاساکە خۆی ئینفاز ناکەین؟ یەعنی بۆ خۆمان بە دوورنەگرین لەو هەموو روونکردنەوە و مەطاطیبوونە لەو پرۆژە یاسایەی بە تەعدیلەوە کردوومانە، بۆ یاسا ئەصڵەکە ئینفاز ناکەینەوە پەرلەمان کە مافی ئەومان هەیە بە پەیڕەو، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (بژار)، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایە خۆی لێرە هەیە نافزە، یەعنی ئەوەی گومرگی لێرە هەیە، نافزە کاری پێدەکرێت، هیچ کێشەیەکیش نییە، بەس عیراقیش بە یاسایەکی تر پێویستە بۆ؟ چونکە هەندێ مادده هەیە لەناو بازاڕە، گومرگ خاڵە حدودییەکان عەلاقەتیان نییە بەناو بازاڕی مەسەلەن بەغداد یان هەولێر یان دهۆك یان سلێمانی، ئەم یاسایە دروستکردنی لێژنەیەکە لەهەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ ئەگەر ئەو یاسای تریش هەیە، ئەو یاسایە ئەصلییە لێرەش لە ماددەکانی تر دەگەینێ،

ئەگەر تەداخولیان کرد لە ئیشی قانوونی ئەوەی (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) ئەفزەڵیەت بۆ ئەو قانوونەیە، کار بەم قانوونانە دەکرێت ئەوەی ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ماددەی (٣)، فەرموون.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

یەکەم: لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگا یان جێگری سەرپەرشتیار پێك دێت بە ئەندامیەتی نوێنەری هەر یەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆ، کاروباری پێشمەرگە، داریی و ئابووری، بازرگانی و پیشەسازی، دەزگای ئاسایشی هەرێم و داواکاری گشتی.

دووەم: لیژنە ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١-وەرگرتنی ئەو کاڵایانەی بەپێی حوکمی ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە گیراوە.

٢- خەمڵاندنی بەهای کاڵای دەست بەسەر داگیراو بەپێی نرخی بازاڕ بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٣- رادەستکردنی کاڵا گیراو بە فەرمانگەی پەیوەندیدار.

٤- دەست بەسەر داگرتن و فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی گیراون کە بەهاکەیان کەمترە لە (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار و دابەشکردنی بڕە پارەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەوانەی بەهاکەیان لەو بڕە زیاترە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند رەوانە دەکات.

٥- فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی گیراون بە زیادکردنی ئاشکرا دەبێت بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عیراق ئەگەر بۆ لیژنە سەلمێنرا کەوا بە قاچاغی ئامادەکراوە.

٦- فرۆشتنی ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرکار لە هەرێم پاش ئەوەی حوکمی دەرچوو لەدوای پەیوەست بە کاڵای گیراو پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

٧- رەوانەکردنی قاچاچچی وئەو کەسەی مامەڵە دەکات بە کاڵای قەدەغەکراو شوفێری ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو و ئەوەی لەگەڵیان بەشدار بووە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند و ئازاد ناکرێن لە راگرتن تاوەکو حوکمێکی بنبڕ لە داواکەیاندا دەرنەچێت.

٨- خەرجکردنی پاداشت و ئەو بڕانەی لە هەردوو ماددەی پێنجەم و شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتوون بۆ کەسانی شایستە پاش ئەوەی حوکمەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

سێیەم: سەرۆکی لیژنە دەسەڵاتی پیادەکردنی حوکمی ماددەی (١٩٤)، یەکەم (ب) لە ماددەی (٤)ی گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) دەبێت بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

چوارەم: ئەو کاڵایانەی دەگیرێن بەپێی یاسای گومرگی بەرکار لە حوکمەکانی هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە بەدەر دەکرێن.

پێنجەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەی کاڵای گیراو بەکرێ گیرابێت یان خاوەنداریەتی بۆ قاچاغچیەتی بگەڕێتەوە جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ماددەی (٣) هەر بەڕێزێك دەیەوێت با ناو تۆمار بکات، یەك روونکردنەوەشتان بدەمێ هیچ برێکێك وەرناگرین دانیشتنەکان بەردەوام دەبێت تاوەکو هەردوو راپۆرت تەواو دەبێت جا لەناو فراکسۆنەکان و لێژنە تایبەتمەند حیسابی خۆتان بکەن بۆ چوونە دەرەوە، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت گفتوگۆ بکەن لەسەر ماددەی (٣)، کاك (د.اسماعیل)، مامۆستا (ابوبکر)، (سەرچنار) خان، کاك (مم)، (مژدە) خان، کاك (کاروان)، کاك (عثمان سێدەری)، کاك (رزگار)، کاك (دیار)، کاك (دابان)، کاك (علی حمە صالح)، (شیرین امین) خان، کاك (یاسین)، (روپاك) خان، کاك (شاخوان)، کاك (حاجی هەڵکەوت)، (د.ریبوار)، (سوسن) خان، کاك (چیا)، (نجات) خان، کاك (هێڤیدار)، (لیزا) خان، کاك (شێخ ظاهر)، (حسیبە) خان، کاك (جمال)، کاك (جمال)، فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣)، دووەم، بڕگەی دووەم نوسراوە (خەملاندنی بەهای کاڵای دەستەبەسەرداگیراو بەپێی نرخی بازار بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان)، من پێم باشە وای لێبکرێت (بەهای کاڵای دەستەبەسەرداگیراو بەپێی نرخی بازار دەخەملێنرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان)، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم، کە لێژنەیەك پێك دێت بە سەرپەرشتی جێگری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە ناوخۆ، پیشمەرگە و دارایی و ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی، پێشنیار دەکەم لێژنەی کشتوکاڵیش زیاد بکرێت لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە هاوردە دەکرێن بەتایبەتی لە خاڵە سنوورییەکان و وە زیاتر ئەوانەی کەرەستەی کشتوکاڵین، هەر ماددەی (٣)، بڕگەی (٤) کە باس لەوە دەکات ئەگەر ئەو کەرەستانەی دەستی بەسەردادەگیرێت کە لە پێنج ملیۆن دینار کەمترە بەراستی ئەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان یەعنی خەڵك هەیە لەو خاڵە سنووریانە ئۆتۆمبیلێکی پێیە دەبەیەك بەنزین دەهێنێ یان با بڵێین فەردەیەك برنج بۆ خۆی دەهێنێ ئەم شتانە حەقە ئەمە وا نەبێت کە لە پێنج ملیۆن دیناریش کەمتر بێت هەر دەستی بەسەردا بگیرێت وە رەچاوی ئەوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (شیرین) خان، چۆتە دەرێ، کاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) خاڵی حەوت دەڵێ (ڕەوانەکردنی قاچاغچی وئەو کەسەی مامەڵە دەکەن بە کاڵای قەدەغەکراو شوفێری ئامرازی گواستنەوە) مەخصەد لەو شوێنە چییە؟ جاری وا کەسێك ئەوە روونکردنەوەی نەداوە، کەسێك لە گراجەکییە تۆ شتێکی پێدا دەنێرییەوە ئەو فەقیرە نازانێ قاچاغە یان قاچاغ نییە، یەعنی کێ تاوانبارە؟ حەق وایە ساحێب ماڵەکە تاوانبار بێت، نەك ئەو سایەقەی، ئەگەر مەعامەلەچی بێ و ئی خۆی بێ قەیناکە، بەڵام مەسەلەن سایەق تەکسییەکە یاخود کەسێکی نەزانە یان دوکاندارێکە شتێکی لەلا دادەنرێت لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر دۆسیەمان لە مەحکەمەی هەیە خەڵك هەبووە گوێزی بە کەسێکی دا ناردۆتە ناو سجن کەچی گوێزەکە ماددەی مخەدەراتی تێدا بووە، کابرا ئاگاشی لێنەبووە، ئەوجا وا چاکە ئەو کەسانە نەگرێتەوە کە یەعنی پێیان رادەسپێردرێ یان ئاگایان لێنەبێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ( روپاك) خان، فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە (٣)، لە خاڵی چوارەم، دەستبەسەرداگرتن و فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی بە قاچاغ هاتوون گیراون، (قاچاغ) زیاد بکرێت لێرە، هەروەها لە حەوتەم لە بەشی کۆتایی کە دەڵێ ڕەوانەکردنی قاچاغچی و ئەو کەسەی مامەڵە دەکات بە کاڵای قەدەغەکراو شوفێری ئامرازی گواستنەوە و کاڵای گیراو ئەوەی لەگەڵیاندا بەشدار بووە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند و ئازاد ناکرێن لە ڕاگرتن یەعنی مەبەست چییە (ئازاد ناکرێن لە راگرتن)؟ داوای روونکردنەوە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو سەرنجانە بنوسن لیژنەی تایبەتمەند، (سوسن) خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند تێبینییەکم هەیە لەسەر بڕگە و ماددەکان، لە بڕگەی یەکەمدا پێشنیار دەکەم نووسراو لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی (سەربەخو) بکرێتە (سەربەخۆ)، کە لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری (پارێزگار) نەك (پارێزگا)، لە بڕگەی چوارەم پێشنیار دەکەم کە (ڕەوانە دەکات) بکرێتە (ڕەوانە دەکرێت) لە رستەی کۆتایی، لە بڕگەی حەفتەم کە نوسرایە (ڕەوانەکردنی قاچاغچی و ئەو کەسەی مامەڵە دەکات بە کاڵای قەدەغەکراو شوفێری ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو ئەوەی لەگەڵیدا بەشدار بووە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند، خۆی لە رێزمانی کوردیدا بەو شێوازە یەعنی فعل نایەتە پێشەوە بۆیە پیشنیار دەکەم بەو شێوازەی لێبکرێت (قاچاغچی و ئەو کەسەی مامەڵە دەکات بە کاڵای قەدەغەکراو و شوفێری ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو و ئەوەی لەگەڵیاندا بەشدار بووە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند رەوانە بکرێت وە ئازاد ناکرێت تا لە راگرتن تاوەکو حوکمی بنبڕ لە داواکەیان بۆ دەربچێت) نەك (دەرنەچێت)، لە بڕگەی سێیەمدا

پێشنیار دەکەم لە راستیدا دەسەڵاتەکە بدرێتە ئەنجومەنەکە بۆچی سەرۆکی لیژنە دەبی بڕیار بدات لیرەدا، ئەگەر لیژنەی یاسای روونکردنەوەیەکمان لەسەر ئەوە پێبدەن من وا پێشنیار دەکەم کە بدرێتە ئەنجومەنەکە دەسەڵاتەکە نەك سەرۆك، لە بڕگەی پێنجەمدا لە راستیدا نارووونییەك هەیە لێرە یەعنی دەڵێ (حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەی کاڵای گیراو بەکرێ گیرابێت یەعنی کاڵای گیراو بەکرێ گیرابێت یان خاوەنداریەت بۆ قاچاغچی بگێڕێتەوە جێبەجێ ناکرێت، من پیشنیار دەکەم کە بەو شێوازەی لێبکرێت (حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەی کاڵای گیراو) یان ئەو بەکرێ گیراوە زیاتر بۆ مرۆڤ بەکاردێت بۆیە من پێشنیار دەکەم کە بکرێتە (ئەوەی کە ئامرازی گواستنەوەی بۆ بەکاردێت)، چونکە لە راستیدا رستەکە زۆر نارێکە لێرە، دوای ئەوەش بکرێتە (یاخود)، یاخود خاوەنداریەتی بۆ قاچاغچی بگێڕێتەوە جێبەجێ ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (حاجی هەڵکەوت)، فەرموو.

**بەڕێز هەڵكەوت أنور خليفه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) فەقەرەی (٢) خاڵی سێ هاتووە دەڵێ (رادەستکردنی کاڵای گیراو بە فەرمانگەی پەیوەندیدار) بۆی هەیە کاڵایەك پەیوەست بێت بە دوو فەرمانگەوە دوو فەرمانگە لە یاساکە لەو کاتەدا کاڵا گیراوە بە کام فەرمانگە دەدرێت، لەبڕگەی هاتوو ئیشارەی پێنەدراوە، بۆیە پێویست بە روونکردنەوە زیاتر دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (نجاة ) خان، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا (٣) برگا دوێ، دووەم، ل گەڵ پێنجەم هەم ئەکا بەرێ خۆ بدەینی خەملاندن دیڤ یاسایا فرۆشتن و کرێدانا مولك و مالێ دەولەتی ژمارى (١)ی ساڵا (٢٠٢١) ئەو خەملاندنێ ژی دکاتن وە هەروەسا دفرۆشیتن ژی ل بەر هندێ تبیا پێنج و دوو ئێك و دوو بگرن بشێوەکی کو ل بەر هندێ ئیشارەتا یاسا فرۆتن و بەکرێدانی ماڵ و مولکی دەولەت دای ل بەر هندێ تبیا هەردوو ئێك و دوو بگرن وە سیاغەتەك بێتە کرن چونکی ل وێرێ ژی خەملاندن تێدا کرن، ئەگەر هاتوو چوو پێنجا مشکی خو ما دێرا دوماهیکێ ئەگەر بۆ لیژنا سەلمێنرا کە ئەوە بە قاچاغی ئامادەکراو هەکا بەو شێوەی لێبهێتن (ئەگەر بۆ لیژنا سەلمێنرا کەوا بە قاچاغ پێکردن ئامادەکراوە) بۆچی؟ چونکی ل ماددا دوێ، یەکەم وەسا ناوڤێ لێهاتی قاچاغ پێکردن ئامادەکراو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

من تێبینیەك سەر خالا ئێکەم هەبی لەهەر پارێزگا و ئیدارە ئیدارەیەکی سەربەخۆ ڤێرێ من پێ باشە ببتە ئیدارە سەربەخۆیەکان چونکە ئیدارە سەربەخۆ وە هەر وەسا لێژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگای پارێزگا پارێزگار پارێزگا نە دروستە پارێزگار بیتن یان جێگری سەرپەرشتیار ڤێرێ واژح نینە جێگر من پێباشە ڤێرێ جێگری سەرپەرشتیار بێتە گۆرین بۆ جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆیەکان چونکی سەرپەرشتیار ڤێرێ معلوم نینە کا سەرپەرشتیاری چی بۆیە سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆیەکان تێبینیا من یا دوویی هەوەسانە ئەف ماددا (٣٠) دێ تەناقوزەك گەڵ ماددا دوو دا تێتە کرنێ بۆ نموونە ماددا دوو ناڤێ وەزارەتا هاتیە وەزارەتا نافخۆ کاروباری پێشمەرگەو دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گۆمرگەکان بەلێ ماددا سێ دا بەڕێوەبەرایەتی گشتی گۆمرگەکان نەهاتیە من پێ باشە ئیزافە لسەروان وەزارەتێ نافخۆ کاروباری پێشمەرگە دارایی و ئابووری بازرگانی و دەزگای ئاسایشی هەرێم بەڕێوەبەرایەتی گشتی گۆمرگەکان بێتە ئیزافە کرن چونکە خالا دوو لای ئێمە بەعس هاتیە کرن خالا سێ هاتیە بیرکرن هەروەسا خالا حەفت خەرجکردنی پاداشت و ئەو بڕانەی کە لەهەردوو ماددانەی (٥، ٦) هاتووە من پێباشە ڤێرێ وێ بڕا پادارشتێ بێتە دەست نیشان کرن مەسەلەن ٥% وی باهایە ١٠%، ١٥% چونکە ئەڤە دێ بیت هاریکاریەك بۆ هەر فەرمانبەرەکی یان پۆلیسەکی یان ئاسایشەکی کۆ کارێ خۆ دروستای رێڤەبربیت و دەست نیشان کردنا رێژێ، زۆر سەپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هیڤیدار.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم فرۆشتنی ئەو کاڵانەی گیراون بە زیادکردنی ئاشکرا دەبێت بە پێی حوکمەکانی یاسایی ژمارە ساڵی ٢٠٢١ یاسای فرۆشتن و بە کرێ گرتن و بە کرێدانی ماڵ و مۆلکی دەولەت لە هەرێمی کوردستان ئەگەر بۆ لێژنە سەلمێنرا کەوا بە قاچاخی ئامادەکراون ئەی فرۆشی باشە ئەگەر هاتوو ئەم ماددەیە ئیکسپایەرە یان بە کەلکی بەکارکردن نایێتن ئەبێت مەسەلەن ببەیە تاقیگە پشکینینی بۆی بکەی وە حەقی پشکینینەکەشی لەسەر ئەو بێتن کە کاڵاکەی بە قاچاخی هێناوە ئینجا بفرۆشی نەك هەرچی قاچاخی بابەتم گرت و دەستم بەسەردا گرت و ئیکسەر بفرۆشم ئەم بابەتە لێی زیاد بکرێتن باشە لە لێژنەی یاسایی ئەم بابەت لێی زیاد بکرێتن یەعنی ئەمە دەبیت پشکینینی بۆی بکرێتن ئەگەر خۆراکە یان بابەتێکی کە پێویستی بە پشکینین هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سێ بڕگەی دووەم خاڵی چوار هەمان تێبینم هەیە ئەوەی کاك هیڤیدار باسی کردو روپاك خانیش باسی کرد لەوەی کە پێویستە ئەو لەپێش لە دوای وشەی کاڵە وشەی یان بە قاچاخ بۆی زیاد بکرێت یان ئەوە بەو شێوەیە نەمێنێتەوە، چونکە ئێمە لە پێناسەکان باسی کاڵامان کردووە کاڵامان هەیە کە قەدەغە پێکراوە کاڵامان هەیە کە بە قاچاخ هێنراوە ئێ تۆ ئەگەر کاڵایەك قەدەغەت کردبێت چۆن دێی خۆت معاملەی پێوە دەکەی کەواتە سەرەتا خۆت پێشێلی ئەم یاسایە ئەکەی بۆیە پێشتر پێم باشە لە دوای ئەو وشە ئەو کاڵایەی قاچاخ بۆی زیاد بکرێت، هەروەها هەروەکو کاك هیڤیداریش باسی لەوە کرد ئەگەر ئەو ماددەیەش بەقاچاخ هاتووە بە تایبەتی ئەو مادانەی کە خۆراکین کە بۆ بەرهەمە کشتوکاڵی و بەرهەمە حەیوانییەکانن ئەوانە ئەبێت پشکینیان بۆی بکرێت ئەگەر ماوەی بەسەر چووبێت ناکرێت تۆ بی فرۆشیتەوەو هەرناکرێت تۆ بیخەیتە ناو بازارەوە معاملەی پێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

بسم الله الرحمن الرحیم، من چەند تێبینەیەك هەبوون تێبینیا ئێکێ دەست پێکێ یەکەم دیماهیکێ داواکارێ گشتی ێ ئینای ئەوژی یێ کریە ئەندام ڤێ لێژنێ دا ئەز بینم تەبیعەتێ یێ داواکارێ گشتی گەڵ تەبیعەتێ یێ ڤێ لێژنێ گەلەك موختەلفە تەبیعەتێ لێژنێ ئیدارایە ئەڤە قەزاییە قەزایی و ئیداری یەعنی ئەز نابینم یەعنی تشتەکێ دروست گەڵ دابیتن فە پێتی ڤی ناکەتن ئەز پێشنیارکەم داواکارێ گشتی بێتە راکرن تێبینیامن یا دوو، خالا دوو بێژیتن خەملاندنی بەهای کالای دەست بەسەر داگیراو ئەگەر نە کالا تنێ بیتن ئامرازژی گەل بیتن ئەو ئامراز ئامرازێ قاچاخ چیاتێ بیت هەر نەفسی تشتێ جارەکادی ئەزێ دووبارە کەم پرسیاراخۆ ئەو ژێ دێ بیتە خەملاندنی بەهای کالای دەست بەسەر گیراو وە ئامرازی گواستنەوە یان نە خالا شەشێ رەئسەن یێ گوتی فرۆشتنی ئامراز دێ چاوا فرۆشن ئەگەر خەملاندن بۆ نەهێتە کرن یەعنی ڤێت بەری وێ خەملاندن هەبێت پاشی بێتە فرۆتن ئەز پێشنیار کەم بێژم خەملاندن و فرۆشتنی خەملاندن تەقیم کەڤیتە بەری فرۆتنێ تێبینیامن یا دیماهیکێ بن خالا هەشتێ دا سێهەم بێژیت سەرۆکی لێژنە دەسەڵاتی پیادە کردنی حوکمی ماددەی (١٩٤) یەکەم بە لە یاسای گۆمرکی ژمارە (٢٣)ی ١٩٨٤ دەبێت ئەز حەسکەم تەئکید کەن، چونکو ئەز چوومە زڤریمە قانوونا ئەسلی ماددێ (١٩٥) نەکۆ یێ سەلاحیاتێت داینێ ێت گۆمرکی نە (١٩٤) کا بلا تەئکیدەکێ بکەن وێ ماددی (١٩٤) ئان (١٩٥)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەست دەكەم مەهامی ئەم لێژنەیەمان زۆر فراوان كردووە لە خاڵی وەرگرتن و خەملاندن و رادەست كردن و دەست بەسەرداگرتن بۆیە بەرای من خەملاندن ئیشی ئەم لێژنەیە نیە ئەوە ئیشی لایەنی پەیوەندی دارە وەك چۆن چونكە بەشێكە لە رێكار وەك چۆن وەكو ئەوەی كە پەیوەندی بە حوكمەوە هەیە حەوالەی دادگای تایبەتمەندیەكە دووەم ماددەی یەك بڕگەی حەوت رەوانە كردن یان حەوالەكردنە، بەرای من چوار تەرەفی باس كردووە وە قاچاخچی ئەو كەسەی معاملەی پێوە دەكات شوفێری ئامرازی گواستنەوەو ئەوانەش كە لەگەڵیان بەشدارن هەر چواریان ئەمە بكرێت بە دوو بڕگە حەوالە كردنی ئەوانە نەك رەوانە نەكردنی بۆ دادگای تایبەتمەند بكرێت بە دوو فەقەرە ئەمە فەقەرەی یەكەم دووەم ئەوەی كە دەڵێت ئازاد ناكرێت لە راگرتن واتە ئەم كارە قابل بە كەفالەت نییە مەشمول بە كەفالەت نییە، بۆیە بووترێت ئازاد ناكرێن ئازاد كردن بە بارمتە نایان گرێتەوە ئەمانەیان ئیفراج دەبن یان مەحكوم دەبن ئەو دوو رێگەیە بەرای من خاڵی پێنجەم زیادە، چونكە لە بڕگەی شەشە ماددەی یەك هاتووە كە باس لە ئامرازی گواستنەوە دەكات، بۆیە ئەو بڕگەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددەی (٣) بڕگەی (١) فعلەن وەكو ئەندامێكی بەڕێز پێشنیازی كرد سەربەخۆیەكانی بۆی ئیزافە بكرێت وەمن پێشنیاز دەكەم ئەو لێژنەی كە پێك دەهێنرێت وەزارەتی كشتوكاڵ بۆی زیاد بكرێت بەتایبەتی وەرزی بەرهەم هێنانە ئەوقەدەغەكراوەكان رادەگەینرێت ئەوكات نوێنەریان هەبێت لە نیو لێژنەكە بڕگەی یەكەم هاتووە بەنسبەت بڕگەی دوو خاڵی دوو خەملاندنی بەهای كاڵەی دەست بەسەرداگیراو نرخی بازاری بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار، دیسان لە لە هەردوو لێژنەی بەڕێز دەپرسم لایەنی پەیوەندیدار كێیە ئەو خەملاندنە دەكات بۆمان روون كەنەوە لەناو یاساكە نازانین بەرچاوامان رووشەن نییە لایەنی پەیوەندیدار كێیە، خاڵی (٣) رادەست كردنی كاڵای گیراو دیسان گیراو نە كاڵای دەست بەسەردا گیراو پێم وایە گیراوی نە بە فەرمانگەی پەیوەندیدار دیسان فەرمانگەی پەیوەندیداریش مان بۆمان روون كەنەوە وەچ بەرێوەبەرایەتی كشتوكاڵە بەرێوەبەرایەتی گومرگە بەرێوەبەرایەتی ئیلا ئاخیری ئەو هەموو فەرمانگە كامەیانە پەیوەندیدارە، بۆ نموونە كتێبی قاچاخ دەهێندرێت ئایە دەدرێتە بەرێوەبەرایەتی كتێبخانە گشتیەكان یان چی لە خاڵی شەشەمی بڕگەی دووەم فرۆشتنی ئامرازی گواستنەوەی كاڵای گیراو دەست بەسەردا گیراو، یەعنی بە زیادكردنی ئاشكرا بە پێی ئەو حوكمەكانی بەیاسای كار لە هەرێم پاش ئەوەی هەمووی دەرچۆ بە بڕوای ئەم خاڵە غەردی لێ دەكرێت هەندێجار كاڵایەكی قاچاخ دەهێندرێت لە رێی ئۆتومبێلێكەوە دەهێندرێت دەگوازرێتەوە شوفێرەكەی نازانێت پێ دەوترێت ئەوە بارێكمان هەیە، یەعنی نازانرێت دەبێت ئەم مەسەلەیە روونبكرێتەوە ئەلێرەیە كە ئۆتومبێلەكەشی دەخرێتە ناو مەزادەوە دەفرۆشرێت

ئەوە بە بڕوای من غەدرێکە لە ئامرازەکەی دەکرێت یەعنی لەو شێوەیە لە ماددەی شەشەم وەکو چوون لە بڕگەی پێنجەم تەماشابکەن لە خاڵی شەشەم بڕگەی پێنجەم دا لە گواستنەوەی کالای بەکریێ دیسانەوە ئەوە تەئکیدی لێدەکرێت لە ئامرازی بەکار هاتووەکەی کە بۆیە هۆی گواستنەوەی کە بەنسبەت بڕگەی سێیەم ئەندامانی بەڕێز وە لێژنەی پەیوەندیدار هەردوو لێژنەی پەیوەندیدار سەرۆکی لێژنە دەسەڵاتی پیادەکردنی ماددەی (١٩٤) یەکەم بێ هەیە بەراستی بە پێی یاسای ناوبراو دەسەلاتێکی بێ شومار ئاماژەی پێکراوە ئەلێرەیە ئەم یاسایە یاسی ناوبراو کە پێشتر من ئاماژەم پێکرد لە موداخلێکی پێشوویا دەسەڵاتێکی بێ شومارە بە پێ بڕگەی (١٩٤) بڕگەی یەك بێ دەسەڵاتێکی زۆر دراوەتێ، بۆیە پێم وایە تەرجەمە کردنی ئەم دەسەڵاتە بۆ سەرۆکی لێژنەکە جێگری پارێزگا یان جێگری یەکەم یان جێگرێکی سەرپەرشتیارییە دەسەڵاتێکی زۆرە وە لەگەڵ ئەوەیە نیم وە ئەو ماددەیە واتێدەگەم ماددەی (١٩٥) بێ لە دەسەڵاتەکە کەمترە ئەگەر تەماشای بکەن، بەنسبەت بڕگەی چوار ئەو کاڵایانەی دەگیرێن بە پێی یاسای گومرگی بەرکار لە هەردوو حوکمەکانی بڕگەی (١، ٢) ئەما ماددەیە بەدەردەکرێن وابکرێت ئەو قاچاخانەی دەستیان بەسەردا دەگیرێت بەپێ ئەوە دەردەکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك مەم بە پێی ماددەی (٨٨) بیرتان نەچێت دوو دەقەتان هەیە ئەگەر دوای بە نووسین بدەنە لێژنەکە، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ بڕگەی یەك لەهەر پارێزگایەك و ئیدارەیەکی سەربەخۆ لێژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگا یان جێگری سەرپەرشتیار پێك دێت سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆییەکان، یەعنی ئەویشی تێبکرێت هەروەها بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی وەزارەتی تەندروستیشی بۆی زیاد بکرێت ئەزیەت نەبێت چونکە ئێمە باس لە وەزارەتەکانی ناوخۆ کاروباری پێشمەرگەو دارایی و ئابووری و بازرگانی پیشەسازی و دەزگای ئاسایشی هەرێم داواکاری گشتی و تەندروستیشی بۆی زیاد بکرێت، پێشنیاردەکەم لەو بڕگەیەدا لە ماددەی سێ بڕگەی دوو لە خاڵی دوو خەملاندنی بەهای کالای دەست بەسەرداگیراو بە پێی نرخی بازار بەهەمان هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەزیەت نەبێت لێژنەی بەڕێز تەعریفێکی بۆمان بکات مەبەستی کێیە لە خاڵی سێیەم رادەست کردنی کاڵای گیراو بکرێتە رادەست کردنی کاڵای دەست بەسەرداگیراو بە فەرمانگەی پەیوەندیدار ئەزیەت نەبێت ئەو پەیوەندیدارەش ئەگەر تەعریف بکرێت سوپاستان دەکەم روونکردنەوەیەکمان پێی بدەن خالی دیکەم ماوە لە خالی چوارەمیش بەهەمان شێوە دەست بەسەرداگرتن و فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی کە گیراون گیراو بۆ مروڤ دەبێت بکرێتە دەست بەسەر داگیراون، لە خاڵی پێنجەم هەمان شت دووبارە کراوە فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی گیراون بکرێتە فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی دەستیان بەسەردا گیراوە، خاڵی شەشەم فرۆشتنی ئامرازی گواستنەی کاڵای گیراو ئەویش بکرێتە دەست بەسەردا گیراو، بێگومان لە بڕگەی شەشەم هەست ناکەن یەعنی گوناحێك دەکرێت بەرامبەر

کەسێك کە ئامێری گواستنەوەکەی دەفرۆشرێت لە کاتێدا لەوانەیە ئەو نەزانێت کە ئەو کاڵایەی پێتی قاچاخە یاخود موادێکی خراپی تێدا شاراوەتەوە، یەعنی ئەو بێگوناهە بۆچی ئامێرەکەی ئەو بفرۆشرێت، هەر لە خاڵی شەشەدا کاڵای گیراو بکرێتە کاڵای دەست بەسەردا گیراو، لە خاڵی حەوت هەمان شت دووبارە کراوەتەوە کاڵای گیراو، خاڵی چوار ئەو کاڵایانەی کە دەستیان بەسەردا دەگیرێت بەپێی یاسای گۆمرگی بەرکار لە حوکمەکانی بڕگەی (١، ٢) ئەو ماددەیە بەدەر دەکرێن وەلە خاڵی پێنجەمیش هەمان شت کاڵای گیراو هەیە بەو شێوەیە لێبکرێت حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئەم ئامرازە بەکار هاتووی ئەم کالای دەست بەسەردا گیراو کە بەکرێ گیرابێت یەعنی بەو شێوەیە لێبکرێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من کۆمەڵێك سەرەنجی گشتیم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە بەو پێیەی لە نزیکەوە ئاگاداری پرۆسەی قاچاخین لە کوردستان دا چۆن دەکرێت، بەراستی داڕشتنی ئەو ماددەیە بەم شێوەیە لە ١% ڕێگری لە قاچاخ ناکات بە عەمەلی....

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکانت.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا پێشنیارەکان دەکەم من دەیان جار بە پارێزگاو سەرۆکی ئەنجومەن و ئیدارەکانم گوتووە دەسەلاتمان بەسەر خاڵە سنووری و قاچاخدا نییە، چ جێگری بکریتە سەرۆك، من پێشنیاردەکەم سەرۆکی دەزگای ئاسایش لەو ناوچەیە بەرێوەبەری گشتی ئاسایش سەرپەرشتی بێت بۆ قاچاخ بە دوو فلتەردا تێپەردەبێت یەك لە دەروازەکەیە کە دەرگایەکە پێی دەوترێت دەزگای ئاسایش دەکرێتەوە بارەکان بە تەنسیق دێن، دووەمیان لە بازگەکان لە بازگەکان بەبێ مەنەفێست و ئەوراق داخل دەبن، ئیتر جگە لەم دوو ڕێگەیە ڕێگەی تر نییە بۆ قاچاخ، یەعنی هیچ سەیارە هەیە بە بازگە تێپەرنەبێت، بۆیە ئەبێت بە مەسئولیەت دیاری بکرێت سەرۆکی دەزگای ئاسایشە بکرێت بە سەرۆکی ئەم لێژنەیە، سەبارەت بە رادەست کردنی کاڵای گیراو بەفەرمان دووجۆرە کاڵاهەیە یەکیان ئەوەیە بۆ گومرگ نەدا بە قاچاخ دەهێنرێت یەکیان ئەوەیە بەیاسا ڕێگا پێنەدراوە، واتە شتێك کە بەیاسا ڕێگا پێ نەدرابۆ چۆن ئەتوانێت بەکاربهێنرێت، من نموونەیەکی وازحم لەبەردەستدایە (١٦٠٠٠) هەزار سەیارەی خوار مودێل بە تەنسیق داخل کرا هیچ گرفتی نەبوو، هاوولاتیەك پێنج سەیارەی هێنا یەکەم مودێلەکەی لە خوار بۆ ویستی بەگومرگەوە پێنج سەیارە کە گیرا وەزارەتی دارایی بۆ خۆی بەکاری هێنا، ئێستا مەسەلەن لەوانەیە رسمەکەی دەردەکەوێت جیکلاسێك هەیە نووسراوە دارایی ئەوە هی هاوولاتیەك بۆ گیرا خوار مودیل بوو، باشە بوو بە قانوون بۆ هیچ هاوولاتییەك نییە داخلی بکات، بەڵام بۆ موئسەساتی حوکمی ئەمە ڕەوابێت هێلکە بۆ بەقانوون بۆ هیچ هاوولاتییەك نییە داخلی کات، بەڵام ئەگەر یەکێ داخلی کرد موئەسەساتی حوکمی بی کرێ و بیفرۆشێتەوە و دواتریش

هاوولاتی له نەتیجه بەکار دەهێنرێت، بۆیه ئەمه دەبێت شتی قەدەغه کراو شتی رێگا پێ نەدراوی لێی جیا بکرێتەو..

**بەڕێز هێمن احمد حەمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی پێشنیارەکانت بۆ بڕگەکانی ئەم ماددەیه چییه.

**بەڕێز علی حەمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکانم ئەوەیه که کاڵای قەدەغه کراو ئەبێت له ناو ببرێت نەك بەکار بهێنرێتەوە، دوو سەرۆکی دەزگای ئاسایش یان بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش سەرۆکی ئەو لێژنەبێت بۆ ئەوی بەرپرسیاریەتی هەڵبگرێت نەوەکو جێگری پارێزگار که بچووکترین دەسەڵاتی بەسەر بازگەکاندا نییه وەهەر دەڵێن رەبتی به ئێمەوە نییه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهربان، سەبارەت به ماددەی سێ بڕگەی یەك زۆر پێویسته وەزارەتی کشتوکاڵ وەزارەتی تەندروستی جێگەی بکرێتەوە، لەم رۆژانەیا بەرێزێك له پێنجوین تەلەفۆنی بۆکردم وتی کاك دابان چەند ئاژەڵێك گیراوە، یەعنی تەسەور ناکەی بەچ شێوازێکی نامرۆڤانه لەناو ئەبرێن، یەعنی بۆ نموونه جوجەڵه و ماسی و مانگاو ئەو ئاژەڵانەی که به قاچاخ گیراوە بەبێ هیچ رێکارێکی زانستی لەناو دەبردرێن ئەخرێته ژێرخۆڵەوە و ئاگریان پێوەئەنرێ و ئەسوتێنرێن، یەعنی بۆ ئەمه چونکه خەملاندنی تێدایه مادەم و فرۆشتن و لەناوبردنی تێدایە، پێویسته لێژنەی لایەنی کەم نوێنەرێکی کشتوکالیشی تێدابیت بۆ واهیشتمان خواردەمەنی تەندروستی تێدابیت، ئەوەی که کاك هیڤیدار باسی کرد خراب نییه یەعنی ئەبێت هەم کشتوکاڵ و هەم تەندروستی تێدابێت، له خاڵی چوارەم باسی ئەو بڕە کراوە که پێنج ملیۆن دیناره بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هیچ بارێکی قاچاخ له کوردستان یەعنی له سەد ملیۆن دینار کەمتر نییە، ئەمه مەگەر خەڵك به کەرو بار شت بێنێت بای پێنج ملیۆن دینار بێت، قسەکه لەسەر ئەوەیه ئەم رێژەیه زیاد بکرێت بۆ (١٥) ملیۆن دینار ئەم بڕە زیاد بکرێت بۆ (١٥) ملیۆن دینار، چونکه ئەو کاته ئەگەر ئەمه نەکرێت سەد لەسەدی ئەو بارانه یان ئەو کەیسانه که دەگیرین رووبەرووی دادگا ئەکرێتەوە ئەو کاتەش تەزاخۆمێك دروست ئەکات، بۆیه رێژەکه بەرزبکرێتەوە بۆ (١٥) ملیۆن دینار زۆر باشترە، خاڵێکی تر ئەوەیه لێره له ماددەی پێنج باس له فرۆشتن ئەکات من هیچ خاڵێکم نەبینی باس له لەناوبردن بکات له لایەنی کەم ئەگەر هەبێت فەقەرەکانی تر ئەبێت بێته لێره جێگای بکرێتەوە، یەعنی لەناوبردن بەشێك بێت نەك ئەوەی که هەموو ئایتم و کاڵایەك، یەعنی بفرۆشرێت ئەگەر لەناویش ببرێت به شێوەیەکی زانستی ئەبێت باس بکرێت که لەناو ببرێت و بۆ جیکلاسەکەشی پشتیوانی کاك علی دەکەم یەعنی راسته خواردن موادی خواردن بەکەڵك نایەت لەناو ئەبرێت، بەڵام لەکاتێکه سێ ئۆتومبێلێك که حکومەت لەبەر ئەوەی

کوالێتەکەی باش نییە بە کەڵکی هین نایێت داخل دەکرێت، بەڵام جارێکی تر بەکار دەهێنرێتەوە یەعنی ئەوە تێکەڵەیەکی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە بڕگەی دووەم خاڵی (٤، ٧، ٨) تێبینم هەیە، خاڵی چوار لەراستیشدا دووبارەی ماددەی چوارە خۆی لە ئەساسدا لە ماددەی چواردا هاتووە پێویست ناکات لێرە هەبێت...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

توزێك دەنگت بەرزکەرەوە.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەسەرچاو، خاڵی چوار دووبارەی ماددەی چوارە لێرەش دووبارە باس کراوە یان تێکەڵ بکرێت یان ئەوەتە لابرێت، لێرەدا خاڵی هەشت بەهەمان شێوە خۆی ئاماژە بە ئەوە کراوە کە لە یاساکەدا ماددەی (٥، ٦) دیاری کراوە بۆچی دووبارە لێرە هەمان بێت وە سەبارەت بەئەوەی کەی مەم و کاك یاسینیش باسیان کرد ئەو کەسەی کە ئامرازی گواستنەوەکەی پێیە ئەمە یەکێکە لەو مەترسیانەی کە لە یاساکەدا هەیە، بەراستی پێتان بلێم چونکە ئێمە قەزیەمان هەیە ئێستا خەڵك هەبوو خۆیان لە پارچە ئاسنێك یان داوە پێی نەیزانیوە چییە کەسێك یەکێك لە خاڵە سنوورییەکان داویەتی گەشتووتە ناوشار ئاسایش دەوری داوەو گرتوویانە ئەمە بۆ شتی تر بەکار دەهێنرێت، رەنگە کە ئەو کەسەی کە ئامرازی گواستنەی پێیە بابەتێك دەگوازێتەوە یاخۆد کاڵایەك دەگوازێتەوە یاخود شتێك دەگوازیتەوەلە ڕاستیدا ئەم نازانێت کە ئەمە قاچاخە یان رەنگە نەزانێت ئەمە چەند مەترسیدارە رەنگە بۆ شێوازی زۆر مەترسیداریش بەکار بهێندرێت، بۆیە من پێشنیازدەکەم کە موعالجە بکرێت کەس نەزانێت چۆن جارێ ئیسپات دەکرێت کە نەزانێت چۆن ئیزبات دەکات کە زانیویەتی، بۆیە ئەمە یان موعالجە بکرێت یان لابرێت کە لەم بڕگەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك رێبوار.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن پرسیاری ئەوە دەکەم لە لێژنەی یاسایی لە کاتی ئامادەکردنی ئەم پێشنیازە یاسایە ئایا بەراورد کراوە بە دەقەکانی یاسایی سزادانی عێراق زۆر گرنگە، چونکە باس لە پێبژاردن ئەکات، باس لە سزادان ئەکات وەئەگەر بەراوورد کراوە، ئایا بۆ مەسەلەی پێبژاردن ئەکات بۆ سزادان ئەکات ناکۆکیەك دروست ناکات لە لەگەڵ یاسای سزادانی عێراقی، ئەوە پرسیارێکی سەرەکیە هیوادارم وەڵاممان بدرێتەوە لەلایەن لێژنەی یاسایی، و سەبارەت بڕگەی سێ باس لەوە ئەکات کە رادەست کردنی کاڵای گیراو بە فەرمانگەی پەیوەندیدار کە لێرە مەبەستی فەرمانگە دائیرەکەیە، دائیرەی مەعنی بەڵام بۆ خۆی هەڵەیە کە بلێی فەرمانگە، چونکە لە بنچینەدا ئێمە چەند فەرمانگەیەکمان هەیە یان چەند دائیرەیەکمان هەیە ناوی فەرمانگەیە وەکو فەرمانگەی

پەیوەندییەکانی دەرەوە، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و زانیاری و ئیلا ئاخیری، بۆیە واباشە بکرێت بەرادەست کردنی کاڵای گیراو بەلایەنە پەیوەندیدارەکان، چونکە مەرج نییە هەموو فەرمانگەیەك لایەنی پەیوەندیداربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك زاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ خاڵی دوو لێژنە هەموو ئەو کارانەی خوارەوە لە ئەستۆ لەخۆ دەگرێت، پێشیاردەکەم لەهەر شوێنێك لێرە وشەی گیران هەبێت بکرێتە دەست بەسەردا گرتن، بڕگەی حەوت رەوانە کردنی قاچخچی و ئەو کەسەی معامەلەی دەکات بە کاڵای قەدەغەکراو شوفێری ئامرازی گواستنەوەو کاڵای گیراو ئەوەی لەگەڵیاندا بەشدار بووە بۆ داگای گومرگی تایبەتمەندو ئازاد ناکرێت لە راگرتنی تاوەکو حوکمێکی بن بڕ لە داواکاندا دەرنەچێت، من پێشنیار دەکەم بەراستی ئەوە جیا بکرێتەوە لەوەی کە کەیسێك کە علمی هەبێت ئەو کاڵایە قاچاخەو وەهەر ئامرازی گواستنەوەش تێدا بەکاربێنێت ئەوا لێرە عقوبەکەی وەکو عقوبەی قاچاخچیەکەی وایە، بەڵام ئەگەر کەسێك علمی نەبێت یەعنی ئەوە ئەو وشەیە لێرەبە موتلەقی هاتووە ناکرێت پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەو دوو حالەتە و وشەی حوکمیش بنبڕ بکرێت حوکمی بنبڕ خاڵی پێنج بەهەمان شێوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئامرازی بەکار هاتووی گواستنەوەی کاڵای گیراو بەکرێ گیرابێت یاخود خاوەنداریەتی بۆ قاچاخچیەتی بگەڕێتەوە جێبەجێ بکرێت، لێرەش پێشنیاردەکەم بەراستی جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەوەی کە خاوەن ئامرازی بە کرێ گیراو کە بەکارهاتوو بۆ گواستنەوەی کاڵای قاچاخ نەزانێت کە کاڵاکە قاچاخە بەلکو ئەگەر سەلمێندرا کە زانیاری هەیە و علمی هەیە کە کاڵەکە قاچاخە لەگەڵ ئەوەش ئامرازەکەش بە کرێ دا لێرەدا پێویستە بە هەمان سزای قاچاخچی وەربگرێت، چونکە لەوانەیە زۆر حالەتی وابووە، مەسەلەن یەکێك لێرە داوای گواستنەوەی شتێك لە شوفێرێك بکات لە شارێك بۆ شارێکی دیکە، بەڵام شوفێرەکە علمی نەبێت کە ئەو شتەی دەیگوازێتەوە قاچاخە یاخود کاڵای قەدەغە کرا،وە بۆیە پێویستە جیاوازی بکرێت و نەسەکە بە موتلەقی هاتووە و ئەو موتلەقیەکەش وادەکات کە ئەو کەسە ئەگەر علمی هەبێت و یان نەبێت هەرسزابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ماددەی سێ بڕگەی دوو پێشنیار دەکەم خاڵی یەکەم و دووەم بکرێنە یەك بەم شێوەیە وەرگرتنی ئەو کاڵایانەی بە پێی حوکمی ماددەی دوو ئەم یاسایە دەستیان بەسەردا گیراوەو رادەست کردنیان بە لایەنە پەیوەندارەکان، بۆ ئەم بڕگەیە پشتگیری دکتۆر رێبوار دەکەم و لە خاڵی چوار دەست بەسەرداگرتن و فرۆشتنی کاڵای قاچاخی گیراو لە جیاتی ئەو

کاڵایانەی کە گیراون کە بەهایەکانیان کەمتر نییە لە پێنج ملیۆن دینار هەتا ئاخیری، خاڵی پێنج فرۆشتنی هەموو ئەو ئەو کاڵا قەدەغەکراوە دەست بەسەر داگیراوەکان زیادکردنی ئاشکرادەبێت بە پێی حوکمەکانی یاسایی ژمارە یەك تا کۆتای خاڵی شەشەم فرۆشتنی ئامرازی گواستنەوە و کاڵا و شتومەکی دەست بەسەرداگیراو، ئینجا تاکۆتاییەکەی بنووسرێتن، خاڵی حەوت پشتگیری کاك کاروان و کاك شێخ ظاهر دەکەم سەبارەت بە شوفێرەکە پێویستە بی سەلێمێندرێت ئەو کات سزای یاسای بەسەردا جێبەجێ بکرێت، بڕگەی چوارەم بەم شێوەیە لێبکرێت ئەو کاڵاو شتومەکانەی کە دەست بەسەردا دەگیرێن بە پێی یاسای گۆمرگی بەرکار لە حوکمەکانی هەردوو بڕگەی (١، ٢) ئەم ماددەیە بە دەردەکرێن بڕگەی پێنج حوکمەکانی ئەم یاسایەش بەسەر ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەی کاڵاو شتومەکی گیراونە قەدەغە کراو بەکرێ گیرابێت یان خاوەنداریەتی بۆ قاچاخچیەتی بگەڕێتەوە و جێبەجێ بکرێت، لەم خاڵەش دوبارە پشتگیری کاك شێخ ظاهر دەکەم بەوەی پێویستە ئەم بابەتە سەلماندنی تێدابێت، ئینجا حوکمە یاسایەکانی بەسەر جێبەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەسەر ماددەی سێ چەند تێبینەیەکی یاسایم هەیە، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم ئەو ئەندامانەی کە دانراون لەو لیژنەیە داواکاری گشتی لە کۆتایی هاتووە داواکاری گشتی سرووشتێکی قەزایی هەیە وە دەزگایەکی رەقابیە ناکرێت بکرێت بە ئەندام لە لیژنەیەکە کە هەموویان ئەو ئەندامانە تەبیعەتێك و سرووشتێکی ئیداریان هەیە یەعنی کارەکانیان جیاوازە ..

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی پشتگیری لە راکەی دکتۆر اسماعیل دەکەی.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلێ ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دوو سەبارەت بە بڕگەی شەشەم تەبعەن کە دەسەڵاتەکانی لیژنە کە هاتووە لێرە ئەڵێت خەملاندن و فرۆشتن بەس خەملاند و فرۆشتنی لە کاڵا هێناوە کە دێتە سەر خاڵی شەشەم فرۆشتن لە ئامرازی گواستنەوە و باسی خەملاندنی تێدانییە، ئەبێ ئیزافەی خەملاندنەکەی بۆ بکرێت، چونکە دەبێت بخەملێنرێت ئینجا بفرۆشرێت، خاڵی سێیەم وەکو کاك مەمیش باسی کرد یەعنی سەرۆکی لیژنە کە ماددەی (١٩٤) بڕگەی یەك وای هێناوە لە یاسای گومرگی ئەوە سەلاحیەتی مەحکەمەی گومرگە، یەعنی ناکرێت سەلاحیەتی مەحکەمەی گومرگ بگرێت بدرێت بە لیژنەیەك، ئەکرێت ماددەی (١٩٥) سەلاحیەتی موەزەفی گومرگی بدرێتێ بە سەلاحیەتی مەحکەمەی گومرگ فراوانە، بە قەناعەتم ئەو ماددەیەش ئەبێت بگۆرێت لە رووی قانوونییەوە، خاڵیکی تر تایبەت بە ئەو بڕگانەی کە هاتووە بەم پێنج خاڵەکە هاتووە ئەو چوارەم بورە بیرم نەبوو باسی بکەم، خاڵی چوارەم لەگەڵ ماددەی چوار هەریەك شتە ئەکرێت یان ئەم لابرێت یان ئەو لابرێت یا ماددەی چوار زیاد ئەبێت، چونکە ناکرێت لە دوولاوە بهێنرێتەوە

ئەگەر لە حالەتێکە پرسیارێکیش بۆ لێژنەی تایبەتمەند ئەگەر ئەم لیژنەیە نەیتوانی هەڵسێت بە کارەکانی خۆی یەعنی استغلالی بە واجباتی وەزیفی خۆی کرد ئێرە هیچ ماددەیەکی ئیقابی یان بلێن سزای نەهاتووە بۆیان ئەبێت بگەرێنەوە بۆ یاسا بەرکارەکان، یەك سەرەنجیشم هەیە لەسەر کۆی یاساکە تەبعەن هەروەکو لە راپۆرتی لێژنە هاتووە ئەڵێت بەرکارکردنی ژمارە یاسای (١٨)ساڵی ٢٠٠٨ کە یاسایەکی عێراقی و فیدراڵییە پێویستی بە بەرکارناکات، زۆربەی ئەم مادانەی کە من دیراسەم کردووە رێك تەرجومەی ئەو یاسایەی هێناوە یا ئەبێت ئەو یاسایە ئیلغابکرێتەوە، چونکە یاسا بەرکارە لە پارێزگاکان، چونکە ئەو لێژنانە دروست ئەبن بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار وە ئیش لەسەر ئەو بابەتە ئەکرێت و ئەم یاسایەش دەرئەچێت ئەبێت بە دوو یاسا، یەعنی هەر گرفت بۆ جیهەتی جێبەجێ کردن دروست ئەبێت یا ئەبێت ئەو یاسایە ئیلغابکرێتەوە کار بەمە بکرێت، یان ئەبێت چارەنووسی دیاری بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە سێ بڕگەی یەك من پشتگیری لە قسەکانی کاك دابان و دکتۆر اسماعیل ئەکەم وە بڕگەی دوو سەبارەت بە خاڵی یەکەم وەرگرتنی ئەو کاڵانەی بە پێی حوکمی ماددە دوو ئەم یاسایەی گیراون، پشتگیری لە مژدە خان و ئەو بەڕێزانە ئەکەم کە بکرێت بە دەست بەسەرداگرتن، سەبارەت بە خاڵی چوار لە بڕگەی دوو کە دەڵێت دەست بەسەرداگرتن و فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی کە قاچاخن، پێشنیار دەکەم کە قاچاخێکی بۆی زیاد بکرێت ولە خاڵی پێنج بە هەمان شێوە فرۆشتنی ئەو کاڵانەی دووبارە کە قاچاخ نێکی بۆی زیاد بکرێت، سەبارەت بە خاڵی شەشەم پشتگیری لە مامۆستا ابوبکر دەکەم کە پێشنیار دەکەم ئەو خاڵە لابرێت، سەبارەت بە خاڵی حەوت رەوانە کردنی قاچاخچی ئەو کەسانەی معامەلە دەکات بۆ ئەو کاڵانەی قەدەغەکراو شوفێری ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو ئەوەی کە لەگەڵیاندا بەشدار بووە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند و ئازاد ناکرێت لە راگرتنی تاوەکو حوکمێکی بنڕ لە داواکەیاندا دەرنەچێت، من هەمان پێشنیاری ئەو بەڕێزانەی کە کردیان ئاڕاستەی لێژنەی پەیوەندیدارو لیژنەی یاسایی دەکەم کە دەڵێت بە کەفالەت ئازاد ناکرێت، ئایا ئەمە پێچەوانە نییە لەگەڵ یاسای سزادانی عێراقی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، هیوادارم جارێکی دیکە یەعنی رەچاوی ئەوە بکرێت لە رێزبەندی بەتایبەتی ئەم بابەتە کە موناقەشەکردنی بڕگەو ماددەکانی، یەعنی پێشنیازە یاساێکە بۆی هەندێ جار بەشێکی ئەو سەرنجانە ئەوترێت، واتە هەر نەخرێنە دوای دوای دواوە لە ماددەیەکی دیکە لە بڕگەیەکی دیکە بەشێکە لەوانە لە پێشەوە یان زۆرتر دەرفەتیان پێ بدرێت، لەسەر ماددەی سێ، یەکەم

دەڵێت لە هەر پارێزگایەك و دائیرەکی سەربەخۆ بۆ لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار یان جێگری سەرپەرشتیار پێك دێت بە ئەندامییەتی نوێنەری هەریەك لە وەزارەتی ناوخۆ، لێرە پێشنیاز دەکەم بۆ بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش پشتیوانی قسەکانی کاك علی دەکەم، هەروەها بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس تێدابێت وە هەروەها لە کۆتایی دەڵێت کاروباری پێشمەرگەو دارایی و ئابووری بارزگانی و پیشەسازی پشتیوانی هەریەك لەو بەڕێزانە دەکەم کە داوایان کرد وەزارەتی کشتوکالیش بۆی زیاد بکرێت، هەروەها ئەمەی بۆی زیاد بکرێت لە کۆتاییدا نوێنەری هەر وەزارەتێکی دیکە کە پەیوەندیداربێت بە دۆسیەکەوە، خاڵی دوو لیژنە ئەم ئەرکانەی خوارەو لە ئەستۆ دەگرێت، خالی دوو دەڵێت خەملاندنی بەهای کالای دەست بەسەر داگیراو بە پێی نرخی بازار بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدارو لیژنەی پسپۆر لە خەملاندن، واتە لیژنەی پسپۆر لە خەملاندنی بۆ دیاری بکرێت یان بە نموونە نوێنەری هەر لیژنەی خەملاندن لە وەزارەت و پەیوەندیدارانەی کە لێرەدا ناویان هاتووە، خاڵی چوار یەعنی هەر پێشنیاز دەکەم ئەم بابەتە بەراستی لابرێت پێنج ملیۆن دینار، یەعنی بەراستی هەموو ئەوەی کە ووتراوە ئامێری گواستنەوەکە لەگەڵی دەستگیر دەکرێت لە بەشێکی زۆر بڕگەو ماددەکانە ئەوە پارەیەکی زۆر زۆر دەکات وە ئەمە پێویست بەوە ناکات هەمووان خۆیان بچن بیخەملێنن، ئەگەر پێنج ملیۆن دینار کەمتر بۆ بیفرۆشن و من پێشنیاز دەکەم ئەوە هەر لابرێت، بڕگەی پێنج حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئامرازی بەکار هاتوو لە گواستنەی کالای گیراو بەکرێ گیرابێت یان خاوەنداریەتی بۆ قاچاخچیەتی بگەرێتەوە جێبەجێ دەکرێت، پێشنیاز دەکەم ئەمەی بۆی زیاد بکرێت دوای ئەوە لە دادگا یەکلایی بۆەوە کە خاوەنی ئامرازی گواستنەوە بەشێك بووە لە قاچاخەکە، یەعنی ئەو بابەت بابەتێکی زۆر گرنگە، یەعنی پشتیوانی لە بەشێکی زۆر لەو هاورێیانە دەکەم کە ئاماژەیان پێکرد، بۆ نموونە زۆر جار ئەوانی دیکە باج و روسومات یان داوە بۆ نموونە لۆرییەك هاتووە، بەلام لە ناوییەوە قاچاخچیەکە بابەتێکی خستوەتە ناو سەیارەکەوە دووجار بۆ ئەبێت ئامێری گواستنەوە کەو شوفێرەکەش بەهەمان شێوە سزا بخۆن وە پشتیوانی هەریەك لە خاتوو لیزاو کاك دابان و کاك رزگار و کاك مەم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری تەنها روونکردنەوەیەك، بەڕێزان ئێمە هەموو جارێك لە خوێندنەوەی ناوی ئەو بەڕێزانەی کە ناو تۆمار دەکەن هەوڵ و تەوازنێك رابگرێت لە نێوان فراکسیۆنەکان لە ناوخۆدی فراکسیۆنەکان بە پێی پسپۆرییەکان و جەنابیشت بە پێی ماددەی (٩١) بڕگەی سێ هەموو ئەو رایانە ئەخرێنە دەنگدان کە ئەندامێك پێشکەشی کردووە، پشتیوانی سێ ئەندامی پەرلەمان جگە لەو دووانەی ئەخیر ئەگەر پشتیوانیشت نەبێت راکەت دەخرێتە دەنگدان بەلێ ئەو ئیمتیازەشتان هەیە، فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە وتەکانی کاك چیا وکاك دابان دەکەم کە لیژنەی کشتوکاڵ و هەروەها تەندروستی بۆی زیاد بکرێت، بۆ بڕگەی یەکەم وە هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی کاك مەم برهان دەکەم، کە لەبڕگەی یەکەم شەشەم پشتیوانی لە قسەکانی سوسن خانیش ئەکەین کە بڕگەی پێنج بەو

شێوەیە لێبکرێت، ئەگەر لە کۆتاییدا نووسراوە بۆ لێژنە سەلمێندار کەوا بە قاچاخی ئامادەکراوە ئەو کەوابێ هیچ زەروور نییە بەبۆچوونی من بکرێت کە سەلێمندرا بۆ قاچاخی ئامادەکراوە نەك کەوابـوو وهەروەهـا پشـتیوانی لە قسـەکانی کـاك کـاروان و کـاك شـێخ ظـاهر دەکەم لە بـڕگەی حەوت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز: د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاخوان فەرمووو.

**بەڕێز شاخوان ڕووف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـنیار ئەکەم لە لە، مـاددە سـێ بـڕگەی دوو خـاڵی دوو تەعریفـی گـومرگی زیـاد بکرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز: د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە دیارە تێبینیەکان زۆر بوون، هەروەها بە سەریعی لە ماددەی سـێ لە بـڕگەی یەك پێـدادێم، دیـارە زۆر لەو بەڕێـزانە ئاماژەیـان بەوە دا کە لێـژنەی کشـتوکاڵی لەگەڵ بێـت بـا لێژنەی تەندروستی، مەسەلەن ئەندامێکی تەندروستی لەگەڵ بێت، ئێمە پێش هەمـوو شـتێك لە قانوون ئەو قانوونەی ئێستا لەبەردەستانە بۆ هەموو بابەتێکی یاسایی بەرکارمان هەیە، ئێمە لە قانوونی عقوباتی عێراقی ئیستیعانە بەخەبیرمان هەیە، یەعنی لە ئسوڵ و لە عقوبـات لە ئسـول دیاری کردووە، دیارە میکـانزمی تەتبیقـاتی عقوبـاتە ئیسـتیعانە بە خەبیـر هەمـانە، کەواتە ئەگەر یەکێك کە نەقسیش بوو لەناو لێژنەکە ئەوکاتە لە زەمی ئیستعانە بە خبیر پەیوەندیەکی لایەنـی مەسـەلەن پەیوەندیـدار ڕەنـگە شـتێك مەوادەکە مەوادێـکە کیمیـایی بێـت خەبیرێکـی بـواری کیمیایی بانـگ ئەکەی بـۆ ئەوەی هاوکـاری لێـژنەکە بێـت، کەواتە مەرج نیـیە هەمـووی تێـدابێت ئەشێ ئەوەشی زۆر زەرووڕە برادەران ئاماژەیان پێدا بابەتی کشتوکاڵ ئەمە زیاد بکرێت دواتر لە ئامـادەکردنی ڕاپـۆرتە ئەوی کـاك مەم باسـی کـرد دیـارکردنی لایەنـی پەیوەندیـدار لە لایەنـی پەیوەندیدار دیارە کە دوای ئەوەی لێژنەکە پێك دێت حەسەب مـاددەکەیە ئەو بـابڵێن کە کـاڵاکە دەستی بەسەردا گیراوە ئەشێت مین زمنی شتێکی ئەمنی بێت ئەو کاتە لایەنی پەیوەندیدار لەو دۆسیە ئەمنیە یان مەسەلەن شتێکی دارایی و ئابووری بێ لەو کاتە لایەنی پەیوەندیـدار دائیـرە مەعنیەکەی وەزارەتی دارایی و ئابوورییە لەو سنوورە، کەواتە لایەنە پەیوەندیدارەکە ئەگوڕێت بە پێی کـاڵای بەکـار هـاتوو یەعنـی بـۆ ئەوەی بـابەتێکی تـر کە زۆربەی بەڕێـزان ئاماژەیـان پێـدا ئەوەیە کە ئەسەلمێت یان ناسەلمێت بنووسن بڕگەیەك زیاد بکەن، ئەگەر سەلمێندرا ئێمە تەئکیـد دەکەینەوە ئسولی مەحاکەماتی جەزائی مان هەیە لە ئسـولی مەحاکمـاتی جەزائـی شـتێك هەیە کە مەبـدەئێك هەیە تەسـبیت کـراوە، ئەویـش ئەوەیە هەمـوو بابەتێـك ڕێکـاری خـۆی هەیە بـۆ سـەلماندن ئەگەر کەسـێك نە سـەلمێنرێت کە دەسـتی تێـدا هەبـووە، کەواتە ئیجرائـاتی لەگەڵ ناکرێت ئەمە کە ئەنووسرێت بۆ ئەوانەیە کە پاش تەحقیق و تەواو بوونی تەحقیـق و سـەلمێنرا،

بەڵام لە مەرحەلەی تەوقیـف بـۆ ئەو مەرحەلەیە مـوودەیەکی کـاتی ئەگیرێـت کە لیـژنەك بـۆی دەرکەوت یان مەحکەمەی گومرگ بۆی دەرکەوت ئەم کەسە بەریـئە هەر لە مەرحەلەی تەحقیـق ئازادی ئەکات، خاڵێکی تر کە زۆر قسەی لەسەر کرا ئازاد ناکرێت لە راگرتن ئەمە مەبەسـتی لێـرە ئەوەیە لە قانوونی عقوباتیش تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە زۆربەی ئەو ماددانەی جینایاتن واتە تاوانەکان گەورەن لە مەرحەلەی تەحقیق بەکەفالەت بە بارمتە ئازاد ناکرێن هەتـا کەیسـەکە یەك لا ئەبێـتەوە یـان شەخسـەکە ئیفـراج ئەبێـت یـان شەخسـەکە حـوکم ئەبێت، هەروەك چـۆن لە ماددەکەی (٤٠٥، ٤٠٦، ٤٢٩) یەعنی زۆر ماددەی جینایات مان هەیە لە قانوونی عقوبات هەتـاوەکو کەیسەکە یەکلایی نەبێتەوە کەسەکە موکەفل ناکرێت، یەعنی بە کەفالەت ئازاد ناکرێت لێـرەش بە هەمان شێوە ئازاد ناکرێت، لە مەرحەلەی تەحقیق بە بارمتە یەك بەڕێز ئاماژەی بەوەدا تاوەکو حوکمێکی بنبڕ بێ ئەوەی یاسایەکی زیادە لابرێت تـاوەکو حـوکمی بنبـڕ بـابەتێکی تـر بـاس کـرا ئەڵێ بۆچی داواکاری گشتی بابەتێکی بـابلێن سیفەیەکی قەزای هەیە لەگەڵ دکتـۆر اسـماعیل و سـەرچنار خـان باسـیان لەو کـرد بـۆ لەگەڵ ئەم بەڕێـزانە هـاتوون جێگـری پارێزگـارو کە ئەوانە سیفەتێکی ئیـداریان هەیە، عـادەتەن داواکـاری گشـتی خـۆی هەر لەوە بـۆ تەحقیقـی عەدالەتە، چونکە داواکاری گشتی بێلایەنە تەحقیق لە کاتێـك کە لە لیـژنەیەك لە کەیسێك بەشـدار ئەکـات هەم تەرەفی بابلێن ئەو کەسەیە کە مودەعیە وە هەم تەرەفـی ئەو کەسـەیە مـودەعی عەلـیەیە، یەعنـی هەر دوو تەرەفەکە بـۆیە بـوونی داواکـاری گشـتی بـۆ تەحقیقـی عەدالەتە وە ئـێمە لە هەرێمی کوردستان تەجروبەی ئەم حالەتە زۆرە زۆربەی زۆری لیژنەی ئیـداریەکان لە پارێزگاکـان ئەگەر ئێوە موتابعەتـان کردبێـت داواکـاری گشـتی وجـودی هەیە، کەواتە داواکـاری گشـتی ئەوە ناگەیەنێت کە ئەوەیە خۆ ئەگەر ئێوە جیاکاری وەربگرن سیفەتێکی ئەمنی ئەو کەسی وەزارەتی ناوخۆ لە لیژنەکەیە لەگەڵ کەسێك لە وەزارەتـی کشـتوکاڵ ئەوانـیش سـەد لە سـەد ئەوەکەیـان جیاوازە لە یەکتری، بۆیە ئەوەی کە هـاتووە لێـرە ئەوەیە یەك بـابەتی تـر لە بـڕگەی چـوارەم زۆر باسـکرا دەسـت بەسـەردا گـرتن و فرۆشـتنی ئەو کاڵایـانەی کە گیـراون زۆربەی ئەم بەرێـزانە ئاماژەتان بەوە دا کە بڵێن کە بەقاچاخ گیراون شەرت نییە کاڵاکە قاچـاخ بێـت بگیرێـت ئەشـێت قاچاخ نەبێت، بەڵام لە دەرەوەی سەیتەرەی بابلین بـازگەی ئەمنـی هاتبێـت لەو حـالەتە ئەو کـاڵا کاڵاکەی وەکو خۆی، مەسەلەن رەنگە موبایل بێت ئەسلەن رێگە پێـدراوە بەس کە لە شـوێنێکی نارێك رێگە پێـدراوە لەو کـاتە کـاڵاکە ئەوە دیسـانەوە ئەچێـتەوە سـەرئەو خـاڵەی کە گیـراوە کە یەعنی زەبت ئەکرێ، بۆیە ئەمەش خاڵێکی تر بۆ کاك دکتۆر رێبوار ئامـاژەی بەوە دا کە ئایـا لێـرە وەکـو لیـژنەی یاسـایی بـاس لەوە کـرا ئەم یاسـایە کە هـاتووەتە بەردەسـت قـانوونی عقوبـاتی عێراقی تاچەند هەیەو وە دژی یەك هەیە بۆ قانوونی عقوباتی عێراقی، بە تەئکیـد ئـێمە زۆربەی زۆری ئەو شتانەی کە برادەران فەراغی ئەزانن ئێمە لە زۆربەی یاساکانی تـر ئەگەڕێـتەوە بۆسـەر قانووناتی عقوباتی عێراقی، چونکە قانووناتی عقوبـاتی عێراقـی وەکـو دایکـی قانوونەکـانی تـر وایە هیچ تەجروباتێکی ئەوەی کە ئێمە درکمان پێـی کردبێـت دیـارە ئـێمەش ئینسـانین و رەنـگە حالەتێك هەبێت و درکمان پێ نە کردبێت، بەڵام هیچ تەزاروبێك بۆ قانووناتی عقوبـاتی عێراقـی وجودی نییە لەناو ئەم یاسایە وەلە هیچ یاسـایەکی تـر ناکرێـت تەزاروب هەبێـت لە بەینـی دوو قانوون ئیلا دەبێت موعالەجە بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەرێزان لێژنە قسەتان هەیە، بەڵێ كاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكێ پەرلەمانی.**

دووبارە دەست خوشی لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەكەین ئەوەی بەرامبەری فرۆشتنەكە دەتوانین بكەینە بڕ، بڕی بەرامبەر عیلاج دەبێت، سەبارەت ئەوەی كاك چیاش راستە خۆی كە باسی تەشكیل كردنی لێژنە دەكات دەلێت لە مادده دوو دەڵێت هەر پارێزگاو ئۆ ئیدارە سەربەخۆییەكان، كەواتە لێرەش ئیدارە سەربەخۆیەكان ئیزافە بكەین، بەرێز سەرۆكی پەرلەمان ببورە مولاحەزەیەكم كرد ئێستا بەس بۆ ئەوەی لە پرۆتوكۆلیش تەسجیل بێت لەو مادده دوو كە باسی تەشكیل كردن دەكات كە دەڵێت جێگری پارێزگارە رائیك كەمە، چونكە جێگری پارێزگا نییە، جێگری موحافزە ئەو رائە، چونكە بۆ ئەوەی پێویستە ئیزافە بكەین هەر لەسەر قسەی ئەوەی كاك چیاش بەلێ پێویستە ئیدارەی سەربەخۆش لێرەش ئیزافە بكەین، چونكە لە مادده دوو دا هیە لەو سنوورەی كە ئەو لێژنەیە لێی تەشكیل دەكرێت پێشنیارەكانی تر هەمووی مەعقولن قابلی گفتوگۆن بەرچاو وەردەگرین ان شاءالله، زۆر سوپاس.

**بەڕێز: د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ماددەی دوای ئەوە ماددەی هەشت.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكێ پەرلەمانی.**

ماددەی (٨): دادگای گومرگی تایبەتمەند بە شێوەی خێرا دەڕوانێتە ئەو داواكانی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەلێ ماددەی دوای ئەوە ماددەی نۆ.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكێ پەرلەمان.**

مادده (٩): پێویستە لەسە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكێ پەرلەمان.**

لایەنە پەیوەندیدارەكان لێژنەی یاسایی بۆمان روون كاتەوە با بەرچاومان رووشەن بێت كێ و كێ جێبەجێ ئەكات؟ وەزارەتی ناوخۆیە، بازرگانییە، كشتوكاڵە لە گەلیا ئەوانی دیكەیە ئەو لایەنە پەیوەندیدراەكان ئەوەمان بۆ روون كەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هەلکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

ماددەی نۆ دەڵێت پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیرانی تێدابیت پێویست بە لایەنەکانی تر بۆچی ئەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس ئەو پرسیارانەیان هەیە بەڕێز سەرۆکی لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

کە لێرە دەنووسین پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران لایەنە پەیوەندیدارەکان تەبیعی زۆر لایەنی پەیوەندیدار هەیە ئەگەر ئێستا مەسەلەن هەموویان تیعداد بکەین زۆر دەبێت، چونکە زۆر وەزارەت هەن مەعنین، ئێستا مەسەلەن لەم یاسایەدا وەزارەتی دارایی هاتووە وەزارەتی ناوخۆ هاتووە وەزارەتی پێشمەرگە هاتووە دداگای گومرگی خۆی ساحب ئیخساسی لە مەسەلەن ئەوانە هەموویان دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

داوای لێبوردن دەکەم مەبەست لەوەیە ئەو تەفاسیلەی ئاماژە پێ ئەکەن کە لایەنی پەیوەندیدار لە ڕێنمایی، یەعنی پێویست ناکات لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ماددەی (١٠) فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

ماددەی (١٠): وەزیری ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی ئاسان بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز: د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ کێ قسەی هەیە؟ بەلێ کاك مەم،

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

تێبینیەکی زۆر بچکۆلە لەسەر ئەوەی وشەی هەماهەنگی تەواو نییە لە رووی زەمانینەوە وە زایدەن ئەوە لەگەڵی زیادە کە وتت هەماهەنگی وەزیری دارایی کافی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

جوابتان هەیە بەڕێز لێژنەی یاسایی، بەلێ ماددەی (١١) بەڕێزان.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

ماددەی (١١) كار بە هیچ دەقی یاساو بڕیارێك ناكرێـت لەگەڵ حوكمەكـانی ئەم یاسـایە دا نـاكۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١١) بەلێ سەرچنارخان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

ئـێمە یاسـایی ژمـارە (١٨) سـاڵی ٢٠٠٨ مـان هەیە كە حـالیەن یاسـایەكی فیـدڕالیەو بەركـارە وە نازانیشـم هەر بلـێن تەرجـومەی ئەو یاسـایە كـراوە، بەم یاسـایە دانـراوە نـازانم حوكمەكـانی پێچەوانە بێت با مەسیری ئەو یاسایەش دیاری بكرێت، بلێ كاری پـێ ناكرێـت وە حـالیەن كـاری پێی ئەكرێت لە موحافەزەكانە بەركارە لێژنەی لەسەر دروست كراوەو جێگری موحافزیش لەنـاو لێژنەكەدا بۆیە......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئینفاز نەكراوە، مادەم ئینفاز نەكراوە.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

پەیوەنـدی بە سـنوورەكانەوە هەیە، پێویسـت بە ئینفـاز ناكـات لە پەرلەمـانە خـۆی راسـتەخۆ ئۆتوماتیكیەن ئینفازە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو نەصەی كە لەناو قانوونی هەلبژاردنی ئـێمە هەیە هەرچـی قانوونێـك لە عێـراق دەردەچێـت ئەبێ پەرلەمانی كوردستان موافەقەتی لەسەر بكات ئیشی پێ ئەكەین.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

وەكو یاسایی ئەمەی نیشتمانی وەكو یاسایی، یەعنی ئەمانە وەكـو وتـوم كە فیـدرالین پێویسـت بە ئینفاز ناكات وەكو یاسایەك جێبەجێ ئەكات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خـان ئەوە ڕێـك مـوتەرجەمەی هەنـدێك لە كوردێـك نـراوە ئەگینـا ئەو ئەمە جێبەجـێ ئەكات، ئەگەرنا نابێتە بەدیل، بەلێ ماددەی (١٢).

**بەڕێز ڕۆژان محمد كریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢) ئەم یاسـایە لە ڕۆژی بڵاوكـردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی وەقـائیعی كوردسـتان دا جێبەجێ دەكرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ ماددەی دوای ئەوە هۆیەكانی دەرچوواندن.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كريم:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

هۆیەکانی دەرچوواندن بۆ ڕێگری کردن لە قاچاخچیەتی و لە پێناو دەست بەسەردا گرتنی ئەو کاڵانەی معامەلەکردنیان لە بازارە ناوخۆیەکان دا قەدەغە کراوە وە بە مەبەستی ئاشکرا کردنی ئەو تاوانانەی حوکمەکانی ئەم یاسانە دەیان گرێتەوە ئەو یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن؟ بەلێ دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعيل على طه:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ئەز تێتگەهم کۆ ئێکیش ئەهداف و ئامانج و ڤێ قانوونێ کێم کرنا رووتینێ یە و وە لەز کرنە ئێکلایی کرنا هندەك دۆسێ یادا ژبەر هندێ لێژنێ سەلاحیاتێت ێیت هرێز لێژنێ ێن داینە لێژنا چێکرن ژبەر هندێ ئەز بینم زروریە پێتڤیە هۆیەکانی دەرچوواندا ئیشارەت بۆ هندێ بێتە دان خالا ئەخیرێدا کۆ ئەو بێژیتن بەری ئەم یاسایە دەرچووێندرابێت ئۆ بێژیت مەبەستا کێم کرنا روتینێ ئو لەزکرن ئێك لای کرنا دۆسەیاندا ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

پشتگیری لە راکەی دکتۆر اسماعیل ئەکەم لەبەرئەوەی لە ماددەی هەشت هاتووە ئەڵێت بە سیفەتی ئیستعجال ئەروانێتە ناو هینەکان ئەوەی بۆ زیاد بکرێت کە مەبەستی کەم کردنەوەی رۆتین و خێراکردنی رایەکانی ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە پێناو دەست بەسەرداگرتندا نییە، یەکێك لە ئەرکەکانی دەست بەسەرداگرتنە، بۆیە بۆ ڕێگری کردن لە قاچاخچیەتی و هەروەها دەست بەسەرداگرتنی ئەو کاڵانەی مەعمەلەکردنیان لە بازاری ناوخۆییەکاندا قەدەغە کراوەو بۆ ئاشکرا کردنی ئەو تاوانانەی ئەو حوکمانەشی یاسایە دەیان گرێتەوە ئەم یاسایە دەرچوێندرا ئا بەو ئێوەیە لێبکرێت ڕەنگە گونجاو تربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس کاك شیخ ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد على حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن بۆ ڕێگری کردن لە قاچاخچیەتی و لە پێناو دەست بەسەرداگرتنی ئەو کاڵانەی کە مەعامەلەیان لەناو بازارە ناوخۆییەکاندا قەدەغە کراوە مەبەستی ئاشکرا کردنی ئەو تاوانانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە ئەم یاسایە دەرچووێندرا، پێم باشە

سیاغەکەی بەم شێوەی لێبکرێت بۆ ڕێگری کردن لە کاڵای قاچاخ و قەدەغە کراو و دەست بەسەرداگرتن یان و ئاشکرا کردنی ئەو تاوانانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و سزادانی بکەرانیان ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، زۆر سوپاس بۆ لێژنەی ناوخۆ، دکتور گیان فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەیەکم ئامادەکردووە بەکورتی باسی دەکەم بەمەبەستی ڕێگرتن و قەدەغەکردن و دەست بەسەرداگرتنی کاڵای قاچاخ و قەدەغە کراو و بنبڕکردنی هەناردەو هاوردەکردن و مەعامەلەکردنیان پێوە ودابین کردنی سەلامەتی و سەقامگیری بازاڕە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دەست، بە جێبەجێ کردنی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار ئەکەین کە بریتەیە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسایی هەمواری جێبەجێ کردنی یاسایی چاودێری کردنی ناوجەوانن ژمارە ٧٦ ساڵی ١٩٨٣ فەرموون بەڵێ داوا لە سەرۆکایەتی لێژنەی کۆمەڵایەتی دەکەین فەرموون کاروباری کومەڵایەتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان رازین ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش بکرێتە بنەما بۆ مناقەشە؟ بیکەن بە بنەما، یەکسەر ناونیشان.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە ڕاستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی (٤) شەمە ڕێکەوت (٢٠٢٢/٥/٢٥) کاتژمیر (١١) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنی یاسایی و دڵنیابوون لە نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان، بەپێی حوکمەکانی مادده (٨٠، ٨٥) و بڕگەکانی (١، ٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ، بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە پێشنیارە یاسای هەمواری جێ بەجێ کردنی یاسای چاودێری ناوجەوانانی ژمارە (٧٦ ی ساڵی ١٩٨٣ ) لیژنەی یاسایی ئەو داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسندە:

پێشنیازە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای چاودێری ناوجەوانان ژمارە (٧٦ ی ساڵی ١٩٨٣)ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ناونیشان بیخوێنەوە، کی قسەی هەیە؟ شیرین خان و دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پێشنیازە یاسایە وەکو خۆی بوعدێکی مرۆیی هەیە جگە لە بوعدی سزادانی ئەو کەسە کە لەو مەرحەلەی تەمەنە تووشی جۆرێك لە تاوان ئەبن، پێم باشە جگە لە چاودێری وشەی شیاندن بێتە ناوی، بەو شێوەیە:

یاسای چاودێری و شیاندنی ناوجەوانان، چونکە هەم تەئهیلە و هەم موتابەعەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**ببەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦ ی ساڵی ١٩٨٣) ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان، پرسیارم لە لیژنەی تایبەتمەند، ئایا ئەو یاسای پێشتر هەموار کراوەتەوە؟ ئەگەر کراوە بۆچی ئاماژەی پێنەکراوە کە هەموار چەندەمی ئەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەڵامی شیرین خان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت پێشنیاری دکتۆر ڕێبوار، ناتوانین ئێمە چونکە یاسای خۆمان نییە بتوانین دەستکاری بکەین وشەی تر ئیزافە بکەین، یاسای ئیتیحادیە و لێرە نافیزە، سەبارەت بە شیرین خان، بەڵێ ئەو یاسایە لێرە نافیزە تا تەعدیلی چوارەمیش نافیزە، پێش ساڵی (٩٢) بوو، بەس ئەو تەعدیلی پێنجەمە لە عێراق کراوە، قانوونی ژمارە (٢١ ی ساڵی ١٩٩٨)، ئەوەی (٩٨) ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بەرکار نەکات لێرە بەرکار نابێت، بۆیە هاتووین بەرکاری بکەین لەگەڵ تەعدیل تەتبیق بکەین، بەڵام چوار تەعدیلە، ئەسلی یاساکە لەگەڵ هەر چوار تەعدیل نافیزە، بەس هی پێنجەم نافیز نەبوو، چونکە هی ساڵی (٩٨)ە، ئێمەش دوای (٩٢) ئەبێ بە یاسایەك و بڕیارێکی تر یاسایەکی عێراقی ئینفاز بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی یەك، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان داوای ئەو تەعدیلە جگە لەوەی ئەندامانی بەڕێزیش پێپشنیاریان کردووە ئەنجومەنی دادوەریش داوایان کردبوو بە ڕەسمی، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١):

پیادە کردنی ماددەی (٥٤) ی یاساکە هەموار ئەکرێتەوە و بەو شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

ماددەی (٥٤):

دادگای نەوجەوانان پێکدێ لە سەرۆکایەتی دادوەرێك کە بە لای کەم لە پۆلینی سێیەم بێت و دوو ئەندام یەکێکان یاسایی بێت و ئەوەی تر تایبەتمەند بێت بەو زانستیانەی پەیوەندیدارن بە

نەوجەوانان و خاوەن ئەزموون بن بۆ ماوەيەك كەمتر نەبێت لە (٥) ساڵ، دادگای ئەڕوانێتە تاوانەكان بە سيفەتی پێداچوونەوە و بڕيارەكانی دادوەری لێكۆڵينەوە يەكلا ئەكاتەوە بەپێی حوكمەكانی ئەو ياسايە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەيە؟ روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ديارە پيادە كردنی مادده (٥٤) ی ياساكە بە هەموارە داينراوە، پێم باشە مادده (٥٧) ی ياساكەش هەموار بكرێتەوە، بكرێتە مادده يەك بەو شێوەيە:

پێويستە سزا لەسەر نەوجەوانان لە سەرجەم كەيسەكان لەلايەن دادوەری نەوجەوانان دابنرێ كە تايبەتمەندە بە واها تاوانێك، لە كاتێ نەبوونی هەواڵە ئەكرێ بۆ نزيكترين دادگای نەوجەوانان بۆ سزادانی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە يەكێ ئەڵێ دادگای نەوجەوانان پێكدێت بە سەرۆكايەتی دادوەرێك لای كەم لە پۆلينی سێيەم بێت و دوو ئەندام يەكيان ياسايی بێت، ئەوە دادگايە ئەزيەت نەبێت ليژنەی تايبەتمەند ئەگەر ڕوون كردنەوە بدەن، ئەوە دادگايە ئەگەر ياسايی نەبێت چۆن ئەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد رۆوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تەعديلەی كراوە هەر ياسايەكەيە و گۆڕاوە، ئەوەی كە ئيختيساسی لە عيلمی جەرائيم هەيە، بەس ئێستا قەراری مەحكەمەی ئيتيحاديە عەدەم دەستووريە ئەو هەيئەی مەحكەمانە هەموويان ئەبی حاكم بن، چی ئەمينێتەوە بۆ ئەوەی سەرۆكەكە حاكمە چ ياسايەكێش دائەنێ؟ هەر ياساييە، ئەبێ بە دوو ياسايە، هەرسی هەيئەكە ئەبێ لە حاكم پێك بێت، قەرارەكەش ئەنێرن بۆ ليژنەی ياسايی، چونكە تێكەڵاويی لە سوڵتەی تەشريعی و تەنفيزی دروست ئەبێ، ئەو ياسايە وەزارەتی عەدل دايئەنێت، تێكەڵاويەك لە سوڵتەكان دروست ئەبێت لە ئيختيساسەكان، بۆيە ئەويش بە عەدەم دەستووری داينراوە، هيوادارم ووردەكارييەك لە ماددەيە بكرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی كوردستان بە فەرمی داوايان لە پەرلەمانی كوردستان كردووە بەو شێوەيە بێت، ئێمەش ئەمانتوانی قەرارێكی مەحكەمەی دەستووری لەو ڕووەوە هەيە، بەڵام ديارە ئەوان وايان پێ گونجاو بووە، فەرموو دكتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ڕوونە هەر کەسێك ببێ بە دادوەر کارێکە زۆربەی ئەوانەی ئەبن بە دادوەر یان بە ڕەهایی ئەوان دەرچووی یاسای و مافپەروەر و ئەوانەن، بەڵام وشەی زانستی پەیوەندیدار هاتووە، هەمانە عیلمی جەریمەیە یا کۆمەڵناسە، ئایا ئەوانەش ئەکرێ ببن بە دادوەر؟ ئەگەر وایە ئەو زانستانە بە مولحەقێك لەو پێشنیازە یاسایە ناوی زانستەکان بێت وەکو مولحەقێك باشە بۆ ئەوەی ئاشنا بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێخ زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر ناوەڕۆکی یاساکە هەیە، خاڵی یەکەم ماددەی یەك، پیادە کردنی ماددەی (٥٤)ی یاساکە کە هەموار ئەکرێتەوە بەو شێوەیە ئەخوێندرێتەوە، ئەگەر بکرێ بەو شێوەی خوارەوە باشترە، لەسەر ئەوەی دادگایەك پێکدێت، باس ئەکات دادگای نەوجەوانان پێکدێ لە سەرۆکایەتی دادوەرێك، وا پیشان ئەدرێ پێکدێ لە دادگایەکێ نوێ دروست ئەکرێ، لە ئەسلدا هەیە پێم وابی لە هەرێم، ئەو وشەی بگۆڕدرێ یان کۆ ئەبێتەوە یان بە هەر شێوەیەك، باس لەوە ئەکرێ یەکێکیان یاسایی بێت، ئەکرێ دەرچووی پەیمانگاش بە سیستەمی وەزیفی ئەروات بە نموونە ئیدارەی قانوونی ئەبێتە یاسایی، ئەوەی تر تایبەتمەند بێ لە بواری نەوجەوانان، دیاری نەکرا ئایا بڕوانامەی چییە؟ ئەکرێ کەسێکی بی شەهادە ئەندام بێ لەو دادگایە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە قسەتان هەیە، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسبەت ماددی پێ باشە دادگاها نەجەوانە پێك دێت لە دادوەرك و دوو ئەندام، پێ باشە بۆ ئامادە ببونا پزیشکەکا دەروونی یان کۆمەلناسەك ل هەمی دادگاهی ئەڤروپێدا وەختی دادگا کرنا نوجەوانەك بێت پیتڤیا پزیشکەکی پسپۆر تایبەت بە دەرووناسا یا کومەلناسا ئامادە بت ژ بەر هندەك جارا راویژ کرن دگەل ڤی پزیشکی، پی باشە دادگەهی کوردستانی ژ بۆ نوجەوانان ئەڤە بێتە ئیزافە کرن، باوەر کەم پشتەڤانی دێتە ڤی خاڵی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو بەڕێزت ئاماژەت پێدا جگە لە پێشنیازە یاسایە، پڕۆژەی ڕەسمی ئەنجومەنی دادوەریش هاتووە موتابەعەمان کردووە، عەینی شتە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بەڵام ئەوەی سەرچنار خان ڕاستە ئەبێ پێداچوونەوەیکی تر بکەین لە قەراری مەحکەمەی ئیتیحادی بەس بۆ ئەکید کردن

باشە، سەبارەت بە کاك شێخ زاهیر ئەڵێ خۆی نەصی ئەصڵی یاساکە ئەوایە، کە دێین تەعدیلی ئەکەین ئەو نەصەیە کە ئەڵێ پێك دێت، بەو شێوەیە تەعدیل کراوە مانای ئەوە نییە پێشتر نییە ئێستا دروست ئەکرێ، بەس صیاغەکەی گۆڕاوە، چونکە تەعدیلە، مولاحەزەکیشم هەیە، بە ئیجازەی برادەرانی لیژنەی یاسایی، بەڕێزت دکتۆرات هەیە لە قانوون، حەز ئەکەم بەڕێزت لەگەڵ من بی لەسەر ئەو مولاحەزەیە، لە کۆتایی ئەڵێ لە (٥) ساڵ، دادگا ئەڕوانێتە تاوانەکان، جینایەت، لێرە پێویستە فاریزەیەك دابنرێ، ئەگەر ئەو فاریزەیە نەبێت یەکسەر بڵێی ئەڕوانێتە تاوانەکان، بە سیفەتی پێداچوونەوە، ئەوەی من لێی تیگەیشتبم دوێنێش، بە سیفەتی پێداچوونەوە سەیری ئەو تەعنە ئەکات کە لە بڕیاری قازی تەحقیق ئەدرێ، نە دەڕوانێتە تاوانەکان بە سیفەتی پێداچوونەوەی تەمیزی، لەبەر ئەوە ئەگەر فاریزەیەك لێرە دابنێین دوایی فاریزە و واوێك دانێین بە سیفەتی پێداچوونەوە بڕیارەکانی بە سیفەتی پێداچوونەوە ئەو واوەی کۆتایی مەسح بکەین ئەبێتە بە سیفەتی پێداچوونەوە بڕیارەکانی دادگای لێکۆڵینەوە ئیلغا ئەکاتەوە، چونکە دوو شتی لێك جیان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی بەڕێزت و کاك شێخ زاهیر و سەرچنار خانیش پێویستە دیراسەی بکەین، فەرموو.

**بەڕێز شادی نەوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەر ئەو تێبینیەی کاك چیا کە هەبوو لەسەر ئەوەی تەخەسوسێکی دەروونناسی یان کۆمەڵناسی وجودی هەبی لە ناو دادگاکە، لە بڕگەی دووەم ئەڵێ دوو ئەندام یەکێك یاسایی ئەوەی تر تایبەتمەند بێ بەو زانستانەی پەیوەندیدارن بە نەوجەوانان سایکلۆجست و کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتیش ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیەکان لەسەر ئەو ماددەیە زۆر بەجێیە، پێویستە دیراسە بکرێ، فەرموو ماددەی دوو.

**بەڕێز شادی نەوزاد وەهاب:**

ماددەی (٢):

پیادە کردنی ماددەی ( ٧٦) ی یاساکە هەموار ئەکرێتەوە بەو شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

ماددەی (٧٦):

١- ئەگەر منداڵ (صەبی) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجامدا سزایەکی زیندانی بێت کە ماوەی لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت دادگای نەوجەوانان لەجیاتی ئەو سزایە بەپێی یاسا بۆ دەرکراوە بەیەکێ لەو ڕێو شوێنانەی خوارەوە حوکمی بدات:

أ – ڕادەست کردنی بە بەخێوکەری یان یەکێ لە خزمەکانی بەپێی بەڵێنامەیەکی دارایی کە دادگا مەزندەی ئەکات بەو شێوەی لەگەڵ بارای دارایی بگونجێ بۆ ئەوەی هەڵبستێ بە جێ بەجێ کردنی ئەو ڕاستپاردانیە دادگا بڕیاری لێ ئەدات بۆ مسۆگەر کردنی باش پەروەردە و ڕەفتار کردنی و ئەنجامنەدانی تاوانێکی دیکە بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە (١) ساڵ و زیاتر نەبێت لە (٣) ساڵ.

ب- دانانی لە ژێر چاودێری ڕەفتار بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە.

ج- دانانی له قوتابخانەیەکی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك که کەمتر نەبێت له (٦) مانگ و زیاتر نەبێت له (٥) ساڵ.

٢- منداڵ (صەبی) تاوانێك (جینایەتێکی) ئەنجامدا سزاکەی زیندانی بێت که ماوەکەی له (١٠) ساڵ زیاتر بێت پێویسته دادگای نەوجەوانان له جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاری کراوە حوکمی ئەدات به دانانی له قوتابخانەیەکی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێ له ( ٣ ) ساڵ و زیاتر نەبێت له ( ٥ ) ساڵ.

٣- ئەگەر منداڵ (صەبی) تاوانێك (جینایەت) ئەنجام بدات سزاکەی له سێدارادان بێت پێویسته لەسەر دادگای نەوجەوانان له جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاری کراوە حوکمی بدات به دانانی له قوتابخانەیەکی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت له (٥ ساڵ و زیاتر نەبێت له ١٠) ساڵ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك دیاری، دکتۆر اسماعیل، مامۆستا ابو بەکر، مۆژدە خان، سەرچنار خان، کاك مەم، مامۆستا عمر، گولستان خان، کاك کاروان، شیرین خان، کاك عوسمان سیدەری، کاك بەهمەن، کاك ادریس، دکتۆر ریبوار، حاجی هەلکەوت، شیخ زاهیر)، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگشتی سەرنجی من لەسەر ماددەی (٢) و هەموارەکەیە، پرسیارم بۆ لیژنەی یاسایی و پەیوەندیدارەکان و بەتایبەت سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ئایا ئەو هەموار و ماددەیە هۆکارێك نابێت بۆ ئەوەی ڕێژەی تاوان کردن له نێو نەوجەوانان به شێوەیەکی زۆر بڵاوبێتەوە و ببێتە دیاردە، ئەزانین له بەشێکی زۆری وڵاتانی دەرەوە به تایبەت ئەوروپی منالّی نەوجەوان بەشێکی گەورەی بازرگانی ماددەی هۆشبەر و هی تر، بەکاریان دێنن ئەزانن یاسا له خزمەتی ئەوانە، چۆن ڕێگری لەوە ئەکرێ، دوو، قوتابخانەی شیاندن، له هەرێم هەیە بۆ ئەوەی منالّ وا لێ بکەین جارێکی تر تێکەڵی کۆمەڵگا بکرێتەوە و ئەو گرێنتیە بێ، بۆ ئەوەی جارێکی تر تاوان نەکات؟ ئێمە چاکسازیمان هەیە که سەرنجی گەورەی لەسەر بۆ ئەوەی هەندێ جار تاوانبارێك به تاوانێکی بچووك ئەچێتە ئەو شوێنە فێری دەیان تاوانی تر ئەبێت، لەسەر بەکارهێنان، ئەو خاڵەی ئەڵێ بڕگەی (أ) رادەست کردنی به بەخێوکار یان یەکێ له خزمەکانی، زۆرجار ئەوە ڕەنگە ریگایەکێ تر بێ بۆ ئەوەی تاوانەکەی پێ بکات و دواجار هەر تەسلیمی خۆم ئەکەم خۆشم سەرپەرشتی ئەکەم و کێشەم نییە، پرسیار ئەوەیە قوتابخانەی شیاندن دووەم ئەوانە ڕێگر نابن بۆ ئەوەی له نێو نەوجەوانان ڕێژەی تاوانکار کردن زیاد بێت؟سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەهمەن.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەگشتی تێبینم لەسەر یاساکە به ناوی چاودێری نەوجەوانانە، لەو خاڵە باسی (صەبی) کراوە، منداڵ که (صەبی) ئەزانین به عەرەبی به منداڵی زۆر بچووك ئەوترێ، ئەو منداڵە له

هیچیان تەمەن دیاری نەکراوە، نە لە (صەبی)، نە لە نەوجەوانیش، نەقوصانیەکە لەو یاسایە ئەبی تەمەنەکان دیاری بکرێ، کە وتت منداڵ تاوانی جینائی ئەنجام نادات، منداڵێکی بچووك توانای تەقە کردنی نیە، ئەبی تەمەن دیاری بکرێ مەبەست کێیە، ئەگەر تەمەنەکە دیاری نەکرێ بۆ نموونە لاوێك تاوانێکی جینائی ئەنجام ئەدات لە تەمەنی (١٥) ساڵیە تاوانێکی جینائی ئەنجام ئەدات، تۆ لەوێ دیاری کراوە (٣ بۆ ٥) ساڵ بخریتە قوتابخانەی شیاندن، لە ماوەی ئەو (٣) بۆ (٥) ساڵە سونی بلغ تەواو ئەکات، ئی تەوای کرد ئەوکات حوکمی چییە؟ بەپێی هەمان یاسا حوکم ئەدرێ یان ئەگەڕێتەوە بۆ یاسای جینایەت؟ بۆیە ئەوە هیوادارم لیژنەی یاسایی وەڵام بدەنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ادریس.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتگیری کاك بەهمەن ئەکەم، پێم خۆشە پێناسەی منداڵ لە چ تەمەنێکە تا چ تەمەنێك؟ حوکمەکانی ئەو یاسایە لەسەر چ تەمەنێك تەتبیق ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێ، ئەگەر منداڵ (صەبی) تاوانێك (جینایەت) ئەنجام بدات سزاکەی لە سێدارەدان بێت پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاری کراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی مندلان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە ( ٥ ساڵ و زیاتر نەبێت لە ١٠ ) ساڵ، پشتیوانی لەو بڕادەرانە ئەکەم مەسەلەی تەمەن دیاری بکرێ، حوکمەکە کە لە سێدارەدانە ئایا ئەو قوتابخانەی شیاندنی منداڵان لە کوردستان هەیە؟ ئەگەر نیە پێویستەپیش ئەوەی یاسایەکە لەگەڵ ئەوەش ئیشارەت بەوە بدرێ کە قوتابخانە دروست بکرێن لای کەم لە پایتەخت یان سلێمانی و شارەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو خاڵەی کاك بەهمەن ئاماژەی پی کرد مەسەلەی تەمەن تەواو هاورام، ئەبی تەمەن دیاری بکرێ، دووەم، بابەتی قوتابخانەی شیاندن لە کوردستان نیە، ئەوەی کاك عوسمان و کاك دیاریش یاسیان کرد حکومەت ئیلزام بکات بۆ ئەوەی قوتابخانەیەکی شیاندن بکاتەوە تایبەت بەو بوارە، ئەگەر بخەیتە ناو قوتابخانەیەکی عامەوە هیچ سوودی نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەمەن لە قانوونی تر دیاری کراوە، منال یەك مانگ و حەوت ساڵە، تەمەنی تر حەوت ساڵ بۆ (١١ ساڵە، ١١ ساڵ بۆ ١٨ ساڵە)، بۆیە بەڕێزان لە لیژنە دیاریان نەکردووە، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم، ئەگەر منداڵ (صەبی) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام دا سزایەکی زینـدانی بێـت کە مـاوەی لە ( ١٠ ) سـاڵ زیـاتر نەبێـت دادگـای نەوجەوانـان لە جیـاتی ئەو سـزایە بەپێـی یاسـا بـۆ دەرکراوە بە یەکێ لەو ڕێوشوێنانەی خوارەوە حوکمی بـدات، دیـارە بەپێـی یاسـای ژمـارە (١٤ ی ساڵی ٢٠٠١) یاسای دیاری کردنی تەمەنی جینائی لە هەرێـم لە مـاددەی یەکەم خـاڵی یەك هـاتووە تەمەنـی (١١) سـاڵی تەواو نەکردبـی بە بچـووك لە قەڵەم ئەدرێ، واتە منـداڵ، بەڵام بەپێـی ئەو یاسایە کە ئاماژە بە یاسایەکێ تایبەتمەند بۆ تەمەنی نەوجەوانان یان مێردمنـداڵ هـاتووە ئەبـێ لێرە وشەی منداڵ لابرێ بکرێ بە مێردمنداڵ یان نەوجەوانان، دووەم، تاوانێکی جینایەتێـك، ئەو دوو وشەیە هەشت ئەکەم تۆزێك قورس دێتە سەر زمان یان مانایەکێ باشی نەبێـت، بـۆیە پـێم باشە بکـرێ بە تـاوانێکی جینایەتێـك، زائیـدەن پێشـنیاری ئەوە ئەکەم بـۆ بڕگەکـانی دواتـری ئەو ماددەیە ڕێك بخرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بەکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـۆی فەلسـەفەی ئەو تەعـدیلە لەلایەن ئەو لیـژنە و ئەنجـومەنی دادوەریـش بـۆ دوو شـت ئەگەڕێـتەوە، یەکەم، تەعـاتوفە لەگەڵ منـداڵ کە قوربـانییە لە ژینگەیەکـێ وەکـو کوردسـتان نە خێـزان و نە موئەسەسـاتی پەروەردەیـی ڕۆڵـی خۆیـان ئەبیـنن، فەلسـەفەی دووەم بـریتییە لە عوقوباتی بەدیلە کە لێرە ئاماژە پێکراوە، منیش هەمان پرسیارم هەیە، لەو مـاددەیە ئەیسـپێری بە دوو موئەسەسەی تر، یەکەم، جارێکی تر ئەیگرێتەوە بۆ نـاو خێـزان و بەخێـوکەر، یـان خـزمە نزیکەکانی، کە ئایا بە هەمان پرۆسە تێناپەڕی جارێکی تر؟ دووەم، فیعلەن قوتابخانەی شیاندن، هاورای ئەو برادەرانەم کە ئایا ئەو قوتابخانەیە کە ئەکید بکاتەوە لە کوردستان مەوجودە؟ وەکو چـــۆن چاکســـازیەکان کە ناویـــان چاکســـازییە، بەڵام بە ئیعتیرافـــی زۆربەی ئەوانەی لەو موئەسەسـانەش کـار ئەکەن شـروتی چاکسـازی نیـیە، بـۆیە ئەبـێ کە موتەعـاتفین لەگەڵ منـداڵ کارێکی زۆر باشە، بەڵام ئەبێ بە هاوسەنگی موئەسەسەکانی تریش بە ڕۆڵی خۆیـان هەڵسـن بـۆ ئەوەی بە فیعلی شیاندن تەئهیل بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەڕێز موژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینم لەگەڵ وشەی منـداڵ و (صـەبی) هەیە، پـێم وایە تەمەنەکـان دیـاری بکـرێن یـان بکـرێ بە مێرد منداڵ، منداڵ لە چەندەوە بۆ چەند پێی ئەوترێ صـەبی و مێـرد منـداڵ و گەنـج، سـەبارەت بڕگەی (أ) رادەست کردنی بە بەخێوکەری یان یەکێ لە خزمەکانی ئەوە ناگەڕێتەوە ئەو ژیـنگەی پیشووتری بۆ ئەوەی دووبارە موعەرەز بێ بە کردنەوەی هەمان تاوان؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە تەعدیلی ریعایەی ئەحداسە کە پێناسەی ئەو تەمەنانەی کردووە بە چوار بەش هیناویەتی لە ماددەی (٣)، صەغیر تا (١١) ساڵە، لە ( ١١ بۆ ١٥) صەبی، (١٥ بۆ ١٨) فەتایە، لە هەمووی تا (١٨) ساڵ حەدەسی هێناوە، بەڵام لێرە کە ئەڵێ منداڵ ئەوە صەغیر، ئەبی ئەو مناڵە بکرێ بە مێردمنداڵ، ئێمە لە ناو کورد پێناسەی ئەو کلیلانەمان نیە ئایا مناڵ کێیە، گەنج کێیە؟ مێردمنداڵ کێیە؟ هەرزەکار، لاو، بۆیە گرفتمان بۆ دروست ئەبی کاتێ تەرجەمەی یاساکە یان کە یاسا دەرئەکەین، هەر لەسەر بڕگەی یەکەم، ئەگەر منداڵ (صەبی) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام دا سزایەکی، وشەی سزا لە قانوونی ریعایەی ئەحداس بە هیچ شێوەیەك نەهاتووە، تەتبیر هاتووە، پێم باشە وشەی سزا لە هەر بڕگەیەکی ئەو هەموار هاتووە بکرێ بە تەتبیر، بە ڕێوشوێن یان هەرچی بی وشەیەکی کوردی بۆ دابنرێ، لە بڕگەی دوو کە جیای کردۆتەوە ئەوە صەبیە و پێشتر باس کرا هاتووە باسی تەدابیری سجنی کردووە، زیندان بە (١٠) ساڵ و بەرەو ژوور و بەرەو خوار هێناویەتی، لێرە هەر لە قانوون وایە کە وتت سجن ئەگەر تەحدیدت نەکرد سجنی موەئەقت ئەگرێتەوە، بەڵام لێرە ئەو پرسیارەم هەیە، باسی سزای هەتاهەتایی تێدا نییە، تەنیا سجنی موئەقەت لەگەڵ لە سێدارەدانی تێدایە، فەراغێك دروست بووە ئەبی ئەو پڕ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حاجێ هەلکەوت.

**بەڕێز هەلکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر داڕێژەری وتەی پیشەی ڕستەکە هەیە، لە ماددەی دوو ئەڵێ پیادە کردنی ماددەی (٧٦) ی یاساکە هەموار ئەکرێتەوە بەو شێوەیە ئەخوێندرێتەوە، ئەگەر یاسایەك هەموار بکرێتەوە یان هەموار نەکرێتەوە هەر خوێندنەوەی بۆ بکرێ پێم باشە ئەخوێندرێتەوە بگۆڕێ بەو شێوەیە (پیادە کردنی ماددەی (٧٦)ی یاساکە هەموار ئەکرێتەوە) بەو شێوەیەی لێ بکرێت یان لی ئەکرێت، مەعناکە زیاتر ئەبەخشیت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شیخ زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر ماددەی (٣، ٤، ٥) ە لە ڕووی ژمارە، ئەگەر باس لە ئەسلی یاساکە ئەکەین کە باسی سزاکان ئەکەم بە نموونە (١٠) ساڵ کە ئەنووسرێ بە رەقەم نانووسرێ، ئەگەر باسی ئەسلی یاساکە بکەین، ئەگەر ئەوە شتیکی ئیزافە و نوێیە شتێکی ترە، مەراحیلی عومری مرۆڤیش دیاری کراوە پێویست ناکات دووبارە دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ریبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەیەکی جیاوازم هەیە لەو بەڕێزانەی قسەیان کرد، پێم وایە هەڵەیەکی شائیع لەو ماددەیە هەیە لەسەر وشەی (صەبی) و منداڵ، صەبی لە ئەسلی زمانی عەرەبی بە منداڵ نایە، بەس بە مێردمنداڵ دێت، بۆیە سەیر بکە عینوانی پێشنیازە یاسایەکە نێوجەوانانە نەك منداڵ، منداال بە عەرەبی یەعنی گفل، حەق بوو ئەو پێشنیازە یاسایە نیشانی زمانەوانیکی عەرەبی کوردی درابوایە، بۆ ئەوەی ئەو هەڵە نەکرێ، چونکە لە کاتێکدا ئەحکامەکانی ئەو پێشنیازە یاسایە بۆ صەبیە، بەڵام باس لە منداڵ ئەکات، هەڵەیە، وازیحە مێرد منداڵ لە سەرووی (١٢) ساڵە تا بن (١٨) ساڵ، لە خوار (١٢) منداڵە، ئەگەر بڕیارە ئەو پێشنیارە یاسایە حوکمەکانی و ئەحکامەکانی بۆ منداڵە ئەبی لە کاتێکدا بۆ نێوجەوانە، بۆیە وشەی منداڵ لادرێ بنووسرێ مێرد منداڵ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تیبنیەکەت دروستە ئەبی ئەو مناڵە بکرێ بە مێردمنداڵ، فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ کۆی وتەکانی سەرچنارخان و دکتۆر ریبوارم، تێبینیەکێشم هەیە لەسەر شێوازی داڕشتنی بڕگەی دووەم ئەگەر منداڵ یان مێردمنداڵ تاوانێکی ئەنجامدا سزایەکەی بێت کە (١٠) ساڵ زیاتر بی پێویستە دادگای نێوجەوانان حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی منداڵان بۆ (٣) ساڵ کەمتر نەبێ و لە (٥) ساڵ زیاتر نەبێ، لە جیاتی ئەو سزایە بەپێی یاسا بۆی دیاری کراوە، واتە لە خاڵی سێیەمیش هەمان شتە، سزایەکەی لە سێدارەدان بێ پێویستە لەسەر دادگای بڕیار بدات بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی منداڵان بۆ (٥) ساڵ کەمتر نەبێ و (١٠) ساڵ زیاتر نەبێ، لە جیاتی ئەو سزایە بە یاسا بۆی دیاری کراوە، پێم گرنگە بڕگەیەك زیاد بکەین کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی مولزەم بکەین لە ماوەی دیاری کراو قوتابخانەی شیاندن بکاتەوە، چونکە لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، دەستەواژەکانی منداڵ و (صەبی) و تاوانێك، تاوان ئەزانین جینایەتە، شتیك نییە ناوی تاوانێك بێ و جینایەت نەبێت، جونحمان هەیە کەتنە، تاوان جینایەتە، پێم وایە جینایەت زیادەیە، صەبێ و مەسەلەی منداڵیش کە بەکاریان هێناوە، کۆمەلیك قۆناغی تەمەن هەیە کە قۆناغی تەمەنی شیرەخۆرە باس ناکرێ، قۆناغی بەر لە هەرزەکاری (٩ بۆ ١٢ ساڵ) کە نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری کردووە، قۆناغی هەرزەکاری (١٢ بۆ ١٨، کامل ١٨ بۆ ٦٥)، سەرەتای هەرزەکاری کە مێرد منداڵییە و ئەوانە، ئەو بابەتە لیژنەی یاسایی

پێمان بڵێین ئەگەر مەبەستیان لە صەبی و منداڵ لە (١٢ بۆ ١٦ ساڵە، یان ١٤ بۆ ١٨) یە، بۆ ئەوەی هەرزەکاری هەیە و قۆناغی پێش هەرزەکاریش هەیە، پێم وایە لەبەردەم ئەو مەسەلەیە قۆناغی مێردمنداڵیە، دەستەواژەی هەرزەکار موعتەرەفە، صەبی و ئەوانە لابرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فیکرەی ئەو هەمواره زۆر جوانە، چونکە لە کوردستان تا ئێستاش ئەو منالانەی قوربانی خێزان و کۆمەڵگـان لە تەمەنـی (٩ سـاڵ و ١١ و تـا ١٥) سـاڵیش بەداخەوە ئەچـنە شـوێنیك کە چاکسـازیەکانن، کە بەهـۆی ئەو بـارودۆخەی کە چاکسـازیەکانی تێـدایە و کەمـی سـتافەکان شوێنێکی شیاو نین و زۆرینەیان جارێکی تر وەکو تاوانبارێك دێنە دەرەوە، لە بنەمایا فکرەی یاساکە زۆر باشە، ئەو ئیشکالانەی باس کران قوتابخانەی شیاندنی منداڵان ئیشکالی جدین و لە کوردستان نییە، ئەوە لە یاساکە خۆی کە (١١٢) ماددەیە لە کوردستان مەفروزە جێ بەجێ بکرێ، ئەزانـم کەموکـورتی زۆر هەیە لە زۆریـنەی ماددەکـان، وەزارەتـی کاروبـاری کـۆمەلایەتی و موئەسەسەکانی تریش لە کوردستان موقەصرن بەرامبەر بە جێ بەجێ کردنی یاساکە، بۆیە ئەو قوتابخانە نییە لە کوردستان، لە چاکسازییەکان تەنیا مولحەقێکی قوتابخانەی ئاسایی هەیە، ئەوانە جێی ئەمانە ناگرێتەوە، واتە ئەو قوتابخانانە لە یاساکە کە بە زمانی عەرەبێ (مدارس تاهیل)، کە تایبەتە و ستافی تایبەتی تێدایە، زۆر گرنگن، ئەبێ وەزارەتی کار و ئەنجومەنی وەزیران ئەو قوتابخانانە دروست بکەن، خاڵیکی تر، وشەی منداڵ و صەبێ و لاو و فەتا، کارێکی زۆر باشە، لە ناو دوو کەوانە وشە عەرەبێەکە هاتووە تەنانەت بۆ جینایەتیش، چونکە ئەسلی یاساکە عەرەبێە، ئەوە وا ئەکات لە مەحکەمەکان ئیشکال دروست نەبێت بۆ تەفسیر، تەفسیری تەمەنیش کراوە بۆیە دووبارە نەکراوەتەوە، ئیمزای ئەو یاسام کردووە بۆیە ئاگادارم، پشتگری قسەکەی سەرچنار خان ئەکەم کە منداڵ بکرێتە مێردمنداڵ، لە تەمەنی (٩) ساڵ بۆ (١٥) ساڵ پێناسە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو مامۆستا عومەر وتی لە ماددەی (٣) بە وازیحی ئەڵێ منال پیش نۆ ساڵە، کەوایە ئەو باشە بۆ منال نییە، نەوجەوان لە نۆ ساڵەوە بۆ پێش (١٨) ساڵە، ئەویش بریتییە لە صەبی و فەتا، وازیحە لە ماددەی (٣)، جاری با لە ماددەی (٣) دەست پی بکەین، ئەو تەمەنانە کێن؟ فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو پێشنیارەکان، زۆر بەجێن، سەبارەت بە تەمەنی جینائی ڕاستە لەو قانوونە ئێستا هەمواری ئەکەین باس کراوە، بەڵام بە نیسبەت ئێمە لە کوردستان قانوونێکی تایبەتمان هەیە ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٠١) یاسای دیاری کردنی تەمەنی جینائی، کەوایە ئەو

یاسایە بۆ ئێمە بە دەرەجە یەك قانوونێکی خاصە و ئەو فەترە و تەمەنانە لێرە دیاری کراوە، ماددەی یەك لە یاسای ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٠١ ) ئەڵێ چەند خاڵێك و بڕگەیکەن:
١ ئەوەی کەمتر بێ لە (١١) ساڵ بە بچووك لە قەلەم ئەدرێ.
٢- ئەوەی (١١) ساڵی تەواو کردبێ و (١٨) ساڵی تەواو نەکردبێ بە مێردمنداڵ لە قەلەم ئەدرێ.
٣- ئەوەی تەمەنی ( ١١ ساڵ تەواو کردبێ و ١٥) ساڵی تەواو نەکردبێ بە منداڵ لە قەلەم ئەدرێ.
٤- ئەوەی (١٥ ساڵی تەواو کردبێ و ١٨) ساڵی تەواو نەکردبێ بە لاو لە قەلەم ئەدرێ.
ماددەی (٢) لە عەینی یاسا ئەڵێ لە کاتێ ئەنجامدانی تاوان ئەوە پرسیارێکی مامۆستا بەهەمەنیش بوو، ئەگەر لە کاتێ ئەنجامدانی تاوان تەمەن کەمتر بێ لە (١١) ساڵ ئەسلەن دەعوای جەزائی لەسەر تۆمار ناکرێ، پرسیارێکی تریشی مامۆستا بەهەمەن، ئەگەر لە کاتێ ئەنجامدان تەمەنی فەرەزەن (١٦) ساڵ بوو، ئەوە ئەچێتە چوارچیوەی حەدەس، چونکە حەدەس لێرە (١١) ساڵ گەورە تر و لە (١٨) کەمتر، فەرەزەن (١٦) ساڵ بوو، چووە ئەو مەدرەسەیە و چەند ساڵێك لەو مەدرەسەیە بوو، کاتێ ئەنجامدانی تاوان (١٦) ساڵ بوو ئەو قانوونەی لەسەر جێ بەجێ ئەکرێ، ئەگەر دوای ئەوە (١٣) ساڵی تریش تیپەری هەر بەو قانوونە ئەبێ، ئەوەی کاك ریبواریش لەگەڵیم، بەڵام چۆن، ئەگەر لە عینوان بکەینە مێردمنداڵ دروستە، بەڵام بۆ ماددەکانی تر بکەین نابێ، لە قانوونی ئەحداسی عیراقی هاتووە تەسنیفی عومر ئەکات، ئەڵێ ئەگەر منداڵ بوو، ئەگەر لاو بوو، ئێستا ئاماژەمان پێدا جیاوازی هەیە لە نێوانی منداڵ و مێردمنداڵ و لاو، ئەگەر لەو فەترەی تەمەنی فلان تاوانی کرد بەو رێوشوێنە تەعامولی لەگەڵ ئەکرێ، بەس مێردمنداڵ دروست ترە، ئەگەر لە عینوانەکە کە نەوجەوان نەهاتووە، مێردمنداڵە بە پێی یاسای خۆمان لە (٢٠٠١)، بۆ عنوان مەعقولە، بەس بۆ ماددەی (٢، ٣، ٤) ئەوە تەسنیفاتە نابێ لەوێ بگۆڕین، ئەخیر قسەم سەبارەت بە پرسیاری کاك دیاری، وەکو شەخص لەگەڵ فەلسەفەی ئەو یاسایە نیم، تەشجێعیکیش دروست ئەکرێ بۆ مەسەلەی کوشتن و حالەتی تاوان، کابرایەك بە کوری خۆی ئەڵێ برۆ فلان کەس بکوژە، سوود لەو قانوونە وەرئەگری، لە ڕووی فەلسەفەی جینائی موستەقبەڵێ لەگەڵی نیم، بەس مەخرەجێکی تریشمان هەیە، مەوزوعی ئیقاف تەنفیز لە قانوونی عقوبات هەر لە ماددە (١٤٥ تا ١٤٩) باس کراوە ئەگەر لە ماوەی ئیقاف تەنفیزدا تاوانێکی تری کرد ئەو کات عقوبەی راستی هەمووی لەسەر جێ بەجێ ئەبێ، بەڵام لە کۆی گشتی ئەو تێبینیەم هەیە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەوایە ئێستا لەبەردەم دوو ئەگەرین، یەکێیان تەحدید کردنی سنی حەدەسە بەپێی ماددەی (٣) لە قانوونی ژمارە ( (٧٦) ی ساڵی ١٩٨٣)، قانوونی هەرێمی کوردستانیش کە لە (٢٠٠١) دەرچووە و ئەولەوێەت بو قانوونی هەرێمی کوردستانە، ئەگەر بەوە بێ کاك بژار باسی کرد و ئەو تەزاروبەی هەیە لە تەحدید کردنی تەمەن و بە موحەدەدی تەمەنی جینائی، ئەو ماددانەش ئێمە هەموارمان کردوون عیلاقەی بە عقوبە و تەحدید کردنی تەمەنی جینائی هەیە، ئەبێ موعالەجە بکەین، یان ئەوتا ئەبێ ئیقرار بکەین بەوەی لە ماددەی (٣) هاتووە و لێرە جێ بەجێ ئەکەین، یان مادام ئێمە ئەو ماددانە جێ بە جێ ئەکەین یان هەموار ئەکەین کە پەیوەندی بە سزاوە هەیە، ئەبێ لێرە ماددەیەك ئیزافە بکەین بڵێین پەیوەست بە دیاری کردنی تەمەنی جینائی بۆ ئەو

هەمـوارە پشـت بە یاسـاكەی هەرێمـی كوردسـتان ئەبەسـتین، ئەگەرنـا ئێسـتا لەبەردەمـی ئیشكالیەتین، ئێستا بپرسی وەكو قانوونیەك پێم بڵێی صەبێ كێیە؟ فەتا كێیە، من ئەوەی مـاددە ٣ قانوونی ئەوەت بۆ ئەڵێم، ئەگەر هەر یەكێ لە ئیـوە بپرسـی و بڵێـی هەمـوو ماددەكـانی تـری قانوونەكەم قبولە و رازیش بووم و هەموارم كـردووە، بـس ئەو مـاددەیەم قبـول نـیە تەحدیـدی تەمەنەكە ئەكات، ئەوە نابێ، ئەبێ لەو هەموارەش ئەو ماددەیەش دانین كە بڵێین پەیوەسـت بە تەمەنی جینائی ئەبێ بڕۆینەوە بـۆ قـانوونی هەرێمـی كوردسـتان، باسـی پەلەی نەكـردووە، كـاك بژار، رەئیت چییە تۆ؟ فەرموو بەڕێزت و لیژنەش قسەیان لەگەڵ بكە، دەرفەتتان دەدەم، با ئەوە حەسم بكەین.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجـازەی جەنابـت بـی، بەس دوو دەقە مەجـال بـدەی بە ئـێمە، رەئـی ئەو بەڕێـزانەش وەربگرین، ئەگەر دوو دەقیقە مەجال بدەی بە ئێمە، بە گفتوگۆیەك بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زیـاتر، فەرمـوو، بەڕێـزان كـاك بـژار روونكردنەوەیەكمـان دەداتـێ، ئـێمە ئێسـتا لەبەردەمـی حاڵەتێكداین، دوو قانوونمان هەیە بۆ دیاری كردنی تەمەنـی ئینسـان، لە منـاڵییەوە بـۆ سـەرەوە، بەشێكی پەیوەندی بە تەحدید كردنی تەمەنـی جینـائییەوە هەیە، كـێ سـزا دەدرێ، بەشێكیشـی پەیوەندی بە هەموو قانوونی ریعـایەی ئەحداسـەوە هەیە كە ئەم قـانوونەیە ئـێمە موناقەشـەی دەكەین، من رەقەمێك دەڵێم، كاك بژاریش رەقەمێك دەڵێ، هەردووكیشی راستە، دەبێ ئـێمە لەو بەینەدا تەوفیقێك بكەین، بەڵێ كاك بژار، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابت مامۆستای بۆ ئێمە، مەبەسـتم ئەوە نەبـوو كە مـن دەمگـوت غەڵەتە مەبەسـتم جەنابـت نەبوو، بەس حەزم كرد ئاماژە پێ بدەم قانوونی خاصمان هەیە، لە جەنابـت فێـری ئـیش دەبـین، داوا دەكەین لە جەنابت وەكو هەردوو لیژنە پێمان باشە لە كاتی ئامادەكردنی راپـۆرتی دەنگـدان مەجالمـان بـدەنێ لەوێ زۆر گفتوگـۆ دەكەیـن، سـتافی هەردوو لیـژنە، لەگەڵ راوێژكـارانیش دەگەیـنە ئەوەی باشـتر بـێ بگەیـنە رای لیـژنەی هـاوبەش، دواتـریش دێـین موحتـاجیش بـێ تەوزیحیش دەدەین، بەس ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگترە بەڕاسـتی یاسـای خۆمـانە، بۆ؟ چـونكە یاسایەكی تایبەتە لەسەر ئەم تەمەنە، یەعنی بەس با بۆ راپـۆرتی دەنگدان بـێ ئەگەر ئەنـدامانی بەڕێز و جەنابیشت رازی بی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دروستە، كەواتە ئێمە رایاندەسپێرین بۆ راوێـژی زیـاتر، بـۆ دروسـتكردنی تەوفیـق لە بەینـی ئەو دوو ماددەیەی كە تەزاروویبیان تیـایە، دەسـتت خـۆش بـێ كـاك بـژار زۆر زۆر بـاش بـوو، بەڵـێ، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعيل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

من ئەوەلەن پشتگیریا خوشكا سەرچنار دكەم بۆچوونێت وێ دا، یا دووێ/ پرسیارەكێش لیژنا تایبەتی دكەم ئەگەر (صبی) هاتبێتە تەعریفكرن د قانوونێ دا كریە (صبی ممیز) و (غیر ممیز)، یەعنی ئێك هەیە ما بەینا (صبی ممیز) و (غیر ممیز) هەر یەكێ كا نێ دێ ئەوانە چەندە؟ یەعنی عومری (ممیز)ی چەندە و (غیر ممیز) چەندە؟ تێبینیا من یا سێیێ/ خالا سێیەم لێ هاتێت بێژتن (ئەگەر منداڵ (صبی) تاوانێكی جینایەتێك ئەنجام بدات سزایەكەی لە سێدارەدان بی) ئەڤ هەرچەندە سۆرانی باش شارەزا نینە مە، بەس ئەز تێ دگەم یەعنی ئەڤە سزایەكەی بزڤریتە لەسەر (صبی)، ئەگەر وا بیت جوان نینە، چونكی (صبی) نایێتە سزادان، بەس بێژن سزایەكەی ئەو تاوانەی سێدارەدان بی، ئەوی وەختی دێ سزا چیتە بوچێ دچێتە تاوانێ، ناچیتە (صبی) پتر موراعاتا ریعایەتا (صبی) دهێتە كرن، ئەڤ مولاحەزە ئەز وی دبێژم بۆ هەر جارەكا د قانوونێ دا هاتبیتن سزایەكەی تاوانەكەی، ئەو تاوانە، نە دا نەچیت بۆ (صبی)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عثمان، فەرموو.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش بەڕاستی ئەو بۆچوونانەی ئەو بەڕێزانە باسیان كرد، كاك دیاری، كاك د.إسماعیل و بەڕێزەكانی تریش، كاكە بەهمەن، وێڕای ئەو قسانە و پشتگیریان بەڕاستی، پێموایە ئەو پڕۆژە یاسایە ناڕوونە، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی ئێمە دەمانەوێ یاسایەك دانێین بۆ ڕێكخستن و بۆ چەسپاندنی دادگەری، لێرەدا لە هۆكاری دەرچوواندنی ئەو پێشنیازە یاسایە دەڵێ (بۆ دوور نەخستنەوەی نەوجەوانان لە خێزانەكە جیاوازای نەكردن لە نێوان بەرپرسیارێتی منداڵ و صبی) یەعنی وەكو پشتیوانییەكی لێ دێ، كاتێ كە خوا دەفەرموێ (جل شأنە) دەفەموێ: (و لكم في القصاص حياە) ئەوە پێچەوانەی ئەو ئایەتەیە، چۆن دەبێ قاتیلەكی پانزە ساڵی قوتابخانەیەكی ئەهلی وە بكەی؟ قوتابخانەكانمان وا داخران، بۆیە بەڕاستی بەڕێزان من دەڵێم پەلە نەكەن لەو پڕۆژەیە، با دوابخرێ تاوەكو بەدواداچوونی بۆ دەكرێ، ئەگەر ئەم دانیشتنە بەردەوام بێ، من ناچارم بایكۆت بكەم، لەبەر ئەوەی خوا دەفەرموێ: (إذا سمعتم يَيات الله يكفر بها و يستهزأ بها فلا تقعدوا معهم حتي يخوضوا في حديث غيره إنكم إذا مثلهم)، ئەگەر ئەم یاسایە ئاوا بڕوا من بایكۆت دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا بایكۆتی چی دەكەی؟ ئەوە پێشنیازە یاسای فراكسیۆنی كۆمەڵی ئیسلامی یە.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

ئەی قوتابخانە بۆ دەكرێتەوە بۆ قاتیلان؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بایكۆت لە كێ دەكەی؟ تۆ ئیمزات كردووە و هێناوتە بۆ ئێمە بە قوربان.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

من ئیمزام نەکردووە ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چۆن ئیمزات نەکردووە؟ حەز دەکەی ئێستا بۆت بانگ دەکەم.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

نەخێر ئەوە هەموارەکەیەتی بەڕێزەکەم، ئەوە هەموارەکەیەتی، گوێت لێ بێ من دەڵێم ئەگەر وابێ لە واژووەکەشم پەشیمانم و دەڕۆمە دەرەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو بڕۆ.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

ئێمە سەرکردەکانمان تیرۆر دەکرێن لە ناو شار کەس لێیان ناپێچێتەوە، ئینجا منداڵێکی بگری لەسەر ئەوەی بچی قوتابخانەی بۆ بکەیەوە، بەڕێزەکەم، کوا یاسا ئەو کاتە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ مامۆستا گیان.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

بەردەوام دەبێ؟ بڕۆم دکتۆرە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە موناقەشە دەکەین وەڵلا بڕۆیت و نەڕۆیت، بەڵێ ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

ئەگەر وابێ من زۆر داوای لێبووردن دەکەم، لەبەر ئەو ئایەتە بایکۆت دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەر هەردوو چاوم.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

و السلام علیکم و رحمە الله و برکاتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

و علیکم السلام و رحمە الله و برکاتە، ماددەی (٣)، بەڕێزان دەستخۆش بۆ سەرنج و تێبینییەکانتان لەسەر ماددەی (٢)، دەڕۆینە سەر ماددەی (٣).

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

ماددەی (٣):

پیادەکردنی ماددەی (٧٧) یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (٧٧):

یەکەم/ ئەگەر لاو (فتی) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام بدات سزاکەی زیندانی کاتی بێ ئەوا پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاری کراوە حوکمی بدات، بە دانای لە قوتابخانەیەکی شیاندن لاوان بە ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ و زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ.

دووەم/ ئەگەر لاو (فتى) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام بدا سزاکەی زیندانی هەمیشەیی بێت ئەوا پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاری کراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندن لاوان بە ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە چوار ساڵ و زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ.

سێیەم/ ئەگەر لاو (فتى) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام بدا سزاکەی لە سێدارەدان بێ ئەوا پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی کە بەپێی یاسا بۆی دیاری کراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندن لاوان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ و زیاتر نەبێت لە پانزە ساڵ.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان لەسەر ماددەی (٣) کێ قسەی هەیە؟ فەرموون دەست بەرز بکەنەوە ئەوانەی قسەتان هەیە، ناوەکانتان دەخوێنمەوە:

کاك رزگار، کاك یاسین، کاك بەختیار، کاك ئیدریس، لێرە کێی تر هەیە؟ کاك مسلم، کاك مەم ئەسکەندەر، د.إسماعیل، مامۆستا أبو بکر، مژدە خان، سەرچنار خان، کاك مەم، مامۆستا عمر، کەس هەیە نەمانووسیبێ؟ کاك مەم قسەیەکی هەیە، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت لەگەڵ ئێمە حازر بووی لە کۆبوونەوەی لیژنە، موناقەشەیەکی زۆرمان کرد، خاڵی کە هەم ئێمە لە کۆبوونەوە دەترساین هەم پێشبینی ئەوەشمان دەکرد کە برادەران لێی بترسن ئەوە بوو کە بابەتی (غسل العار) و ئەوانە رەنگە خەڵك منداڵ بەکار بهێنێت، بەڵام خۆ دەبێ ئێمەش لەگەڵ دونیای سەردەم و پێشکەوتنی ئێستا بگونجێنین، یەعنی راگەیاندنێکی مافی زارۆکان هەیە لە ساڵی (١٩٨٩) کە بە هەموو شێوەیەك منداڵ پارێزراوە، یەکێك لەو مافانەی کە دەبێت بۆ منداڵ بەرجەستە بکرێت پێموایە حیمایە کردنییە بۆ ئەوەی ئیستیغلال نەکرێت، خۆ ئەگەر کەسێك مەسەلەن ئیستیغلالی ئەوەشی کرد منداڵ بەکار بهێنێت خۆ تاوانە، چونکە ئیستیغلالی ئەوەی کردووە، بۆیە ناکرێت بڵێین مەسەلەن چونکە رۆژئاوا یان لە وڵاتێك تاوان زیاد بووە بە هۆی ئەوەی کە سزاکان سووکن دەبێ لێرە سزاکان توند بن، هەر مەعقول نییە تۆ بڵێی دەبێ سزاکانی بەسەر منداڵان دا توند بن، یەعنی بە توندی تەعامول لەگەڵ منداڵان بکەن، ئەوە بەپێی یاسا دەولییەکانیش ناکۆك دەبێت، خۆ ئێمە بەشێکین لەم جیهانە، لەم سەردەمە دەژین، دەبێت موراعاتی یاسای دەولیش بکەین، یەعنی ئەوە رێکخراوە تایبەتمەندەکانی مافی مرۆڤ کە بەردەوام ئیشی لەسەر ئەوە دەکەن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆیە تەئیدی ئەوە دەکەین و پێمان باشە کە سزاکان لەسەر منداڵان سووك بێت قورس نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بێ زۆر زۆر سوپاس، خۆی قانوون بۆ غالبی شائع دادەنرێت، بۆ حاڵەتی تاك تاك دانانرێت، دەستت خۆش بێ بۆ روونکردنەوەکەت، سوپاس کاك مەم، کاك رزگار، فەرموون.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان.**

ماددەی (٣) بڕگەی سێیەم باسی لە سێدارەدان دەكات، یەعنی لە یاسای سزادان دا ئەگەر كەسێك تەمەنی نەچێتە (١٨) ساڵ نابێ سزای لە سێدارەدانی بەسەردا بسەپێنین، من پێشنیاریش دەكەم لیژنەی قانوونی تەمەنی منداڵەكە و تاوانەكەی چونكە بەپێی تەمەنەكە تەبعەن تاوانەكە گەورەتر دەبێت، یەعنی ئەگەر منداڵێك شەش ساڵ بێ دەبێ تاوانەكەی تاوانێكی بچووك ئەنجام بدات، ئەگەر ببێتە دوانزە ساڵ تاوانێكی ترە، ئەگەر ببێتە شانزە ساڵ تاوانێكی ترە، بۆیە هەم تەمەنی منداڵەكە و بە پێی تەمەنەكە جۆری تاوانەكەی چۆنە بەو شێوەیە دیاری بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك یاسین، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكانی كاك مەم دەكەم، بەڵام بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لەو یاسایەدا هیچ دیار نییە ئایا ئەو منداڵە چۆن تاوان دەكات، ئایا ئەو منداڵە بە ئەنقەست دەیكات؟ ئایا ئەو منداڵە مەسەلەن هەر ئەوها كەسێك دێ دەڵێ بڕۆ كەسێكی بكوژە؟ یان ئەو منداڵە شتێكی لێ دەردەچێ چەقوی پێیە؟ منداڵە و لە منداڵەكی ڕۆدەكات، باشە یەعنی ئەوە بۆ ئەوانە چ دەكرێ؟ یەعنی ئێستا كاك بژار جوانی پێكا یەعنی پێویست ناكات هەر ئێمە قسەی لەسەر بكەین، دەڵێ (من هەر لەگەڵ ئەو یاسایەدا نیمە)، منیش وەكو ئەو هەر لەگەڵ ئەو یاسایەدا نیمە، لەبەر ئەوەی منداڵ چۆن پەروەردە بكرێ، لە ژینگەیەكی چۆن پەروەردە بكرێ ئاوا دەبێ، ئەگەر نا ئێمە بچینە ئەفریقیا و ئەو وڵاتانە، پاكستان و هیندستان، هەمووی موخەدەراتی بە كار دێنن، منداڵ بەكار دێنن بۆ ئەو شتانە، ئێ كێ ناڵێ بەیانی من رقم لە تۆ دەبێتەوە كوڕەكی كچكەم هەیە دێم تۆی پێ دەكوژم، جا كاكە ئەوە منداڵە ئاگام لێ نەبووە، بۆیە دەبێ روونكردنەوەی چاك بكرێ و لەسەر ئەو یاسایە دەبێ هەڵوێستەی باش بكرێ، تەمەننام دەكرد بە داخراویش بایە ئەو جەلسەیە، نەك بە كراوەی با، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ مامۆستا هەورامان، فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیزنم بدەی تەوزیحێك بدەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

وەڵلا دەربارەی ئەم پێشنیازە یاسایە، بەڵێ، فیعلەن قسەی جەنابتە، ئەوە پێشنیازە یاسایەکە کە فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری پێشنیازی کردووە و دەستخۆشیش لە جەنابت دەکەین کە خستوتەتە بەرنامەی کارەوە بەڕاستی، ئەوە یەك، دوو/ هاوکات یەکەم ئیمزا ئیمزای جەنابی مامۆستا مەلا عثمان خۆیەتی کە پڕۆژە یاساکەی ئیمزا کردووە، من دەمەوێ لێرە بەڕاستی هەڵە هەر کەس بیکات هەر هەڵەیە، نابێ بەسەرمان دا تێپەڕێ، دەمەوێ تەوزیحی ئەوە بدەم چونکە شەریعەتی خوای پەروەردگار پاك و بێگەردە بۆ درێژایی و پانتایی زەمین و زەمان هاتووە، ئەم پڕۆژە یاسایە ئەسڵەن لەگەڵ روحی شەریعەت دا دەگونجێت، چونکە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه واله و سلم) لە فەرموودەی (صحيحة) کە ئیمامی (أحمد) و ئیمامی (أبو داود) هێنایانە دەفەرموێ (رفع القلم عن ثلاث: عن المجنون حتى يفيق و عن النائم حتى يستيقظ و عن الصبي حتى يحتلم)، (قەلەم هەڵگیراوە لەسەر سێ کەس: لەسەر شێت تا چاك دەبێتەوە، لەسەر کەسێك خەوتبێ تاکو هەڵسێتەوە، لەسەر کەسێ کە منداڵ بێت هەتا وەکو بالغ ببێت)، لەبەر ئەوە ئەسڵەن منداڵ ئەگەر قەتلیش بکات عولەما دەفەرموون قەتلی عەمدی هەر (خطأ)ە و (خطأ)ی هەر (خطأ)ە، یەعنی بە عەمدیش یەکێك بکوژێت بە (خطأ) حیساب دەکرێ، پێویستە لەسەر کەس و کارەکەی کە خوێنەکەی بدەن، نەك خۆی بکوژرێتەوە، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەو بابەتە هیچ پێچەوانەی شەریعەت نییە، بەڵکو لەگەڵ نەصی فەرموودەی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه و آله و سلم) موناسیبە و گونجاو و موناسیبە و هەڵەی هیچ کەسیش بەڕاستی بەسەر دینی خوا و بەسەر پەیامی خوای پەروەردگارەوە حیساب ناکرێت، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك دکتۆر، دەستتان خۆش بێ، کاك بختیار، فەرموون.

**بەڕێز بختيار شوكرى سليمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بەو یاسایە وابزانم بەس لۆ (مذكر)ە و لۆ (مؤنث) نییە، ئەگەر (فتى) (لاو) تاوانێکی ئەنجام بدات، (فتى) لە عەرەبی لۆ (مذكر)ە (فتاة) لۆ ئافرەتە، عەینی شت (صبى) و (صبيه)، ئەوجا بەس لۆ جنسی (مذكر) هاتیە، پێم باشە یێدی تریش ناوەکەی دیار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك بختیار دەستتان خۆش بێ، کاك إدریس، فەرموو.

**بەڕێز إدريس إسماعيل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتگیری لە کاك بختیار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبـعەن هەمـان مـولاحەزەی مـاددەکەی پێشـووم هەیە، ئەویـش ئەوەیە کە ئەو قوتابخانـانە لە کوردستان دا نـین، بەڕاسـتی ئەمە ئەرکێکـی گەورەی لیـژنەی کاروبـاری کـۆمەڵایەتی یە لە دوای دەرچوونی ئەم هەمواره بوون بە یاسای، لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کار بکەن، بـۆیە ئەم قوتابخانانە بکرێنەوە، بۆ ئەوەی یاساکە بە فیعلی، چونکە بەڕاستی فەلسەفەی یاسـاکە سـزا بەدیلەکەیە، سزا بەدیلەکەش بە قوتابخانەی (تأهیل) شیاندن هاتووە، واتـا ئەگەر ئەو قوتابخـانە دروست نەکـرێن وەکـو ئەوە وایە ئەو یاسـایە هەر دەرنەچووبێـت، ئەوە خاڵێـك، خـاڵێکی تـر بە نیسبەت دیاری کردنی تەمەنەکانەوە ئەو یاسایەی کە لە کوردستان دەرچووە ئیشـکالێکی تیـایە، من وای دەبینم، نازانم، ئیشکالەکە ئەوەیە لە بڕگەی خاڵی دووەم و سێیەم دا، بۆ نمونە، تەمەنـی (١١)ت تەواو کردبێت نەگەیشتبێتە (١٨) ساڵ، جارێك دەڵێ (مێردمنـداڵ) دیسـان دەڵـێ تەمەنـی (١١) ساڵی تەواو کردبێـت تـا (١٥) سـاڵ دەڵـێ (منـداڵ) کەواتە (١٢) و (١٣) و (١٤) بە دوو پێناسـە کردووە، جارێك مێرد منداڵ دەیگرێتەوە، جارێك منداڵ، ئەمە ئیشکالە گەڕانەوە بـۆ ئەم یاسـایە، بۆیە بیزەبت بۆچوونی جەنابت دروستە، ئێمە دەبێ لێرە عیلاجەکە ئەوەیە یـان مـاددەیەك زیـاد بکەیـن، تەمەنەکـان بەڕوونـی بنووسـین، یـان پشـت بە ئەسـڵی یاسـاکەی ریعـایەی ببەسـتین بە هەمواریيەکە کە یاسای (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣)یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ، ئـێمە لیژنەکانمـان راسـپاردووە شـتێکی تەوفیـق بـێ، یەعنـی ئینسـیجامێك لە بەینـی هەموویان دروست بکەن، سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك مەم برهان، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ حەلی ئەوەی کە جەنابت هەردوو لیژنەت راسپاردووە، کارێکی قـوڕس نیيە، پێمـوایە شـتێك هەیە ئاسـانە دەتـوانین لە نـاو ئەمەدا دیـاری بکرێـت، بـۆ نمـونە بـڕگەی یەکەم کە دەڵـێ (لاو) نەووترێ (فتی) و ئەو شتانە، (لاو) لە نێوان (١٥) بۆ (١٨) ساڵ بنووسرێتەوە، ئیشارەتی پێ بکرێ، مەبەستمان لەوەیە، بەڵام لە راستی دا دەستەواژەی (لاو) لە کوردی دا هەر (گەنج)ە، لە عەرەبـی دا (شباب)ە، (فتی) (لاو) نیـیە، جـا بـۆیە بەڕای مـن مەسـەلەن (UN) کاتێـك کە پێناسـەی گەنـج دەکـات، دەڵـێ گەنـج چیـیە؟ (١٥) بـۆ (٢٤) سـاڵە، بـانکی دەولـی دەڵـێ (تـا (١٥) بـۆ (٢٥) سـاڵە)، بەرنامەی (Common Wealth) بۆ گەنجان دەڵێ نەخێر (٢٥) بـۆ (٢٩) سـاڵە، هەنـدێك پێیـان وایە گەنـج لە (٢٠) بـۆ (٢٩) سـاڵە، بە پێـی ئەو دەسـتەواژەی (لاو)ە کە هـاتووە، کە (گەنـج)ە ئەمە دەستنیشان بکـرێ، یـان بڵێـین (ئەو منداڵە یـان ئەو مێرمنـداڵەی تەمەنـی لە نێـوان ئەوەنـدە بـۆ ئەوەندەیە ئەگەر تاوانێ بکات جینایەتێك ئەنجام بدات)، پێموایە ئەوە حەلێکی باش دەبێ، یـان ئەو منداڵەی تەمەنی لە نێوان (١٢) بۆ (١٦) ساڵە بۆ (١٥) سـاڵە تاوانێـك بکـات بەم شـێوەیە بێـت، رزگارمان دەبێ لەو کێشەیە و چارەسەر دەکرێ بەڕای من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مژدە خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (سێیەم) خاڵی (یەکەم) دەڵێ ئەگەر (لاو) (فتی) تاوانێك یان جینایەتێکی ئەنجام دا سزایەکەی زیندانی کاتی بێت ئەوا پێویست لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بە پێی یاسا بۆی دیاری کراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەی (شیاندن)ی لاوان بە ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (٣) ساڵ و زیاتر نەبێت لە (٧) ساڵ، لە بڕگەی (دووەم)یش دا کە سزای زیندانییەکەی هەمیشەیی یە، ئەوەی یەکەم کاتی یە، هی دووەم هەمیشەیی یە، ئەویش لە بەینی چوار ساڵ بۆ حەوت ساڵە، یەعنی بۆچی هەردووکی سزای کاتی و هەم هەمیشەیی سزای حەوت ساڵە زۆرینەکەی؟ پێشنیار دەکەم دەستکاری بکرێت ئەوەی دووەم لە حەوتەکە بکرێ بە نۆ یان دە، سێیەمیش لەگەڵ وشەی ئەوەی (لاو) تەمەنەکان دیاری بکرێ لەوانەیە موشکیلەی کەمتر هەبێت، پشتگیری قسەکانی مامۆستا (عمر)یش دەکەم، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ئیشکالی ماددەی پێشووترە، پشتگیری بەشێکی کاك مەم دەکەم لەسەر (لاو)، (لاو) نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەئی جیاوازە لەسەر (لاو) و لە زمانی عەرەبیش دا کە لە (٩) شوێنی قورئان دا بە (فتی) و بە (فتیات) هاتووە لە (٩) جێگەی قورئان دا، یەعنی ئەو تەمەنە نییە لە ڕاستی دا کە (١٥) بۆ (١٨) بێ، بۆیە من پێم باشە ئەوە تەمەنی (١٥) بۆ (١٨) بکەین بە (نەوجەوان) چونکە (لاو) لە زمانی عەرەبی دا تا (٤٠)ساڵیش دەگرێتەوە کە (سن التكامل)ە، لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش دا پێناسە کراوە هەتاوەکو (٣٥) ساڵ لەو ڕووەوە، بۆیە بە ڕای من وشەی (لاو) تێبینی لەسەرە کە دەبێ ئەمەش داڕشتنەوەی بۆ بکرێ و پێناسەیەکی وردی بۆ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٣) بەڕاستی هەر سێ بڕگەکە کە هاتووە یەکەمیان ئەوە هەر ئەو تێبینییەی پێشتر کە دام گوتم سزاکان هەمووی بکرێنە ڕێ و شوێن بە (تدبیر) لەبەر ئەوەی لە یاسا ئەسلییەکان دا هاتووە، ئەو (تدبیر)انەی کە لە زیندانی کاتی یەکەم هێناویێتی لە (٣) ساڵ بۆ (٧) ساڵ، دووەم/ زیندانی هەمیشەیی وەکو ماددەی پێشووتر نییە لێرە هەمیشەیی یەکە هاتووە، چونکە ماددەی پێشووتر هەر لە زیندانی کاتییەوە ڕۆشتبوو بۆ لە سێدارەدان، ئەو هەمیشەییەمان نەبوو کە وتمان دەبێ موعالەجە بکرێ، ئەمە لە چوار ساڵ بۆ حەوت ساڵ هێناویێتی، ئەوەی سێیەمیش لە سێدارەدانە (٥) ساڵ بۆ (١٥) ساڵ، ئەگەر سەیری ساڵەکان

بکەیـن، یەعنـی (٣) سـاڵ بـۆ (٧) سـاڵ، (٤) سـاڵ بـۆ (٧) سـاڵ، بە(٥) سـاڵ بـۆ (١٥) سـاڵ، وا دادپەروەرانەترە بەڕای من بڕگەی دووەم بکرێ بە (٤) ساڵ بۆ (١٠) ساڵ، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەوە دووەم جارە سەرچنار خان دەیڵێیتەوە، کامە بکەین بە ڕێ و شوێن، خۆی ڕێ و شوێن مەبەستی ئەوانەیە کە هاتووە لە دوای عقوبەکە، مەسەلەن مەدرەسەی تەئهیلی و ئەوانە، یەعنی ئەگەر لاو تاوانێك ئەنجام بدات سزاکەی زیندانی کاتی بێ، سزای تاوانەکە. ئێ ئەوە چی لێ بکەین؟.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای چاودێری نەوجەوانان دا هاتووە (تدابیر) هاتووە، سزا نەهاتووە، دەتوانێ بوترێ سزاکەی بکرێ بەوێ و ڕێ و شوێنەکەی بکرێ بەوێ تەدبیرەکەی بکرێ بەوێ، بە هیچ شێوەیەکی وشەی سزا، عقوبە بۆ نەوجەوانان بە کار ناهێنرێ، مەبەستم ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مسلم، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستتان خۆش بێ، لە ڕاستی دا ئێمە باس لە یاسایەك دەکەین کە باس لە تەمەنێکی زۆر هەستیار دەکات ئەویش تەمەنی منداڵە، ئەو تەمەنە لە ڕاستی دا تەمەنێکە، قۆناغێکە لە ژیانی ئینسان کە ئیستیعابی منداڵ، ئیستیعابی تەمەنی ئینسان لەو ماوەیە زۆر زۆر فراوانە، هەم خێرایە لە وەرگرتن جا بە باشە یان خەراپە، بۆیە من تەرکیزم لەسەر یەك فەقەرەی ئەم ماددەیەیە، لە ماددەی (٢)ش دا زۆر تەرکیزی لەسەر کرا، ئەویش کردنەوەی قوتابخانەی شیاندنانە، ئێمە ڕاستە لە هەرێمی کوردستان دا قوتابخانەی شیاندنمان نییە، بەڵام پێویست دەکات لێرە وەکو چارەسەرێکی زۆر گونجاو بکرێتە ئیلتیزامێك بۆ کردنەوەی ئەو جۆرە قوتابخانانە، چونکە ناکرێ منداڵ تێکەڵی خەڵکی تری تاوانبار بکرێ، ئێ کە ناکرێ دوایی دەیدەیتەوە دەستی خاوەندارەکەی، بەڵام وەکو چارەسەرێك، وەکو دووبارە شیاندن و پەروەردە کردنی پێویست دەکات ئەم جۆرە قوتابخانانە دروست بکرێن، بۆ ئەوەی لەو قوتابخانانە ئەم منداڵانە دووبارە دروست بکرێنەوە، پەروەردە بکرێنەوە، بە هەڵەکانی خۆیان دا بچنەوە، چونکە خۆتان دەزانن بەڕاستی وەك باسم کرد ئەمە قۆناغێکی زۆر هەستیارە بە تایبەت لە سەردەمی ئێستا کە سەردەمی ئاڵۆزی ژیان و سەردەمی تاوان و سەردەمی فیتنە و ئەوانەیە، من تەرکیزم لەسەر ئەوەیە بەڕاستی لەم یاسایە کە یاسایەکی زۆر باشە، بەڵام تەرکیز لەسەر ئەوە بکەین ئیلتیزامێك بخەینە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەم جۆرە قوتابخانانە کە بوونیان نییە دروست بکرێن، بۆ ئەوەی کە دووبارە پەروەردەی منداڵانی تێدا بکرێتەوە، بەتایبەت ئەو منداڵانەی کە لەو تەمەنەدا تاوانێك تیای ئەنجام دەدەن، یان هەڵەیەك لە ژیانیان دا ڕوودەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس كاك مسلم، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

من دڤێت ئەز ئاخافتنەكێ بكەم و پیچەكی تەركیز ل سەر بێتە كرن ئەگەر زەحمەت نەبیت، ئەگەر ژیێ (فتی) (لاو) ش (١٥)ێ حەتا (١٨)ێ بیت، ئەگەر وەسا بیتن وەسا تێگەهیشتم وەختێ هاتیە عەرز كرن بەلێ فیعلەن ئەڤە موخالیفی ئایاتێت صەریحێت قورئانێنە، نابیتن ئەڤە بێتە تەمریر كرن، ئەو حەدیسا سەیدایێ شێخ بۆمە هیناى (الصبى حتى يحلم) ڤێ د بێژی (صبی) هەر گاڤا (حلم) گەیشتە بلوغێ نابێژنێ (صبی)، د ڤێرێ دا (١٥)ی وێ ڤە هەر (فتی)یەو هەر ئیدی یە، فە مە دوو ئەهلییەتێت هەی ل شریعەتی دا (أهليه كامله و أهليه ناقصه)، راستە ئەم ل گەل (أهليه ناقصه)ینە ڤی شكلی سەرەدەری سەر بێتە كرن، تەعامول ل گەل بێتە كرن، عقوباتیت بەدیل بۆ وی هەبن ڤێ ئەهلیا ناقص، ئەهلیا ناقص نەگەهەشتییە حەددی بلوغێ، چونكی مە تەكلیفی هەی عاقل، بالغ، ئەگەر عاقل بیت و بالغ بوو ئەڤ مرۆڤە هەر تاوانەكا بكەتێت شەریعەتی دا سابتە و نە جهێ ئیختیلافێ یە لە ناڤبەرێ (علماء)دا نەش مەسائیلێت ئیختیلافینە حەتا كو، ئەگەر نەش مەسائیلێت ئیختیلافی یە مەعنا وێ (ثوابت)ە، ئەگەریش (ثوابت) بیت دەستوورێ عیراقێ دا هاتیە ئیدی كرن چەسپاندن ناچێ ب چ قانوون بێینە دانان موخالیفی (ثوابت)یت شەریعەتی بیتن، ژ ئان ڤێت ئەم تەحدید كەین بێژین (لاو) كیژیشی حەتا كیژی یە بیننە بن وی عومری ئەو عومری بن بلوغێ دا، ئەگەر مە سەرێ خستە سەر بلوغێ دا بەلێ وەسایە وەكو سەیدایێ (شیخ عثمان)ی گوتی، چونكی ئەوە واضحە رب العالمين گوتیتی (يا أيها الذين يَمنوا كتب عليكم القصاص كما كتب علي الذين من قبلكم)، یەعنی موهیم ئایەتێت قورئانێ وازحە، پێتڤیا گەل گەهیشتە عومری بلوغێ ش بلوغێ یێ ڤە تەحەمولا مەسئولیەتا خۆ دكەتن بۆ هەر ئیدیەكا هەبیتن، ژ بەر هەندێ ئەز دبینم ئەڤی بابەتی پێتڤیێ گەلە گەلەك یەعنی هوردەكاری تەعامولێ ل گەل بكەن و نەك چیتە عومری بلوغێ دا و بچیتن، گەلەك مەمنون، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەگەر لیژنە قسەتان نییە، ماددەی (٤)، بەڵێ فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیاری سەرچنار خان لەو ماددەیە و لە ماددەی پێشتریش خۆ لە عیراق دا راستە یەعنی نەهاتووە ئەم جوملەی دووەم كە دەڵێ (لە جیاتی ئەو سزایەی بە پێی یاسا بۆی دیاری كراوە)، لێرە هاتووە وەكو تەوزیحی زیاتر، بەس ئەگەر لادەین كورتتر دەبی هیچ كێشە نییە، یەعنی تەئسیریش ناكات لەسەر حوكمی ماددەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (٤) بخوێننەوە بەڕێزان.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

ماددەی (٤):

پیادەرکردنی ماددەی (٨٠)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (٨٠):

یەکەم/ دادگای نەجەوانان لە کاتی حوکمدانی نەوجەوانان لە تاوانێک یان جینایەتێک یان کەتنێك بە رێ و شوێنێکی ئازادی لێسەنەر بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە یەك ساڵ دەتوانێ بۆ ماوەیەك کە لە یەك ساڵ دەتواندرێ بڕیاری راگرتنی ئەم رێ و شوێنە بدات بۆ ماوەی دوو ساڵ کە لە رێکەوتی حوکمەکە دەست پێ دەکات ئەگەر لە رەوشت و راپۆرتی لێکۆڵەری کەسایەتی و بارودۆخی تاوانەکە شتێکی بینی ببێتە مایەی باوەڕبوون بەوەی کە تاوانێکی نوێ ئەنجام نادات، لەگەڵ پابەندکردنی بەخێوکار یان یەکێك لە خزمەکانی بە پێشکەش کردنی بەڵێننامەیەك بە باش پەروەردە کردن و راست کردنەوەی لە ماوەی راگرتنی دا و سپاردنی بڕە پارەیەك لە سندووقی دادگا کە دادگا بڕیاری لێ دەدات بەو شێوەیە لەگەڵ باری دارایی بگونجێت و لەم بارەیەوەش حوکمی ماددەکانی (١٤٧) و (١٤٨) و (١٤٩)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) لەبەرچاو دەگیرێت.

دووەم/ ئەگەر نەوجەوانان لە کاتی حوکمدانی لە تاوانێك جینایەتێك یان کەتنێك بە رێ و شوێنێکی ئازادی لێسەنەر بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە یەك ساڵ و تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو بکات، ئەوا دادگا نەوجەوانان دەتوانێ بڕیاری راگرتنی ئەم رێ و شوێنە بدات لەم بارەیەش حوکمی ماددەکانی (١١٨) (١٤٥) (١٤٦) (١٤٧) (١٤٨) (١٤٩)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) لەبەرچاو دەگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستت خۆش بێت سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ تەنها یەك وشەی بۆ زیاد بکەم، دوای دێری پێنجەم دوای (مایەی باوەڕبوون و سەلماندن)، یەعنی لەگەڵ ئەوەی بە قەناعەتیان بێت، دەبێت ئیسپاتیش بکرێ بۆ ئەوەی ئەو ئیزافەیە بکەین، لە بڕگەی دووەم لە دوای ئەوەی بڕیاری راگرتنی ئەو رێ و شوێنە بدات تەحدیدی ماوەکەی نەکردووە، ئایا چەند؟ ئەوەی یەکەمیان تەحدیدی کردووە بۆ ماوەی دوو ساڵ دەتوانێ رایگرێ، بەڵام لێرە ماوەکەی دیاری نەکردووە، پێشنیار دەکەم کە لێرەش دیاری بکرێت، تەحدیدی ماوەی راگرتنەکەی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (دادگای نەوجەوانان لە کاتی حوکمدانی نەوجەوان بە تاوانێك، جینایەتێك، یان کەتنێك بە رێ و شوێنی ئازادی لێسەنرێ بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە

یەك ساڵ دەتوانێ بۆ ماوەیەك كە لە یەك ساڵ دەتواندرێ بڕیاری راگرتنی ئەم رێ و شوێنە بدات)، ئا لێرەوە تەبعەن ئەگەر ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵە ئەوە ئیقاف تەنفیزەكە سێ ساڵەكەیە كراوە بە دوو ساڵ، قسەم لەسەر ئەوە نییە، بەس بۆ ماوەی دوو ساڵ لە رێككەوتی حوكمەكە دەست پێ دەكات لە دوای ئەوە هەتا ئەخیر زیادەیە، چونكە ماددەی (١٤٧) (١٤٨) (١٤٩) لە یاسای ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) باسی ئیقاف تەنفیز و وردەكاری دەكات، ئەمە خاڵێك، خاڵێكی تر بەستوێتییەوە بە راپۆرتی لێكۆڵینەوەی كەسایەتی، ئەو راپۆرتەی كە بۆ كاتێ كە نەوجەوانێك جینایەتێك دەكات دەچێتە بەردەم دادوەری موختەصەوە، ئەم یاسایە یەكێك لە هەدەفەكانی بۆ ئەوەی تەوسیعی صەلاحییەتی قازی بكات، بەس لێرە تۆ بۆ ئەهێنی ئەیبەستیتەوە بە راپۆرتێكەوە؟ لە نەوجەوانیش دا سەوابق ناگیرێت، یەعنی پەنجەی دەست بۆ نەوجەوان نییە، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی دادوەر هەر ئیعتیماد نەكاتە سەر راپۆرتی لێكۆڵینەوەی نەوجەوانەكە، خۆی ئەو صەلاحییەتە فراوانەی هەبێت، بە پێی قانوونی ئەوەی كە لە (٦٩)ی (١١) ئەو ماددانە هەر خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە تەحصیل حاصلە پێویست بەوە ناكات، تا وەكو وتم تا ئەو شوێنە باشە ئەوی تر من بە زیادەی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

ئەز پشتگیریا خوشكە (سەرچنار)ی دكەم بۆ چوونێت وێ دا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا أبوبكر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پەیوەندی بە كۆی هەموارەكەوە هەیە، پرسیارێكم هەیە لە لیژنەی قانوونی، ئەم هەموارە ئەسەری رەجعی هەیە؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لێرە نییە با بێتەوە كاك بژار، ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

ماددەی (٥):

كار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوای ئەوە.

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

ماددەی (٦):

لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٧):

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

ماددەی (٧):

ئەم یاسایە لە ڕێککەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هۆکارەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لە پێناو دەستەبەرکردنی دەسەڵاتەکی فراوانتر بۆ دادگای نەوجەوانان لە هەڵبژاردنی ڕێ و شوێنی هەمەجۆرتر بە شێوەیەك نەبێتە مایەی دوورخستنەوەی نەوجەوانان لە خێزانەکەی و جیاوازی کردن لە نێوان بەرپرسیارێتی (منداڵ) (صبی) (لاو) (فتی) ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داڕشتنەوەی ئەم هۆیەکانی دەرچوواندن بەم شێوەیە پێشکەشی هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار دەکەم، بەم شێوەیەی لێ بکرێ:

(بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی دادگای نەوجەوانان لە هەڵبژاردنی ڕێ و شوێنی هەمەجۆر بۆ ئەوەی نەوجەوان لە خێزانەکانیان دوور نەخرێنەوە و جیاوازی نەکرێ لە نێوان بەرپرسیارێتی قۆناغەکانی تەمەنی مناڵ و مێردمنداڵ، ئەم یاسایە دەرچووێندرا).

لە حاڵەتێك دا ئەگەر مێردمنداڵ یاخود بڵێی قۆناغەکانی تەمەن لە نێوان ئەوەندە ساڵ بۆ ئەوەندە ساڵ ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا أبوبكر، كاك بـژار نەهـاتەوە، قـانوون ئیعتیـادی ئەگەر بە نەص نەڵـێ ئەسەری رەجعی هەیە، نایبێ، بەڵام ئەو قانوونانەی کە بوعدی جینائیـان هەیە (الأصـلح للمـتهم) عـادەتەن ئیسـتیفادەی لـێ دەکەن، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان سـوپاس بـۆ پەرۆشـیتان، بـۆ بەشداری کردنی زۆر باشتان لە دەوڵەمەند کردنی هەردوو پێشنیازە یاساکە، بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پڕۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)ی**
**یەك شەممە رێكەوتی ٢٠٢٢\٦\١٢**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)
# یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/١٢

کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/١٢ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٢) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکان (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) ماددەکان (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/١٢) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خستنەڕووی گفتوگۆ کردنی ڕاپۆرتی لیژنەی وزە و سامانە سرووشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی سەبارەت بە گرانی بازاڕ و بەرز بوونەوەی نرخی پێداویستی ڕۆژانەی هاووڵاتیيان بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای بەرکارکردنی هەموار کردنی یاسای فیدراڵی و واژووی ئەلکترۆنی و مامەڵە ئەلکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی (٢٠١٢) بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی وەرزی بەهارە ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین سەرەتاش دەرفەت دەدەین بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو و ناوی ئامادە نەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکان (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) ماددەکان (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٥)ی

ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی (٢٠٢٢/٦/١٢) بەم شێوەیە بێت:
یەکەم: خستنەڕووی گفتوگۆ کردنی راپۆرتی لیژنەی وزە و سامانە سرووشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی سەبارەت بە گرانی بازاڕ و بەرز بوونەوەی نرخی پێداویستی رۆژانەی هاووڵاتییان بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
دووەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای بەرکارکردنی هەموار کردنی یاسای فیدراڵی و واژووی ئەلکترۆنی و مامەڵە ئەلکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی (٢٠١٢) بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
پوختەی دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی:
بەپێی حوکمی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٢٠٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی سێشەممە رێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٧) بەم شێوەی خوارەوە بوو:
یەکەم/ دەستپێکردنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دووەم/ خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادە نەبوو بە مۆڵەت و بە بێ مۆڵەت لە لایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
سێیەم/ دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
چوارەم/ خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە:
١- پێشنیازە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراو بۆ ئاڵوگۆڕ کردن لە بازاڕە ناوخۆییەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو.
٢- پێشنیازە یاسای هەمواری جێبەجێکردنی یاسای چاودێری نێوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣).
پێنجەم/ کۆتایی هاتنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لیستی ئامادە بوو و ئامادە نەبووانی ئەندامان لە دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی لە (٢٠٢٢/٦/٧) بەیانی زۆربەیان مۆڵەتیان پێدراوە تەنها بەڕێز (باڵانبۆ محمد علی) ئامادە نەبووە، (ئاشنا عبدالله قادر، جنان جبار بویا، ذکری احمد اسماعیل، راهی رهبر ابراهیم، سەرکۆ ازاد حسێن، شنۆ اشقی عبدالله، صباح محمود محمد، فرید یعقوب ایلیا، کاظم فاروق نامق) بە بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢١) ئامادە نەبوو (کلارا عودیشو یعقوب، هاوڕێ بناء محمد، هدیە مراد حیدر) ژمارە (٤)ی ئاسایی لە (٢٠٢٢/٦/٧) ئێوارە (ارشد حسێن محمد ئامادە نەبوو، باپیر کامەلا سلێمان ئامادە نەبوو، جلال محمد عبدالله مۆڵەت، جهاد حسن ابراهیم مۆڵەت، حسیبە سعید ابراهیم مۆڵەت، حکمت محمد عبو زید مۆڵەت، رزگار عیسی سوار مۆڵەت، روپاك احمد رحمان ئامادە نەبوو، رۆژان ابراهیم علی ئامادە نەبوو، سارا دلشاد بکر ئامادە نەبوو، زیاد جبار محمد مۆڵەت، سروان محمد علی مۆڵەت، سعید مصطفی تەتەرخان مۆڵەت، سلام عبدالله حسن ئامادە نەبوو، سوسن محمد میرخان ئامادە نەبوو، عباس فتاح صاڵح ئامادە نەبوو، گلاوێژ عبید عثمان ئامادە نەبوو،

گڵستان باقی سلێمان ئاماده نەبوو، لقمان حمد حاجی مۆڵەت، هلز احمد محمد ئامادە نەبوو، ویسی سعید ویسی مۆڵەت)، ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەمیشەییەکان ئامادە نەبوو (لیژنەی شارەوانی و گەیاندن و گەشت و گوزار) (٢٠٢٢/٦/٥) هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە (زێدان رشید خان اودل، نجاة شعبان عبدالله، کلارا عودیشو یعقوب، رزگار محمد محمود)، (لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی) لە (٢٠٢٢/٦/٦) (محمد سعدالدین انور مۆڵەت)، (لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان و بازرگانی) لە (٢٠٢٢/٦/٦) (سەرکۆ ازاد حسێن، رێبوار عبدالرحیم عبدالله، جنان جبار بۆیا) مۆڵەتیان پێدراوە، (لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە)...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقە منی خان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەست دەکەم ناوی هەندێکتان دەخوێنرێتەوە ئەو رۆژە لەوێ بووە رەنگە خەلەلەکە لە کارەبار بێت، بۆیە داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین بۆ سڕینەوەی هەموو ئەو ناوانەی کە ئەو رۆژە لەوێ بوون و لە ناو نوسراوەکە هاتوون بەڕێزان ئەوەی لێرە ئامادەبووە دڵنیا بن ناوەکەی دەسڕێتەوە، بەڵێ بەردەوام بن.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەدواداچوون دەکرێت ئەوانەی واژوویان نەکردووە و ئامادە بوونە لە لایەن جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوەکانیان دەسڕێتەوە، (لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە) لە (٢٠٢٢/٦/٦) (صباح محمود محمد، شنۆ اشقی عبدالله، جلال محمد امین)، (لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری) لە (٢٠٢٢/٦/٦) (محمد سعیدالدین انور، سەرکۆ ازاد حسێن) مۆڵەت، (لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار) لە (٢٠٢٢/٦/٦) (زێدان رشید خان اودل، کلارا عودیشۆ یعقوب)، (لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا) مۆڵەتیان پێدراوە، (لیژنەی کاروباری پێشمەرگە) لە (٢٠٢٢/٦/٧) (سروان محمد علی، باڵانبۆ محمد علی، بژار خالد عبدالله) مۆڵەت، (لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی) لە (٢٠٢٢/٦/٨) (هەژان حسن احمد) مۆڵەت، (لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان) لە (٢٠٢٢/٦/٨) (شوان کریم محمد، دابان محمد حسێن) مۆڵەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ناوی پەرلەمانی کوردستان بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان دەکەین، دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین بۆ ئەم مەبەستە داوا لە بەڕێزان سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی وزە و سامانە سرووشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی و تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر دەکەین وە داوا لە پرۆتۆکۆڵ دەکەین کە ئەوە راست بکرێتەوە کە ئەو راپۆرتە راپۆرتی هاوبەشی هەر دوو لیژنەیە بەڕێزان ئەو بابەتە بابەتێکی گرنگە ئەو نوقتە نیزامیانەش کە وەردەگرن هەموو بابەتی گشتین ئێمە دەست بە دانیشتنەکەمان دەکەین داوا لە بەڕێزان دەکەین فەرموون بێنە ئێرە، ئەوەی غیاب نەبوویێت راست دەکرێتەوە هلز خان دڵنیا بە،

بەڕێــزان ئەوەی کە بــاس دەکرێــت بــابەتێکی گــرنگە ســەعات دە بــووە ئــێمە دەســت بە دانیشتنەکەمان دەکەین فەرموون راپۆرتی لیژنەی هاوبەش بخوێننەوە.

**بەڕێز بختیار شوکری سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بابەت راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان و بازرگانی و پیشەسازی و لیژنەی تەندروستی و ژیــنگە و مــافی بەکاربەر...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئارامی هۆڵەکە بپارێزن بۆ ئەوەی گوێتان لە کاك بختیار بێت.

**بەڕێز بختیار شوکری سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرانی بـازاڕ و بەرز بـوونەوەی نرخـی پێداویسـتی رۆژانەی هاووڵاتییـان و زیـادبوونی تێچـووی قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی بەرهەمەکان و بەرز بوونەوەی رێژەی هەڵاوسانی و ناجێگیری بازاڕ و بەرزبـوونەوەی نـرخ هەمـوو ئەو کێشـانە کاریگەریـان هەبـووە لە سـەر گەشەسـەندنی ئـابووری وڵاتــان بە تــایبەتی ئەو وڵاتــانەی کە تەنیــا پشــتیان بە یەك ســەرچاوەی داهــات بەســتووە، واتــا ئــابووری فرەچەشــنیان نیــیە هەمــوو ئەمــانەش کاریگەرییــان هەبــووە لە ســەر دۆخــی بــازاڕ لە هەرێمی کوردستان کە لە ئێـستادا بە دۆخێکـی نـاجێگیر و گرانییەکـی زۆر تێـپەڕ دەبێـت رۆژ لە دوای رۆژ نرخــــی کەل و پەل و پێداویســــتییەکانی ژیــــانی رۆژانەی هاووڵاتییــــان لە بەرز بوونەوەدایە بە رادەیەك کە گرانی تەنگی بە هاووڵاتییان هەڵچینەوە لە ئێـستادا گەیشـتووین بە هەڵاوسانێکی راستەقینە رووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخی ئێستای بـازاڕ پێویسـتی بە هەڵوێسـتە کردنە بەتــایبەت بــۆ بەرژەوەنــدی خەڵکــی کەمــدەرامەت، چــونکە بە هــۆی نەبــوونی چــاودێری و لێپرسینەوە تا دێت دۆخەکە بەرەو خراپتر دەڕوات، بۆیە پێویستە حکومەت زۆر بە جدی و بە تونـدی خەمـی کـۆنترۆڵی بـازاڕ بخـوات کـۆنترۆڵ لە سـەر نرخەکـان زۆر خـراپە رۆژ بە رۆژیـش خراپتــر دەبێــت، چــونکە لەگەڵ ئەوەی نرخــی گــرانە خواســتێکی زۆر هەیە لە ســەر کــاڵا و بەرهەمەکــان کێشــە گەورەکە ئەوەی کە خواســت نەبــووەتە هــۆی ئەوەی کە وەبەرهێنــان و پیشەسازی ناوخۆیی زیـاد بکـات لە ئەنجـامی نەبـوونی بەرهەمـی نـاوخۆیی لە وڵاتـانی دەرەوە شمەکەکان دێنە ناوخۆ، دواتر بە هۆی نزمبوونەوەی نرخی دیناری عێراقی و هێزی کڕینـی دینـار و رێکخستنەوەی باج و رسومات هێندەی تـر کێشـەکەی گەورەتـر کـردووە، بـۆیە لێـرەدا دەبێـت حکومەت ئەو مەسەلەیە بە جدی وەربگرێت و کاری لە سەر بکـات، چـونکە ئاسایشـی خـۆراك بە توخمێك لە ئاسایشی وڵات یا ئاسایشی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت لە ئێـستادا دیـارترین فـاکتەرە کاریگەرەکان ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم/ بەرز بــوونەوەی نرخــی بەرهەمە جیهانییەکــان وەکــو نەوت و خــۆراك وای کــردووە هەڵاوسانی ناو وڵاتانی هاوردەکـار لە هەرێمـی کوردسـتان رەنـگ بـداتەوە بـۆ دابینکردنـی زۆری پێداویســتییەکانی رۆژانەی هاووڵاتییــان و پشــت بە هــاوردە دەبەســترێت، زیــادی تێچــوون، ناهاوسەنگی لە هاوردە، ناڕوونی، ناهەماهەنگی لە نێوان ناوچە پیشەسازییەکان و وەزارەتەکـان

وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ دابینکردنی کەرەستەی خاو و هەموو ئەوانە بووەتە هۆکار کە کارگە و پیشەسازی نەبێت بۆ هەموو پێداویستییەکان پشت بە هاوردە ببەسترێت.
دووەم/ بەکاربەر و ژمارەی دانیشتووان لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان روو لە زیادبوونە ئاستی بەکاربەر و بڕی خواستیش بەرزە واتا بە گشتی کۆمەڵگایەکی بەکاربەرین لە کۆتایی راپرسی کە دەستەی ئاماری هەرێم بۆ تێکڕایی پێوانی نرخی بەکاربەری خستۆتەڕوو لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ تێکڕا (٧.٣%) بەرز بووەتەوە بە بەراورد لەگەڵ دوازدە مانگی ساڵی رابردوو دوو ئەوەندە بەرزبوونەوەی تۆمار کردووە.
سێیەم/ سیاسەتی نەختینەیی، لەبەر ئەوەی سیاسەتی نەختینەیی لە عێراق بە دەستی ناوەندەوەیە ئەو بڕیارانە کە بانکی ناوەندی دەدات وەکو نزمکردنەوەی بەهای دینار و زیاد خستنە بازاڕی دینار و پێدانی قەرزێکی زۆر بە شێوازی جیا بۆ کۆمەڵگا و زیاد بوونی رێژەی پارە یان ئەو بڕە پارەیە لە ناو خەڵکدا دەسووڕێتەوە هەموو ئەو هۆکارانە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە بۆ بازاڕ بە تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە بەشدار نین لە خزمەتگوزارییەکانی بانکی ناوەندی بەغدا بە پێچەوانەوە بۆ بازاڕی هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنی هەبووە و زیانمان پێگەیشتووە ناهاوسەنگی لە بازاڕی هەرێمی کوردستاندا دروست کردووە.
چوارەم/ دیار نەکردنی بەشە خۆراکی هەرێمی کوردستان لە یاسای ئاسایشی خۆراك لە عێراق لە رۆژانی داهاتوو کاریگەری نەرێنی لە هەرێمی کوردستان دروست دەکات.
پێنجەم/ رووداوە سرووشتی و سیاسییە جیهانییەکان کۆمەڵێك هۆکار هەن کە بە هۆکاری دەرەوەی ئیرادەی حکومەتی هەرێم دادەنرێت وەکو رووداوی سرووشتی بۆ نمونە وشکەساڵی و دروستبوونی کێشەی ئاوی خواردنەوە بۆ بەشێك لە شارەکانی هەرێم و کێشە ساسییەکانی وڵاتانی وەبەرهێن وەکو وڵاتی روسیا و ئۆکڕانیا کە بە سەرچاوەی دابینکردنی خۆراك دادەنرێن بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان ئەوەندەی تر کێشەی بۆ نرخ و ئاسایشی خۆراك دروست کردووە.
شەشەم/ قۆرخکاری بازاڕ لە پێناو چەند کۆمپانیا و بازرگانێك قۆرخکاری کاڵا و هەڵگرتن و شاردنەوەی چەند کاڵایەك کاریگەری نەرێنی لە سەر دۆخی بازاڕ دروست کردووە.
حەوتەم/ نەبوونی سیاسەتێکی ئابووری و هەماهەنگی لە نێوان عێراق و هەرێم و نارێکی بازاڕی ئازاد لە عێراق و هەرێمی کوردستان وای کردوە بەشێوەیەك لە چاودێریکردنی بازاڕ رووبدات، وە بووەتە هۆی زۆر بوونی کاڵای بیانی.
هەشتەم/ باج و کرێی پشکنین لە خاڵە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکان بۆ ئەوەی کاڵایان هاوردە دەکرێن بە رێژەیەکی بەرچاو بەرز بووەتەوە ئەویش بووەتە هۆی ئەوەی کە نرخی کەل و پەل و کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بەرز بووەتەوە، هەروەها دیارنەکردن و یەکنەخستنەوەی نرخی هەندێك کاڵا کە رۆژانە بەکار دەهێنرێن لە لایەن بەکاربەرە وەکو خۆراك.
راسپاردە و پێشنیاز:
یەکەم/ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەماهەنگی و پلانی تۆکمەیان هەبێت بۆ کار کردنی بازرگان و گارگە ناوخۆییەکان لە رێگای کەمکردنەوەی تێچووی هاوردەکردن وە بەرهەمهێنانی بەرهەمی خۆماڵی.

دووەم/ وەزارەتی بازرگانی پیشەسازی حکومەتە خۆجێیەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەرپرسن لە چاودێریکردنی کاڵا و یەکخستنەوەی نرخی کاڵاکان لە بازاڕ هاوکات وەزارەتی پەیوەندیدار چاودێری بڕیار و ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێم دەکات بۆ کەمکردنەوەی نرخی کەل و پەل و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ ئەوەی زۆرترین خزمەت بۆ هاووڵاتییان بە کەمترین تێچوو دابین بکرێت.
سێیەم/ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ڕێگا بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گشتی بۆ سود وەرگرتن لە سەرچاوە بەردەستەکانی حکومەتی هەرێم هاووڵاتییان دڵنیا دەکاتەوە لە ئەگەری بڵاوبوونەوەی مەترسی لە بەرزبوونەوەی نرخ یان کەم بوونەوەی کاڵا و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی هاووڵاتییان بۆ ئەوەی ڕێگا بگرێت لە هەڵپەساردنی قۆڕخکاری لە لایەن فرۆشیارانەوە وەزارەتی پەیوەندیدار پێویستە چاودێر و ڕێگر بێت لە هەڵگرتن و شاردنەوەی قۆڕخکاری کاڵاکان لە کاتی ڕوودانی یەك لەو دوو حاڵەتەی سەرەوە.
چوارەم/ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ڕێگای چاودێری بازرگانی هێڵێکی گەرمی هەبێت هەر هۆکارێك و ئامرازێك بۆ پەیوەندیکردنی خێرا بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە هاووڵاتییان دەرفەتی پەیوەندی کردنیان بە وەزارەت و لیژنە تایبەتمەندییەکان هەبێت لە ئەگەری گرانبوون یان گرانکردنی بە ویست لە لایەن فرۆشیارانەوە.
پێنجەم/ پێویستە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هێڵی یەکسان بۆ هەموو بازرگانێك بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ڕکابەر لە بازاڕدا دروست بێت و کاڵاکان بە کەمترین تێچوو بگەیەنێتە دەستی بەکاربەر پێویستە وەزارەتی پەیوەندیدار کۆنترۆڵی کوالێتی کاڵای هاوردەکراو وە بەرهەمهێنراوەکان بکات بە مەبەستی پاراستنی تەندروستی هاووڵاتییان.
شەشەم/ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هاوکاری زیاتری ناوچە پیشەسازییەکان بێت و هەوڵ بدات بۆ کەمکردنەوەی نرخی تێچووی هاوردە وە بەرهەمهێنانی کاڵا لە ڕێگای دابینکردنی سوتەمەنی و کەمکردنەوەی باج و کەمکردنەوەی نرخی کارەبا هاوکات پێداچوونەوەیەکی بەپەلە بکرێت بۆ کاری کۆمپانیاکان لە خاڵە سنورییەکان، وە کۆمپانیای زیاد و ناپێویستەکان لاببرێن بۆ کەمکردنەوەی بارگرانی و زیادکردنی داهاتی حکومەتی هەرێم.
حەوتەم/ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی پێویستە هەماهەنگی زیاتر بکەن لە گەڵ دەستەی وەبەرهێنان بۆ ئەوەی گرنگی و ئاسانکاری زیاتر بکەن بۆ پڕۆژە پیشەسازییەکان هاوتەریب لەگەڵ ئاسانکاری کردن پێویستە لە کاتی دابینکردنی زەوی بۆ کارگەکان ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە دەبێت شوێنی زەوییەکان لە دەشت و شوینە بەردەلانەکان بێت زەوی کشتوکاڵی دابین نەکرێت بۆ کارگەکان.
هەشتەم/ حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی جێبەجێکردنی باج بگۆڕێت لە هەندێك بابەت و لایەن کە بە شێوەی خەملاندن وەردەگیرێت دەبێت وەزارەتی بازرگانی هەماهەنگی بکات لەگەڵ فرۆشیاران بە پێی پسووڵەی باج هیچ کەل و پەلێك لە بازاڕەکان وەرنەگرن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یەکسان کاریگەری بکات لە سەر نرخەکان.
نۆیەم/ دامەزراندنی ئەنجومەنی مافی بەکاربەر بە زووترین کات لە بەر ڕۆشنایی یاسایی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٠)ی پەرلەمانی کوردستان جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژە بە ماددەی (٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان داوا دەکەین هەر ئەندامێکی بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە ئەم دانیشتنە نەچێتە پەخشی ڕاستەوخۆ با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦٠) ئەندامی پەرلەمان دانیشتنەکە ناچێتە پەخشی ڕاستەوخۆ، بەڵام تۆمار دەکرێت بەڕێزان ئامانجەکە وازحە ئێمە باسی بابەتێکی زۆر هەستیار دەکەین کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە نامانەوێ کاریگەری لە سەر بازاڕ دروست بکات، گلیزار خان فەرموو پەیوەندی بەم ڕاپۆڕتە و بەم دانیشتنەوە هەبێ گلیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی نۆیەم دامەزراندنی ئەنجومەنی مافی بەکاربەر لێرە دەبێت ئیزافەیەکی تریش بکرێت دامەزراندنی ئەنجومەنی یاسای کێبڕکێ و قۆڕخکاری لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٣) دەبێت ئەنجومەنێکی تریش کارا بکرێت ئەو یاسایە دەرکراوە لە ساڵی (٢٠١٣) بە ژمارە (٣) یاسای کێبڕکێ و قەدەغە کردنی قۆڕخکاری لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا دەست بە گفتوگۆکانمان دەکەین، مامۆستا عمر فەرموو، هەر بەڕێزێکیش دەیەوێت قسە بکات با دەست بەرز بکاتەوە ئەوە خاوەنی واژووی یەکەمە بۆیە بووورە مامۆستا دوایی قسە بکە کە ناوەکان هەمووی نوسران بەڕێزان ناوەکانتان دەخوێنمەوە هەر کەس ناوی نەنوسرابوو با پێمان بڵێ (دکتۆر محی الدین، دکتۆر شێرکۆ، کاک کاوە، دکتۆر اسماعیل، کاک سیپان، ڕوپاک خان، بدریە خان، مامۆستا ابوبکر، کاک سیروان، مامۆستا عثمان، کاک مسلم، مژدە خان، کاک مم، سەرچنار خان، هلز خان، کاک یاسین، کاک زیاد، گلستان خان، مامۆستا هەورامان، کاک زکری، کاک جمال، ئاشنا خان، ڕۆژان خان، جلال محمد، کاک عباس، کاک شمۆل، کاک عثمان سێدەری، کاک ملا ناصر، کاک رزگار، کاک شاخەوان، کاک گۆران، دکتۆرە شایان، کاک هێرش، کاک لقمان، کاک فیصل، شیرین یونس، کاک دیاری، هەژان خان، شیرین امین، کاک دابان، کاک ادریس، کاک ملا احسان، کاک بهمن، کاک جلال، کاک بهجت، کاک بژار، حسیبە خان، خدیجە خان، کاک چیا، کاک حکمت، گلستان خان، ژیان خان، کاک سروان، سوسن خان، کاک حاجی سفین، کاک ڕێڤنگ، دکتۆر ڕێبوار، دکتۆر زێدان، لنجە خان، دکتۆر عبدالسلام، کاک شوان، کاک ڕۆمیۆ، کاک هیمداد، کاک ازاد، ڕۆبینە خان، نجاة خان، کاک مم اسکندر، کاک محسن، سارا خان، لیزا خان، کاک ملا ویسی، کاک هێڤیدار، کاک نزار، لیلی خان، کاک کاروان، دکتۆرە گلاوێژ، کاک پێشەوا، کلارا خان) فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابێ تە داوا کر دانیشتن یا نهێنی بیت بەس مە دڤێت بزانین مافێ مەیە کا چەند ئەندام پەرلەمان گەل هندێ بوون جەلسە یا نهێنی بیت؟ ژمارە مە نەزانی ڕەجایێ دکەین ژمارێ بدە مە دا بزانین چەند گەل هندێ بووینە نهێنی بیت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شەست کەس لەگەڵ ئەوە بوون دانیشتنەکە نهێنی بێت، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٨٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەبێت لە لایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە ڕاپۆرتی ڕاستێندراو بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەستەبەر بێت، بەڵام بە داخەوە ئەمە چەندین جارە ئەم حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە ڕاپۆرتەکان بۆ ئامادە ناکرێت یا خود ناخرێتە بۆکسەکانی پەرلەمانتارانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە ڕاپۆرتی ڕاستێندراو نییە ڕاپۆرتی لیژنەیە، بەڵام هەر دەبێت لە ناو سندوقەکانتان هەبێت ڕاستە، ئێستا داواتان لێ دەکەین ڕاپۆرتەکانیان بدەنێ، لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویست ناکات ڕێگا بدرێت ئەو ئەندامانەی کە لە لیژنەن و ڕاپۆرتیان ئامادە کردووە لێرەش دیسان قسە بکەن بە رای من پێویست ناکات، چونکە ئێمە لە لیژنەی دارایی چەندین جار تووشی هەمان حاڵەت بووینەوە ویستوومانە قسە بکەین، بەڵام جەنابتان ڕێگەتان نەداوە، بۆیە بۆ ئەوەی دادپەروەری هەبێت لەو بابەتە تکایە قسەی لە سەر بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی مەجالی کەس نادەم تەواو دوایی قەرار دەدەین چۆن دەبێت (٧٩) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ناوی نوسیوە بۆ ئەوەی قسە بکات، بەڵێ مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بە پێی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٩) کە جەنابت کۆبوونەوەکەت پێ کردە نهێنی دەڵێت لە کاتی پێویست کۆبوونەوە دەکرێتە نهێنی واتا ئەسڵ ئاشکرایە یەك پێویستییەکە چییە و دووەم لە سەر داوای سەرۆکی هەرێم یا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوە دەکرێتە نهێنی بێ زەحمەت کێ داوای کرد جەنابت کۆبوونەوە بکەیتە نهێنی، چونکە تێیدا نییە لە سەر داوای سەرۆکی پەرلەمان یا فراکسیۆنێك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٩) بڕگەی دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەواوە لە سەر داوای سەرۆکیشی تێدایە ئەوە زانیمان جەنابت داوات کردووە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت، ئێستا کاتی قسە کردنتە فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەخێرهاتنی هەر دوو وەزیری بەڕێز و هاوڕێکەیان دەکەین بۆ ئەم دانیشتنە تایبەتە بە راستی من سەرەتا پێم سەیرە ئەم کۆبوونەوەیە کرا بە نهێنی، چونکە ئەم کۆبوونەوەیە بەرژەوەندی خەڵکی تێدایە...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە وەختت دەڕوا بەڕێزان لە وەختی خۆی دەڕوا.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حکومەت بەشداره لە گران کردنی بازاڕ بە زیاد کردنی رسومات لە سەر هاووڵاتییان لە شارەوانییەکان حکومەت خۆی بەشدارە لە گران کردنی بازاڕ بە بەرز کردنەوەی نرخی بەکارهێنانی کارەبا لە ساڵی پاردا بۆ هاووڵاتییانی ماڵان لە پازدە دینارەوە هەژدە دینار، حکومەت خۆی بەشدارە لە قۆڕخکاری رۆژانە بیست هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵێوێت یەك ملیۆن لیتر بەنزین بە قۆڕخکاری لە کۆمپانیای کار بە قۆڕخکاری دەیداتە دوو کۆمپانیای سوتەمەنی کە هیچ کەس نازانێت ئەم گرێبەستە چۆنە و کێ کردوویەتی و لە مەسلەحەتی کێیە ئەوە کاك علی سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتیەکانە ئەگەر وەکو لیژنەی پسپۆڕ و ئاگادار ئاگاداری ئەوەیە با روونکردنەوەمان بداتێ حکومەت خۆی قۆڕخکارە حکومەت خۆی بەشدارە لە گرانبوونی پێداویستییەکانی رۆژانەی ژیانی هاووڵاتییان یاسایەکمان هەیە ژمارە (٣) لە ساڵی (٢٠١٣) کە کێبڕکێ رێك دەخات کە قۆڕخکاری ناهێڵێت ئەم یاسایە لە (٢٠١٣)ەوە تا ئێستا یەك پیتی نەچوویتە بواری جێبەجێ کردنەوە برای بەڕێزم کاك کمال جەنابی وەزیر بەرپرسە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایە با عەرزتان بکەم من لە مانگی سێی (٢٠٢١) پرسیارم کردووە کاك کمال بۆ ئەم یاسایە جێبەجێ ناکەن دوای پرسیارەکەی من بە سێزدە رۆژ ئینجا فەرمانێکی دەرکردووە بۆ دروستکردنی لیژنەی ئەنجومەنێك کە رێگە لە قۆڕخکاری دەگرێت، وە دەرفەتی کێبڕکێی یەکسان دروست دەکات لە ساڵی پارەوە مانگی (٣)ی ساڵی (٢٠٢١) ئێستا مانگی (٦)ی (٢٠٢٢) هەتا ئێستا ئەو ئەنجومەنە یەك هەنگاوی بە ئاراستەی رێگە گرتن لە قۆڕخکاری و رەخساندنی کێبڕکێ و رێکخستنی بازاڕ نەناوە باشە ئێمە یاساکان بۆ چی دەردەکەین بۆ ئەم قسانە خەڵك نەیانبیستێت بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان یاسایەك لە (٢٠١٣)ەوە دەرچووە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی ژیانی خەڵك لەوە زیاتر وێران نەبێت کابینەی هەشت جێبەجێی نەکرد کابینەی نۆش ئەوە جەنابی کاك کمال حزووری هەیە لێرە سێ دانە ساڵ بە سەر تەمەنی وەزارەتەکەی تێپەڕیوە و جێبەجێی نەکردووە بۆ ئەم قسانە خەڵك نەیانبیستێت من بەلامەوە سەیرە بە راستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من بە نوقتە نیزامییەکەم دەستپێدەکەم کە ئەو کات ڕێگەت پێی نەدام قسە بکەم ئێمە وەکو فڕاکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە سێ ساڵی رابردوودا نۆزدە یاسامان پێشکەش کردووە بە بەڕێزتان وە تا ئێستا یەك یاسا نەخراوەتە بەرنامەی کار وە تەنانەت وەڵامی یەك یاساشمان دەست نەکەوتووە بە رەفز بە قبووڵ بە وەڵامی لیژنەی مەعنی کە جەنابتان بۆتان ئیحالە کردوون ئەمە حاڵەتێکی زۆر نائاساییە و موخالەفەیەکی وازحی پەرلەمانی کوردستانە کە بە لای کەمەوە ئۆپۆزسیۆن یەك یاساشی بخرێتە بەرنامەی کارەوە بۆ ئەوەی بوترێت پەرلەمانی کوردستان ئۆپۆزسیۆن کەنار ناخات، بەڵام لە (٢٠١٩/٢/١٩)ەوە هەتا (٢٠٢٢/٣/٣٠) ئێمە نۆزدە یاسامان پێشکەش کردووە جەنابتان بە هیچ شێوەیەك وەڵامتان بۆ ئێمە بە رەفز و بە قبووڵ و بە خستنە بەرنامەی کارەوە نەبووە ئەمە پێشێلکارییەکی سەریح و وازحە دەمانەوێت جەنابتان لە سەر ئەمە وەڵاممان بدەنەوە، وە ئینسافی ئۆپۆزسیۆن بکەن لەوەی کە یاسای هەبێت لە بەرنامەی کاری پەرلەمانی کوردستاندا کە یاساکان هەمووی رەهەندی نیشتیمانی و گرنگی تایبەتی هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر شیرکۆ گەیشت، بەڕێزان لە کارەباری پەرلەمان لە ماوەی بیست و چوار سەعات یەعنی سبەینێ وەکو ئەمڕۆ وەڵامی فڕاکسیۆنی یەکگرتووتان دابێتەوە بە هەر نۆزدە پڕۆژەکەوە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان یەك پیشنیازە یاسای فڕاکسیۆنەکانی پەرلەمانی لا نییە یا لای لیژنە تایبەتمەندەکانە یا لای لایەنی پەیوەندیدارن یان کراون بە یاسا هەر نۆزدە پێشنیازەکەیان سبەینێ ئەم کاتە وەڵامیان درابێتەوە، فەرموو دکتۆر شێرکۆ قسەکانت بکە.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دێینە سەر باسی گرانبوونی بازاڕ ئەم پرسە رەهەندێکی نیشتیمانی هەیە وە وەکو جەنابت فەرمووت زۆر هەستیارە، بەڵام جەنابت پێشێلی ئەو رەهەندە نیشتیمانییە و ئەو هەستیارییەت کرد کە پێشێلیی سازانت کرد لە سەری ئەمە بە قەدەر دەستوور گرنگە، چونکە باس لە قووت وبژێوی ونان وژیانی خەڵکە پیشێلکاری ئەم سازانە بەنهێنی کردنی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ دەرنەکەتنی خەرق و پیشێلکارییەکانی حکومەت بۆ کۆمپانیای سەر بە حزبە دەستڕۆشتووەکان پێشێلکارییەکی وازحە بۆ ئەو سازانەی کە دەبووایە هەمانبووایە بەداخەوە بە نهێنی کردنی ئەم کۆبوونەوەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەزۆرینە دیسان کەمینەی پەرلەمان یا ئۆپۆزسیۆن ئاوا کەنار بخریتەوە وئاماژەی دووەم و مەترسیدارە بۆ ئەو ئیتیفاقاتانەی کە کردوومانە کە دەبێت ئەم پرسە نیشتیمانییانە بە سازان بکرێت دێمە سەر تێبینیەکان لە سەر ڕاپۆرتەکە تەبعەن دوای دەستخۆشی لە بەڕێزان لە لیژنەی سامانە سروشتییەکان کە خۆم ئەندامم تێیدا، بەڵام ئەرکی زۆریان کێشا بۆ ئامادە کردنی ئەم ڕاپۆڕتە لە کۆی هەشت هۆکار بۆ گرانبوونی بازاڕ سێیان راستەوخۆ پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە وە سێی تر پەیوەندی بە حکومەتی عێراقییەوە هەیە ئەوەی کە پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە

سەرەتا ئەم مەوزووعە پەیوەندی بە سیاسەتی حکومەتەوە هەیە نەك تەنها وەزیری بازرگانی تەنها بە وەزیری بازرگانی چارەسەر ناکرێت دەبوواپە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و ئەنجومەنی ئابووری هەرێم لێرە بوونایە، چونکە ئەوان سیاسەت و بەرنامەکان دادەرێژن قۆرخکاری کێ دەیکات؟ قانوونی ئیستیسمار کە دونیایەك کەلێنی تێدایە و ئێمەش وەکو فراکسیۆنی یەکگرتوو هەموارەکەمان پێشکەش کردووە و سێ ساڵە نایخەنە بەرنامەی کارەوە ئەوە قۆرخکاری دروست کردووە بە تەنفیز نەکردنی یاسای مافی بەکاربەر قۆرخکارییەکەی دروست کردووە کە ئەمە راستەوخۆ حکومەت هۆکاریەتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گلستان خان.

**بەڕێز گلستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بەخێر بێن، گرانی بازاڕ و بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستی رۆژانەی هاووڵاتیان گرفتێکە دەتوانم بڵێم مێژوویەکەی لە (٢٠١٤)ەوە دەستی پێکردووە و بەردەوام نرخی کاڵاکان لە بەرزبوونەوەدان من دەمەوێت روونکردنەوەیەك لە بەڕێز وەزیرەوە بپرسم چ کارئاسانییەکیان کردووە بۆ ئەوەی کە نرخی کاڵاکان لە رادەیەك بوەستێت کە لەگەڵ ئەو بوودجە و ئەو داهاتەی کە تاك لە هەرێمی کوردستان دەستی دەکەوێت موقارەنە بکرێت ئێستا خەڵك مووچەکەی لە ئاستێکدایە بە هۆی نرخی بازاڕەوە ناتوانێت پێداویستییەکانی رۆژانەی فەراهەم بکات و بەردەست بخات، جگە لەوەی رۆژ بە رۆژ خواردنە سەرەتاییەکان وەکو نان یەعنی ئێمە دەبینین گرانی نان لە ئاستێکە کە شەش نان بە هەزار دینارە و لە رووی وەزنەکەشەوە نان زۆر بچووك کراوەتەوە ئایا ئەوان چییان کردووە، بۆ ئەوەی کە سنوورێك بۆ ئەمە دانێن جگە لەوەی کە قۆرخکارییەکی زۆر هەیە لە لایەن خەڵکی دەست رۆیشتوو بۆ هێنان و هاوردە کردنی خۆراك کە ئەمە گرفتێکی گەورەیە لەگەڵیدا هیچ پێشنیار و هیچ وەبەرهێنانێکی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان وەك دروستکردنی کارگە و پشتبەستن بە بەرهەمهێنانی ناوخۆ نەکراوە کە ئەمە گرفتی گەورەیە، وە هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان ئەوەندەی پشت دەبەستن بە خۆراکی دەرەوە ناتوانن بەرهەمی ناوخۆیی بەرهەم بێنن لە سنووری هەرێمی کوردستان زەوی باشمان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی برنج، زەوی باشمان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی گەنم کە دوو سەرچاوەی گرنگی خۆراکن و پیویستیمان بە وڵاتانی تر نییە، بەڵام دەبینین لەم راپۆرتەدا هاتووە ئەو شەڕ و جەنگەی کە جیهانی گرتۆتەوە بە تایبەتی جەنگی ئۆکرانیا و روسیا کاریگەری لە سەر هەرێمی کوردستان دروست کردووەو، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی هێنانی خۆراك لەوێوەیە وێڕای ئەوەی کە قسەکانی کاك دکتۆر شێرکۆ سەبارەت بەوەی کە دەبووایە ئەنجومەنی ئابووری لێرەوە بووایە من دەڵێم دەبووایە ئێستا وەزیری کشتوکاڵیش لێرە بووایە، چونکە ئەمە پەیوەندی بەویشەوە هەیە لە رووی زیاد کردنی بەرهەمەکانی خۆراکی و ئاژەڵی و ئارد و پێداویستییە خۆراکییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان لە یادداشتەکە داوای بەڕێز وەزیری بازرگانی کراوە، کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین و دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین بۆ ڕاپۆڕتەکەیان لە ڕاستیدا من دوو پرسیارم هەیە یەکەم دیارە ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە هەموو شار و شارۆچکەکان گەنجینە و کۆگایەکی زۆر دروستکراوە بە بێ بەرنامە و بە بێ پلان ئایا وەزارەتی بازرگانی کاری کردووە بۆ دروستکردنی پرۆژیەکی گەنجینەی هاوچەرخ و تەندروست بۆ پاراستنی بەرهەمی هاوردەکراو و بەرهەمی ناوخۆیی؟ ئەگەر وەڵامەکەی بەڵێ کردوویەتی ئایا بەدواداچوونتان کردووە بۆ پێداویستییەکانیان بۆ ئەوەی کە ئێستا زۆرترین کێشەی کارەبا و کێشەیان هەیە؟ ئەمانە تەبعەن گرنگن بۆ بارودۆخی نەخوازراو و چاوەڕوان نەکراو لە هەرێمی کوردستان خاڵی دووەم دیارە وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان زۆربەی لە خانوبەرە و ئەوانی تر ئەنجامدراون ئەمانە هیچ گرنگییەکی ئابووریان نییە لە پاراستنی ئاسایشی خۆراك ئایا وەزارەتی جەنابتان وەزارەتی پیشەسازی کاری جدی کردووە بۆ دامەزراندنی پرۆژەی وەبەرهێنانی خۆراکی پێشکەوتوو بە هاهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان؟ تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان کار لە سەر ئەوە کراوە؟ ئەگەر وەڵاممان بدەیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك زیاد، دکتۆر هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان وە دەستخۆشی بۆ لیژنەی تایبەتمەند کە ڕاپۆڕتەکەیان ئامادە کردووە دیارەوەك لە ڕاپۆڕتەکەشدا هاتووە دوو جۆر هۆکار هەیە هۆکاری دەرەکی کە بە دەستی ئێمە نییە گرانبوونی نەوت و شەڕی ئۆکرانیا وە هەندێك بابەتی تر کە بە دەستی ئێمە نییە، بەڵام هۆکارە ناوخۆییەکان ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیرە بەڕێزەکان وەزیرە پەیوەندیدارەکان پرسیاری من ئەوەیە ئایا خۆتان دڵنیان ئەو بابەتانەی کە ئێستا ئێمە دەوروژێنین خۆشتان دەزانن ئێوە چیتان کردووە بۆ ئەوەی کە ئەم گرانییە کەمتر بکرێتەوە لە سەر خەڵك بۆ نموونە ئایا ئێوە هەوڵ دەدەن ئەو بازرگانەی کە ئیحتیکار دەکات سزای بدەن؟ کە پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) هەزار وچوار سەد ساڵ لەمەو پێش فەرموویەتی (لا يحتكر الا خاطيء) هەوڵتان داوە تا ئێستا کەستان سزا داوە نموونەیەکمان بدەنێ بۆ ئەوەی کە بزانین بەدواداچوون کراوە ئایا ئێوە ئەو گومرکە زۆرەی کە زیادکراوە لە سەر کاڵاکان ئێوە ئیشتان لە سەر ئەوە کردووە؟ ئایا ئامادەیی ئەوەتان هەیە کە بڕیار بدەن گومرگەکان کەم بکەنەوە تاوەکو نرخەکان کەم بێتەوە؟ ئایا ئەو قۆڕخکارییەی کە باس دەکرێت ئێوە ئامادەیی ئەوەتان هەیە کە ئەو قۆڕخکارییە لە هەندێك بازرگان و لە هەندێك کۆمپانیا کە جاری وا هەیە کوردستانیان ئیستیغلال کردووە کە هەندێکیان بۆ خودی خۆیان نەك بۆ حزبەکانیان بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان ئایا هەوڵتانداوە کە ئەو ئیحتیکار و ئەو قۆڕخکارییە نەمێنێت؟ وە هەلی یەکسان بڕەخسێت بۆ بازرگانەکان بۆ ئەوەی کە بتوانن ئەسپی خۆیان تاو

بدەن، بۆ ئەوەی کە بـازاڕ ئاسـانتر ببێـت و کـاڵا هەرزانتـر ببێـت بە راسـتی ئەگەر ئـێمە نەتـوانین هۆکـارە دەرەکییەکـان بوەسـتێنین خـۆ دەتـوانین هۆکـارە ناوەکییەکـان بە دەسـتی خۆمـانە بە دەستی حکومەتی خۆمانە دەتوانێنێت بیوەستێنێت، و من قەناعەتم وایە ئەگەر هیمەت هەبێت و مەبەست هەبێت دەتوانرێت تا رادەیەکی زۆر باش نرخی کاڵاکان دابەزێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی وەزیـرە بەڕێزەکـان دەکەم وە دەستخۆشـی لە لیـژنە تایبەتمەنـدەکان دەکەم، لە راستیدا بابەتەکە بابەتێکی زۆر زۆر گرنگە وە پەیوەندیدارە بە ژیانی هاووڵاتییان، بۆیە دەبینـین کە قۆڕخکـاری و گرانبـوونی بـازاڕ کـاریگەری راستەوخۆی لە سـەر ژیـانی خەڵـك کـردووە بـۆیە کۆمەڵێك پرسیارمان لا دروست بووە و ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری پیشەسازی و بازرگـانی دەکەیـن کە ئایا کەس تا ئێستا سزا دراوە یا هەر ئەوەیە کە بۆ نموونە ئێمە دەبینین لەو رۆژانەدا بە هـۆی گرانبوونی نرخی بەنزین دەیـان بەنزینخـانە داخـران ئایـا ئەو بەنزینخانـانە سـزا دەدرێـن یـا هەر دادەخرێن و تەواو؟ چونکە لە راستیدا ئەگەر هەر داخستن بێت ئەوە کاریگەری ناکاتە سەر هیچ بەنزینخـانیەك و کـاری خۆیـان دەکەن، چـونکە لە مـاوەی رابـردوودا بینیمـان کە هاووڵاتییـانی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر توشی مەسروفاتی زۆر بوون بە هۆی ئەوەی کە بە راستی گاز و ئاو تێکەڵـی بەنـزین دەکەن وە ئەوە وای کـرد سـەیارەی هاووڵاتییـان زۆر تێـك بچێـت، وە بە هـۆی ئەوەی کە گرانی بازاڕ زۆرە هاووڵاتییان توشـی مەسـروفاتێکی زۆر هـاتن ئەوەی تـر زۆر جـار کە سەردانی مارکێتیك دەکەی دەبینین کە بە هۆی نەبوونی ساردکەرەوە کۆمەڵێـك ئەو شـتانەی کە لە ناو مارکێتەکەدان تێکچوون یەعنی هەندێك جار دەڵێین چۆن دەبێـت بەو شـێوازە بێـت ئەوە کاریگەری راستەوخۆی لە سەر ژیان و تەندروستی هاووڵاتییان دروست دەکات ئایا ئەو لیژنانەی کە لە ماوەکانی رابردوودا هەبوون ئێستا لەناو بازاڕ کار دەکەن چەند تەئسیریان هەبـووە لە کەم کـردنەوەی ئەو ئیهمـالیەی کە لە بـازاڕ ومارکێتەکـان هەیە، و هەروەهـا دەبینـین لە زۆرێـك لە مارکێتەکان لە بازاڕەکان نرخەکان زۆر جیاوازن هەر شوێنێك بە کەیفی خۆی نرخ دادەنێـت ئایـا ئێوە توانیوتانە کۆنترۆڵی بازاڕ بکەن؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەخێرهـاتنی وەزیـرە بەڕێزەکـان دەکەم مـادام داخـراوە یـا نهێنییە پێم خۆشە یەك شت هەیە بە وەزیرەکان بڵێم بۆ ئەوە بە وەزیرەکـانی تـریش بگەیەنێـت

ئەویــش ئەوەیە کە پێمــان خۆشــە وەزیرەکــانی تــریش ســەردانی پەرلەمــان بــکەن و لە کۆبوونەوەکـانی پەرلەمـان بەشـدار بـن، چـونکە پەرلەمانتارەکـان مـار نیـنە ئـێمە ئینسـانین بە ئەوانەوە بدەین کەسمان مار نین شوکر بۆ خـودا، ئینجـا پێمخۆشـە پەیاممـان بگەیەنـنە ئەوانـی تریش ئوسلوبمان لەگەڵ ئێوە چۆنە دڵنیا بـن لەوەی نەرمتـریش دەبـین لەگەڵ ئەوانـی تـر، بـۆیە لێمـان نەترسـن مـن دەڵێم بە راسـتی هەر حکومەتێـك یـا هەر جیهەتێـك و دەوڵەتێـك یـان هەر هەرێمێـك دەبێـت چەنـد بەرنـامەیەکی هەبێـت بـۆ حـاڵەتە نەخوازراوەکـان بەداخەوە ئـێمە بەرنامەمان نییە کە تووشی کێشە و گیروگرفـت دەبـین ئەوجـا دێـن بیـر لە بەرنـامە دەکەیـنەوە یەعنی بەرنامەی پێشـوەخت لە هەمـوو شـوێنێك هەیە چەنـد بەرنـامەیەکیش دادەنرێـت ئەگەر ئەوە سەری نەگرت بەدیل هەیە بۆ بەرنامەکانیش بۆئەوەی توشی ئەو جۆرە گرانیەی بازاڕ نەبین بە راستی، دواییش من دەڵێم بەرنامەکانی ئێسـتای وەزارەتـی بەڕێزتـان و وەزارەتەکـانی تـریش ئەوانە گونجـاون بـۆ وڵاتێـك یـان بـۆ دەوڵەتێـك کە کێشـە و گرفتـی نەبێـت یەعنـی سـەیرە لە هەرێمێکی پڕ کێشە کە مووچە لە وەختی خۆی نادرێت ئەو گرانیەی بـازاڕ و ئەو هەمـوو شـتەی دەکرێت ئەوجا باج و رسومات و ئەو شتانە ئێوە زۆر لە سەری جدینە کە دەبێـت ئـیلا هـاووڵاتی بـاجی خـۆی بـدات و ئەوانە وەرگرێـت باشـە مـادام ئەوەنـدە جـدینە لە سـەر ئەوەی کە بـاجەکە دروست وەربگرن دە جدیش بن لە سەر ئەوەی کە مووچەش وەك خۆی و لە کاتی خۆی...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو بوو، کاك ریڤینگ فەرموو.

**بەڕێز ریڤینگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤێ خودێ، بـابەتەکێ گەلەکێ رنگە و بخێرهاتنـا وەزیرێـت بەڕێـز دکەیـن و دەستخۆشـیێ ل لیژنێت پەیوەندیدار دکەین، گرانییا بازاڕی یا وەلێ کری ب راستی ئەگەر نـوکە مـرۆڤ بەرێ خـۆ بدەتە کوردستانێ تنێ چینا بازرگانی ڤێ گاڤێ د خۆشـییێدا دژیـن و هەتـا چینـا مووچەخـۆرا ژی یێت بووینە کێمدەرامەت یا مرۆڤ بۆ خەلکێ بێ مووچە چ بێژیت بۆ هندێ ژی حکومەتا هەرێما کوردسـتانێ هنـدەك پێنگاڤێـت ب لەز پاڤێژیـت یـا ئەز پێشـنیار دکەم بـۆ هنـدێ کـو حکـومەت ئیستیفادێ ژ کەرتـێ چانـدنێ ببینیـت ئەڤ رووبـار و بەنـداڤێت ئـاڤێ یێـت مە هەی هەتـا نـوکە بڕیارەکا وەسا نەهاتییە دانێ کـو ئـاڤ بێـتە کێشـان و بگەهینیـتە وان دەشـتا و کەرتـێ چانـدنێ زێدەتر ببیت، چونکی ئەگەر چاندن زێدەتر بوو خەکێ جووتیار و کارکەر و خەلکێ گوندی زێدەتر فورسـەتێ کـاری ژی بـۆ چـی بنـو دیسـان حکـومەت هەوڵ بـدەت پـڕۆژێن بەرهەمئینـان یـا بەرهەمهێنەر پڕۆژێن بیناسـازیێ کـێم بـکەت ب راسـتی گەهشـتینە ئاستەکا وەسـا کـو کەسـێت میهەنـی د وان پـڕۆژا کـار دکەن و گەلەك ئیسـتیفادە ژی نـاهێتە دیـتن، ژبەر هنـدێ ئەگەر ئەڤ پـڕۆژێن چانـدنێ و پـڕۆژێن گەشـت و گـوزاری و پـڕۆژێن پیشەسـازی یـا سـڤك ئەڤە دێ زێـدەتر دەستێ کاری بۆ خەڵکێ سادە ژی و بۆ خەلکێ جووتیار و کـارکەر و گەنجێـت مە ژی پەیـدا بیـت راسـتە هۆکارێـت دەرەکـی ل سـەر گرانبوونـا بـازاڕی هەنە ئەم وێ دبێـژین بەلـێ گەل وێـرێ ژی حکومەت دڤێت گاڤێ بلەزتر پاڤێژیت بۆ هندێ ئەڤ خەلکە ئارامی پێدا چێبیت و ئـو بەرهەمـێ ناڤخۆ بێتە د بازاڕیدا و گرانی ل سەر خەلکی سڤك ببیت، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، من بە پرسیارێك دەست بە قسەکانی خۆم دەکەم، چونکە بینیومە لە زۆرێك لە دانیشتنەکانی پەرلەمان قسەی زۆر باش کراوە، بەڵام بە هەند وەرنەگیراوە ئایا ئەم قسانەی کە ئەم پەرلەمانتارە بەڕێزانە زائیدەن ئەو راسپاردانەی کە لە راپۆرتی ئەم لیژنە بەڕێزە هاتووە هەموویان شتی باشن و بەشێکی زۆر لەو کێشانە چارەسەر بکەن کە رووبەڕووی باری ئابووری هەرێمی کوردستانی گرتووە من بە کورتی باسی هەندێك لەو هۆکارانە دەکەم کە بوونەتە هۆکاری گرانبوونی نرخی کەل و پەل لە بازاڕ هەموو کەل و پەلەکان بۆ چی لە جیاتی پێنج کۆمپانیا بیست و پێنج کۆمپانیای هاوردە کردنی کاڵا نەبێت لە هەرێمی کوردستان، بۆ چی لە جیاتی تەنها مەجموعەیەکی کەمی بازرگان ژمارەیەکی زۆری بازرگان نەبن بۆ هاوردە کردنی کاڵا بۆ بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان جیاوازی نرخ لە نێوان بەنزینخانەکان من بە خۆم پێش دوو ڕۆژ سەردانی دەڤەری سۆرانم کرد ئەوانەی من ژماردم دوازدە نرخی جیاواز هەبوو لە بەنزینخانەکان زائیدەن چەندەها سەیارەم بینی لە ڕێگاکە پەکیان کەوتبوو لە بەر خەراپی بەنزین ئەمە دەبێت چارەسەر بکرێت نەك تەنها قسە بکرێت، لەبەر ئەوەی هەندیك جار زۆر باسی شتێك دەکرێت ئەوەی قسەش دەکات ئیتر بە راستی ئەو زەوقەی نامێنێت باسی شتەکە بکات هەر چەندە ڕەخنەشی لێ گرتبێت ئەمە قسەی خەڵکە هەندێك لەو لیژنانەی کە دروست دەکرێن بۆ بەدواداچوون بۆ بازاڕ خەڵك بە راستی ڕەخنەی هەیە لە ئەدای ئەو لیژنانە هیوادارم جەنابی وەزیر ئەمەش بە هەند وەربگرێت نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ هاوردە کردنی هەموو جۆرە کاڵاکان بۆ هەرێمی کوردستان سەرەڕای بوونی کوالێتی کۆنترۆڵ لە گومرگەکان، بەڵام زۆر کاڵامان بینیوە بە تەئکید لە تێستی کوالێتی کۆنترۆڵ دەرنەچووە بەڵام گەیشتۆتە بازاڕ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك هیمداد فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، وێڕای دەستخۆشی بۆ لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بە ئامادەکردنی راپۆرتەکە، وە بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم من بە پرسیارێك دەمەوێت دەست پێ بکەم بۆ جەنابی وەزیر ئایا تا ئێستا چەند جار ئەنجومەنی وەزارەت لە سەر پرسی گرانی نرخی بازاڕ کۆبوونەتەوە؟ وە نەتیجەی ئەو کۆبوونەوانە چی بووە و چ ڕێگای بە ئێوە پیشانداوە؟ وە ئەو کۆنووسانە مەوجودن ئەگەر مەوجودن دەمانەوێ ببینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ازاد فەرموو.

**بەڕێز ازاد اكرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن دوو پرسـیارم هەیە لە بەڕێـز وەزیـری بازرگـانی یەكەم پرسـیار ئایـا وەزارەتـی بازرگـانی لێكۆڵینەوە و لێپێچینەوەیەكی كردووە لە بازاڕ كە شت گرانبوو بۆ گرانبووە ئەگەر لێپێچینەوەی كردووە ئیجرائات چ بووە؟ پرسیاری دووەم بۆ چی شت و مەك لە بازاڕ لە دوكانەكان وەكو یەك نیـیە؟ لێكـۆڵینەوە و لێپێچینەوەتـان كـردووە كە بـۆ وەكـو یەك نیـیە ئەگەر لێكـۆڵینەوە و لێپێچینەوەتان كردووە ئیجرائات چ بووە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، سـێ ڕۆژە هاووڵاتییـانی هەرێمـی كوردسـتان لە دوای ڕاگەیاندنی بەرنامەی كار چاوەڕێی ئەوە بوون كە ئەو دانیشتنەی پەرلەمان ببینن وە هەڵوێستی پەرلەمانتاران ببینن، وە بزانن پەرلەمان چییـان بـۆ دەكـات بە ڕاسـتی چـۆن كـاریگەری دروسـت دەكـات تـا ئەو هەڵاوسـانەی كە بـازاڕ هەیە نەهێڵێـت بەداخەوە دوور لە چاوەڕوانییەكـان سـەرۆكایەتی پەرلەمـان ئەو دانیشـتنەی كـردە داخـراو كە بە بـڕوای مـن نەدەبـوو بخـرێتە دەنگدانەوە بكرێت بە داخراو دەبووایە خەڵكی هەرێمی كوردستان ئەو دانیشتنەی بدیتبایە سـەبارەت بە گرانبـوونی نرخـی كاڵاكـان یەك لە هۆكـارە سـەرەكییەكان بەداخەوە ئەو كەرتەش یاخود ئەو بازرگانی كردنەش وەكو هەموو بازرگانی كردنەكانی تر و وەكو هەموو كەرتەكـانی تـر لە لایەن بەرپرسان و بازرگانە باڵاكانی حزبەوە قۆرخكراوە وە چەند بازرگانێكی دیاریكراو یاخود چەند كۆمپانیایەكی دیاریكراو كە سەر بە حزبەكانی دەسەڵاتن بۆیان هەیە بازرگانی بكەن بۆیان هەیە كەل و پەل بێنن، وە گرنگیش نییە چ كەل و پەلێك دێنن یا چ جۆرە خۆراكێـك دیـنن و ئەو خـۆراكەی دێـنن چەنـد تەندروسـتە، بـۆیە تەقـریبەن بـازاڕی هەرێمـی كوردسـتان بـۆتە شـوێنی ساغكردنەوەی هەموو جۆرە خۆراكەكان بڕوا بكەن ڕۆنی وا یە لەو بازاڕە بە ئاشكرا دەفرۆشرێت وە بە ئاشـكرا لیـژنە تەندروسـتییەكان بـاس لەوە دەكەن كە ئەمە مەترسـیدارە، بە كۆمەڵێـك خۆراكی تر كە لە بازاڕن ئەمانە خۆراكی ناتەندروستن زیانیان هەیە بـۆ خەڵـك و بـۆ هاووڵاتیـان، بەڵام دەفرۆشـن و گوێیـان پـێ نادرێـت، ئینجـا بـاجێكی زۆر خـراوەتە سـەر هاووڵاتیـان و سـەر دوكاندارەكان و سەر كۆمپانیاكان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

داوات لـێ دەكەم بە پێـی مـاددەی (٥٧) ئـارامی هـۆڵی پەرلەمـان بپـارێزی، كـاك كـاوە داوات لـێ دەكەم ئارامی هۆڵی كۆبوونەوە بپارێزی، ڕوپاك خان قسە دەكەی؟

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پرسـە پرسـێكی گـرنگە و منـیش ئامـاژە بەوە دەكەم كە دەبـوو كۆبـوونەوەی پەرلەمـان بە ئاشكرا بێت، لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی خەڵكەوە وە خەڵك چاوەڕێ دەكات لە

پەرلەمان کە وەزیری پەیوەندیدار ئامادەیە بڕیارێك لە پەرلەمان دەربکرێت خەڵك زۆر بێزار و بێ هیوایە ئەم بێ هیواییە وای کردووە چەند ڕۆژێکە خەڵك باس لەوە دەکات کە وەزیریش بێتە پەرلەمانی کوردستان هیچ لە وەزعەکە ناگۆڕێت و هیچ چارەسەر نابێت ئەو بێزارییە وای لە خەڵك کردووە کە ئێمە پرس و ڕاوێژمان بە خەڵك کردووە یا داوامان کردووە لە خەڵك پرسیار بکات چ پرسیارێك خەڵك هەیەتی ئێمە لە وەزیر بکەین باس لەوە دەکەن ئێمە هیچ پرسیارمان نییە، چونکە بێ هیواین دەزانی خواردنی ڕۆژانەی خەڵك ئەوەی کە خەڵك ڕۆژانە دەخوات سەدا سەد بۆ سەدا دوو سەد زیادی کردووە لە سەر خەڵك داهاتی تاك وە هەروەها نرخی ئەو کاڵایانەی کە زیادی کردووە زۆر ناهاوسەنگی هەیە، چونکە داهاتی تاك ڕوو لە کەمبوونە وە بێکاری لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە زیاد بوونە لە بەرابەردا نرخی کاڵا زۆر زیادی کردووە من یەك پرسیارم لە وەزیر هەیە ئایا چەند کۆمپانیا لە ئێستادا ناویان تۆمار کردووە لە وەزارەتی بازرگانی ئایا ئەو بڕیارەی کە ئێمە بە پێشنیازە بڕیارێك دامانە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە کۆمپانیاکان لە کاتی تۆمار کردنیان ئیلزام بکرێن بە (٧٥%) هەلی کار بڕەخسێنن بۆ کرێکارانی خۆماڵی ئایا تا چەند جێبەجێکراوە؟ ئایا لە وەزارەتی بازرگانی کە مۆڵەت دەدەن بە کۆمپانیاکان هیچ بڕیارێکتان هەیە بۆ ئەوەی مولزەمیان بکەن بەو جۆرە مۆڵەتیان پێ دەدەن کە لە (٧٥%) هەلی کار بۆ کرێکاری خۆماڵی بێت یەك خاڵی تر بەشێکی پەیوەستە بە وەزارەتی بەرێزیان و بەشێکی بە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەو بەشەی کە پەیوەستە بە وەزارەتی بازرگانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان جگە لە گۆشتەکەی یاخود شیرەکەی هیچی تری ئیستیفادەی لێ ناکریت بۆ نمونە ساڵانە لە کاتی مەڕ بڕینەوە یا بزن بڕینەوە خورییەکەی دەسووتێنرێت ئەمەش وا دەکات کە هەم ژینگەی هەرێمی کوردستان پیس بکرێت و هەم سوود لە خوریەکە نەبینرێت ئایا هەوڵتان نەداوە کە ڕێگا بە کۆمپانیاکان بدرێت بۆ ئەوەی ئیستیفادە لەو خوریە بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند پرسیارێت هەی بۆ وەزیرێ بازرگانی بەری چەندەکێ ل ئەنجومەنێ نوێنەرێن عێراقێ یاسایەك دەرچوو ب ناڤێ ئاسایشا خۆراکێ و هاتە پەسەند کرن کو تەقریبەن سی ترلیۆن دینارا هاتییە خەملاندن هەژدە ترلیۆن بۆ تەمویلا بیتاقا تەموینییە پرسیار ئەڤەیە ئایا هەرێما کوردستانێ پلانەك هەیە یا بەرنامەیەك و پڕۆژەیەك هەیە بۆ ڕووبەڕوو بوونا ئەو قەیرانێت کو دڤێ ساڵێ دا ب سەر هەرێما کوردستانێ دا بێت خودێ نەکەت دیڤ ڕێنماییێت وەزارەتا بازرگانییا عێراقێ دڤێت بەڵاڤکرنا ئاهێت خارنێ ژ وان دەڤەرا دەست پێ بکەت ئەو دەڤەرێن دیر، لێ هەرێما کوردستانێ ل سەنتەرێ بازێڕا دەست ب بەلاڤ کرنا ئاهێت خارنێ تێتە کرنێ جەنابێ وەزیری بۆ چی ژ دەڤەرێت دیر وەکی شێلادزێ و دێرەلوکێ و قەلادزێ و سیرێیە ئەڤ مەنتەقێت هەنێ هەمی دیرن و خەلکێ وێ فەقیر و هەژارن بۆ چی دوو هەیڤا دێ پێ چیت ژنیکا ئاهێت خارنێ ل وێرێ دێهێنە بەلاڤ کرن وە یەکەمین جار ل سەنتەرێ دهۆکێ دهێنە بەلاڤ کرن و ئەڤە ژی بەرەڤاژێ ڕێنماییێت وەزارەتا بازرگانیا عێراقییە سەرێ هەر نەفەرەکی

پێنج سەد دینار تێتە وەرگرتنێ سەر ئاهێت خارنێ کو د سالێدا تەقریبەن بیتە پێنج سەد و چار دەفتەر بەس بێت دهۆکێ ملیۆنەك و دوو سەد و حەفتێ هەزار نەفەر مە یێت هەین ل دهۆکێ ناڤێت وانا تۆمار کرینە د ئاهێت خارنێدا سالانە پارێ وان دگەهیتە پێنج سەد و چار دەفتەرا ئەڤ گوژمەیە ئایا مەسیرێ وان چ لێتێت کو دیڤ گەلەك راپۆرتا مەسیرێ وانا دیار نینە نە بۆ حکومەتا بەغدا تێتە تەحویل کرن نە ل ڤێرێ تێتە ب کار ئینان ئاخر پرسیارا من ئەڤەیە ئەگەرێ گیرۆ بوونا دابەشکرنا ئاهێت خارنێ چییە؟ دیڤ دیڤچوونا مە شەکر ل دهۆکێ ل هەیڤا دە (٢٠٠١) ماڤەت د مەخزەناڤە هەتا (٢٠٢٢/٤/٤) یەعنی پشتی شەش هەیڤا ش نی یێ هاتییە دابەشکرن ئەگەر چییە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس هلز خان، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەر دوو بەڕێز وەزیرەکان دەکەم، ئێستا ئەگەر موقارەنەیێك بکەین لە بەینی نرخی دۆلار و دینار و ئەو جیاوازییەی کە هەیە بە راستی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان هەر نیوە مووچە وەردەگرن یەعنی لەگەڵ ئەوەی کە نرخی شت و مەك و کالا لە بازاڕەکان بەرز بووەتەوەو بۆیە دەمانەوێت بزانین وەزارەتی بازرگانی چیان کردووە بۆ کۆنترۆڵ کردنی بازاڕ بە تایبەت وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بەرپرسن لە چاودێری کردنی نرخی کاڵاکان لە بازاڕدا ئێستا کە لە ریزە دوکانێك دەڕۆی برنج دەکڕی ئەو دوکانە بە ویستی خۆی سعری داناوە دوکانەکەی تەنیشتی فەرقی هەیە ئەوەی تریش فەرقی هەیە یەعنی بەسیترین نموونە نرخی ماسی برژاو لە هەولێر لەو ریزە چەند دوکانی لێیە ماسی دەبرژێنن حازری دەکەن من بۆ خۆم شۆك بووم دوکانەکەی تەنیشتی چوار هەزاری فەرقە ئەوەی ئەولاتری شەش هەزاری فەرقە هەر لە یەك ریزدا یەعنی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی چی کردووە بۆ ئەمە، بێجگە لەوە لە بەینی شارەکاندا هەر باس ناکرێت نرخی شمەك و کالا لە هەولێر موقارەنە بە سلێمانی جیاوازی و فەرقێکی زۆری هەیە هەر دەڵێی دوو وڵاتی جیاوازە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك شەمۆل فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، من دەمەوێ چەند پرسیارێك بکەم بە تایبەتی لە سەر ئاردی بایەعی جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو ئاردەی کە دێتە هەرێمی کوردستان و ئەو ئاردەی کە لە کەرکوك دابەش دەکرێت ئەو ئاردەی کە لە کوردستان دابەش دەکرێت زۆری ئاردەکە بە کەلکی نانیش نایەت و دەیفرۆشێت بە پارەیەکی کەم، وە جیاوازی لەو پارەیەش ئاردی کوردستان پارەیەکی کەمتریش دەکات لەو ئاردەی کە لە کەرکوك دابەش دەکرێت، جگە لەوەش لە زۆربەی قەزاکان سایلۆی گەنم دروستکرا بە نموونە لە قەزای کۆیە سایلۆیەکی گەنم دروستکرا دەتوانم بڵێم ساحەی کۆکردنەوەی گەنم بوو جووتیارەکان کە وەرزی گەنم دوورینەوە

دەهات یەك ساڵ گەنم لە جووتیاران وەردەگیرا دوایی سایلۆیەکە قەپاتکرا سایلۆیەکە لە دەشتی کۆییێیە پارەیەکی زۆریش سەرفکرا، بەڵام گەنم لە جووتیاران وەرنەگیرا و ئێستا لە کاتی وەرزی دووریـنەوەی گەنـم و ئەوانە گەنـمەکە دێـتەوە سـایلۆیەکانی هەولێـر، جـگە لەوەش جیاوازییەکی زۆر لە نرخی شت و مەك و کاڵاکان هەیە لە نێوان دوکانێك بۆ دوکانێکی تر کە ئەوەش بە راستی پێویستە کۆنترۆڵ بکرێت وە کۆمەڵێك خۆراك و خواردنی ماوە بەسەرچووش لە بازاڕ هەیە نازانم بۆ لیژنەکان یا ئەو ئەنجومەنەی کە دروستکراوە تا چەند چاودێری بازاڕ دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عثمان سێدەری، کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەخێرهاتنی بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران دەکەم سێ پرسیارم بۆ بەڕێزان هەیە یەك لە هەرێمی کوردستان چەند سایلۆیەك هەیە بەشێکیان تەواو بوون و گەنم وەردەگرن، بەڵام بەشێکیان تەواو نەبوون و بەشێکیشیان لە دروستکردندان بۆ نموونە سایلۆی گەنم لە گەرمیان کە تەواو بووە بۆچی ئیستیلام ناکرێت؟ بۆچی مۆزەفی بۆ دانانرێت؟ لە کاتیکدا کە سەرۆکی حکومەت کە سەردانی ئەو ناوچەیەی کرد ئیفتیتاح کرا لە ئێستادا کە وەرزی گەنمە مۆزەفی ئیدارەی گەرمیان لە سایلۆکەدا گەنم سەحب دەکەن لە کاتێکدا دەیان دەرچووی بەشی کشتوکاڵ هەیە لە سایلۆکە دابنرێت قسەیەك هەیە داوا کراوە لە وەزارەتەوە لە سەر بنەمای حەزی حزبی مۆزەفی بۆ دابنرێت ئەمە هۆکارە بۆ دانەنانی بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە هەندەسەی کشتوکاڵیان تەواو کردووە سایلۆکە تا ئێستا فەرمانبەری گەرمیان لەوێ گەنم وەردەگرێت، خاڵێکی تر لابردنی باج و رسوومات یان باج لە سەر ئەو مەوادانەی کە داخلی هەرێمی کوردستان دەکەن چەند مەوادێکی ئەساسین کە کارێکی زۆر باشە چاودێری وەزارەتی بازرگانی چییە کە ئەو مەوادانە بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنرێت و نابرێت بۆ جنوب نابرێت بۆ خوارووی عێراق لە ماوەی رابردوو یەك نموونە هەبووە لە مەنتیقەی گەرمیان ئەزمەی تایت ئەزمەی سائیلی پاککەرەوە دروست بووە مەخزەنەکان خاڵی کراون، چونکە جنوب پێویستی پێ بووە یەعنی چ رێکارێك هەیە ئەو مەوادانەی کە داخلی هەرێمی کوردستان دەکرێن بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە کار دەهێنرێت لە کاتێکدا حکومەتی عێراقی ئێستا پرۆژە یاسایەکی هەیە بۆ تەئمینی خۆراك کێ دەڵێت ئەو بازرگانانەی کە بە بێ باج شت داخڵ دەکەن نابرێت بۆ جنوب ئەمە خاڵێك خاڵێکی تر لە هەرێمی کوردستان سێ مەوقع دروستکراوە بۆ وەرگرتنی گەنم لە جووتیاران وە کردنەوەیان بە ئارد و بەکارهێنانی بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان دوو ساڵە گەنم لە جووتیاران وەردەگیرێت، بەڵام تا ئێستا من فەردەیەك ئاردی ئەو شوێنانەم نەبینیوە بۆ نموونە لە سلێمانی لە هەولێر و لە دهۆك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك دابان، دکتۆر عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نـاوی خـوای گەورە، لە پەرلەمـانی عێـراق بـۆ رووبەڕووبـوونەوەی گرانبـوونی نرخـی کـاڵا و پێداویسـتییەکانی رۆژانەی هاووڵاتیـان یاسـایەکی گرنـگ ئیقـرار کـرا کە بریتـی بـوو لە یاسـای ئاسایشی خۆراك بە مەبەستی رووبەڕوو بوونەوەی ئەو کاریگەرییە سـلبیانەی کە ناسـەقامگیری نـاوچەکەی گرتـۆتەوە چـاوەڕێش دەکرێـت کە تـا کۆتـایی ئەم سـاڵ نرخـی هەمـوو شـت چەنـد هێندەی خۆی بەرز ببێتەوە لێرەدا رووی پرسیارەکەم ئاڕاسـتەی بەڕێـز وەزیـری بازرگـانی دەکەم ئایـا ئێـوە وەك وەزارەت و لایەنـی پەیوەندیـدار چیتـان کـردووە بـۆ رووبەڕوو بـوونەوەی ئەو مەترسیەی کەوا ئیحتیماله روو بدات بەرنامەتان چییە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەو مەترسـیە لە کاتێکدا کە هیچ ئامـاژەیەکی دڵخۆشـکەر لە قـانوونی (امـن الغـذائي) بەدی ناکرێـت بـۆ هەرێمـی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبه سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای مەزن و دلۆڤان، وێڕای دەستخۆشیم بۆ هەڤـاڵان لە لیـژنە تایبەتمەنـدەکان بەخێـر هـاتنی وەزیـرە بەڕێزەکـان دەکەم سـوپاس بـۆ ئامـادە بوونیـان پرسـیارەکەی مـن لە سـەر هـێلە گشتییەکەی کارنامەی کابینەی حکومەتە کە لە دوو خاڵـدا بـاس لە ئاسـتی ئـابووری ودارایـی کە بایەخـدانە بە فرەچەشـن کردنـی سـەرچاوەکانی داهـات وبایەخـدان بە کەرتـی پیشەسـازی وکشتوکاڵ وراکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی، وە لە لایەکی تر بایەخدانە بە بواری کشـتوکاڵ ولە ماوەی رابردووشـدا ئەم هەنگـاوانەی حکومەتمـان بە شـێوازێکی ئەرێنـی بینـی کە بـایەخی پـێ دەدات پرسـیارەکەی مـن لەم بـابەتە ئەوەیە کەی ئـێمە بەرهەمـی ئەم هەنگـاوانەی حکـومەتی هەرێمی کوردستان دەبینـین لە لایەکـی تـرەوە رۆژنـامەیەکی ئـابووری کە (The Ecenomist) کە گۆڤارێکی ئابوورییە لە ماوەی رابردوودا باس لە سەر مەترسی ئابووری لە جیهاندا کـردۆتەوە بە تایبەت ئاماژە بەوە کراوە ئەوانەی کە ئۆکرانیا بە هۆی جەنگەوە نەمرن لە وڵاتانی تر دەکرێت بە هۆی هەژاری و گرانی بازاڕەکان گیان لە دەست بدەن، وە لە لایەکی تر لە ئەمریکاش هەمـان ئەم بارودۆخە ئابوورییە هەڵاوسانی بە خۆیەوە بینیوە ئەوەی کە مـن دەمەوێ بـاس بـکەم قەیرانـی دارایی دوای قەیرانی سیاسی وە هەبوونی جەنگ مەترسـییەکی تـرن کە رووبەڕووی جیهـان بە گشتی دەبـنەوە بێگومـان هەرێمـی کوردستانیشـی لـێ بەدەر نییە بەڕێـز جەنـابی وەزیـر مـن لە ماوەکانی رابردوو خۆم بە شەخسی نەك لە هاووڵاتییەك ئەم شتەم وەرگرتبێت سەردانی یەکێك لە دوکانەکانم کرد بۆئەوەی هەندێك شەربەت وەربگرم پرسیاری سێتی شەربەتم کرد دوو هەزار گرانتر بوو بەس لە بەر ئەوەی نرخی کارەبا وەردەگرن چاودێریتان چییە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شەرح مەکەن پرسیار بکەن باشترە، گلستان باقی فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشیێ ل لیژنا تایبەمەند دکەم بۆ نڤیسینا ڤێ راپۆرتێ پرسیار بۆ جەنابێ وەزیرییە جەنابێ وەزیر وەك یا خۆیایە پتریا جاران ئەم دبینین پەیڕەوکرنا سیاسەتا ئازاد کرنا بازاران ل سەر بنەمایێ هەڤڕێکییێە ژ بۆ پتر بەرژەوەندییا خەلی و چینا بەکاربەر لێ د ڤێ راپۆرتێدا ئاماژە ب هەبوونا قۆرخکاری و دەست ب سەر بازار گرتنێدا و ل گۆرەی بەرژەوەندییا بازرگانان بێ هەبوونا هەولەکێ ژ لایێ هەوەڤە، ئو هین وەکو وەزارەتا بازرگانی و چاڤدێریکرنا بازاڕی هەوە چ هەوڵ و پلان و ستراتیژی هەنە بە بەرسینگ گرتنا هەولێن کۆنترۆڵ کرنا بازاڕ و ڤەدیتنا چارەسەریێ بۆ هاووڵاتیان پرسیارەکا دی ژی من هەیە جەنابێ وەزیر نزانم کانێ ئەڤە چەند راستییە بەس گەلەك جارا مە ئاگە ژێ بوویە دەمێ سەوزە و میوە لە دەرڤە دێتە ناڤ ئاخا هەرێمێدا ب هندەك مادێت کیمیایی دگەهینن ئەو ئەو مادێت کیمیایی ژی ئێك ژ وانا ئەسیلینە ئەو ژی مەترسیەکا گەلەکا مەزن هەیە ل سەر تەندروستییا خەلکی ئەڤە چەند راستە کو هندەك میوە و سەوزە ب زۆری دگەهینن و ئاڕاستەی ناڤ بازاری دکەن و خەلك رۆژانە ب کار تینن، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان لە لیژنەی پەروەردە ئەوانەی کە قسەتان کردووە دەتوانن بڕۆن، لەبەر ئەوەی دەزانم ئیلتیزامێکتان هەیە ئەوانەی قسەشتان نەکردووە وەرتان دەگرم، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، لە راستیدا لای هەموو وەزیرە بەڕێزەکان و لای هەموو کەس ئاشکرایە کە گرانی نرخی کەل و پەل و شت و مەك رۆژ بە رۆژ لە بەرز بوونەوەدایە ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە کە لە سەرەتا باسیان کرد رسومات زۆر بووە وە قۆرخکاری هەیە لە بازاڕەکان وە هەڵاوسانێکی زۆری دروست کردووە کێشەیەکی زۆر گەورە هەیە ئەویش ناچوونییەکی نرخە، چونکە ئەمە لە هەوو سێکتەرەکان بوونی هەیە بە راستی ئەمەی لە مارکێتەکان و لە بازاڕ و دوکانەکان و لە شوێنەکان هەستی پێ دەکەی لە ناچونیەکی نرخ لە کاڵایەکدا بە راستی ئەمە جیاوازییەکی زۆر دەبینی کە ئازادییەکی رەهای داوەتە فرۆشیارەکان کە قۆرخکاری دەکەن وە ئەمە دەقۆزنەوە کە کەل و پەل لە سەر خەڵك گران بکەنو ئینجا بەنزین بەو شێوە کوالێتییە خەراپەی کە بە هەمان شێوە جیاوازی لە نرخەکەیدا هەیە لە بەنزینخانەکاندا بە راستی نازانی ئەوە بەنزینە یا ئاوە کە لە سەیارە دەکەی رۆژانە بە چاوی خۆمان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینین کە چ دەرهاوێشتەیەکی خراپی هەیە من بە راستی دوو پرسیارم هەیە پرسیارێکیان ئەوەیە ئایا جەنابی وەزیر تا ئێستا کێ سزا دراوە لە سەر ئەو هەموو قۆرخکاری و ئەو هەموو جیاوازی لە نرخ و لە سەر ئەو هەموو کەل و پەلە خراپ و ماوە بەسەر چوو کە لە دوکان و لە مارکێت و بازاڕەکاندا هەیە، وە پلانتان چییە لە داهاتوودا کە ئێمە هەمووومان هەست بەم مەترسییە دەکەین لە راستیدا خەتەرەکە لەوەدایە کە رۆژ بە رۆژ کاڵاکان لە بەرز بوونەوەدان هەر بەم شێوەی ئێستاش ناوەستن، چونکە ئەگەر ئێمە

قیاسی مووچەیەکی نۆرماڵی خێزانێك بکەین کە پێنج سەد بۆ شەش سەد هەزارە یەعنی چۆن دەتوانێت مەسەلەن ئەم خێزانە خۆی بەڕێوە ببات کە لترێك بەنزین بە هەزار و سێسەد بێت وە دەبەیەکی زەیت بە سێ هەزار و چوار هەزار بێت، بۆیە بە راستی ئەمە پێویستی بە هەڵوێستە لە سەر کردنە دەبێت هەست بەم مەترسییە بکەین، وە ئایا ئێوە پلانتان چییە بۆ رووبەڕروو بوونەوەی بەرز بوونەوەی شت و مەك کە لە داهاتوودا رەنگە بە شێوەیەکی دیکە بە بەر چاوی بەرز ببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك مسلم بەڕێزت دەتوانی بڕۆی، فەرموو دکتۆرە گلاوێژ.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دارشتنی یاسای پاراستنی ئاسایشی خۆراك لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتدارییە، بۆیە من پرسیار لە بەڕێز وەزیری بازرگانی دەکەم ئایا وەزارەتی بازرگانی چ پلانێکی هەیە هەماهەنگی چۆنە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی رێکارێك بگرنە بەر بۆ ئاسانکاری و دارشتنی پلانیان بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆراك، وە پرسیاری دووەم ئایا چی کراوە لە کارئاسانی بۆ بازرگانان لە دەروازەکان بۆ هاوردەکردنی زیاتری خۆراك؟ وە چی کراوە بۆ پشتیوانی کردنی بازرگانان بۆ دانانی کارگەی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان و هاوردە کردنی کاڵا سەرەتاییەکان؟ وە خاڵێکی گرنگ هەیە کە جێگای پێزانینە ئەویش کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش چەند مانگێك باجی لە سەر ئەو کاڵایانە هەڵگرت کە رۆژانە هاووڵاتییان بەکاری دەهێنن وەکو ئارد و شەکر و روون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس دکتۆرە بەڕێزیشت دەتوانی بڕۆی، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، چەند پرسیار و تێبینییەکم هەیە ئاراستەی بەڕێز وەزیری بازرگانی دەکەم، بەڕێز وەزیری بازرگانی لە تیجارەتدا لە هەرێمی کوردستان سێ وەکالە لە ناو یەك شەریکە خۆیان تۆمار دەکەن کە چی لە بەغدا چەند وەکالەیەك دەتوانن لە ناو یەك شەریکە کار بکەن و خۆیان تۆمار بکەن بابەتێکی ئایا ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بەغدا خۆیان تۆمار دەکەن دەتوانن لە هەرێمی کوردستانیش کار بکەن بەو تۆمار کردنە یا خود جارێکی تریش لە هەرێم خۆیان تۆمار بکەنەوە؟ پرسیارێکی تر کە ئەو پرسیارە گشتییە بە راستی پێویستی هەڵوێستە لە سەر کردن و قسە لە سەر کردنە ئەویش ئەوەیە لە کاتی بۆنە و بۆنە ئاینییەکان بە تایبەتی رەمەزان و جێژنە دەبینین زۆرێك لە بازرگانان ئەم کاتە قۆرخ دەکەن یاخود هەڵدەستن بە گران کردنی کاڵا و شت و مەکەکان ئایا لە بەرنامەی داهاتووی وەزارەتدا هەیە لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی ئەم بازرگانانە کەوا بە هەڵی دەزانن نرخی کاڵا و شت و مەکەکان گران

بکەن ئایا ئێوە چتان لە بەرنامە هەیە، سەبارەت بە گران کردنی نرخی ئەو کاڵایانە لە کاتی بۆنەکاندا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی، نجاة خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەر هندێرا کو دەستخۆشیێ ل هەر دوو لیژنێت تایبەمەند دکەین و بخێرهاتنا هەر دوو وەزیرێت بەڕێز دکەین، هەکە ئەم سەح کەینە راپۆرتا هەر دوو لیژنێت تایبەتمەند فاکتەرێت کاریگەر یێت دیار کرین کو سەر گرانییا بازاڕی و بەرز بوونا پێتڤیێت ڕۆژانە یێت کەل و پەلا یان ژی یێت هاووڵاتییا کاریگەرترین فاکتەر ئەوە نەجێبەجێ کرنا یاسایا ژمارە (٣) یا ساڵا (٢٠١٣) دڤیا لێرە ئیشارەت پێدابا، چونکی نەهاتییە جێبەجێ کرن ب تایبەت ماددێ (٤) کو د ئەنجومەنەکێ قەدەغە کرنا قۆرخکاریێ پێك ئینن تڤیا لێرە ئیشارەت پێدابا نەکربا راسپاردە، چونکی تڤیا جیبەجێ ببیت بەر هندێ تڤیا د فاکتەرا دیار کربا نە ل راسپاردا خاڵەکا دی من دڤێت ئیشارەتێ پێ بدەم ئەوە کو شێوازێ چاڤدێریا بازرگانی ل بازاڕێن کوردستانێ بهێتە گۆڕین، ژ بەر کو ئەگەر تو بەرێ خۆبدەیێ لیژنێت چاڤدێری دچنە بازاڕیدا ئەم شێین بێژین سەرێ بازاڕی تا بنێ بازاڕی بێتحەسێت و هەمی دیارە بەس ئەگەر شێواز بێتە گۆڕین ژ کۆمەڵێ یەعنی ببیتە تاك ئو ب نهێنی هندەك جارا بچنە ناڤ بازاڕی و بەراوردێ بکەن دێ باشتر بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆبینە خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی ل لیژنەی تایبەتمەند دکەم کو ب تێر و تەسەل بەحسێ بابەتێ کریە ئەم هەمی دزانین ب شێوەیەکی گشتی کەل و پەلی د ناڤ بازاڕی زێدە بوویە بازاڕەکێ ئازاد ژی مە یێ هەی تایبەت بەنزین دبینین خەڵکێ مە ڕۆژانە چەندین سەعات د ناڤ سەیارێت خۆدایە سەرا بەنزینی دگریت بۆ سی لیترا ڕاستی ئەڤە ژی بویە مایێ بێزارییا خەلکی پێتڤیە بێتە چارەسەر کرن نە بەس گران بوویە کوالێتیا وی ژی باش نییە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە سەر بەنزین قسە مەکەن ئەم دانیشتنە تایبەت نییە بە بەنزین.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی وەخت هاتییە کو وەسیلەکی دی یێ نەقلێ هەبیت بۆ هاتن و چوونێ ژ بلی سەیارێت شەخسی ئو تەکسییا ڕسومات بهێنە کێم کرن داکو خەڵکێ مە بشێت ژیانا خۆ یا ڕۆژانە ب درستی برێڤە ببەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس ڕۆبینە خان، خەدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی یاسای وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠) یەکێك لە ئەرکەکانی وەزارەت ئەوەیە کە مافی بەکاربەر زامن بکات، هەروەها چاودێری بازاڕ بکات، بەڵام لە راستیدا ئەوەی کە دۆخی واقعدا دەبینین کە ئەو ئەرکە بە باشی وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت پرسیارم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە کە ئایا پلانتان چی دەبێت ئەگەر بەرچاو روونیمان بدەنێ چی دەکەن کە بتوانن ئەو بازاڕە کۆنترۆڵ بکەن، وە ئەو فشار و زەحتەی کە هەیە لە سەر خەڵك و لە سەر هاووڵاتیان کەم بکەنەوە بە تایبەت کە دەبینین هەندێك پێداویستی هەن کە زۆر زەرورن هەر هیچ نەبێ ئەو بابەتانە چارەسەر بکەن و نرخیان دابەزێنن پرسیارێکی تریشم هەیە نازانم جەنابی وەزیر دەتوانێت جواب بداتەوە بۆ نمونە ئەگەر هاتوو قەیرانێك دروست ببێت هەر چەندە لە قەیرانیشداین ئەگەر قەیرانێکی خراپتر مەسەلەی گەنم کە پێداویستییەکی سەرەکی ژیانی هاووڵاتییانە ئایا ئەوەی کە هەڵگیراوە لە سایلۆیەکان یان دەتوانن هەڵبگیرێن لە سایلۆیەکان بەشی چەند دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم دیارە بابەتەکە بابەتێکی ئێستای بازاڕە لە یادداشتەکە جەنابی وەزیر بانگهێشت کراوە، بەڵام بابەتەکە زۆر فراوانترە لەوە خۆزگە یادداشتەکە وا دەبوو کە بتوانین لە هەموو بوارەکە قسە بکەین، چونکە کێشەکە یەکلایەنە نییە کە بەس برنج و بامیە و تەماتە گرانبووبێت مەسەلەی بەنزین و نەوت و گاز کێشەیەکی زۆر گەورەیە کە پەیوەندی بە وەزیری سامانە سروشتییەکانەوە هەیە بابەتی مەسەلەی کشتوکاڵ و دەعم نەکردنی و دروست نەکردنی بەنداوەکان و مەسەلەی وشکەساڵی کە چارەسەر نەکراوە ئەمانە بەشێکن لە بابەتی گرانی بازاڕ، ئینجا با بێینە سەر مەسەلەی دەرمان ئەوەش پەیوەندی بە وەزیری تەندروستییەوەیە کە دەبووایە ئەویش لێرە بووایە هەموو ئەم بابەتانە پێکەوە بازاڕیان گران کردووە.

جەنابی وەزیر کە لێرە ئامادە بووە دەتوانێت چی بکات بۆ چاودێری کردنی ئایا بە تەنیا دەتوانێت هەموو ئەو لایەنە جیاوازانە وەکو وەزارەت بۆ ئەوەی کە خەڵك متمانەیان هەبێ بۆ ئەم کۆبوونەوانەی ئێمە لە پەرلەمان دەکەین هەر بۆ ئەوە نەبێت لێرە قسە بکەین و وەزیرێك بانگ بکەین و یادداشتێك پێشکەش بکەین و یادداشتەکە ئاڕاستەی حکومەت بکەین و هەست دەکەم زۆربەی ئەو بابەتانەی کە دەکەین کە ئاڕاستەی حکومەت دەکەین دوایی ڕەنگدانەوەی لە سەر بازاڕ و خەڵك و چارەسەر کردنی کێشەکان بە راستی دەرناکەوێت.

بۆیە بە راستی بابەتێکی جیاجیایە هیوادارم بۆ ئەم بـابەتە هەمـوو وەزارەتەکـان بە یادداشـتێك لێرە گفتوگۆ بکەین، وە ئایا پلانمان چییە بـۆ چارەسـەر کـردن و راگرتنـی ئەم بـازاڕەی ئێسـتا کە لەوە زیـاتر نەبێـت گـرانییەکە زیـاد نەبێـت وە چارەسـەری بکەیـن وە جیـاوازی نرخەکـانیش بە راسـتی لەو شـار بـۆ شـارێکی تـر و لە مۆڵێـك بـۆ مـۆڵێکی تـر جیـاوازە، زۆر سوپاسـتان دەکەم و بەخێربێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم و دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەم بۆ ئامادە کردنـی راپۆڕتەکەیـان پرسـیارەکەم بـۆ بەڕێـز وەزیـری بازرگـانی و پیشەسـازی کۆمەڵێك ئیمتیازات لە لایەن وەزارەتی بازرگانی عێراق دەدرێت بە بریکارەکانی خۆراك بەرامبەر ئەو برە پارەی کە لە هاووڵاتییان وەردەگیرێت لە کاتی دابەشـکردنی خـۆراك، بەڵام بریکارەکـانی هەرێمی کوردستان لەو ئیمتیازاتانە بێ بەشن وە پارەکەش لە هاووڵاتییان وەردەگیرێت ئایا ئەو پارەیە کێ وەردەگرێت چی لێ دێت؟ وە دانانی باج لە سـەر ئـارد هۆکـارێکی تـرە بـۆ گرانبـوونی بازاڕ ئایا وەزارەتی بازرگانی بۆ ئەم بابەتە چی کردووە؟ وە گرانبوونی سوتەمەنی کە پەیوەنـدی راسـتەوخۆی هەیە بە گرانبـوونی بـازاڕ و رۆژ لەدوای رۆژ نرخـی سـوتەمەنی بەرز دەبێـتەوە ئەمەش لە نانەواخانەکان وهۆکارەکانی گواستنەوەدایە ئایا وەزارەت چ هەنگاوێکی ناوە لە گەڵ وەزارەتە تایبەتمەندەکانی تردا بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە و هاوکاری نانەواخانەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، جلال محمد فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، دەستخۆشـی لە لیـژنەی تایبەتمەنـد دەکەم بـۆ ئامـادە کردنـی راپـۆڕتەکە و بەخێرهـاتنی وەزیـرە بەڕێزەکـان دەکەم، دیـارە پرسـیارەکان زۆربەی دووبـارەن و مـن نـامەوێ دووبارەی بکەمەوە هەر بە سەریعی بەڕێز وەزیری بازرگانی دیارە هەمـوو بەڕێـزان باسـیان کـرد بازاڕ گرانە و بارودۆخێکی ناهەموار لە ئارادایە پرسیارەکە ئەوەیە ئێوە لە وەزارەت چ دەکەن بۆ دەعمی هاووڵاتییان بۆ ئەوەی ئەو بارگرانییەی سەر شانی هاووڵاتییان نیسبەیەکی کەم بێـتەوە، واتا پلانتان چییە بۆ کەم کردنەوەی بارگرانی لە سەر شـانی هاووڵاتییـان، پرسـیارێکی تـر دیـارە گلەییەکی زۆر لەسەر بەشـە خـۆراکی هاووڵاتییـان هەیە هەم لە رووی جـۆرایەتی هەم لە رووی چەنــدایەتی پرســیارەکە ئەوەیە بەڕێزتــان چیتــان کــردووە بــۆ ئەوەی ئەم بەشــە خــۆراکی هاووڵاتییان تەنزیم بکەن وە باشتر بێت، وە پرسـیارێکی تـرم ئەوەیە بـۆ تەوحیـدی نـرخ چیتـان کردووە ئایا ئێوە هیچ پلانیکتان هەیە وە ئەگەر هەیە بە کوێ گەیشتووە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شیرین امین فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ لیژنەی تایبەتمەند بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆڕتە رەنگە زۆرینەمان یەکێك لەو هۆکارانەی کە سەرچاوە بێت بۆ بەرز بوونەوەی نرخی کاڵا و زۆربەی شت و مەکەکان بڵێین هۆکاری بەرز بوونەوەی نرخی دۆلارە کە بە رێژەی ئەگەر بڵێین (٢٠%) زیادی کردووە، بەڵام پێ دەچێت لە هەرێمی کوردستان ئەو رێژەیە (٣٠% بۆ ١٠٠%) نرخی کاڵاکان زیاتر هەڵکشاون، واتا زیاتر لە بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار نرخی کاڵا و شت و مەکەکان بەرز بوونەتەوە بۆ نمونە نرخی فەردەیەك شەکر ئەکەر پێشتر سی و سێ هەزار بووبێت ئێستا رەنگە زیاتر لە پەنجا هەزار بێت واتا ئەمە تەنها مەعنی نییە بە بەرز بوونەوەی نرخی دۆلار کەواتا هۆکاری ئەمە چییە؟ بۆچی حکومەتی هەرێم سەرباری گرانبوونی نرخی دۆلار گومرگی لە سەر زۆرێك لە کاڵاکان زیاد کردووە ئەمە هۆکاری زیاتر نییە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و شت و مەکەکان؟ رۆڵی حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار سەبارەت بە چاودێری کردنی بازاڕ و یەکسانی نرخ لە کوێدایە؟ پلان و کارتان لەو بارەیەوە چییە؟ لە هەر فەرع و بازاڕ و مارکێتێك دەبینین جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هەمان کاڵادا بەدی دەکرێت بۆچی تا ئێستا نەتوانراوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەیوەندیدارەوە نرخی کاڵاکان لە بازاڕدا بە گشتی یەك بخرێت؟ قۆرخکردنی کۆمپانیاکان لە پێناو بەرژەوەندی کەسانی باڵای حزبی و بزنسەکان ئایا ئەمە هۆکاری سەرەکی نییە؟ ئایا ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستاندا لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەیوەندیدارەوە توانراوە دەستەبەر بکرێت؟ بۆیە بە کۆی گشتی پلان و کارتان سەبارەت بە میکانیزمی نرخ لە کوردستاندا چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەژان خان فەرموو.

**بەڕێز هەژان حسن احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، دوو پرسیارم هەیە ئایا هاوشێوەی عێراق کار کراوە بۆ هاوردە کردنی کەرەستەی خۆراکی پێویست بۆ باروەدۆخی نەخوازراو؟ لە ئەگەری خراپ بوونی بۆرسەی جیهانی کەرەستەی خۆراکی پلانی بی وەزارەتی بازرگانی چی بوو بۆ سەقامگیری ئاسایشی خۆراك؟

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، لە راستیدا حکومەت خۆی هۆکارە بۆ گرانبوونی پێداویستی هاونیشتیمانیان لە بازاڕدا بۆ نمونە من شتێك باس دەکەم لە رۆژانە لە مەجلسێکی کۆمەڵایەتی کەسێك کە کاتی خۆی بازرگانی کردووە چۆتە وڵاتی ئێران ئەو کاتە کەرەستەی لێرە

بـردووه لە سـاڵی (١٩٩٦) ڕۆیشـتووە لەوێ لەگەڵ شـەریکەکانی وا ڕێـك کەوتـن کە پـارەی ئەو مەوادانەی کە هێناومانە بۆ نەیـدەین بە ئـارد و بیبەیـنەوە بـۆ کوردسـتان و لەوێ ئەو کـاتە ئـارد ڕەنگە زۆربەمان لەبیرمان دێت فەردەیەك ئارد هەزار و دوو سەد دیناری سویسری بوو دەڵێت کە هێنامانە ئێرە و ڕێککەوتین بیدەین بە حەوت سـەد دینـار لە کەلارەوە تەوزیعمـان کـرد تـا چـووە سلێمانی، بەڵام بەداخەوە دوای هەفتەیەك پارێزگـاری سـلێمانی بـانگی کـردین و هەڕەشـەی لـێ کردین کە جارێکی تر بۆتان نییە ئێوە ئارد بێنن و بازاڕ بشکێنن، بۆیە بەرپرسەکان لە پشت گـران کردنی بازاڕەوەن بە دڵنیاییەوە من لێرە پرسیارێك لە جەنـابی وەزیـر دەکەم چیتـان کـردووە بـۆ ئەوەی ئەو مەوادانەی کە بێ کوالێتن دێـنە هەرێمـی کوردسـتان، وە روونە لە ڕاپۆرتێکـدا هەیە کە تیجارەت لەگەڵ وڵاتێکدا کە تورکیا ساڵانە بیست ملیار دینارە وە لە گەڵ وڵاتی ئێران سـاڵانە بای شازدە ملیار دینار پێداویستی هاونیشتیمانیان دێتە هەرێمی کوردستان هەمووڕمان دەزانـین ئێسـتا بەهـای پـارەی ئەوان چـۆنە بـۆ چـی کە شـتێك دێـتە هەرێمـی کوردسـتان لە (٢٠٠%) و لە (٣٠٠%) قازانجی دەخرێتە سەر وە بە دڵنیاییەوە ئەمە بەرپرسان و کۆمپانیای حزب لە پشت ئەم گرانبوونی بازاڕەوەن، وە ئێمە داواکارین لە جەنابی وەزیر وە لە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بە توندی سزای ئەو بازرگانە چاوچنۆکانە بدات کەوا بازاڕیان گران کردووە وە بێ زەمیرن و بێ ویژدانانە ڕەفتار دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی هەر دوو وەزیـرە بەڕێزەکـان دەکەیـن وە دەستخۆشـی لە لیـژنە پەیوەندیـدارەکان دەکەین، من دوو داواکاریم لە جەنابی وەزیـر هەیە سـەرەڕای ئەوەی کە بـاج لە سـەر بەشـێك لە کاڵاکـانی خـواردەمەنی هەڵگیـرا لە رابـردوو، بەڵام پێمـوایە پێویسـت دەکـات جەنـابی وەزیـر پێداچوونەوە بە بڕیارەکاندا بکات و هەندێك بابەتی تری زۆر گرنگ هەن کە خۆراکن و پێویسـتە ئەوانیش باجیان لە سەر هەڵگیرێت بۆ ئەوەی ببێتە ئاسانکاری بۆ هاووڵاتییان و تەئسـیر لە نـرخ نەکات، وە دەمەوێ ئیزافەیەك لە سەر پرسیارەکەی کامـك شـەمۆڵ بـکەم بـابەتی ئـاردی فـۆڕمی خۆراك دوای ئەوەی کە لە ساڵی رابردوو ئێمە کارمان لە سەر کردووە وەکو لیژنەی پەیوەندیدار وە جەنــابی وەزیــریش لیژنەیەکــی پێکهێنــا و ئــاردەکە تۆزێــك باشــتر بــوو دوایــی ئەو بەدواداچوونانە، بەڵام پێموایە دەکرێت ئێستا زیـاتر گرنگـی بەو بـابەتە بـدرێت بـۆ ئەوەی هـیچ نەبێت لە کاتی گرانی ئاردەکە کوالێتی باشتر بێت و ببێت بار سوکی بـۆ خەڵـك لە جیـاتی ئەوەی لە بـازاڕ بە هەرزانـی بفرۆشـنەوە، وە سـەبارەت بەو پـڕۆژە یاسـایەی لە پەرلەمـانی عێـراقیش دەرچوو ئایا ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە وەزارەتـی بەڕێزیـانەوە هەیە ئـێمە تـا چەنـد دەتـوانین سوودمەند بین لەو برە پـارەی کە حکـومەتی عێراقـی ئامـادەی کـردووە بـۆ روبەڕوو بـوونەوەی قەیرانەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جلال پەرێشان فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، هەموومان دەزانین برا جووتیارەکانمان چەندین ساڵ بوو بە دەستی حکومەتی ناوەندییەوە دەیانالاند، چونکە بە هەزار بیانۆ پارەکانیان پێ نەدەدرا یا دوادەخرا ئێستاش پارەی زۆریان ماوە کە گەنمیان تەسلیم کردووە خۆشبەختانە کابینەی نۆ هەمیشە لە خەمی چین و توێژەکاندایە بە تایبەت برا جووتیارەکان لە رێگای هاندانی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ئەوە بوو رێزدار کاك مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت گەورەترین کۆمپانیای بە بازاڕکردنی گەنمی ناوچەکەی کردەوە کە کۆمپانیای خۆشناوە بە سەرپەرشتی کاك غەفور خۆشناو و کوڕەکانی ئەم کۆمپانیا جگە لە رەخساندنی هەلی کار بۆ چەندین هاووڵاتی کوردستان رۆژانە دوو هەزار تەن وەردەگرێت و هەزار تەنی دەکاتە ئارد لە داهاتووش زۆر زیاتر دەبێت بەدڵنیاییەوە ئەوەی زۆر گرنگە برای جووتیار پێنج شەممە گەنم تەسلیم دەکات رۆژی شەممە پارەکەی خۆی وەردەگرێت بە هەمان نرخی حکومەتی ناوەند و بازاڕ، واتا کەمتر لە چل و هەشت کاتژمێر، بۆیە بە شانازییەوە دەڵێم خودی سەرۆکی حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و کۆمپانیای خۆشناو بوونە یوزارسیف بۆ برا جووتیارەکان بە شانازییەوە دەڵێم ئەوەی دەمەوێ بڵێم بەڕێز برا خۆشەویست وەزیری بازرگانی...

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر پرسیارت هەیە کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارم هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خەڵکانێك هەن زۆر بە زەقی دژایەتی ئەوە دەکەن بە ئاشکرا دەڵێن با گەنم تەسلیم بە سایلۆکان و حکومەت و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت نەکرێت و تەسلیم بە بەغدا بکرێت ئێوە چتان هەیە بۆ ئەو بەڕێزانە ئەوەی تر مەعلوماتی دەقیق لەوانەیە جەنابی وەزیریش ئاگادار بێت بەڕێز سەرۆك وەزیرانی عێراق بە ئاشکرا داوای لە کۆمپانیای ناوبراو کرد بەڕێزتان چ وەڵامتان هەیە بۆ ئەو بەڕێزانە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی سفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، من دوو پرسیار و پێشنیارێکم هەیە بۆ جەنابی وەزیر پرسیاری یەکەم ئەوەیە وەزارەتی بازرگانی زەوی تەرخان دەکات بۆ پرۆژە پیشەسازییەکان زەوی کشتوکاڵییە ئێمە زەوی بەردەلانمان هەیە زەویمان هەیە، بەڵام هەندێك ماندووبوون و راستکردنەوەی دەوێت و لەبەر ئاسانی زەوی کشتوکاڵی تەرخان دەکەن مەسەلەن مەعمەل غازێك هەیە پێویستی بە دوو هەزار و پێنج سەد مەترە کابرا دەچێت موافەقەی بیست دۆنمی

وەردەگرێت ڕەزامەنـدی دە دۆنمـی وەردەگرێـت ئەوە زەڕبە لە کەرتـی کشـوکاڵ دەدات داوا دەکەیـن ئەو پـڕۆژە پیشەسـازییانە لە سـەر زەوی بەردەلان بـن، پرسـیاری دووەمـم ئەو گەنـمەی تەسـلیمی سـایلۆ دەکرێـت هەر تەنـی بیسـت و شـەش هەزار دینـاری بەنـاوی بنەتـۆ (٣%)ی لـێ دەگێڕدرێتەوە بە ناوی بنە تۆ عەلەساس دوای یارمەتی جووتیار بدەن لە بنە تـۆ، بەڵام (٨٥%) تـا (٩٠%)ی جووتیـار سـوودمەند نابێـت لەو بـنە تـۆیە ئەوە داواکـاری جووتیارەکـانە دەڵـێن ئەو پارەمان لێ نەگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی جووتیـار هەمـووی سـوودمەند نابێـت داوا دەکەیـن ئەگەر دەسـەڵاتی وەزارەتـی بازرگـانی خۆمـانە ئەو پـارەیە نەگێـڕدرێتەوە ئەگەر دەسـەڵاتی وەزارەتـی بازرگـانی عێراقیشـە ئەوە شـتێکی تـرە پێشنیارێکیشـم هەیە شـەویش پێشـنیاری خەڵـکە داوا دەکەن دابەشکردنی بەنزین لە بەنزینخانەکان بکرێتە دوای عەسر و مەغریب و ئەو کاتـانە، لەبەر ئەوەی ڕۆژ زۆر گەرمە خەڵك زۆر عەزاب دەخوات لە سـڕەی بەنـزین بەو گەرمـایە ڕادەوەسـتێت سێ سەعات چوار سەعات ڕادەوەستی تا بەنزینەکەی وەردەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان لە بابەتی بەنزین یادداشتێکی ترمان لە بەرنامەدایە لە بەردەم لیـژنەدایە لەبەر ئەوەی ئەم بـابەتە پەیوەنـدی بەم دانیشـتنە نیـیە بـابەتی بەنـزین بە تـایبەتی هەڵیگـرن بـۆ دانیشتنێکی تر، کاك ادریس فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیرە بەڕێزەکان بەخێـربێن و دەستخۆشـی لە لیـژنەی پەیوەندیـدار دەکەم، مـن دوو پرسـیارم هەیە لە وەزیـرە بەڕێزەکـان پەیوەنـدییەکانتان لەگەڵ کۆنسـوڵییەت و ژوورە بازرگانییەکـان و وڵاتانی دراوسێ بۆ کاری بازرگانی چـۆنە و ئەو دیـدار و چاوپێکەوتنانەتـان تـا چەنـد کـاریگەری هەبووە لە سەر پێشکەوتنی بازرگانی وەکو دیارە هەندێك لەو وڵاتـانە بڕیاریانـداوە کە دانەوێـڵە هەناردەی دەرەوە نەکەن پرسیاری دووەم ئەوەیە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای کێبڕکێ و قەدەغە کردنی قۆرخکاری لە هەرێمی کوردسـتان بـۆ چـی ئەو بڕیـارە جێبەجـێ ناکرێـت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، پرسـیاری سـەرەکیم بـۆ بەڕێـز وەزیـری بازرگـانی و پیشەسازیەوەیە کە ئایا سیاسەتی ئێستا یا سیاسـەتی ئـانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بـۆ کۆنترۆڵ کردنی بـازاڕ چییە لە دابەزانـدنی نرخەکـان لە کاتێکدا کە جیهـان بە گشـتی بە هەڵ و مەرجێکی دژوار تێدەپەڕێت بە تایبەتی جەنگی ڕوسیا و ئۆکرانیا کە کاریگەرییەکی زۆر نەرێنـی گەورەی کردۆتە سەر ئاسایشی خۆراك بە گشـتی بەو پێیەی ئەو دوو وڵاتە وڵاتـی سـەرەکین بـۆ

بەرهەمهێنانی دانەوێڵە بە تایبەتی گەنم کە بە سلعەیەکی ستراتیژی هەژمار دەکرێت، وە کاریگەری هەیە لە سەر ئاسایشی خۆراك ئەوەی کە روونە ئەوەیە کە هەندێك هۆکاری بابەتی خودی هەیە کە کاریگەری کردۆتە سەر بەرز بوونەوەی نرخی کاڵاکان لە هەرێمی کوردستان و گرانی بازاڕ کە من نامەوێت بچمە سەری ئەمە لە راپۆرتەکە بە تێر و تەسەلی قسەمان لە سەری کرد، بەڵام حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕ چەند بابەتێك گرنگە کە لەبەر چاو بگیرێت یەك میزانی تیجاری لە کاتێکدا ئێمە لە کۆمەڵگایەکی مستەهلکین وە لە (٩٠%) زیاتر کاڵاکانمان لە دەرەوە هاوردە دەکرێت وێڕای دەستخۆشی لە سەرۆکی حکومەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەندێك پرۆژەی پیشەسازی خۆراك هەم لە لایەك دەرفەتی کاری زیاتر کردووە هەمیش کاریگەری ئەو خۆراکە خۆماڵییە کاریگەری دەکاتە سەر نرخی کاڵاکان و خۆراك و خواردەمەنییەکان دابەزێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێویستیمان بە ئیکتیفای زاتییە بە شێوەیەك کەمتر هاوردەی کاڵاکان بکەن بۆ ئەوەی کە کەمتر کاریگەری بکاتە سەر نرخی کاڵاکان بە تایبەتی خواردەمەنییەکان، بۆیە پرسیاری سەرەکیم بۆ بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی ئەوەیە ئایا لە ئێستادا سیاسەتی ئانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕ چییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هیڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ کۆبوونەوەی ئەمڕۆ خۆم وەکو پەرلەمانتارێك لە گەڵ بەڕێز راوێژکاری پەرلەمان سەردانێکی مەیدانیمان کردووە بۆ کۆمپانیاکان و لە ناو بازاڕ کە دۆخی بازاڕ چۆنە و دەبێت چۆن بێت و ئایا ئەم بازاڕە لەگەڵ داهاتی تاك یان خێزان لە هەرێمی کوردستان دەگونجێت لە زۆربەی دوکانە گەورەکانی جوملە لە کۆی سەد و پەنجا جۆر مەوادی خۆراك بەڕێز وەزیری بازرگانی پێداویستی ناو ماڵ کەمتر لە دە جۆر لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن کە بەشێکی زۆری ئەوەی لە هەرێم دروست دەکرێت تەجمیعە لەم سەردانە مەیدانییەدا دوو بەراوردمان وەرگرتووە ساڵی شەشی (٢٠٢١) و ساڵی شەشی (٢٠٢٢) کە ئێستا تێداین نموونەکان یەك بتڵی زەیت کە باشە زیاتر لە چوار هەزار دینار چووەتە سەری، تەنەکەی روون هەژدە لیتری چل و چوار هەزار دینار چووەتە سەری، یەك تۆن مریشکی بەستوو نۆ سەد دۆلار چووەتە سەری، ئاردی بایەع لە پازدە هەزار بوو بووەتە سی و پێنج هەزار دینار بیست هەزاری چووەتە سەری، ئاردی تورکی پازدە هەزار دینار چووەتە سەری بۆتە پەنجا هەزار دینار، یەك تەن نۆك شەش سەد دۆلار گران بووە، نیسك پێنج سەد دۆلار گرانبووە، برنج دوو سەد و هەشتا و پێنج دۆلار گرانبووە، کیلۆی مریشکی زیندوو ئێستا بە پێنج هەزار دینارە، گۆشتفرۆشەکان بە ئێمەیان گووت پار ساڵ خێزانێك بۆ نموونە ئەگەر لە مانگێك پازدە کیلۆ گۆشتی بردبێت ئێستا پێنج کیلۆ دەبات (٥٠%) کەم بووە بۆ؟ لەبەر ئەوەی خۆراك گرانبووە زۆربەی بوودجەکەی بۆ خۆراك دابین دەکات لە هەموو رەفاهییەتێك وازیان لێهێناوە تەبعەن دەوڵەمەندەکان یەك زەرەش زەرەریان پێ نەکەوتووە کە خواردن گران دەبێت کاریگەری راستەوخۆ و خێرا لە سەر چینی مامناوەند و

هەژار دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (٤/٦) بڕیاداوە باج و گومرگ کەم بکرێت یا نەهێڵێت هەر بارێك سێ هەزار دۆلار لە بازرگان وەرگرتووە یەعنی بۆ بازرگانی بەجێ هێشتووە پرسیارم ناردووە بۆ وەزیری دارایی دەڵێت (٦٠% بۆ ٧٠%) ئەو بارانەی داخلی هەرێمی کوردستان دەبن دەچنە ناوەڕاست و خوارووی عێراق کێ گەرەنتی دەکات ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا گومرگی لێ وەرنەگیرێت بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستانە پێمان باشە ئەوە وابێت و ئەم بڕیارەی حکومەت جێی دەستخۆشییە ئەمە پرسیاری بەڕێز وەزیری بازرگانی خۆیەتی چوار سەد و حەفتا و چوار کارگە لە هەرێمی کوردستان داخراون (٩٠%) پێداویستی تۆ لە دەرەوە دێت بۆ ئەم کارگانە بە کار ناهێنرێت؟

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، سارا خان فەرموو، ئەگەر پرسیارەکان بە نووسینیش بنێرن.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری بازرگانی دەکەم و دەستخۆشی لە هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند دەکەم، سەبارەت بەو مادده و کەل و پەلانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دێن بە تایبەتی لە وڵاتی سین کە ئێستا زۆربەی بازرگانەکانی هەولێر تیجارەت لەگەڵ ئەو وڵاتە دەکەن و ئەو مەوادانەی کە داخلی هەرێمی کوردستان دەبن مەوادی دەرەجە سێن و کواڵیتی مەوادەکان باش نییە وەکو وەزارەتی بازرگانی چیان کردووە بۆ ئەم بابەتە، وە پرسیاری دووەمیشم سەبارەت بەوەیە کە ئێستا زۆر ڕێکلام بە ئۆنلاین دەکرێت ئەو مەوادانەی کە داخلی هەرێمی کوردستان دەبن وەکو ئەوانەی کە لە ڕێکلامەکەدا نییە ئاستی کواڵێتی کەل و پەلەکان وەکو ئەو مەوادە نییە کە ڕێکلامی بۆ دەکرێت وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان چ سزای ئەو کۆمپانیایانە دەدرێت کە ئەم کارانە دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محسن دۆسکی فەرموو.

**بەڕێز محسن حسێن مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودایێ مەزن، بخێرهاتنا بەڕێز وەزیرێ بازرگانی دکەم، وەکی دیار بابەتێ گرانبوونا بازاڕی بابەتەکە تایبەت نییە ب هەرێما کوردستانێ بەلکو قەیرانەکا جیهانییە ل وەلاتێت دەوروبەر ژی بۆ نموونە تورکیا وڵاتەکێ زۆر نزیکە ئەڤرۆکە دناڵێت دناڤ نڤێ گرانییێدا دیڤ هندەك راپۆڕت و لێکۆڵینادا ئەوێت مە خاندین وڵاتێ چینێ ئەڤە دوو ساڵە خەریکی خەزنکرنا دانەوێلەیە (٥٠%) دانەوێلا جیهانێ یێ خەزن کری (٦٩%) گەنمەشامی یێ جیهانێ خەزن کری نوکە خەریکی هندەك بابەتیت دییە ئایا پلانا حکومەتا هەرێما کوردستانێ چییە؟ چونکە بێژن د ساڵێت داهاتی گەلەك گرانتر بن وە دێ گەلەك قەیران پەیدا بنەڤە ئایا حکومەتا هەرێما کوردستانێ چ پلان هەیە بۆ بەرەنگار بوونا ئەڤێ قەیرانێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنە تایبەتمەندەکان دەکەین بۆ ئامادە کردنی ئەم راپۆرتە، بەڵام رەخنەیەکیشم هەبوو پێم باش بوو لیژنەی داراییش لەم بابەتە بەشدار بووایە، لەبەر ئەوەی کە پرسەکە پرسی ئابوورییە دەکرا لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووریش بەشدار بووایە، هەروەها دەکرا وەزیری پلاندانانیش لێرە بووایە باشتر دەبوو کە بزانین پلانی حکومەتی هەرێم بۆ داهاتوو بۆ روبەڕوو بوونەوەی قەیرانەکان چییە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەگەر بکرێت لە هەر گفتوگۆیەك لە سەر راپۆرتەکان وەزیری پلاندانانیش ئامادە بێت، چونکە وەزارەتێکی مەعنی بەدەستەوەیە لە سەر ئەوەی حکومەت بۆ ئایندە پلانەکانی چیین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان من باس لە پرسێك دەکەم یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری لە سەر نرخی بازاڕ دروست کرد ئەویش گرانبوونی نرخی دۆلار بوو کە کاتی خۆی بانکی مەرکەزی ئەم بڕیارەیدا بە غیابی کورد لە ناو بانکی مەرکەزی و کاریگەرییە خراپەکانیشی ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئەوە وردە وردە بە دەر دەکەوێت دوو ئامانج لە پشتەوەی ئەم بڕیارە بوو یەکەمیان ئەوە بوو کە چۆن بتوانرێت ئەو کورتهێنانەی لە بوودجەی بەغدا هەیە لە بوودجەی عێراق هەیە کەم بکرێتەوە، دووەم چۆن بتوانرێت نەختینەی بانکی مەرکەزی زیاد بکرێت حکومەتی عێراق توانی هەر دوو ئامانج بپێکێت، کەواتا لێرە پرسیار ئەوەیە کاتێك بە غیابی کورد ئەو بڕیارە درا، چونکە بانکی مەرکەزی هیچ ئەندامێکی تێدا نییە ئەنجومەنەکەی هیچ نوێنەرێکی کوردی تێدا نییە ئایا ئەو نەختینەی کە ئێستا لە عێراق دروست بووە لە بانکی مەرکەزی کە پێشبینی دەکرێت تا کۆتایی ئەم ساڵ بگات بە نەوەد ملیار دۆلار پشکی کورد لەوەدا چییە ئایا کورد لەوەدا دەتوانێت یاخود حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت داوای پشکی خۆی بکات لەو نەختینەیە؟ بێگومان نەخێر ئێستا ئەوە دەیانەوێت دوو سەد ملیارەکەشمان لێ ببڕن ئەمڕۆ دادگای فیدراڵی کۆبوونەوە دەکات لە سەر ئەوە و رەنگە بڕیاری بڕینی ئەو دوو سەد ملیارەش بدرێت، بۆیە پرسیارێکی تر لێرە دروست دەبێت چ گەرەنتییەك هەیە بانکی مەرکەزی دیسان بڕیارێکی تر دەر نەکات لە پڕۆە یاسای بوودجەی ساڵی نوێی عێراقی بەوەی کە نرخی دۆلار زیاتر بەرز بکاتەوە وە هیچ گەرەنتییەك نییە، بۆیە پێشنیار دەکەم کاتی خۆشی لە لیژنەی دارایی کاتێك کە کۆبوونەوەمان کرد لە گەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم کە قوباد تاڵەبانی من پێشنیاری ئەوەم کرد کورد دەبێت نوێنەری لە بانکی مەرکەزی هەبێت، چونکە بانکی مەرکەزی باڵاترین ناوەندە بۆ ئەوەی کە سیاسەتی ئابووری و نەقدی عێراق دادەڕێژێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش زۆر سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، مە مەسەلەکا کوردی یا هەی دوو چۆنە رێکەکێ گوتی واهێ هرچە؟ یێ دی گوتێ ئەڤە دەوسە جێ پێت هرچێنە، یا دیارە ئەسبابێت گرانیا بازاڕێ مە یا دیارە یا

ئاشكرایە كا چییە هەتا ئەم وان ئەسبابا ئاشكرا نەكەین ئەرزانی د هەرێما كوردستانێ چێنابیت یا دیارە حكومەت خۆ سەبەبێ رەئیسی و سەرەكییە د گرانییا بازارێدا ب رێكا ڤان تشتا شەش رێكا گرانییا د بازارێدا چێدبیت ئێك گومرگ گومەرگەكا زێدەیە ئەكید وەختێ گومرگەكا زێدە وەرگرت بازرگان دێ وێ تەعویز كەت ب نرخا، دوو پشتی تێتە ناڤخۆدا زەرائیب یێت هەین كو زەرائیبێت زێدەنە ئەڤە ژی ئەو دێ قەرەبوو كەت ب نرخا، سێ كارەبا مە یا بوویە كارەبا بازرگانی ئەوێ دوو مەترێت دكانێ هەبیت دڤێت دوو سەد هەزارا سێ سەد هەزارا كارەبایێ بدەت هەتا ڤێ دووماهیكێ نە بەس كارەبا بوویە تیجاری غاز ژی كرە غازا تیجاری بۆ مەتعەما و بۆ چایخانا دڤێت ئەو چاردە هەزارا ب قەنینە بكڕن نە ب نۆ هەزارا و ب هەشت هەزارا هین بازرگانن تەبعەن وەكی ڤی شكلی بیت ئەكید ئەو دێ زێدەییا خۆ هاڤێتە سەر نرخێ نوقتا پێنجێ سەبەبێ گرانییا بازاڕی ئەڤەیە شەریكاتێت ئیحتیكاری بارا پتر ئەڤ كارە تێتە كرن خاسەتەن ئیستیرادا گەلەك مەوادێت خۆراكی چەند شەریكێت ئیحتیكارینە ئەكید ئەو نرخا وی دڤێت دێ وێ نرخێ بۆ خۆ دانێت، خالا شەشێ سەبەبێ گرانیێ نە تەوزیعا د وەختێ خۆدا یا بیتاقا تەموینی ئەگەر بیتا تەموینی د وەختێ خۆدا چۆبا هەمی دەڤەرا وەكی ئێك تەئكید دا ئەڤە ژی بیچەكێ بار سڤكێ چێكەت....

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەقەت تەواو دكتۆر، بەڕێزان چەند جار وتوومانە شەرح مەكەن پرسیارەكانتان بكەن چونكە ئەوە جەلسەیەكە بۆ گفتوگۆ بەڕێزان ئەگەر شەرح بكەن وەختەكە دەڕوا، دكتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشی و پاڵپشتیم بۆ هاوڕێیانی لیژنە بۆ نووسینی ئەو راپۆرتە بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەكان دەكەم و هیوادارم حكومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەكان ئەو راپۆرتە بە هەند وەربگرن، جگە لەو خاڵانەی دەستنیشان كران دەمەوێ ئاماژە بە قۆرخكاری بازاڕ لە لایەن كۆمپانیا تایبەتی و كەسی حزبییەكان دەكەم پەیڕەو كردنی سیاسەتی ئابووری لە هەرێمی كوردستان هۆكارێكە لە هۆكارەكانی گرانبوونی بازاڕ و بەرز بوونەوەی نرخەكان خراپی كوالێتی بەشێك لە بەرهەمە هاوردەكان وە نەبوونی كۆنترۆڵ و چاودێری و لێپێچینەوەی پێویست لە هاوردەكاران و فرۆشیاران راستە هەرێمی كوردستان پەیڕەوی بازاڕی ئازاد دەكات بەڵام لە هەموو دونیادا بازاڕی ئازاد رێسا و یاسا و زەوابتی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی لە كوردستان دەگوزەرێت بەدەرە لە هەموو یاسا و رێسایەك دەپرسین ئایا یاسای كێبڕكێ و پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەكان لە كوێی بەرنامەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیدایە ئایا وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی پلانی درێژخایەن و كورت خایەنیان هەیە بۆ دابینكردنی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی كوردستان؟ چارەنووسی پارەی گەنمی جووتیارانی ساڵانی (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦) بە كوێ گەیشت؟ راستە لە هەموو دونیادا نرخ بەرز بووەتەوە بەڵام ئەو نرخانەی لە هەرێمی كوردستان زۆر جیاوازی هەیە لە گەڵ ئەو نرخانەی لە بەشێك لە شارەكانی عێراقدایە ئەو نرخەیە لە هەولێر و لە نێوان پردێ و هەولێر و مەخمور و هەولێر و موصڵ هەیە جیاوازییەكی

زۆری هەیە، ئایا پلانی وەزارەت چییە بۆ ژێرخانی پیشەسازی بە تایبەتی سەبارەت بەو کارگانەی کە لە کار وەستاون؟ لە کاتی سەردان و پشکنینی لیژنەکانی چاودێری بۆ هەندێك لە شوێنە گشتییەکان هەندێك جار هەست دەکرێت شوێنە گشتییەکان پێشوەختە ئاگادار دەکرێنەوە کە لیژنەکان سەردانیان دەکەن، وە ئەوەی بۆ هاووڵاتییانی کوردستان ماوەتەوە کە باج و رسومات و ئەوانەی لە سەر نەبێت تەنها بڕی ئەو تیشکە خۆرە و هەوا و بڕی ئەو باران بارینەیە کە ئەگەر بباریت قەیرانە ناوخۆییەکان و فشاری بەغدا و ...

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش کاك دکتۆر گیان کاتەکەت تەواو، بدریە خان فەرمووو.

**بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، دەستخۆشیم بۆ ئامادەکاری راپۆرتەکە هەیە و بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و هاوڕێکانی دەکەم، من پێنج پرسیار ئاراستەی جەنابی وەزیر دەکەم بڕیار بوو باج و گومرگ لە سەر روون و برنج و ئەو خۆراکە سەرەکییانەی کە قووتی هاووڵاتییانە لابرێت ئەگەر لابراوە کوا بۆ نەتیجەکەی نابینین کە گرانبوونی بە رادەیەکی بەرچاو کە (٢٠٠%) زیادی کردووە ئایا کوالێتی هەرێم کە سەر بە وەزارەتەکەتانە کوا بەرهەمەکانی ئەم چاودێرییە لە سەر ژیانی خەڵك و بازاڕی هەرێم؟ حکومەت سوپایەکی لە فەرمانبەر و ئەوەندەی حکومەتێکی ناوەندی وەزارەتی هەیە بۆ چی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای کێبڕکێ قەدەغە کردنی قۆرخکاری لە هەرێم وەك پێویست جێبەجێ ناکرێت؟ پارەی تابلۆ و خۆڵ و خاشاك بڕێکی یەکجار زۆری لە سەر دانراوە ئەمەش گرفتێکی زۆری لە سەر هاووڵاتییان دروست کردووە و بۆتە هۆی بەرز بوونەوەی نرخی کاڵا و خۆراك لە گەڵ گرانبوونی نرخی کاڵا و خۆراك بۆ بەشە خۆراکی مانگانە بڕەکە وجۆرەکەی زیاد ناکرێت کە بەداخەوە ماوەی حەوت مانگ ئارد نەهاتبوو بۆ هەرێمی کوردستان کە ئەمە گرنگترین بەشە خۆراکە کە راستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە نانەواخانە و سەموونخانەکانەوە ئایا جەنابتان هیچتان کردووە بۆ ئەو بوارە کە لە گەڵ گرانبوونی نرخی شمەك هەوڵی ئەوەتان داوە ئەو بەشە خۆراکەی کە دێت بۆ هەرێمی کوردستان نرخەکەی و بڕەکەی زیاد بکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سیپان فەرمووو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرانبوونا بازاڕی ئێك ژ وان هۆکارێت سەرەکینە بازرگانییەکا بێ ویژدانی بەرامبەر خەلکێ هەرێما کوردستانێ تێتە کرن ئەو بازرگانییا ب بێ ویژدانی کو ژ لایێ بازرگانا ژی تێتە کرن ڤەدگەریت بۆ ڤێ چەندێ کو چاڤدێرییەکا کارا ل سەر بازاڕی نینە ب راستی ئەگەر ئەم بەحس ل کوالێتییا ئەوان مەواددا بکەین کو داخلی هەرێما کوردستانێ دبن هەمان کۆمپانی ل تورکیا تو وی مەواددی داخاز بکە کوالێتییەکا بەرز تێتە بەرهەمئینان و دێشیێ بکار بینی بێ کو هیچ مەترسییەك سەر ژیانا تە یا تەندروستییا تە هەبیت هەمان کۆمپانی ل ڤێرێ وی بەرهەمی ب کار

بینە ببە پشکنینێ بۆ بکە یەکسەر دێ دەرچیت تایبەت ئەگەر ئەم زەیتێ بکەینە نمونە کو هاووڵاتییێن هەرێما کوردستانێ دێ تووشی نەخۆشیا پەنجەشێرێ بن ئایا رۆڵێ وەزارەتا بازرگانی د چاڤدێری کرنا بازاڕیدا د ڤێ چەندێ چ بوویە کو هەتا نوکە هیچ رۆڵەکێ کارا مە نەدیتییە ب تنێ ئەگەر تێڕوانینەکا ڤیدیۆیی بیت بۆ وێ ئێکێ رێکلامەکێ وەکو کارێ خۆ دەربێخن پرسیارا من ل ڤێرێ زۆربەیا بەرهەمێ کو ل هەرێما کوردستانێ خەڵك پێتڤی دبیت ژ دەرڤە داخلی دبیتە هەرێما کوردستانێ ئایا پلانا وەزارەتێ چییە ژ بۆ وێ ئێکێ وەکو حکومەت و وەزارەتا بازرگانی بشێن بەرهەمئینانێ ل هەرێما کوردستانێ زێدەتر بکەن ژ بۆ وێ ئێکێ بشێن پێتڤیێن رۆژانا خەڵکێ هەرێما کوردستانێ ژ ڤێرێ دابین بکەن؟ پرسیارا سێیێ (٢٠٢١/٩/٢٨) ل دیوانا ئەنجومەنێ وەزیران کۆمبوونەکا تایبەت هاتە ئەنجامدان ژ لایەن وەزیرێن پەیوەندیدار ل سەر گرانبوونا بازاڕ و نانی دەرئەنجامێت وێ کۆمبوونێ نۆ خاڵ بوون بتنێ یەك خال هەتا نوکە هاتییە جێبێ کرن ئەو ژی (٢٠%) کرێیا کارەبا فڕن و نانەواخانا هاتییە کێم کرن لێ هەشت خاڵێن دی هەتا نوکە کو زۆربەیا وان پەیوەستن ب وەزارەتا بازرگانیڤە نەهاتینە جێبەجێ کرن داخازا روونکرنێ ژ جەنابێ وی کەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم بورهان فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە لە کاتەکەم حساب مەکە چونکە پرسیارم لە سەرۆکایەتی هەیە بە پێی چ ماددەیەك دوو خولەك دەدەن بە پەرلەمانتار چونکە ماددەی (٥٤) بڕگەی چوار خاڵی یەکەم دەڵێت سێ خولەك زیاتر نەبێت.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بابەتی ترە بەڕێزم ماددەی (٨٨)ش بخوێنەوە دوو دەقەیە، دوو دەقەکە بۆ هەمووتان وەکو یەك بوو ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی (٥٤) هەیە لە سەر شێوازی گفتوگۆ کردنەکە بوو بابەتی گشتی بوو، بەڵام ئێستا بۆ ئەم دوو دەقەیە هەفتا و نۆ ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان دەستی بەرز کردۆتەوە ئەگەر فریا کەوین بۆ ئەوەی وەزیری بەڕێزیش وەڵامەکان بداتەوە بۆ ئەوەی بە یەکسانی بە سەر هەموو لایەکتانەوە بێتەوە زۆر ئاساییە ئەو دوو دەقەیە بە پێی پەیڕەو دراوە پێتان، فەرموون.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کێشەی ئەوەمان هەیە کە بەهای دینارەکەمان دابەزیوە کە حکومەتی عێراق و بانکی مەرکەزی ئەو بڕیارەیان داوە، وە حکومەتی هەرێم لەوە موستەفید بووە و خەڵك زەرەرمەند بووە لە فرۆشتنی نەوتدا نزیکەی دوو سەد ملیار دینار داهات زیاد بووە لە دابەزاندنی بەهای دینار بەرامبەر بە دۆلار من ئەو پرسیارانە روبەڕووی بەڕێز وەزیر دەکەمەوە بە سەراحەت پێمان بڵێ چیتان کردووە بۆ چاودێری کردنی نرخ و بازاڕ یەعنی رەقەممان بداتێ وەزارەتی پلاندانان مەحەڵی چییە لەم مەسەلەیە کە وەزارەتێکمان هەیە بە ناوی پلاندانان، وە سیاسەتی حکومەت

چییه بۆ ڕێگری کردن له بەرز بوونەوەی کاڵا و شت و مەك و کار کردن بۆ دابەزاندنی نرخ و شمەکەکان؟ من چەند ئیزافەیەکم هەیە بۆ ئەوانەی لە ناو لیژنەکەدا کار دەکەن کورتی دەکەمەوە لە چوار خاڵدا ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەر وڵاتێکدا کە گرانییەك هەبێت کە شتێك گران دەبێت حکومەت بەشدار دەبێت لە دابەزاندنی نرخەکەدا حکومەتی ئێمە چی کردووە بۆ کەم کردنەوەی باج و رەسمی گومرگی لە سەر کاڵاکان؟ وە ئەو قۆرخکارییەی کە هەیە لە لایەن چەند کۆمپانیایەکی دیاریکراو ئایا حکومەت توانیوە ئەمە چارەسەر بکات یا خود ئەگەر توانیوە پێمان بڵێن، چونکە نەتوانراوە ئەوە وەزعی بازاڕ دەبینین، وەئەنجومەنی وەزیران بوودجەیەکی تەرخان ناکات بۆ مەسەلەی ڕێگە گرتن لە بەرز بوونەوەی ئەم کاڵایانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، یەکەم بە پێی چ مادده و بڕگەیەك پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەمە وەکو نوقتەی نیزامی پەخشی ڕاستەوخۆی پەرلەمانی..

**بەڕێز د. هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئەوە وەڵامدراوەتەوە.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با تەواوی بکەم، بۆ پەخشی ڕاستەوخۆ چارێگێك درەنگتر دەگاتە هاووڵاتی؟ کێ ئەم دەسەڵاتەی داوە ئەمە ڕاستەوخۆیە بۆ واتان لەو دانیشتنانە کردووە؟ ئەمە بە گشتی بۆیە ئێستا ئەم پرسیارە دەکەم لەبەر ئەوەی دانیشتنەکە بۆ ئەوەی نەڵێن بۆ موزایەدە ئەم پرسیارە دەکات بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان چارێگێك درەنگتر دەگاتە دەرەوە دە دەقە چارێگێك ئەمە یەکەم، دوو بە ڕاستی هیچ موبڕرێکی وامان نەبینی دانیشتنەکە دانیشتنێکی داخراو بێتو لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە بابەتێکە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە وە دەکرێت خەڵك بۆ نمونە ئاگای لێ بێت بۆ ئەوەی بزانێت بەرەو کوێ دەڕوات بە ڕوخسەت ئێستا کاتەکەم بۆ بگرە...

**بەڕێز د. هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتە نیزامییەکەت تەواو؟

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڵێ تەواو، وەڵام دەدەیەوە؟

**بەڕێز د. هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر، ئیشی خۆت بکە بەڕێزان بە پێی پەیڕەو سەرۆکایەتی پەرلەمان مولزەم نییە وەڵامی نوقتە نیزامییەك بداتەوە.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی ئەگەر ئێوە پلانتان هەبووایە بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی کە کرا بۆ هەموو ئەو دۆخەی کە ئێستا دەگوزەرێت لە هەرێمی کوردستان لە سەر ژیانی خەڵك بۆ ئەوەی زۆر نەچمە ناو بابەتەکان لە هەشت نانەوە بۆ شەش نان لە کاتێکدا کە دەبوایە یەك نان بە سەد و بیست گرام بانانێك بوووەتە بە شەست گرام پلانتان کوا؟ پلانی ئایندەتان کوا؟ رێکارتان کوا؟ بەدواداچوونتان کوا؟ یەعنی ئەم وڵاتە وای لێهاتووە بەس مەگەر لەسەر هەناسەدان باج و زەریبە و گومرگ و سەرانە هەموو شتێك لەم وڵاتە وەردەگیرێت، جا پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی وای لە دۆخەکە کردووە و ئەو نرخانەی بەرز کردۆتەوە ئەو بەرپرسە فەرموو پێمان بڵێ با پێی بڵێین ئەمانەمان بۆ چارەسەر بکە، بەڵام ئەم بابەتە نە لە دەسەڵاتی وەزیری بازرگانی و پیشەسازیدایە دەبوو ئەنجومەنی باڵای ئابووری و سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی و وەزیری سامانە سروشتییەکان هەموو ئەمانە ئامادە بوونایە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم جۆرە لە دانیشتن جۆرێکە لە جوانکاری یان رووپۆش کردن بۆ ئەوەی بڵێن پەرلەمان بە کاری خۆی هەڵدەستێت وە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ژێر چاودێری پەرلەمانی کوردستاندایە ئەمە خولانەوەیە لە ناو بازنەدایە ئێمە تەنها پرسیار دەکەین وەزیرە بەڕێزەکان دێن دوایی هەندێك وەڵامیان پێیە و وەڵامەکان دەدەن و دەڕۆنە دەرەوە لە ماوەی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان هەموو ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە هاتوونەتە ئێرە دەرئەنجامی دانیشتنەکان و راسپاردەکان چی بووە؟ چی لە ژیانی خەڵك گۆڕیوە؟ چیمان چارەسەر کرد؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەڕێز وەزیری پیشەسازی و بازرگانی وێڕای بەخێرهاتنم، تەبعەن من لە ماوەکانی رابردوو بەدواداچوونێکی وردی مەیدانیم کردووە بۆ ئەوەی کە کاڵا و پێداویستییە خۆراکییەکان لە هەرێمی کوردستان تا چ رێژەیەك گرانبوون گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە بە رێژەی (١٠٠%) بۆ (٤٠٠%) پێویستییە خۆراکییەکان لە هەرێمی کوردستان گرانبوون بە جۆرێك کە فەردەیەك برنج پێشتر چل و پێنج هەزار دینار بوو ئێستا شەست هەزار دینارە لە کاتێکدا کە چوار کیلۆی تێدا بووە ئێستا چوار کیلۆی تێدایە کە ئەم بابەتە حەساسە نازانم وەزارەتی بەڕێزتان تا چەند چاودێری ئەمەتان کردووە یا نە روون کارتۆنێکی بە بیست و پێنج هەزار دینار بوو ئێستا بە سەد هەزار دینارە بە گشتی هەموو ئەو شمەکانەی کە هاووڵاتییەك کڕیوەتی کە پێویستییەکە بە چل و پێنج هەزار دینار بووە ئێستا بە سەد و پەنجا هەزار دینارە لە کاتێکدا کە مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لە کۆی ملیۆنێك و دوو سەد هەزار مووچەخۆر کە نۆ سەد ملیار دینارە واتا هاووڵاتییەکی ئاسایی مانگانە پێویستی بە

سێ سەد هەزار دینار هەیە بۆ دابینکردنی پێویستییە خۆراکییەکان سێ سەدەکەی تریشی بۆ کرێی خانوو لە شارە گەورەکان ئەو هاووڵاتییە چۆن بژیت؟ بەڕێز وەزیری بازرگانی بە گوێرەی داتاکانی خۆتان کە من لە جەنابتان وەرمگرتووە لە وەزارەتەکەی بەڕێزتان چوار هەزار و شەست و هەشت کارگەمان هەبووە لە هەرێمی کوردستان لەم ژمارەیە دوو هەزار و بیست و دوو کارگە واتا (٥٢%)ی کۆی کارگەکانی هەرێمی کوردستان داخراون لە کاتێکدا کە ئەم کارگانە لە هەر کاتێکی تر هەرێمی کوردستان پێویستی پێیە کە دەعمی وەبەرهێنانی ناوخۆ بکرێت، بەڵام دەبینین لە هەرێمی کوردستان کارگەکان داخراون لە کۆی بیست و نۆ هەزار و پێنج سەد کۆمپانیا کە چوار هەزار و سێ سەد کۆمپانیایان بیانین ڕێژەی فەرمانبەری بیانی لە هەرێمی کوردستان لەو کۆمپانیایانە (٨٠%)یە کە مووچەکەیان نزیکەی هەزار دۆلارە لە کاتێکدا کە وەزعی خەڵك زۆر خراپە دامەزراندن وەستاوە ڕێژەی بازاڕ و گرانی بەو جۆرەیە کە جەنابتان و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان باسیان کرد پلانتان چییە بۆ ئەمانە و چۆن دەتوانن چارەسەری ئەم بابەتانە بکەن؟ چۆن دەتوانن دەعمی کارگەکان بکەن؟ بۆ چی نرخیان بۆ کەم ناکەنەوە ڕاستە بەشێکی لە کارەبا کەم کراوەتەوە، بەڵام وەکو پێویست نییە ئاگاداری ئەوەن کە مانگی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە سەد ملیۆن دۆلار چۆتە موصڵ و وەبەرهێنانی پێکراوە نزیکەی چوار هەزار بۆ پێنج هەزار فەرمانبەری خوارووی عێراق بە پارەی وەبەرهێنەری کوردستان پارە وەردەگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك كاروان کاتەکەت تەواو، كاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز شاخوان ڕؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، دواکەوتنی بەشە خۆراکی مانگانەی هەرێمی کوردستان جەنابتان چیتان کردووە بۆ ئەو بابەتە بۆ ئەوەی لەمە بەدواوە بەشە خۆراکی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان دوانەکەوێت؟ بە نیسبەت پارەی جووتیاران ئەم ساڵ ئەو مەبلەغەی کە دیاری کراوە بۆ پارەی جووتیاران وەکو ساڵانی ڕابردوو ناکەوێت با بڵێین بە قیست و یەعنی دوابکەوێت بۆ ساڵی داهاتوو یەعنی بکرێت بە ئەقسات و ئەوانە بۆیان، لەبەر ئەوە گرنگە مشووری جووتیاران بخورێت ئەم ساڵ کۆی پارەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بدرێت و دوانەکەوێت ئەوە بابەتێکی گرنگە، بۆ ئەوەی بە لایەنی کەم ئەمە دەبێت بە پشتیوانییەکی گەورە بۆ ساڵانی داهاتوو.

بە نیسبەت بەو کاڵایانەی کە ئێستا لە بازاڕ هەیە و پێویستی ڕۆژانەی خەڵکی هەرێمی کوردستانە هەڵاوسان و گرانییەکی زۆر هەیە جەنابتان وەکو وەزارەتی بازرگانی چیتان کردووە بۆ ئەوەی کە جۆرێك لە کێبڕکێیەکی بازاڕ دروست بکرێت هێنانی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی هەیە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە بۆ ئەوەی کە کۆنترۆڵی بازاڕ بکرێت و گرانی و هەڵاوسانەکە لە نوقتەیەکدا ڕابگیرێت من پێشنیار دەکەم بۆ جەنابتان وەکو وەزارەتی بازرگانی هەموو مانگێك لیستی ئەو خۆراکانەی کە لە بازاڕ پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتییانەوە هەیە مانگانە لە لای خۆتان لە وەزارەتی بازرگانی هەموو مانگێك لیستی نرخی هەموو بازاڕەکانی هەرێمی

کوردستان له لایەن خۆتانەوە دەربچێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی گرانبوونی بازاڕ و هەڵاوسان بکرێت ئەگەر له لای خۆتانەوە مانگانە لیستێك بنێرن بۆ هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان و بۆ هەموو شارەکان تا رادەیەکی باش دەتوانن کۆنترۆڵی نرخی بازاڕ بکەن، چونکە ئەو کاتە یەك نرخ دەبێت لە هەموو شوێنەکان لە هەولێر، لە سلێمانی، لە هەڵەبجە تا دهۆك هەمووی یەك نرخ بێت و کۆنترۆڵی بازاڕی پێ دەکرێت، وە جەنابتان دەتوانن ئیستیفادە لەو پێشنیارە بکەن کۆنترۆڵی بازاڕی پێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش کاك شاخوان، کاك هێرش فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، وێـڕای دەستخۆشـیم بـۆ ئامـادە کردنـی راپـۆرتی لیـژنە بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، سەبارەت بە گرانـی بـازاڕ دیـارە ئێستا بە رێژەیەکـی زۆر کەل و پەل و خۆراك لە سەر هاووڵاتییان گرانبووە دەتوانرێـت هۆکـارە ناوخۆییەکـان چارەسـەر بکـرێن ئەگەر هــی دەرەکـیش نەکـرێن، بـۆیە پێویسـتە حکـومەت و لایەنـی پەیوەندیــدار چاودێرییەکی وردی بـازاڕ بکـات بە تـایبەتی بـۆ بازرگـانە گەورەکـان ئەو بازرگانـانەی کە هەوڵـی قۆڕخکاری دەدەن بە توندترین شێوە سزا بدرێن و رێگەیـان لـێ بگیرێـت بازرگانی بە قـووت و ژیـانی هاووڵاتییـانەوە نەکرێـت بە هــیچ شــێوەیەك، وە ئەو بازرگانــانەی کە خەمــی وڵات و هاووڵاتییاندان پێویستە کارئاسانیان بۆ بکرێت و باج و رسوماتیان لە سەر لاببرێت بە تایبەت لە سەر کەل و پەلی خۆراکی.

هەروەها پێویستە گرنگی زیاتر بە بەروبوومی ناوخۆ بدرێت بە تایبەتی لە لایەنی کشتوکاڵ ئەو بەروبوومـانەی کە پەیوەنـدی بە قـووتی خەڵـکەوە هەیە پێویسـتە حکـومەت پاڵپشـتی تەواوی جووتیاران بکات بۆ ئەوەی رێژەی بەرهەمهێنان لە ناوخۆدا زیاد بێت، هەروەهـا پێویسـتە بـاج و رسومات لەسەر هاووڵاتییان کەم بکرێتەوە و مووچەی فەرمانبەران بە شێوەیەك بێت کە لەگەڵ بازاڕدا بگونجێت، هەروەها پرسیارێکم بۆ جەنـابی وەزیـر هەیە ئایـا هـیچ هەنگاوێکی عەمەلـی نـراوە بـۆ چارەسـەر کـردن بـۆ ئەوەی لە داهـاتوودا بـازاڕ بە شـێوەیەکی خێـرا و زیـاتر روو لە بەرزبوونەوە نەکات و بارگرانی زیاتر نەکەوێتە سەر هاووڵاتییان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حوێز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، وێـڕای دەستخۆشـیم لە لیـژنەی پەیوەندیـدار بەخێرهـاتنی وەزیـرە بەڕێزەکـان دەکەم، دیـارە زۆر بـوونی بـاج و زەریـبە و گرانبـوونی شـمەك و کـاڵا بـار و گوزەرانی خەڵکی زۆر قورس کردووە، بەڵام من لێرەدا دەمەوێت بە تەحدید باسی خـۆراك بـکەم ئەگەر جەنـابی وەزیـر تێبینییەکـانم بنووسـێت خـۆراك یەکـێکە لەبنەمـا سـەرەکییەکانی ئەمنـی قەومی وەکو پێشبینیش دەکرێت دیارە پێشبینی خۆش بەڕێوە نییە دیـارە ئەو پێشـبینییانەش

که چاوەڕوان دەکرێت هەندێکیان سرووشتین لە دەسەڵاتی مرۆڤ نییە وەکو وشکەساڵی و ئەوانە شەڕ و ئاڵۆزییەکانی جیهانی بە نموونە شەڕی نێوان روسیا و ئۆکرانیا ئەوە تەئسیری زۆری کردووە من پێم باشە بۆ ئەوەی حکومەت سەیتەرە بکاتە سەر خۆراك ئەو کۆمپانیایانەی کە خۆراك دەهێنن پێشنیار دەکەم حکومەت خۆی دەست بەسەر ئەو کۆمپانیایانە دا بگرێت و خۆی خۆراك هاوردە بکات بۆ ئەوەی لە لایەن چەند بازرگانێکەوە قۆرخ نەکرێت چونکە شتێکی حەساسە، وە هەروەها گرنگی زیاتر بە وەزارەتی کشتوکاڵ و کردنەوەی بەنداو و ئەوانە بدرێت بۆ ئەو پێشبینییە ناخۆشانەی کە چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا بەرۆکی هەرێمی کوردستان بگرن پرسیارم بۆ جەنابی وەزیر ئەوەیە بەرنامەتان هەیە بۆ ئەو پێشهاتە و مەترسییانە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین یونس فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، وە زۆربەی پرسیارەکانم لە لایەن هەڤاڵەکان کرا، بەڵام حکومەتی هەرێم بڕیارێکی دا کە باج لە سەر چەند خۆراکێك کەم بکاتەوە وە تا ئێستا دەبینین لە بازاڕەکان بەردەوام لابات نەك کەم بکاتەوە باجی لە سەر لابات دەبینین ئێستا لە بازاڕەکان بە هەمان شێوە نرخەکان بەرزتر بوونە لەوەی کە بە حساب باجیشی لە سەر لادراوە، بۆیە دەپرسم لە بەڕێز وەزیر ئایا هیچ بەدواداچوونێك یا شتێکیان کردووە بۆ ئەوەی ئەو کاڵایانە لە بازاڕەکان نرخیان دابەزێت چونکە باجیان لە سەر لاچووە، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەلا احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان محمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودایێ مەزن و دلۆڤان، ل ژێر فەرمانا پێغەمبەرێ ئیسلامی (محمد صلی الله علیە وسلم) دمێ دبێژیت (کلکم راع و کلکم مسئول عن رعیتە) هەر وەکی ئەز بینم ئەڤ مەسئولیەتە مەسئولییەتا حکومەتا هەرێما کوردستانێ تنێ نینە و بەس، چونکی مە دیت دوهی کۆرۆنایێ هەمی دونیا گرتەڤە ئەڤرۆکە ژی گرانی هەمی دونیایێ یا گرتی لەوما مە دڤێت ملەتێ کوردستانێ هەم حکومەت و هەم پەرلەمان وەکو مەسترین دەسەڵاتا تەشریعییە وە هەم خەلك و دەولەمەند دەست بکەنە ناڤ دەستێ ئێك و دوو دا بشێن پێکڤە چارەسەرییەکێ بۆ ڤی وەزعی ببینن هەر یەك ژ مە دڤێت بەحسێ ئێدی بکەت و مەسئولییەتێ پاڤێتە سەر ملێ یێ دیترێ نەخێر پێکڤە لێ بگەڕێین مرۆڤێت ئابووریناس و یێت شارەزا بینین سەح کەن چارەسەرییا حەل چییە ب چ شکلەکێ دێشێین بەرگریێ بکەین، وە ب دیتنا من باشترین بەرگری ژی ئەڤەیە ئەوا هزرا پێشمەرگەی پێشمەرگە دەمێ داعش هاتی ب هزر و ڤیانەکا نیشتیمان پەروەرانە بەرەڤانی ل ئاخا کوردستانێ کر ئەڤرۆکە ئەم ژی ب ویست و ڤیانا هەنێ و ب هزرا نەتەوەیی کار سەر ڤێ چەندێ بکەین دا ل ڤێ قەیرانێ دەرباز ببین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو پرسیار و یەك پێشنیار هەنە و خاڵەکێ پەیڕەوی ئەگەر جەنابێ تە روخسەت بدەت خاڵاپەیڕەوییا خۆ بەحس بکەم خاڵا پەیڕەوییا من سەر بەرنامێ کارییە ل سەر خاڵا یەکێ من پێ باش بوو کو وەزیرێ کشتوکاڵ ژی ئامادە با ئو وەزیرێ پلاندانان، چونکە زۆر بابەت هەنە ب وەزارەتا کشتوکاڵ ڤە گرێداییە ئەز نزانم بۆ چی ئەو نەهاتینە دەعوەت کرن سەر خاڵا دویێ سەر ئیمزا کرنا ئەلکترۆنی ئەڤە پڕۆژە یاسایەکا زۆر گرنگە یەکەمجارە ژی کو تێتە بەحس کرن زێدەتر کو یاسایی و تەکنیکییە پرسیارا من ئەوە من پێ باشە فەرمانگەها پەیوەندییا و فەرمانگەها ئای تی یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ ژی ئامادەی ڤێ دانیشتنێ با و بۆ بەرگا دوویێ ئەز نزانم کا هاتینە دەعوەت کرن یان نە، بەڕێز جەنابێ وەزیری بابەتێ ئاسایشا خۆراکی و دابینکرنا خۆراکی یەك ژ گرنگترین بابەتێ جیهانییە پلانا حکومەتا هەرێما کوردستانێ بۆ ڤە بابەتی چییە و هەوە چ پلان هەیە؟ پرسیارا من یا دوویێ ئەگەر هاتوو خالێن سنووریێن هەرێما کوردستانێ دگەل ئیران و تورکیا بێتە داخستن حکومەتا هەرێما کوردستانێ بۆ ماوەی چەند دێشێت ئاسایشا خۆراکی تەئمین بکەت؟ چەند هەیڤا یا چەند ساڵا، هەروەسا سەر راپۆرتا هەر دوو لیژنا دەستخۆشیێ ل لیژنا دکەم ل سەر راسپاردا من کێماسییەك دیت ئەو ژی دابین کرنا قەرزێ بچووك بوو ئەز پێشنیار دکەم د خاڵا هەشتێدا بێتە زێدە کرن دەستپێکرنا دانا قەرزێ بچووك بۆ پرۆژێن بچووك تایبەت بۆ گەنج و دەرچۆیێن زانکۆ و پەیمانگا کو بشێن دەست ب پرۆژێت بچووك بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم و دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەم بۆ ئامادە کردنی راپۆرتەکە، سەبارەت بە جیاوازی نرخ و کۆنترۆڵ کردنی بەرزبوونەوەی نرخ ناچمەوە سەری باسکرا لە بابەتی هاوردەکردنی کاڵا، ئایا وەزارەت رێژەیەکی دیاریکراوی لە قازانج لە سەر کاڵا داناوە بە شێوەیەك نەبێتە بارگرانی لە سەر شانی هاووڵاتییان هەندێك جار لە مارکێتەکان دەبینین رێژەی قازانج لە پێویست زیاترە لە لایەن بازرگانەکان و کۆمپانیاکان ئایا وەزارەت چۆن رووبەڕووی ئەو بابەتە دەبێتەوە لە سەر سزادان کە باسیان کرد ئەو کۆمپانیایانەی کە سزا دەدرێن یان ئەو بازرگانانەی کە دەخرێنە لیستی رەشەوە پێشنیار دەکەم کە ناویان بڵاو بکرێتەوە ئەوە خۆی لە خۆیدا زۆر لە کێشەکان چارەسەر دەکات و وا دەکات کە سەرپێچی کەمتر ببێتەوە، وە ختمی ماوەی بەسەرچوو زۆر جار لە کاڵاکانی تایبەت بە خواردن بەڕێزان بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی یەعنی هەست دەکەی کۆپی کراوە یان بە ئاسانی کۆپی دەکرێت جێی متمانە نییە، لەبەر ئەوەی بەشێوازێکە کە تەقلیدی ئاسانە چۆن ئەوە چارەسەر

دەكرێت لە لایەن وەزارەتەوە؟ خاڵی پێنجەممان پلانی وەزارەتە لەگەڵ پەیوەندیدارەكان بۆ زامن كردنی ئاسایشی خۆراك چییە لە هەرێمی كوردستان كە ئێستا پرسێكی ئانی جیهانییە بەرۆكی هەموو جیهانی گرتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەكانم لە لایەن خدیجە خان و كاك محسن دۆسكی كرا، بۆیە دووبارە ناكەمەوە و پشتگیری جەنابیان دەكەم، سیاسەتی ئابووری وەك گەمەی شەترەنج وایە ئەگەر لە كاتی خۆیدا مۆرەكان جێگۆڕكێ نەكرێت تێیدا سەركەوتوو نابێت سیاسەتی ئابووری، واتا بەڕێوەبردنی سەرچاوەی داهاتی وڵات و سامانە مرۆییەكان هەڤاڵانمان لە لیژنەی تایبەتمەند لە خاڵی حەوتەمی بڕگەی فاكتەرەكان ئاماژەیان بەوەدا كە حكومەت هیچ سیاسەتێكی ئابووری نییە، بۆیە ئەم پرسیارەم لا دروست بووە حەز دەكەم جەنابی وەزیر وەڵامی ئەو پرسیارە بدات ئایا پاش سی ساڵ حوكمڕانی فیعلەن حكومەتی هەرێم هیچ سیاسەتێكی ئابووری نییە؟ ئەگەر وایە پێویستە حكومەت پەیڕەوی سیاسەتێكی روون و ئاشكرا بكات بۆ ئەوەی بتوانێت بە بێ كێشە سەرچاوەی داهاتی وڵات و سامانە مرۆییەكان بەڕێوە بات و هەر تاكێكی كوردستان خۆی لەناو حكومەت ببینێت و كلتورێكی وا دروست بێت كە سودبەخشینێكی گشتی تێدا بێت نەك تەنیا قازانجی تاكەكان تێدا بێت دەمەوێت بزانم ئەگەر سیاسەتی ئابووری هەیە حكومەتی هەرێم پەیڕەوی چ سیاسەتێك دەكات ئایا هاوبەشییە، سەرمایەدارییە یاخود لیبرالییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بهجت فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، دەستپێكێ ب خێرهاتنا جەنابێ وەزیرێ پیشەسازی و بازرگانی دكەین هەروەسا بخێرهاتنا وەزیرا هەرێم بۆ كاروبارێ پەرلەمانێ دكەین و دەستخۆشیێ ل لیژنا تایبەتمەند دكەین بۆ ئامادە كرنا راپۆرتێ، پرسیارا من سەر یاسا ژمارە (٣) ساڵا (٢٠١٣) یە سەبارەت بە كێبڕكێ و قەدەغە كردنی قۆرخكاری لە هەرێمی كوردستان ل (٢٠١٣) هەتا نوكە ئەڤ یاسایە هاتییە دەرچوواندن ل مادێ (٤) ل ڤێ یاسایێ گەلەك ب روونی و ب تەحدید دیار كرییە كە ئەنجومەنەك پێك بێت ب ناڤێ ئەنجومەنێ پاراستنی كێبڕكێ و قەدەغە كردنی قۆرخكاری بەڕێز جەنابێ وەزیر بۆ هەتا نوكە ئەڤ ئەنجومەنە كارا نەبوویە، وە جەنابێ وە دێ چكەت بۆ هندێ كە ئەڤ ئەنجومەنە كارا ببیت كە بابەتەكێ زۆر زۆر گرنگە و دێ زۆر كێشە و گرفتێت نەها هەی هێنە چارەسەر كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نــاوی خــوای گەورە، بەخێرهــاتنی وەزیــرە بەڕێزەکــان دەکەم و دەستخۆشــی لە لیــژنەی ئامادەکاری ئەم راپۆڕتە دەکەم دیارە بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٠) کە بۆ یەکەم جار لە عێراق یاسایەك دەربچێت بە ناوی یاسای پاراستنی بەکاربەر ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستان بەرکار کرا بە پێی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٠) ئامانجی ئەم یاسایە بریتی بوو لە پاراستنی دەستەبەر کردنی مافی بەکاربەر لە دوای نزیکەی سێزدە ساڵ بە سەر دەرچوونی بەرکار بوونی ئەم یاسایە دەپرسین مافەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان لە چ بارێك دایە؟ ئایا ئەم یاسایە توانیویەتی ئامانجەکانی بەدی بهێنێت؟ ئایا دابین کردنی کەل و پەلەکان و رێکلامکارەکان پابەندن بە سەلامەتی خۆراك و تایبەتمەندییە ستانداردە جیهانییەکان؟ ئایا سنوورەکانی هەرێم لە کاتی هێنانی کەل و پەل وەك پێویست چاودێری دەکرێن؟ ئایا بە شێوەیەکی زانستییانە وردبینی کوالێتی کاڵا و هاوردەکارەکان دەکرێت؟ ئایا دەسەڵاتی چاودێرییەکان وەك پێویست چاودێری بازاڕ دەکەن؟ رێژەی کاڵای ماوە بەسەرچوو لە هەرێم چەندە؟ بۆ چی تا ئێستا رێژەی تۆمارکردنی داوای یاسایی لە دادگاکان بە پشتبەستن بەم یاسایە نزمە ئەمەش لە کاتێکدا دەیان کەس بە دەرمان و خواردنی خراپ باری تەندروستییان تێکدەچێت.

بە پێی مادده (٤)ی ئەو یاسایە ئەنجومەنێك دروست دەکرێت بە ناوی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر کە کاری ئەو ئەنجومەنە بریتییە لە چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی یاسای پاراستنی بەکاربەر لە هەرێم ئایا تا چەند یاسای پاراستنی بەرکاربەر جێبەجێ دەکرێت لە هەرێمی کوردستان؟ ئایا بۆ چی تا ئێستا ئەو ئەنجومەنە پێك نەهاتووە؟ خاڵێکی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٣) ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە قەدەغە کردنی قۆرخکاری و رێکخستنی کێبڕکێ بە پێی ماددەی (٤)ی ئەم یاسایە ئەنجومەنی پاراستنی کێبڕکێی قەدەغە کردنی قۆرخکاری لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دروست دەکرێت کاری ئەم ئەنجومەنە بریتییە لە چاودێریکردنی ئەم یاسایە ئایا ئەو ئەنجومەنە دروستکراوە؟ ئەگەر دروستکرا بێت بۆ چی دەست بە کار نەبووە خۆ ئەگەر ئەو ئەنجومەنە دەست بە کار بووایە....

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەلا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین وە دەستخۆشیش لە لیژنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئامادەکردنی راپۆرتەکە، بەڕێز جەنابی وەزیری بازرگانی لە کۆبوونەوەی (٦)ی نیسانی (٢٠٢٢) ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری هەڵگرتنی رەسمی گومرگی بۆ ماوەی دوو مانگ لە سەر بەرهەم و پێداویستییە خۆراکییەکانی دا کە ئەمەش هەنگاوێکی باش بوو بۆ دابەزینی نرخی شتومەك، بۆیە گرنگە حکومەت ماوەکەی درێژ بکاتەوە تا کاتێکی تر، وە هەروەکو دیاریشە لە ماوەی رابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا دەڤەری سۆران و

زاخۆ بکاتە ئیدارەی سەربەخۆ، بەڵام تا ئێستا کۆمەڵێك بنکە یاخود کۆمەڵێك بەڕێوەبەرایەتی پەیوەست بە وەزارەتەکەتان هەیە کە گرنگە لەم شوێنانەش بەڕێوەبەرایەتییەکان بکرێنەوە بە تایبەت بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی بۆ ئەوەی راستەوخۆ چاودێری بازاڕ بکات.
جەنابی وەزیر ئەمڕۆ دانیشتنەکە دانیشتنێکی زۆر گرنگە خەمی خەڵك پەرلەمان و حکومەتی کۆ کردۆتەوە زۆر گرنگە ئێستا واقعێك هەیە نرخی شتومەك بەرز بۆتەوە، بەڵام گرنگیشە هەندێك بەرنامە هەبێت بۆ ئەوەی رێگری لە بەرزکردنەوەی نرخەکان بگیرێت بۆیە من بە راستی من بە پێویستی دەزانم لە نێوان وەزارەتتان و وەزارەتی ئەوقاف هەماهەنگییەکی باش هەبێت بۆ ئەوەی لە وتاری هەینییەوە هەفتانە ئامۆژگاری هاووڵاتییان بکرێت، چونکە زۆربەی خەڵکی ئێمە دەچێتە مزگەوتەکان و پابەندی رێنمایی ئایینین جەنابیشت لە رابردوودا وەزیری ئەوقاف بووی دەزانیت ئەهەمییەتی مزگەوت چییە، بۆیە گرنگە لە رووی هۆشیاریشەوە بەرنامە هەبێت بۆ ئەوەی رێگری لەو بابەتە بکرێت پێشووتر لە شار و شارۆچکەکان بازاڕی ناوەند هەبوو سوق مەرکەزی ئایا ئێستا ئێوە بەرنامەتان نییە جارێکی تر ئەو بازاڕانە کارا بکرێنەوە چونکە ئەوە کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەیە لە سەر دابەزینی نرخی شت و مەك و لەوێشەوە کۆنترۆڵی بازاڕەکان دەکرێت لە ئێستادا خەڵکێکی زۆر پەیوەندی کردووە لە لایەن بایەعەکانەوە....

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاتەکەت تەواو، کلارە خان فەرموو.

**بەڕێز کلارە عۆدیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیرێن بەڕێز بخێر بێن، وەزارەتا پیشەسازی و بازرگانی رۆلەکێ مەزن هەیە بۆ گەشەپێدانا ئابووری و یا بەردەوام بووی بۆ ژیانەکا باش و ب کەرامەت بۆ هاووڵاتییان پەیدا کرنا ژینگەهەکا دروست بۆ ئابووری و پێشکەفتنا کەرتێ کاری و ئاڤراندنا ململانێ و پاراستنا مستەهلکی، لەوما پرسیارا من ئەڤەیە تا نوکە؟ ئەنجومەنێ وەزارەت چەند کۆمبوون ل سەر گرانبوونا بازاڕی کرییە وە چ ئەنجام هەبوون؟ پرسیارا دوویێ پلانا وەزارەتێ چییە ژ بۆ وەبەرهێنان د کەرتێ پیشەسازی و بازرگانی بۆ نمونە دەشتا سلێڤانەی ل دهۆکێ گەنم جۆ لێ تێتە چاندن زۆر بزاڤ هاتینە کرن ژ بۆ دانانا کارگەها ساڤاری و دانهێرکێ لێ هەتا نوکە چ ئەنجام نەبووینە گوندێن سنوورێ دهۆکێ زۆر فێقی وەك تری و سێڤ لێ تێنە چاندن بۆ چی تا نوکە چ کارگە لێ نەهاتییە دانان؟ ل دیڤ پێشبینییا سەرۆکا دەستەیا گەشت و گوزار دێ سالانە بیست ملیۆن گەشتیار هێنە کوردستانێ، کوردستان وڵاتەکێ هەمە جۆری و زەنگینە ژ لایێ شارستانی و رۆشنبیری و کەلتووری وە زۆر حەزا هەی ژبۆ پیشەسازییا کارێن دەستی لەوما ئەگەر وەزارەت پلانەکا رێکخستی هەبیت بۆ پێشڤەبرنا ڤی کەرتی ئو پاڵپشتییا ڤی کەرتی، چونکە گەشتیار زۆر حەز وان کەل و پەل هەنە پێشنیار دکەم وەزارەت رابیت پ دامەزراندنا سەنتەرێن راهێنانێ، وە هەروەسا دانانا پلانێن پێشڤەچوونا ئەڤی کاری، وە هەروەسا دابین کرنا سیك بۆ وان کەل و پەلان، هەروەسا من تێبینییەك هەیە سەر ڤەکرنا کارگەها دڤێت رێکارێن دروستکرنا کارگەها د ئاسان بن بۆ خەلکی و بازرگان و وەزارەت هەڤکار بیت نە مەرجێن زێدە و رێکارێن درێژ و باجێن مەزن کو هەما جورئەت هەبیت کەس کارگەهەکێ ڤەکەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مم فەرمووو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلمان.**

ب ناڤێ خودایێ مەزن، وەزیرێن بەڕێز بخێر بێن سەرچاڤان هەڤالێت مە گەلەك بابەت بەحس کرن ژبەر هندێ هندەك تشتا بێژم رەنگە دووبارە بن بۆ هندێ ئەم تشتەکێ دووبارە نەکەین ئەڤ گرانییا کو ل هەرێما کوردستانێ و ل سەرانسەرا جیهانێ هەی دەرئەنجامێ پەتایێ کۆڕۆنایێ بوون پشتی هنگی ئەو گۆڕانکارییێت کەش و هەوای کو دروست بن و شەڕێ ئۆکڕانیا و روسیا هەمی ئەڤ گۆڕانکارییە چاڤەڕێ کری بوون یەعنی پێش وەخت تاتە چاڤەڕێ کرن کو ئەڤ گۆڕانکارییە دێ رووددەن ئەوا جهێ مخابنییێیە ئەوە کو مە ئامادەکارییێن پێویست نەکرن بۆ هندێ ئەم بشێین هەر چ نەبیت ئەڤێ گرانبوونێ ئەڤ قەیرانا کێمتر بکەین قەیران دروست بوونا وێ تشتەکێ حەتمییە ل سەرانسەرێ دونیاییێیە هندەك رێکارێت پێویست بێت هەین بۆ نمونە مەترسیەکا گەلەکا مەزن سەر وڵاتێت ئەوروپی هەی بۆ گرانبوونا تشتی لێ رێکارێت پێویست بێت گرتینە بەر بۆ نمونە خەلك ئازاد نینە دەما چیتە بازاڕی و ب کەیفا خۆ چەند زەیتێ بکڕیت مەسەلەن چەند برنج دڤێت بکڕیت ل ڤێرێ ژی وەزارەتا تایبەتمەند و حکومەتا هەرێما کوردستانێ دشێت رێکارێن پێویست بگریتە بەر بۆ هندێ کۆنترۆڵا بازاڕی بکەت و زێدەتر کەل و پەلێت خارنێ سەر خەڵکی گران نەبیت گۆری وان داتایێن بەردەست (٩٠%) ئەو کەل و پەلێت خارنێ و کەل و پەلێن دیترێ یێن تێنە هەرێما کوردستانێ ل دەرڤەی هەرێما کوردستانێ تێن ئەڤە کاریگەرییا گەلەکا خراب و نەرێنی ل سەر تاکێ کورد و هاووڵاتییێن هەرێما کوردستانێ دروست دکەت کو قەسدا بازاڕی دکەت بەرهەمێ نیشتیمانی ل بازاڕی نامینیت ئەڤە دێ چاوا گرێدانەکا ناڤبەینا وی و وڵاتێ وی هەرێما وی و ئاخا وی دێ دروست بیت، ژبەر هندێ ئەڤە گەلەك گرنگە ئەم وێ ئینتیمایێ دروست بکەین و گرنگییەکا مەزن ب بەرهەمێ خۆ بدەین هەمی تشت ل بازاڕی گرانبوویە ئەڤ گرانبوونا هەنێ ژی رەنگڤەدانەکا خراب دروست کرییە بەرامبەر ڤێ هەڤسەنگیێ ناڤبەینا داهاتێ تاك ب تایبەت ئەڤێ ل کەرتێ گشتی کار دکەن ئو گرانبوونا نرخییە ئەڤە بوویە ئەگەرێ ڤێ چەندێ کو کێشێن جڤاکی زێدە ببن ئو دەرئەنجامێ وێ ژی...

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش کاك مم کاتەکەت تەواو، مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، وێڕای بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و دەستخۆشیم بۆ ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە سوپاسیان دەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی قسەکانم هەمووی کراون ئەوە جەنابی وەزیریش بۆ خۆیان باشتر ئەو حاڵە دەزانن و دەبینن، بەڵام ئێمە تەنها ئەوە دەڵێین ئایا جەنابی وەزیر دەتوانێت گۆڕانکاری بکات لە باش کردنی ژیانی هاووڵاتییان؟ وە ئەگەر نەیتوانی ئامادەیە رابگەیەنێت بۆ ئەوەی کە حکومەت بە دەنگییەوە نایەت یان لە ئیرادەی حکومەتدا

نیـیە قەزیـیـەکە، بـۆیە بە راسـتـی نەهـاتنی جەنـابی وەزیـری دارایـی پێمـانوایە خۆشـاردنەوە و تەهەرووبە لە مەسئولییەت...

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داوامان نەکردووە مامۆستا بۆ ئەم دانیشتنە.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قوربان داوا کراوە...

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەم دانیشتنە داوامان نەکردووە بەڕێزان، چونکە هەموو وەزیرەکان ئامادەییان دەبڕیـوە بـێن بۆ دانیشتنەکان، فەرمووو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە داواکارییەکەی ئێمە تێیدایە سوپاسـت دەکەم لە روانـگەی ئەو فەرمـوودەی پێغەمـبەر (صـلی الله علیە و سلم) کە دەفەرمووت (ما امن بی من بات شبعان و جارە جائع الـی جنبـە و هـو یعلـم بە) ئەو ئیماندارەی کە ئەهلی مزگەوتە و خۆی تێرە و دراوسێکەی هەژارە و برسییە و بێ ئاوە و بێ بەنزین و بێ دەرمانە ئەو موسڵمانە موسڵمانێکی ناکامە، بۆیە ئایا هەوڵی جەنابـت چییـە لەو بارەیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـۆی ئەم بـابەتە پێویسـتـی بە هەڵمەتێکـی نیشـتیمانی و ئەسـڵەن ژوورێکـی عەمەلیـات هەیە هیـوادارم هەر دوو وەزیـری بەڕێـز دوای بەخێرهێنانیـان ئەم سـەرنج و ئینتیباعـانەی پەرلەمـان نەغەڵتێن بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئەسڵەن ئەهێنێ کە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیرانیشی لە سـەر بکرێـت بـۆ ئەوەی کە حکـومەت بە دەورەکەی خـۆی پاڵپشـتی ئەم بـوارە بکـات دووەم چونکە ئەوە پەرلەمان قسەکەی خۆی کرد هەموو دەنگ و رەنگە جیاوازەکان هەموومان لە سـەر ئەوە کۆکین کە هیچ شمەك و کاڵایەك نەماوە کە نرخی بەرز نەبووبێتەوە.

دووەم بەڕێز وەزیری بازرگانی ئایا حکومەت پاڵپشتی هەیە بۆ نرخ؟ بە تایبەتی بـۆ کەل و پەلـی ئەساسی و بنەڕەتی بۆ ئەوەی گران نەبێت بەڕێز وەزیری بازرگانی ئیکتیفای هەرێمی کوردسـتان چەندە؟ بەڕێـزت لە دیمانەیەکـدا دەڵێـی (٨٠%)ی پێداویسـتی و کەل و پەل و شـمەك لە دەرەوە هەنادرە دەکرێت ئیکتیفای زاتی هەرێمی کوردستان بۆ پێداویستییەکانی نـاوخۆ لە وەبەرهێنـان چەنـدە؟ چـونکە ئەو رێـژەیە زۆر زۆرە کە دوای سـی سـاڵ لە حکـومڕانی ئـێمە (٢٠%) پشـت بە خۆمان ببەستین، سێیەم ژمـارەی کـارگە داخراوەکـان بە پێـی هەنـدێك بەدواداچـوونە رۆژنـامە نووسـییەکان ئەوانەی کە پەکیـان کەوتـووە و داخـراون نـزیکەی دوو هەزار کـارگەی نـاوخۆیی دەگـرێتەوە کە بەشـێکی زۆریـان دەسـتی خۆماڵییـان تێـدایە بە پێـی راپـۆرتێکی خۆتـان بەڕێـز

وەزیری بازرگانی لە سەردەمی كاك ساماڵ سەردار هەندێك لە ئاشەكان گەندەڵییەكی زۆیان تێدایە ئەو گەنمانەی كە دەكرێن بە ئاردانەی ئاشەوانەكان دوور لە رووی مەجلیسەكە هەموو جۆرە جرِ و جانەوەرێكی مردار لەگەڵیدا دەكرێت بە ئارد.

بە پێی ئەو راپۆرتەی خۆتان كە لیژنەیەكی وەزارەت سەردانی ئاشەكانی كردبوو بە یەكێك لە هۆكارەكانی زیاد بوونی نەخۆشی دەزانێت پرسیارێكی تر كە هی هاووڵاتییانە ئەو ئاردەی كە هاوردە دەكرێت لە توركیاوە دەڵێن كە كوالێتی جۆرەكەی جۆرێكی خراپە وە لە روسیاوە دەستكاری جیناتەكە دەكرێت بۆ عەلەفی ئاژەڵ دەهێنرێت، بەڵام جارێكی تر بۆ هاووڵاتییانی كوردستان دەهێنرێت، وە هەروەها هەندێك لە كۆگاكان ژەنگ گرتوون یەكێك لە كۆگاكانی گردەبۆر كە بەداخەوە ئێمە لە هەرێمێكی وەكو كوردستان تەنانەت میوە و سەوزە و مێوژیش لە هیندستانەوە بۆمان دێت ئایا ئەم كۆگایانە بە تایبەتی ئەوانەی سەرووی دە ملیۆن دۆلاری تێچووە سی و دوو كۆگان وە ئێستا بەكرێ دەدرێن بۆ هەندێك وەزارەتی تر بۆ سودیان لێ وەرناگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان شازدە ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ماوە دانیشتنەكە بۆ ماوەی یەك سەعات هەڵدەگرین سەعات دوو لێرە بن.

پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنە تایبەتمەندەكان وەرنەوە شوێنی خۆتان، كاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هاورێیان زۆر پرسیاران كرد ئەوەی كە گرنگە لە سەرەتا بڵێم زۆر بە كورتی بوونی پەرلەمان و تێكەڵ بوونی وەزیرەكان لەگەڵ پەرلەمان رێ لە چەواشەكاری زۆر دەگرێت و دەتوانین ئیشەكانمان بە پێی پەیرەو بكەین من پرسیارێكی بچووكم هەیە پێش پرسیارەكەم دەڵێم ئەم هەڵاوسانی پارە لە ناو كوردستان پەیوەندی بە دوو رەهەندی گرنگەوە هەیە یەكیان ئێمە شت لە دەرەوە دەهێنین لەو وڵاتانەی كە خۆیان هەڵاوسانیان هەیە توركیا تەسەورِ دەكەم (٦٠%) هەڵاوسانی هەبێت بۆیە تووشمان دەبێت ئێرانیش (٢٠٠%) پرسیارەكەی من بۆ بەڕێز وەزیری بازرگانی لە نێوان وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتەكەی بەڕێزتان هیچ هەماهەنگییەك و راپۆرت گۆڕینەوەیەك هەیە؟ چونكە ئێمە هەمیشە باس لە گرانبوون و نەمانی ئەو كاڵا و شتانە دەكەین ئایا وەزارەتی پلاندانان لەم حكومەتەدا هیچ هەماهەنگییەكتان هەیە؟ لەبەر ئەوەی داتایەك نییە ئێمە پشتی پێ ببەستین هەموو ئەو داتایانەی كە هەیە هەندێك كەس بە بێ زانستی بڵاوی دەكەنەوە و تەبعەن پشێویش دروست دەبێت تەنها ئەوە پرسیارەكەم بوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر لە سەرەتاشەوە ئەو قسەیەم کردووە خۆزگە کۆبوونەوەکە نهێنی نەبووایە بەس کە دەنگی لە سەر دراوە، چونکە بابەتی ماددەی (٦٦) ئێمە داوای دەکەین بابەتێکی گشتییە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە و خەڵکی کوردستانیش حەقی خۆیەتی گوێی لە وتوویژی پەرلەمانتاران و وەفدی حکومەتەوە بێت، وە خاڵێکی گرنگ ئەمڕۆ دەبووایە ئەنجومەنی باڵای ئابووری ئامادە بووایە وە ئەو بڕیارانەشی کە دەدرێت من قەناعەتم وایە لە سەرووی وەزارەتی بازرگانیە، چونکە تەنها وەزارەتی بازرگانی مەعنی نییە بەو بابەتە ئێمە ئەنجومەنی باڵای ئابووریمان هەیە کە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیرە مەعنییەکەی تێدایە وە ئەو بڕیارە لەوانەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ وەزارەتەکانی تر یەعنی هەر بڕیارێك و ئاسانکارییەك و تەوازونێك لە بەینی هەناردە و هاوردە دەبووایە لەوێوە دەرچووبایە دیاری کردنی نرخی بازاڕ و بە شێوەیەکی گشتی دۆخی ئابووری کوردستان ئەوان دەبووایە مەسئولییەتی یەکەمیان هەڵبگرتایە نەك وەزارەتی بازرگانی پرسیارێکم بۆ بەڕێز وەزیری بازرگانی ئێمە دەڵێین پێویستە تا پێداویستی ناوخۆ تەکمیلە نەکرێت و تەواو نەکرێت هەناردە نەکرێتە دەرەوە یەعنی دەبێت تەوازونێك هەبێت پێداویستی ناوخۆ تەواو بکرێت ئینجا ئەو کاڵایانەی پێویستە بنێردرێتە دەرەوە بنێردرێت بۆ نمونە ئەو مریشکەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە ئێستا کیلۆیی بووە بە پێنج هەزار بۆ دەڕوات بۆ خوارووی عێراق لە کاتێکدا کە خۆت پێویستت پێیە هەروەها بابەتەکانی تریش خاڵێکی تر پلانی وەزارەت چییە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە هەرێمێکی بەکاربەرەوە ببێت بە هەرێمێکی بەرهەمهێن یەعنی ئێستا ئێمە هەرێمێکی بەکاربەرین یەعنی وەزارەت چ پلانێکی هەیە بۆ ئەوەی لەم بارودۆخە رزگاری بێت و ببێت بە هەرێمێکی بەرهەمهێن؟ خاڵی شەشەم ئەو خۆراك و پێداویستییانەی کە لە عەمبارەکاندا خەزن کراون و نادرێن بە خەڵك بۆ کەی هەڵگیراون و بۆ نادرێن بە خەڵك؟ وە بۆ چی کواڵیتی ئەو مەوادانەی کە لە خوارەوە دێت و بە شێوەی بایەع تەوزیع دەکرێت ئەوەی خوارەوە باشترە لەوەی لە هەرێمی کوردستان خاڵێکی تر کە پەیوەندی بە وەزارەتی بازرگانییەوە هەیە ئەگەر ئاسانکاری بکرێت بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی خۆراك لە مەوادی ئەوەلی بێت لە دانی مۆڵەت بێت، چونکە مۆڵەتێك بۆ کۆمپانیایەك لە شازدە حەقدە جیهەتی رەسمی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، کاك ذکری فەرموو.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، بخێرهاتنا هەر دوو وەزیرێت بەڕێزێت هەرێما کوردستانێ دکەم، بەڕێزان گرانییا بازاڕی و بێ کاریا خەلکێ فەقیر و هەژارێ هەرێما کوردستانێ رێژا هەژاریێ یێ گەشتییە ئاستەکێ زۆرێ مەترسیدار بەڕێز وەزیرێ بازرگانیێ چار پرسیارا دێ ئاراستەی جەنابێ تە کەم پێویستە حکومەتا هەرێما کوردستانێ چارەسەرییا ئەڤان چار خاڵا بکەت یەك پێویستە

حکومەتا هەرێما کوردستانێ کۆنترۆلا بازاڕی بکەت بازاڕ رۆژ بۆ رۆژێ گران ببیت، دوو پێویستە حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئەو خێزانێت بێ مووچە هەر هیچ نەبیت ئەرزاقێ وان زیاد بکەت کو بشێن پێویستیێن ژیانا خۆ یا رۆژانە دابین بکەن، سێ پێویستە حکومەت ئەو خەلکێ بیانی ئەوێت ل هەرێما کوردستانێ کار دکەن پنێریتەڤ ولاتێ خۆ و گەنجێت کوردستانێ و خەلکێ فەقیر و هەژار ل ڤێ کوردستانێ ل جێ وا دابنێن، چار پێویستە حکومەتا هەرێما کوردستانێ و وەزارەتا سامانێت سروشتی کێشا بەنزینێ چارەسەر بکەت ناکرێت رۆژەکێ کامل چار سەعات و پێنج سەعات خەلك د سرا بەنزینی دا بیت ب راستی خەلکێ بێزار بووی لازمە سرێ نەهێلن ل هەرێما کوردستانێ و نرخا بەنزینێ هەرزان بکەن و پێویستە حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئەڤان کێشا چارەسەر بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین فەرموو. سوپاس کاك ژکری،

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم من دەمەوێ لە سەرەتا بە قسەیەکی رەوان شاد نەوشیروان مصطفی دەست پێ بکەم ئەگەر لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٢) بە قسەمان کردبا نەدەگەیشتینە ئەو حاڵە ئەویش ئەوە بوو وتی حەق وایە پارەمان بکرێت بە دۆلار وە خوێندنمان بکرێت بە ئینگلیزی خاڵێکی تریشی ئەوە بوو کە ئێمە داهاتەکان نوێ بکەینەوە و کەرتی کشتوکاڵ جیا بکەینەوە لە کەرتەکانی دیکە من پرسیارێك ئاڕستەی جەنابی وەزیر دەکەم دەڵێن سی و پێنج هەزار کۆمپانیا لە کوردستان هەیە ئێمە ئەگەر رێژەمان شەش ملیۆن کەس بێت هەر یەك ملیۆن کەس پێنج هەزار کۆمپانیای بە بەر دەکەوێت یەعنی سەیرەکە لەوەدایە لە هەموو دونیا ئیش بە دوو شت دەکرێت یان بە یاسا دەکرێت یان بە دین دەکرێت ئێمە وەکو هاووڵاتی و وەکو ئەندام پەرلەمان و هەر هەمووی نە لە دین دەترسێین کە لە خوا بترسێین نە شتی خراپ نەکەین نە یاسایەك هەیە کە بمانگێڕێتەوە، من هەموو گرفتەکان بۆ یاسا دەگێڕمەوە لە کوردستان نەبوونی یاسا هەیە لە سەیتەرە سماقوڵی کە شت داخل دەکەی ئەو پرسیارە ئاڕاستەی وەزیر دەکەم کە شت لێرەڕا دەبەی برادەرانی ئەولا پارە وەردەگرن کە لەولایە دەهێنی برادەرانی ئەولا وەردەگرن نە وەسڵێکیان هەیە نە کەس دەزانێت ئەو پارەیە بۆ کوێ دەچێت، یەعنی نازانم بە چ رەسمیاتێت ئەو پارەیە لە خەڵکی وەردەگرن، خاڵێکی تر جەنابی وەزیری بازرگانی ئەو ئاردەی کە دێت من چوار ساڵە هاوار دەکەم لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ گفتوگۆ دەکەین کە ئەو ئاردە مەمنوع بکرێت، ئەو ئاردە سپییە ژەهرە بە جدی بۆ مەمنوع ناکرێت بۆ ئەوەی ئەو سایلۆیانەی خۆمان بتوانن ئارد دابین بکەن، خاڵێکی تر بە نیسبەت ئەو مریشکە بەستیە کەس نازانێت ئەو جەرگە ماوەی بەسەرچووە چییە یەعنی کەس لە کەس ناپرسێتەوە رۆژانە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بابەتی گرانی بازاڕ نارەزایی و تورەبوونی زۆری چین و توێژەكانی بەدوای خۆی هێناوە ئێمە ڕۆژانە بەركەوتەمان هەیە لەگەڵ هاووڵاتییان لە چین و توێژە جیاجیاكان هەر ڕۆژە و سكاڵا و بێزاری تووڕە بوونی خۆیان لە سەر گرانبوونی بازاڕ دەردەبڕن تا ئەو ڕادەیەی كە ناتوانن ئەو پلانانە جێبەجێ بكەن كە بە پێی مووچەكانیان بۆ كرێی گواستنەوە و هاتووچۆ و كڕینی شمەك و پێداویستییەكانی ڕۆژانەیان دایاناوە ئەو دۆخەی ئێستا لە هەرێمی كوردستان دروست بووە بە تەواوەتی لە سەرەتای ئەم ساڵەوە زیاتر پەرەی سەندووە گرانبوونی سەرجەمی كاڵا و شمەك و پێداویستیەكانی ڕۆژانەی هاووڵاتییان بە بێ ئەوەی حكومەتی هەرێم هیچ هەنگاوێكی عەمەلی نابێت بۆ ڕێگە گرتن و بەرز بوونەوەی بەردەوامی نرخی پێداویستییەكانی ڕۆژانە لە هەر وڵاتێك دۆخێكی لەم جۆرە دروست دەبێت حكومەت هاوكار و پاڵپشت دەبێت بۆ ڕێگری كردن لە زیاتر بەرز بوونەوەی كاڵاكان وەك چۆن ئێستا بە گشتی نرخی كاڵا و نەوەت و پێداویستییەكانی تری ڕۆژانەی هاووڵاتییان بەرز بوونەتەوە، بەڵام حكومەت یەك هەنگاو نەهاتۆتە پێشەوە، بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە دابینكردنی بوودجەیەك بۆ دابەزاندنی ڕێژەیەك لەو بەرزبوونەوەیە، هەروەها چۆن ئەو بەرزبوونەوەی نرخانە كاریگەری تەواو بە سەر تەواوی چین و توێژەكانی كۆمەڵگاوە دروست كردووە ترسی لای بەشێكی زۆری كاسبكاران لێ كەوتۆتەوە كە ناوێرن مامەڵەی بازرگانی لە بوارە جیاجیاكان بكەن و بازاڕ بە تەواوەتی پەكی كەوتووە، سەرەڕای ئەەوی وەزارەتی پلاندانانی حكومەتی هەرێمیش هەنگاوی ڕاستەقینەی نەناوە پلانی بۆ بەرگرتن لە دیاردەی گرانبوونی بازاڕ دانەناوە پێشنیاز دەكەم لە ڕێی پەرلەمانەوە ڕاپۆرتی لیژنەی سامانە سروشتییەكان و بازرگانی و پیشەسازی و تەندروستی وژینگە ومافی بەكاربەر پەسند بكرێت و بۆچوونەكانی پەرلەمانتارانی بەڕێزی تێدا جێگیر بكرێت و حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕاسپێرێت بۆ دابینكردنی بوودجەیەك سەبارەت بە بەرگری كردنی بەرزبوونەوەی نرخ، هەروەها كەم كردنەوەی باج و گومرك لە سەر زۆربەی كاڵاكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك ڕزگار عیسی سوار فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی حەز دەكەم قسەكانی بەڕێز پەرلەمانتار كاك یاسین سەبارەت بەوەی كە دەگوترێت لەم پەرلەمانە نە دین هەیە نە یاسا هەیە لە پڕۆتۆكۆڵ بسڕێتەوەو چونكە هەم دین هەیە هەم یاسا هەیە، بەڵام هەر جۆرێك لە دین و یاسا بە شێوەی جۆراوجۆر مومارەسە دكرێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەو دەستەواژەیە دەسڕێتەوە ئەگەر وای وتووە، كاك ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، حەز ناکەم لە ئێستادا رەشبین بین، بەڵام ئەوەی کە دیارە لە ئێستا و داهاتوو نرخی کاڵا بەرز دەبێتەوە و کێشەی سووتەمەنیش لە دونیا زیاتر سەری هەڵدەداتەوە پشتگیری هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە داوایان کردووە تەنیا ئەم بابەتە بە بەڕێز وەزیری بازرگانی چارەسەر نابێت بابەتەکە پەیوەندی بە هەموو وەزارەتەکانی تر هەیە وەك پلاندانان و کشتوکاڵ و ئەوانی تر تا ئێمە هەرێمێکی بەرهەمهێنەر نەبین بە راستی کێشەی بەرز بوونەوەی نرخ بەردەوام دەبێت و ئەمە وابەستە بە دەوڵەتەکانی ئیقلیمی دەبین و شارەکانی ئیقلیمی لە ئێستادا زیاتر پەرەدەستێنێت و ئێمەش لە داهاتوو تووشی گرفتی گەورەتر دەبین، بۆیە داوا لە هەموو بەڕێزان دەکەین لە هەموو وەزارەتەکان دەکەین کە پلانێکی تۆکمەتر و درێژخایەنتر سەبارەت بە ئیستقراری ئابووری هەرێمی کوردستان کار بکەن، وە سەبارەت بە کێشەی سووتەمەنی داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە یاسایەك دەربچێت لەمە زیاتر سەیارەی بەنزین و گازوایل هاوردەی هەرێمی کوردستان نەکەن بیر لە سەیارەی کارەبایی بکرێت وە لیژنەی مەعنی راسپێردرێت بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم بابەتەش بکرێت، چونکە هەم پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە و ناکرێت ئێمە هەتا هەتا پشت بە سامانە سروشتییەکان ببەستین و داوا لە بەڕێزتانیش دەکەین بۆ کۆبوونەوەکانی تر وەزارەتەکانی مەعنی بانگ بکرێن بۆ ئەوەی وەڵامێکی پوختەتر و پلانێکی تۆکمەترمان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك رزگار، کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا وەزیرێت بەڕێز دکەم، پرسیارا من ئەڤەیە حکومەتا هەرێما کوردستانێ چ بەرنامە هەیە، چونکی ئەم هەمی زانین پشتی شەڕێ ناڤبەینا ئۆکرانیا و روسیادا ئیحتیماله گەلەك درێژە بکێشیت و مەسەلێت خۆراکی لازمە هزرەکا باش بۆ بکرێت باشتر ژی ئەو بوو کو وەزیرا کشتوکاڵ لێرە بایە، ژبەر کو پێویستە وەکی هەرێما کوردستانێ ئەم ئیستیفادێ ژ سەرچاوێت ئاڤێ ببینین، ئو دراوسییێت مە ژی وەکی ئیران و تورکیا هەر گاڤا کەیفا وان چۆیێ ئاڤێ سەر مە دبڕن یەعنی پێویستە بەرنامەیەك هەبیت بۆ هندێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك عثمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، دیارە بۆ ئەوەی کە بتوانرێت چارەسەری کێشەی نرخی بازاڕ بکرێت پێش هەموو شتێك دەبێت حکومەت قازانج نەویست بێت، وە دوا جاریش لە مەرزەکانەوە دەبێت چاودێری نرخی بازاڕ بکرێت کە ئەو کەل و پەل و پێداویستییە

خۆراكییانەی كە لە مەرزەكانەوە دێنە هەرێمی كوردستان لەوێوە دەبێت بزانین نرخەكانیان چەندە بەداخەوە زۆر جار هەموومان چاومان لە سەر مەسەلە گومرگیەكانە كە ئەمەش بابەتێكی گرنگە، بەڵام لە هەمان كاتدا بە تەنیا بابەتەكە هەر گومرگی نییە ئێمە پێمان وایە ئەگەر هەر شت و مەكێك كە دێت ئەگەر نرخەكەی هەزار دینار بێت لە هەرێمی كوردستان هەیە پێنج بەرابەر و دە بەرابەرە نرخی دەخرێتە سەر بە بێ ئەوەی چاودیری ئەم نرخانە بكرێت بۆ ئەم مەبەستە پێویستە وەزارەتی بازرگانی چاودێرییەكی وردی بازاڕ بكات، وە هەروەها هەڵتۆقینی بازرگانەكانیش بەڵگەیەكی روون و ئاشكرای ئەوەیە كە ئەم شت و مەكانەی دێنە هەرێمی كوردستانەوە كە ئەمانە بە نرخێكی كەم دەكڕدرێن بەڵام بە پێنج بارە و شەش بارە قازانجی دەخرێتە سەر، وە هەروەها گرنگیدان بە كەرتی كشتوكاڵ و پیشەسازی ناوخۆیی كە ئەمە دوو خاڵی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئێمە پشت بە خۆمان ببەستین كە ژینگە و هەڵومەرجمان لەبارە بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان پشت بە خۆمان ببەستین وەكو چەند دەوڵەتێك كە لە دەور و بەری ئێمەن و بەبەردەوامی لەو شوێنانە بە تایبەتی زۆربەی زۆری خۆراكەكان دێنە هەرێمی كوردستان، وە هەروەها چاودێری كردنی وردی بازاڕەكان گرنگیدان بە ئاسایشی خۆراك كە ئەمە زۆر گرنگە...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك عثمان، كاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەین و دەستخۆشی بۆ لیژنە تایبەتمەندەكان، هۆكارەكانی گرانی بازاڕ لە هەرێمی كوردستان مۆڵەتی بازرگانی تەنها دراوە بە چەند كۆمپانیایەك بۆ هاوردەكردنی هەموو خۆراك و پێداویستییەكانی رۆژانەی هاووڵاتییان، وە هەروەها عەلەفی ئاژەڵ و پەلەوەر و سەمادی كیمیایی بۆ جووتیاران كە هێماكەی تۆمار نەكراوە بۆ كۆمپانیایەك كە لە دەرەوەی هەرێم دێن بۆ ناو هەرێم، بۆیە بۆ دروست كردنی مونافەسە لە نێوانیاندا بۆ دابەزاندنی نرخ لە بازاڕەكاندا و پڕ كردنەوەی بازاڕ كە كەمترین سوود ببینن پێویستە رێگە بدرێت بە بازرگانەكانیش بۆ هێنانی خواردەمەنی و پێداویستییەكانی هاووڵاتییان كە مۆڵەتی بازرگانیان هەیە، وە هەروەها وەزارەتی بازرگانی خودی خۆی هەستێت بە هاوردەكردنی خۆراكە سەرەكییەكان وەكو برنج و روون و ئارد و مەوادی كیمیایی بۆ جووتیاران، بۆ ئەوەی لەم جۆرە خواردەمەنی و بەرهەمانە كۆمپانیاكان قۆرخی بازاڕ نەكەن تەنها زەرەرمەندی یەكەمیش هاووڵاتییانی كوردستانە نموونە یەك تەن كیمایی دوو ملیۆن دینارە ساڵی رابردوو بە پێنج هەزار دینار بوو، بۆیە ئەمە وای كردووە كەرتی كشتوكاڵیش پەكی بكەوێت داوا لە وەزارەتی بازرگانی و بەڕێز وەزیری بازرگانی دەكەین مشووری ئەو بابەتە بخۆن بۆ ئەوەی كەرتی كشتوكاڵیش بەرەو داڕووخان نەڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك مەلا ناصر، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، زۆر روونە ئەو بابەتەی کە بە نهێنی کرا ئەو جەلسەیە کە لە پەخش نەما چی نهێنی تێدا گووترا؟ چ خەتەری تێدا بوو ئەگەر لە خەڵك بشاردرێتەوە کە جەلسەکە بە داخراوی بێت جگە لەوەی کە ئەو قاچاخچێتی و ئەو گران بازاڕییە هەمووی دەسەڵاتی لە پشتەوەیە جگە لەوەی کە رووی دەسەڵاتی پێ جوان دەکەین زۆر روونە ئەو کەل و پەل و گرانبوونی بازاڕ بە هۆی ئەوەیە کە سەرانە زۆر لە خەڵك دەسەندرێت لە بازرگانەکان دەسەندرێت دونیایەك باج بە هۆی ئەوەوە زیادی کردووە کە بازرگان یەك دونیا سەرانە دەدات لەولاشەوە مەجبوورە لە سەر خەڵك گران بکات بۆ نموونە یەك کۆنتینەر کە لە خاڵێکی سنووری عێراق داخڵ بێت ملیۆن و نیوێك گومرگ دەدات، بەڵام لە خاڵێکی هەرێمی کوردستان سێ ملیۆن و دوو سەد هەتا چوار ملیۆن دەدات یەعنی ئەو فەرقە زۆرە بۆ؟ ئەوە لە کاتێکدا لە سەر هاووڵاتی زیاد دەبێت کاسبکارێك یاخود دوکاندارێك دەبێت چەند باج بدات ئاو، کارەبا، خۆڵ، تابلۆی دوکانەکەی، ئەگەر شاگردی هەبێت بە ناوی (ضمان اجتماعي)یەوە چەند شاگردی هەبێت ئەوەندە پارەی لێ وەردەگیرێت زەریبە و ساڵانە و هەمووو ئەوانە وا دەکات دۆخی بازاڕ خرابتر بێت، وە چەند پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری بازرگانی بەفیعلی چیتان کردووە بۆ رێکخستنی بازاڕ ئەو فەوزایەی ئێستا هەیە لە بازاڕدا هەر بە نموونە دوو گەڕەکی هەولێر بڵێین نەوەکو تەواوی کوردستان بە نموونە بەختیاری و نازناز ئەگەر کەل و پەلێك لە بازاڕ بە هەزار دینار یان هەزار و پێنج سەد بێت لەوێ بە چوار هەزار و پێنج هەزارە یەعنی فەرقێکی زۆر زۆرە بۆچی چاودێری لە سەر نییە ئێوە وەکو وەزارەتی بازرگانی چیتان کردووە بۆ ئەوەی ئەو فەوزایە نەمێنێت لە بازاڕدا لە کاتێکدا خەڵك لە کاتی خۆی مووچە وەرناگرن هەندێك خەڵك مەجبوورە لوێ شت بکڕێت نزیکە لە ماڵەکەیەوە چیتان کردووە بۆ ئەو مەوادە ماوە بەسەرچووانەی بە نموونە پسکیت لە مارکێتەکاندا لە کۆی پەنجا پسکیت چل پسکیتیان دەستی لێ بدە ماوەکەی لادەچێت ئەوە لەبەر ئەوەی ساختەیە...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاك بهمن فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەخێرهاتنی هەر دوو وەزیری بەڕێز دەکەین، تەبعەن ئێمە دەزانین زۆرینەی خۆراك و خواردەمەنی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەهێنرێت وە ئەوەی ناوخۆش ئێمە یاسایەکمان بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەرکرد، بەڵام بە داخەوە هەندێك جاریش بەرهەمە خۆماڵییەکان ئیستیغلال دەکرێت، لە بەر ئەوەی لە دەرەوە نایەت مەنع دەکرێت ئەوەندەی تر گرانی دەکەن لە سەر هاووڵاتی یەعنی ئەوەی ناوخۆش گران دەکەن بەڕێز وەزیری بازرگانی کێشە ئەوەیە جیاوازی نرخ لە مارکێتێك بۆ مارکێتێکی هەیە لە شارێك بۆ قەزایەك فەرقی هەیە یەعنی نەفسی مادده لە شارێك بۆ شارێکی تر فەرقی هەیە لە مارکێتێك بۆ مارکێتێکی تریش فەرقی هەیە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە چاودێری لە سەر بازاڕ نییە و

بازرگان و دوکاندارەکان و خاوەن مارکێتەکان بە دڵی خۆیان نرخ دادەنێن و بەرزی دەکەنەوە لە سەرەتای ئەم کابینەیە بڕیار وابوو وەبەرهێنان لە بواری خانووبەرە و نیشتەجێ کردن بگۆڕدرێ بۆ وەبەرهێنان لە بواری پیشەسازی خۆراك تا چەند ئەمە چۆتە بواری جێبەجێ کردن و ڕێژەکەی چەندە تا ئێستا لەو کابینەیە؟ وەبەرهێنان لە پیشەسازی خۆراك ئێستا لە چ ئاستێکدایە کەی دەتوانین بڵێین کە ئێمە ئیکتیفای زاتی بکەین، وە چەند بازرگان لەم کابینەیە بە تایبەتی لە سەر غەش کردن سزادراوە یەعنی لە سەر هێنانی خۆراکی ماوە بەسەرچوو لەسەر خۆراکی خراپ من نموونەیەکت پێ دەڵێم جەنابی وەزیری بازرگانی ئەو شمەکانەی کە لە دەرەوە دێن جگە لە خۆراك بۆ نموونە مەوادی کارەبایی مەعلومات هەیە بازرگانانی ئێمە لە سین بە خاوەن کارگەکان دەڵێن بۆ ماوەیەکی زەمەنی ئیش بکات، یەعنی من هەر لەماڵەکەی خۆم سێ گڵۆپی لیدم هەر بۆ ئەو شوقانەی کە هی پەرلەمانە و تێیدا ین ئەمە سێ ساڵە سێ وەجبە گڵۆپ بگۆڕم هەر جارێك بە بیست و پێنج دۆلار وەڵاهی دوێنێ وەجبەی سێیەمم گۆڕیوە مەعقول نییە گڵۆپێکی لید بە بیست و پێنج دۆلار ساڵێك ئیش نەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش کاك بهمن، کاك لقمان فەرموو، بەڕێزان هەمووتان ئیمزای غیابات بکەن تکایە، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، ئاشکرایە خۆراك وە پێداویستی ڕۆژانە ناچاری هاووڵاتییانە پەیوەندیدارە بە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییان ئەگەر سەیری بەرزبوونەوەی نرخی خۆراك بکەین لە ماوەی یەك ساڵدا لە راستیدا بەرزبوونەوەیەکی زۆر نائاسابیە هەموو خۆراکێك کە پێداویستی و خۆراکی ڕۆژانەی هاووڵاتییانە لە نێوان (٢٠% بۆ ١٢٠%) کە ڕوونە بەرز بووەتەوە وێڕای ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە کە باج لە سەر بەشێك لە خۆراك هەڵبگرێت، بەڵام ئێمە دەبینین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نرخەکانیان بەرز دەبێتەوە، بۆیە چاودێریکردنی نرخ و جێگیر کردنی لە لایەن وەزارەتی بازرگانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەت لە راستیدا ئەرکە ئێمە دەبێت هەنگاوی جدی بۆ باوێین ناکرێ بە ناوی بازاڕی ئازاد ئیستغلالی بازاڕ بکرێت و بار و گوزەران و ئەرکی سەر شانی هاووڵاتییان قورستر بکرێت پرسیارەکەی ئێمە لێرە ئاڕاستەی جەنابی وەزیرە چی کراوە یا لە داهاتوودا چی دەکرێت بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت لایەنی کەم ئەو خۆراکانەی کە پێداویستی ناچاری هاووڵاتییانن نرخەکەی بە جێگیری بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی هەر دوو وەزیری بەڕێز دەکەین و دەستخۆشی لە سەرۆکی پەرلەمان دەکەم کە ئەم دانیشتنەی کردە دانیشتنی داخراو و هیوام وایە کە هەموو

دانیشتنەکانی داهاتووش بەم جۆرە بن، بەڕێزان لای هەمووان روونە ئەگەر لە دیوێکی تر سەیری بابەتی خۆراك بکەین دەزانین کە بەڕێز سەرۆك وەزیران و ئەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مەسەلەی ئاسایشی خۆراکدا روئیای هەیە و کار لە سەر ئەوە کراوە کە ئێمە ئاسایشی خۆراکمان زامن بێت، یەعنی ناکرێت لەم مەسەلەیە تەنها رەشبینی بڵاو بکەینەوە پیش چەند رۆژێك کارگەی گەورە لە دهۆك بنیادنرا لە مەسەلەی ئارد و نان لە مەسەلەی گۆشت لە مەسەلەی روون، وە هەروەها لە مەسەلەی هێلکە و مریشك ئەو بابەتانەی کە خواردنی رۆژانەی خەڵکن خەریکە ئێمە دەگەینە ئاستێك، یەعنی ئومێد بەخشە دەمەوێ لە بەڕێز وەزیر بپرسم ئایا ئەم هەموو کارگەیەی کە کاریان لە سەر کراوە و تەواو بوون کەی ئێمە دەتوانین بەرهەمەکەیان ببینین یەعنی گۆڕانکارییەك لە رێژەی بەرهەمی ناوخۆ روودەدات لەم (١٠% و ٢٠%)ە کەی دەبێت (٤٠%) ئایا لە دوو سێ ساڵی داهاتوودا ئەمە روودەدات یان نا؟ دەستخۆشی لە هەموو هاوڕێیان دەکەم کە پێشنیاری زۆر باش هەبوون، بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگە مەسەلەی دروستکردنی کێبڕکێیە لە ناو بازاڕ کە کاریگەری لە سەر نرخ دروست دەکات ئەم بابەتە زۆر گرنگە ئەگەر بە جدی ئیشی لە سەر بکەن کێبڕکێ دروست بێت قۆڕخکاری نەمێنێت پێموایە بە رێژەیەکی بەرز کاریگەری لە سەر دابەزینی نرخ دەبێت لە ناو بازاڕ، وە هیچ بازرگان و ئەوانەی کە لە پشتەوە بەرپرسەکان رێنوێنیان دەکەن و رێیان نیشان دەدەن یاخود دەوریان هەیە لەوەی کە قۆڕخکاری بکرێت ئەگەر دەستی ئەو بەرپرسانە بنبڕ بکرێت لە ناو بازاڕدا پێموایە کاریگەرییەکی گەورە لە سەر نرخ دروست دەبێت و ئەگەر ئێوە نەتوانن پاڵپشتی دارایی بکەن ئەگەر نەتوانن هاوکاری ماددی بکەن دەتوانن لە هەندێك بابەتی دیکەدا پاڵپشت بن بۆ ئەوەی کە کاریگەری لە سەر نرخ لە بازاڕدا دروست بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆرە شایان تۆ و کاك علی دەتوانن زیاتر لە دوو دەقە قسە بکەن، بەڵام ئەو بەشەی کە زیاتر لە دوو دەقە قسەدەکەن رای لیژنە بێت رای خۆتان نەبێت ئەو بەشەی تری دوو دەقە قسە دەکەن وەکو ئەندام پەرلەمان، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لە سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، سەبارەت بەوەی کە دانیشتنەکە کرا بە نهێنی بریا نهێنی نەبووایە، چونکە ئەمە پەیوەستە بە دۆخ و گوزەران و بژێوی خەڵکەوە بریا ئەوانیش گوێیان لەو گفتوگۆیە بووایە بە تایبەتی وەڵامی حکومەت، خاڵێکی ترم ئەوەیە پێشنیارە لە راستیدا پێشنیارەکە دووبارەشە ئەوەی تێبینیمان کردووە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان زۆربەی ئەندامان گلەییان هەیە لە سەر کاتەکەیان وا دەزانن کەمتر قسەیان کردووە یا زیاتر قسەیان کردووە پێشتریش من ئەو پیشنیارەم کردووە سەعاتێکی گەورە هەبێت بۆ ئەوەی کاتەکە دابنرێتەوە، یەعنی مەسەلەن دوو دەقەیە یا پێنج دەقەیە هەر کەسە و لێی دیار بێت کە چەند قسە دەکات، سەبارەت بە پرسیارەکانم هی خۆمە هی لیژنە نییە ئەوەی لە راستی بێت بەڕێز وەزیری بازرگانی ئایا بەکاربەر ئەو مافەی پێدراوە یاخود بەپێی یاسا ئەو

مافەی جێبەجێ کراوە ئەگەر هاتوو کاڵایەك یا شمەکێك کواڵێتی خراپ بوو فرۆشیار لێی وەرگرێتەوە؟ دەزانین ئەوە بە پێی ڕێنمایی دەکرێت، چونکە پەیوەستە بە ڕەچاوکردنی کات و هەروەها جۆری خراپ بوونەکەش ڕەچاو بکرێت، بەڵام ئایا لەو چوارچێوەیە بەکاربەر ئەو مافەی پێدراوە؟ خاڵێکی تر سەبارەت بە کواڵێتی خۆراك ئایا لە هەرێمی کوردستان کواڵێتی خۆراك جێی دڵنیاییە؟ واتا تێستەکان جێگای دڵنیایین بە پێی بەدواداچوونەکانتان؟ چونکە ئێمە بەدواداچوونمان کردووە باس لەوە کراوە کە بۆ نموونە تیست بۆ مریشك کراوە دەرچووە جۆرێك بەکتریای لە سەرە کە دەبێتە هۆی ژەهراوی بوون، بەڵام هەر هەر خراوەتە بازاڕیشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس دکتۆرە، کاك علی حمە صاڵح فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم بەشێکی ئەمانە کە دەخەینە ڕوو بۆ پەخشی ڕەشبینی نییە واقعێکی مەترسیدار لە پێشە بە ڕاستیش مەترسیدارە بۆ ئەوەی بیخەینە ڕوو ڕەنگە هەموو شتمان لەو ڕاپۆرتە نەنووسیبێت ئێستا ئەوەی کە تەحەکوم بە نرخی هەموو عالەمە دەکات دوو کاڵایە نەوت و گەنم تەحەکوم دەکات شت گران بێت شت هەرزان بێت هیچ ئاسۆیەك نییە بۆ ئەوەی تەبعەن باسی بەشی ناوخۆش دەکەم کە چی کراوە بەڕێزان ئێستا سێ وڵاتی سەرەکی گەنم ئاخیری هیندستانە کە هەناردەکردنی گەنمی بۆ دەرەوە ڕاگرت.

ئێمە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵیش کۆ بوونەیەوە عێراق دەڵێت بە هیچ نرخێك لە دەرەوە گەنمم دەست ناکەوێت بیکڕم بۆ ئاردی بایەعی دابەشی بکەم ئەگەر ئێران هەناردەکردنی گەنمی ڕاگرتووە دڵنیا بن تورکیا ئەو ترانزێت و حدودە لە گەنم و ئارد دابخات بەیانی نانێك بە هەزار دینار ناکڕیت لە کوردستان، وە ئەگەر ئەم شەڕەی ئۆکرانیا و ڕوسیا تا سێ بۆ چوار مانگی تر بەردەوام بێت ئەوەی تەحلیل کراوە فەردەی ئارد دەچێتە دوو سەد هەزار ڕاستە لە (٥%)ی گومرگ لابراوە ئەو کاڵا سەرەکیانەی خۆراك لە (٥%)ی گومرگیان لە سەر لابراوە، بەڵام بەهای کاڵا لە دەرەوە لە (١٠٠% بۆ ١٥٠%) زیادی کردووە، کەواتا هەندێك بەڕێز پرسیاران کرد بۆ گومرگ لابراوە نرخ نەگۆڕاوە کەواتا تەوازن نییە لەمە، بۆیە پرسیاری جەوهەری ئەوەیە بۆ ئەم ئەزمە گەورەی جیهان لە پێشە کە لەگەڵ کاك کاروانیش دیراسە دەکەی ڕێك دەڵێی پێش جەنگی جیهانی دووەمە یەعنی بەردەوام زەخت زیاد دەبێت گرانی زیاد دەبێت و نەتیجەکەی نازانی چی دروست دەبێت.

بۆیە بۆ ئەم دوو کاڵا سەرەکییە پرسیاری جەوهەری ئەوەیە ئەگەر گرانتر بێت ڕوئیای حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە؟ چونکە خەڵك بەم دۆخە و دەخلت مەحدود بێت چەند لە جێی خۆیدایە و هەڵاوسان (١٠٠% و ١٢٠%) بێت کارەسات ڕوو دەدات ئیمە دەزانین لە لیژنەش موناقەشەشمان کرد ئەم بابەتانەی کە گرانی (٥%) ئەو پەڕی دەی ڕەبتی بە وەزارەتی بازرگانییەوە هەیە بۆ نموونە باجی گومرگ لادراوە، بەڵام هەشت کۆمپانیا بە ناڕەوا پارە لە خەڵك

وەردەگرن لە خاڵە سنوورییەکان هەموومان دەزانین کۆڕۆنا نەماوە کۆمپانیایەکیان داناوە هەر سەیارەیەك ئاوڕشێن دەکرێت دەڵێت بیست و دوو هەزار بدە یەکێکی تر ئەی فۆر دەفرۆشێت دەڵێت بیست و دوو هەزار بدە کۆڕۆنا نەماوە ئەگەر دوو فەحسی کۆڕۆناشت پێ بێت بەس کارەتەکەت پێ نەبێت هەر فەحسێك بیست و پێنج هەزارە ئێمە لە نەتیجە دەچینە سەر نرخی کاڵاکان دوو لەم دۆخە ئەو رسومات و باج و تەبعەن ئێستا کاسبانەش وەردەگیرێت جگە لە باج و نوێ کردنەوەی ساڵانە بارگرانییەکی زۆر بۆ دوکانەکان دروست کردووە من دەزانم موراجەعە کردنی ئەمانە کاریگەری دەبێت، بەڵام بەراود بە وێنە گەورەکە دەبێت حکومەت سیاسەتە جیهانییەکە ببینێت چی دەکەی مەسەلەن ئەگەر بەیانی تورکیا ئەم حدودەی داخست پرسیارێکی ترمان لە وەزارەتی کشتوکاڵ کە بە رەئی لیژنەشە ئێستا جووتیار چی باشە بیکات گەنم بدات بە وەزارەتی بازرگانی عێراق تەبعەن هەردووکیان هەر هەشت سەد و پەنجا هەزارە یا بیدات بە بازرگان لێرە ئەگەر بیدات بە بازرگان لێرە من دەزانم بە نرخی بازرگانی دەفرۆشێتەوە یەعنی وا نییە وەکو تورکیا بێت بە هەرزانتر نایفرۆشێتەوە بیدات بە عێراق ئایا ئەمە دەکرێتە ئارد و بێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان یا بۆ بەسرا دابین دەکرێت.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بابەتێکی تر باسکرا کە زۆر گرنگە مریشکە ئێمە بەدواداچوونمان کردووە ئێستا مریشك بە زەخت دەکەی بە چوار هەزار یەك مانگی تر دەبێتە هەشت هەزار کلیۆی بۆ؟ ئیستا حالییەن کە قسە دەکەین (٧٠%)ی دەواجنەکان چۆڵ بووە نایکەن، لەبەر ئەوەی دەڵێت عەلەف لە فەترەیەکی زەمەنی کەمدا چوار سەد دۆلار زیاد بووە لە سەرم سوتەمەنیم بۆ گران بووە نەخۆشی هاتووە عیلاجم بۆ ناکرێت هەر دایدەخەن ئێستا لە (٧٠%)یان دایانخستووە دەڵێن بە پێنج هەزاریش زەرە دەکەین یەعنی تۆ زیاتر باری دەواجنەکان قورس بکەی هەر نامێنێت مەرج نییە هەر زەخت بکەی برادەران بابەتێکی تریان باس کرد دەمانەوێ بە روونی بڵێین قۆرخکاری لە هەندێك بواردا هەیە تەنها دوو کۆمپانیا بۆیان هەیە گەنم داخڵ بکەن داوا دەکەین کێ دەتوانێت کێ لە هەر کونێکەوە بێت گەنم بێنێت با داخڵ بکات بۆ سەمادیش قۆرخکاری هەیە راستە، بەڵام بۆ برنج و بۆ ئاوەتەماتە و بۆ شەکر و بۆ روون کێ وتوویەتی داوا دەکات مۆڵەتێك شتێکی پێ نەدراوە بماندلتێ ئێمە بەدواداچوون دەکەین.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس کاك علی دەست خۆش، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وابزانم کاك سعیدمان بیر چووبوو بەس کاك سعید ماوە با قسە بکات، فەرموو کاك سعید.

**بەڕێز سعید مصطفى تەتەرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها یەك پرسیارم هەیە، پرسیارەکەم ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری بازرگانی دەکەم بە پێی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٣) بە پێی مادده (٤)ی ئەم یاسایە دەبووایە ئەنجومەنێك پێك بهێنرایە ئەنجومەنی پاراستنی کێبڕکێ و قەدەغە کردنی قۆرخکاری ئایا بۆ تا ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەستی هەمـوو لایەك خـۆش بێـت (٨١) ئەنـدامی پەرلەمـان قسـەیان کـردووە ئێسـتا دەرفەت دەدەیـن بە بەڕێـز وەزیـری بازرگـانی و پیشەسـازی، بـۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بـداتەوە کە پەیوەنـدی بە بـابەتی ئەم دانیشـتنەوە هەیە لە هەمـان کاتـدا داوا لە لیژنەکانی شارەوانی و کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهینان دەکەین تـا کۆتـایی ئەم هەفتەیە راپۆڕتەکەیان ئامادە بکەن سەبارەت بە زەوی، فەرموون.
**بەڕێز کمال مسلم سعید/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان زۆر سـوپاس، هەڵـبەت ئەو بـابەتە دیـارە هەمـوو کەس دەزانێـت بـابەتێکی گـرنگە وە جێـی گرنگـی هەمـوو لایەکیشـە، بـۆیە بەو شـێوەیە قسـەی لە سـەر کـراوە پرسیارێکی یەکجار زۆر کرا پێموایە ئەوەی کە پەیوەنـدی بە مـنەوە نیـیە بـابەتی ئەوەی کە ئایـا راستەوخۆ دەبێت یا راستەوخۆ نابێت، بەڵام پرسیارێك لە من کـرا هەر ئەوەی کە گرنـگ بـوو کە هەندێك شت هەیە بە ئاشکرا بۆ خەڵکی باس بکرێت مـن پێمـوایە هەنـدێك شـت هەیە ئەگەر بە ئاشکرا بۆ خەڵکی باس بکرێت فەوزا دروست دەبێت بە بێ ئەوەی هیچ سـوودێك بە کۆمەڵگا و بە خەڵکیش بگەیەنێت بە تایبەتی خەڵکی فەقیر ناکرێت هەر شتێك هەبێت ئێمە بە ئاشکرا باس بکەین، چونکە هەندێك شت باس نەکردنەکەی قازانجی هەیە مـن یەك نمونەتـان بـۆ بێـنمەوە لە کـاتی کەرەنتـیەنەکە مەوادێکـی یەکجـار زۆرمـان هێنـا نـاو هەرێمـی کوردسـتان ئەو کـات ئەو قسانەمان دەکرد کە مەواد زۆرە و بەشی پێداویستیمان دەکات و کێشەمان نابێـت پاشـان، بەڵام بەدەرکەوت زۆربەی کۆگاکانیش گلەیی ئەوەیان دەکـرد ئەو هەمـوو خۆراکەتـان بە ئـیمە هێنـا و نافرۆشرێتەوە لەو کاتە خەبەرێکیان پێدام کە هیندستان هەناردە کردنـی برنجـی راگرتـووە خـۆ ئەگەر من هاتبامە سەر تەلەفزیۆن و وتوومبا هیندستان برنجـی راگرتـووە لەگەڵ ئەو زۆریـیەش هەر فەوزا دروست دەبوو خەڵك دەچوو زیاتری دەکڕی، لەبەر ئەوە من خۆم هەموو شتێك نـاڵێم لە بازاڕ فلان شت بووە، چونکە زەرەری زیاترە لە قازانج ئێوە پرسیارەکانتان کـرد و مـن وەڵامـی هەموو پرسیارەکانتان بە گشتی دەدەمەوە.
زۆرێك لەو بابەتانەی کە باسکرا لە راستیدا پێویسـتی بەوە بـوو وەزارەتـی تـر و لایەنـی تـر لێـرە ئامادە بوونایە، چونکە ئەو بابەتە بە تەنیا پەیوەنـدی بە مـنەوە نیـیە بە وەزارەتـی بازرگـانییەوە نییە، وە ئەو کێشانەش بە تەنیا بە وەزارەتی بازرگـانییەوە چارەسـەر نـاکرێن بە تـایبەتی خۆتـان دەزانن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسـازی لایەنە پیشەسـازییەکەی پەیوەسـتە بە بـوونی مەوادی ئەوەلییەوە لە کوردستاندا مەوادی ئەوەلیش رەنگە هەندێکی هەر لە وەزارەتێکەوە بێت بۆ ئەوە بتوانین مەوادە ئەوەلـیەکەی لە کوردسـتان دابـین بکەیـن، چـونکە ئەگەر مەوادی ئەوەلـیەکەت نەبێـت بـا هەر کـارگەت هەبێـت هەر لە ژێـر رەحمەتـی ئەو مەترسـییەدای کە لە دونیـادا بـۆت دروسـت دەبێـت، چـونکە تـۆ مەوادە ئەوەلـیەکە هەر بێنـی ئەو ترسـەت هەر تـووش دەبێـتەوە زۆربەی ئەو بەڕێـزانە پرسـیاری کوالیتیـان کـرد ئەوەی پەیوەسـتە بە دەروازە سـنوورییەکانەوە وەزارەتـی پلانـدانان بەرپرسـە لە کـوالیتیەوە و ئەوان دەبێـت چـاودێری ئەوە بـکەن شـتی بە کوالیتی خراپ دێتە هەرێمی کوردستان یان نایەت بـابەتی قۆڕخکـاری باسکرا مـن بەرپرسـم لە

وەزارەتەکەی خۆمانەوە بە هیچ شێوەیەك قۆرخکاریمان بۆ هیچ کەسێك نەکردووە با بڵێین ئیشێك هەبێت بدەین بە کۆمپانیایەك نەدرێت بە کۆمپانیایەکی تر ئەمساڵ هەر ئەو چەند مانگە (١٦٨٣) مۆڵەتی ئیستردامان داوە (٧٠) مۆڵەتی تەسدیریشمان داوە هیچ کەسێك نەبووە بابەتێکی هەبێت ئیلا ئەگەر لە رووی قانوونیەوە نەوعی کۆمپانیایەکەی نەهێڵێت ئیشێك بکەی ئەگینا هیچ کەسێك لای ئێمە قۆرخکاری بۆ نەکراوە و کەس مەمنوع نەکراوە لە سەر هێنانی مەوادێك چاودێری بازرگانی بەڵێ کاری ئێمەیە چاودێرییە بازرگانییەکانمان ئەوەندە چڕ کردۆتەوە هیچ شوێنێك نییە گومانی تێدا بکرێت یان بە نهێنی با بڵێین بە بێ ئەوەی ئاگادار بکرێتەوە سەردانمان نەکردبێت.
هەر بۆ بەرچاو روونی بەڕێزتان لەم ساڵ هەتا (٥/٣٠) لە کۆی گشتی ئەو سەردانانەی چاودێری بازرگانییەکانی ئێمە کردوویانە بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستی پێ بووە (٢٤١٥٠) سەردانیان کردووە، (٨٤٨) سەرپێچی هەبووە، (٦٥) لەو شوێنانە داخراون سزاکەی (١٣٠٤٩٥) دینار سزادراوە وە (٢٧٤) تەن و (٣٢) کیلۆ مەواد ئێکسپایەر کراوە یان لەناو بردراوە هەموو ئەو سەردانانەمان کردووە ئەمە لەگەڵ ئەوەش کە لە زۆربەی شوێنەکانیش زۆر شوێن هەیە چاودێری بازرگانی تێدا نییە، وە ژمارەی فەرمانبەرانمان کەمە و ژمارەی سەیارەشمان کەمە بۆ ئەوە بتوانین بۆ هەموو شوێنێك رابگەن، هەر بۆیەش ئێمە بۆ وەڵامی پرسیاری بەڕێزێکیش کە باسی ئەوە کرا بۆ ئیدارە نوێیەکان چی کراوە داوای ئەوەمان کردووە هەموو فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکەمان کە لە شوێنی تر هەن لەو شوێنانەش بکرێنەوە باسی پارەی جووتیاران کرا هی ئیستا و هی رابردووش پارەی جووتیارانی ئەمساڵ (٢٠٢٢) لە رۆژی پێنج شەممە رۆیشت ئێمە دەستمان بە دابەشکردنی وەجبەی یەکەمی پارەی جووتیاران کرد بڕێکی زۆریش پارە هاتۆتە سەر حسابی ئێمە لە سلێمانی حەوت ملیارە لە هەولێر دوو ملیار و پێنج سەدە لە دهۆك یەك ملیار هاتۆتە سەر حسابمان، بەڵام بە بەردەوامیش دێت ئەوە نییە با بڵێین هەر ئەوەدە بێت بە بەردەوامی پارە دێتە سەر حسابی وەزارەت، بۆ ئەوەی دابەشی بکەین بە سەر جووتیارەکان وەکو باسمکرد وەجبەی یەکەم دەستی پێ کردووە ئەوانی تریش حازرن تەنها هەنێك رێکاری بانکی ماوە کە بۆ (صحه الصدور)ی چەکەکانمان پێویستە بگیرێتە بەر انشاالله وەجبەکانی تریش دابەش دەکرێت پرسیارێکی تر کرا هەر لە سەر ئەوانەی ساڵانی رابردوو (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦) ئێمە هەر چی توانامان هەبووە خستووتمانە گەڕ هەر شوێنێك پێویستی بووە مەخاتەبەمان کردووە لە دەرگامان داوە چ بە نوسراو بێت چ بە تەلەفۆن بێت چ بە سەردان بێت، وە روونکردنەوەیان داوای روونکردنەوەیان کردووە لێمان لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و لە وەزارەتی بازرگانی عێراق روونکردنەوەی تەواومان پێداون و بۆمان روون کردۆتەوە هۆکاری ئەوە چییە خۆشبەختانە ئێستا دوای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایە کە لە هەموو لایەك دای، چونکە زۆر کەس و لایەن هەبوو بۆ ئەمە هەوڵیاندا خراوەتە بوودجەی ئەمساڵی (٢٠٢٢) ئەگەر لە عێراقدا شتەکان وەکو خۆی بڕوات و بوودجە پەسند بکرێت انشاالله ئەو پارەیەش بۆ جووتیاران دەگەڕێتەوە پرسیارێکی تر باسی ئەوە کرا ئایا تەئسیری ئەو ئیحفایەی سەر خۆراك کە حکومەتی هەرێم کردی چی بوو رەنگە بڵێین ئێستا زۆر زووە باسی ئەوە بکەین، لەبەر ئەوەی هەتا ئەو ئیحفایە درا و خەڵك چوو لە دەرەوە هێنای ئێستا بڕێکی کەمی هاتووە، بەڵام ئێمە

پێمان وایە تەئسیری باشی هەبووە هەر هیچ نەبێت ئەو بابەتەی راگرتووە نەیهێشتووە زۆر بەرز بێتەوە، وە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانیش بۆ درێژکردنەوەی ئەو بابەتە حەتمەن گفتوگۆ دەکەین چونکە پێمانوایە تەئسیری باشی دەبێت.
هەندێك لەو بەڕێزانەش باسیان لەوە کرد بابەتی گرانبوونی خۆراك و گەنم بابەتێکی جیهانییە، وە زۆر کەس باسی ئەوە دەکات شەڕی داهاتوو شەڕی گەنمە خۆشتان رۆژانە لە راپۆرتەکان دەبینن کە چ تەئسیرێکی لە جیهان کردووە لە وڵاتە هەرە بەهێزەکان هەتا وڵاتە دواکەوتووەکانیش، بۆیە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان ئێستا کێشەی ئەوەیان بۆ دروست بووە و کەوتوونەتە خۆ بۆ ئەوەی زۆرترین خۆراك و گەنم دابین بکەن لە هەرێمی کوردستانیش بەدەر نین لەو حاڵەتە رەنگە حالەتی ئیمە جیاوازتریش بێت لە شوێنەکانی تر خۆتان دەزانن هۆکاری گرانبوونی گەنم زۆر شتە بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد کە ماوەی ساڵێکە خۆراك زۆر زۆر گرانبووە فیعلەن زۆر زۆر گرانبووە چەندین قات بووە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای هاتنی ئەو کۆڤیدە هەموو کارگە و کارخانەکانی دونیا داخران لە نەتیجەی داخرانی ئەو کارگە و کارخانانە ئەو وڵاتانە خەزێنی ستراتیجی خۆیانیان بەکارهێنایەوە پاشان کە کۆڤید نەما بۆ پڕکردنەوەی خەزێنە ستراتیجییەکەیان تەڵەبێکی زۆر زۆر هەبوو لە سەر ئەو خۆراکانە لە هەموو دونیا بۆئەوەی پڕی بکەنەوە لە دوای ئەوە ئەو وشکەساڵییە تەئسیری لە هەموو دونیا کردووە، چونکە لە زۆربەی زۆری چوێنەکانی دونیا ئەو وشکەساڵییە هەیە بەتایبەتی لە دەورووبەر و لە وڵاتی خۆشمان ئەوەش تەئسیری زۆری کردووە گرانبوونی نرخی سووتەمەنی هەر زۆر تەئسیری کرد لە سەر مەسەلەی خۆراك چ لە بەرهەمهێنانەکەی و چ لە نەقلەکەشی جگە لە عێراقیش لە هەرێمی کوردستان بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار ئەوەش بابەتێکی تر بوو دەرکردنی روسیا لە نیزامی سویفت ئەوەش تەئسیرێکی زۆری کرد، چونکە من لەگەڵ چەندین بازرگان قسەم کردووە بۆ ئەوەی لە رێگای روسیاوە بێت خۆشتان دەزانن رێگای روسیاش ئەوەی لای بەحری ئەسوەد و ئەو شوێنانەیە رێیان پێداین تەنانەت بە ئێراندا ترێلە و ئەوانە دێنن کە خۆشبەختانە زۆریان هێناوە، بەڵام ئەوانیش کێشەیان بۆ دروست بووە چونکە ناتوانن پارەکانیان تەحویل بکەنە بانکەکانیان یەعنی مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەموو ئەوانە بوونەتە کیشە بۆئەوەی بارگرانییەکی زۆر لە سەر خۆراك دروست ببێت شتێکی تر بەو دوایە گەنم و خۆراك لە روسیاش گرانتر بوو بە هۆی ئەوەی پێشتر رۆبڵ بە هۆی ئەو حەسارە ئیقتیسادییەی خستیانە سەری رۆبڵ زۆر دابەزی پاشان لەگەڵ ئەو ئیجرائاتانەی روسیا کردی رۆبڵ زۆر بەرز بوو و ئێستا خۆراك لەوێش زۆر گرانبووە هەموو ئەوانە بوونەتە هۆکاری گرانبوونی خۆراك شتەکە ئەوە نییە پێمانوابێت وەڵا بە ئیجرائاتێکی حکومەتی هەرێم بتوانێت خۆراك ئەوەندە هەرزان بکات لە هیچ شوێنێکی دونیا پێیان ناکرێت، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدام ئەوانەی کە پێویستە لە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بیکات و ئێستاش لە قۆناغی یەکەمدایە داوامان کردووە کە رسومی گومرگی لە سەر ئەو خۆراکانەی هەڵگیراوە حەتمەن پاش دیراسەکردنی تەئسیراتەکانی لە ئەنجومەنی وەزیران موناقەشە دەکرێت.
ئینجا ئەگەر بێمە سەر ئەوەی کە یەك بە یەك پرسیارەکانتان جواب بدەمەوە ئەو پرسیارە گشتییانە بوون کە پێموایە هی هەر هەمووتان بوو ئەگەر بێینە یەك بەیەکی پرسیارەکانیش

ئەوە دواکەوتنی بەشە خۆراکی هاووڵاتییان بەڵێ زۆر دواکەوت تەنانەت وای لێهاتبوو لە حکومەتی عێراقی دەستیان بە لە بەشەکانی تر دەستیان بە بەشی چوارەم کرد هی ئێمە هێشتا یەکەمیان تەواو نەبوو بۆ ئەو مەبەستە دەستەوەستان نەوەستاوین هەر لێرە نووسراوەکانم پێیە کە نووسراومان چۆن ئاراستەی وەزارەتی بازرگانی عێراق کردووە هەموو نووسراوەکانم پێیە یەکێکیان بە تایبەتی بۆ دواکەوتنی گەنم یەکێکیشیان بۆ دواکەوتنی خۆراکە کە داوامان لە وەزارەتی بازرگانی کردووە بۆ ئەوەی خۆراك دوانەکەوێت تەنانەت گلەییشمان لێ کردوون کە ئەوە بابەتێکە قابیلی ئەوە نییە دووبارە ببێتەوە دەبێت سەلەی غیزایی لە عێراق چۆن یەکە دەبێت دابەشکردنەکەشی وەك یەك بێت وەعدی ئەوەیان پێداین کە ئەو بابەتە چارەسەر دەکەن سەردەمێك هەندێك کێشەیان لە گەنمەکە گەنم نەمابوو لە عێراق بەرێزان، بۆیە هەندێك شت هەیە دەڵێن کە بە ئاشکرا نەلێیت گەنم لە هەموو عێراق نەمابوو کە تەوزیعی بکەن سەد و پەنجا هەزار تەنیان کڕیبوو لە ئۆسترالیا هەتا گەیشتە بەسرا و ئەوانە، ئینجا ئێمەیان تەزوید کرد و گەنمەکەیان پێداین ئێستا گەنمی مستەورەدمان بۆ هاتووە. وە دەستمان کردووە بەوەی کە دەبێت ئەو گەنمەی خۆمان بەکار بێنین گەنم نییە.

ئێستا لە عێراق وای لێهاتووە موحافەزەکان ناهێڵن گەنم لە موحافەزەیەك بچێتە موحافەزەیەکی تر هەمووی داخراوە، بۆیە بە ناچاری ئەو گەنمە بەکار دینین ئەویش انشاالله لە ماوەیەکی کورت تەعویزی ئەو سێ مانگەی گەنم دەکەینەوە دواکەوتنەکەی لە دەست ئێمە نەبوو وەکو باسمکرد گەنم لە سایلۆیەکانی خۆمان نەمابوو لە سایلۆیەکانی عێراقیش نەمابوو ئێ چی بکەین بەتەمای ئەوان بین هەتا هەیان بێت هەر کێشە و گیروگرفت و گلەییەکانی سەر خۆیان کەم دەکەنەوە هەتا ئەوەی لە سەر ئێمە هی خۆراکەکەش هەر وابوو لە نەتیجەی ئەو نووسراوانەی کە کردمان بۆیان و گلەییمان لێ کردن هاتنە سەر خەت و نەنانەت ئەو جەژنەی رۆیشت وەزیری بازرگانی عێراق تەلەفۆنی بۆ کردم وتی ئێمە ئامادەین لە رۆژانی جەژنیش بۆتان بنێرین ئەگەر ئێوە ئامادە بن ئەوە بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لامانە هەموو کارمەندەکانمان لە رۆژانی جەژنیش بەردەوام لە دائیرەکان بوون پێشتر بۆیان نەدەناردین ئێستا جێ نییە لێ دانێین ئەوەندە زۆرە وای لێهاتبوو لە یەك رۆژدا حەفتا لۆریان بۆ ناردبووین.

ئینجا ئێستا خۆشبەختانە تەنانەت حسەی چوارەمیشمان دەست پێکردووە حسەکانی تر هەر یەکە و کەك کەمی ماوە ئەویش نەتیجەی ئەوەیە مەسەلەن بۆ نمونە ئەو ئارینۆکەکان کەم ماوە یان نیسك نەهاتووە، ئەگینا شتە عامەکان هەمووی هاتووە انشاالله لە ماوەیەکی کەم هەم مەسەلەی ئاردەکە حەل دەکەین هەم مەسەلەی خۆراکەکەش پارەی جووتیاران ئەوە گووترا ئەوەی باسکرا کە لە ناوچە دوورەکان دەست پێ بکەین ئەوە شتێکی تەبیعیە دەتوانین ئەوە بگۆڕین یەکەمجار لە شوێنە دوورەکانەوە دەست پێ بکەین هەمووشی ئەوە نییە بڵێین هەموو مەوادەی کە هەنە لە بیتاقە تەموینییەکە هەمووی بە یەکجار بێت رەنگە جارێك وایە بەس برنج دێت یان بەس روون دێت یان بەس شەکر دێت هەمووی بەیەکەوە نایەت کە بتوانین هەمووی بەکەوە دابەش بکەین.

باسی ئەوە کرا کە سەرپێچیکاران ئەوەمان باس کردووە بەرنامەتان هەیە بۆ ئەو پێشهاتانە بەڵێ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم چەندین جار کۆبوونەوەی لە سەر کراوە کە چی بکەین بۆ ئەوەی

که ئەو پێشـهاتانەی هەیە کە لە دونیـادا ڕوودەدات خـۆ ئامـادە کـردن بکرێـت وەزارەتەکـان ڕاسـپێردراون کە هەر یەکە ئیشـی خـۆی بکـات، بـۆ ئەوەی کە بتـوانین لە کـاتی نەبوونیـدا پێداویستییە سەرەکییەکانی خۆمان دابین بکەین، بەڕێزان ئەگەر وا بڕوات ئەو شەڕە درێژ بێت خوا نەخواستە شەڕەکە فراوانتـر بێت وەزعەکە نەك لە وڵاتـی ئـێمە لە هەمـوو دونیـادا دەبێتە کارەسات ئەوە هەموو دونیا بە ئاشکرا باسی دەکەن نەك بە تەنیـا ئـێمە باسـی بکەیـن لە توانـای وڵاتاندا لانییە ئێستا ناهێلیت گەنم لە ڕوسیا بڕوات بەس ئاردی لێ دێت بازرگانمان چـووە بەس ئـاردی هێنـاوە ناهێلێـت گەنـم بێـت کە دەیەوێـت گەنمبێنێـت گەنـمەکەی ورد دەکـات ئینجـا دەینێریت ناهێڵیت بەو نەوعە بە ساغی بێت.
بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد حکومەت بڕیاریدا باج لە سـەر خـۆراك لابـات کەچـی نرخەکـان بەرز کـرانەوە ئـێمە وەکـو باسـمانکرد تەنهـا دەسـەڵاتی ئەوەمـان هەیە نەهێڵـین قۆرخکـاری بکرێـت نەهێڵین ئەو ڕبحە کە پێی دەڵێن ڕبحی فاحش ئەوە ڕوربدات، ئەگینا لە بازاڕەکـانی دونیـا گـران ببێت هیچ دەسەڵاتی ئێمەی تێدا نییە بتوانین بڵێین لەوێوە بە هەرزان بیهێنین.
باسی ئەوە کرا ئەگەر سنوور دابخرێت بۆ ماوەی چەند خۆراك هەیە انشاالله سـنوور داناخرێـت ئەو خـــۆراکە هەر دێـــت مـــن لەگەڵ بازرگانەکـــانی ســـلێمانی و هەولێـــر و دهـــۆك و ژوورە بازرگانییەکانیش قسەم کرد ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە کۆگایەکانمان جگە لەوەی کۆگاکـانی حکومەتە ئەوەی بیتاقەی تەموینەکەی تێدایە بەلای کەمـی خـۆراکی چـوار مانگمـان هەیە ئەگەر هـیچ نەیەت، بەڵام خۆشـبەختانە بە بەردەوام خـۆراك دێـت انشـاالله تووشـی کەمـی مەوادی خـۆراکی نـابین، باسـی ئەوە کـرا کە ئەو بەروارەی لە سـەر مەوادی خـۆراکییە بە ئاسـانی لـێ دەکرێتەوە ئێمە هەر کردوومانە بە بڕیار هەر مەوادێك لە کوردسـتان دروسـت دەکرێـت ئەوی لە دەرەوەش دێـت دەبێـت بەرواری سـەری بە لێـزەر بێـت ئەگەر نـا قبـوولی نـاکەین، وە هەنـدێك کـارگەش مەوادەکانمـان لـێ مەمنـوع کـردن، لەبەر ئەوەی بە لێـزەر لە سـەری نەنوسـراوە باسـی یاسای موونافەسە و مەنعی ئیحتکار کرا لە مێژە دەبووایە دایمەزرێنین ئەوە ڕاستە، بەڵام یەکێك لە ئەندامە سەرەکییەکانی دەبێت ئەندامێکی مەجلسی حیمایەی موستەهلیك بێـت هێشتا ئەو ئەنجـومەنە دانەمەزرابـوو ئـێمە زۆر لە مێژەشـە داوامـان کـردووە ئەو ئەنجـومەنە دامەزرێـت خۆشـــبەختانە ئـــێمە پەیـــڕەو و بەرنـــامەی مەجلیســـی موونافەســـە و ئیحتیکارمـــان دانـــاوە سەرۆکیشـمان بـۆ دانـاوە تەنهـا شـوێنێك کە مـابوو کە نـوێنەرەکەی خـۆی بنێریـت مەجلیسـی حیمـایەی موسـتەهلیك بـوو ئەویشـیان لەو چەنـد ڕۆژە بە جـدی قسـەی لە سـەر کـرا وە مـن ڕاسپێردرام بۆ ئەوەی کە ئەو ئەنجومەنە دروسـت بکەیـن هەر چەنـدە ئیشـی مـن نییە، چـونکە دەبێت کەسێکی تـر بێـت کە پـلەی وەکیـل وەزیـر بێـت، بەڵام بـۆ ئەوەی هەتـا ڕێکـی دەخەیـن و دەیخەینە سەر پـێ ئیشـەکە بە مـن سـپێردراوە انشـاالله لە مـاوەیەکی کەمـدا جێبەجـێ دەبێـت باسی ئەوە کرا خەڵکی بیانی ئەوە دەکرێت ئێمە لە سەرمان فەرز کردوونە کە ئیلا ئەو کەسـانەی کە پیشەیینە نەتوانن کارگەییەك بەڕێوە دەبەن لە ڕووی پیشەییەوە دەتوانن خەڵکی بێگانە بێنن ئەگەر نا ئەوانیتر دەبێت هەمووی خەڵکی خۆمان بێت و زۆریـش لەو شـوێنانەی کە سـەردانمان کردووە خەڵکی خۆمانی تێدا بووە بەو ڕێژەی کە پێویستمان پـێ بـووە، کێشـەی بەنـزین ئەوە بە خۆتان دەزانن ئەوە دەبێت لە شوێنێکی تر چارەسەر بکرێت.

بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد مۆڵەتی بازرگانی تەنها دراوە بە چەند بازرگانێك من روونم کردەوە لای ئێمە هەر کەسێك بیەوێت و لە رووی یاساییەوە شتەکانی تەواو بێت کێشەی نابێت باسی ئەوە کرا لە دەروازەکانی عێراق کەمتر رسوومات دەدەن وەك لە هەرێمی کوردستان ئەو بابەتە راستە، بەڵام خۆتان دەزانن حکومەتی عێراق یەکێك لە کێشە گەورەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەوە بوو تەوحیدی رسومی گومرگی بکرێت ئێستا لای ئێمە وەك خۆی جێبەجێ دەکرێت، بەڵام بەداخەوە لەولا بە بیانوی جیاجیا رەنگە ئەوەندە دەسەڵاتی تیدایە بەناوی عەتەباتی موقەدەسە و هەندێك جار هەر بەلاشیش دێت، ئینجا ئێمە رەنگە لەو حالەتە تووشی کێشە ببین و رەنگە پێویستی بە پێداچوونەوەش هەبێت بۆ خۆمان لەگەڵ ئەوان دابنیشین کە هەر دوو لامان وەکو یەك ئەو بابەتە جێبەجێ بکەین.
کاك بهمن پرسی کە زۆر جار نرخی بەرهەمی ناوخۆ گران دەبێت ئێمە کاتێك کە حیمایەی بەرهەمی ناوخۆ دەکەین دوو سێ شتی لە سەر فەرز دەکەین یەك دەبێت لە رووی کوالێتییەوە باش بێت موناف‌سەی بەرهەمی دەرەوە بکات، وە ئیستغلال و ئیحتیکاریشی تێدا نەبێت بەوەی کە ئێمە حیمایەی دەکەین حیمایەی چی دەکەین کە حیمایەی دەکەین مەعنای ئەوەیە کە بە نرخێکی گونجاو بیداتە هاووڵاتی و رێگای پێ نادەین قۆرخکاری بکات بەوەی کە تەنها رێگا بەو دراوە.
بەڕێزێك وابزانم کلارا خانە باسی ئەوەی کرد کە لە دهۆك ئەو مەوادە ئەوەلییانەمان هەیە بەڵێ ئێمە لەو شوێنانەی کە مەوادی ئەوەلی تێدایە بابڵێین بەرهەمی کشتوکاڵی بەتایبەتی بەرهەمی کشتوکاڵی ئێمە هەوڵمانداوە هەرچی قونسولگەری و هەرچی شەریکاتی ئەجنەبی و خۆمانییە داوامان لێ کردووە بێن ئەو کارگانە دامەزرێنن کە مەوادە ئەوەلییەکەی لە کوردستان هەیە لەوانە شەربەتی ترێ و بابەتەکانی تر هەناره ئەوانە خەڵکێك هاتووە ئەو ئیشەمان بۆ بکات تەنانەت چەند رۆژێك پێش ئێستا دوو کۆمپانیای گەورە هاتنە لام ئەوە با هەر وەڵام بێت.
بۆ بەرێزێك کە باسی خوری کرد داوامان لێ کردن کە بێن کارگەی رستنمان بۆ دابنێن لە سەر خوری، وە هەروەها کارگەی خۆشکردنی پێستەشمان بۆ دابنێن داوای ئەوەیان لێ کردین سەرژمێرییەکیان بدەینێ کە لە خوری و لە پێستە چەندمان هەیە من کتابم کردووە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ وەڵامی ئەو پرسیارەمان بداتەوە، بۆئەوەی ئێمەش وەڵامی ئەوان بدەینەوە و بێن ئەو کارگەیە دامەزرێنن زۆر جار باسی کارگە داخراوەکان دەکرێت بەڕێزان راستە رەنگە بە پێی ئەو عەدەدەی کە هەیە نیوەی ژمارەی کارگەکانی کە لای ئێمە تۆمار کراوە ئێستا کار ناکەن، بەڵام هۆکاری کار نەکردنەکەی زۆرە ئەوە نییە تەنها بڵێین تەنها حکومەت دەعمیان ناکات ئێستا ئێمە دەیان کارگەمان هەیە پێشتر لەناو جەرگەی هەولێر بوون کەلکی ئەوەی نەماوە لەناو شار ئیشی پێ بکرێت داوامان لێکردوون وەرن کارگەکانتان بگوازنەوە شوێنی تر یان گۆڕینی جنسی نەوعی کارەکەیان ئێمە هەمووومان بانگ کردوون و لەگەڵ زۆریان دانیشتووین ئەوانەی کارگەکانیان داخراون کارئاسانیان بۆ بکەین، بۆئەوەی کارگەکانیان بەگەڕ بخەنەوە ئەوانەی کە جەدوای ئیقتسادیان ماوە، چونکە کارگەیەکی زۆر داخراوە کە جەدوای ئیقتسادی نەماوە.
هەر بۆ بەرچاو روونی بەرێزتان بۆ نموونە سەردەمێك باو بووە کارگەی بلۆك دابمەزرێنن لە جیاتی ئەوەی ئەگەر شارێك پێویستی بە دە کارگەی بلۆك هەبێت سەدیان دامەزراون کە هیچ

جەدوایەکی ئیقتسادیان نەماون ئێستا زۆربەیان داخراون پێمان وتوون نەوعی کارەکەتان بگۆڕن ئەوەی مەبەستمە بیڵێم ئێمە ئامادەین هاوکاریان بکەین بۆ گۆڕینی نەوعی ئیشەکەیان هێنانی مەکائینی نوێ بۆ ئیشی نوێ هەرچیان پێویست بێت، بەڵام وەکو پێویست خۆشیان نەهاتوونە پێش.
باسی ئەوە کرا لە کۆگاکانی گردەبۆر مەواد خراپ دەبێت ئەوەی کاك ابوبکر باسی کرد کۆگاکانی گردەبۆر سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵە هیوادارم لەوان بپرسن نازانم ئاگام لەو بابەتە نییە ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان بەڵێ هەماهەنگیمان هەیە، وە کۆبوونەوەی بەردەواممان هەیە بە تایبەتی لەگەڵ ئەوانەی کە شەریکات و مونەزەمات دێتە ئەو وڵاتە و مەسەلەن بۆ بە سیستەم کردنی پسولەی خۆراکیش خەریکین لەگەڵ ئەوان کاك سیروان باسی ئەوەی کرد پێویستە تا پێداویستی ناوخۆ تەئمین نەکرێت نابێت بدرێتە بەشەکانی تری عێراق و خواردنیان بۆ بنێرین با بڵێین مەوادی خۆراکی بەڕێزان من پێموایە ئەوە پێویستی بەوەیە بە باشی مامەڵەی لەگەڵ بکەین ئەگەر تۆ ئێستا بڵێی ناهێڵم ئەو خۆراکەی دێت با بڵێین برنج دێت زەیت دێت ناهێڵم بچێتە بەشەکانی تری عێراق ئەگەر ئەویش (معاملة بالمثل) لەگەڵت بکات ناهێڵێت هیچ شتێکت بۆ بێت، چونکە تۆ بەشێکی لە عێراق ئەوە پێویستی بەوەیە بە عاقلانە تەعامول لەگەڵ بکرێت نەك نەهێڵین هیچ شتێك بڕوات.
هەر کاك سیروان باسی ئەوە دەکات بۆ مەوادی کۆگاکان دابەش ناکرێت و هی خوارەوە باشترە وەڵا من نازانم ئەو مەوادانەی کە دێت بۆ کۆگاکانی ئێمە بۆ وەزارەتی بازرگانی دوای ئەوەی لە بەغداوە دەگاتە شارەکان لای ئێمە دادەنرێت تا تێستێکی تری وەزارەتی تەندروستی دەکرێت هەرچەندە لەولاوە کە دێت تێست کراوە لە حکومەتی عێراقی هیچ تێستێکی تر ناکرێت، دوای ئەوەی کە لە وەزارەتی تەندروستی بۆی دەکرێت کە بۆ ئێمە دێت جارێکی تر لە وەزارەتی تەندروستی تێستی بۆ دەکرێتەوە هەر تەنها ئەو چەند رۆژەی کە هەتا فەحسی وەزارەتی تەندروستیمان بۆ دێتەوە لە کۆگاکانمان دەمێنێتەوە ئەگەر نا لە کۆگاکان لە کاتی خۆی دابەش دەکرێت، وە باسی ئەوەشی کردووە کە بۆ ئەوانەی خوارەوە باشترن بە گشتی هەمووو خۆراکەکانی کە دێت سەلەی غیزائی یەك سەلەی غیزائییە وەکو یەکن، بەڵام رەنگە جارێك بۆ نمونە سەد هەزار تەن برنج بێت ئەو باخیرەیە بەبەر مەنتیقەیەك بکەوێت ئینجا باشترە یا خراپترە باخیرەیەکی تر بۆ شوێنێکی تر دێت رەنگە جیاوازی هەبێت ئەوەیان نازانم ئەگەر نا هەر هەمووی یەك سەلەی غیزائییە کاك دکتۆر اسماعیل باسی تەوزیعی ناوەختی مەوادی بیتاقەی تەموینی بەڕێزان بیتاقەی تەموینی بە دەست ئێمە نییە.
هەر بۆ بەرچاو روونی بەڕێزتان بیتاقەی تەموینی کە مەوادەکە دێت مانگانە نییە ئەوە نییە بڵێین ساڵ دوازدە مانگە هەر دوازدە مانگەکەی دەدرێت نە پار شەش حسە دراوە لە هەموو عێراق شەش حسە دراوە خەڵکێك پێی وایە زۆر جار هەر بۆشمان دەنووسن هەندێك جار قسەی نەشیاویش دەنووسن کە بۆچی شەش مانگتان داوە شەش مانگەکەی تر خواردووتانە چتان لێ کردووە، یەعنی بەوە نییە بە مانگ نییە پار شەش حسە هاتووە لە هەموو عێراق هەتا ئێستا مانگی ئەوە شەشە تەنها چوار حسە هاتووە چەند ساڵێکە لە دە حسە زیاتر نایەت ساڵانە پار هەر شەش هاتووە دەیەکەش نەهاتووە یەعنی ناتوانین بڵێین بۆ لە کاتی خۆی تەوزیع ناکەن.

موهیم ئەوەیە کە هات و گەیشتە دەستی ئێمە بە تەئکید لە وەختی خۆی تەوزیعی دەکەین پلانی درێژ خایەنمان چییە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ فرەیی کردن و تەنویعی مەسائیلی دەخلی گرنگی داوە بە سێکتەرەکانی تری جگە لە نەوتی، بۆئەوەی بتوانین ئیعتیماد تەنها لە سەر یەك کەرت نەکەین لای ئێمەش گرنگی گەورەمان داوە بەوەی کە مەعامیل دروست بکرێت.
بەڵام بەڕێزان وەکو باسمکرد مەعامیل هەتا مەوادە ئەوەلیەکەی زۆر نەبێت ناتوانین و خەڵکیش ناتوانێت بە ئاسانی مەعامیل دروست بکات، بۆیە ئێمە دەبێت مەوادە ئەوەلییەکە بەرهەم بێنین چ کشتوکاڵی بێت چ غەیری کشتوکاڵی بێت.
کاك دکتۆر محی الدین وتی ئێمە سەردانی شوێنان دەکەین پێشوەختە ئاگادار دەکرێنەوە وەڵا ئێمە ئاگادار نین کە دەچن ئەگەر خۆتان ئاگاداریان بکەنەوە ئەگینا ئێمە هیچ ئاگادار نین کە ئێوە دەچن، بۆئەوەی پێشوەختە ئاگاداریان بکەینەوە من خۆم رۆژێك تەلەفۆنێکیان بۆ کردم وتیان لە فلان شوێن ئەو نرخەی لێی داوە دابەزینی بۆ کردووە لە کاشێرەکە وا نییە هەر بۆ خۆم لەگەڵ دوو کەس چووم هەر بێ ئەوەی کەس بزانێت ئێمە کێین لەوێ شتێکیشم کڕی ئەگینا هەمووی نەفسی شت بوو کاشێر و ئەو دابەزینەی بۆی کردبوو یەك شت بوو، بەڵام راستە ئەو رێکلامی دابەزاندنەی دەکرێت تەنانەت هەموو شوێنەکانیشمان ئاگادار کردۆتەوە کە بەبێ ئاگاداری وەزارەتی بازرگانی داشکاندن ناکەن بۆ هیچ کاڵایەك.
ئەوە بوو فەترەیەك پێش ئێستا ئەگەر بەڕێزتان ئاگادار بووبن گلەییەکی زۆر لە ئێمە کرا تەنانەت نامەیەکیشم بۆ هات کە خەڵك شت دادەبەزێنێت کەچی ئێوە دەچن کابرا عقوبە دەدەن ئێمە ئەگەر کەسێکمان عقوبە دا خاوەنی مارکێتێکی گەورە بوو شتی دابەزاندبوو بە بێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بین نەخێر ئێمە بۆ ئەوەمان نییە ئێمە دەبێت ئاگادار بین بۆ ئەوەی فێڵ لە هاووڵاتی نەکرێت، چونکە زۆربەی زۆری جارەکان کە رێکلام دەکەن دەڵێن شتمان دابەزاند ئەسڵ و ئەساسی نییە دابەزاندن نەکراوە رەنگە کە دەڵێن لە حەفتا هەزار کردمانە پەنجا هەزار لە ئەسڵدا خۆی بە چل هەزار بوو بێت و کەمتریش لەوە بووبێت، بۆئەوەی فێڵ لە خەڵك نەکرێت و دەستی خەڵك نەبڕدرێت، وە نەبێتە تەشجیعی ئەوەش کە خەڵك بڵێ مادام شتەکە زۆر هەرزانە بیکڕین دەبێت ئێمە ئاگادار بین و بچین بزانین فیعلەن لە مەنەفێستەکە نرخەکەی چەندە و ئایا دابەزاندنەکەی راستە، وە ئایا لە کاشێرەکەش دابەزاندنەکەی کردووە.
بۆیە بەڕێزان زۆر جار ئەو گلەییانە لە دەکرێت وەکو باسم کرد بە ناحەق دەکرێت، بەڵام وەکو باسم کرد ئێمە ئیشەکانمان بە میهەنیانە کردووە من ناڵێم وەڵا ئێمە عەیار بیست و چوارین ئێمەش ئینسانین رەنگە لێرە و لەوێ کەمتەرخەمی هەبووبێت، بەڵام ئاگاداری هەر یەك لەو کەمتەرخەمییانە بووبین چاوپۆشیمان لێ نەکردووە.
مامۆستا هەورامان باسی کەم کردنەوەی گرانی کردووە ئایا موحتەکر سزا دراوە یا نە من باسم کرد ئەوانەی کە پەنا بۆ گران کردنی فاحش ببەن یا قۆڕخکاری ببەن یا شاردنەوە ببەن بە فیعلی باسیشم کرد ئەوەندە سەردانەمان کردووە و ئەوەندە خەڵکەش سزا دراوە و چاوپۆشیشیان لێ ناکەین بە تەئکید باسی ئەوە دەکرا لە هەندێك شوێن نرخ جیاوازە لە هەندێك شوێنی تر.
وەڵا بەڕێزان زۆر جار ئەو پرسیارە دەکرێت رەنگە خۆراکێك یا مەوادێك کە لە ئێرانەوە دێت لە پێنجوێنەوە هەرزانتر بێت لەوەی کە لە دهۆك یا لە هەولێر بفرۆشرێت، بە حوکمی ئەوەی لە

سەری نامێنێت، بەڵام لە نزیك یەكتر و لە شوێنەكانی تەنیشت یەكتری ئەوە فیعلەن ئێمە چاودێری بازرگانییەكانمان رادەسپێرین ئەگەر حالەتی وا هەبێت یەعنی ئەگەر ئەو ئاوە هەمان كوالێتی هەبێت و هەمان نەوع بێت لە شوێنێك بە هەرزان بفرۆشرێت و لە شوێنێكی تر بە گرانتر انشاالله چارەسەری ئەو بابەتە دەكەین و پێشتریش ئەوانە كراون، بەڵام لە هەر شوێنێك بێت چاودێری بازرگانییەكەمان و كاك شێخیش لێرەیە رایان دەسپێرین بۆ ئەوەی ئەو حالەتە بنەبڕ بكرێت.
كاك رۆمیۆ باسی ئەوەی كرد نازانم ئەگەر تێگەیشتنەكەم تەواو بێت لە پرسیارەكەی بۆ بیست و پێنج كۆمپانیای هاوردە كردن هەبێت لای ئێمە كۆمپانیای هاوردە كردن هیچ سنووری نییە كاك رۆمیۆ وەكو باسیشم كرد هەر كۆمپانیایەك موسەجل بێت و رێكارە قانوونییەكانی خۆی بڕی بێت بۆ هاوردە كردنی ئەو بوارانەی كە كە تێیدا موختەسن ئێمە سنوورمان بۆ هیچ كەس دانەناوە لای ئێمە زیاتر لە سی و یەك هەزار كۆمپانیا تۆمار كراوە كە بیست و حەوت هەزاری زیاتر كۆمپانیای خۆماڵیین.
ئەو پرسیارەم جواب داوە كە باسی خوری ئاژەڵ و ئەوانە كرا پرسیاری ئەوە كرا كە ئاسایشی خۆراك لە عێراق ئایا لە هەرێم هیچ سودی لێ وەردەگیرێت ئێمە بەداخەوە كەمترین سودی لێ وەردەگرین، چونكە دەبووایە لەو بەرنامەیە بابڵێین لەو یاسایە زۆرترین سود وەربگرین، بەڵام بێ سودیش نییە بەوەی كە هەم لە بیتاقەی تەموینییەكە هەرێمی كوردستانیش دەگرێتەوە و هەم لە كڕینەوەی پارەی گەنمی جووتیارانیش هەمان مەعامەلەی بەشەكانی تری عێراقی لێ دەكرێت، بەڵام دەكرا لەو شوێنەی ئیشی لە سەر كراوە سودی زیاتری لێ وەربگیرێت بە تایبەتی ئەو هەشت ترلیۆن دینارەی كە بۆ بابەتی پەرەپێدانی پارێزگاكانە كە پێموایە كوردستان ناگرێتەوە باسی ئەوە دەكرێت كە جیاوازی هەیە لە نێوان ئاردی كەركوك و هەولێر بەرێزان ساڵێك پێش ئێستا ئەو بابەتە وابوو، بەڵام ئێستا هەمان ئەو گەنمەیە كە لە بەشەكانی تری عێراق بۆمان دێت.
هەندێك حەقیقەت تاڵە بیڵێی قسەشت بۆ دروست دەبێت ئەو گەنمەی خۆمان ئەو كوالێتییە بەرزەی نییە كە گەنمی دەرەوە هەیەتی، بۆیە گەنمی دەرەوە مستەوردەكە دێنن لەگەڵ گەنمی خۆمان تێكەڵی دەكەین، بۆئەوەی ئاردێكی باشی لێ دەربچێت ئێستا ماوەیەكی زۆر باشە ئاردەكەی كوردستان كوالێتییەكەی باشە دەبێتە نان كێشەیەكی نییە من تەقریبەن دوو مانگ پێش ئیستا لە شوێنێك دانیشتبووم بەرێزێك باسی ئەوەی كرد كە ئاردەكەی فلان شوێن فلان ئاش بەكەلك نایەت و نانی لێ نایەت رۆژی پاشتر چووم خۆم ئاردم لەو ئاشە وەرگرت و بردم لە ماڵان لە شوێنێكی تر وتم بۆم بیكەن بە نان وەڵا نانێكی زۆر جوانی لێ هات هیچ عەیبی نەبوو مەبەستم ئەوەیە ئاردەكەی ئێمە ئیستا خراپ نییە ساڵێك پێش ئێستا وابوو، بەڵام یەك ساڵە ئاردەكەی ئێمە زۆر باشە.
بەرێزێك باسی ئەوەی كرد سایلۆی گەنم دروستكرا پاشان سایلۆیەكە داخرا باسی سایلۆی دەشتی كۆیەی كرد لە كۆیە سایلۆمان نەبووە هەتا دایبخەین بەستر پێرار یەك بنكەی وەرگرتنی گەنمی لێ بوو ئەو بنكەیەشمان نەهێشتووە، چونكە لێرە دەتوانن گەنمەكانیان تەسلیمی سایلۆی هەولێر بكەن كاك دابان دەڵێت چەند سایلۆیەك هەیە بۆ ئیستیلام ناكرێت سێ سایلۆمان هەیە

بەڵــێ وەكــو وەزارەت ئیســتیلاممان كــردووە، بەڵام نەكەوتــۆتە گەڕ لەبەر ئەوەی هەنــدێك پێداویستی هەبووە و دەبێت فەرمانبەریشی بۆ دابمەزرێت.
باسی ئەوە دەكرێت گوایە لە سەر بنەمای حزبی خەڵك دادەمەزرێنن نەخێر ئێمە دەستمان بە ئیش كردووە و هەنگاومان بۆ ئەوە ناوە رابگەیەندرێت ئەو كەسانەی دەیانەوێ تەعین بن لەو شوێنە بە پێی ئەو مۆسەفاتانەی كە تێیاندایە باسی ئەوە دەكرێت كە ئایا كۆمپانیاكانی بەغدا ددددەتوانن لە هەرێم كار بكەن بەڵێ دێن فەرع لێرە دەكەنەوە و ئیشی خۆیان دەكەن.
بەڕێزێك باسی ئەوەی كرد لە كاتی رەمەزان و بۆنەكان قۆرخكاری دەكرێت ئێمە لەو كاتیشدا تەنانەت لە رەمەزانان لە شەوانیشدا لیژنەكانی چاودێری بازرگانیمان لە مۆڵ و ماركێتەكان دەگەڕێن، بەڵام بەڕێزان ئێمە زۆربەی هەرە زۆرمان موسڵمانین حەق وایە لەو رۆژە و لەو كاتی هەر نەكرێت كاك جلال دەڵێت گلەیی لە سەر خۆراكی هاووڵاتی هەیە لە سەر چەندایەتی و چۆنایەتی وەكو باسمكرد چۆنایەتی و چەندایەتییەكە ئەوە هەر هیچ هەموو عێراق وەكو یەكە بۆ نمونە چەند غرام ئاوی تەماتە دەدرێتە هاووڵاتییەك لە بەسرا لێرەش هەر ئەوەندەی پێ دەدرێت لە رووی چەندایەتی لە رووی چۆنایەتیشەوە رەنگە سەدا سەد نەك لە بەینی هەرێم و عێراق لە بەینی شارێك و شارێكی دیكەش وەكو یەك دەرنەچێت، چونكە وەكو باسم كرد مەسەلەن كە تۆ ئاوی تەماتە دێنی مومكینە لە دوو شەریكە سێ شەریكەوە دێنێت هەموو شەریكەكان وەك یەك نەبن و كوالێتیان وەك یەك نەبێت ئەگەر نا باوەڕ ناكەم ئەو جیاوازییە هەبێت.
كاك جلال پەرێشان باسی ئەوەی كرد خەڵك داوا دەكات گەنم تەسلیمی بەغدا بكرێت نەك هەرێم نازانم من ئەو حالەتەم گوێ لێ نەبووە، چونكە ئەو گەنمەی كە لە سایلۆكانی خۆمان وەردەگرین وەزارەتی بازرگانی عێراق پارەكەی دەدات و تەوزیع لەسەر هاووڵاتییان دەكرێتەوە نایینە سایلۆكانی تری عێراق، چونكە ئەگەر لای ئێمە تەواو بێت گەنم نەمێنێت حەتمەن هەر لەوێوە جارێكی تر تەمویلمان دەكرێتەوە هەر چەندی گەنم هەبێت لە سایلۆكانی خۆمانەوە دەتوانین وەریبگرین.
كاك سفین باسی ئەوەی كرد بە ناوی بنە تۆی پارە لە جووتیاران دەگێڕنەوە و جووتیاریش سودمەند نییە ئەو بابەتە چەند رۆژێك پێش ئێستا لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عێراق باسمان كرد كە ئەو پارەیە نەگێڕنەوە كە (٢%)یە كاك سفین كە لە جووتیار دەگێڕدرێتەوە بۆ پاڵپشتی بنەتۆ ئەو بابەتانە نە لای ئێمەیە لە وەزارەتی بازرگانی نە لای وەزارەتی بازرگانی فیدراڵە لای وەزارەتی كشتوكاڵی عێراقییە ئەوان داوا دەكەن بگێڕدرێتەوە لە دەستی ئێمەدا نییە، چونكە ئەوان بە حساب دەعمی فەلاح دەكەن بۆ هێنانی بنەتۆ.
دكتۆرە شایان باسی ئەوەی كرد ئایا موستەهلیك دەتوانێت ئەگەر كالایەكە خراپ بێت بیگەڕێنێتەوە ئێمە بە جدی ئێستا ئیش لە سەر ئەوە دەكەین بە تایبەتی دوای دروست كردنی مەجلسی مونافەسە و مەنعی ئیحتیكار و مەجلسی حیمایەی موستەهلیك ئەو بابەتانە هەمووی دەچنە بواری جێبەجێ كردنەوە وە دەتوانین لەو رووەشەوە بە تایبەتی بۆ كۆنترۆڵی بازاڕ ئەو لیبلەی كە لە سەر هەر مەوادێك بەو مواسەفاتانە بێت هاووڵاتی بتوانێت ماددەكە بگەڕێنێتەوە بۆ شوێنەكەی خۆی ئایا تێستەكانی كوالێتی خۆراك جێی دڵنیاییە وەكو باسم كرد ئەوەی لە

مەرزەکان دێت لە لای کوالێتی کۆنترۆڵە ئەوان دەزانن ئەوەی لای ئێمەش بەرهەمی کارگەکانی ئێمە لە وەزارەتی خۆمان شوێنمان هەیە بۆ تێست و فەحس کردنی ئەو مەوادانە.
من سوپاستان دەکەم ئەگەر شتێك مابێت بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد ئایا پەیوەندیتان لەگەڵ کونسوڵەکان چۆنە ئێمە پەیوەندییەکی باشمان هەیە لەگەڵ هەموو کونسوڵگەرییەکان، وە هەر یەکێکیش هاتبێتە لای ئێمە چ ڕێکخراوەکان بێت چ کونسوڵگەرییەکان بێت چ شەریکات بێت ئێمە دەعممان کردوون و داوامان لێ کردوون کە خەڵکی خۆیان هان بدەن بێنە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان جیایە لە بەشەکانی تری عێراق و دەتوانن وەبەرهێنانی تێدا بکەن، سوپاستان دەکەم و ئەگەر شتێکم بیر چووبێت داوای لێبووردنتان لێ دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دوای وەڵامەکانی بەڕێز وەزیر راسپاردەکانی لیژنەکانی وزە وسامانە سرووشتییەکان وپیشەسازی وبازرگانی وتەندروستی و ژینگە ومافی بەکاربەر دوای دەوڵەمەندکردنیان بە راوبۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان دەخەینە دەنگدان و دەبێتە راسپاردەی پەرلەمانی کوردستان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەر کەس لەگەڵە با دەست بەرز بکاتەوە کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٥٤) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان وەزیری بازرگانی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)ی**
**چوار شەممە ڕێکەوتی ١٥\٦\٢٠٢٢**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)
# چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/١٥

کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/١٥ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٢) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی ماددەی/٥ بڕگەی/١ لە ماددەی/١٦ و بڕگەی سێیەم لە ماددەی/١٨ بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی/٢٠ و ماددەکانی/ ٤٧ و ٤٨ بڕگەی یەکەم لە ماددەی/٥٢ و ماددەکانی ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە/٦ ی ئاسایی، خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٦/١٥ بەم شێوەیە بێت:

خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پێشنیاز و پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و٨٩ و ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١-پێشنیازە یاسای بەرکارکردنی هەموارکردنی یاسای فیدراڵی واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنیەکان ژمارە/٧٨ ی ساڵی ٢٠١٢.

٢/پڕۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان.

٣/پڕۆژە یاسای دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ ئەکەین دانیشتنی ژمارە (٦)ی وەرزی بەهارەی ساڵی چوارەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەکەین پوختەی دانیشتنی پێشوو و ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی ماددەی/٥ بڕگەی/١ لە ماددەی/١٦ و بڕگەی سێیەم لە ماددەی/١٨ بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی/٢٠ و ماددەکانی (٤٧ و ٤٨) بڕگەی یەکەم لە ماددەی/٥٢ و ماددەکانی (٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی، خولی بەهارەی

ساڵی چـوارەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـان لە کـاتژمێر (١٠)ی بەیـانی ڕۆژی چـوار شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٦/١٥ بەم شێوەیە بێت:

خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پێشنیاز و پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکـانی (٨٧ و ٨٨ و٨٩ و ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١- پێشنیازە یاسای بەرکارکردنی هەموارکردنی یاسای فیـدراڵی واژووی ئەلیکترۆنـی و مـامەڵەی ئەلیکترۆنیەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی .٢٠١٢

٢- پڕۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان.

٣- پـڕۆژە یاسـای دەسـتەی متمـانە بەخشـین بە دامەزراوەکـان و پرۆگرامەکـانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.

پـوختەی دانیشـتنی ژمـارە (٥) ی ئاسـایی بە پێـی حـوکمی بـڕگەی دووەمـی مـاددەی (٢٠ و ٥٢) لەپەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان، پـوختەی دانیشـتنی ژمـارە (٥)ی ئاسـایی خـولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٠)ی بەیـان یـڕۆژی یەك شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٦/١٢ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و نـاوی ئەنـدامانی ئامـادەنەبوو بە مـۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣- دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤- خستنەڕووی گفتوگۆ کردنـی ڕاپـۆرتی لیـژنەی وزە و سـامانە سروشـتیەکان و پیشەسـازی و بازرگانی و سەبارەت بەگرانی بازاڕ و بەرزبوونەوەی نرخـی پێداویسـتی ڕۆژانەی هاووڵاتیـان بەکۆی دەنگ ئەندامانی پەرلەمان ڕەزامەندی درا ڕاپۆرتی لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان و پیشەسـازی و بازرگـانی، لیـژنەی کاروبـاری تەندروسـتی و ژینـگە و مـافی بەکـاربەر و دوای دەوڵەمەند کردنیان بەڕاوبۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان وەك ڕاسپاردەی پەرلەمان ئاڕاسـتەی لایەنی پەیوەندیدار بکرێت.

٥- دواخسـتنی خوێنـدنەوەی دووەمـی پێشـنیازی یاسـای بەکـارکردن و هەمـوارکردنی یاسـای فیدراڵی واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنیەکانی ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢.

٦- کۆتایی هاتنی دانیشتنی پەرلەمان لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز سـەرۆکی پەرلەمـان، لیسـتی بە مـۆڵەت و بـێ مـۆڵەتی ئەنـدامان لە دانیشـتنی ژمـارە/٥ ی ئاسایی ٢٠٢٢/٦/١٢:

بەیـانی/ هەموویـان مۆڵەتیـان پێـدراوە تەنهـا د.کـاظم فـاروق بەبڕیـاری ژمـارە (٢)ی ٢٠٢١ ئامادەنەبوو، (ارشد حسین محمد، باڵانبو محمد علی، ڕاهی ڕەهبەر ابراهیم، سەلما فـاتح تۆفیـق، شـنۆ اشـقی عبـدالله، صـباح محمـود محمـد، عبدالسـتار مجیـد قـادر، فاهیـك کمـال صـوغومون، هەڵکەوت انور خلیفە، باپیر کامەلا سلیمان).

ئێوارە/ لە ٢٠٢٢/٦/١٢ اشنا عبدالله قادر/ بێ مـۆڵەت، بـاپیر کـامەلا سـلیمان/مـۆڵەت، زکـری احمـد اسماعیل/بـێ مـۆڵەت، بـاڵانبو محمد علـی/مـۆڵەت، راهـی رەهـبەر ابـراهیم/مـۆڵەت، سـلما فـاتح توفیق/مـۆڵەت، سوسـن محمـد میرخـان/ مـۆڵەت، شـنۆ اشـقی عبـدالله/ مـۆڵەت، صـباح محمـود

محمد/ مۆڵەت، عبدالستار مجید قادر/مۆڵەت، فاهیك كمال صوغومو/ مۆڵەت، كاظم فاروق نامق/ بەبڕیاری ژمارە/٢ ی ٢٠٢١ ئامادەنەبووە، هەڵكەوت انور خلیفە/ مۆڵەت.
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ناوی ئەو ئەندامانەی كە بە مۆڵەت یان بە بێ مۆڵەت لە كۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەكان ئامادەنەبوون:
لیژنەی كاروباری پێشمەرگە ٢٠٢٢/٦/١٣
سەروان محمد علی/ مۆڵەت
لیژنەی كاروباری تەندورستی و ژینگە و مافی بەكاربەر ٢٠٢٢/٦/١٣
د.صباح محمود محمد/ مۆڵەت
زانا خالد سمایل/ مۆڵەت
گلاوێژ عبید سیان/ مۆڵەت
لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری ٢٠٢٢/٦/١٣
محمد سعدالدین انور/ مۆڵەت
سەركۆ ئازاد حسین/ مۆڵەت
لیژنەی ئاوەدانكردنەوە و وەبەرهێنان ٢٠٢٢/٦/١٤
شوان كریم محمد/ مۆڵەت
مژدە محمود محمد/ مۆڵەت
هەورامان حمەشریف/ مۆڵەت
لیژنەی پەیوەندیەكان و ڕەوەندی كوردستانی ٢٠٢٢/٦/١٤
محمد سعدالدین انور/ ئامادە نەبوو
لیژنەی دەستپاكی ٢٠٢٢/٦/١٤
د.صباح محمود محمد/ مۆڵەت
مژدە محمود محمد/ مۆڵەت
لیژنەی ڕۆشنبیری و كۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان ٢٠٢٢/٦/١٤
سەلما فاتح توفیق/ مۆڵەت
لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەكان و پیشەسازی و بازرگانی ٢٠٢٢/٦/١٤
شێركۆ جودت مستەفا/ مۆڵەت
جنان جبار بویا/ مۆڵەت
لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری ٢٠٢٢/٦/١٤
سیپان سالم حسن/ مۆڵەت
جنان جبار بویا/ مۆڵەت
زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست بە جێ بەجێ كردنی بەرنامەی كار دەكەین بڕگەیەك هەیە بەڕێزان ئێستا وەرتان ئەگرم ناوەكان ئەنووسین بەڕێزان، بەڕێزان بە پێی حوكمەكانی بڕگەی/١ لە ماددەی/٤٨ داوا ئەكەین خاڵی یەكەمی بەرنامەی كار پاش و پێش بكرێ لەگەڵ خاڵی/٣ واتا خاڵی یەكەم بكرێتە خاڵی

سێیەم، چەند کەس لەگەڵ ئەم خاڵەیە با دەست بەرز بکاتەوە بێ زەحمەت؟ بە دەنگی ٥٨ ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار دەبێتە خاڵی سێیەم، خاڵی دووەمیش دەبێتە خاڵی یەکەم واتا بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانیەکان دەکەین بفەرموون بێنە ئێرە، ناوەکانیش تۆمار بکە هەندێك لەوانەی خاڵی پەیڕەوییان هەیە، نا جارێ ئەوەی لیژنەی شارەوانی و گەشتوگوزار، ئێ ئەوە ئەبێتە برگەی یەکەم ئەوەی تر دەبێتە برگەی دووەم ئەوەی پەروەردە، یەکەم ئەبێتە سێیەم، سێیەم ئەبێتە دووەم، دووەم ئەبێتە یەکەم بەڕێزان خۆ وازحە یەعنی، بەڵێ بەڕێزان ئەم بەڕێزانە دەستیان بەرز کردووەتەوە بۆ ئەوەی نوقتە نیزام بڵێن، نوقتە نیزامیش بەپێی ماددەی/٥٦ تەنها بۆ بەبیرهێنانەوە ئەیخوێنینەوە (ئەندام دەتوانێت پشت بەستن بە یەکێك لە مادده و برگەکانی دەستوورو یاسا بەرکارەکان و یان یەکێك لە مادده و برگەکانی ئەم پەیڕەوە لە هەرکاتێکی دانیشتنی پەرلەمان بێ لەڕێی خاڵی پەیڕەوی داوای وەرگرتنی مۆڵەت لەسەرۆك بۆ ماوەیەك کە لەیەك خولەك زیاتر نەبێ، بەبێ ڕەچاو کردنی ڕیزبەندی و ئاخاوتن، دووەم/ تەنیا ئەم بارانە بە خاڵی پەیڕەوی دائەنرێ، یەکەم/ پێشێل کردنی یەکێك لە مادده و برگەکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکان یان یەکێك لە مادده و برگەکانی ئەم پەیڕەوە، دووەم/ ئەگەر گفتوگۆکان لە بابەتی دانیشتنەکە دەرچوون، سێیەم/ داواکردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێك و بڕیاردان لەسەر گفتوگۆی بابەتێکی تر یان ئاڵوگۆر لە بەرنامەی کار، سێیەم/ ئەگەر ئەندام بە خاڵی پەیڕەوی داوای ئاخاوتنی کرد، بەڵام ئاخاوتنەکەی خاڵی پەیڕەوی نەبوو سەرۆك دەتوانێ ئاخاوتنی پێ ببڕێ و لە کاتی دووبارە بوونەوەی لەو دانیشتنە هەلێکی تر بۆ ئاخاوتن بۆ خاڵی پەیڕەوی پێ نادرێ. کاك د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ئێمە وەك فراکسیۆنی یەکگرتوو ١٩ یاسامان پێشکەش کردووە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە بوارە گرنگەکاندا و جاری پێشوو داوامان کردو وەڵامیشمان دەست کەوت، بەڵام وەلامەکان، یەکەم/ زۆرێکی حکومەت ڕەفزی کردووە، پرسیاری یەکەممان ئەوەیە ئایا حکومەت بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەگەر ڕەهەندی دارایی هەبێ یان ئەبێ تەفسیری ئەوە بکات بۆچی ڕەفزی کردووە؟ ئایا بۆی هەیە حکومەت بە ڕەهایی هەموو یاسایەکی پەرلەمان ڕەفز بکات کە نەنێردرێ بۆی، ئەمە یەك، دوو/ بەڕێز وەزیری پەرلەمان و حکومەت تەنها ئەو بەڕێزیان ڕەفزی یاساکانی ئێمەیان کردووە، بە نوێنەرایەتی حکومەت، وەزیری مەعنی وەزارەتی مەعنی ئاگای لەو یاسایانە نییە کە ئێمە ناردوومانە بۆیان، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمە موخالەفەیەکی پەیڕەوی وازح نییە کە دەسەڵاتی وەزیری پەرلەمان و حکومەت بەو ڕەهاییە ڕەفزی یاسای دە پەرلەمانتار زیاتر بکات کە پێشکەشی کردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پاڵپشت بە ماددەی (٧٩) بڕگەی (٢) خاڵی (١) قسە ئەکەم، هەر بوونی بابەتێکی گشتی یان بۆشاییەکی یاسایی باس زەرورەتی دەرکردنی یاسایەك ئەکات، بەپێی ئەم پرۆژە یاسایەی کە خراوەتە بڕگەی یەکەم، ماددەی/٢ و لە بڕگەکانی یەکەم ودووەم و سێیەم کۆی ئەو ئامانجانەی کە باسکراوە، هەمان ئەو ئامانجانەن کە وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پەروەردە هەیانە، بۆیە بەبڕوای من هیچ داعی نییە بۆ دەرکردنی یاسایەکی لەم جۆرە و زەرورەتێکی یاسایی نییە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کە هاتە سەر ئەو کات ڕەئی خۆت ئەو کاتە بڵێ، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ڕای کاك مەمم هەبوو، ڕاستییەکەی ئەم پرۆژە یاسایە یەعنی زۆر ناڕوونی تیایە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان با بچینە سەر ئەو بڕگەیە ئینجا، بەڕێزان ئەکرێ لەو کاتە ڕای خۆتان بڵێن پاڵپشتی هەبێ ئەتوانن بیگۆڕن، ئاشنا خان فەرمووو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکەی منیش تێبینیم هەیە لەسەر هەمان بڕگە، بڕگەی (٣) ی بەرنامەی کار، ئەگەر مۆڵەتم بدەن سوپاستان ئەکەم، ڕاستە ئەو بڕگەی سێهەمە، بەڵام لە ئێستادا گرنگە قسەی لەسەر بکەین، سەرنجی بەڕێزتان وەکو دەستەی سەرۆکایەتی و هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی ڕائەکێشم بۆ چەند بابەتێکی گرنگ، چەند تێبینیەکی گرنگ کە لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە هەیە، سەرەتا ئەم پرۆژەیە پێچەوانەی کارنامەی کابینەی نۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەو پێیەی کە کابینەی نۆی کار ئەکات لەسەر تەشهیر کردن و کەم کردنەوەی دامەزراوەکان، بەڵام ئەمە زیادکردنی دامەزراوەیەکە، دووهەم/ مەسەلەی ئەوەی کە کاتێك ئێمە پرۆژەیەك تەقدیم ئەکەین یان باس لە فەرمانبەرانی گرێبەست و بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەران و مامۆستایانی وانەبێژ و کۆمەڵێك بابەت ئەکرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەڵێ ئەم بابەتانە بارگرانی دارایيم لەسەر دروست ئەکات، ناتوانین، بەڵام لە ئێستادا ئەم پرۆژەیە پێشکەش کراوە بوودجەی تایبەتی لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بۆ تەرخان کراوە، کە لە کاتێك ........ .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاشنا خان دەقەکەت تەواو، دەستت خۆش بێ دەتوانی گفتوگۆکان لەناو لیژنە بکەی یان لە کاتێك کە هاتینە سەر ئەو بڕگەیە، هەر ڕەئیەکتان هەیە بیخەنەڕوو، ڕۆژان خان فەرمووو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە پێی ماددەی/٦٦ بڕگەی٧ لە پەیڕەوی ناوخۆ قسە ئەکەم، سەبارەت بەو یاداشتانەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکرێ، بڕگەی/٧ ئەو ئەندامانەی کەواژوویان کردووە

دەسـپێکی ئاخاوتنیـان پـێ ئەدرێ بە پێـی بـڕگەی/٧، لە مـاددەی/٦٧ دا هـاتووە، یەعنـی فەرزی نەکردووە ئەڵێ ئەکرێت ئاراستەی دەستەی سـەرۆکایەتی بـابەتی یاداشـتەکە ئاڕاسـتەی لیـژنەی تایبەتمەند بکات، با جەوازی هاتووە، واجب نییە لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی هەموو یاداشتێك ئاڕاستەی لیژنەی تایبەتمەند بکات بۆ ئەوەی ڕاپـۆرت بنووسـێ لە کاتێـك دا هەمـوو یاداشـتەکان ئاڕاستەی لیژنە تایبەتمەندەکان کراون هەندێ لەو یاداشـتانە پێویسـتیان بە ڕاپـۆرت نیـیە، ئـێمە ژمـارەیەك لە ئەنــدامانی پەرلەمــان واژووی یاداشــتێکمان کــرد لە ٢٠٢٢/٣/١٥ ســەبارەت بەو ڕاسـپاردانەی لە ٢٠٢١/٣/١٦ و ٢٠٢١/٤/١٤ ئاڕاسـتەی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان کرابـوو ئەمە پێویسـتی بە ڕاپـۆرتی لیـژنە نیـیە، چـونکە ئەمە خـۆی لە ئەساسـدا ڕاسـپاردەیەو یاداشـتەکە پێویستی بە....... .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خـۆش بەڕێـزان پێشـتر لە دانیشـتنی پێشـتر بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان ڕوونکـردنەوەی پێویسـتی لەسـەر ئەم بـابەتە دا ئـێمە ئەو یاداشـتانە لە مـاددەی (٦٦) زۆر بەڕوونـی هـاتوون کە ڕێـژەی یاسـایی ئەتـوانن داوایەك پێشـکەش ئاراسـتەی دەسـتەی سـەرۆکایەتی بـکەن بـۆ ئەوەی بابەتێکی گشتی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەنـدار لە حکـومەت، بـابەتی گشـتی ئەبـێ ئەم بەڕێـزانەی کە داوا ئەکەن ئەم یاداشـتە ئەنجـام بـدرێ بـۆ خۆیـان ڕاپـۆرتێکی بەدواداچوونیان هەبێ و هەندێ فاکت و داتایان هەبێ، لیژنە کە ڕائەسپێرین بە پێی ماددەی/٦٦ بـۆ ئەوەی ڕاسـپاردەکان ئامـادە بـکەن، ئەگەر ئەو ئەنـدامە بەڕێـزانە خۆیـان بەدواداچوونیـان نەکردبێ بابەتەکان فاکت و داتایان لەبەردەست نەبێ لیژنەی تایبەتمەند لەزۆربەی لیژنەکـان داوا لە ئێمە کرا کە بە بێ ڕاپۆرتی ئەندامان ئێمە نـاتوانین ڕاپـۆرت ...... ئـێ ئەگەر ڕاپـۆرتەکە هەبـوو ئەو کات لیژنەی تایبەتمەند دەتوانێ ئێمە جەخـت لەو ڕاپـۆرتە ئەکەیـنەوە و ئەوە ئەکەیـنەوە بە ئەساسەکەی، روپاك خان فەرمووو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تایبەت بەو سوودمەندانەی کە سوودمەندی قەرزی بچووك و هەروەها قەرزی هاوسـەرگیری کە ئێستا حکومەت پێیـان دەڵـێ دەبـێ ئەوەی کە لەسـەریان مـاوە بیـدەنەوە، بەشـێکی زۆریـان مـووچەی کەفیلەکانیـان راگیـراوە بەمەش کێشـەیەکی زۆر زۆر دروسـت بـووە هەم کێشـەی کۆمەڵایەتی لەسـەریان و بـارگرانیەکی دارایـی زۆریشـیان لەسـەرە، چـونکە ئەو خەڵکـانە ئەوەی سوودمەندە زۆری پێویستی بەو پارەیە بووە یاخود باری دارایی خـراپە، حکـومەت لە کاتێـك دا کە مووچە پاشەکەوت کراوەکـان و لـێ بـڕین نـاگێڕێتەوە چـۆن دەتـوانێ سـوودمەندان مـولزەم بکات کە ئەو بەشەی قەرزیان........... .

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس خاڵی پەیڕەویش نەبوو، کاك رزگار فەرمووو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله مـن سـەبارەت بە ئەو یاسـایە قسـە ئەکەم کە دەرچـووێنرا بـۆ خـاوەن کردنـی زەویـیە زیادەڕەوییەکان، ئەو بەدواداچوونەی کە کردوومە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە ئیدارەی گەرمیـان تەنیـا یەك خانووشـی نەچـۆتە بـواری جـێ بەجـێ کـردنەوە بـۆ بەخـاوەن کردنـی زەویە زیادەڕەوییەکان، چۆن ئەکرێ پەرلەمانی کوردستان یاسایەك دەربکات، بەڵام لایەنـی تەنفیـزی کە حکومەتە جێ بەجێ ی نەکات، تەنها لە گەرمیانیش دا نییە، لە پارێزگای سلێمانیش جـێ بەجێ نەکراوە بۆیە داوا دەکەم پەرلەمانی کوردستان....... .

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەکرێ یاداشتێك بنووسی کاك رزگار، بەڵێ سەرچاو سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، پشتگیریلە ئاشـنا خـان دەکەم، بەڵام ئەوەی ئەمـن بـاس دەکەم بەدەر لەوشتانەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەو ڕۆژانە لەشاری سلێمانی لەناو دادگای سـلێمانی سـوکایەتیەکی گەورە بە ئـافرەت کـرا، یەعنـی بەڕاسـتی حەق وایە پەرلەمـانی کوردسـتان هەڵوێستەکی هەبێ، جەنابت و بەڕێز د.ڕێـواز حەق وایە لیژنەیەکـی تەشکیل بـکەن لەسـەر ئەو پێشێلکاریەی بەرامبەر بە ئافرەتان دەکرێ، ڕۆژانە سەدان ئافرەت دەکـوژرێ لەم وڵاتەی دا کەس لێی ناپێچێتەوە......... .

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین سوپاس، کاك یاسین ئەگەر ئیجازە هەبێ، بەڕێـزان ئـێمە لیـژنەی تایبەتمەنـد، لیـژنەی کاروباری کـۆمەڵایەتی بەدواداچوونیـان کـردووە، ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان بەدواداچـوونی کردووە و لیژنەی تایبەتمەندیش ڕائەسپێرین بەدواداچوون بـۆ هەمـوو ئەو کەیسـانە بـکەن، زۆر سوپاس کاك یاسین، کاك د.ڕیبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من بە گوێرەی مـاددەی/٥٤ قسـە ئەکەم، قسـەی منـیش لەسـەر ڕاپـۆرتی چاکسـازییە کە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان نـاردوویەتی، ئەوە دیـارە بە دەسـت خۆشیەکی زۆرەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دوا ڕاپۆرتی خۆی ناردووە، ڕاپۆرتی چاکسازی بۆ پەرلەمانی کوردستان ڕەنگە ١٠ ڕۆژ یان هەفتەیەك بخایەنێ، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێسـتا لە سەندوقی پەرلەمانتاران دانەنرا بۆ ئەوەی مـوتەلەع بـین لەبەرئەوەی خـاڵی گرنگـی تیـایە، ئـێمە وەکو پەرلەمانتار موهتەمین بزانین لە نێوەڕۆکی ڕاپـۆرتەکە چـی هـاتووە لە بـواری چاکسـازی و یاسای چاکسازی دا بە تایبەتی ئەوەی کە زانراوە هەندێ خاڵە گرنگی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك ڕێڤنگ فەرموو.

**بەڕێز ریڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناڤێ خودێ، ئەز ژی ل گورێ ماددەیا/٦٦ بڕگا/٥ ی ئاخافتنا خۆ دکەم، دوو خاڵێت گەلەکی گرنگ هەنە بەرامبەری پێشمەرگەن شۆرشێ، ئێک ش وان ئەڤەیە ئەو پێشمەرگەیەت ناڤا شۆرش دابوون سالا شێستان هەتاکو نۆهەد و یەکێ ژی، وەختێ خانەنشین بن خانەنشینیا پێشمەرگە وان سالا ژ بەر دێتە برینێ ب ڕاستی دیڤیا وا پێداچوونەك د ڤێ دا بیتە کرن، ژ بەرکو لگورا ماددا/٣٨ لازمە سالەك، دوو سالا بۆ بێتە حساب کرن، بەلێ ئەڤە نایەتە حساب کرن، بەلێ لێ برینا خانەنشینیێ لێ تێتە برین دیسان ئەو پێشمەرگێن ب پلەیەن بالا یان ڕێڤەربەرێن گشتی هاتینە خانەنشین کرن، هوتاکو ڤێ گاڤێ ژ بەر پرۆژا چاکسازیێ ٤٠% ی مووچەیێ وان تێتە برین، هەمی ژا پێشمەرگێن دان عەمرن، ئیدیا لازلقی بابەتی بێتە کرن، دەرمان هاتن و چوون......... .

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، جەنابت سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگەی بەدواداچوونی ورد لەسەر ئەم بابەتە بکەن و یاداشتێك پێشکەش بکرێ ئێمە ئامادەین، گولیزار خان فەرموو.

**بەڕێز کلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤە بۆ چەند جار ژ لایێ گروپین نایاسایی جیران ڤە هەولێرا پایتەخت دێتە ئارمانج، هەر جارەکی ب حجەتەکی، پەنا بۆ ڤان هێرشان دهێتە برن، دەمەکی دا کو تەباییا هێرشان دا هەر هاوولاتی بینە ئارمانج، ئەڤ جا ئەم داخازێن یاداشتەکا ناڕازی بوونیش ژ پەرلەمانێ بۆ نەتەوەیەن یەکگرتی و پەرلەمانێن ولاتێت جیران بهێنە هەنارتن وەکو ناڕازی بوون بهێنە ئاگاهدار کرن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەپێی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٢٠ ماددەی (٧) بڕگەی (٦) ئەوانەی کە خزمەتی خانەنشینی نەگەیشتۆتە (١٥) ساڵ و تاوەکو سێ ساڵ خزمەتیان دەخرێتە سەر خانەنشینییان بۆ ئەوەی بگەنە تەمەنی خانەنشینی و ئیجباری خانەنشینی ئەو ماوەیە بدەن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوە نزیك دەبینەوە لە دوو ساڵ تا ئێستا ئەم بڕگەیە جێ بەجێ نەکراوە و کە ئەمەش هیچ تەعقیداتێکی وای تێدا نییە تاوەکو حکومەت نەتوانێ جێ بەجێ ی بکات، بۆیە داوا دەکەم هەرچی زووە ئەم بابەتە و ئەم بڕگەی ماددەیە جێ بەجێ بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکانێکی زۆر چاوەڕوانن کە مافەکانی خۆیان وەردەگرن کە بە پێی یاسا........

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەپێی ماددەی (٥٦) بڕگەی (١) قسە ئەکەم، ئەو بابەتەی کە کاك یاسین ئاماژەی پێی کرد پاڵپشتیەکم هەبێت هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەست بە پاراستنی کەرامەتیان بکەن لەناو خاکی کوردستان، لەهەموو پارێزگاکان لە هەولێر بێ لە سلێمانی بێ لە دهۆك بێ، خەڵك گلەییان هەیە لەوەی کە تەعامولێکی خراپ هەیە لە هەندێ شوێن بەشێوەیەکی عام نا، بەڵام حاڵەت هەیە کە ئەم حاڵەتانە ئازار بەخشن و نابێ دووبارە ببنەوە، بە هیچ شێوەیەك نابێ دەست درێژی بکرێتە سەر هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان، ئێمە چاوەڕێ بووین کە لەم بارەیەوە هەڵوێستێ هەبێ، ئەگەر لیژنە پێکهاتووە لیژنە بۆ کاری دیکە لە سلێمانی بوون نەك بۆ ئەو بابەتە، سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ سوپاس، کاك سەروان فەرموو.
**بەڕێز سروان محمد علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەناوی خودای گەورە و میهرەبان، تەبعەن من لەگەل ئەوەم بوو ئەمرۆ گرنگتر لە پرۆژەی گەشتوگوزار و ئەوانە بوو کە گرانی بەنزین و خراپی باروگوزەرانی خەڵکە، بە نیسبەت مامۆستایانی وانەبێژ دەمێکە چاوەڕێی ئەوەن کە ئێمە خەمێکی جدی لەوان بخۆین کەچی بێ دەنگین لێیان، سەبارەت بە لێ خۆش بوونی تایبەتیش چەندەمین جارە لەگەڵ کاك جلال پەرێشان داوای ئەوە دەکەین کە تەشکیلی لیژنەیەك بکرێ بۆ بەندکراوەکان کەچی تاکو ئێستا کەس ئەو لیژنەیەی نە ڕاسپێردراوە و نە تەشکیل کراوە، سەبارەت بە پێشمەرگە دیسان دێمەوە (٢١ بە ٧) حەفت جار داوام بەرز کردووەتەوە و بیست جاریش لێرە لەسەر مایك وتوومە تا ئێستا هیچ بۆ ئەوان نەکراوە، سەبارەت بە پلە بەرزکردنەوەی پێشمەرگە و خانەنشین کردنی ئاسایش و پۆلیسیش تاکو ئێستا لیژنە تەشکیل نەکراوە و بەدواداچوون نەکراوە، کەواتە ئەمن .......... .
**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، ئەو قسەیە لە پرۆتۆکۆڵ بسڕێتەوە، کاك عمر فەرموو.
**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، من بە پێی بڕگەی (٢) لە ماددەی (٨٠) ی پێرەوی ناوخۆ قسە ئەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکردووە مافێکی یاسایی مووچەخۆرانی پێشێلکردووە فەرمانبەرانی پێشێل کردووە، ئەویش پلە بەرزکردنەوەیە، ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان لە مانگی (٩) ی ساڵی ٢٠٢١ پێشنیازە بڕیارێکمان پێشکەش کرد، بەپێی پێشنیازە بڕیارەکە یەکێك لە ماددەکانی کۆتایی هێنانە بەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران و دەست پێ کردنەوەی پلەبەرز کردنەوەیە، لیژنەی یاسایی لە ڕێگەی بەڕێزتانەوە پێشنیازە بڕیارەکەی ڕەد کردووەتەوە و وتی کەلێنی یاسایی نییە، ئێمە بە پێی بڕگەی (٢) لە ماددەی (٨٠) پەیڕەوی ناوخۆ دیسان پێشکەشمان کردەوە لە مانگی/١٢ تکایە ئەوە شەش دانە

مانگە ئەو پێشنیازە بڕیارە لەبەردەست ئێوەی بەڕێز دایە بیهێننە هۆڵی پەرلەمان بە پێی ئەو بڕگە پەیڕەوییە بـا لێرە بڕیار بـدەین ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیـران هەڵوەشێنینەوە، فەرمانبەران هەموو مانگێ لە نێوان شەست تا چوار سەد هەزار دینار زەرەر دەکەن لە مووچەکانیان، ئەمە مافێکی یاساییە لە زاخۆ تاوەکو خانەقین........... .

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەست خۆش مامۆستا عمر سوپاس، کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بەو یەك، دوو ئەندامی بەڕێز باسی ئەو مامەڵە نا شارستانی و مامەڵە ناشیرینەی کە کردوویانە دەرهەق بە خێزانێك لە سلێمانی ئێمە دوێنێ لەسەردانەکانی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤی پەرلەمان بۆ پارێزگای سلێمانی بێجگە لە چاکسازیەکان و بێجگە لە سەردانی ئاسایش و شوێنەکانی تر سەردانی ئەم خانەوادە بەڕێزەمان کرد، یەکێك لە خاڵە ئەساسیەکانی سەردانەکانی ئێمە بوو توانیمان بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ کەسوکاری ئەم بەڕێزە دانیشین و ئێمە لە ڕاپۆرتی خۆشمان دا هەڵوێستمان دەبێ و هەڵوێستی خۆشمان دیاری دەکەین وەکو لیژنەیەکی پەرلەمانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە لەچەند ڕۆژی پێشوودا ئەو بەڕێزانە باسیان کرد لە دادگای سلێمانی هەڵسوکەوتێکی ناشیرین و نەشیاو ڕوویدا کە ئێمە لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئیدانەی ئەو هەڵسوکەوتە ئەکەین و ئومێدیش دەکەین جارێکی دیکە لە هەرێمی کوردستان ئەمە دووبارە نەبێتەوە، هەروەها دەست خۆشی لە جێگری سەرۆکی حکومەت و دامودەزگا ئەمنیەکانی شاری سلیمانی دەکەین کە یەکسەر هەستان بە ئیجرائات کردن ئومێد دەکەین بەشێوەیەك ئیجرائات بکرێت کە وا بکرێت وێنەی ئەمانە لە شوێنێکی دیکە لە هیچ جیگایەکی دیکە ئەم هەڵسوکەوتە دووبارە نەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خـوای گەورە و میهرەبـان، بەپێـی مـاددەی/٥٨ لە ١/١٨ ەوە مـن یاداشـتم ئاڕاسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووەو پرسیارم ئاڕاستەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کردووە سەبارەت بە داهاتی نەوت و ئەو بڕە نەوتەی کە ڕۆژانە دەنێردرێتە دەرەوە بەداخەوە بە پێی ماددەی/٦٠ دەبـووایە لە مـاوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر نـا زۆری دەبـووایە لە مـاوەی ٢١ ڕۆژ وەڵامـی پرسیارەکانم بدرابایەوە، بەڵام ئەوە پێنج مانگ تێ دەپەڕێ هەتا ئێستا من وەڵامی پرسیارەکەم

وەرنەگرتووەتەوە لە کاتێك دا زۆرترین پرسیار زۆرترین نا شەفافیەت لە کەرتی نەوتە لە هەرێمی کوردستان، ئێستا وەزعی بەنزین ڕۆژ بەڕۆژ خراپ تر دەبێ، ئەمرۆ خۆپیشاندان بووە لە شوفێرانی هەولیر لەبەر بەنزین ڕۆژانە پەنجا تا سەد دینار نرخی بەنزین لە هەرێمی کوردستان گرانتر دەبێ، یەعنی حکومەت تاکەی بەو شێوەیە بێ باك دەبێ بەرامبەر بە خەڵك تاکەی بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵك دەکەن؟ بۆچی نرخی........ .

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دەقەکەت تەواو کاکە، بەڕێزان تەنها بۆ زانیاری بەڕێزان ئەمە دوایین ئاماری پرسیارەکانن کە لامان ئەمڕۆ کاروباری پەرلەمان بە ئێمەیان داوە تاوەکو ئێستا (٣٩١٣) پرسیار ئاراستە کراون، کۆی ئەو وەڵامانەی هاتوون (٣٣١٨) پرسیارن، ئەو پرسیارانەی وەڵامیان نەهاتۆتەوە (٥٩٥) پرسیارن، ژمارەی ئەو نووسراوانەی جەخت کردنەوەیان بۆ کراوە ٤٥ پرسیارن، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان پرسیاری کردووە و وەڵامی نەهاتۆتەوە دەتوانێ داوامان لێ بکات و جەخت بکەینەوە، زۆرسوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەپێی ماددەی (٨٠) قسە ئەکەم و پرسیارم ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاساییە داواکارم وەڵامم بدەنەوە؟ سەبارەت بە برگەی (٣) لە بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنە دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان، ئایا دامەزراوەی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا متمانەیان نییە و پەرلەمان متمانەی پێ نەداون دەزگایەکی ڕەسمی نین، یەعنی چییە ئەم یاسایە ئەهێنێتە پەرلەمانەوە؟ بۆشایی یاساییشمان نییە؟ بارگرانی داراییش دروست دەکات، حکومەت ئەگەر ئەمە بە بارگرانی دارایی دروست دەکات، بۆچی پێشنیازە یاسای مناڵە ونبووەکان کە دوو سەد مناڵن لە هەڵەبجە ٣٤ ساڵە ون بوون پارە نییە بۆ ئەوە ڕەفزی ئەکاتەوە کە سەڵاحیەتی ڕەفزیشی نییە، بەڵام پێشنیازێکی بەم شێوەیە ئەهێنێ کە هیچ فەراغێکی یاساییمان نییە و ئەبێ دەستەیەکیش دروست بکرێت و هۆبە و لقی هەبێ لەسەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دا کە ئەمە بارگرانی نییە، بەڵام بۆ بابەتەکانی کە پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە و پەیوەندی بە هەڵەبجەوە هەیە بارگرانییە، تکایە وەڵامەمان بدەنەوە لەسەر ئەو بابەتە و سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەبارەت بە خاڵی (٣) ی بەرنامەی کار منیش هەمان تێبینی بەڕێز کاك مەم برهان قانع و ئاشنا عبدالله و خاتوو سەرچنارم هەیە، پشتگیریان ئەکەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکەصالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پشتیوانی لە تەواوی قسەکانی ئاشنا خان دەکەم، پێمانوایە بەپێی ماددەی (٧٩) کە دەڵێ پێویستە بۆشاییەکی یاسایی هەبێت بۆ ئەوەی کە پێشنیازە یاسایەك پێشکەش بکرێت، لێرە هەست دەکەین کە ئەو بۆشاییە یاساییە نییە تاوەکو ئەو پێشنیازە یاسایە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم هەر لابردرێت ئەو بڕگەیە لە بەرنامەی کار و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکرێت، سەبارەت قسەی دووەمم پشتیوانی لە ڕۆژان خان ئەکەم هەرچەندە لە دانیشتنی پێشوو هەمان ڕام هەبوو بەڕێزتان جوابتان داینەوە، بەڵام جەختی لێ دەکەمەوە، چونکە بە پێی ماددەی (٧٦) ئەو کاتە دەتوانین ئێمە ڕاپۆرتی خۆمان لە لیژنەکانەوە ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکەین، بەپێی ماددەی (٨٦)یش پێویست کە ڕاپۆرتەکانی ڕاستاندن پێش (٤٨) کاتژمێر لە بۆکسەکانمان بێت کە ئەو ماوەیەکە ناخرێتە بۆکسەکانمان، پێش (٤٨) کاتژمێر مەبەستم ئەوەیە پێش (٤٨) کاتژمێر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٦٦) ئێمە لە ماوەکانی ڕابردوودا دوو یاداشتمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە لەسەر ئەوەی کە دانیشتنێکی تایبەت بکرێ لەسەر گرانی نرخی بەنزین ئەبینین کە لە دوبەی، لە جومیرە ئەگەر نرخی بەنزین گران بێت لە سلێمانی لە ڕێی ڤایبەرەوە بەنزیخانەکان دیسان گرانی ئەکەنەوە، ئەوەی کە ئێستا ئێمە لە لیژنە تایبەتمەندەکان دا بەدواداچوونمان کردووە و بۆمان دەرکەوتووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕاستی سەرۆکی پەرلەمان حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر بیەوێ کێشەی گرانی بەنزین چارەسەر بکات پێویستی بەوە هەیە (٢٠) هەزار بەرمیل ڕۆژانە تەسلیم بە کۆمپانیای کار یان کۆمپانیای ئەوەی کە بە پاڵاوگەکان هەیە بتوانێ بیپاڵێوێ و ڕێژە ئەتوانێ بە هەمان شێوەی حکومەتی عیراقی بەنزین دابەش بکات، بۆیە داواکارین لە نزیکترین کات دا وەزیری سامانە سروشیتەکان بانگ بکرێ و پەرلەمانی کوردستان تەنها ڕاسپاردە دەرنەکات، بەڵکو بتوانێ بڕیار بکا و حکومەت ئیجبار بکات بەوەی کە سوتەمەنی دابین بکات بۆ پاڵاوگەکان بۆ ئەوەی نرخی بەنزین کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك باڵانبو فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥٦) بڕگەی یەك نووسراوێکتان ئاڕاستەی سەرجەم فراکسیۆنەکان و پەرلەمانتارانی سەربەخۆ کردووە بە ژمار (١٠٠١) لە بڕگەی یەکەمی باسی ماددەی (٦٦) کردووە بە هیوان بتوانن ڕوونکردنەوەمان بدەنێ لەسەر خەتی (٣ و ٤ و ٥) لە کوێی پەیڕەودا هاتووە؟ خاڵی دووەمم

سەبارەت بە پارێزگای هەڵەبجەیە، پارێزگای هەڵەبجە بە پێی یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠١٥ کراوە بە پارێزگا، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئەو یاسایەی پەرلەمانی کوردستان پێشێل دەکات، نموونەشم لەسەر ئەو بابەت جیانەکردنەوەی بڕە کارەبای هەڵەبجە و بڕە کارەبای پارێزگای سلێمانی لە کاتێك دا کە نوێنەری پارێزگاکان بانگ دەکریت بەهیچ شێوەیەك نوێنەری پارێزگای هەڵەبجە بانگ ناکرێ، کەواتە پارێزگای هەڵەبجە وەکو پارێزگا هەژمار ناکرێت و لەسەر پارێزگای سلێمانی حسابە ئەگەر وایە ئەمە پێشێل کردنی یاسایە بەڕەهایی بۆیە هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان یاساکانی پەرلەمانی کوردستان پێشێل نەکات، سەبارەت بەو یاسایەی کە ئەمڕۆش بە دڵنیاییەوە خۆی قسەیەکیان هەیە دەڵێن (مبني علي باطل فهو باطل) ئەوەش ماددەی/٦ ی یاسای متمانەدانە بە پەروەردە و خوێندنی باڵا، بوودجە لە کاتێك دا حکومەتی هەرێمی کوردستان بوودجەیەکی ......... .

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دەست خۆش گیان کاتەکەت تەواو دەست خۆش کاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من مەبەستم بوو ببورە یەك ڕوونکردنەوەی بچووك لە یاسای ژمارە/٦ ساڵی ٢٠٢١ یاسای بە خاوەن کردنی خانووە زێدەڕۆکان بخەینەڕوو ئەویش ئەوەیە بە پێی ماددە/٢ ی یاساکە ئەبێ ئەو کەسەی کە زێدەڕۆکارە لە ماوەی یەك ساڵدا داواکاری پێشکەشی یەکە ئیداریەکان بکات بۆ ئەوەی سوود لەم یاسایە ببینێ، لە ماوەی دووساڵدا مۆڵەت دەدرێتە شارەوانیەکان بۆ ئەوەی نەخشە و دیزاین بۆ ئەو گەڕەکانە دابنێن کە زێدەڕۆییان کراوەتە سەر هۆیەکانی ئەو یاسایەش بەپێی ماددەی (١٢) مودەی جێ بەجێ کردنەکەی سێ ساڵە بۆیە لەهەر شار و شارۆچکەیەك کە ئێستا لیژنە دروست کراوە تەنها لە کاتی ئێستا دا داواکاری لە هاووڵاتیان وەرگیرێ بۆ ئەوەی دواتر هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت و ئێمەش لە نزیکەوە چاودێری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، موژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە هەولێر کە شەق لە مامۆستا هەڵدرا شەق وەشێن سزا نەدرا، لە سلێمانی شەق لە سەری خوێندکار هەڵدرا، شەق لە خۆپیشاندەر هەڵدەدرێ لە بازگە و پرسگەکانی هەندێك شوێن شەق لە هاووڵاتی ئاسایی هەڵدەدرێ، لە حەرەمی دادگا و لە ناو جەرگەی یاسادا شەق وەشێن شەق دەوەشێنێ، ئەگەر یەك جار شەق وەشێنێك سزا درابایە ئێستا کەس جورئەتی نەدەبوو شەق لە ئاژەڵێکیش هەڵ بدات، دەستەی سەرۆکایەتی دوو ژنی تێدایە، سوکایەتی بە شەرەف و ناموسی خەڵك کراوە مەفروزە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە فعلی بێتە دەنگ بۆ ئەو بابەتە بۆ ئەوە جارێکی دیکە بێ ڕێزی ئاوا بە ژن وبە هاووڵاتی ئەم هەرێمی نەکرێتەوە، لەو ڕۆژەوەی کە دانیشتن کراوە بۆ گرانی و دۆخی بازاڕ

نرخی بەنزین سەد دینار زیاتر بەرز بۆتەوە، یاداشت دراوە پێویستە بە زووترین کات دانیشتنێك بکرێت بۆ نرخی بەنزینی و ئەو بابەتانەی کە یاداشتیان بۆ دراوە و پەیوەستە بە قوت و ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەڕوانگەی ماددەی (٢)و ماددەی (٧٩)ی پەرلەمان، ماددەی (٢) لە بەدواداچوون و چاودێریمان بۆ چاکسازیەکان و ئەو پەیوەندییانەی کە حوکمدراوان پەیوەندیمان پێوە ئەکەن ئەوەی کە لە یاسای بنەما دادگەریە جەزاییەکان دا هەیە ئازاد کردنی بە مەرج (افراج شرطي) پرۆسەکە زۆر بە خاوی دەڕوات بەڕێوە، هەروەها هەژمار کردنی ماوەی ڕاگیران بۆ سزادراوان لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنە، بۆیە لەڕێگەی بەڕێزتانەوە و لەڕێگەی سوڵتەی قەزائیەوە ئەم بابەتە ئیشی لەسەر بکرێت، خاڵی دووەم بەڕاستی منیش لەڕوانگەی ماددەی (٧٩)ەوە ئەم دەستەیە بەزیاد دەزانم، چونکە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەزگا دڵنیایی جۆری هەیە و پێناسە کراوە و لە وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان هەیە ئەبێ زانکۆکان خۆیان ئەم متمانە نێودەوڵەتیە بەدەست بێنن کە لە یاسایەکەدا باسی کردووە هەتا لەم پێشنیازەدا باسی هەڵسەنگاندن هەر نەکراوە، بۆیە ئەمەش جۆرێکە لە بیرۆکراتیەکی تازە و دەزگایەکی زیادە و مەسروفێکی زیادە هیچ پێویست ناکات و لەم ڕووەشەوە هیچ بۆشاییەکی یاساییمان نییە ئەم دەزگایە خۆی دەزگایەکی ڕاوێژکارییە لە کاتێك دا دوو دەزگا و دوو وەزارەتی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن بەهەموو ئەم ئەرکانە هەڵدەستن کە لەم دەستەیەدا پێشنیازی بۆ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، هاوڕای هاوڕێکانمم بە پێی ماددەی/٦٦ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان قسە ئەکەم سەبارەت بەو پرۆژە یاسایەی بۆ بانگهێشتی وەزیری سامانە سروشتیەکان پێشکەشمان کردووە جەخت دەکەینەوە کە بە زووترین کات بخرێتە بەرنامەی کارەوە کە ئەمە گرفتێکی زۆر گەورەیە بۆ هاووڵاتیان دروست کردووە، بەداخەوە ڕۆژ بەڕۆژ بەنزین نرخی بەرز دەبێتەوە، بۆیە داوا دەکەین بەزووترین کات ئەم گرفتە چارەسەر بکرێ بەڕاستی هاووڵاتیان لە بارودۆخێکی زۆر ناجێگیر و نا هەموار دان، زۆرسوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، هەڵز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددا (٥٩ و ٦٠) ئاخافتنا خۆ دکەم، ئێك ژ ئەرکێت پەرلەمانتاری چاودێریا حکومەتێ یە ئەڤەیە کو دەمێ ئاڕاستەکرنا پرسیارایە، جهێ داخێیە ئەم پرسیارا ئاڕاستە دکەین یان بەرسڤا مە نایەتەدانێ یان بەرسڤا پرسیارێت مە ئێتە تەئخیر کرنێ یان هەگەرێ دداتن مەتاتی ددەن، ئێك ژ وان پرسیارا مە ئاڕاستەی وەزیری دارایی کری و منا گۆتیە ئایا چەند فەرمانبەر پێتڤیا کو پلە بەرزیا وانا بێتە کرنێ بەرسڤا وی بۆ من بێژتە ڤێ پرسیارێ ژ هەمی وەزارەتا بکا، یەعنی نەوعەکی بێ منەتیەت بەرسف دانا وەزیرا هەی چەوا جەنابێ هەوە بۆ لڤیرێ دا حەفت خاڵ بۆ پرسیارێت مە دان هاتینە حەز دکەم ڤێ دەسەڵاتێ بدەنە خۆ ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران بکەن کو پیچەکی ب وردی پرسیارێتی مە بخینن ب تایبەتی ئەڤێت بادینی، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ ئەز بادینی نڤیسم لەهجا منە، دیارە ئەڤ وەزیرێت هەنێ بەڕێز هەریەکی سێ چار ڕاوێژکارێت هەی بۆچی خۆ تێ ناگەینن و بەرسڤا من ب درستاهی بدەن..... .

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمەرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ناکرێت بەرنامەی کار بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەو هەموو بابەتە گرنگە هەبێت لە نەبوونی ئاو، لە نەبوونی کارەبا، لەوەی کە بەم گەرمایە خەڵك دە کاتژمێر لەسەرەی بەنزین دا بوەستێت بەنزین بەو نرخە گرانییەوە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان لەسەر کۆمەڵێ بابەتی دیکە بێت و بەر نامەی کار دابنێ و دانیشتن بکات لە کاتێك دا ئەو بابەتانە زۆر زۆر گرنگن و لەسەر ئەو بڕگەی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بەڕاستی ئەو بابەتە منیش پێموایە زیادەیە، دوو/ ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بوودجەی هەیە بۆ بوودجە بۆ مامۆستایانی گرێبەست پڕۆژە یاسایەکەیان فەرمانبەرانی گرێ بەست خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە بۆ خوێندنەوەی دووەم، لەبەرئەوە تا ئێستا تاخیر کراوە دەڵێن گوایە ڕەهەندی دارایی هەیە.......... .

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو قسەیەی جەنابیشت لە پرۆتۆکۆڵ دەسڕێتەوە، پەرلەمان نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات، کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەپێی ماددەی (٥٦) قسە ئەکەم لەسەر چەند بابەتێکی گشتی بە تایبەت لەسەر کارەبا کە بەداخەوە ئێستا ئیدارەدانی حکومەت بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە جۆرێکی لێ هاتووە یەعنی تەشبیهـ نەبی وەکو فیلمێکی ترسناکی لێ هاتووە بۆ ژیانی خەڵك، خەو کە خوا بە ئینسانی بەخشیوە خەڵك لەماڵەکانی خۆیاندا ناتوانێ خەوێکی ئاسایی بکات، لەبەرئەوەی نازانێ کەی کارەباکەی لێ ئەکوژێننەوە، سەرەی بەنزین وای لێ هاتووە، ئەو وێنانە تەنها لە تەرم گواستنەوە بۆ قەبرستان بینیومانە کە ئێستا دەبینی هەموو کۆڵان و فەرعەکان

بووەتە گرتنی سەرەی بەنزین، دواتر هەر چاو ئەکەیتەوە بەیانی هەڵدەستی سەیر ئەکەی ئەبینی دار بڕینەوە و حەفارە و تەخشان و پەخشان کردن بە زەوی بە مولْکی گشتیەوە یەعنی ئەم جۆرە داگیرکاریانە، نەبوونی خزمەتگوزاری بەڕاستی جۆرێك لە نائومێدی بە ژیانی خەڵك بەخشیوە کە دیسان ئەڵێمەوە وەکو فلمێکی ترسناکی لێ هاتووە و دیسان بە پێی ماددەی (٤٣) داوا لە بەڕێزتان ئەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەیەکی تایبەتمەند بنێرنە گەرمیان بە تایبەتی ئەوانەی کە لە دۆخێکی زۆر زۆر خراپ دایە و کۆچ کردن لەو قەزایە بووەتە دیاردە ئێستا ........ .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، من بە پێی ماددەی (٦٦ و ٥٨) قسە ئەکەم هەم پرسیارم ناردووە و هەم لێکۆڵینەوە و یاداشتم ناردووە لەسەر دوو ئیدارەیی ئێستا کە من قسە ئەکەم بەدواداچوونی دەقیقم کردووە لە پارێزگای هەڵەبجە، سلێمانی، ئیدارەی گەرمیان، ڕاپەڕین هەموو پڕۆژەکانی بەنداو ڕێگاوبان و ئاوو ئاوەڕۆ، تەندروستی و شارەوانی هەمووی ڕاگیراوە، سێ جار پارە تەرخان کراوە بۆ ئاوی چەمچەماڵ، ١٢٣ ملیۆن دۆلار، هەشت ملیار دینار و حەفتا ملیۆن دۆلار سەنتی خەرج نەکراوە، پێرێ و بەستەرپێری قەرار درا شەست ملیار دینار بۆ ڕێگەی کەلار - دەربەندیخان تەرخان بکرێ بەدواداچوونمان کرد و وتیان واللە ئەبێ لە داهاتی سلێمانی بێ و لە سلێمانیش داهات نییە و ئەمیش ناکرێ، ئەگەر لە کوردستان دا مەنتقیەکە بێ هیچ پڕۆژەیەکی تیا نەما بێ بەس سەد مەتریەکە ماوە ئەویش لەژێر تەنەفوسی سەناعی دایە دوو سەعات دوو سەیارە ئیش دەکات بۆ ئەوەی نەوەستێ ئەویش کۆتایی پی دێت، ئەمە بە بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی حەل دەکرێ ئەمە بە وەزیر حەل ناکرێ، ئەم دوو ئیدارەییە ئەم مەنتیقەیە بە یەکجاری وێران ئەبێ نە جادە ما نە ڕێگەوبان و نە خەدەمات ما، پاشان حصەی بەنزینی ئەو سنووری سلێمانی دوو ساڵە لە حکومەتی هەرێم هەموو ڕۆژێ چوار سەد هەزار لیترە ئەدرێ بە کۆمپانیا........ .

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس پەیامەکەت گەشت، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە هیچ جارەك قسەم نەکردیە لەسەر ئەو خاڵانەی وەردەگرم ئەوی خاڵی پەیڕەوی، بەس لێرە چونکە پرسیار ئاڕاستەی من کرا و ئیحتماله ڕەخنەیەکی غیر موباشریش بێ لە لیژنەی یاسایی، سەبارەت بەم پڕۆژە یاسایەی دەستەی متمانە بەخشین، جارێ بەڕیزان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەشی هەشتەم لە ماددەی (٧٧) هەتا ماددەی (٩٧) زۆر وازحە، باسی یاسادانان دەکات بە تەفسیلی، لەم پەیڕەوەدا و لەم بەشەدا جارێ لیژنەی یاسایی بۆی نییە فلتەر بێ لەسەر پڕۆژەیەکی حکومەت نەسی پەیڕەوی زۆر وازحە دەڵێت دوای گەیشتنی پڕۆژە

یاسا گەیشتنیان بە پەرلەمان یەکسەر داخڵی بەرنامەی کار دەکرێ و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت، جیاوازە لە پێشنیازی یاسا کە ئاراستەی لیژنە دەکرێ و لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی چ بڕیارێك دەدات، بەڕاستی ئەو قسانە هەمووی پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆن ئەسڵەن، پەرلەمان و لیژنەی یاسایی بۆی نییە پڕۆژەی حکومەت بە پێی ئەم پەیڕەوە بوەستێنێت یان ڕەت بکاتەوە.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەکرێ ڕەت بکرێتەوە زۆر سوپاس، کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە جگە لەوەی کە جەنابتان باستان کرد لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی سەردانی سلێمانی کردووە بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە ئێمەش لە لیژنەی ناوخۆ پێشنیارەکەی لیژنەی ناوخۆ سەردانی مەیدانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی و بابڵێین ئەو دۆخەی کە لە سلێمانی دروست بووە لەسەر ڕۆژانی ڕابردوو بەلامانەوە گرنگە لە ڕاستی دا سەردانێکی مەیدانی بکەین ئێمە چەندین جار لە لیژنەی ناوخۆ جەختمان کردووتەوە لەوەی کە هەموو لێپرسراوی بنکەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکان و مەعاونیەتەکان کە پێمان وتوون و داوامان کردووە کە ئەمانە لە چوار ساڵ زیاتر لێ پرسراوی بنکە و بەڕێوەبەرایەتی و مەعاونیەتەکان نەبن، چونکە کە لەوێ زیاتر ئەمێنن تووشی بەریەککەوتن و تووشی هەندێ حاڵەتی دیکە ئەبن، لەبەرئەوە بەلامانەوە گرنگە ئێمە جارێکی دیکە جەخت ئەکەین، ئەوانەی لێ پرسراوی بنکەو بەڕێوەبەرایەتی و معاونیەتەکانی ئاسایش و پۆلیسن لە هەموو سنووری پارێزگاکانی هەڵەبجە، سلێمانی، هەولێر، دهۆك ئەمانە چوار ساڵ جارێ تەنەقولاتیان پێ بکرێ و ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێ و لادان و دانانیان پێ بکرێ، چونکە ئەمە بابەتێکی گرنگ و بابەتێکی مەوزوعیە، لەسەر هەڵەبجە پشتگیری سەرچنار خان و کاك باڵانبو دەکەم، لەسەر بابەتی گران بوونی بەنزین پشتگیری کاك سەرکۆ ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دیڤ ماددێ (٥٨) دئاخڤم، مخابن مەتەڵەکا کوردیا هەی دبێژیتن بانەك و دوو هەوا، بۆ حەوجەیەت هاووڵاتیا ئەڤە چار جارە مە محاوەلە کرن پێشینە و زارائیب بۆ دیونێت هاووڵاتیان لبەر دەینێت حکومەتێ بێنە کوشتن، پێشنیازی مە بڕیاری مە پێشکەش کر ٢٠١٩/٢/١٩ مە کریە پێشنیازی یاسا ل بەر یەك خستن (٢٠٢٢/٣/٣، ١٠/٥) پرسیارەکا شەفەوی مە ئاڕاستەی جەنابی سەرۆك وەزیران کر ل ڤێری مە گۆتێ دەینێت خەڵکی دگەل دەینێت حکومەتێ وەکو علاج بۆ پاشەکەوتی گۆتی کارەکی باشە، پشتی هەنگی (١٠/١٩ و ٢٠٢٠/٢٠/٢٠) مە پرسیارەکا تەحریری بۆ فرێ کر مە گۆتێ جەنابێ سەرۆك وەزیران تا ١٠/٥ مە ئەڤە چار محاوەلە کریی پاشەکەوتی

خەڵکی بێتە چارەسەر کرن ب حوجەتا کو باری دارایی ناهێتە کر، بەس ئەڤ پێشنیارە د خیلالی هەیڤەکی دا هاتە خاندنا وی ژی بێتە کرن .

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەدیە خان فەرموو.

**بەڕێز هدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بارودۆخی ئەمنی شنگال ڕۆژ بەرۆژ خراپ تر لێ دێ، ب هەبوونا وان هێزێت نا یاسایی ل دەڤەرێ، بوونا ئەگەرێ هەندێ ئەو خەڵکی شەنگالێ چیا ژی جارەکی دیڤە ڤە گەریانە ژیانا کەمپا یێ دیارە ژی ژیانا خەڵکێ مە د کەمپا دا بۆ ماوەی هەشت ساڵە خرابە و بەرەڤ خراپ تر دچت، ڕۆژانە کارەسات ڕوویدەدەن، تایبەت سۆتنا خێڤەتا و خەڵکێت مەیەت دبیتە قوربانی، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی، ئەو ڕێکەفتانا ناڤ بەرا هەرێمێ و بەغدا بۆ ئاسایی کردنا دۆخی شنگالی هەتا نهۆ خاڵ ژی نەکەفتیە بواری جێ بەجێ کرنێ دا ئەڤ داخازێ سەرۆکاتیا پەرلەمانێ دکەین کو لێ ب دەسەڵاتێ خۆ دگەل نینەرا نەتەوەیەن یەکگرتی هەوڵ بدەن ئەو خالا بکەڤنە وارێ جێ بەجێ کرنێ دا بۆ ئاسایی کرنا دۆخێ شنگالی و جارەکا دی خەڵکێ مە بەرەڤ جهێن وارێ خۆ بچن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی/٦٦ و ٥٨ ئەمن هەم یاداشت هەم پرسیار سەبارەت بە لێ بوردنی گشتی کە لە دەسەڵاتی پەرلەمانە، بکەن لەڕاهی خوای بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان والله خێرەکی گەورەیە، من ڕۆژ نییە سەد پەیوەندی لەهەر سێ ئەو بەندیانە بەڕاستی بۆم نەکرێت، یەعنی بەڕاستی بەخۆم وام لێ هاتووە هیلاك بوومە لەگەڵ پەیوەندی جواب دانەوە، چونکە لە دەسەڵاتی ئێوەیە ئەو لێ بوردنە گشتیە دەربکەن، ئەوی تر سەبارەت بە بەنزین زۆر باس دەکرێ (٩٢) بەنزیخانە سزادراوە، بەخودای جەنابی سەرۆکی پەرلەمان هەتا سێ چوار ساحێب بەنزیخانە ئەوی بەنزین خراپ دەکەن ئەوەی وا دەکا سێ ساڵ لە دهۆك بسوتێ و لە هەولێر وای بەسەر دێ هەتا سێ چارەکان بەداری وە نەکەن قەد حەل نابیتن، بە قورئان بە دارێیان وەکەن دەبیتە دەرس بۆ هەمووان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان بابچینە سەر جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کار، ببورن، شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنو اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/١٧ کە ئەکاتە دوو ساڵ و چەند مانگێك بەر لە ئێستا یاداشتم ئاڕاستەی لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان کردووە سەبارەت بە بەدواداچوونێکم سەبارەت بە کەمی کارەبا لە ناحیەی شیلادزێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە ناحیەی شیلادزێ لە ٢٤ کاتژمێر تەنها سێ

کاتژمێر کارەبای نیشتمانی هەیە ئەمە وتەی خەڵکی دانیشتوانی ئەو ناحیەیە، بە پێی وتەی ئەوان کارەباکەیان دەدرێتە دەڤەری بارزان، مدیر ناحیەیەکیش لەسەر ئەم دژ وەستانەوە لەسەر ئەمە لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، داوا ئەکەم لە بەڕێزتان بە فەرمی لیژنەی وزەو سامانە سروشتیەکان ڕاسپێرن کە بەدواداچوون بۆ ڕاستی و دروستی ئەم بابەتە بکەن و بۆ ڕای گشتی بخەنەڕوو گرفتی کارەبای ئەو ناحیەیەش چارەسەر بکرێ.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەی/٥٦لە پەیڕەوی ناوخۆ و ماددەی/٣٧ لە دەستووری هەمیشەیی عیراق، دیارە یەکێك لە پایە گرنگەکانی دیموکراسی، ئازادی وئازادی ڕادەربڕینە، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان دا نەك ئازادی و مافی ئینسان بەڕادەیەك پێشێل ئەکرێت و قەتیس دەکری بگرە ژیانی تاك بە تاك بە ڕادەیەکی زۆر خراپ کەوتووەتە مەترسیەوە من باسی چەند نموونەیەك دەکەم، بە نموونە لە نێو حەرەمی دادگا دەبینین، چۆن خاوەن ماف ژن بەر شەق دەدرێ، لە نێو حەرەمی زانکۆی سلێمانی خوێنکاری زانکۆ دەرفێنن، لە گەرمیان سەرۆکی زانکۆی گەرمیان و ڕاگری کۆلێژەکان بڕیاریان داوە لە سەر بەدادگایی کردنی چوار مامۆستای زانکۆ لەسەر کۆمێنت نووسین و ڕەخنە گرتن و پێنج سایەقی تەکسی لە سلێمانی لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر کرابوون لەبەرئەوەی داوای مافی خۆیان کردووە و لەسەر گران بوونی نرخی بەنزین هەموو ئەمانە پێمان دەڵێت بەڕاستی ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی فەنتەلۆسە، دەسەڵاتێکی قەزا و قەدەرە ناکرێت خەڵك نەتوانێ، داوای مافی خۆی بکات ناکرێت خەڵك نەتوانێ ڕەخنە بگرێت، ناکرێت خەڵك...

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لگوری ماددا (٥٨ لە ١٢/٢٢) پێشیا شەش مەهان نووسراوەکا فەرمی ئاراستەی جەنابی وە کر لەسەر بڕیارەکا نائاسایی ئەنجومەنی وەزیران کو بۆ ماوەی هەشتساڵا پلە بەرز کرنا فەرمانبەرێن هەرێما کوردستانێ فەرمانبەرێن مەدەنی هاتیە ڕاوەستاندن کو ئەڤە پێشێل کرنەکا مافەکی یاسایی فەرمانبەرانە کو دبێ جهێ بۆ وان بهێتە زڤراندن، سەرەڕای ئاراستە کرنا نووسراو ژ بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ژ بۆ وەزارەتا دارایی هەتاکو نوکە هیچ ڕوونکرنەك ژ لایێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بەرامبەر ڤی پرسێ نینە کو مافەکی یاسایی فەرمانبەرانە کو هەر یەکیان ب ڕێژەیەکیا زۆر پارە وان ژی دهێتە برین، تەوەرێ دوویێ کو من د ڤێت ئاماژە پێ بدەم ل ڕۆنیشتنا دەرباز بووی دا من داخازا پێکهینا لیژنەیەکی کر ژ بۆ یەکێ پرسا سوتەمەنی ل پارێزگەها دهۆکێ و خرابیا کواڵتیا وە بتەنێ د ٢٤ دەمژمێرێن دەرباز بووی دا سی هاووڵاتیەن پارێزگەها دهۆکێ و ئۆتۆمبیلێت وا سۆتینە ژ بەر خرابیا کواڵتیا بەنزینێ، هەروەسا نەبوونا ڕێژا

پێتڤیـا بەنزینـێ لڤـێ پـارێزگەهێ ئاریشـەکا مەزنـا، لەوڕا داخـازی ژی جەنـابی وە دکەم لیژنەیـا پەیوەندیا ڕاسپێرن ژ بۆ ..... .

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دابان فەرمووو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) قسەکانم ئەکەم، ئێمە یاسای ژمارە ١٣٠ ی ساڵی ١٩٦٣ ی حکومەتی عیراقمان هەیە کە بەرکارە لە هەرێمی کوردستان، بڕیاری دادگاشمان هەیە لە سلێمانی کە وەرگرتنی پـارە یـان رسـومات لەلایەن کۆمپانیـاوە نایاسـاییە، بەڕێزتـان داوای یاداشـتێکتان کـرد لە مـاوەی ڕابردوودا ئێمە یاداشتەکەمان داوە، وەرگرتنی ئەم پـارەیە لەلایەن کۆمپانیـاوە کە ٨ کۆمپانیـا لە سلێمانیە و (١٣) کۆمپانیـا لە هەولێـر و لە ناوچەکـانی تـریش هەیە نـا یاسـاییە، یەعنـی ئێسـتا وەڵامـێکم ئەوێ کە بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی شـارەوانی لەوێـیە و کـاك بـژاریش لەوێـیە کە ئەم وەرگرتنی پارەیە هیچ پاڵپشتیەکی یاسایی نییە، یا ئەوەیە بە خەڵك بڵێـین ئەم پـارەیە مەدەنـیە ئەوەیە کە وەزارەتـی شـارەوانی ڕابگـرین لە وەرگرتنـی ئەم پـارەیە کە نـا یاسـاییە و بریـاری مەحکەمەش هەیە سوپاست دەکەم ئەگەر وەڵامێکم بەیتەوە بەسەریا تێ نەپەڕێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زکری حازری؟ دە فەرمووو.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێـزان قەزا بەردەڕەش ٢٠١٧ بویـا پارێزگـا، قەزا بەردەڕەش قەزایەکـا مەزنـا زیـاتر (١٣٠) هەزار کەسا تێدا دژین، لێ مەخابن ٢٠١٥ ی بویە قەزا هەتـا نـوکە وەکـو ناحیەکـا تەعـامول لەگەڵ ئەوێ قەزایی تێتە کرن، هەتا نـوکە (١٨) بەڕێوبەرێـت سـەر بە قەزا بەردەرەشـن سـەر بە قەزا ئـاکرێنە، لازمە ئەو (١٨) بەڕێوبەرایەتیە بگوازنەوە بـۆ سـەر قەزا بەردەڕەش بـۆ جهەکـی تـایبەت بـۆ قەزا بەردەڕەش تەرخان بکەن ئەوان پرۆژەیەت وان جێ بەجێ بکەن وەکو قەزایەکا مهیم تەعـامول لەگەڵ بێتە کرن، ب ڕاسـتی قەزا بەردەڕەش بڕیـارا پـارێزگەهی بـوونێ بـۆ دەرچـووی پێویسـتە ببیتە پارێزگە و ئەو بریارە جێ بەجێ بیت.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە بڕیارە؟ کەی؟ هی بەردەڕەش، فەرمووو.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ بڕیارا ئاکرێیا دەرچووی ببیتە پاریزگا لازمە ئەو بڕیار بێتە جێ بەجێ کرن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، بەڕیـزان سـەرۆکی لیـژنەی شـارەوانی و یاسـایی ئەگەر یەك مولاحەزەیـان هەیە وەڵامێکی سەریعتان هەیە ئەگەر نا دواتر دەتوانن وەڵام بدەنەوە، کاك لوقمان فەرمووو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسی خزمەتگوزاری گشتی سەر بە وەزارەتی شارەوانی کە ئەوەی پەیوەستە بە خۆڵ و خاشاك بە پێوەری ئاو و بە وەرگرتنی رسومات وا بڕیارە لە نزیکترین کاتدا پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەت بکات، ئێمە لە لیژنەی شارەوانی لەگەڵ خوشك و براکانمان سەرگەرمی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی گشتگیرین لەسەر هەموو پرسە جیاوازەکانی کە پەیوەندە بە پرسی خزمەتگوزاری لە وەزارەتی شارەوانی، بۆیە لەم دانیشتنەی پەرلەمانی کوردستان داوا لە خوشك و براکانمان ئەکەین بە سەرنج و تێبینیەکانیان ڕاپۆرتەکەمان دەوڵەمەند بکەن بۆ ئەوەی بتوانین دواجار چارەسەری هەموو ئەو گرفتانە بکەین کە خوشك و براکانمان لەپەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە خزمەتگوزاری گشتی یاسایی بوون و نا یاسایی بوون ئەیخەنەروو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم اسکندرمم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ئاخافتنەکی بکەم دەربارەی هەموو ئەو سوعبەتی هاتینە کرن بۆ هەیڤا سێ ساڵێ دا کو ئەم کو پەرلەمانتار خۆ ل ڤێرێیە بەشەکین ب شیوەیەکی کو ئەڤێ موئەسەسە مەزن کو بەرهەمێ ڕەنج و خەبات و قوربانی دانا خەڵکەکێیە بجێ بکەین ژ بەر هەندێ ئەو تنێ بەس نینە کو ئاخافتن پرۆتۆکۆڵێ بهێنە ڕەش کرن کو ئەگەر پەرلەمانتار دەرگەهـ دەرگەهـ ماڵێت خەڵکی قوت ئەبن بۆ هەندی ببیتە پەرلەمانتار و نینەراتیا خەڵکی بکات د ناڤ هۆڵا پەرلەمانی دا بێژیت پەرلەمان چ نینە، ڕەش کرنا پرۆتۆکۆڵی تنێ بەس نینە داخازێت دکەین ئیجرائات بهێنە وەرگرتن.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی پەیڕەو پێویست ناکات ئەندامی پەرلەمان وەڵامی پەرلەمانتار بداتەوەو سەرۆکایەتی هەیە مامەڵەی پەیڕەو دەکات، سوپاس کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە گلەیی د.شایان حەز دەکەم ئەو تەوزیحە بدەم کە ڕاپۆرتەکە کەمتر لە ماوەی ٤٨ سەعات لە سەندوق دانرابوو ڕاستە بەس حەزم کرد ئاماژە بەوە بدەم بەڕێز سکرتێری پەرلەمان و کاروبار خەتای ئەوان نەبوو خەتای ئێمەش نەبوو، چونکە بەڕاستی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەماوەی دە ڕۆژ پێویستە ئێمە ڕاپۆرتی ڕاستاندن ئامادە بکەین بەس بۆ ئەوەی جەلسە بکرێت دوو ڕاپۆرتمان بە دە سەعات ئامادەمان کردیە بۆیە سەعات و نیوێك دوا کەوت و یەکسەر بە (پی دی ئێف) لە گروپی وەتس ئەپ دامنا، بەس ئەو یەك دوو سەعاتە ئێمە سەبەبین نە بەڕێز سکرتێر و نە کاروباری سەبەب نین، داوای لێ بوردن دەکەین.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان دەست بە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کار ئەکەین فەرموون لیژنەی یاسایی و و لیژنەی شارەوانی بابەتی پڕۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی وە گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستانە، ئەگەر خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەتان دەست پێ بکەن کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو دانیشتنەکانی پێشووتر ئەگەر جەنابتان و ئەندامان ڕازی بن یەکسەر بخرێتە دەنگدان ئەگەر نا دەبێت دەقەکە بخوێنینەوە.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ڕاپۆرتەکە بخوێنەرەوە بەڕێزان لەگەڵ ئەوەن یەکسەر ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ بۆ ئەوەی کات بگەڕێتەوە؟ چەند بەڕیز لەگەڵیەتی با دەست بەرز بکاتەوە؟ تەواو پەسەند کرا فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە ڕاستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی یەك شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٦/١٢ کاتژمێر ٨ ی شەو کۆبوونەوەی ناوخۆیی ئەنجام دا بە مەبەستی پێداچوونەوە و دأرشتنی یاسای و دڵنیا بوون لە دژ نەبوونی دەقەکان لەگەل دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ماددەی/٨٥ بڕگەکانی یەکەم و سێیەم لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان تایبەت بە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە پڕۆژە یاسای وە زارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە:

ناوونیشان: پڕۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ناونیشان؟ کاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١)

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستەواژە و زاراوەکانی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەریان دەگەیەنن:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٢- وەزارەت/ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

٤- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.
٥- ئەنجومەن: ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.
٦- دەستە: دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم.
٧- سەرۆکی دەستە: سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم.
٨- ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەڕیوەبردنی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان کێ قسەی هەیە؟ بەڕیزان، گولستان خان کاك عوسمان سێدەری، کاك مەلا ناصر، ڕۆژان خان، تەواو؟ گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی/١ بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستەواژە و زاراوەکانی خوارەوە و ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنی، زۆر گرنگە دەستەواژەکان کە ئەناسێنرێن تعبیر بێ یەعنی نزیك بێ لە عنوانەکەش، لە هەموو ئەو خاڵانەی کە ناسێنراوە لە دووهەمەوە هەتا هەشتەم تەنیا ئاماژە دراوە بە هەرێم یەعنی پێشنیار ئەکەم بکرێت بە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ هەموو خاڵەکانی دوای ئەویش تا خاڵی ٨ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ماددەی یەك بڕگەی (٥) ئەنجومەن: ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وشەی ڕاوێژکاری پێویست ناکات لابرێت بکرێتە ئەنجومەنی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عوسمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك مەلا ناصر دەکەم دەربارەی ماددەی یەك بڕگەی (٥) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕوژان محمد كريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕای کاك مەلا ناصر و کاك عوسمانم هەیە، بڕگەی (٥) لە ماددەی یەك ئەو ئەنجومەنە ئەنجومەنی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمە نەك ئەنجومەنی ڕاوێژکاری، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دووەم، کاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢)

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە:

١- پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی شارەوانی و و پەرەپێدانی ئاستی خزمەتگوزارییە جیاوازەکانی شارەوانی لەڕووی چەندایەتی و چۆنییەتی.

٢- پاراستنی ژینگەی هەرێم بەشێوەیەکی خاوێن و تەندروست و بایەخ دان بە ناوچە و پانتاییە سەوزاییەکان و دروست کردن و بەردەوامی دان بە پەرەپێدانی پارك و باخچە و ناوچە سەوزاییەکان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

٣- کارکردن بۆ ڕاکێشانی سەرمایەو هاندانی وەبەرهێنان لەڕێگەی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێم دا لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان بەشێوەیەك ببێتە مایەی پێشکەوتنی ئابووری و فەراهەم بوونی هەلی کاری زیاتر بۆ هاووڵاتیان.

٤- پلان دانان و ڕێکخستن و ئاڕاستەکردن بەدواداچوون، پەرەپێدانی چالاکی گەشتوگوزاری و پەرەپێدانی ناوچە گەشتیارییەکان و پتەوکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت و کەرتی تێکەڵاو و هاندانی سەرمایەی نیشتمانی و بیانی بۆ وەبەرهێنان لەم کەرتە.

٥- کارکردن بۆ پەیڕەوکردنی بنەمای هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان بەشێوەیەك کە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دابێت.

٦- پەرەپێدانی گەنجینەیی شارستانی کەلتوری بەشێوەکی بەرپرسیار و هاوسەنگ لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەرکەکانی ڕوپێوی و دەست نیشان کردن و هەڵکۆڵینی زانستی ورد لەهەموو شوێنەوارەکان و پاراستن و نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێن و ناوچانە لەسەر بنەمای بەردەوام بە ئامانجی پیشاندنی سیما شارستانیەکانی هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێزان لەسەر ماددەی دوو کێ قسەی هەیە؟ د.شێرکۆ، کاك کاوە، مامۆستا عمر، کاك جمال، سەوسەن خان، د.ڕێبوار، کەس هەیە نەمان نووسی بێ؟ گولستان خان، کەسی تر نییە؟ سوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٢) لە برگەی یەك پێشنیار دەکەم گەشتوگوزاری بۆ زیاد بکرێ و بکرێت بەو شێوەیە: پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی شارەوانی و گەشتوگوزار پەرەپێدانی ئاستی خزمەتگوزارییە جیاوازەکانی شارەوانی لەڕووی چەندییەتی و چۆنیەتییەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، د.ڕێبوار فەرموو.
**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من بە ئیزافەی خاڵێك کە دەبێتە تەسەلسولی حەوتەم وەکو یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ئەم پڕۆژە یاسایە ئیزافە بکرێ ئەوەش ئەوەیە ئاماژە بەوە بکرێ کە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەو پڕۆژەیە بریتیە لە ڕێکخستنەوەی هەیکەلیەت و پەیکەربەندی وەزارەت بەشێوەیەك کە گونجاو بێ لەگەل ئەو پێشڤەچونانەی کە لەو بوارانە ئەکرێ لە بواری ئەوەی کە پەیوەستە بە سێکتەری شارەوانی، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، کاك جمال فەرموو.
**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەناوی خوای گەورە، ماددەی (٢) ئامانجەکان دیارە شەش برگەیان دانا بۆ دیاری کردنی ئامانجەکان من پێشنیار دەکەم خاڵێکی تر ئیزافە بکرێ لە نێوان وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ ئەو حزمەتگوزاریانەی کە دەکرێن لیژنەیەکی تایبەت پێك بهێندرێت، بۆ ئەوەی عەدالەت پیادە بکرێ هەر پارێزگاکان حسابیان بۆ نەکرێ حساب بۆ قەزا و ناحیەکانیش بکرێ بە عەدالەت ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دەکرێن ئەوانیش بگرێتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، گولستان خان فەرموو.
**بەڕێز گولستان سعید حمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
خالێك ئیزافە بکرێ سەبارەت بە فراوان کردن و سەوزایی کردن و زۆر کردنی سەوزایی کردنی ئەو ناوچانەی کە ناوچەی بەرزایین وەکو شاخ و گرد و ئەوانە بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە لە ڕامالینی باران، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، د.شیرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکو جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خـوای گەورە، گەورەتـرین کێشـە لە یاسـای شـارەوانی و لە یاسـای وەبەرهێنـانیش دا کە کەلێنێکی گەورەی بۆ گەندەڵی و بۆ ئازاردانی خەڵك دروست کردووە، مەسەلەی هەڵسـەنگاندنە، هەڵسەنگاندن لەم یاسایە و لە یاسای وەبەرهێنانیش دا مەبەستم هەڵسـەنگاندنی بەعـدیە، دوای ئەنجامدانی پرۆژە، شارەوانی ئیشی ئەوەیە کە خەدەمات تەقدیم بکات، تەنزیمـی گەشـتوگوزار بکات و پلان دابنێ و ماستەرپلان بکات، بەڵام کی تقیمی دوای ئەنجامدانی ئەو حزمەتگوزاریانە ئەکـات کە هـاووڵاتی ڕازیە لێـی یـان نـا، ڕازیـیە لەو خزمەتگـوزارییەی کە شـارەوانی تەقیـدیمی کردووە یان نا؟ ئەمە کەلێنە، بۆیە لەم ماددەی دوایی بڕگەی/٤ کە دەڵێ پلان دانـان و ڕێکخسـتن و ئاڕاستە کـردن و بەدواداچـوون هەڵسـەنگاندنی بـۆ زیـاد بکەیـن، لە کـۆی ئەم یاسـایەدا گـرنگە تەرکیز بکەینە سەر مەسەلەی هەڵسەنگاندن، چونکە هەڵسـەنگاندنە ئاراسـتەی پـلان و بەرنـامەی وەزارەتی شارەوانی ڕاست دەکاتەوە بە پێی ئەوەی باشیان کردووە یان خراپیان کردووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢) بڕگەی (٣) دەڵێ کارکردن بۆ ڕاکێشانی سەرمایە و هاندانی وەبەرهێنـان لەڕێـگەی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، بەڕای من ئەو ئەرکی یەکەمی دەسـتەی وەبەرهێنـانە نەك وەزارەتی شـارەوانی و گەشـتوگوزار، بـۆیە باشـترە وا لـێ بکرێـت کـارکردن بە هەمـاهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان بۆ ڕاکێشانی سەرمایە و هاندانی وەبەرهێنان لەڕێـگەی جـێ بەجـێ کردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەهەرێم دا لە چوارچێـوەی یاسـا بەرکارەکـان بەشـێوەیەك ببێـتە مایەی پێشکەوتنی ئابووری و فەراهەم بوونی هەلی کاری زیاتر بـۆ هاووڵاتیـان، واتـا ئەرکەکە بە هەماهەنگی بێ لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارت بە بڕگەی یەك لە ماددەی (٢) من پێم باشە ئەو وشانەم مەتاتی نەبن کە بەکارئەهێندرێن لە یاسا دیار بـن کێشـەیەك چارەسـەر دەکـات یـان فەرەزەیەك موعـالەجە دەکـات، بـۆ نمـوونە لە بڕگەی یەکەم، پەرەپێدان بکرێتە دابین کـردن، چـونکە پەرەپێـدانی خزمەتگـوزارییە گشـتیەکان بۆی هەیە وەزارەت دوای چوار ساڵ بڵێ والله مـن مەسـەلەن ئـاوی خـواردنەوەم بـۆ پێـنج مـاڵ دابین کردووە، بۆ نموونە ئەڵێم یا گەڕەکێك یـا کۆڵانێـك لە کاتێـك دا شـارێك بـێ ئـاوە، بـۆیە بـۆ ئەوەی دوایی ئەنـدامانی پەرلەمـان و پەرلەمـان و ئەو دەزگایـانەی چـاودێری ئەکەن بتـوانن لـێ پرسـینەوە لە وەزیرەکـان بـکەن لەسـەر ئەو ئەرکـانەی کە لە شـەر شـانیانە، بـۆیە پـێم باشـە ئەو

وشەی پەرەپێدانە بکرێتە دابین کردن کە دووجار بەکارهاتووە، لە خاڵی دووەم دا پاراستنی ژینگەی هەرێم بەشێوەیەکی خاوێن و تەندروست و بایەخدان بە ناوچە و پانتاییە سەوزاییەکان، پانتاییە سەوزاییەکان وەکو حاجەی هاووڵاتی وان ئێستا، بۆیە وشەی بایەخ دا نەبێت دروست کردن بێت، بەپێی پێوەر و ستانداردە نێودەوڵەتیەکان، بەداخەوە ئێستا شارەکان هەمووی بوونەتە چیمەنتۆ لە سلێمانی بناری گۆیژە ئەکرێتە چیمەنتۆ ئەگەر ئەمە هەستێکی بەرپرسیاریەتی هەبێ و مەسئولیەت هەبێ بۆ ئایندە و بۆ ئۆکسجینی پێویست و بۆ سەوزایی و بۆ دیمەنی جوان لەبەر خاتری چوار دەوڵەمەند کە (٥٠٠) مەتر خانویان هەبێ لە بناری گۆیژە ئاوا بە ئیسراحەت سەیری خەڵك بکەن لەناو سلێمانییا بناری گۆیژە ناکرێتە چیمەنتۆ ئەکرێتە درەختی جوان ئەمە کێشەی هەولێریشە تەنانەت، کێشەی شارەکانی تریشە، بۆیە ئەو وشەی بایەخ دانە بگۆڕێت بە دروست کردن و بونیادنان و شتی یەعنی مەحدود دیاری کراو، خاڵێکی تر بڕگەی (٥) کارکردن بۆ پەیڕەوکردنی بنەمای هاوبەشی کردن کەرتی گشتی و تایبەت بەڕاستی ئێستا ئەمە کێشەیە، شارەوانی لە دەرەوەی حوکمەکانی یاسای (١٣٠) ساڵی ١٩٦٣ داهاتی شارەوانیەکان ئێستا هەندێ خزمەتگوزاری بە کەرتی تایبەت دەسپێرێ بە تایبەت کۆکردنەوەی پارە بۆ نموونە پارەی خۆڵ و خاشاکی تۆزێ لەمەوپێش کاك دابان بە خاڵی پەیڕەوی باسی کرد، کە کارێکی نایاساییە، لێرە پێم باشە بڕگەیەك زیاد بکرێ بە پیی یاسا بەرکارەکان واتا ئەم کارە بکات هەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت یان کەرتی تایبەت بۆ هەر بوارێك ئەهێنێتە پێشەوە بەپێی یاسا بەرکارەکان بی نەوەکو دەستکراوە بێ و چۆنی بوی کەرتی تایبەت بهێنێت بیکا بە گژ هاووڵاتیان و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکا کە ........ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاخر زۆر شەرح دەکەی، زۆر شەرح مەکە یەکسەر بڕگەکە بڵێ، خۆی دوو دەقیقەیە ئەوپەڕی، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەسەرچاو، خاڵی/٦ پەرەپێدانی گەنجینەی شارستانی کلتووری ئەو دوو لیژنە بەڕێزە پێم باشە ئەمە تۆزێك ڕوونتر بنووسن، تۆزێ نا مەفهومە لام گەنجینەی شارستانی کلتوری من ئەزانم مەبەستی چییە، بەڵام بۆ ئەوەی هەموو کەس بزانێ چییە دروست تر دەقیق تر بینووسن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، منیش لەسەر بڕگەی (٦) لە ماددەی (٢) تێبینیم هەیە نووسراوە پەرەپێدانی گەنجینەی شارستانی کلتوری، ئەگەر مەبەست لێرە لە دێرەکانی دوای ئەوە باسی شوێنەوار دەکات لە یاسای پاراستن و بەڕێوەبردنی شوێنەوار و کەلەپور دا کەلەپوور هاتووەن نەك کلتوری، ئەگەر مەبەست لە شوێنەوار و کەلەپورە هیوادارم لیژنەی تایبەتمەند لیژنەی

شارەوانی ڕوونکردنەوەیەکمان بدەنێ یان بگۆڕێت ئەوە بە کلتوور بگۆڕدرێت، کەلەپور بگۆڕدرێت نەك کلتوور بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

ئەرکەکانی وەزارەت بریتیینە لە:

١- داڕشتنی سیاسەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی لە ڕیگای ئامادەکردنی نەخشەی بنەڕەتی ماستەرپلان و نەخشەی کەرتی بۆشارو شارۆچکەکانی هەرێم لەسەر بنەمای زانستی و پاڵپشت بە ستانداردی نەخشەسازی بۆ ئەوەی نەخشە و بەکارهێنانی جۆراوجۆری زەوی ببیتە پاڵپشتی پەرەپێدانی شارستانی وئابووری هەرێم.

٢- پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و دروست کردنی رێگاوبان و پرد و تونێل لە سنووری شارەوانییەکان و بەشێوەیەك ببیتە مایەی دابین کردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتیان و خوشگوزەرانی دانیشتوان.

٣- سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنی پلان و پرۆژەکانی شارەوانییەکان و فەرمانگەکانی وەزارەت لە شاروشارۆچکەکان و بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان کە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکانی کارپێکراوەکان دەردەچن.

٤- دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و دامەزراندنی وێستگەکانی ئاوو و تۆڕەکانی گواستنەوەی ئاو بۆ هاووڵاتیان.

٥- دروست کردنی تۆڕەکانی ئاوەڕۆ بۆ ئاوی قورس و ئاوی باران و لەگەڵ دروست کردنی وێستگەی تایبەت و دووبارە پاك کردنەوەی ئاو.

٦- سەرپەرشتی بەدواداچوون و جێ بەجێ کردنی نەخشەی کەرتی و نەخشەی سێکتەرەکانی دیکەی ئاو و ماستەرپلان کە لەلایەن شارەوانییەکان ولایەنی پەیوەندارەکان ئامادە دەکرێت بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردن و کەم کردنەوەی کارگێری نەرێنی لەسەر سیمای شارستانی شارەکان.

٧- دانانی پلانی گونجاو بۆ پاك ڕاگرتنی ژینگەی هەرێم لەڕێگەی کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی زانستی بۆ زبڵ وخاشاك لە شارو شارۆچکەکان.

٨- پلاندانان و بەدوایداچوون و پەرەپێدانی ناوچە گەشتیارییەکان و چالاکی گەشتوگوزاری و پتەوکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت و کەرتی تێکەڵاو بۆ هاندانی سەرمایەی نیشتمانی و بیانی بۆ بەرهەمهێنان لە کەرتە لە چوارچێوەی پلانەکانی کەرتی گەشتیاری.

٩- ئەنجامدانی کار و ڕێپێوی و پشکنین و هەڵکۆڵینی زانستی و ورد لە ناوچە شوێنەواریەکان و پاراستن و نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنانە کە لەڕێگەی تیمە پسپۆریەکان بەشێوەیەکی بەردەوام.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێزان لەسەر ئەرکەکان کێ قسەی هەیە؟ ئەمە ئەساسی ترین و لە هەموو ماددەکان موهیم ترە، کێ ئەیەوێ قسە بکات؟ ناوەکان ئەخوێنمەوە بەڕێزان ئەوەی نەمان

نووسی بوو با پێمان بڵێ، (کاك کاوە، د.شێرکۆ، د.محی الدین، مامۆستا عمر، مژدە خان، کاك مم، سەرچنار خان، مامۆستا عبدالستار، گولستان خان، کاك باڵانبو، کاك د.هەورامان، کاك بەڵێن، کاك عوسمان سێدەری، کاك کاروان، کاك شاخەوان، سەوسەن خان، کاك شێخ ظاهر)، تەواو بەڕێزان؟ کاك عباس فەرمووو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێشنیارەك هەبوو لە جێی خۆیەتی و مەنتقە مەسەلەی پەرەپێدان و دابین کردن، لە ماددەی (٢) بۆ ماددەی (٣) مەبەستمە، بەڵام یەعنی کە قسە لەسەر ماددەی (٢) کرا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمە ئامانجە، یەعنی ئامانجی ئەم وەزارەتە بەرەو ئەوە دەچێ پەرە بەم بابەتە بدات، بەڵام کە دێتە سەر ئەرکەکان لەوێ حساباتی ئەوەمان کردووە بە دابین کردنی ئاو یەعنی ئەرکە لەسەری دیاری دەکرێت بەدابین کردنی، بۆیە نەمانویست ڕەوشەکە لە دوو ئامانج و لە ئەرکەکان جێ بەجێ بکرێ، تەبعەن ئەرکیش یانی جێ بەجێ کردنی ئەرك و واجبەکەیە، ئەگەر لە بڕگەی/٤ ی ماددەی/٣ سەیری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرچنار خان فەرمووو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وای دەبینم لە ماددەی (٢) و ماددەی (٣) دا تێکەڵاویەك هەیە لە بەینی ئامانجەکان و ئەرکەکان دا ئەگەر بکرێت یەعنی ئامانجەکان لابرێ یان تێکەڵ بکرێتەوە لەگەڵ ئەرکەکاندا، بۆ نموونە بڕگەی (٣) ی ئامانجەکان کارکردنە پلاندانانە، کارکردنە، بەهەمان شێوە لە ئەرکەکان هاتۆتەوە، زیاتر ئامانجەکان ئەچێتەوە بۆ هۆکاری دەرچووواندنی یاسایەکە، ئامانج لە دەرچوواندنی یاسایەکە، دەتوانرێ لەوێدا جێگەی بکرێتەوە و هەر ئەرکەکان بهێڵدرێتەوەو یەعنی تەنزیماتێ بکرێ لەبەینی ئەرك و ئامانجەکان دا و بکرێ بە یەك ماددە و ڕێك بخرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مم فەرمووو.

**بەڕێز مم برهان محەمەد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای ئەوەی هاوڕام لەگەل بۆچوونەکانی سەرچنار خان و پشتگیری لێ ئەکەم، هەر بۆ نموونە ئەگەر دیقەت بدەین بۆ ئەرکەکان بۆ ئەوەی ئیزافە بکرێ کۆی ئەوانەی لە ئامانجەکان دا هاتوون بۆ نموونە بڕگەی (٣ و ٤ و ٥) بەس وشەی پلاندانان یان کارکردن، بۆ کارکردن، بۆی لابا هەموو ئەمانە ئەبن بە ئەرك کە ئەرکەکە بوو مەجالی محاسەبە کردنی وەزارەت و وەزیر کە ئەرکەکانی بە تەواوی جێ بەجێ نەکردووە دەست کراوە تر ئەبێ پەرلەمان، ئامانج قابیلی ئەوە بێ ڕەنگە بۆی نەهاتەدی ئاستەنگ دروست بووە هاوڕام و بەو شێوەی لێ بکرێ سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشنیار دەکەم ماددەی (٢ و ٣) بکرێ بە یەك و بە پوختی دابڕێژرێتەوە، پشتیوانی لە قسەکانی سەرچنار خان دەکەم، دەست خۆش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، لە خاڵی (٨) کە باسی پلاندانان وبەدواداچوونی پەرەپێدانی ناوچە گەشتیارییەکان دەکات لێرە من سەرنجێکم هەیە ئەویش ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت، واتا ئیستسنایەکی بۆ بکرێ، هەوڵ بدرێ ئەو ناوچانە بێ کەڵکی کشتوکاڵ نایەن، چونکە ئێستا فەرموو لێرە لە دەرەوەی هەولێر لە ئاشوکان و دارەبەن باشترین زەوی کشتوکاڵیمان هەیە چوار هەزار دۆنمیان تەرخان کردووە بۆ پرۆژەی (هەپی ستی) لە کاتێك دا تۆزێکی دیکە ئەو لاتر بڕۆی بچۆ سەر گردێکی بەرز مەنتیقەی شێخ توراب دیارە کە ئاویشی هەیە و مەنتیقەیەکی بەردەڵانە بەکەڵکی کشتوکال نایەت، بەڕاستی من پێموایە دەبێ لێرە قەیدێك هەبێ هەوڵ بدرێ قەیدێك هەبێ وەزارەتی شارەوانی ئەو شوێنانە زیاتر بۆ گەشتوگوزار بەکاربهێنێ کە بە کەڵکی کشتوکاڵ نایەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێزان ئێمە هەفتەی داهاتوو ان شاءالله پێشنیازە یاسای گەشتوگوزار تەسەور ئەکەم موناقەشە بکەین، چونکە لە لیژنەی شارەوانی تەواو بووە، ئەو قەیدەی جە نابت باسی دەکەی تیایەتی، دەستت خۆش بێ مامۆستا، کاك باڵانبو فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٢ خاڵی/٤ دابین کردنی ئاوی خواردنەوە بۆ دامەزراندنی وێستگەکانی ئاو و تۆڕەکانی گواستنەوەی ئاو بۆ هاووڵاتیان پێشنیار ئەکەم ئەمەی بۆ زیاد بکرێ، بەشێوەیەك پێداویستی هاووڵاتیان دابین بکات، بڕگەی/٥ دروست کردنی تۆڕەکانی ئاو بۆ ئاوی قورس و ئاوی باران لەگەل دروست کردنی وێستگەی تایبەت بۆ دووبارە پاك کردنەوەی ئاو ئەمە هیچ کاتێکی بۆ دانەنراوە، یەعنی حەق وایە کاتێك دابنرێ ئەمە ساڵانە ڕێژەی چەند دابین بکرێ، یەعنی تۆ تەنها لێرە لە یاساکە بەس ئاماژە بەوە بدەی ئەمە بکرێت بەس ئەی ئەگەر ئەمە جێ بەجێ نەکرا ئەو کاتە چی ئەبێ لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم لێرە کاتێك دیاری بکرێ یان ڕێژەیەك دیاری بکرێ پێویستە ساڵانە ئەوەنەی تیا جێ بەجێ بکرێ، ٧/ دەڵێ دانانی پلانی گونجاو، بەڵێ دەتوانن پلانەکە دانێن بەس ئەی ئەگەر جی بەجێ نەکرا، پێویستە لێرە ئەوەی بۆ زیاد بکەین دانانی پلانی گونجاو و جێ بەجێ کردنی، نەك تەنها دانانی پلانەکە بێت، دانانی پلان ئاساییە دانیشەو

به هەوەسی خۆت پلان دابنێ بەس ئایا ئەو پلانەی داتناوە جێ بەجێت کردووە یان نا؟ لە ٨ بەهەمان شێوە پلاندانان و جێ بەجێ کردنی لەدوای ئەو دەست پێ ئەکەینەوە بە بەدواداچوون، لەبەرئەوە پلاندانان زۆر ئاسانە بەس جێ بەجێ کردنەکەی ئەرکە پێویستە ئەرکەکە دیاری بکەین ئەویش بەهەمان شێوە کە ساڵانە چەندی جێ بەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣) بڕگەی (٣) باس لە ئەنجومەنی شارەوانیەکان ئەکات، دیارە لەڕابردوو دەتوانم بڵێم لە ساڵی ڕابردوو تاڕادەیەك ئەنجومەنی شارەوانیەکان یەعنی تەفعیل و دەست بەکار و کار باشیشیان کردووە، بەڵام ئێستا و لەم قۆناغەی ئێستا ئەنجومەنی شارەوانیەکان بە تایبەتی ئەنجومەنی شارەونی ناحیەکان لەگەل قەزاکان تا ڕادەیەکی زۆر یەعنی ناڕاستەوخۆ سڕ کراون، لەبەرئەوە حەق وایە ئیدی لەسەر ئەو بڕگەیە لە ماددەی (٣) پیاچوونەوەیەك بکەن، دەست خۆش سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە روحی یاساکەیە ئەم ماددەیە هیوادارم ئەگەر تۆزێك زیاد قسەم کرد کاتم پێ بدەی سوپاست دەکەم، من لە ماددەی/٣ سێ بڕگە ئیزافە دەکەم هیوادارم کە برادەرانمان لە لیژنەی شارەوانی و قانوونی بە دڵێکی فراوانەوە وەری بگرن، وەکو برای بەڕێزم کاك باڵانبو ئاماژەی پێ کردو فەرمووی ئێمە کێشەنی نەخشەدانان و ماستەرپلانمان نییە کێشەی ئەوەمان هەیە کە جێ بەجێ ناکرێ.

یەعنی ئەگەر متابەعە و دیراسەیەکی تەواوی هەرێمی کوردستان بکەی دەبینی کە کێشەیەکی گەورەیە، من بەدواداچوونێکم کردووە لە پارێزگای هەولێر (١٠٠٠) کم٢ کیلۆمەتر دووجا لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و راپەرین (١٥٦٩)کم٢ و پارێزگای دهۆك وئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ٧٤٣کم٢ پێویستیان بەچاك کردن و لێدانی ڕێگەوبانی تازە هەیە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەزانی ئەم پارەیە چەند دەکات؟ ١٠ملیار و ٥٦٩ ملیۆن دۆلار دەکات کە ئەگەر بێتو حکومەتی هەرێمی کوردستان بوودجەی بۆ تەرخان بکات، ئەمە هۆکارەکەی چییە؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە دەمێکە ماستەرپلان دادەنرێ و، بەڵام ئەم بابەتانە چارەسەر نەکراون، واتا کەڵەکە بوونەتەوە، فەرموو سەیری شارێکی وەکو ڕانیە بکە، شارێکی وەکو سۆران و زاخۆ و کفری و کەلار و وەکو شاروشارۆچکەکانی تر، دنیایەك مەشاکلی گەورەیان هەیە یەعنی ڕێگاوبان هەیە جادە هەیە کۆڵان هەیە لە ساڵی ٢٠٠٠ ەوە کۆڵانە و تا ئێستا قیرتاو نەکراوە.

یەعنی شوێن هەیە تا ئێستا کارەبای تەواوی بۆ نەچووە، ئاوی بۆ نەچووە، تا ئێستا شوێنمان هەیە ئاوی بیر یەعنی بە تەنکەر ئاوی بۆ دێنن کە ئەمە تاپۆش ئەو مەنتیقانە، ئەمە بەڕاستی

کاریسەیەکی گەورەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، بڕگەیەك ئیزافە بکەین و بڵێین دابین کردنی بوودجەیەکی تایبەت بۆ جێ بەجێ کردنی نەخشە و ماستەر پلانی شاروشارۆچکەکان، چونکە بەڕاستی بە دابین کردنی بوودجە و بە بێ جێ بەجێ کردنی ماستەر پلان و نەخشەی هیچ کاریگەریەکی نابێت و هیچ ناگۆڕێت، دووەم/ بڕگەیەکی دیکە ئیزافە بکرێ پاراستنی شوێن و ئاسەوارە مێژووییەکان کە دەکەونە سنووری شارەوانی لە ئامادەکردنی هەر ماستەرپلانێك دا بەڵێ ئەمە لە بڕگەی یەکەم وەکو ئامانج لە ماددەی/٢ لە بڕگەی/٥ ئاماژەیەکی بەسیتی پێکراوە، بەڵام بۆ پەرەپێدان ئێمە گرنگ ئەوەیە کە بیان پارێزین، شوێنێکی وەکو مەڵکەندی لە سلێمانی ئێ حەیفە دەستکاری ئەو شوێنە بکەی، ناکرێ تۆ بیکەیە پرۆژەیەکی نیشتەجێ بوون یان بیکەیە پرۆژەیەکی گەشتیاری یان لە هەولێر وەکو قەڵای هەولێر یەعنی بەیانی تەتەوراتێك ڕووبدات چوار ساڵی تر دەبی بیدەیە بە بازرگانێك و بیکات بە پرۆژەیەکی گەورە، ئەوە مەنتیقەیەکی گرنگەو ئاساریشە و پێویستە بیپارێزین.
سێیەم/ بڕگەیەکی دیکە ئیزافە بکرێ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان لە قیرتاو کردن و دابین کردنی ئاوی خاوێن و ڕاکێشانی هێڵی کارەبا بۆ ناوچەکانی نیشتەجێ بوون، دووبارە بۆ ئەمە دووبارە دەکەمەوە و جەختی لێ دەکەمەوە، چونکە خۆشی لە بڕگەی چوارەم دا هاتووە تەقریبەن وەکو دابین کردنی ئاو، بەڵام لە ڕانیە دادەنیشم تەماشا دەکەم لەو مەنتیقەیە شوێنی لێیە تا ئێستا بیست ساڵ، بیست و پێنج ساڵە کۆڵانێکی قیرتاو نەکراوە، ئەمە لە سۆرانیش ڕاستە خۆم خەڵکی سۆرانم، یەعنی لە سۆرانیش ئەمە ڕاستە، لە کفریش ئەمەهەر ڕاستە، لە زاخۆش ئەمە هەر ڕاستە، بۆیە پێویستە یاسا ئیجباری حکومەت بکات و مولزەمی بکات بۆ ئەوەی کە بتوانێ ئەمانە چارەسەر بکات، لەبڕگەی/٣ کاتێك کە باس لە سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردن دەکرێ بەشداری کردن لە دانانی پلان و پرۆژەکان، چونکە ناکرێ تۆ ڕێگە بدەی ئیدارەی سەربەخۆ یاخود ڕێگە بدەی بە تەنها پارێزگایەك یاخود شارێك لە ئارەزووی خۆی ماستەرپلان دابنێ و گەندەڵی گەورەشی تێدا کراوە، بەخێرایی یەك نوقتەی تر باس دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بڕگەی/٥ کە باس لەوە دەکرێ سەرپەرشتی و بەدواداچوون ئەمەیان بە هەماهەنگی ئیدارەی سەربەخۆ نابێ، ئەم چوار ئیدارە سەربەخۆیەی کەمە لەگەڵ پارێزگاکان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) بڕگەی (٢) پێشنیار دەکەم پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و دروست کردنی ڕێگەوبان و پرد و تونێل لە سنووری شارەوانییەکان (و) ئەو واوە بکرێتە (،) بەشێوەیەك ببیتە مایەی دابین کردنی پێداویستیەکانی هاووڵاتیان و خوشگوزەرانی دانیشتوان، لەبڕگەی/٤ دابین کردنی ئاوی خواردنەوە و دامەزراندنی وێستگەکانی ئاو و تۆڕەکانی گواستنەوەی ئاو بۆ هاووڵاتیان پێشنیار دەکەم ڕستەیەك زیاد بکرێ بەوەی کە (و) وە پاکردنەوەیان بەشێوەیەکی بەردەوام چونکە لە زۆر حاڵەت دا ئێمە دەبینین ئاوی خواردنەوە

یەعنی خاوێن نییەە یەعنی قوڕاوییە، بۆیە ئەو ڕستەیە پێویستە زیاد بکرێت، لەبڕگەی (٥) کە نووسراوە دروست کردنی تۆڕەکانی ئاوەڕۆ بۆ ئاوی قورس دوو ڕێ دانراوە بکرێتە یەك ڕێ، لە بڕگەی (٦) دا سەرپەرشتی وبەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی نەخشەی کەرتی، نەخشەی کەرتی بکرێتە یەك (ی) لێرە نەخشەیە، بەڵام (ت) زیادە لێرە و ئەو (ت)یە لابرێ بکرێتە نەخشەی سێکتەرەکانی دیکەی ناو ماستەرپلان کە لەلایەن شارەوانیەکان و لایەنە پەیوەندارەکان نووسراوە بکرێتە لایەنە پەیوەندارەکان ئامادە دەکرێ بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردن وکەم کردنەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر سیمای شارستانی شارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەو دوو دەقەیەی کە کاك جەنابت دەڵێی دوو دەقەیە، بەپێی شێوازی گفتوگۆ کردن لە دانیشتەکانی پەرلەمان ماددەی/٥٤ چوارەمو خاڵی یەکەم ئەندام بۆی نییە لە سێ خولەك زیاتر بدوێ، نازانم دوو دەقەکەی دی لە کوێیە، گەڕام لەناو پەیڕەو تێیدا نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵام تەحدید نەکراوە بۆ مەوادی قانوونی چەندە، سێ دەقە قسە بکە هەیە سێ دەقە زیاتریش قسەی دەکات، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێوازی موناقەشە کردن، مەبەستم خۆم نییە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تێبینی من لەسەر ئەرکەکانی وەزارەت بریتین لە بڕگەی (٤) دابین کردنی ئاوی خواردنەوە و دامەزراندنی وێستگەکانی ئاو و تۆڕەکانی گواستنەوەی ئاو بۆ هاووڵاتیان، گواستنەوەی تۆڕەکانی گواستنەوە، دابەش کردنیشی بۆ زیاد بکرێ، گواستنەوە و دابەش کردنی ئاو، سەبارەت بەوەی پرسیارم لە لیژنەی تایبەتمەند لەسەر ئەوەی ئایا بیرلێدان لەچوارچێوە و دەسەڵاتی وەزارەتی شارەوانیە یان وەزارەتێکی ترە، خۆ ئەگەر لە دەسەڵاتی وەزارەتی شارەوانی بی ئەوە پێویستە لەو ماددەیە ئاماژەی پێ بکرێ، چونکە لە خاڵی شەشەمی ماددەی (٤) ئاماژە بە بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ کە ئەوەیەکی مەعنەوی سەربەخۆشی هەیە و ئاماژە پێکراوە و بەشێکە لە پێکهاتەکانی وەزارەت و هیوادارم وەڵامم بدەنەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵی ئەگەر سەیری ماددەی (٨٨) بکەی گە پەیوەندی بە قانوونەکانەوە هەیە دوو دەقەیە، ئەڵێ ئەو ئەندامەی ناوی تۆمار کراوە دەتوانێ لەسەر هەر ماددەیەك تەنیا یەك جار بدوێت و نابێ لە دوو خولەك تێ پەڕ بکات، بەڵام ئێمە لە مەوزوعی قانوون دا هەندێ جار لەوەش دەردەچین، زۆر زۆر سوپاس، نا عیلاقەی بە خزمایەتیەوە نییە، ماۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە ئەرکەکـانی وەزارەت بـڕگەی/٤ دابـین کردنـی ئـاوی خـواردنەوە و دامەزرانـدنی وێستگەکانی ئاوو تۆڕەکانی گواستنەوەی ئاو بۆ هاووڵاتیان پـێم باشـە ئەمەی بـۆ زیـاد بکـرێ بە پێی پێـوەر و سـتانداردەکانی پێویسـتی هەر هـاووڵاتیەك بـۆ بـڕی پێویسـتی ئـاوی خـواردنەوە، سەبارەت بە بـڕگەی/٥ دروسـت کردنـی تۆڕەکـانی ئـاوەڕۆ بـۆ ئـاوی قـورس و ئـاوی بـاران لەگەل دروست کردنی وێستگەی تایبەت بۆ دووبارە پـاك کـردنەوەی، تەبعەن مەبەسـت لە ریسـایکلینە، پێشنیار ئەکەم ئەم بـرگەیەی بـۆ زیـاد بکـرێ، پـاککردنەوە ئـاو و بەکارهێنـانەوەی لەپێداویسـتی هاووڵاتیـان و شـارەکان، یەعنـی ئەکـرێ بـۆ ئـاوی خـواردنەوە بـێ، ئەکـرێ بـۆ ئـاودانی ڕووبەرە سەوزاییەکان بێ، خـاڵێکی تـر بـڕگەی/٦ بەڕاسـتی نـازانم ئـیمە ئەمەیـان چـۆن جـێ ئەکەیـنەوە، ئەویـــش ئەوەیە کە لێـــرە وەزارەت ئەرك بـــار ئەکـــات بەوەی کە نەخشـــە و پلانەکـــان و ماسـتەرپلانەکان لەنـاو سـێکتەرەکان دا لە نـاو شـارەکاندا بەجۆرێـك بـێ کە سـیمای شارسـتانی شارەکان بپارێزێ، بەڕێزان ئەمە یەکێك لە کێشەکان کێشەی جێ بەجێ کـردنە، لەنـاو شـارەکاندا هەنــدێ ڕووبەر دائەنــرێ بەشــێوەیەکی گشــتی ئەنوســرێ بــۆ خزمەتگــوزاری گشــتی، ئەم خزمەتگوزارییە گشتییە لە دوایی لەبری ئەوەی بکرێتە قوتابخانە، بکـرێتە نەخۆشـخانە، بکـرێتە پارك و سەوزایی، یەکسەر زۆرێك حاڵەت ئەکرێتە پرۆژەیەکی بازرگانی ئەدرێـتە سـەرمایەدارێك و هەندێ دوکانی تیا دروست دەکا و لەبری ئەوە، ڕاستە ئەوەش خزمەتگوزاری گشـتییە، بەڵام لە پێشتر پارکە بە تایبەت هەندێ شوێن کاك لوقمان نـازانم ئەمە چـۆن جـێ ئەکەنەوە؟ بـۆ نمـوونە قوتابخانەیەکمان هەیە باخچەیەکی ساوایانیش لە تەنیشتیا، لەبەرامبەریا پارچەیەك زەوی هەیە ئایـا گونجـاو تـر و باشـتر نیـیە ئەم پـارچە زەویە بکـرێتە بـاخچەیەك نەوەکـو بـازار و دوکـان؟ شارەوانی باوەڕتان بێ لەناو سـلێمانی دا نمـوونەی لەم جۆرەمـان هەیە هەشـت مەتـر لە دووری دەرگای باخچەکەوە کردوویەتی بە بـازاڕ نێـرگەلە کێشـانی تیـا دانـاوە، بەرامـبەر منـاڵی تەمەنـی پێنج ساڵ، بەڕاستی ئەمە کارەساتە، شارەوانی بەم نا بەرپرسیاریەتە مامەڵە بکات!.

هیـوادارم لیـژنەی شـارەوانی بەڕێـز لە بـڕگەی/٦ دا ئەمە جـێ بـکەنەوە کە دەسـتی وەزارەت و شارەوانییەکان ببەستێتەوە ڕووبەرێك دانراوە بۆ خزمەتگـوزاری گشـتی ئەکـرێ قوتابخـانە بـێ، ئەکرێ باخچە بـێ نەخۆشـخانە بـێ، پـارك بـێ، ئەوانە هەمـووی تـێ نەپەڕێـنن و بـیکەنە بـازاڕ و دوکان بەپێی میزاجی خۆیان و بەرژەوەندی کەسێك تەحقیق بکات، خاڵێکی تـر ئەگەر دەرفەتـم بدەی عەفوم کە، ئەویش بڕگەی/٧ دانانی پلانی گونجاو بـۆ پـاك ڕاگرتنـی ژیـنگە، ئـێمە دەسـتەی ژینگەمان هەیە و یاسای تایبەت بەخۆی هەیە، پـێم باشـە بـابەتی کـۆکردنەوەی خـۆڵ و خاشـاك کێشەیەکی زۆر زۆر گەورەیە لە هەموو شارەکانمان، زۆر زۆر بەڕوونی ئەم بڕگەیە وای لێ بکـرێ کە ئەرکی وەزارەتی شارەوانی و شارەوانیەکانە هەستن بە کۆکردنەوەی خـۆڵ و خاشـاك بەپێـی

پێوەر و ستاندارده جیهانیەکان بۆ ئەوەی ببێتە هۆی پاك ڕاگرتنی ژینگە، پێشنیار دەکەم دوو بڕگە زیاد بکەن..... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆیان بنێرە بە نووسین، شەرح زۆر ئەکەی بۆیە وەختەکەت لێ ئەڕوا، دەستت خۆش بێ بەس بۆیان بنێرە، د.محی الدین فەرمووە.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم شت پێم باش بوو بەڕێز وەزیری شارەوانی لێرە بایە لە کاتی گفتوگۆ کردنی ئەو پێشنیازە یاسایە کە پەیوەنداره بە وەزارەتەکەی ئەوەوە، دووەمیان من چەند تێبینیەکم هەیە بە تایبەتی لە خاڵی چوارەم کە باس لە دابین کردنی ئاوی خواردنەوە و دامەزراندنی وێستگەکان و تۆڕی گواستنەوەو دابەش کردنی کە هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم شێخ چاهری، بڕگەیەکی هەر ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێ کە هەوڵ دان بۆ کەم کردنەوەی بەکاربردنی ئاوی ژێر زەوی و بۆ دابین کردنی ئاوی خواردنەوە و بۆ کارکردن بۆ سوود وەرگرتن لە ئاوی سەرزەوی، فەرامۆشکردنی لایەنی پارك و سەوزاییەکانی نێوان شاروشارۆچکەکان پێموایە کە ئەوەش یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارەت، وە هەروەها پێشنیار دەکەم کە بڕگەیەك زیاد بکرێ تایبەت بی بە کۆکردنەوەی پارەی ئەو خەزمەتگوزاریانەی کە وەزارەت پێشکەشی دەکات هەم لە یاسای ئەوەی عێراقی ساڵی ١٩٦٣ بەرکارە، دوای ئەوەی کە بڕیاری دادگای سلێمانیش درا کە پێویستە وەزارەت هەڵسێ بە کۆکردنەوەی ئەو پارەی خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەش کراوە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە تایبەتە بە کەرتی گەشت و گوزار کە یەکێکە لە دەستە گرنگەکانی ئەو وەزارەتە بەڕاستی بەلاوەکی ئاماژەی پێکراوە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم ڕاستە لەبڕگەی (٨) کە ئاماژەی پێکردووە کە کەرتی تایبەت و کەرتی تێکەڵاو بۆ ئەوەی وەبەرهێنان بکەن لە پلانەکانی گەشتیاری پێموایە دەبێ بڕگەیەکی تایبەت بۆ کەرتی گەشت و گوزار کە خاڵێکی بۆ زیاد بکرێ کە یەکێکە لە ئامانجەکانی وەزارەت کە لە بڕگەی (٨) داهاتووە پێموایە تێر ناکات، بۆیە پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی تایبەت بە گەشتوگوزار زیاد بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بەڵێن فەرمووە.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، پێشەکی من ئەمەوێ پشتیوانی لە قسەکانی سەرچنار خان و کاك کاروان بکەم بۆ ئەو پێشنیازانەی کە کردیان وە بەر مەبنای ڕوونکردنەوەکەی لیژنەی قانوونی کە کاك عباس دای لە پەیوەندی بەینی ماددەی (٢ و ٣) تەنها لە بڕگەی دووە یەعنی ئەو ئەشکالی دەستەواژەیە دەمێنێ کە لە هەموو بڕگەکانی تر دا دروست کردنە، دابین کردنە، بەس لە بڕگەی دووەم بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی هاتووە، پێشنیاز دەکەم پێشکەش کردنەکەش بکرێتە دابین کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) ئەرکەکانی وەزارەتی شارەوانی لە بڕگەی (٢) دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی لە جیاتی پێشکەش کردن پێشنیار دەکەم دروست کردنی ڕیگەوبان و پرد و تونێل ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێ قیراتاوکردنی کۆڵانەکان و چاك کردنەوەی شوێنە خراپ بووەکانی ئەوە زیاد بکرێ لە سنووری شارەوانیەکان، ئەرکێکی تر دابین کردنی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە، چونکە بەڕاستی زۆر گرفتی ئاوی پیس هەیە لە شوێنەکان، بۆ خاڵی چوارەم ئاوی پاك زیاد بکرێ، لە خاڵێکی تردا ئەگەر کۆکردنەوەی پارەی خزمەتگوزاریەکان بخرێتەوە سەر شارەوانیەکان بۆ ئەوەی چیتر ئەم کۆمپانیایانەی کە خەریکی کۆکردنەوەی پارەی خزمەتگوزارین کۆتاییان پێ بێت لێرە ئەوە کۆتایی پێ بێت، سەبارەت بە خاڵی (٧) کە باس لە پلانی گونجاو ئەکات بۆ پاك ڕاگرتنی ژینگەی هەرێم لەڕێی کۆکردنەوەو چارەسەرکردنی زانستی بۆ زبڵ و خاشاك لە شارو شارۆچکەکان ئەمەی بۆ زیادبکرێ پێشنیار ئەکەم جیاکردنەوەی ئەو کەرەستانەی توانای دووبارە بەکارهێنانەوەیان هەیە وەکو مەوادێکی ئەوەلی بۆ کارگەکان ئەرکی ئەوانە بیکەن، خاڵێکی تر بۆ بڕگە (٨) پلاندانان و بەدواداچوون و پەرەپێدانی ناوچە گەشتیاریەکان و چالاکی گەشتوگوزاری و فراوانکردنی ناوچە سەوزاییەکان، پتەو کردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت و هەروەها... . لەویا ئەو فراوانکردنی ناوچە سەوزاییە پێشنیار ئەکەم زیاد بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دابان نوقتە نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) قسە ئەکەم بەڕێزان گولستان خان، کاك د. محی الدین، مامۆستا عمر چەند بەڕیزێکی تریش باسی خۆڵ و خاشاك و وەرگرتنی ڕەسمیان کرد ئێمە یاسایەکمان هەیە بۆ ئەمە، یاسای ژمارە (١٣٠)ی ساڵی ١٩٦٣ مان هەیە کە بەرکارە، یەعنی ئەمە من لە بەڕێزان کاك لوقمان وەردی و بە جەنابیشت و لە کاك بژاریش دەپرسم کە بڕیاری مەحکەمە هەیە وەرگرتنی ڕەسم لەلایەن کۆمپانیاوە نایاساییە، لەلایەن کەرتی تایبەتەوە نایاساییە، ئەوەی کە ماوە تەنفیز بکرێ کە جێ بەجێ بکرێ کۆمپانیاکان هەلوەشێتەوە بۆ ناکرێ نازانم، هەفتەی پێشووش یاداشتێکم دا بە بەڕێزت لەسەر ئەو پرسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك بڕگەمان لەبیر کردووە، بنووسین بۆیە داوا دەکەین کە ئەم ماددەیە زیاد بکرێ و بکرێتە ماددەی (١٠) دەیەم/ لە ئەرکەکانی وەزارەتی شارەوانی ئەویش ئەمەیە، دروستە کردنی پارکینگی گونجاو لە شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عوسمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) بڕگەی (٥) ئەگەر بکرێ ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێ یاخود بکرێت بە برگەیەکی سەربەخۆ ئەویش ئەوەیە بڕگەی/٥ دروست کردنی تۆڕەکانی ئاوەڕۆ بۆ ئاوی قورس و ئاوی باران لەگەڵ دروست کردنی وێستگەی تایبەت بۆ دووبارە پاك کردنەوە و هەروەها پاراستن و دورخستنەوەی ئاوو ئاوەڕۆی شارو شارۆچکەکان لە دووبارە چوونەوەی بۆ ناو دەریاچە و رووبارەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەو قسانەی جەنابتان دەیکەن هەمووی قسەی بەجێیە، بەڵام ئێمە قانوونێکمان لە هەفتەی ڕابردوو دەنگمان لەسەری دا لەسەر پاراستنی زۆر بە تەفسیلی باسی ئاوی قورس و چۆنییەتی ئەو بابەتەمان کرد لەمەسەلەی گەشتوگوزار ان شاءالله قانوونمان هەیە هەفتەی داهاتوو مەشروع موناقەشەی ئەکەین، بۆیە ئەم وردەکاریە زۆر نەکراوە، د.هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ماددەی (٣) بڕگەی (٢) کە لە ئەرکەکانی وەزارەت بریتین لە باسی ئەوە ئەکات ئەڵێ پێشکەش کردنی حزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و دروست کردنی ڕێگەوبان و پرد و تونێل پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دیارە ئەوە لە ئەرکەکانی وەزارەتی شارەوانییە، بەڵام ئایا دروست کردنی ڕێگەوبان و پردو تونێل ئەوە ئیش و کارو ئەرکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بێگومان هەرچی لەناو شاردا بێ ئەرکی وەزارەتە هەرچی چووە دەرەوە ئینجا ئەبێتە هی ئاوەدانکردنەوە، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پشتگیری لە وتەکانی برای بەڕێزم کاك کاروان ئەکەم لەگەل وتەکانی سەرچنار خان و کاك مم و موژدە خان سەبارەت بە یەك خستنی ئامانج و ئەرکەکان، چونکە وازحە کە نزیکیەکی زۆریان هەیە، سەبارەت بە پشتگیری وتەکەی مامۆستا عبدالستار ئەکەم بۆ بەدەرخستنی زەوی کشتوکاڵی لە باسی شارەوانی و لەو پێناوە دا بڕگەی یەکەم ئیزافەیەکی بۆ

بکەین، بۆ ئەوەی زەوی کشتوکاڵی بپارێزین کە هێرشی شارەوانی، ئەوەی بۆ ئیزافە بکەین کاتێك کە ئەڵێ بۆ شاروشارۆچکەکانی هەرێم بەدەر لە زەوییە کشتوکاڵییەکان لەبڕگەی یەکەم بەو شێوەیە زەویە کشتوکاڵیەکان ئەپارێزرێ، سەبارەت بە ستانداردی نەخشەسازی بەڕێزان ئەگەر وریا نەبین ستانداردی زۆرن، ستانداردی لۆکاڵی هەیە، ستانداردی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە، کە باس لە ڕیژەی ئاوی پێویست بۆ مرۆڤێك، ڕێژەی شەقام و ڕێژەی ئەوە و ڕێژەی ئەوە ئەکرێ، بۆیە ئێمە بە موتڵەقی نەڵێین ستانداردی نەخشەسازی بڵێین ستانداردی نەخشەسازی زانستی و سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی معیاری بێ، یەعنی معیاری ئەوە بێ، دووەم/ باس لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری شارەوانی ئەزمەی خزمەتگوزارییەکان تا ئێستا مەسەلەی کواڵتی و مەسەلەی وەقتە یان درەنگ خزمەتگوزارییەکەی پێ ئەگەیەنێ شارەوانی یان کواڵتیەکی باش نییە.
لەو پێناوە دا ئێمە بڕگەی دووەم ئەمەی بۆ ئیزافە بکەین و بڵێین پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی بە پەلەو بە کواڵتی شیاو هەر لەو بڕگەی/٢ دا باس لە دنیادا خەدەماتی شارەوانی ئەبێ بە دیجیتاڵی کۆنترۆڵ بکرێ، یەعنی باسی حکومەی ئەلیکترۆنی ئەکرێ باس لەوە ئەکرێ کە چۆن خزمەتگوزاری زوو بگا و باش بگات بە هاووڵاتییان.
بۆیە بڕگەی/٢ ئەوەی بۆ ئیزافە بکەین کە دەڵێ لە سنووری شارەوانیەکان بە کۆنترۆڵی دیجیتاڵیو کۆمنترۆڵی دیجیتاڵی یەعنی ئیتر ئەوە لەوە دەرچوو مەسەلەی مەزاج و بە حساباتی گەندەڵی و فەسادی و ئەمانە، کۆنتڕۆڵی دیجیتاڵی ئەمە حەسمی ئەکات، بڕگەی/٣ دیسانەوە دێمە سەر مەوزوعە هەڵسەنگاندن هیوادارم هەردوو لیژنەی تایبەتمەند یەعنی ڕەچاوی ئەو مەوزوعە بکەن، چونکە کە ئەوترێ نیزام، نیزام پلاندانانە، جێ بەجێ کردنە، بەدواداچوونە، هەڵسەنگاندنە، ئەو چواریە نیزام، نابێ سیانی تیا بێ و هەڵسەنگاندنی تیا نەبێ، هەڵسەنگاندنی پاشی.
بۆیە لە سێیەم دا کە بلێین سەرپەرشتیاری و چاودیری کردن و هەڵسەنگاندنی پلان و پرۆژەکان، هەروەها لە بڕگەی/٦ یشدا هەر بەهەمان شێوە سەرپەرشتی و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی جێ بەجێ کردن، تەئیکدی لەسەر بکەینەوە و بۆ ئەوەی کە زەمانەتی ئەوە بکەین کە ئەوەی شارەوانی ئەیکا دواتر هەڵسەنگاندنی بۆ بکات ئایا پێکاویەتی یان نەیپێکاوە، ئاڕاستەی خۆی ڕاست بکاتەوە، ئەگەر ئەمە نەبێ هەڵسەنگاندن نەبێتە ئەرکێك لە ئەرکەکانی وەزارەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان کەمێك ئارامی بپارێزن، یەعنی هێمن تر بن، بۆ ئەوەی گوێمان لێ بێ، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی/٣ بڕگە/٢ دەڵێ پێشکەش کردنی خزمەنگوزاریەکانی شارەوانی و دروست کردنی ڕێگەوبان و پرد و تونێل لەڕاستی دا ئێمە باسی ئەرك ئەکەین، بۆیە دەبێ بکرێتە دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و دروست کردنی ڕێگەوبان، چونکە دابین کردنەکە ئیلزامیە ئێمە

باسی ئەرك ئەکەین، ئەرکی وەزارەتی شارەوانییە کە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و دروست کردنی پرد و ڕێگەوبان ئەوە ئەرکە بۆیە بکرێتە دابین کردن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەگەر قسەیەکتان نییە بەڕێزان ئەچینە ماددەی/٤ ؟ کاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لوقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك، دوو ڕوونکردنەوەی پێوستمان هەیە سەبارەت بە دەسەڵاتی لێدانی بیر کاك شێخ ظاهر پرسیاری کرد، بەپێی یاسای پاراستن و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ئاوی هەرێم دایە، بەڕیوەبەری گشتی ئاو ئاوەڕۆی هەرێم لە وەزارەتی شارەوانی ئەندامە لەم ئەنجومەنە، سەبارەت بە داڕشتنی بڕگەی یەکەم کە زۆر تێبینی لەسەر هەبوو، دارشتنی سیاسەتی نەخشەی ئاوەدانی لەڕێگەی ئامادەکردنی نەخشەی بنەڕەتی و ماستەر پلان، بەداخەوە زۆرێك لە شاروشارۆچکەکانی خۆمان نە نەخشەی بنەڕەتیان هەیە و نە ماستەرپلانیشیان هەیە، بۆیە لێرەدا وەکو ئەرکێك جەختی لەسەر کراوە کە ئەمە ئەرکی وەزارەتی شارەوانییە بۆ ئەوەی نەخشەی بنەڕەتی و ماستەرپلان بۆ ئەو شاروشارۆچکانە ئامادە بکات کە نیانە و هەروەها بە پێی قانوونی ژمارە/٣ فەرز کراوە کە ئەبێ وەزارەتی شارەوانی لە ماوەی دووساڵدا نەخشەی بنەڕەتی و ماستەرپلان بۆ شاروشارۆچکەکان جێ بەجێ بکات، سەبارەت بە زەوی کشتوکاڵی تەبعەن ئەم قانوونە حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر سنورێك جێ بەجێ ئەبێ کە ئەکەوێتە ناو چوارچێوەی ماستەر پلانی شارەکان، زەوی کشتوکاڵی ئەکەوێتە دەرەوەی ماستەرپلانی شار، بۆیە دەسەڵاتی وەزارەتی شارەوانی بەسەر زەوی کشتوکاڵی دا نابێت تا زەوییەکە نەکوژێتەوە لە موڵکیەتی وەزارەتی کشتوکاڵی و نەیەتە چوارچێوەی ماستەر پلانی شار، سەبارەت بە پرسی خۆڵ و خاشاك دا ئێمە لە لیژنەی شارەوانی لەگەڵ خوشك و براکانمان تێبینیمان لەسەر بەخشینی ئەم دەسەڵاتە هەبووە لەسەر کەرتی تایبەت، بەڵێ بڕیاری دادگا دەرچووە کە ئەم پرسە پرسێکی نایاساییە وئێمە لە لیژنەی شارەوانی هەموو ڕێکارێك ئەگرینە بەر بۆ ئەوەی ئەم پرسە ڕاست بکرێتەوە ئێمە لەگەل ئەوەینە کە حکومەت خۆی ئەم خزمەتگوزاریە پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٤) بەڕێزان بیخوێننەوە، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من پێش ئەوەی ماددەی/٤ بخوێنمەوە ویستم یەك تێبینی بڵێم ئەوە یەك لە پێشنیارەکان بوو ماددەی (٣ و ٢) یەك بخرێ، فعلەن ڕەئی لیژنەی ئێمەش ئەم بابەتە بوو بەڵام ئێمە پێمان وابوو جەنابی وەزیر دێتە ئێرە هەندی ڕوونکردنەوە دەدات لەسەر ئەم بابەتانە قسە ئەکات کە نەهاتووە ئەگەر بۆ کۆبوونەوەی لیژنە ئامادە نەبێ ئیتر ئەمە ئەوە دەبێتە یەکێك لە پێشنیارەکان بێگومان.

ماددەی (٤).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێمە بە بەڕێز وەزیری شارەوانیمان وت بوو ئامادەبێ، بەڵام ئەمڕۆ کۆوبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانە بۆیە نەیتوانی ئامادەبێ، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٤

وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکانی و ئاڕاستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکانی پەیوەندار بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتە و دەسەڵاتەکانی و هەموو کاروبارەکانی تەکنیکی و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخراوەیی بەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، بۆی هەیە بەشێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی ڕاسپێری بۆ بریکاری وەزارەت و سەرۆکی دەستە یان بەڕێوەبەرە گشتیەکان یان بەرپرسانی پێکهاتەکانی وەزارەت.

نوسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەدەری دەبن.

١- بریکاری وەزارەت هاوکاری وەزیر دەکا لەڕووی ئاڕاستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی لەچوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن وەزیرەوە پێی دەبەخشرێت و دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت.

٢- نوسینگەی بریکاری وەزارەت فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت.

٣- ڕاوێژکاران پێویستە شارەزا و پسپۆر بن و لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بن و نابێت ژمارەیان لە چوار ڕاوێژکار زیاتر بێ.

٤- بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان بریتین لەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانەی خوارەوە و هەریەکەیان بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆری بێت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانان و ئاوەدانی کەلەڕووی دارایی و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیە.

بەڕێوبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون.

بەڕێوبەرایەتی گشتی پڕۆژەکان.

بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاوو ئاوەڕۆ کە لەڕووی دارایی و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆ دەبێ.

بەڕێوبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپور کە لەڕووی داراییەوە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیە.

بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان کە لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان لەڕووی داراییەوە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆ و سەرپەرشتیارن لەسەر شارەوانییەکانی قەزا و ناحیەکانی هەرێم.

٥- سەرۆکایەتی شارەوانی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم، سەرۆکی ئەم شارەوانیانە بە پلەی بەڕیوەبەری گشتی دەبن.

٦- دەستەی گەشتوگوزار خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆ و دارایی کارگێڕی دەبێت و پێك دێت لە:

سەرۆکی دەستە فەرمانبەرێك بە پلەی تایبەت کە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و خاوەنی شارەزایی و پسپۆری بێت لەبواری گەشت و گوزار و سەرۆکایەتی دەستە دەکات.

نوسینگەی سەرۆکی دەستە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبان کە بەلایەنی کەم هەڵگری بروانامەی بەرایی زانکۆیی دەبێت و ژمارەی فەرمانبەری یاریدەدەری دەبن.

بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی گەشتوگوزار لە پارێزگاکانی ئیدارە سەربەخۆکان.

بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەستە کە بریتیە لە:

أ- کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی دارایی.

ج- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

د- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون.

و- بەڕێوەبەرایەتی بەبازاڕکردنی گەشتیاری.

ز- بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردن وجۆری و پشکنین.

ر- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گشتی.

ح- بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری.

ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەڕێوەبردن

أ- پێکهاتەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

سەرۆکی دەستە: سەرۆك ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزار لە بەڕێوەبەرایەتی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، دوو ڕاوێژکارانی وەزارەت کە لەلایەن وەزیرەوە دەست نیشان دەکرێن ئەندام، دەکرێن بە ئەندام، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ ئەندام، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەندام، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئەندام، بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی و یاسایی دەستەی وەبەرهێنان ئەندام.

ب- بریکارەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بە زۆرینەی دەنگ دەردەچێت کە لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکان بابەتەکە لەبەرژەوەندی ئەو لایەنەیە یەکلا دەبێتەوە کە سەرۆك دەنگی بۆ داوە، ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە تەرخان کردنی زەوی دەبێت پەسەند بکرێت لەلایەن وەزیر.

ج- سەرۆکی دەستە دەسەڵاتی هەیە هەر پسپۆڕێك لەناو دەستە یان لە دەرەوە بانگهێشت بکات بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بۆ مەبەستەکانی ڕاوێژکاری لە کاتی پێویست بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێزان هەر بەڕێزێك ئەیەوێ بۆ ماددەی/٤ گفتوگۆ بکات با ناوی تۆمار بکەین، ئەو بەڕێزانە ئەیانەوێ گفتوگۆ لەسەر ماددەی/٤ بکەن بریتین لە بەڕێزان/(کاك کاوە، کاك د.شێرکۆ، کاك د.محی الدين، کاك سەرکۆ، کاك دیاری، کاك د.اسماعيل، مامۆستا ابوبكر، هەلز خان، سەرچنار خان، کاك مم، مژدە خان، کاك عباس، کاك مسلم، مامۆستا شەمول، کاك عوسمان، کاك مەلا ناصر، خاتوو شیرین، شیرین امين، د.شایان، کاك علی، گولستان خان، گولستان سعید، سەوسەن خان، د.زیدان، گولستان خان، گولستان باقی، کاك هەڵکەوت، کاك ادريس، کاك مەلا وەیسی، نجاة خان) نجاة خان فەرمووو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ (٤ ) برگە (٣ و ٤) هەدووکا ڕاوێژکاران دڤێت ساڵێ خزمەتێ بهنە دیار کرن، دیتنا من (١٥) ساڵا کەمتر نەبیت ڕاوێژکارا، هەروەسا چوارەم/ بۆ بەڕێوبەرایەتیەت ڕێڤەرێن گشتی تڤیا دە ساڵا کەمتر نەبیت ساڵێت خزمەتێ، هەردووکا دا ساڵێت خزمەتێ نەهاتیە دیار کرن، د بهێنە دیار کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەلا وەیسی فەرمووو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە ماددەی (٤) بڕگەی (٤) خاڵی (٨) باس لەوە دەکات کە بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان لەڕووی داراییەوە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیە سەرپەرشتیارن لە شارەوانیەکانی قەزا و ناحیەکانی هەرێم، بەڵام لە زۆر شوێن لە گوندەکانیش شارەوانی هەیە چارەنووسی ئەوان چی لێ دێت؟ چونکە لێرە دیاری نەکراوە، هەروەها لەوەی پێنجەمیش کە باس لەوە دەکات سەرۆکایەتی شارەوانی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم هەبێت، بەڵام باسی ئیدارە سەربەخۆکان نەکراوە، ئایا لەوێ ئەو سەرۆکایەتی شارەوانیانە ناکرێنەوە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ادريس فەرمووو.

**بەڕێز ادريس اسماعيل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی (٤) بڕگەی (٣) ڕاوێژکاران پێویستە شارەزا و پسپۆر بن و هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن، لێرە دیار نەکراو لە چ بوارێك دا شارەزا بن، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەبێ ڕاوێژکاران ئەبێ شارەزایی لە گەشتوگوزار و شوێنەوار و ژینگە بێ، هەروەها لە خاڵەکانی بەڕێوبەرایەتی

گشتی هاتووه بۆ کردنەوەی هەر پرۆژەیەك گەشتوگوزار پێویستە بە ڕەزامەندی بەڕێوبەرایەتی گشتی ژینگە بێت بۆ ئەوەی کە ژینگەی کوردستان بەو ئاستەی ئێستا نەبێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە بەڕێوبەرایەتی گشتی ژینگەی بۆ زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤) بڕگەی (٥) هاتووە دەڵێت سەرۆکایەتی شارەوانی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم، سەرۆکی ئەم شارەوانییانە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبن، لێرە پرسیارێك دێتە ئاراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە هەمان کات دا ئیدارە سەربەخۆکان و وەزارەتەکان هەمان کار لەڕووی کارگێڕی و داراییەوە وەکو پارێزگا تەعامولی لەگەڵ دەکەن، بۆچی لێرە تەنها پارێزگاکان هاتووە، بۆیە پێشنیار دەکەم و پێم باشە لەبڕگەی/٥ داهاتووە و دەڵێ سەرۆکایەتی شارەوانی لە ناوەندی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم سەرۆکی ئەم شارەوانیانە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بن لێرە ئیدارەی سەربەخۆکانی بۆ زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز کلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ (٤) برگا (١) خالا (٢) .برگا (٢)ی خالا (١ و ٢ و ٣و ٤) ئەڤە هەمی بەحی بڕوانامەیی کریت، د ڤان برگا و خالان دا دیار کری کو ئەو کەسێن کە ڤان بەرپرسیاریەتی وەرگریتن یان کار بکات ل بوارا دا دڤێت بڕوانااما زانکۆیی هەبیت و پسپۆر بیتن، پسیار بۆ لیژنا شارەوانی و گەشتوگوزار ئەڤەیە مادام پرۆژەی گەشتوگوزارێ یە دڤێت بەحسا پسپۆریا کربا کا کیش دەرچوویان بخۆڤەدگریتن، چونکی دەما گۆت پسپۆر یەعنی موهەندس بخۆڤە گریت، پیڤەرە، موهەندسی چاندنییە، کۆمەکا بیاڤە بخۆڤەدگریتن، لەوما دڤێت تایبەت بەحسێ دەرچوویەن گەشت و گوزارێ ژی د ناڤ دا بهێتە بەحس کرن، مادام پرۆژەی گەشتوگوزارێیە، هەروەسا د خالا سێ بەحسا ڕاوێژکارای کری، کو بەرێوەبەرێن گشتی، ڕاوێژکار دڤێت پسپۆریا وی گەشتوگوزار بیتن و شارەزا بیتن، هەروەسا ڕێڤەبەرێن گشتیش سالێن خزمەتی ژی بهێنە دیاری کرن وەکی نەجات خانێ بەحسکری پشتگیریا وی دکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د.زیدان فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانم لەسەر ماددەی (٤) لە خاڵی (٣) کە پێشتر نەجات خان گولستان خانیش ئاماژەیان پێی کرد، پێویستە ڕاوێژکارەکان ١٥ ساڵی خزمەتیان ئاماژە پێ بکرێ، بەڕێوەبەری گشتیش دە ساڵی خزمەت بە پێی یاسا و عورفەکان هەیە ئاماژەی پێ بکرێ، بەڵام تێبینی ترم لەسەر

ڕاوێژکارەکانە کە لە خاڵی/٣ ئاماژە بە ڕاوێژکارەکان دەکات، بەڵام لە خاڵی/٥ ی ئەنجومەنی دەستەی گەشتوگوزار دا دەڵێ دەبێ دوو ڕاوێژکاری وەزارەت کە لەلایەن وەزیرەوە دەست نیشان دەکرێن بۆ دەستەی گەشتوگوزار، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەت دەڵێ چوار ڕاوێژکارمان دەبێت هەبێت، وە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار چوار سێکتەری سەرەکی لەخۆی دەگرێت کە شارەوانییە و ئاو وئاوەڕۆیە و گەشتوگوزار و شوێنەوارە، بۆ دەبێ لێرە گەشتوگوزار تەنها دوو ڕاوێژکاری بۆ دابین بکرێ و سێ کەرتەکەی تر یەکێك لە کەرتەکان بە بێ ڕاوێژکار دەمێنێتەوە، ئێمە لە یاسای گەشتوگوزاریش کە ئامادەیە و هەفتەی داهاتوو دەخرێتە بەرنامەی کار پێویستە بڵێین دەستەی گەشتوگوزار دوو ڕاوێژکاری هەبێت، نەك دوو ڕاوێژکاری وەزارەت، خاڵێکی تریش، خاڵی پێنجەم کە سەرۆکایەتی شارەوانییەکانی ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بن، بەڵام ئایا لەڕووی یاساییەوە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دە کرێت کەسێك پلەکەی بەڕێوەبەری گشتی بێت و سەر بە بەڕێوەبەری گشتی پارێزگاکەس بێ کە هەمان پلەی هەیە؟ بۆیە ئەوەش دەبێ بە وردی دیراسە بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) بڕگەی (١) لە ڕاستی دا من تێبینیم لەسەر وەزیر و سەرۆکی باڵای وەزارەتە و وەزیر خۆی بەرزترین دەسەڵاتی هەیە، ئایا پێویستە ئەوە بنووسرێ کە سەرۆکی باڵای وەزارەتە، لە بڕگەی (٣) پشتیوانی لە نەجات خان دەکەم سەبارەت بە ساڵانی خزمەت، لەبڕگەی (٦) خاڵی (٥) باسی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن دەکات کە پێکهاتەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بەشێوەی خوارەوە دەبێ، سەرۆکی دەستە، بەڕێوبەراتی گشتی گەشتوگوزار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، لێرە لە خاڵ تر دەڵێ ڕاوێژکارانی وەزارەت کە لەلایەن وەزیرەوە دەست نیشان دەکرێن ئەندام، چونکە ئەوە یاسایە خۆی دەبی بەڕوونی ئاماژەی پێ بدرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەو شیوازەی لێ بکرێت، دوو ڕاوێژکاری وەزارەت کە لەلایەن وەزیرەوە دەستی نیشان دەکرێن دەبنە ئەندام لەو ئەنجومەنە، بۆ بڕگەکانی تریش بە هەمان شێوازی لێ بکرێت، لەبڕگەی/ب پێشنیار دەکەم کە ڕستەی کۆتایی بەم شێوازەی لێ بکرێت، بڕیارەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بەزۆرینەی دەنگ دەردەچێت لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکان، بابەتەکە لەبەرژەوەندی ئەو لایەنە یەکلا دەبێتەوە کە سەرۆك دەنگی بۆ داوە لەو بڕیارانەی پەیوەستن بە تەرخان کردنی زەوی دەبیت لەلایەن وەزیرەوە پەسەند بکرێ، نەك زەوی دەبێت پەسەند بکری لەلایەن وەزیرەوە بۆیە پێشنیار دەکەم بکرێتە بە تەرخان کردنی زەوی لەلایەن وەزیرەوە پەسەند بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) بڕگەی (١) کە باسی وەزیر ئەکات، بەداخەوە ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئەم حکومەتە بە موئەسەساتی بکەین و یاساکە وابێ من پێم گرنگە ئاماژە بدرێ بە بڕوانامەی وەزیریش، بۆ ئەوەی وەزیرەکان لە ئاستێکی باڵایا ئەو ئەرك و بەرپرسیاریەتە وەربگرن بڕوانامەکەیان لایەنی کەم ماستەر بێ، لێرە ئاماژە دراوە بە نووسینگەی وەزیر بڕوانامەکەی زانکۆ بێ، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە بڕوانامەی وەزیر نەدراوە، سەبارەت بە ڕاوێژکاران پێم گرنگە لە بڕگەی (٣) پێویستە شارەزاو پسپۆڕ بن لە بواری ئەرکەکانی شارەوانی ڕاوێژکاران ئەبێ پسپۆڕ بن، لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بن هەر ئاماژە بدرێ بە بەکالۆریۆس چونکە بەرایی زانکۆیی پەیمانگاش دەگرێتەوە، نابێت ژمارەیان لە چوار ڕاوێژکار زیاتر نەبێت و ماوەی خزمەتیان لە ١٥ ساڵ کەمتر نەبێت، ڕاوێژکار ئەرکەکەی زۆر قورسە لەبەرئەوە ئەبێ دیاری بکرێ کە کەسێکی تەواو شارەزا بێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا شەمۆل فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی/٤ بڕگەی/١ خاڵی/١ پشتگیری لە گولستان خان دەکەم کە ناکرێ وەزیر بڕوانامەکەی دیاری نەکرێ، چونکە نووسینگەی وەزیرەکە بڕوانامەکەی دیاری کراوە کە دەڵێ دەبێ هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێ و بەڵام لە وەزیر هیچ دیاری نەکراوە، بۆیە پێویستە دیاری بکرێ کە لایەنی کەم ماستەر یان دکتۆرای هەبێ، سەبارەت بە بڕگەی/٢ بریکاری وەزارەت لەوێش دیسان پسپۆڕیەکە دیاری بکرێ، پسپۆڕی یاسا بێ، چونکە زۆربەی زۆری کارەکانی وەزارەت یاساییە، بۆیە پێویستە بریکاری وەزیر یاخود وەزیرەکە خۆی پسپۆڕیان لە یاسا هەبێ، سەبارەت بە بڕگەی/٣ ڕاوێژکارەکان پێویستە شارەزا و پسپۆڕ بن و لایەنی کەم ئەوانیش هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا یان ماجستێر بن، بۆ خاڵی/٥ پشتگیری د.زیدان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٤ بڕگەی/١ خاڵی/٢ پشتیوانی لە مامۆستا شەمۆل و گولستان خان دەکەم بۆ ئەوەی نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەدەری دەبن، یەك/ پێویستە لە خاڵی یەکەمیش وەزیر بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی کەمتری نەبێ و هەروەها ئەو یاریدەدەرانەی بەڕێوەبەر، دووەم/ نابێ ئەوانەش نابێ شەهادەی زانکۆییان نەبێ کەوا یاریدەدەری وەکیلی وەزیرەکە ئەبن، دوو/ لە بڕگەی/٥ سەرۆکایەتی شارەوانی ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم سەرۆکی ئەم شارەوانیانە دەبن بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی، ئەم بڕگەیە بکرێت بە سەرۆکی شارەوانیەکانی ناوەندی پارێزگاکان و

ئیداره سەربەخۆکان ئەگەر ئەمە وای لێ بکرێ، بۆیە بەو شێوەیە بگۆڕدرێ ئەوە ئۆتۆماتیکی سەرۆکی شارەوانیەکانی ئیدارە سەربەخۆکانیش دەبن بە ئەندام لە ئەنجومەنی وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی/٤ بڕگەی/١ بەڕاستی منیش ئەو پرسیارەم بوو کە دەڵێت وەزارەت پێك دێت لە وەزیر یەکەم، دووهەم/ نووسینگەی وەزیر، سێیەم/ بریکاری وەزارەت، چوارە/ نووسینگەی بریکاری وەزارەت، یەعنی سەیری ئەم بڕگەی یەکەم و دووەمە بکەین بۆ هەموو ئەمانە دەڵێ جگە لە وەزیر دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت، دەکرێ پلەکانی دوای وەزیر هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بێ، بەڵام خودی وەزیر هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ نەبێت؟ بۆیە بە هەمان شێوە منیش پشتگیری لە گولستان خان و تەواوی ئەو ئەندامانە دەکەم کە پێویست دەکات وەزیریش هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێ، سەبارەت بە بڕگەی/٢ خاڵی/١ بریکاری وەزارەت هاوکاری وەزیر دەکات لەڕووی ئاراستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن وەزیرەوە پێی دەبەخشرێ دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت، پێشنیار دەکەم کە بکرێت بە بڕوانامەی بەرایی پسپۆرایەتی زانکۆی هەبێت، سەبارەت بە بڕگەی/٥ سەرۆکایەتی شارەوانی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم سەرۆکی ئەم شارەوانیانە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبن، بەڵام ئاماژە بە ناوەندی ئیدارە سەربەخۆکان نەکراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم پۆلێن بکرێت بە پێی پلەی شارەوانیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی/٤ بڕگەی/١ منیش پشتگیری هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە داوا دەکەن وەزیر بڕوانامەی لە بڕوانامەی زانکۆیی بەلایەنی کەمتر نەبێ، ناکرێ مدیر مەکتەبی وەزیر بڕوانامەی زانکۆ کەمتر نەبێ بەڵام وەزیر بڕوانامەی زانکۆی نەبێ کەمتری هەبێت، ئەوە بڕگەی یەکەم، لە بڕگەی/٣ ڕاوێژکارەکان یەك لە مەرجەکانی پشتگیری ئەو بەڕێزانە دەکەم کە داوایان کردووە نابێ ساڵانی خزمەت کردنی لە ١٥ ساڵ کەمتر بێ، ئەمە زیاد بکرێت، ئەوەی تر لە بڕگەی/٤ کاتێك باسی بەڕێوبەرایەتیەکان دەکاتلە کۆی هەشت بەڕێوبەرایەتی گشتی چواریان دەڵێ کە لەڕووی داراییەوە خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆ بێ لەڕاستی دا ئەوە پێویست نییە لەبەرئەوەی وەزارەت خۆی خاوەنی دارایی سەربەخۆ دەبێ لە بوودجەی ساڵانە تەخسیسی بوودجەی بۆ دەکرێت، ناکرێت لە کۆی هەشت بەڕێوبەرایەتی گشتی چواریان خاوەنی دارایی سەبەخۆ بن و چواریان سەر بەوەزارەت بن و وەزارەت بۆیان دیاری بکات، بۆیە

باشتره هەموویان وەکو یەك بن بوودجەکە هەر لە وەزارەت بێ نەك چەند بەڕێوبەرایەتیەك خاوەنی دارایی سەربەخۆ بن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د.شیرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وەکو نوقتە نیزامیەکیش زیاتر ئەو تێبینیانەی کە دەیڵێین جوابمان دەست ناکەوێ نە بە بەڵێ نە بە نەخێر، جا خۆشبەختانە من لە ماددەی/٣ ماقبل ئەخیری کەس بووم، لەبەرئەوە هیواردارم تێبینیەکان لە ڕاپۆرتی جەنابتان دا بە حوکمی ئەوەی ماقبل اخیر کەس بووم، بۆ مەسەلەی هەڵسەنگاندن و شتەکان زۆر زۆر گرنگە ئەوانە بە واقعی هیواردارم، پشگیری لە وتەکانی گولستان خان و کاك کاوە و شیرین خان دەکەم، سەبارەت بە ماددەی/٥ برگەی/١ باس لەوەیە کە ئەڵێ بەرپرسیارە بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیران، ئەی بەرپرسیار نییە وەزیر بەرامبەر پەرلەمان؟ لەبەرئەوە جێی خۆی نییە بڵێین بەرپرسیارە بەرامبەر بە پەرلەمان وئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمانێکی بۆ زیاد بکەین، لە برگەی/٣ فەقەرەی/٥ دیسانەوە مەسەلەی هەڵسەنگاندنەکە دێتە پێشەوە کە دەڵێ بەڕێوبەرایەتی گشتی پلاندانان بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن ئاوا بۆی جێی بکەینەوە لە هەموو جێگەیەکی شیاوی خۆیدا بۆ ئەوە کە هین بێت، لە برگەی/٦ بە هەمان شێوە هـ/ بەڕێوبەرایەتی پلان و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بە هەمان شێوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی /٤ ئەوەی کە زیاترە یەکەم/ وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکانی ئاراستە کردنی سیاسەتەکانی سەرپەرشتی و چاودێری کردنی هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکان و ئەوەی کە د.شێرکۆ باسی کرد یەعنی ئەڵێ بەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران، گرنگە لێرە بەرپرسیاریەتی هەبێ لە بەرامبەر سوڵتەی ڕەقابی دا یان ئەوانەی کە چاودێری دەکەن لەسەر وەزارەت بە تایبەتی پەرلەمان وچاودێری، برگەی/٢ نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێ و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەدەری دەبن.

لێرە پێویست دەکات تەحدید بکرێ یەعنی ئەو ژمارەیە چەندە یەعنی ناکرێت بەرەهایی ژمارەیەك دیاری بکرێت و ئەو کاتە وەزیر لە پێویستیەکانی خۆی زیاتر دابین بکات، پێویست دەکات ئەو ژمارەیە بە تەحدیدی بۆی دیاری بکرێت چەندێکی پێویستە.

دووهەم/ برگەی/٢ نووسینگەی بریکاری وەزارەت فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت، یەعنی ئەمە خۆتان دەزانن

پلەی بەڕێـوەبەر سێ خاڵبەنـدیمان هەیە ئەوەی کە ئەقـدەم و ئەوانە، ئەوەش دیـاری بکـرێ زۆر گرنگە.
سـێیەم/ ئەوەی کە پەیوەسـتە بە ڕاوێژکارەکـان، پێویسـتە شـارەزا و پسـپۆر بـن، لایەنـی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن و نابێت ژمارەیان لە چوار ڕاوێژکار زیاتر بێ، ئـێمە لێـرە ئەم چوار ڕاوێژکارە لەسەر چ ئەساسێك دانراوە کە هەشت بەڕێـوبەرایەتی گشـتیمان هەیە، خـاڵی/٦ نووسینگەی سەرۆکی دەستە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر هەر لێرە دیـاری کـراوە ئەمەیـش، ئەوەی کە زیاتر مەبەستمە دیسان ئەڵێ ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەدەری بن، دەست خۆش.
**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، دەست خۆش کاك سەرکۆ ئەگەر هەیە بە نووسین بینووسە، کاك دیاری فەرموو.
**بەڕێز دیاری انور حمەرحیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەناوی خوا، مـاددەی (٤) بـڕگەی/١ پشـتیوانی هەریەك لە بەڕێـزان کـاك د.شـێرکۆ و کـاك سـەرکۆ دەکەم دەبێت وەزیر لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران و هەروەها پەرلەمانیش دا بەرپرسـیار بێـت، ئەم بابەتە گرنگە، بـڕگەی/٢ نووسـینگەی وەزیـر فەرمانبەرێـك بەڕێـوەی دەبـات ئەم فەرمـانبەرە پۆستەکەی چی ئەبێت؟ بۆ پۆزشنەکەی دیاری نەکراوە؟ بۆ پۆزشـنی ئەوانەی دیـاری کـراوە هـی بریکاری وەزیر و بەڕێوبەرایەتیەکانی دیکە و دەستەکانی دیکە، بەڵام بۆ وی ئەم دیـاری نەکـراوە کە دەبێ دیاری بکرێ، ئەو خاڵی/٢ ژمارەی فەرمانبەر چەندە، یەعنی دەکرێت وەزیرێك بۆ نموونە ژمارە لە یەکەوە هەیە بێ کۆتا، یەعنی دەکرێ وەزیرێ بۆ نمـوونە بەدڵـی خـۆی سـەد فەرمـانبەر دابنێ، پەنجا فەرمانبەر دابنێ هەر کەسێکی ویست دایبنـێ، ژمـارە چەنـدە ژمـارە کۆتـایی نیـیە، لەبەر ئەوە بەڕاستی دەبێ دیاری بکرێت ئەوا نەڕوات، خاڵی سێیەم ڕاوێژکاران پێویستە شارەزا و پسپۆڕ بن لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکـۆ بـن پشـتیوانی هەمـوو ئەو هاوڕێیـانە دەکەم کە دەبێ شارەزاییەکەیان ١٥ساڵ کەمتر نەبێت، دەڵـێ ژمارەیـان لە چـوار ڕاوێژکـار زیـاتر نەبێت، پرسـیارەکە ئەوەیە هەمووممـان بـۆ خۆمـان دەزانـین ڕاوێژکـار بە تـایبەت تەخەسوسـیان لەبابەتێکی دیاری کراو هەیە، هەندێ جار کۆمەڵێ شتی تایبەت و پێویست و ئانی دێنە پێشـەوە ئایا لەم کاتەیا ئەگەر ئەمانە تەخەسوسیان ئەوە نەبوو و پێویسـتیان بە ڕاوێژکـارێکی دیـکە بـوو لێرە تەواو قوفڵ کرا ئیتر ئەم وەزیرە بۆی نییە ڕاوێژکاریکی دیکە دابمەزرێنێ یان ڕاوێژکـارێکی دیکە بێنێت بە گرێ بەست بێ یان بۆ ماوەیەکی کاتی بێت بۆ ئەم بابەتی کە پێویستیان پێیەتی، لە خاڵی/٦ نووسینگەی سەرۆکی دەستە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەبەری دەکـات کە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێـت و ژمـارەیەك فەرمـانبەری یاریـدەدەر دەبـن تکایە ئەبێ ژمارەکە دیاری کراوبێت، زۆر سوپاس،
**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی/٤ بڕگەی/١ منیش هاوڕام لەگەڵ هەموو ئەو بەڕێزانەی كە دەبێت وەزیر پلەكەی بڕوانامەی بەكالۆریۆسی هەبێت، بە نیسبەت خاڵی/٢ ی هەمان بڕگەوە نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات كە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانكۆیی بێ، چەند فەرمانبەرێك یاریدەدەری دەبن بۆ نموونە كە نابێ لەسێ فەرمانبەر زیاتر بن، مدیری نووسینگە سكرتێر یەكێكی دیكە بۆ ئەوەی دەستی وەزیر كراوە نەبێ بە كەیفی خۆی نووسنگەكەی پانزە، بیست كەس دابنێ، بە نیسبەت بڕگەی/٣ شتێك هەیە حەز ئەكەم ڕوونی بكەمەوە هەم بۆ ئەم یاسایە هەم بۆ یاساكانی دیكە، لەلای ئێمە لە ناو فەرهەنگی كوردی دا ڕاوێژكار تەواو نییە، چونكە ڕاوێژكار ئەو پڕۆسەی ڕاوێژكردن بە كارناهێنێ، پرۆسێسی ڕاوێژ پێ كردنە خۆی لەڕاستی دا ڕاوێژپێكار تەواو ترە ئەگەر لەناو یاساكان دوایی جێگەی بكەنەوەو من پێشنیاز دەكەم بەم شێوەیەشی لێ بكرێ، پشتیوانی لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەكەم كە ئەبێ پسپۆریەكانیان دیاری كراو بێ، سەرەڕای ئەوەی ساڵانی خزمەتیشیان دەست نیشان بكرێت، بە نیسبەت بڕگەی/٦ خالی/١ سەرۆكی دەستە فەرمانبەرێك بێ بە پلەی تایبەت بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی بۆ سەرۆكی دەستە دیاری كراوە كە چوار بەڕێوەبەری گشتی ئەندامن تیایدا و سەرۆكی دەستەیە بەڕێوەبەری گشتی ئەندامن تیاییدا ئەم پلەی تایبەتە وا پێ ئەچێ سەرۆكی دەستەكە پلەكەی بریكاری وەزارەت بێ و ئەمە بە بارگرانیەكی دەبینم بۆیە پێویست دەكات دیاری بكرێ، سەرەڕای ئەوە لە بڕگەی/٢ ئەگەر دیقەت بدەن نووسینگەی سەرۆكی دەستە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر ئەبێ كە لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی دەبێ، ژمارەیەك فەرمانبەری ئەبێت، بریكاری وەزیر لەبڕگەی/٢ خاڵی/٢ بریكاری وەزیر تەنیا یەك مودیری نووسینگەی هەیە، بەڵام سەرۆكی دەستە لێرە چەند فەرمانبەرێكیش لە نووسینگەكەی ئەبێ هاوشانی وەزیر كە پێموایە دیسانەوە بارگرانییە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ماددەی/٤ بڕگەی/١ لە خاڵی/١ وەزیر پێویستە بە بڕوای من شەهادەكەی دیاری بكرێ، سەبارەت بە خاڵی/٢ لە نووسینگەی وەزیر ئەوەش كە نووسراوە ژمارەیەك فەرمانبەر پێویستە ئەوەش تەحدید بكرێ، پشتیوانی هەموو ئەو بەڕیزانە دەكەم كە لەگەڵ ئەوەدان ژمارەكەی تەحدید بكرێ و دابنرێ بۆ ئەوەی وەزیر دەست واڵا نەبێ لە دانانی چەند فەرمانبەر بە ئارەزووی خۆی، خاڵی/٣ ڕاوێژكاران ئەوشە مەفروزە پسپۆریەكەی دیاری كراو بێ و لەگەڵ ساڵانی خزمەتی چەند بێ یەعنی ئەوەش ساڵانی خزمەتی تێدا دیاری نەكراوە هەم پسپۆریەتەكەشی، خالی/٤ بۆ بەڕێوبەرایەتیەكان ئەویش ساڵانی خزمەتی بۆ زیاد بكرێ، لە خاڵی/٥ سەرۆكایەتی شارەوانی بەو شێوەیەی لێ بكرێ سەرۆكایەتی شارەوانی لەناوەندی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكان لە هەرێم، سەرۆكی ئەم شارەوانییانە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی

دەبن، چونکە ئێمە ئیدارەی سەربەخۆمان هەیە لە هەرێمی کوردستان بە تەنها پارێزگاکان نین، لە خاڵی/٦ بڕگەی/٢ کە دەڵێین نووسینگەی سەرۆکی دەستە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر ئەوەش ئەو ژمارەیە مەتاتی نەبێ یەعنی ژمارەکە، تەحدید بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ئەوەی هەیکەلیەتەکەی وەزارەت کە چۆن پێك دێت، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە سەرۆکی دەستە بێتە پێش یەعنی لەدوای خاڵی دووەم بێت، کە لەدوای بریکاری وەزارەت بێ نەك لە دوای ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرانی گشتی، چونکە لەڕووی پلە بەندی وەزیفیەوە لەوان پلەکەی بەرزترە، ئەوە یەك، دووەم/ پێشنیاری ئەوە دەکەم کە وەزارەتی شارەوانی دوو بریکاری وەزارەتی هەبێت یەکێکیان بۆ کاروباری شارەوانییەکان ئەوەی تریان بۆ گەشتوگوزار و شوێنەوار بێ، پرسیارێکم هەیە لە بڕگەی/٥ کە باس لەوە دەکات سەرۆکایەتی شارەوانی لە ناوەندەکانی پارێزگاکان و سەرۆکی ئەو شارەوانیانەی کە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتین، ئەوە بەس پارێزگاکان دەکات، ئەدی سەرۆکی شارەوانییەکانی ئیدارە سەربەخۆکان پلەکانیان چییە؟ ئەوە پێموایە دەبی موعالەجە بکرێت، لە خاڵی/٦ /١ پێموایە دەبێ پلەی سەرۆکی دەستە دیاری بکرێ، پلەکەی دیاری نەکراوە ئەوانی تر پلەکانیان دیاری کراوە پێوستی بە دیاری کردنی پلەکەی دەکرێت، دەستە لە پلەبەندی وەکو گوتم بەرزترە ئەو خاڵەی کە پەیوەندی بە ئەوەکانەوە هەیە، لە هەمان کاتدا پێموایە لە هەیکەلیەتی وەزارەت باشە کە وەکو پێشنیارم کرد دوو بریکاری وەزارەت یەکێکیان بۆ گەشتوگوزار و شوێنەوار ئەوەی تریشیان تایبەت بێ بۆ کاروباری شارەوانیەکان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکەصالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبڕگەی/١ ی ماددەی/٤ پشتیوانی لە گولستان خان یو شیرین خان دەکەم، بۆیە پێشنیار دەکەم لە کۆتایی بڕگەکەدا بەو شێوەیەی لێ بکرێت لە کۆتایی دا، بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت و لە پسپۆری وەزارەتەکەی بێت، سەبارەت بە بڕگەی ٣ لە کۆتاییەکەیدا بەو شێوەیەی لی بکرێت، وە ساڵانی خزمەتیان لە ١٥ ساڵ کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/٤ برگەی/٣ ڕاوێژكاران پێویستە شارەزا و پسپۆر بن و لایەنی كەم هەڵگری وبڕوانامەی بەرایی زانكۆ، لێرە نووسراوە زانكۆیی ئەو (یی) لە ڕووی كەلیمەوە ئەبێ زانكۆ بن و نابێت ژمارەیان لە چوار ڕاوێژكار زیاتر بێ، هەروەها خزمەتیشیان لە دەساڵ كەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا سوپاس بۆ لیژنەی تایبەت (لیژنەی شارەوانی) من چەند تێبینیەكم هەیە لەسەر ماددەی/٤ سەرەتا كە باس لە وەزیر وەكو سەرۆكی باڵای وەزارەت و دیاری كردنی بەرپرسیاریەتی وەزیر ئەكات، بەڕاستی وەك هاوڕێیان ئاماژەیان پێدا پشتیوانی قسەكانی مامۆستا شەمۆل و شیرین خان و كاك كاوە و برادەران دەكەم لە دیاری كردنی پسپۆری وەزیر كە سەرۆكی باڵای وەزارەتە ناكرێت وەزیر بەڕاستی پسپۆریەكەی دیاری كراو نەبێ تایبەت بە یاسایی یان ئەندازیاری بەهەمان شێوە پلەو بڕوانامەكەی دیاری نەكرێ كە لایەنی كەم ئەبێ بڕوانامەكەی یان ماستەر یان دكتۆرا بێ، هەروەها پشتیوانی بەڕێز برای خۆشەویستم د.شێركۆ ئەكەم كە دەبێ بەڕاستی وەزیر بەرپرسیارە لەبەردەم پەرلەمانی كوردستانیش وەك دامەزراوەیەكی رەقابی، ئەنجا لە خاڵی دووەم دا ئەڵێ نووسینگەی وەزیر ئەتوانێ ژمارەیەك فەرمانبەر و یاریدەدەری هەبێت بەڕاستی ئەوە ئەبێ دیاری بكرێ بۆ ئەوەی سنوورەكەی دیاری كراو بێ، لەخاڵی سێیەم دا كە باسی ڕاوێژكاران ئەكات ئینجا لە ئەم ڕاوێژكارانە خۆی لە چوار ڕاوێژكار دا دەبینێتەوە ئەمیشیان بەهەمان شێوە، هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانكۆیی نووسراوە، ئەبێ بەراستی ئەمەشیان بڕوانامەكەیان دیاری كراو بێ بەلایەنی كەم ماستەر بێ ئەگەر دكتۆراش نەبن، چونكە ئەگەرهاتوو ئێمە لێرە تەعاروزێك دروست دەبێ ئەگەر وەزیر پلەكەی دیاری كراو نەبێ و ڕاوێژكارەكانیش ئەگەر ئەوانە هاوكار و پشتیوانیەكی باشی وەزیرن لە بەڕێوەبردنی وەزارەت ئەگەر ئەمانیش نەتوانن پسپۆری دیاری كراویان هەبێ لە ئەندازیاری لە ڕاوێژكاری و بڕوانامەی ماستەر و دكتۆرایان نەبێ ئەی چۆن ئەتوانن بەڕاستی هاوكاری وەزیر بن، خاڵێكی دیكە كە لە شەشەم دا باس لە نووسینگەی سەرۆكی دەستە ئەكات، ژمارەیەك فەرمانبەر بە هەمان شێوە ئەگەر ئەوەش دیاری بكرێت......... .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەس بەڕێزان تێبینی ئەكەین لە گفتوگۆكان بەشێكی زۆری پێشنیارەكان دووبارەن، بۆیە ئەكرێ پشتیوانی بۆ ئەو هاوڕێیانەی پێشووترتان بكەن كە بابەتەكانیان خستۆتەڕوو، كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، پشتیوانی قسەکانی د.زیدان و شیرین خان و گولستان خان ئەکەم، بەڵام من یەك مولاحەزەم هەیە حەز ئەکەم لیژنەکە جوابم بداتەوە، ئێستا هەیکەلی تێکەڵیەکی گەورە لە هەیکەلیەتی ئیداری شارەوانییەکان دا هەیە بەپێی خاڵی/٥ ئەم تێکەڵیە زیاتر ئەبێ، بۆ نموونە ئێستا بەپێی خاڵی پێنجەم ئەم تێکەڵییە زیاتر دەبێت بۆ نمونە ئێستا قەزا و ناحیەکانی سلێمانی خۆیان بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیان هەیە، ناو سلێمانی بەڕێوەبەری هەیە، بەڵام بەڕێوەبەرەکە راستەوخۆ رەبتە بە وەزارەتەوە، گەرمیان بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی هەیە قەزاو ناحیەکان رەبتن بەوەوە، بەپێی ئەمە بێت کەوا ئەوەی ئیدارە سەربەخۆکان نامێنێت بەڕێوەبەرایەتییەکە کە ئێستا هەیانە، بەڵام ناوەندی شارەکان کە ئێستا بەڕێوەبەرە دەبێت بە بەڕێوەبەرایەتی، قەزا و ناحیەکانی دەورووبەریش بەڕێوەبەرایەتیەکی تریان بۆ دروست دەبێت، یەعنی بەبۆچوونی من ئەمە پوخت بکرێتەوە لەمە، ناوەندی پارێزگاکان، ناوەندی ئیدارە سەربەخۆکان بەڕێوەبەرایەتی گشتیان هەبێت، بۆنمونە ئێستا بازیان یان چوارقورنە یان کوێ سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشی شارەوانیەکانی سلێمانییە، بەڵام سەنتەری سلێمانی سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی نییە، خۆی راستەوخۆ سەر بە وەزارەتە، بۆیە داواکارم ئەمە رێك بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (کاروان)، فەرمووو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لە راستیدا هەمان تێبینیەکەی کاك (علی) هەبوو لە برگەی پێنجەم و شەشەمدا، کاتێك کە باس لەمانە دەکەین ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە لە ئیدارە سەربەخۆکان چۆن معالەجە دەکرێن، ئایا لیژنەی بەڕێز، لیژنەی قانوونی چۆن بتوانێ معالەجەی ئەو بابەتە بکات؟ ئیدارەکانی راپەڕین، ئیدارەکانی زاخۆ، سۆران، گەرمیان، ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە چیان بەسەردێ؟ چارەنووسیان چۆن دەبێت؟ چۆن جیاوازی لەگەڵ ناو شارە گەورەکان دەکرێت؟ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم دەستەی گەشتوگوزار کە دەڵێ کەسایەتییەکی مەعنەوی دەبێت باشە کەسایەتی مەعنەوی دوای ئەوەی کەسێك بە پلەی تایبەت، ئەم پلە تایبەتە مەبەست لە چییە؟ بۆ تەعریف ناکرێت؟ چونکە خۆی بەڕێوەبەر لە ژێر دەستییەتی، بەڕێوەبەری گشتی، کەواتە ئۆتۆماتیکییەن تەحصیل حاصڵە کە بریکاری وەزیرە، بەڵام بۆ لێرە ئاماژەی پێناکرێت؟ من پێشنیاز دەکەم ئەمە بکرێت بە بریکاری وەزیر بۆ ئەوەی خۆمان لەوە رزگار بکەین. زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.اسماعیل)، فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ ماددە گەلەکی درێژە ئەز بێژم شەش دەقەش کەمن مرۆڤ ل سەر ڤی بابەتی، چار پەڕن، ژبەر هەندێ هەرکە توو وەختی بدەیە مە، ئەز ئەوەلەن پێشنیار دکەم ئەڤ ماددا ببیتە سێ ماددە داپیچەك بێتە دەرێ، پیچەك بیتە ناسین گەلەك چویە ناڤێ کرا ئەڤە تێبینیا منا یەکی، تێبینیا دوێ ئەز پشتەڤانیا کاك (مسلم)، کاك (دیاری)، (د.شێرکۆ) دکەم کو پێتڤیا وەزیر بەرپرس

بيت بەرامبەر پەرلەمان ئەو ژی بێت ئیزافەکرن، دیسا پشتەڤانیا خوشکا (گولستان)، برایێ (کاوە)، (د.شێرکۆ)، خوشکا (مژدە)، برایێ (مسلم) کەم دڤێتن شەهادە بۆ وەزیری ژی بێتە دیار کرن، مەعقول نینە بۆ مودیر مەکتەبی بێتە دیار کرن بۆ وەزیری نەهێتە دیار کرن، ئەڤا تێبینیا من یا دی، ئەز بینم تەبعەن پێویست ناکات بیژیت یەکەمە رەئسەن، ماددەی چارێ بیتە خال، (١،٢،٣،٤،٥) تێبینیا من یا دی ئەڤەیە بێژیتن بۆ وەزیری هەیە صەڵاحیاتێت خو، دەسەڵاتێت خو بداتا هەندەکا، ئەخیر بێژیتن یان بەرپرسانی پێکهاتەکانی وەزارەت، ئەڤە دبیتە جهێ ناکۆکیا خیلافێ بەحسی کیش بەرپرسانە، بەحسێ مودیر عامایە،؟ بەحسێ مەسئول بەشایە، بەحسی کێیە، ئەگەر ئەڤە بێتە جهێ وێ یان ئەوێ گونجای ببینیت، (أو من يراه مناسبا) دا جهێ خیلافێ تێدا چێ نابیتن، تێبینیا من یا دی ئەڤەیە ئەزی دبینم ئەز پشتەڤانیا (د.محی الدین) دکەم فعلەن پێتڤی محتاجی دوو وەکیل وەزیرایا داهەر یەکی پسپۆریەکی، ئیختصاصەکی وەرگری تەقریبەن، چونکی ئەڤ وەزارەتە پێك دێتن ژشارەوانییەك ژی پێك دێتن گەشتوگوزاری ژی ئەگەر دوو وەکیل وەزیر بن دهەر وەکیل وەزیرەك موختەص بیتن پێکی (الله اعلم)، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە بڕگەی یەکەم لەسەر وەزیر، منیش هەر پشتگیری لەو بەڕێزانە دەکەم کە بڕوانامە دیاریکراو بێت، لە خاڵێکدا لە دێری چوارەمدا دەڵێت وەزیر بۆی هەیە بەشێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بسپێرێت، یەعنی ئەمە شتێکی جیاوازییە، ئەی ئەگەر نەیسپارد بەتایبەت ئێستا وەزیر لە حزبێکە و بریکارەکەی لە حزبێکی ترە، خۆ ئەگەر دەسەڵاتی پێنەدا دەبێت بە بندیوار، ئینجا بریکاری وەزیریش کاری بۆ دیاری نەکراوە لێرە، یەعنی ئەگەر بێتە سەر بڕگەی دووەم سەیری بکەی بریکاری وەزیر کاری بۆ دیاری نەکراوە، ئەگەر وەزیر صەلاحیەتی نەداتێ هیچ ئیشێکی نامێنێت دەبێت بۆخۆی دانیشێت، بڕگەی دووەمی نووسینگەی وەزیر یەعنی چی من تێناگەم بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی، بەرایی زانکۆیی حەز دەکەم تەفسیرێکمان بۆ بکەم.

ئێمە شەهادەی بەکالۆریۆسمان هەیە، بڵێ بەکالۆریۆس بەرایی زانکۆیی من لە هیچ کوێێکا نەبینیوە، بەکالۆریۆس هەیە، دکتۆرا هەیە، ماستەر هەیە، شەهادەکانی تر هەیە، بەڵام بەرایی، بەرایی یەعنی چی؟ بوترێت ئەو بەراییانە لە هەر کوێیەکی ئەم پێشنیارە بەڕای من بکرێت بە بەکالۆریۆس باشترە، ئەو بڕگەی دووەمەش کە ژمارەیەك فەرمانبەرەکانی بۆ تەحدید بکرێت هەر ئاوا نەیەت ئەگەر سێ دانە، چوار دانەیە بەپێی پێداویستی ئەو نوسینگەی وەزیرە بۆی دایاری بکرێت، بڕگەی دووەم وەکو وتم دەبێ ئەرکەکانی بریکاریش دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی ئەویش بەرچاو روون بێت چ ئەرکێکی هەیە، خاڵێکی تر لە سێیەمدا پسپۆڕی ئەو راوێژکارانە دیاری بکرێت، پسپۆڕیەکانیان جیا جیا بن، ئەو دەڵێ بەپێی پسپۆڕی دەبێت پسپۆڕیەکانیان جیاواز بێت چونکە ئەم وەزارەتە کار لەسەر شوێنەوار دەکات، کار لەسەر گەشتوگوزار دەکات، کار لەسەر بەشەکانی تری شارەوانی دەکات،.

خاڵێکی تر بڕگەی شەشەم کاتێك کە دێیت باسی دەستەی گەشتوگوزار ئەوە لێژنەی شارەوانیش خۆیان باش دەزانن هەفتەی داهاتوو ئێمە پێشنیازە یاسایەك دێتە ناو پەرلەمانەوە لەسەر دەستەی گەشتوگوزار لێرە کە دێتەوە باسی دەستەی گەشتوگوزار دەکات، باسی پێکهاتەکەی دەکات ئەوە یەعنی تێکەڵاوییەك دروست دەبێت لە بەینی هەردوو یاسادا، دەبێت ئێمە خاڵ بە خاڵ بزانین تەزاروب دروست نەبێت لە یاسای گەشتوگوزاردا کە هەفتەی داهاتوو لەگەڵ ئەمە، دەکرا هەر بەشێوەیەك وەکو چۆن لە (رؤوس نقاط) بە عام باس کرایە دەستەی گەشتوگوزار نەك بێتە سەر ئەم وردەکاریانە لە چی پێك دێت و چەند کەس و چەنێکی بۆ تەحدید دەکرێت، بۆ ئەوەی دروست نەبێت...........................

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو، سوپاس، مامۆستا (ابوبكر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم منیش تێبینیم هەیە لەسەر ئەوەی کە دەبێت فەرمانبەرەکانی نووسینگەی وەزیر دیاریکراو بن، لەسەر بریکاری وەزیر لەکابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمەوە ئەم کێشەیە هەیە و جۆرەها ناونرا لە بریکاری وەزیر، بریکاری وەزیر تەنها خەڵات و پاداشتدانەوە هەندێ کادیری حزبییە، لەم کابینەدا من دوو بریکاری وەزیر خۆیان پێیان وتم یەکیان وتی لەگەڵ تیمی حکومەتی حزبەکەی خۆیدا وتوویەتی ئەوەندە حیسابم بۆ ناکرێت، پەنجەی ئاوا بەرز کردۆتەوە، من ساڵێکە لەم لێژنەیەشم بەراستی چەندین کۆبونەوە و دانیشتنمان کردووە تا ئێستا بریکاری وەزیرم نەبینیوە، بۆیە بریکاری وەزیر ئەگەر هەیە دەبێت سەڵاحیەتەکانی دەستنیشان بکرێ، نەك چاوەڕێی مەرحەمەتی وەزیر بکا، خۆشتان دەزانن کاتێك کە وەزیر پێی ناکرێت بە کارەکانی هەڵسێت، چونکە ئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانە وەزیرێکی تر کارەکانی رادەسپێرێت، دووەم لە خاڵی سێیەمدا پشتگیری (نجاة) خان دەکەم کە دەبێت ساڵانی خزمەت دە ساڵ و پازدە ساڵ بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان راوێژکارەکان بەراستی تەحدید بکرێت، ئەخیر خاڵ من پێم وایە ئەنجومەنی وەزارەت دەبێت بەشێك بێت لەم پێکهاتە پێویست بە ماددەیەکی سەربەخۆ ناکات، چونکە لە ماددەی یەکەمدا پێناسەی کردووە کە ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارتی شارەوانی و گەشتوگوزارە کە دوو ئەنجومەنی هەیە، ئەنجومەنی بەڕێوەبردن لەگەڵ ئەنجومەنێکی راوێژکاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (جلال پەرێشان)، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن ماددەی دووەم قسەی لەسەر دەکەم بەراستی یەعنی ماددەی چوارەم، دووەم، ئەمن بە پێچەوانەی راوبۆچوونی زۆریانم بەراستی پۆستی وەزیر پۆستێکی سیادی گەورەیە، ئاساییە ئەگەر بڕوانامەی نەبی، لەوانەیە پێشمەرگەی بووبی لە چیا پازدە ساڵ، ئەوکات فشاری لەسەر بووە رۆیوە ئەو لە چیا بووە شۆرشی کردووە ئێمە لێرە بڕوانامەمان وەرگرتووە، زۆر ئاساییە بێ

بڕوانامە بی وەزیر یەك، دوو بریکاری وەزیر دەڵێ هاوکاری وەزیـر دەکـات بەراسـتی وەزارەتێـك ئەو هەموو هەشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە دوای ئێمە هەمووشمان دەزانین هیچ شتێك بە بێ بەڕێوەبەری گشتی دیوان ناڕوات، ئەمە هەموو شتەك دەڵـین ئەگەر شـتەك بـارگرانی دارایـی هەبی با نەبی، بریکـاری وەزیـر ئەحەلقەکـی وەسـتی زیـادە، بەراسـتی زیـادە، یەعنـی نەسـریەی تـایبەت و ئۆتـۆمبێلی تـایبەت و پاسـەوان و شـوفێر و بەراسـتی بە مەزەنـدەی ئـێمە زۆر زیـادە، دیسان دەڵێمەوە هیچ شتێك بە بێ بەڕێوەبەری گشتی دیوان ناڕوات، یەعنی بریکـاری وەزارەت ئەو حەلەقە زیادە بەراستی بەمەزەندەی مـن ئەوەی دووەم زیـادە و هەر نەمینێـت باشـترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(هلز) خان، فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت مـاددا (٤)، یەکەم پاڵپشـتیا وان بەڕێـزا دکەم ئەڤێـت ئامـاژە بهەنـدی کـری کـو پێتڤیـا بڕوانامـا وەزیری بێتە دەستنیشانکرن چونکی ئێمە وەزیـرێ هەی بڕوانـامە ئیحتمـالایە ئامـادەیی ژنەبیتن، سەبارەت خالا دوی نڤیسینگەها وەزیـری ئەو فەرمـانبەرا بێـنە تەحدیـد کـرن، پاڵپشـتیا وان بەڕێزا دکەم ئەڤێت دگەل هەندێـدا کە هژمـارا وان فەرمـانبەرا بێـتە دەستنیشـانکرن، مـاددا دووەم سەربریکارا وەزارەتێ هەندەك وەزارەتا دوو بریکارێت هەی، هندەك وەزارەتا ئێکـێ هەی، لڤێرێ پێتڤیا دوو تشت بێـنە کرنـێ پێشـنیارا مە ئەڤەیە، ئێـك ئەرکـی بریکـارێ وەزارەتـێ چیـیە یەعنی راستە دخالا ئێکێدا ئاماژە پێکری بەس ئەگەر وەزیری ئەو دەسەڵاتە نەدانی دمینیـتە بـێ دەسـەڵات، دوو هژمـارا وانـا ژبێـتە دەستنیشـانکرنێ، سـێیەم سـەبارەت راوێژکـاران لڤێـرێ چـار راوێژکار گەلەکن یەعنی ئەڤە خـر تەکلیفـا مـاددییە لسـەر حکومەتی بـۆچی بـۆ وەزیرەکـی چـار راوێژکار بێنە دان بەرێ نوکە خالا پەیرەویدا من ئاماژە پێکر ئێکیشـوان چـار راوێژکـاران لەهجـا بادینی نزانیتن، ئەڤ چار راوێژکارە بدیتنا من زێدەنە، چوارەم خالەکادیتر بێتە ئیزافەکرنێ سەر خالا حەفتێ بەرێـوەبەرایەتی گشـتی بـاخچە و پاڕکەکـان، چـونکی نـوکە بـاخچە گەلەك بەرفـرە بووین و پارك ژی رۆژانە یـێ دهێـنە دروسـتکرنێ، لـبەر هنـدێ ئێکـا دی بێـتە ئیـزافە کرنـێ خـالا شەشی سەروکێ دەستێ پلا وی نەهاتیە دیارکرنێ پێتڤیا پلا وی بێتە دەستنیشانکرێ، هەروەسا شەشەم، دووەمیشدا ئاخر ژمارەیەك فەرمـانبەر یاریـدەدەری دەبـن، ئایـا چەنـدن؟ لڤێـرێ پیتڤیـا بێتە تەحدیدکرن هژمارا وان فەرمانبەرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (جەلال)، فەرموو.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤)، بـڕگەی یەکەم پشـتگیری خـانوو (نجـاة) دەکەم، هەوەهـا سـەبارەت بە مـاددەی (٤)، بـڕگەی سـێیەم پشـتگیری (نجـاة)خـان، (گولسـتان) خـان، دەکەم، هەروەهـا بـڕگەی

پێنجەم پشتگیری (شیرین) خان دەکەم، بڕگەی شەشەم پشتگیری (دیاری انور) دەکەم، لە کۆی قسەکانی کاك (مم) پشتگیری دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی تایبەتمەند ئەگەر وەڵامێك، ڕوونکردنەوەیەك، کاك (لقمان)، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەندێ پرسیاری خوشك و براکانمان کە ئاماژەیان پێکرد سەبارەت بە دیاریکردنی چوار ڕاوێژکار، وەزارەت دوو ڕاوێژکار، وەزیر دوو ڕاوێژکار ڕادەسپێرێت بۆ دەستەی گەشتوگوزار مەرج نییە ئەو ڕاوێژکارانە هەموو کارەکانیان تایبەت بێت بە دەستەی گشتوگوزار، ڕەنگە لەبوارەکانی دیشدا سوودی لێببینێ، سەبارەت بە فراوانی بابەتی وەزارەتی گەشتوگوزار لە ماددەی (٥،٦) دەسەڵات دراوەتە وەزیر کە بانگێشتی هەر کەسێکی شارەزاو و پسپۆر بکات بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕاوێژکردن، بەڵام مافی دەنگدانیان نابێت، دیسان لە ماددەی (٦) دەسەڵات دراوەتە وەزیر بۆ ئەوەی گرێبەست لەگەڵ هەر کەسێکی شارەزا لەناوخۆی هەرێم یان لە دەرەوەی هەرێم بکات بۆ ئەوەی کە بتوانێت پرس و ڕاوێژی پێبکات بۆ یەکێك لە پرسە گرنگەکانی وەزارەت.

سەبارەت بە وەزیر بەرپرس پێت بەرامبەر پەرلەمان، بەڕێزان کۆی حکومەت بەرپرسە بەرامبەر بە پەرلەمانی کوردستان بۆیە پێویست ناکات ئێمە لە یاسای وەزارەت ئاماژەی پێبدەین، سەبارەت بە چەند بەڕێوەبەرایەتییەك لەڕووی دارایییەوە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆن ئەمانە بەڕێوەبەرایەتی گشتین لەسەر ئاستی وەزارەت، لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بەڕێوەبەرایەتی گشتیان نییە وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەی ئاوەدانی ئەمانە تەنها لەسەر ئاستی وەزارەت بەرێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتی کۆی بەشەکانیان دەکەن لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بۆیە خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆی داراییین، بابەتێکی تر سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان لە پارێزگاکان پێویستە ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو پرسە بدەین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، شارەوانی هەولێر سەنتەری شار پێك دێت لە شەش شارەوانی، شارەوانی سلێمانی سەنتەری شارەکەی پێك دێت لە پێنج شارەوانی، سەرۆکی شارەوانی پارێزگاکە سەرپەرشتی ئەو شەش شارەوانییە و ئەو پێنج شارەوانییە دەکات بۆیە سیفەتەکەی بە بەڕێوەبەری گشتی دانراوە، بۆ سەرۆکی شارەوانی ئیدارە سەربەخۆکانی تێدا نییە چونکە ئیدارە سەربەخۆکان لەڕووی پێکهاتەی جوگرافی یەك شارەوانین دابەش نەکراوە بۆ چەند شارەوانییەك بۆیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان لە ئیدارە سەربەخۆکان کە سەرپەرشتی شارەوانییەکانی قەزا و ناحیەکان دەکەن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان لە سەنتەری پارێزگاکان هەیە کە سەپەرشتی شارەوانییەکانی دەرەوەی سەنتەری شار دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (عباس)، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من وەکو ئەندام ویستم قسە بکەم، ناوم نوسیبوو، بەڵام بەداخەوە، من دەمویست لەسەر ماددەکان ئەگەر وەزارەت بهاتنایە قسەم بکردایە، چونکە هەندێك بابەت هەیە قسە بۆخۆمان دەکەین لەبەر ئەوەی ئێمە لە لێژنەکەش حکومەت نەهاتبوو قسەی لێبکەین، من سەبارەت بە بڕگەی چوارەمی هەمان ماددە ئەم هەشت خاڵەی کە لەدوو یەك ریز کراوە هەندێك لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەسەڵاتیان پێدراوە لەرووی مالی و سەربەخۆیی و کەسایەتی مەعنەوی بەشێك لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان پێم وایە ئەمە زیادە چونکە ئەوان سەر بە وەزارەتن و وەزارەت کەسایەتییە سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵاتە مالیەکەیە، سەبارەت بە خاڵی هەشتەمیان ژمارە هەشتی ئەو بڕگەی چوارەمە لەگەڵ بڕگەی پێنجەمیان من پێم وایە ئەمە بکرێتە بڕگەی پێنجەم من بەزیادی دەزانم لە دوو شوێن هەمان بابەت دووبارە کراوەتەوە، سەبارەت بە خاڵی مەسەلەن پلەیەکی تایبەتی دەبێت، لێرانە لەبەر ئەوەی ئەم خۆی بەرپرسە لە چەندین بەڕێوەبەری گشتی، خۆی ئۆتۆماتیکییەن دەبێت یان پلەکەی بەرزتربێت دەنا ناتوانێت بەڕێوەبەری ئەو هەموو بەڕێوەبەرە گشتییە بێت، بەڵام لێرە دیاری بکرایە لەوانەیە نەبوایە جێی ئەم پرسیارانە، ئەمە وەکو ئەندامێك لەسەر بابەتەکە قسەم کرد، مادەم حەقە ئەو حەقەش بەخۆم بدەم هەندێك وەڵام هەیە بیدەمەوە وەکو لێژنە مادەم وایە، بەگشتی تەوزیح کردن، سەبارەت بە وەزیر دەبێت شەهادەی هەبێت، راستە من لەگەڵ ئەوەمە مادەم بەڕێوەبەری گشتی دەبێ وەزیر شەهادەی زانکۆی هەبێت، بەڵام ئەمەیان پەیوەندی بە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانەوەیە دەبێت ئەمە ناکرێت بۆ وەزیرێك بێ بۆ هەموو وەزیرەکان، ئەم یاسایە تایبەتە بە یەك وەزارەت پێویستە لەوێ ئەمە چارەسەر بکەین نەك لێرانە بەراستی ئێمە بۆ یەك وەزیر تەحدیدی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (٥) بخوێننەوە، کاك (بژار)، ملاحەزەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا هەندێ پرسیار هاتوونە یەك دوو روونکردنەوەشە، بەس بۆ ئەوەی لە پڕۆتۆکۆڵ تۆمار بکرێت لە لاپەڕەی (٨) کە دێین باسی دەستەی گەشتوگوزار دەکەین خاڵی (أ) هەیە، ئەوەش بەڕێوەبەرایەتییە بۆ ئەوەی پێویست نەکات لە راپۆرتی دەنگدان بە پێشنیارێکی تر، بەبێ پێشنیاریش بێت ئیحتیماله ئەندامان گلەیی بکەن بۆ لێژنە لە خۆیەوە وەی کردییە بۆ ئەوەی جەنابتان ئاگادار بن، بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و سەرچاوە مرۆییەکان، چونکە لەوێ بەڕێوەبەرایەتی نەهاتووە، تێبینی دووەم لاپەڕەی (٩) پێکهاتەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ، دووەم کە دەڵێت (بەڕێوەبەرانی گشتی گەشتوگوزار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان- ئەندام) چونکە ئەوە سەرۆك و ئەندامانی ئەم پێکهاتەن، ئەندامی کەمە لێرە.

سەبارەت بە بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی و یاسایی دەستەی وەبەرهێنان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٤) ساڵی (٢٠٠٦) لە ماددەی دەیەمدا هاتووە باسی هەیکەلیەتی دەستە دەکات، لەوێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە دەستەکەدا نییە، فەرمانگە هاتووە، فەرمانگەکەش بەم شێوەیە هاتووە، کاروباری یاسایی و کارگێری و دارایی، نەك وەکو ئەوەی ئێستا کارگێری و دارایی و یاسایی، ئەوەکی تریش دەکەین لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەند بەس بۆ بەرچاوڕوونی بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆل تۆمار بکرێت، بە سەریعی ئەو پرسیارانە ئاراستەی ئێمە کراون، سەبارەت بەوەی بەڕێز مەلا (ویسی) بەڵی و تۆماتیکی شارەوانییەکانی قەزا ئیشراف لەسەر شارەوانییەکانی خواروتر دەکەن، سەبارەت بەوەی (نجاة) خان پەیڕەو دوو جاری تریش لەناو جەلسە ئاماژەمان پێدابوو، پەیڕەوی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە ساڵی (٢٠٢٠)کە تەمەن و ساڵانی خزمەت و پسپۆڕی و اختصاص و باوەڕنامەی تێدا دیاریکراون، پرسیاری (د.زیدان) هیچ کێشەیەك نییە، چونکە ئێمە لە هەیکەلیەتی وەزارەتە بەڕێوەبەری گشتی راستەوخۆ سەر بە وەزارەت دەبی نەك سەر بە بەڕێوەبەرێکی گشتی لە وەزارەت، سەبارەت بەوەی بەڕیز کاك (د.اسماعیل) عادەتەن هەیکەلیەتی وەزارەت بی یان دەستەیەك بێت هەمووی چەند درێژیش بێت هەمووی کۆدەکرێتەوە لە یەك ماددەدا، چۆن دەڵێن (غیر قابلە للتجزئە) ناتوانین بیکەینە چەند ماددەیەك، چونکە هەیکەلییە پێك دێت دەبێت لە یەك ماددەدا دیاری بکرێت، سەبارەت بەوەی (سەرچنار) خان ئاگامان لێیە وە هەفتەی داهاتوو ئەگەر ئەو راپۆرتە هاتە خوێندنەوەی دووەم ئاگامان لێیە و لەبەردەستمانە، تەئکیدیشمان کردییە بۆ ئەوەی هیچ تەزاروبێك دروست نەبیت لەنێوان ئەم یاسایە و ئەو راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بەوەی گەشتوگوزار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (٥) بەرێزان، کاك (نزار)، فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

یەکەم: وەزارەت ئەنجومەنێکی دەبێت کە پێك دێت لە:

١-وەزیر/ سەرۆك.

٢-بریکاری وەزارەت/ ئەندام.

٣-سەرۆکی دەستە/ ئەندام.

٤- راوێژکاران/ ئەندام.

٥- بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەت/ ئەندام.

دووەم: وەزیر دەسەڵاتی هەیە هەر کەسێك لەناو وەزارەت یان لە دەرەوەی بانگێشت بکات بۆ ئامادەبوون لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەن بەمەبەستی راوێژکاری لەکاتی پێویست بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

سێیەم: ئەنجومەنی سکرتێرێکی دەبێت بۆ جێبەجێکردنی کارە کارگێرییەکان لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێت.

چوارەم: کۆبونەوەکانی ئەنجومەن وەرزی دەبن یان لەکاتی پێویستدا ساز دەکرێن بە بڕیاری وەزیر.
پێنجەم: ئەنجومەن تاوتوێی پلانەکانی وەزارەت و کێشە و گرفت و بەربەستەکانی دەکات و راوێژ و پێشنیارەکان پێشکەش بە وەزیر دەکات بە ئامانجی بەرەو پێش بردنی توانستی وەزارەت و بەرز راگرتنی ئاستی خزمەتگوزاریەکان و لابردنی بەربەستەکان.
شەشەم: کۆنووسی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن وەك بڕیاری وەزاری هەژمار دەکرێت دوای پەسەند کردنی لەلایەن وەزیر.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بۆ ماددەی (٥) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بكات با دەست بەرز بكاتەوە، بەڕێزان ئەوانەی دەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی (٥) بكەن، كاك (دیاری)، كاك (سەركۆ)، كاك (د.اسماعیل)، مامۆستا (ابوبكر)، مامۆستا (عمر)، كاك (بالانبو)، كاك (رزگار)، كاك (یاسین)، كاك (بەڵێن)، كاك (د.ریبوار)، كاك (چیا) كاك (شێخ ظاهر)، (نجاة) خان، (نجاة) خان، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارا من نە هندە زانستییە ئەوی دیـیە بەس دێ پتر رامانێ وێ دیار بیتن هەكە ئەودی سەبارەت ماددێ پێنجێ، یەكەم یا ئێكێ وەزیر(:) بیت نە (-) بیت، چونكی رامانێ وێ بە دروستاهی ناداتن، هەكا شاریحەبیتن، تشتی چە وەكو نوكا مە پێناسە دكەین بدایەتێ دبێژین وەزیر یەعنی مەسەلەن هەرێم، هەرێمی كوردستان-عێراق، ئیلتیباسەك چێببیت باشترە (:) بیت نە (-) بیت بەس بۆ هندێیە، پتر بوو رامانێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ( شێخ ظاهر)، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر خاڵی سێیەم، ئەنجومەن سكرتێرێكی دەبێت بۆ جێبەجێكردنی كارە كارگێرییەكان و لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەكرێت، لێرە ئەو سكرتێرە كە دیاری كرایە كاری كارگێری دەكات بەس بڕوانامە دیاری نەكرایە، بڕوانامە مەرج نییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیەك هەبی لسەر خالا سییێ ئەنجومەن سكرتێرێكی دبێت بۆ جێبەجێكردنی كارە كارگێرییەكان و لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەكرێت، من پێ باشە ئەڤ خالە بێتە لادان چونكی هەبوونا سكرتێرەكی زۆر زۆر زیادەیە چونكی هەر وەزیرەكی مودیر مەكتەبەكی یا هەی،

سکرتێرەکی هەی هەموو کۆمبونادا مودیر مەکتەبا یان سکرتێر بەشداری هەموو کۆمبوونا کرن و کاری ئیداری بڕییە، مودیر مەکتەبی وەزیری بەڕێڤە چیتن، ئەز بینم ئەڤە درێژکرنا بەس پرۆژە یاسایە من پێ باشە خالا سییەم بێتە راکرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، دیارە ئەو ماددەیە بۆ خۆی گرینگە بوونی ئەنجومەنێك بۆ راوێژکاری، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە ئەنجومەنێکیشمان هەیە لە ماددە (٤) باسکرایە، لە ماددەی یەکیشدا لە پێناسەکان باسکرایە، ئەنجومەنی راوێژکاران کرایە دیاری کرایە کە کارەکانی چییە، پێشکەشکردنی کۆمەڵێك پێشنیارە بۆ ئەو بابەتانەی کە دێنە پێشەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر تەنها ئەو ماددەیە یان ئەو ئەنجومەنە ئەرکەکانی بریتی بێت لە پێشکەشککردنی پێشنیار بێ ئەوەی کە بڕیار وەربگیرێت، دیار نییە بە چ میکانیزمێك خۆی دیار نییە کە وەربگیرێت باس لە بڕیار نەکراوە تەنها پێکەشکردنی پێشنیارە، ئەگەر وایە ئەوە زیادە تەنها ئەنجومەنی راوێژکاران کیفایەتە ئەمە یەك، دوو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تەنها بۆ تەوزیح یەکێك لە هەڤاڵان باسی ئەوەی کرد کە شەهادەی بەرایی، خۆی شەهادەی بەرایی دیارە مەبەستی بەکالۆریۆسە، بەکالۆریۆس بە شەهادەی بەرایی هەژمار دەکرێ، هەر بۆ تەوزیح، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم پەرلەمانەوە متمانەی وەرگرتووە لە ژێر رۆشنایە ئەو بەرنامەی کارەی کە بۆ پەرلەمانتارانی خوێندەوە، ئەگەر سەیری بەرنامەی کارەکەی ئەوان بکەین کە یەکێك لە بەرنامەی کارەکان شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بوو، بەڵام ئەم یاسایە ئەگەر سەیری بکەی سەرجەم دەسەڵاتەکان دراوە بە وەزیر، یەك کەسی دیکە دەسەڵاتی نییە، لێرانە سەیر بکەین ئەنجومەنێك دانراوە تەنها وەزیر دەسەڵاتی هەیە، سەیری بڕگەی یەکەم بکەن وەزیر دەسەڵاتی هەیە، سەیری بڕگەی دووەم بکەن لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێت، چوارەم بە بڕیاری وەزیر دەبێت، پێنجەم پێشنیارەکە پێشکەش بە وەزیر بکرێت، شەشەم پەسەند کردن لەلایەن وەزیرەوە دەبێت، ئەم ئەنجومەنە ئیشی چییە؟ ئایا لە وەزارەتێکدا ئەگەر دەسەڵاتەکان شۆڕ نەکرێتەوە بۆ خوارەوە ئەم دەسەڵاتانە چۆن شۆڕ دەکرێنەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان! لەبەرئەوە بەراستی حەق وایە ئێمە ئەم یاسایە لاببەین تەنها یەك دێر بنووسین، بنوسین (وەزیر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی وەزیری هەیە) ئەم یاسایە هەموو مەفهومەکەی ئەوەیە، من سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥)، بڕگەی چوار، کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن وەرزی دەبن یان لەکاتی پێویست ساز دەکرێن بە بڕیاری وەزیر، من پێشنیار دەکەم بۆ تەنها وەزیر کۆبونەوەکان دیاری بکات، پێشنیار دەکەم زۆرینەی ئەنجومەنەکە کۆبونەوە دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ئەگەر یەك سانیەم بدەیێ لەسەر خاڵی پێشی کە وەزیر شەهادەی هەبێت یان نا، یەك روونکردنەوە ئینجا دوای دێمە سەر قسەکانم.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵا بەپێی پەیڕەو ناکرێت، بەڵام تۆ کاك (یاسین)ی، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاست دەکەم، دەمەوێت بە هەموو برادەران بڵێم وەزیری شارەوانی دەبێت ئەندازیار بێت، لەبەر ئەوەی بە حوکمی ئەوەی ئیشەکەی لەگەڵ چیمەنتۆ و شیشە، ناکرێ کەسێکی ئابووریناس لەوێ دانێن، سوپاس، بە نسبەت ئەوەشەوە پشتگیری هەموو قسەکانی کاك (بالانبو) دەکەم، یەعنی بەراستی هیچی کەم نییە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی (٥) کە ئاماژەی بە ئەنجومەنی وەزارەت کردووە، لە خاڵی شەشەمیش ئاماژەی بەوە کردووە کە کۆنووسی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن وەك بڕیاری وزاری هەژمار دەکرێت کەواتە ئەو ئەنجومەنە دەسەڵاتێکی زۆری هەیە و گرینگییەکی تایبەتمەندی هەیە، بەڵام لە بڕگەی چوارەم تێبینییەکەی من ئەوەیە، پشتیوانی لە قسەکانی کاك (رزگار) دەکەم، کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن وەرزی دەبن، بەڵام ئەوەی کە لە کاتی پێویست ساز دەکرێن بە بڕیاری وەزیر شتێکی بۆ ئیزافە بکرێت یان لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە، یەعنی هەم بە بڕیاری وەزیر بتوانێ هەم زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە بتوانن داوای کۆبونەوە بکەن لەکاتی پێویستدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ماددەی پێنجەم، بڕگەی دووەم، دەڵێ (وەزیر دەسەڵاتی هەیە هەر کەسێك لە ناو وەزارەت یان لە دەرەوەی وەزارەت) ئەم هەر کەسێیە من پێشنیاز دەکەم بکرێت بە کەسی پەیوەندیدار یان کەسی پسپۆڕ، هەندێ جار رەنگە ئەو جیهەتە ئەو کەسە پسپۆڕ نەبی بەڵام کەسی پەیوەندیدار بێت، واتە دەبێت پەیوەندیدار بێت بە بابەتەکەوە ئینجا مافی هەبێت بانگێشتی بکات، واتە ئەوە نییە بڵێ هەموو کەسێك، لەم پێشنیازە یەعنی هەندێ شت زۆر موتلەق کراوە بە تەواوەنی کراوتەوە، سێیەم ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێت بۆ جێبەجێکردنی کارە کارگێرییەکان و لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێت، پشتوانی ئەو برادەرانە دەکەم ئەو هاوڕێیانە دەکەم دەبێت بڕوانامەکەی وە پسپۆڕییەکەی وە ئەزمونەکەی دیاری بکرێت، چوارەم کۆبونەوەکانی ئەنجومەن وەرزی دەبن یان لەکاتی پێویست ساز دەکرێن، ئەم (یان)ە دەرفەتێك دەدات بە وەزارەت و بە وەزیر ئەگەر ویستی کۆبونەوەی وەرزیش نەکات، بۆیە دەبێت کۆبونەوە وەرزییەکە بە تەواوەتی تەسبیت بکرێت، بەم جۆرەی لێبکرێت (کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەرزی دەبن و وە لەکاتی پێویستیشدا ساز دەکرێن بە بڕیاری وەزیر یان ئەنجومەن)، ئەنجومەنیش گرینگە لەم بابەتەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سەرکۆ)، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەتایبەت ماددەی پێنجەم، خاڵی دووەم، منیش هاوڕای قسەکانی کاك (دیار انور)م کە دەڵێ (وەزیر دەسەڵاتی هەیە هەر کەسێك لەناو وەزارەت) ئەمە بکرێتە (کەسانی پسپۆڕ و لایەنی پەیوەندیدار) دەکرێت کۆمەڵێك هاووڵاتیان لە شوێنێکدا بن کێشەیان هەبێت بتوانن بۆچونیان وەربگیرێت ئەمانە کەسانی پەیوەندیدار نەك کەسێکی سەربازی بێنە ناو کۆبونەوەی ئەنجومەنەوە کە وەزیر دیاری دەکات، سێیەم ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێت، پێویست دەکات لێرە پلەکەی دیاری بکرێت، کەلەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکات پلەکەی دیاری بکرابایە، لەناو ئەنجومەنی ئەم ئەنجومەنە یان هەر لەناو وەزارەتدا کەسێکی بۆ دیاری دەکرێت یان خەڵکی تازە بێت، خاڵی شەشەم کۆنووسی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن وەك بڕیاری وەزارەت ئەژمار دەکرێت دوای پەسەندکردنی لەلایەن وەزیرەوە بەم شێوەزاەی لێبکرێت (کۆنووسی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن دوای دەنگدان وەك بڕیاری وەزاری ئەژمار دەکرێت دوای پەسەند کردنی لەلایەن وەزیرەوە) یەعنی ناکرێت هەر کە قسەك کرا لە کۆنووسا نووسرایەوە کە وەزیر پێویستی کرد بکرێت بە بڕیار بۆیە پێویست دەکات بە دەنگدان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تیبینی من هەی، تیبینیا یەکێ ئەز پشتگیریا کاك (سەرکۆ)، کاك (دیاری) دکەم کو پیتڤیا پەیوەندیداران پسپۆر بێتە ئیزافە کرن دا بکەیفا خۆ نەبیت هەندەکا بینتە ناڤ وەزارەتا ئەنجومەنیدا چ پەیوەندی کاروباریێ یێ وەزارەتێ نەبیتن، تێبینیا من یا دووێ خالا شەشێ دبێژیت (کۆنووسی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن وەك بڕیاری وەزاری هەژمار دەکرێت دوای پەسەندکردنی لەلایەن وەزیر) ئەز پێتڤی دبینم موددەك بێتە دیار کرن بێژیت مەسەلەن بۆ نمونە بۆرینا پازدە رۆژا کۆنووس پەسەند کری تێتە هەژمارتن، یەعنی (مع مرور خمسة عشرة یوما یعد المحضر مصادقا علیە) وە ئیللا دەبیتە وەخت کوشتن، یەعنی گەلەك جارا مصادەقەی هەیڤەکی دوو هەیڤا جەنابی وەزیر مصادەقەی لسەر ناکات، ناخوینی، بێژە دڤێت موددەك بێتە تەحدید کرن شەرتەکێ ئەڤی موددەی تێنەپەڕیت، ئەگەر لێبووری کۆنووس خۆ بۆخۆ (مصادق علیە)ە دا ببیتە قەرارا وەزاری وە ئیللا ئەما دبیتە ئیستیشارەکا یا ئێدی و ئیستیفادە تێدا نینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا (ابوبکر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) ئاوا سیاغە بکرێتەوە (ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت کە پێك دێت لە)، سەبارەت بە خاڵی شەشەم سروشت و مەهام و ماهیەتی ئەم ئەنجومەنە راوێژکارییە، بەڵام لە خاڵی شەشەمدا کۆنووسەکەی سیبغەی بڕیاری وەزاری پێداوە، ئایا ئەمە تەناقوز نییە؟ مەرج نییە هەموو کۆنووسێکی وەزارەت ببێتە بڕیاری وەزاری، دواتر کە ئاڕاستەی وەزیر دەکرێت لەوانەیە هەندێك لە بڕیارەکان پەیوەندی بە سەرووی ئەنجومەنەوە هەبێت، بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەبێت، بۆیە کاتێك کە وەزیر بۆخۆی دەیکاتە بڕیاری وەزاری پێویست ناکات ئێمە کۆی کۆنووسەکە سیبغەی بڕیاری وەزاری پێ بدەینەوە بەڕای من، چونکە مەرج نییە هەموو کۆنووسەکان بڕیاری وەزاری لێبکەوێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبداللە فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی ئامارە فەرمییەکان نزیکەی سەد هەزار هاووڵاتی خاوەن پێداویستی تایبەتمان هەیە، لە کەسانی نابینا، نابیست، ئەوانەی هەردوو قاچیان نییە، ئەوانەی هەردوو دەستیان نییە، لە زۆرینەی زۆری پرۆژەکان لە کوردستاندا ئەوانەشی تازە دروست دەکرێن، بەداخەوە رەچاوی تایبەتمەندییەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ناکرێت، کەم ئەندام ناکرێت، چەندین شۆستەمان هەیە ئێمە بە هەردوو چاومانەوە زۆر بە نارەحەت بەسەریاندا تێدەپەڕین، ئەی نابینایەك چۆن تێدەپەڕێت،

چەندین پڕۆژەمان هەیە کاشیەکەی هێندە سفت و لوسە ئێمە بە هەردوو قاچەوە بە زەحمەت بەسەریاندا تێدەپەڕین، ئەی ئەگەر کەسێك بە دوو گۆچانەوە چۆن بەسەریانا تێدەپەڕێت، بۆیە زۆرینەی ئەم پڕۆژانەش مەسئولیەتەکەی لە وەزارەتی شارەوانییە، من لە ئەرکەکاندا پێشنیار دەکەم بۆ برایانی بەڕێزم لە لێژنەی شارەوانی ناردووە کە یەکێك لە ئەرکەکان زیاد بکرێت لەم رووەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی، لێرە پێشنیار دەکەم بڕگەیەك بۆ ئەنجومەنی وەزارەت زیاد بکرێت، ئەویش بەم جۆرە نوێنەرێك لە وەزارەتی کارو و کاروباری کۆمەڵایەتی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەشدار بێت لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەن کە ئیشی راوێژ پێدان بێت بە وەزارەتی شارەوانی وە بەشدار بێت بەو بڕیارانەی کە کاریگەریان لەسەر پلان، لەسەر ماستەر پلان، لەسەر پرۆژەکان، بۆ رەچاوکردنی تایبەتمەندیەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کارێکی لەم جۆرە هیچ تێچوویەك بۆ حکومەت زیاد ناکات، نوێنەرەکەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی خۆی پلەی بەڕێوەبەری گشتییە مووچەی هەیە، ئۆتۆمبێلی هەیە، تەنها کۆبوونەوە وەرزییەکانی وەزارەت بەشداری دەکات بۆ ئەوەی راوێژ بدات بە وەزارەتی شارەوانی رەچاوی تایبەتمەندییەتی کەسانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت بکرێت لە پرۆژەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی تایبەتمەند ئەگەر وەڵامێك نییە بچنە ماددەی (٦)، ئەگەر سەرنجێکی خێرا، کاك (لقمان)، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر ئاماژە بە وەزیر کرا لە ئەنجومەنی وەزارەت کە زۆر دەسەڵاتەکانی زەق کرایتەوە، لەراستیدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی (٤) لەوێ ئاماژەی پێکراوە کە وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کاروبارەکانی وەزارەت و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی وەزارەت و سەرپەرشتیکردنی بڕیار، دەرکردنی بڕیار و رێنماییەکان، بۆیە لەراستیدا وەزیر بەرپرسە بەرامبەر بە وەزارەت بۆیە بەم شێوەیە لێرە ئاماژەی پێکراوە، بەشێك لە سەرنجەکانیان لەجێی خۆیدابوون لە راپۆتی دەنگدان شوێنی دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان، ماددەی(٦)، فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦):

یەکەم: وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و مەعنەوی واژوو بکات کە خاوەن شارەزای و پسپۆریەتین لە ناوخۆی هەرێم بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەت بە رەچاوکردنی یاسا و رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکانی کارپێکراو.

دووەم: بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ کەسانێك لە دەرەوەی هەرێم پێویستە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی لەسەر وەربگیرێت جگە لەو گرێبەستانەی کە بە یاسا رێك خراون.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بۆ ماددەی (٦) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بكات، كاك (كاوە) كاك (د.اسماعیل)، كاك (د.ریبوار)، كاك (بەڵێن)، كاك (بالانبو)، كاك (كاروان)، كاك (رزگار)، كاك (دابان)، كاك(یاسین)، كاك (یاسین)، فەرمووو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە خاڵی یەكەم دەڵێ (وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ كەسانی سروشتی و مەعنەوی واژوو بكات كە خاوەنی شارەزایی و پسپۆڕن لەناوخۆی هەرێم بەمەبەستی جێبەجێكردنی ئامانجەكانی وەزارەت، بە رەچاوكردنی یاسا و رێنمایی جێبەجێكردنی گرێبەستە حكومیەكان كاری پێبكرێت)، خاڵی دووەم دەڵێ (بۆ گرێبەستكردن لەگەڵ كەسانێك كە لە دەرەوەی هەرێم پێویستە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەرو وەربگیرێت جگە لەو گرێبەستانەی بە یاسا رێك خراون)، لێردا ئەمە قسەمان لەسەر ئەو وەزیرە نییە كە ئێستا هەیە ئەو یاسایەی كە دادەنێین بۆ سالانی دواتر دادەنێین، بۆ نمونە بۆ پەنجا ساڵی، بۆ بیست ساڵی، بەڵام لێرەدا دەسەڵاتی تەواو دراوە بە جەنابی وەزیر یەعنی ناكرێت ئەو دەسەڵاتە بدرێت بە وەزیر كە هەموو گرێبەستەكان لە كوردستان واژوو بكات، ئەو گرێبەستانەی پەیوەندیان بە مەسەلەی ئاوەوە هەیە، پەیوەندیان بە پاك و خاوێنییەوە هەیە، پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە، بۆیە من پیشنیار دەكەم یان دەسەڵاتەكەی لێ كەم بكرێتەوە یان ئەو ماددە لابېردرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (د.اسماعیل)، فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیار من هەیە، تێبینی ژی من هەیە، ئەوەلەن پرسیارا من ژلیژنێ و ژلیژنا یاسایی بتایبەت ژی ئەرێ ئەڤ دەسەڵاتە دژبلی وەزیری شارەوانی دایە وەزیرەكی دی گرێبەستی دگەل شەخسێ مەعنەوی ئوكەسانەی بكەتن، سروشتی و یێ یی دی بكەتن، یەعنی ئەڤە بەرفرەهیەكی گەلەك مەزنە، وەزبینم ئەڤە دكێشتە هەندێ ئو گەلەك تشتا بكەتە كەرتێ تایبەت، مادەم ماف داییێ دگەل كەسانێت مەعنەوی ژی ئیدی بكەتن، گەلەك تشتی حكومی بێتە ڤەگهاستن برێكا گرێبەستێ بچیتن بو هەندێ كەرتێ تایبەت و بۆ هەندە جهێ تایبەت ئیستفادە بوخو ژی بكەن، ژبەر هەندێ ئەز دگەل نینم كو ڤەكری بیتن بەس دگەل كەسانێت سروشتی تەنێ بیتن، مەعنەوی نەبیتن، نە عام بیتن، بێت هەردووكا سروشتی و مەعنەوی، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (كاوە)، فەرمووو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا منیش پشتگیری هەمان بۆچوونی دکتۆر و کاك (یاسین) دەکەم، لەوەی کەوا وەزیر بۆی نەبێت بە تەنها سەڵاحیەتی ئەوەی نەبێت کە گرێبەست ئیمزا بکات بە تەنها ئینجا چ لەگەڵ کەسانی سروشتی بێ یاخود مەعنەوی بێت یا خود دەرەوە بێت، بەڵکو ئەنجومەنی وەزارەت بڕیار بدات لەسەر ئیمزاکردنی ئەو گرێبەستانە، چونکە هەر لە ئەنجومەنیش ئۆتۆماتیکییەن وەزیر سەرۆکی ئەنجومەنە، کەواتە با بە دەنگی زۆرینەی ئەنجومەن ئیمزاکردنی گرێبەست پەسەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تەحصیل حاصلە بۆخۆی یەکێك لە دەسەڵاتەکانی وەزیر بریتییە لە ئیمزاکردنی گریبەستەکان ئەگەر پەیوەست بێت بە کارەکانی لە چوارچێوەی کاری وەزارەت کە خۆی وەزیرە تیایا، بەڵام لە مادده (٤) بڕگەی یەك هەم پێناسی وەزیر کراوە هەم دەسەڵاتەکانی دیاری کراوە بۆیە پیشنیار دەکەم ئەوە هەڵبگیرێت بچێتە تەواوکەری بڕگە یەك، مادده (٤)، لەبەر ئەوەی لێرە زیادە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم لە خاڵی یەکەم هاتووە باسی هەردوو کەسایەتیەکە دەکات، بەڵام لە خاڵی دووەم هاتووە تەنها باسی کەسانێك دەکات، بۆیە لە خاڵی دووەمیش دیار بکرایە کەسانێك مەبەستی هەردوو کەسایەتییە مەعنەوی و تەبیعیەکەیە یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لەو رایانە دەکەم کە هاوڕێکانم باسیان کرد لەوەی کە وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و مەعنەوی واژوو بکات بە ڕەزامەندی یان دوای پەسەند کردنی لە ئەنجومەنی وەزارەت، پرسیارێکیشم هەیە لە لیژنەی قانوونی یان لیژنەی شارەوانی دوای دیراسە کردن جواب بدەنەوە، لە خاڵی دووەم دەڵێ (جگە لەو گرێبەستانەی کە بە یاسا ڕێك خراون)، کام گرێبەستانەن کە بە یاسا ڕێکخراون مەسەلەن ئەو ئیستیسنائەی پێدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەو ماددەیە زۆر زۆر گرینگە دەبێ بە وریاییەوە کاری لەسەر بکەین، وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و مەعنەوی واژوو بکات، لە کاتی شارەزایی و پسپۆریان لەناوخۆی هەرێم، تەبعەن ئێمە مەبەستمان لەم وەزیرە نییە لێرە، ئەگەر ئەو وەزیرە خۆشم بم، بەڵام ئەگەر وەزیر دەسەڵاتی هەبێت لە کاتێکدا چوار کۆمپانیا تەقدیم دەکەن بۆ ئەو بابەتە وەزیر دەتوانێ کۆمپانیایەکیان هەڵبژێرێت ئەگەر مەرجەکانی لە مەرجەکانی ئەوانی دیکەش خراپتر بێت، لەبەر ئەوەی حەق نییە لێرە وەزیر دەسەڵاتی رەهای هەبێت، لە کۆتای ئەم ماددەیەدا دەڵێ (بە رەچاوکردنی یاسا) کام یاسایە دەڵێ( (رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستی حکومییە کارپێکراوەکان) ئێمە ئەگەر ئەم یاسایە بەم شێوەیە تێپەڕێنین یەعنی ئەو بڕیارەی دادگا کە لەسەر ئەساسی هەڵوەشاندنەوەی کۆکردنەوەی پارەی خۆڵ و خاشاك، ئاوە، یەعنی دەسەڵاتمان داوە ئەوە ئەو یاسایە دەتوانن جێبەجێ بکەن و ئەم کۆمپانیایانە دەتوانن کارەکانی خۆیان بکەن، لەبەر ئەوە زۆر زۆر گرینگە من پێشنیار دەکەم هیوادارم برادەرانیش پشتگیری بکەن، لەژێر رۆشنایی یاسا کارپێکراوەکاندا ئەم بڕگەیە بۆ ئەوەیە چوارچێوەیەکی یاسایی بدات بەو کۆمپانیایانەی کە کارەکانیان وەرگرتووە، کارەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن بە هیوام بەم شێوەیە تێنەپەڕێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (دابان)، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاست دەکەم ئەگەر دەرفەت بدەی تەوزیحێك لەسەر ئەو ماددەیە بدەین، چونکە ماددەیەکی زۆر زۆر هەستیارە، لەم ماددەیە باس لەوە دەکات کە وەزیر دەسەڵاتی هەیە کە ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەتەکەی بسپێرێ بە کەسانێکی سرووشتی، مەعنەوی ئەمە واتە لە کارگوزارێکی ناو وەزارەتەکەیەوە بۆ گەورەترین ئیشی وەزارەت دەتوانێ گرێبەست بکات و بیسپێرێت بە کەسانی سروشتی و مەعنەوی، ئەمە دەسەڵاتێکی رەها و لاستیکییە کە دراوە بە وەزیری شارەوانی، خاڵێکی تر هەر لەناو ئەمەیە دەڵێ (بە رەچاوکردنی یاسا و رێنمایی وە جێبەجیکردنی گرێبەستە حکومییەکان) بەشێکی زۆری ئەو گرێبەستانەی کە وەزارەتی شارەوانی کردوویەنی لەبەر رۆشنایی رێنمایی و فەرمانا کراوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە یاسا نەکراوە، بەشێك لەو رێنماییانە یان فەرمانەکانی ئەنجومەنی وەزیران مەخالەفەی یاسایە، ئەگەر ئەو ماددەیە بەو نوعە تێپەڕێنین کەواتە بەشێکی زۆری ئەو گرێبەستانەی کە پێچەوانەی یاسان دەبێت بە سیاسایی، لێرە مەعالەجەیەك هەیە بۆ ئەوەی بتوانین بیکەین، وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و مەعنەوی واژوو بکات لەناوخۆی هەرێم لە بواری رێگاوبان، پرد، تونێل، تەنیا لەم سێ بوارەیا چونکە چەند جۆرە گرێبەست هەیە، ناکرێت هەموو گرێبەستێك بسپێرین بە وەزیر، دەکرێ دیاری بکەین، رێگاوبان، پرد، تونێل، لەم سێ بوارەدا

وەزیر بۆی هەبێت، بەرەچاوكردنی یاسا، نەك ڕێنمایی، من پێت دەڵێم بەشێكی زۆر ڕێنماییەكانی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی شارەوانی فەرمانەكانیان مەخالەفەی یاسان، پێچەوانەی یاسان، ئەگەر ئێمە بێین ئەمە تەسبیت بكەین لێرە ئەو كاتە بوعدێكی یاسایی دەدەین بەوانەی كە لە پێشووتردا كراوە، پشتیوانی قسەكانی كاك (بالانبو)، هەموو ئەو بەڕێزانە دەكەم ئەگەر ئەمەش تەسبیت نابێت ئەم گۆرانكارییە لەگەڵ ئەوەدام كە ماددەكە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، یەك تەوزیحی بچوك من پێت دەڵێم بۆ ئەوان دەڵێی كاك (دابان) بە من نالێی، كاك (رزگار)، فەرمووو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (٦)، قسەكانم لەلایەن كاك (دابان)ەوە كرا پشتیوانی لێ دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (كاروان)، فەرمووو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) ماددەیەكی زۆر هەستیارە وەكو برادەرانیشم ڕوونیان كردەوە، ئاماژەیان پێكرد كاك (بالانبو)، كاك (دابان)، كاك (یاسین) وێڕای پشتیوانیكردنم، ئەمەش شەرعیەتدانە بە كۆمەڵێك گرێبەستی نامەشروعی كە كراوە لە هەرێمی كوردستان لە ڕاستیشدا نایشارینەوە كە ئەمە بابەتە نییەتەكەیە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، نییەتەك هەیە لە هەرێمی كوردستان خۆشمان دەیبینین ڕۆژانە كە كۆمەڵەك بابەت دەگوزەرێ تەواوی جومگەكانی حوكمڕانی خەریكە غەرقی گەندەڵی دەبن، كە ئەمە وای كردووە لە ڕاستییدا كە ئەم جۆرە ماددانە پڕۆژە یاسایەكدا دەبینی كێشە دروست دەكات، بۆیە ئەگەر بەو شێوەی كاك (دابان)، كاك (بالانبو) پێشنیازیان كرد من تەواو پشتیوانیان دەكەم، معالەجە ناكرێت، پێشنیاز دەكەم تەواوی ئەو ماددەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕیزان لە لیژنە ئەگەر هیچ سەرنج و تێبینیتان نییە بچنە سەر ماددەی (٧)، نە نووسراوە بەس فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە پشتگیری لە قسەكانی بەڕێزان كاك (دابان)، كاك (كاروان)، كاك (بالانبو) دەكەم، یان ماددەكە لابرێت یاخود ئەگەر بمێنێتەوە بەم جۆرەی لێبكرێت (بە رەچاوكردنی یاسی ژمارە (١٣٠)ی ساڵی (١٩٦٣)ی داهاتی شارەوانییەكان) ئێمە كێشەمان بەراستی لەگەڵ ئەو بابەتە هەیە زیاتر ئەوەی پەیوەندی بە خۆڵ و خاشاكەوە هەیە، تابلۆوە هەیە، رسوماتی شوێنەكانی خزمەتگوزاری هەیە، ئاوەوە هەیە، ئەمە كێشەی ئێمەیە، بۆیە پشتگیری لە قسەكانی

ئەوان دەکەم یان ماددەکە لاببرێت یان هەر بمێنێتەوە بە دیاریکراوی بنووسرێ (رەچاوکردنی ئەم یاسایە) کە تا ئێستاش بەرکارە لە هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٧) بەڕێزان کاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزكار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان لێکیان بداتەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لەسەر ماددەی (٧)، ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر ماددەی (٧) گفتوگۆ بکەن بریتین لە بەڕێزان کاك (دیاری)، کاك (د.اسماعیل)، (ئاشنا) خان، کاك (دابان)، کاك (رزگار)، کاك (د.ریبوار)، کاك (شێخ ظاهر)، (د.گلاویژ)، (د.عبدالسلام)، کاك (بالانبو)، (رۆژان) خان، کاك (حاجی هەڵکەوت)، کاك (حاجی هەڵکەوت)، فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی (٧) هاتووە دەڵێ (وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان لێکیان بداتەوە) ئەو هەموو دەسەڵاتانە بە وەزیر دراوە کاتێك وەزیرێك خۆی شتێکی پێ باش بوو بەڵام لە بەرژەوەندی خەڵك نەبوو یان لە بەرژەوەندی وەزارەتەکەی نەبوو بۆیە من پێم باشە بەم شێوەی لێبکرێت (وەزیر بە راوێژکاری بریکاری وەزارەت و راوێژکارەکانی باڵای وەزارەت ئەو بڕیارانە بدات نەك بە تەنها)، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.عبدالسلام)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٧) دەسەڵاتی موتلەق دراوە بە وەزیر بۆیە من پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە ئەو دەسەڵاتە بدریت بە ئەنجومەنی وەزارەت، ئەنجومەنی وەزارەت بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان لێکیان بدات. سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.گلاویژ)، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پاڵپشتیم لەبۆ هەڤاڵانم کاك حاجی (هەڵکەوت)، کاك (عبدالسلام) منیش پێم باشە دەسەڵاتی وەزیر بکرێتە ئەنجومەنی راویژکاری یان ئەنجومەنی وەزارەت بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان لێکیان بدات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێخ (ظاهر)، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) (وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان لێکیان بداتەوە) من پێشنیار دەکەم بەم شێوەی لێبکرێت (وەزیر بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزارەت بۆی هەیە لەکاتی پێویستیدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبەی نوێ لەناو پێکهاتەی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان لێکیان بدات)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوارعبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ستراکچەر و هەیکەلیەتی هەموو وەزارەتەك لەرووی پێکهاتەکانەوە بە گوێرەی یاسا دیاریکراوە تەنانەت لەو پرۆژە یاسایە بەگوێرەی ماددە (٤) باس لە ستراکچەری یان پێکهاتەکانی وەزارەتی شارەوانی دەکات رێك ئەو ماددەیە پێچەوانەی ئەحکامەکانی ماددە (٤) بەلایەك، بەلایەکی ترەوە ئەو دەسەڵاتەی کە دەدرێت بە وەزیر وەزیر تاك رەوانە بڕیار بدات لای خۆیەوە بەشێك ئیزافە بکات یان بەشێك ئیزاحە کات بەراستی پێم وایە دەسەڵاتێکی زۆر و زەوەندە لەگەڵ ئەحکامەکانی یاسا ناگونجی بەتایبەتی ماددە (٤) تکا دەکەم ئەو ماددەیە هەر لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك پشتگیری ئەو وتانەی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم، پشتگیری سەد لە سەدی قسەکەی کاك (د.ریبوار) دەکەم، هەمواری یاسا بۆچی دانراوە ئەگەر هاتوو ئێمە هەموو دەسەڵاتەکانمان هەموو دا بە وەزیر، وەزیر خۆی بتوانێ بەڕێوەبەرایەتی دابمەزرێنێ،

هەڵیبوەشێنێتەوە، لە یەکی بدات، ئەم دەسەڵاتە رەهایە هەر گۆڕانکارییەکی تیا بکەی لەبەر ئەوەی لە پێشەوە دەسەڵاتەکانی وەزیر دیاری کراوە، ئەگەر بشیدەیتە دەست ئەنجومەنەکە، ئەنجومەنەکە لە کۆتایی پێویستیان بە کۆتا بڕیاری وەزیر هەیە، لەبەر ئەوە باشتر وایە بۆ ئەوەی ئێمە یەعنی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان بەو شێوەیە کەم نەکەینەوە کە هەموو دەسەڵاتەکان بدەین بە وەزیرە تایبەتمەندەکان من پێم باشە و پشتگیری سەد لە سەدی (د.ڕێبوار) دەکەم، ئەم ماددەیە بە تەواوی لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها تەوزیحێك، دەسەڵاتەکانی پەرلەمان نا، دەسەڵاتەکانی وەزارەت، بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆل دەقیق بن، کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەند هاوڕێیانم کاك (عبدالسلام)، قسەکانی (د.گلاویژ)، کاك (ریبوار)، شێخ (ظاهر)، کاك (هەڵکەوت)، کاك (بالانبو) روونیان کردەوە تەواو لەگەل ئەوەی تەواو پشتیوانی رایەکانی ئەوانم لەگەڵ ئەوەمە ئەگەر دەستکاری بکرێت وەکو ئەوەی کاك (عبدالسلام) و ئەوان پێشنیازیان کرد ئەنجومەنی وەزارەت باشترێکە، ئەگەر نا لەگەڵ ئەوەم کە بە تەواوی لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (روژان) خان، فەرموو.

**بەڕێز روژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، منیش پشتیوانی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە داوایان کرد ماددەکە لابرێت، لە ئەگەری مانەوەشیا بەم شێوەیەی لێبکرێت (وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بە راوێژی ئەنجومەنی وەزارەت بەش یان هۆبە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان لێکیان بدات) بەڕێوەبەرایەتی لابرێت هەر لێی دەرکرێت، پشتوانی هەموو ئەو هەڤاڵانەش دەکەم هەمان ئەو پێشنیارەیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددە (٧) منیش هەر هەمان رام هەیە، ئەو ماددەیە ئەگەر هەڵگیرێ، ئەگەر هەڵیش نەگیرێ دەسەڵات بدرێتە ئەنجومەنی وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (دابان)، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز کاك (د.ریبوار)، کاك (بالانبو)، کـاك (کـاروان) دەکەم، لە مـاددە (٤)ی ئەم یاسایە تەسبیت بووە کە هەیکەلیەی وەزارەت چۆنە، ناکرێ جارێکی تر دەسـەڵات بـدەینەوە بە وەزیـــر بە ئـــارەزووی خـــۆی نەك بە ئـــارەزووی خـــۆی بتـــوانی کە هـــۆبە و بەش و بەڕێوەبەرایەتییەکـان هەڵبوەشـێتەوە و دەسـتکاری بکـات مـن لەگەڵ ئەوەدام ئەو مـاددەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(ئاشنا) خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) پشتگیری هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە داوایان کردووە مـاددەکە لابرێـت، چـونکە بەراستی بەپێی ئەو ماددەیە بێـت ئیتـر ئەو شـتەی کە جـووڵەیەکی بـاو هەیە لەلای ئـێمە دەڵـێ وەزیر کولفی کولە هەموو شتێك خۆی دەتـوانی بیکـات، لەبەر ئەوە لە حاڵەتێکدا ئەگەر مـایەوە وەکـو ئەو پێشـنیارەی کە کـاك (عبدلسـلام)، (د.گلاوێـژ) پشـتیوانی کـرد، پشـتیوانیان دەکەم، دەسەڵاتەکە بدرێت بە ئەنجومەنی وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن یەك تێبینیـا هەی، بێژیـت وەزیـر بـۆی هەیە لەکـاتی پێویسـتدا بەڕێـوەبەرایەتی یـان بەش) پێویسـت ناکـات هـۆبە، چـونکە ئەگەر وی دەسـەڵاتێت بـۆ بەڕێـوەبەرایەتی و بەش هەبیـتن بە تەئکید هۆبە ژکێمترە ژویێ بمعنی سەڵاحیەتی تێتن بەس هۆبە، یان هۆبە بێتە لادان هەر ئەوەیە تێبینیا من، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، بە تەواوەتی پشتیوانی ئەو برا بەڕێزانە کاك (د.ریبوار)، کاك (بالانبو)، کاك (کاروان)، کـاك (دابـان)، (ئاشـنا) خـان، کـاك (د.اسـماعیل)، لە راسـتیدا ئەم بـڕگەیە و هەر بە جۆرێـك لە جۆرەکان سەیری یاساکە دەکەیت هەست دەکەی رێك بۆ بـاڵای وەزیـر دووراوە، هەسـت دەکەی سەراحەتەکی تەواو، مەسئولی بەڕ و بەحر خۆی بێت، هەر چیەك بیەوێت خـۆی بیکـات، یەعنـی ئەگەر حیکمەتـــی ئەو بـــڕگە و مـــاددانەی پێشـــوو لە چیـــدایە کاتێـــك بەشـــێك، هـــۆبەیەك، بەڕێـوەبەرایەتییەك دروسـت دەکرێـت دواجـار ئەگەر حـاڵەتەکی نەخـوازراو یـان وەزیـر کاتێـك

هەستی کرد کێشەیەك لەم بەڕێوەبەرایەتیانە هەیە، کێشەی بۆ دروست دەکەن لەکاتێك لە کاتەکاندا دەبێت دای بخات، بۆیە من یەکەم لەگەڵ لابردنی ماددەکەدام، دووەم ئەگەر لانەبرا بە هەمان شێوەی ئەو هاوڕێیانە (رۆژان) خان کە باسی کرد لەگەڵ ئەودام کە وەزیر بە راوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی بەڕێوەبردنا، لەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی لەناو پێکهاتەی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵبوەشێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ئەگەر تێبینیەك نییە، ماددەی (٨)، کاك (بژار)، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) حەز دەکەم ئاماژەکی پێبدەم وە بەرچاو روونی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لە هیچ یاسایەکی وەزارەتدا نییە کە ئەو ماددەی تێدا نەبێت، یەعنی ئەمە شتێکی نوێ نییە کە دەسەڵات بدرێتە وەزیر، دڵنیا بن لەو قسەیە، تەماشای هەموو یاسای وەزارەتەکان بکەن ئیللا ئەم ماددەی تێدایە، لێرەش دەبێت بە دیقەت تەماشا بکەین دێت باسی بەڕێوەبەرایەتی دەکات، باسی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناکات تەعاروز دروست بکات لەگەڵ مادده (٤)ی ئەم پرۆژە یاسایە، بۆ بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە بینێتە کایەوە یان هەڵوەشێنێتەوە یان لێکیان بدات، دڵنیا بن هیچ یاسایەك وەزارەت نییە لە کوردستان کە ئەو ماددەی تێدا نەبێت، ئینجا ئەگەر ئەو ماددەیە مەسح بکەین، کەواتە پێویستە یاسای هەموو وەزارەتەکان بێین هەموار بکەین، چونکە ئەم دەسەڵاتە بۆ هەموو وەزیرەکان هەیە، ئاخر جار دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت، یان هەموو وەزارەتەکان دەبیت تەعدیل بکەین یان نابێت تەنها لە وەزارەتێك ئەم وەزیرە بە تەنیا ئەم دەسەڵاتەی نەبێت، بەس بۆ تەوزیح و روونکردنەوەك، کۆتایی هەر بڕیاری ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئاخر ناکرێت بکەینە گفتوگۆ لەسەریا، پێشنیاری خۆتانتان کردووە، بۆچوونی خۆتانتان دەربڕیوە، پشتیوانی کراوە، وەڵام دراونەتەوە، بچنە سەر ماددەی (٨)، بەڕێزان ناکرێت لە پەیڕەودا نییە، ئەگەر پێشنیارێکتان هەیە، پشتگیری کراوە، بەڕێزان رەئی خۆت داوە، وەڵام دراویتەتەوە، دەنگ بەو بڕگەیە مەدە کە ئەو بڕگەیە بمێنێ، تەواو، ماددەی (٨) کاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای دەست خۆشیم رێزم بۆ برای بەڕێز کاك (بژار) باسی لەوە کرد کە لە مادده (٤) باس لە بەرێوەبەرایەتی نەکراوە تەنها باس لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کراوە، حەز دەکەم بۆت تەوزیح کەم روونە بۆ جەنابتان دەڵێ لە فەقەڕە دوو باس لە نووسینگەکانی سەرۆك ...... دواتر دێتە خواری بەڕێوەبەرایەتی دارایی، بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی کۆمەڵێك بەڕێوەبەرایەتی تیایە جگە لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان.......

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکا دەکەم بەڕێزان با زۆر درێـژە نەکێشـێ، ئـاخر نـاکرێ کـاك (بـالانبو)، چـونکە مناقەشـە کـراوە، پێشنیار کراوە، بەپێی پەیڕەو پێشنیارەکانتان پشتیوانی دەبێت دەخرێتە دەنگدان، تەواو، دوای رای لێژنەی هاوبەش هەیە، بەڕێزان لە زۆرینە و کەمینە نیـیە بەڕێـزان ئەم بـابەتە خوێـندنەوەی دووەمە، لە خوێنـــدنەوەی دووەم زۆر روون و ئاشــکرایە، هەر بەڕێزێـــك پێشــنیارێکی هەیە پشتیوانی دوو تا سێ ئەندامی بەڕێـزی پەرلەمـانی هەبـێ جگە لەو دوو نـاوەی ئەخیـر جەنابـت پێشنیارەکانت کردووە دوایی بەپێی پەیـڕەویش راپـۆرتی لێـژنەی تایبەتمەنـد لە کـۆی ئەوانەش دەتوانن رایەکـی هـاوبەش بێـننەوە پێشکەشـی پەرلەمانتـارانی بـکەن، فەرمـوو دەی بەس ئـاخر جارە، کاك (دیاری)، فەرمووو دەی.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتەکە لەوەدایە هەر بەپێی پەیڕەو لەبەر ئەوەی دوایی ئێمە ناتوانین مناقەشـەی ئەمە بکەیـن ئەمە یەکەم، دووەم رۆشتنی ئەم هەموو دەسـەڵاتە یـان ئەم مـاددەیە بەم جـۆرەی ئێسـتا ئەگەر پێشنیازیشمان کردبێت بۆخۆت دەزانی کاری پەرلەمانی بەزۆرینە و کەمینەیە، ئـێمە دەزانـین کە ئەوەی ئێمە دەنگ ناهێنێ، ئەوەی دیکە سەرنجەکەی لەسەر ئەوەی کاك (بـژار) بەڕێزیـان وتیـان، کە لە هەموو یاساکانی وەزارەتەکانا بە هەمـان شـێوە وەزیـر ئەم دەسـەڵاتانەی هەیە، ئـێمە لێـرە تەشریع دەکەین دەبێت ئەم دەسەڵاتە رەهایانە ئەمانەی کە پێمـان وایە دروسـت نـین، کێشـەیان دروست کردووە، ئێمە لێرە چارەسەری بکەین، بـۆیە دەمانەوێـت ئەم خـاڵە نەڕوات، یاسـای هەر وەزارەتێکی دیکە هەموار کرایەوە ئەم دەسەڵاتەی لێ دەسەنینەوە، ئەمە ئەرکی پەرلەمانە، یاسا دانان لای ئێمەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بالانبو) تۆش دە سانیە، فەرمووو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێکی دەستووری و یاسایی هەیە یاسـا هەمـوار دەکرێـت بە سـەرجەم مـاددە و بڕگەکـانییەوە ناکرێت ئێمە ئێستا یاسایەك دەربکەین سبەی پێویستمان بە هەموارکردن هەبێت، بۆیە تکام وایە بەم شێوەیە نەسەلمێنرێت کە یاسا بۆی نییە دەستکاری بکرێت، ئەمە وەکو عورفێکە.................

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان هەر بەڕێزێـك پێشـنیاری هەیە لەسـەر ئەم بابەتـانە دەتـوانن داوای هەمـواری یاسـای ئەنجومەنی وەزیران بکەن، لەوێ تەحدیدی بکەن و تەواو، ماددەی (٨) کاك (رزکار)، فەرمووو.

**بەڕێز رزکار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

ئەرك و دەسەڵاتی پێكهاتەكانی وەزارەت بەپەیڕەوەك رێك دەخرێت كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لەسەر ماددەی (٨) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بكات، كاك (د.اسماعیل)، كاك (دیاری)، كاك (عبدالستار)، كاك (د.ریبوار)، كاك (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) مەبەستم كۆتاییەكەیتی كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت پەیڕەوێك، ئەمن پێم وایە ئەوە ئەوە دەگەیەنێت كە ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوێك دەردەكات لە لایەنی خۆیەوە یەعنی خۆی ئامادەی دەكات و دەریشی دەكات، دەردەچێت، بەس وا پەسەندە بەراستی بڵێین پەسەند دەكات، چونكە ئەو كاتەی وەزارەت بۆی هەیە مسوەدەیەك، رەشنووسێكی پەیڕەو بەرز دەكاتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئەوانیش پەسەندی دەكەن، بەس ئەوە وا دەردەكەوێت كە دەسەڵاتەكە حەسری ئی ئەنجومەنی وەزیران بێت، كە دەزانم لەوانەیە رەئی وەزارەت وەربگرێت، بەڵام وا باشترە بنووسرێ پەسەند دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم كە بەشێك لە پێكهاتەكانی ئەم وەزارەتە بۆ نمونە دەستەی گشتی گەشتوگوزار دەسەڵاتەكانی موسبەقەن دیاریكراوە بەگوێرەی یاسایەكە، پێم وایە ئەو ماددەیە مخالفی ئەو بڕگەیەیە كە دەسەڵاتەكانی بەشێك لە پێكهاتەكانی دیاری كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تیبینیا من مودەكێ بێتەتەحدیدكرن بۆ دەركەفتنا ڤان رێنماییا ڤان ئی دیا ڤی پەیڕەوی، چونكی بێ موددە چ دبیتن حەتا ئەڤ قانوونە، بخۆ ئەڤ یاسایە تەعتیل ببیتن مە نمونەیا هەی، مە ژقانوونەك ژمارە (٩) یا (٢٠١٢) حەتا ڤێ گاڤێ ئەڤە (٢٠١٢)ە ئەڤە ئەمین ل(٢٠٢٢) دا یا تەعتیلە چینكیا گرێدایە پەیڕەوەكێ مەجلیس وزراء دەربێخیت، هەمی وەزارەتێت مە لكوردستانێ فەرمانبەرێت وێ مەحرومن شلەقەبل علمی بەس تەربیە و تەعلیم عالی تنێ وەردگریتن ڤێ قانوونێ، قانوونا ژمارە(٩)، (٢٠١٢) رێك خستییە چارەسەركری بەس یا گرێدای پەیرەوەكی

مەجلیس وزرا دەرکەڤی، حەتا ڤێ کاڤی نەدەرکەڤتیـیە، ژبەر هندێ ئەز دبینم بێتە دیار کرن بێژیتن (پشتی دەرکەڤتنا ڤی یاسایێ ب(٤٥) رۆژا، هەیڤەکیا ئان شەش هەیڤا دا وەکو یاسایا (٢٠١٢) لێنەهێت ژمارە (٩)ی (٢٠١٢) لەقەبی علمی خەلکەکی مەزن ژمەحروم بیت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەرك و دەسەڵات و پێکهاتەکانی وەزارەت بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، یەعنی یەکێك لە کێشە گەورەکان من پێم وایە کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لەرووی یاساییەوە هەموو ئەو یاسایانەی کە دەردەچن پەیڕەو کێشەیەکی گەورەیە بۆی هەموو ئەوانەی ئەوان خۆیان دەیانەوێت بە پەیڕە و بە ڕێنمایی دەری دەکەن، بڕوا بکەن ڕێنماییان دەرکردووە پێچەوانەی یاسایەك کار بە یاساکە ناکەن کار بە ڕێنماییەکە دەکەن، بۆیە یان ئەم پەیڕەوە دەبێت لەژێر چاودێری پەرلەمانی کوردستاندا بێت یان لیژنەی پەیوەندیدار ناکرێت لەوێ ئەوان ئەو پەیڕەوە دابنێن هەندێ جار خیلاف هەیە لەگەڵ یاساکەدا کار بە پەیڕەو بە ڕێنماییەکانی خۆیان دەکەن خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم ئەگەر هەر پەیڕەوەکە دەرکرا ئەم پەیڕەو کەی دەردەکرێت؟ پشتیوانی (د.اسماعیل) دەکەم، بەراستی دەبێت کاتێکی دیاریکراو هەبێت بۆ دەرکردنی ئەم پەیڕەوە کە من پێم وایە لە سێ مانگ زیاتر تێپەڕ نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر تێبینیەك نییە ماددەی (٩) بەڕێزان، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

یەکەم: یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٠) هەڵدەوەشێتەوە.

دووەم: ئەو ڕێنماییانەی کە لەبەر رۆشنایی یاسای هەڵوەشاودا دەرچوون بەردەوام دەبن لە کارپێکردنی بەمەرجێك دژیەك نەبن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە تا ئەو کاتە ڕێنماییەکی تر جێگەیان دەگرێتەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان لەسەر ماددەی (٩) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات، تەنها کاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، ئەو ڕێنماییانەی لەبەر رۆشنایی یاسای هەڵوەشاوە دەرچوون بەردەوام دەبن لەکارپێکردن بەمەرجێك دژ یەك نەبن لەگەڵ حوکمەکانی تا ئەو کاتەی، تا چ کاتێك؟ بەشکەم

چوار ساڵی تر ئەم پیڕەوە هین نەبوو، بۆیە پێویستە کاتەکەی دیاری بکرێت، سێ مانگ یان شەشە مانگ بەپێی کاتەکە، کەواتە دەبێت کاتی دەرکردنی پەیڕەوەکە کاتێکی دیاریکراو بێت، ئەوەی بۆ ئیزافە بکریت، تا سێ مانگ بۆنمونە، نەك هەتا هەتایە، ساڵێك، دوو ساڵ دەرنەکرێت، کەی ویستیان، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٠)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):

وەزیر رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە حوکمە کۆتاییەکانن بەڕێزان، ماددەی (١١)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١):

پێویستە لایەنی پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجی بکەن.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٢)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢):

کار بە دەقێکی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەو ماددەی (١٣)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣):

ئەم یاسایە لە رێککەوتی بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هۆیەکانی دەرچوواندن، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

بەهۆی پێشکەوتن و فراوانبوونی شارو شارۆچکەکانی هەرێم بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی شارەوانی و گەشتوگوزار بتوانن وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی هاووڵاتیان و پێداویستیەکانی هاووڵاتیان بێ لە شار و شارۆچکەکاندا بە مەبەستی جێبەجێکردنی پلانی حکومەت بۆ دانانی پەیکەرێکی کاریگەر و گونجاو بەپێی پێویستی هەنوکەیی بۆ بەرژەوەندی گشتی و بەمەبەستی گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاری ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر کەسێك دەیەوێت لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن، (نجاة)خان، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەکە ئەم سەح کەینێ هۆیەکانی دەرچوواندن هەردوو دێرێ دوماهیکێ بێژیت (بەمەبەستی گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار ئەم یاسایە دەرچوێنرا) هەکە ئەم سەح کەینە ئەسلێ ڤێ یاسایی لسەر ریکخستنا هەیکەلیەتا وەزارەتێیە، یەعنی ئیشارەتی بگەشەپێدانا گەشتوگوزارێ ناکات، راستە ئامانجا دا دیار کری، بەس گەشتوگوزارێ ژی یاسایا خۆ هەبیتن و دشێتن ناڤ خۆێت دەرچوواندنێ ئەڤی مەبەستی دیار کاتن، پێتڤی ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، تەواو دەستتان خۆش لێژنەی شارەوانی و لیژنەی یاسایی، بەڕێزان ئێستا دەست بە گفتوگۆکردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار دەکەین کە بریتییە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە دەکەین بفەرموون بێنە جێگەکەی خۆیان، کاك (بالانبو)، فەرموو ئەگەر نوقتەی نیزامییە.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز دەکەم پاوسێکمان بدەن، لەبەر ئەوەی نان نەخوراوە، ئەندامانیش دەبینن زۆربەی یەعنی هین نییە، پێویستمان بە پشووەکی کەم هەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاساییە، با یەك دوو مادده بڕۆین، هەر بەڕێزێکیش دەیەوێت بڕوات ئاساییە، وەزیرەکان، میوانەکان کێ هاتووە با بێن........................

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکسەر راپۆرتی لێژنەی راستێنراو بخوێنەوە، دەیخەینە دەنگدان، دوای ئەوە دەرفەتت دەدەمێ بە دڵی خۆت قسە بکە، ئاخر ئەگەر ئەندامەکان گوێیان لە راپۆرتەکە نەبێت خۆ تۆ قسەش بکەی هیچ ئیستفادەی نییە، با ئەندامان گوێیان لە راپۆرتەکە بێت، بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت/

راپۆرتی لێژنەی تایبەتمەند کە راستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی، لێژنەی کاروباری یاسایی رۆژی یەك شەمە، رێککەوتی (٢٠٢٢/٦/١٢) کاتژمێر (٨)ی شەو، کۆبوونەوەی

خۆی ئەنجامدا بەمەبەستی پێداچوونەوە و دارشتنی یاسایی و دڵنیابوون لە دژ نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥)، بڕگەکانی (یەکەم، سێیەم)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تایبەت بە دەقی راپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان-عێراق لیژنەی یاسایی ئەم دارشتنەوەی خوارەوەی پێ...... پرۆژە یاسای دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

ماددەی (١):

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستەواژە و زاراوەکانی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم

سێیەم: دەستە: دەستەیەکی دلنیاکەرەوەی زانستی متمانە بەخشینە بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە هەرێم بۆ پاڵپشتی و هاریکاری هەردوو وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی و دامەزراوەکانی پەروەردەیی بە ئامانجی دڵنیابوونەوە لە کوالێتی پەروەردە و خوێندن کە بەپێی ئەم یاسا دامەزراوە.

چوارەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵای دەستە.

پێنجەم: دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا: دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەر بە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێم و هەر دامەزراوەیەکی تری پەروەردەیی.

شەشەم: بڕوانامەی متمانەیی: بەخشینی متمانە بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەرورەدە و خوێندنی باڵا کە لەلایەن دەستەوە دەدرێت، دوای دڵنیابوون لەوەی کە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا هەموو پێداویستی و پێوەرەکانی متمانە بەخشینیان جێبەجێ کردووە.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە دڵنیابوونەوە لە:

یەکەم: پاراستنی کوالێتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەشێوەیەکی یەکسان بۆ سەرجەم قوتابیان لە رێگەی داڕشتن و رۆشنبیری هەڵسەنگاندن و بەرەوپێشچوونی بەردەوام.

بەڕێزان هەر روونکردنەوەیەك لەسەر ئەو ماددەیە هەندێك هەڵەی تەکنیکی هەیە، هەڵەی کۆمپیوتەری هەیە لێرە، ئەوەی کە خوێندمەوە ئەوە راستەکەیە.

دووەم: بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی و زانستی دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا.

سێیەم: بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەمەبەستی پێگەیاندنی نەوەیەکی بەرپرسیار، هۆشیار، بەرهەمدار.

ماددەی (٣):
یەکەم: دەستەیەك بەناوی دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان-عێراق دادەمەزرێت و خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیی و دارایی و کارگێری دەبێت.
دووەم: دەستە سەرۆکێکی دەبێت کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵا دیاری دەکرێت و بەرپرس دەبێت لە ئاراستەکردنی کارەکان و گشت ئەو بابەتانەی پەیوەندیان هەیە بە ئەرکەکانی دەستە و سەرجەم کاروبارەکانی.
سێیەم: دەستە لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت و لەلایەن سەرۆکی دەستەوە سەرپەرشتی دەکرێن:
١-بۆردی متمانە بەخشینی پەروەردەیی.
٢- بۆردی متمانە بەخشینی خوێندنی باڵا.
٣- فەرمانگەی یاسایی و کارگێری و دارایی.
چوارەم: پێکهاتەکانی بۆردی متمانە بەخشینی پەروەردەیی و بۆردی متمانە بەخشینی خوێندنی باڵا و فەرمانگەکانی دەست و لقەکانی و ئەرك و دەسەڵاتەکانی بە پەیڕەوێکی ناوخۆ دیاری دەکرێن کە دەستە پێشنیازی دەکات و ئەنجومەنی باڵا پەسەندی دەکات.
پێنجەم: دەستە لەکانی پێویستدا دەتوانێت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە بهێنێتە کایە وە یان لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە.
ماددەی (٤):
ئەرکەکانی دەستە بریتین لە:
١-دانانی پێوەری گونجاو بۆ چەسپاندنی بنەماکانی متمانە بەخشین بە جۆرێك کە هاوتەریب بێت لەگەڵ پێوەرە کارپێکراوە نێودەوڵەتییەکان کە دەستەبەری نایابی ئەکادیمی و پەروەردەیی و ئەنجامەکانی کۆی پرۆسەی خوێندن و فێربوون دەکات.
٢-دڵنیابوون لەوەی کە دامەزراوەکانی پەروەردەیی و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەیڕەوی پێوەر و ستانداردە نیودەوڵەتییەکانی متمانە بەخشین لە پرۆگرامەکانی خوێندن دەکەن لە ڕێگەی ڕێکخستنی میکانیزمەکانی پرۆسەی متمانە بەخشین و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێداچوونەوەی هاوشێوە و چاودێری کردنیان.
٣- پشتیوانیکردنی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ دانانی سیاسەتی گشتی و پلان و پەرەپێدان و توانا مرۆییەکانی تایبەت بە پرۆسەی بەدەست هێنانی بڕوانامەی متمانەیی بۆ دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و پرۆگرامەکانی خوێندن و فەراهەمکردن و بەدەستهێنانی بوودجە و پشتیوانی دارایی بۆ ئەو دامەزراوانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی ئەم بڕوانامەیە بەپێی پێوەرە کارپێکراوەکان.
**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٥):

یەکەم: ئەنجومەنی باڵا سەرپەرشتی دەستە دەكات و پێوەر و سیاسەتی گونجاو بۆ متمانە بەخشین و رێسا و رێكسازییەكان بۆ جێبەجێكردنیان پەسەند دەكات.
دووەم: پێكهاتە و ئەرك و دەسەڵاتەكانی ئەم ئەنجومەنە بە پەیڕەوێك رێك دەخرێت كە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەكات.
ماددەی(٦):
یەکەم: دەستە بوودجەیەكی تایبەتی دەبێت لەناو بوودجەی گشتی هەرێم.
دووەم: دەستە بۆی هەیە ببێتە خاوەنی مایەی گوێزراوە و نەگوێزراوە و هەڵسان بە گشت ئەو رەفتارە یاساییانەی پەیوەستن بۆ هێنانەدی ئامانجەكانی لەنێوانیشیاندا ئەنجامدانی ئەو گرێبەستانەی كە تایبەتن بۆ بەدیهێنانی ئەركەكانی دەستە و قەبوڵكردنی یارمەتی و بەخشین و دیاری.
ماددەی (٧):
دامەزراوەكانی پێكهاتووە بەپێی ئەم یاسایە جێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەكان ناگرێتەوە و لەو ئەرك و دەسەڵاتانەی بۆیان دەستنیشان كراوە لە یاسای تایبەتی ئەو وەزارەتانە.
ماددەی (٨):
كار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەمانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێت.
ماددەی (٩):
ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەكەن.
ماددەی (١٠):
ئەم یاسایە لە رێككەوتی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وقایعی كوردستاندا جێبەجێ دەكرێت.
هۆیەكانی دەرچوواندن:
لەپێناو بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی و ئەكادیمی دامەزراوەكان و پرۆگرامەكانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و دەستەبەركردنی كوالێتی خوێندن لە هەرێم بە ئامانجی پێگەیاندنی نەوەیەكی بەرپرسیار و هۆشیار و بەرهەمدار ئەم یاسایە دەرچوێندرا.
**بەڕێز د.رێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڵێ بەڕێزان، (ئاشنا) خان، فەرموو.
**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم، راستیەكەی من سەرەتا وەكو نوقتەی نیزامی كەمێك ئاماژەم بە چەند تێبینیەك دا، بەڵام ئێستا بە گرینگی دەزانم زیاتر لەسەر ئەو تێبینیانە بوەستم بەو پێیەی كە وەزیرە بەڕیزەكانیشی لێیە روونكردنەوەی زیاترمان بدەنێ لەسەری، چونكە بەراستی ئەم یاسایە ئەم پرۆژە یاسایە غموزەت و ناروونییەكی زۆری تێایە پێویستی بە روونكردنەوەی زیاد لە حەد هەیە، وەكو چەند تێبینیەكی گشتی ئەم پرۆژە یاسا وەكو لە سەرەتادا وتم پێچەوانەی كارنامەی كابینەی (٩)ی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، ئەوەندەی من بەدواداچونیشم كردبێت ئێستا حكومەت كار لەسەر پرۆژەیەك دەكەن بۆ ئەوەی كە وەزارەتەكان

کەم بکرێتەوە، دەستەکان کەم بکرێتەوە، بەڵام ئەمە بە پێچەوانەوە دەستەیەك زیاد دەکات، کە پێیان وایە ئەمە دەبێت بە بارگرانییەك بەسەر شان و ملی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە ئەمە یەکەم، دووەم مەسەلەی دابینکردنی بوودجە بابڵێن بۆ ئەم دەستەیە کە دروست دەکرێت لای ئێمەوە جێگای سەرسوڕمانە لە کاتێکدا ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان چەندین جار پرۆژە پێشکەش دەکەین باسی داوای فەرمانبەرانی گرێبەست، مامۆستایانی وانەبێژ، کۆمەڵێك چین و توێژی تر کە مافیان خوراوە داوای دەکەین دەڵێین پلەیان بەرز بکرێتەوە یاخود ئەو مافەیان بۆ بگەڕێتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت من لە ئێستایا ناتوانم هیچ پرۆژەیەك کە بارگرانی دارایم لەسەر دروست دەکات جێبەجێی بکەم، ئێستا ئەم پرۆژەیە کە هاتۆتە پەرلەمانی کوردستان لە حکومەتەوە بوودجەی دیاریکراوی بۆ تەرخان کراوە، سێیەم ئێمە پێمان وایە ئەم پڕۆژەیە تۆخکردنەوەی مەرکەزیەتە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دژی یاسای خوێندنی باڵایە کە بە مرونەت و نەرمییەکی زۆری داوە بە زانکۆکان کە خۆیان بتوانن پرۆگرامی خۆیان دابڕێژن ئەمە راستەوخۆ تەداخولکردنی زانکۆکانە بەلای ئێمەوە کەم کردنەوەی زۆرکردنی مەرکەزیەتە، چوارەم ئەم دەستەیە دەسەڵاتەکانی زۆر زۆر فراوانە، یەعنی بەڕێزان ئێمە واقعێکی تاڵ هەیە پێمان خۆش بێت و پێمان ناخۆش بێت هەرێمی کوردستان سیمای دوو ئیدارەی نەك پێوە دیارە دوو ئیدارەیە، بەداخەوە ئەوە دەڵێم لە زانکۆکانی سلێمانی زانکۆی دایك، هەروەها زانکۆکانی تری سلێمانی بە دوو کۆرسی خوێندن یەك کۆرس خوێندن نەخوێنراوە، بای کۆرسێك دەرس نەخوێنراوە باوەر بکەن مامۆستایەکی زانکۆ پێی وتم وتی لە (٢٧) ..................................

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەخر رەبتی تیا نییە دەرس خوێنراوە پەیوەندی بەم موئەسەسەیەوە نییە.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا پێت دەڵێم چۆن رەبتی هەیە

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

دەی خێرا.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وتی نەم توانیوە (١٣) کۆرس بە مەزبوتی بڵێمەوە لەبەر ئەو وەزعە بایکۆت و دەرماڵە و بە هەر حاڵ ئەم دەستەیە ئایە سبەینێ تەداخول ناکاتە سەر .............................

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەو راپۆرتە بکرێتە بنەما بۆ مناقەشە؟ مادە مادە قسە، بکە لەسەر ناوەرۆکەکەی قسە بکە، (ئاشنا) گیان لێرە ئێستا ئالیەتێك لەبەردەست مندایە ئالیەتەکە بە پەیڕەوی ناوخۆ تەحدید کراوە، چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ؟ (٥٢) ئەندامی پەرلەمانی لەگەڵە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەرەتا دەمەوێت بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بکەم،

دەمەوێت پەرلەمان بزانێت پەرلەمان بزانی وەزیری خوێندنی باڵا بۆ ئامادە نەبووە؟ دەرفەتتان دەدەین لەکاتی خۆتاندا قسە بکەن، شتی وا نییە لەناو ئەم پەیڕەوە شتی وای تیا نییە، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرموون پێمان بڵێن بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا بۆ ئامادە نەبوو؟

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا ئیلتیزامێکی هەبوو لە پارێزگای سلێمانی بۆیە لەو جەلسەیە نەیتوانی ئامادە بێت، وەکالەتی داوە بە بەندە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کەواتە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا وەکالەتی داوە بە بەڕێزتان قسە بکەن بەناویانەوە؟

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێمە دەست پێ دەکەین، ناونیشان بخوێننەوە، فەرموو، لە ناونیشان هەر کەسێك پێی وایە ئەمە زیادە دەتوانێ لەوێ بیلێ، ئالیەتیکمان نییە بۆ پێش ئەوە رێزی (ئاشنا) خانمان گرت کە زۆر داوای کرد، زۆر ئیلحاحی کرد ئێمە مادەم ئەندامانی پەرلەمان بڕیاریان داوە بە دەنگدان بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ ئەو راپۆرتە ئێمە دەست بە گفتوگۆ دەکەین، گوێتان لێ دەگرین بەسەرچاو، ئێستا یەکسەر دەرفەتتان دەدەین دوای خوێندنەوەی ناونیشان، فەرموون.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونیشانی پرۆژەکە:

پرۆژە یاسای دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت قسە بکات با بفەرموێ دەست هەڵبڕێ بۆ ئەوەی قسە بکات، کاك (کاوە)، کاك (سیپان)، کاك (دیاری)، (بدریە) خان، مامۆستا (عمر)، مامۆستا (ابوبکر)، (رویاك) خان، (مژدە) خان، کاك (مم)، (سەرچنار) خان، (هلز) خان، مامۆستا (عبدالستار)، (ئاشنا) خان، کاك (جمال)، کاك (زکری)، کاك (بەڵێن)، کاك (جەلال محمد)، کاك (مەلا ناصر)، کاك (دابان)، (شایان) خان، کاك (کاروان)، (شنۆ) خان، (گولستان) خان، کاك (گۆران)، کاك (علی)، کاك (علی) نیزامی بێت، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا لە پەیڕەوا نەهاتووە، خولی پێشوو عورفێکمان هەبوو جەنابت بیرتە قانوونی قەرز، ئەگەر وترا ئەم قانوونە پێویستە دوو کەس قسەی لەسەر دەکەن، یەکی موئەیدی قانوون، یەکێك دژی

قانوونەکە بۆ ئەوەی دەنگ لەسەر قانوونەکە بدرێت یا دەنگی لەسەر نەدرێت، خولی پێشووش لە پەیڕەودا نەبوو، ئەمە پەیڕەو کراوە، لە پێناوی سوودی گشتی داواکارم ئەمە بکەی، یەعنی یەکێك بەنوێنەرایەتی ئەوانەی لەگەڵ قانوونەکەن یەکێك بە نوێنەرایەتی، دوایی بە دەنگدان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە گوێمان لە (ئاشنا) خان گرت کە لەگەڵ قانوونەکە نییە، دواتر ڕاپۆرتەکەمان خستە دەنگدان کە ژمارەی ئەوانەی ڕازی بوون ڕاپۆرتەکە بخرێتە دەنگدان زیاتر بوو، ئیتر هەموو ئەوانی تر نارازی بن، یەعنی ژمارەی ئەوانەی ڕازین ڕاپۆتەکە بکرێتە بنەمای موناقەشە (٥٢) ئەندام ڕازی بووە لەو ژمارەی کە ئێستا لیرەیە کە زۆرینەیە، یەعنی چ پێویست دەکات کەسێك قسە بکات لەسەر تەئید، (٥٢) کەس دەڵێ با موناقەشە بکەین، ئێمە دەبێت مناقەشە بکەین، ئەوەم جێبەجێ کردووە، (ئاشنا) خان بێ مۆڵەت قسە مەکە، بەڕێزان ئەصڵەن دەرفەتدان بە (ئاشنا) خان بۆ ئەوەی قسە بکات ئیحترام بووە لەو بابەتە، ئیحترام بووە لەو حورفەی گیراوە، لەناو پەیڕەودا نییە، دوا بەدوای ئەوە یەکسەر کە ئەو ڕاپۆرتەی لیژنە حازری کردووە دەیخەیتە دەنگدان بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای گفتوگۆ (٥٢) دەنگ دەهێنێ واتە ئەوانەی کە لەگەڵ ئەوەن لەم دانیشتنە لەم بابەتە گفتوگۆ بکرێت زۆرینەی ئامادەبوانی هۆڵی کۆبونەوەن، هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کە ڕەئەکی جیاوازیان هەیە لەو دوو دەقەی کە خۆیان هەیانە دەیانەوێت بڵێن ئەو قانوونە پێویست نییە، دەتوانن بڵێن ئەو قانوونە پێویست نییە وە مەرجیش نییە ئەوانەی کە پێیان وایە ئەم قانوونە پێویست نییە هەر لە موعارەزەن بن، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە موعارەزە و بە دەسەڵاتەوە نییە، پەیوەندی بە ئەندامی پەرلەمانەوە هەیە، بۆیە بەڕێزان دەست بە گفتوگۆکەمان دەکەین بۆ ئەم مەبەستە، لە (٧٢) ئەندامی پەرلەمان (٥٢) ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ ئەوە بووە کە مناقەشە بکرێت، کاك (کاوە)، فەرموون.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من ئەم یاسایە، ئەم ڕەشنووسە پێویست نییە بکرێتە یاسا لەبەر ئەوەی هیچ فەراغێکی یاسایمان نییە، ئەمە پێچەوانەی بەرنامەی کاری حکومەتە کە پێشتر ڕاگەێنراوە، بە پێچەوانەوە یاسای چاکسازییە کە بارگرانییە دروست دەکات، ئێمە لەجیاتی ئەوەی کۆمەڵێك موئەسەساتی ناپێویست کە زەروور نییە کەمی بکەینەوە زیادی دەکەین، بەڕای من ئەم دەستەیە کۆنترۆڵکردنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردەیە، کەم کردنەوەی ڕۆڵی وەزیری خوێندنی باڵا، وەزیرە پەروەردەیە، بە هیچ شێوەیەك پێویست نییە و بە هیچ شێوەیەك زەروور نییە، پێم وایە ئەوەی کە ئێمە لە لیژنەی یاسایش پێشتر مناقەشەمان کردییە لەگەڵ ڕاوێژکارانیش هەر بەشێکی نایاساییە، بەشێکی ئەو ڕەشنووسە کە هاتۆتە بەردەستمان، بۆیە داوا دەکەین بەراستی ئەوە ڕەفز بکرێتەوە نەك گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بخرێتە بەرنامەی کار و بکرێتە یاسا، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکی لێژنەی یاسایی تەوزیحێکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم پڕۆژە یاسایە دووبارە تەئکیدێکی تر دەکەینەوە، ئێمە مەحکومین بەو پەیڕەوە ئەوەی مەسەلەی بۆشایی یاسایی هەیە و نییە ئەوە باسی پڕۆژە یاسا ناکات کە لە ئەنجومەنی وەزیران یان لە سەرۆکایەتی هەرێم دێت، ئەگەر بە دیقەت ئەو ماددانە بخوێنین جارێکی تر ئاماژەی پێدەدەم فەصلی هەشتەم تایبەتە بە یاسادانان ئەو فلتەرانە ئایا بۆشایی یاسای هەیە و نییە، بارگرانی دارایی هەیە و نییە، ئەوە بۆ پێشنیازی یاسا و پێشنیازە بڕیارە، تکایە لەڕووی قانوونیەوە پڕۆژە یاسا مەشمول نابێت بەو مەجالە، ئەوەی تر بە نسبەت لیژنەی یاسای کۆبوونەوەی خۆمان ئەنجامدا تەبیعی یەك دوو ڕەئی هەبوو بەس ئەوە نەبووە بووە مەوزوع و دوو ڕەئی لەناو لێژنە و یەعنی نەگەیشتە ئەو حەدەش بە زۆرینە و بە کەمینە، بەس بۆ ئەوەی مەبەستم جوابی مامۆستا (کاوە) نییە چونکە خۆی ئەندامە لە لێژنەدا، ڕەئی خۆی هەبوو، بەس نەبووە مەوزوع کە ئەمە ڕەت بکرێت، ئەصڵەن بەپێی قەناعەتی ئێمە و خوێندنەوەی ئێمە بۆ ئەم پەیڕەوە نە لێژنەی یاسایی نە پەرلەمانیش یەعنی کە لە پەیڕەودا هاتبێت تکایە نە لیژنەی یاسایی، نە پەرلەمانیش بۆی نییە دوای ڕاپۆرت نووسین لە لیژنەی تایبەتمەند پرۆژەی حکومەت ڕەت بکرێتەوە، لەڕووی پەیڕەوییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕوونکردنەوە بەسە ئەوەندە، با یەکسەر مناقەشە بکەین، کاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەبارەت بەم پڕۆژە یاسایە ئەگەر سەیری پڕۆژە یاساکە بکەی، پڕۆژە یاساکە هەر ناونیشانەکەی پڕۆژە یاسای دەستەی متمانە بەخشینە بە دامەزراوەکان، یەعنی پرسیارەکە ئەوەیە دوای سی و ئەوەندە ساڵ ئێمە متمانەمان بە دامەزراوەکانی خۆمان و بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و بە وەزارەتی پەروەردە نەبووە ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵێکی دیکە ئێمە تێناگەین کە بارگرانی دارایی هەیە و کە لەم کاتەدا بوودجە و دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەندە خراپە بۆ فەرمانبەری گرێبەست، بۆ ئەوانەی دیکە، بۆ ئێستا بۆ ئەمە بوودجەی تایبەتیان بۆ دادەنێن، خاڵێکی دیکە لەناو ئەم پڕۆژە یاسایەدا بڕگەی چوارەم لە ماددەی یەکەمدا دەڵێ (ئەنجومەنی باڵای دەستە)، سێیەم هەر لە ماددەی یەکەم دەڵێ (دەستەیەکی دڵنیاکەرەوەی زانستی) پرسیارەکەم ئەوەیە لە ماددەی سێیەم، دووەم دەڵێ (دەستە سەرۆکێکی هەبێت کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵاوە دیاری دەکرێت)، ئەنجومەنی باڵا یەعنی هیچ دیاری نەکراوە، خاڵێکی دیکە هەر لەم پڕۆژە یاسایە با پێتان بڵێم پێکهاتە و ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەم ئەنجومەنە بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات وەکو هەموو پەیڕەوەکانی دیکە، ئەوەی کە زۆر زۆر مایەی سەرنجە ئەوەیە هۆیەکانی دەرچوواندن دەڵێ (بە ئامانجی پێگەیاندنی نەوەیەکی بەرپرسیار و هۆشیار و بەرهەمدا ئەم

یاسایە دەرچوێنرا) ئایا ئێمە نەوەیەکی نابەرپرسیار و ناهۆشیار و نابەرهەمدارمان هەیە؟ لەسەر کۆی پرۆژە یاساکە قسە دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ناونیشان قسە بکە، ئاخر نابێ لەسەر ناونیشانین ئێمە.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆ وتت دوو خولەکتان دەدەمێ بۆ ئەوەی لەسەر کۆی پرۆژە یاساکە بۆ ئێمە ئەمەمان پێ ڕەفزە، لەبەر ئەوەی ئێمە دوو وەزارەتمان هەیە وەزارەتی پەروەرد، وەزارەتی خوێندنی باڵا ، یەعنی ئەصڵەن لەسەرەتا هەر پرۆژە یاساکە لە ناونیشانەوە بوو، بۆیە من چوومە سەر هۆیەکانی دەرچوواندن بە بەڕێزتان دەڵێم سەرتاپای ئەمە هەمووی کێشەی گەورەیە، یەعنی تۆ پرۆژە یاسایەك دەردەکەی بۆ چی؟ متمانەت بە دامەزراوە و وەزارەتەکانی خۆت نییە کە (٣٠) ساڵە هەیە یەکەم، دووەم نەوەی ناهۆشیار و نابەرپرسیار و نابەرهەمدارت هەیە! ئەی ئەو دەستە و ئەنجومەنی باڵایانە کە دروست دەکرێن کێن؟ لە کوێیایە؟ ئەوان داویی بەدڵی خۆیان یەعنی دروستی دەکەن، ئەمانە هەمووی کێشەن بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەمە هیچ گرینگییەکی نییە، پێویست نییە، هیچ فیراغێکی یاسایی نییە، ئەم دۆخە و ئەم کاتە پێویست بەمە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

گولستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەم پرۆژە یاسایە بێت دەستەیەکی تایبەت دادەمەزرێت کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام لە ناو یاساکەدا دیاری نەکردووە پێوەرەکان کامانەن بۆ متمانە بەخشین بە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئایا ئەم دەستەیە دەسەڵاتی ڕەهایان دەبێت لە دانانی پێوەر بۆ متمانە بەخشین بە دامەزراوەکانی پرۆگرامی خوێندن؟ دووەم مەبەست چییە لە متمانە بەخشین بە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا؟ ئایا ئەم دامەزراوانە بەپێی یاسای وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و کۆی یاساکە کارپێکراوەکان دانەمەزراون؟ پێویستە پێناسە و تەعریفی ئەم متمانە بەخشینە بکرێت، دەبێت دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی خوێندن پۆلین کرابن، سێیەم تێبینیمان بەپێی پرۆژە یاساکە بێت دەستەکە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، لەراستیدا ئەگەر دەیانەوێت ئەم دەستەیە دەستەیەکی سەربەخۆی کاریگەر بێ پێویست دەکات سەر بە پەرلەمانی کوردستان بێت، چونکە ئەگەر پەیوەست بکرێت بە ئەنجومەنی وەزیران گریمانەی لایەنداری و کەوتنە ژێر کاریگەری حکومەت و بەرنامەی کاری حکومەت دەبێت، چوارەم پێویست بوو زۆر بە دیاریکراوی و ئاشکرایی بە وردی بێ راڤەکردن ئەرکی ئەم دەستەیە دیاری بکرێت و بەتایبەت لە خاڵی سێیەمی ماددەی دووەمی پرۆژە یاساکەدا، پێنجەم پرۆژە یاساکە زۆر بە سادەیی و کەم وکورییەوە باسی دامەزراندنی ئەم یاسایە دەکات کە دەڵێ (ئەنجومەنێك سەرپەرشتی دەکات) لێرە پێویست بوو زیاتر شلۆڤەی

ئەنجومەنەکە بکات کە کێ دەبێتە ئەندام، مەرجەکانی چین، پلەی وەزیفیان چییە، سەرۆك یاخود سکرتێریان دەبێت، بەشەکانی ئەم دەستەیە لە چی پێك دێت، بۆیە یەکجار گرینگە کە پرۆژەکە لەم پڕۆژەکە ئاماژەی پێبکرێت، کۆنکرێتی ئەم بابەتەی تیا بێت، ....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (گولستان) خان، بەڕێزان ئێستا ئەوەی من بۆم دەرکەوت ئێمە دەچینەوە بۆ ئەوەی چەند کەس دژی ئەم پڕۆژەیە و، چەند کەس لەگەڵ ئەو پڕۆژەیە، کەس ناونیشان مناقەشە ناکات، بەڕێزان ئێستا ئێمە بۆمان دەرکەوت هەندێك لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەم پڕۆژەیە بەزیاد دەزانن بۆ ئەوەی قسەی دووبارە نەکرێت چونکە قسەکان دووبارەن، ئەو قسانەی (گولستان)خان، کاك (دیاری) هەر وەکو قسەکانی (ئاشنا) خانە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆش مادده (٥٤) ئەندام قسەی ئەندامێکی تر دووبارە ناکاتەوە، دەرفەت دەدەین بە بەڕێزان وەزیری تایبەتمەند و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو بابەتەمان بۆ حەسم بکەن، ڕوونکردنەوەمان بۆ بدەن دوای ئەوە ئەو ڕەئیانەی ئەوترێت لەو بارەیەوە ئیتر ناتوانین وەری گرین، فەرموون، بەڕێزان ئالیاتی دیموکراسی و نیزامی هەیە، ئێستا ئێمە لەم جەلسەیە بۆمان دەرکەوت هەندێك لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پێیان وایە...........کاکە خۆ ناکرێت قسە دووبارە کەیتەوە! باشە چەند کەس لەگەڵ ئەو ڕەئیەی (ئاشنا) خانە بۆ ئەوەی قسەکان دووبارە نەبێتەوە؟ بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئێمە لەبەینی دوو ڕەئیاین با حەسمی بکەین، وەڵا ئێوە کەی حەزتان لە پەیڕەو بێت دەڵێن بە پەیڕەو، کەی پەیڕەو لە مەصڵەحەتتان بێت، کەی لە مەصلەحەتتان نەبێت دەچن بۆ بابەتێکی تر، کاك (دیاری) تۆ قسەی خۆتت کردووە، ئێمە لەبەر دەمی گریمانەیەکین، گریمانەی ئەوەی کە بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان پێیان وایە ئەم دەستەیەی کەبەپێی ئەم پرۆژە یاسای خراوەتە بەردەمی پەرلەمان بۆ دروستکردن زیادەیە و پێویست نییە، ئەم پرۆژە پڕۆژەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، با ڕوونکردنەوەمان بداتێ باوەڕمان بۆ دروست بکات، بەڕێزان ئێستا گوێمان لە سێ ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان گرت کە پێیان وایە ئەم بابەتە زیادە، ئێستا گوێ لەلایەنی پێشکەشکاری پڕۆژەکە دەگرین بۆمان ڕوون بکاتەوە ئەم بابەتە زیادە یان زیاد نییە، فەرموون.

**بەڕێز ئالان حمە سعید/ وەزیری پەروەردە**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، نیوەڕۆی هەمووو لایەکتان باش، زۆر زۆر سوپاس، سەرەتا دەمەوێت سوپاسی پەرلەمانی کوردستان بکەم کە یەکێك لە خاڵە گرینگەکان کە ڕۆژی (٢٠١٩/٧/١٠) ئەم پەرلەمانە بەڕێزە متمانەی دا بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەوەری خزمەتگوزارییەکان لە خاڵی سێیەم، خاڵی سێزدەیەم بریتی بوو لە دوو تەوەری گرینگ کە ئەویش پرۆسەی خوێندن و پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری بوو لەسەر وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا کە ئەم بابەتەی کە ئێستا ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین لەناو پەرلەمانی کوردستانە بەڕێزا بریتییە لە جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەوەری خزمەتگوزارییەکان.

خاڵی سێیەم، کە تایبەتە بە وەزارەتی پەروەردە کە بە دەق ئاماژەی پێدەدات بەوەی کە لە خاڵی سێیەم ئاماژە بەوە دەدا بۆ رێکخستنەوە و بەرەوپێشبردنی کەرتی پەروەردە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە چەند هەنگاوێك وەربگرێت، لە خاڵی سێزدەش ئاماژە بەوە دەدا کە کارکردن بۆ گرینگیدان بە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە رێگەی بەرزکردنەوەی لایەنی جۆری زانکۆکان، واتە ناحیەی نەوعی، زەمانی جەودا لەرێگای کوالێتییەوە، کەوا بێت ئەم پرۆسەیە کە ئێستا ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەیت ئەم پرۆژەیە متابقی کارنامەی کابینەی نۆیەم حکومەتی هەرێمی کوردستانە وە وەفایەکیشە بەو ئیلتیزامەی کە ئێمە وەکو حکومەت خستومانەتە سەر شانی خۆمان، ئەم بابەتە بابەتەکی تارادەیەك تازەیە بۆ هەرێمی کوردستان.

لەبەر ئەوە ئەم گفتوگۆیانە گفتوگۆی ئاساییین، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئێمە دیدەکە، نیەتەکە، ئامانجەکە، شی بکەینەو، ئامانجەکە وەکو خۆی شیبکەینەوە، ئەگەر لە ئەسبابە موجیبەی یاساکە سەیری بکەین نەك تەنها فەقەرەیەکی لێ بخوێنینەوە سەیری بکەی لە ئەسبابی موجیبەی یاساکە دەڵێ (لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی) واتە ئێمە ئاستێکی زانستیمان هەیە، بەڵام ئامانجی ئەم یاسایە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییە، بۆ ئەوەیە کە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی خوێندنی باڵا، پەروەردە بەروە پێش ببات، کە تۆ ئاستی زانستیت بەرەو پێش برد، دامەزراوە و پرۆگرامەکانت بەروە پێش برد لە کەرتی پەروەردە، لە کەرتی خوێندنی باڵا هەدەفەکەت چییە؟ هەدەفەکەی هەموومان ئەوەیە ئێمە لەو یاسایەدا باسی کەسێکی نابەرپرسیار و نەوەیەکی ناهۆشیارمان نەکردووە، ئێمە باسی ئەوەمان کردووە ئامانجی ئەم یاسایە دروستکردنی کەسێکی هۆشیارە، دەبێت ئامانجی هەمووما ئەوە بێت، ئامانجی ئەندام پەرلەمان، ئامانجی وەزیر، فەرمانڕەوا، حوکمڕانەکان هەمووی ئەوە بێت، بۆ ئەوە خەبات بکەن کە نەوەیەك دروست بکەن، نەوەیەك بێت بەرپرسیار بێت، بەرپرسیار بێت بەرامبەر بە هەموو بابەتەکان، نەوەیەك بێت هۆشیار بێت، نەوەیەکیش بیت بەرهەمدار بێت، کەوابێ دوو تەوەری سەرەکی بوو کە لە ئەسبابی موجیبی یاساکەوە دەستم پێکرد، بەڕێزان ئەم بابەتە کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین خاڵێکی زۆر زۆر گرینگی تێدایە، من دەمەوێت بە زمانێکی سادە هەندێك شت شەرح بکەم، ئێمە متمانەمان بە دامەزراوەکانی خۆمان هەیە؟ بەڵێ، ئەم متمانەیە جیاوازە لەگەڵ متمانەی کە لێرەیا هاتووە، متمانە پەرلەمانی کوردستان داویەتی، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٢)ی سێ جار هەموارکراو، ئاخیر هەموارکراو (٢٠٠٧)ە هی وەزارەتی پەروەردە ئەم پەرلەمانە متمانەی پێداوە لە ساڵی (١٩٩٢) کەوابێ ئێمە متمانەمان هەیە، دامەزراوەکانی ئێمە متمانەیان هەیە، بەڵام ئەم متمانەیە متمانەیەکی دیکەیە بەڕێزان ئەم متمانەیە متمانەی زانستییە، متمانەی زانستی لە دونیا (process)ە پێ دەوترێت (accreditation) بە ئینگلیزی، بە عەرەبی پێی دەوترێت (اعتماد)، ئەم بابەتە جیاوازە لەوەی کە ئێمە متمانەمان بە دامەزراوەکانی خۆمان نییە و تازە دێین متمانە دەدەین، متمانەیان دەدەینێ بۆ ئەوەی کە پێوەر دابنرێت، ئاستی زانستی و کوالێتەکانیان، ستانداردەکانیان بەرینە نزیکی هاوشانی پرۆسەکانی پەروەردە و فێرکاری لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا، رەنگبێ هەمووما گلەییمان هەبێت لە سیستەمی پەروەردە و فێرکاری، هەندێ جار تەقیمەکانمان تەقیمێکی

ئینتیقای بێت بەسەرییەوە بێ بنەما هیچ راپۆرتێکی زانستی نەبێت، یەکێك پێی وابێت سیستەمی پەوەردە زۆر باشە پەرەردە و فێرکاری.
یەکێك پێی وابێت سیتەمی پەورەردە و فێرکاری زۆر خراپە لە دۆخێکی خراپدایە، بە بۆچوونی من هەردوو پرۆسەکە لەوە دەچێت دروست نەبێت، رێگە دروستەکە ئەوەیە تۆ کەی پێوەرت هەبوو، ئاستی جێبەجیکردنی پێوەرکانت چی بوو ئەو کاتە هەڵسەگاندن بۆخۆت دەکەی بۆخۆت دەزانی لە ئاستی کوێدای، لەبەر ئەوەی ئێمە لە کوردستاندا لە هەندێك شوێن ئەم پێوەرانەمان هەیە، تارادەیەك پێویستی بە باشترکردن هەیە، لەهەندێك شوێنیش نیمانە.
بەڕێزان، پرۆسەی پێوەری ئەوەی کە پێی دەوترێت پرۆسەیەك بۆ دڵنیایی جۆری بۆ زەمانی جەودە لەناو وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەم پڕۆسەیە وەکو پرۆسەیەکی گشتگیر لە تەواوی دامەزراوەکانی پەروەرد و فێرکاری وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پڕۆسەیەکی کامل نەبووە، هیچ سەنەدێکی قانوونیشی نەبووە، من وەزیرم دێم ستانداردێکم داناوە پرۆسەیەك، دەستەیەك و یەکێکی دیکە جیهازێکی دروست کردووە تەبەنی پڕۆژەیەك دەکات، ئیشی ئەم دامەزراوەیە چییە؟ ئیشی ئەم دامەزراوەیە لە دونیایا ئێستا موئەسەساتی ( accreditation) ئەگەر تۆ بتەوی دامەزراوەیەك (regular)بێت، مونەزەم بێت، ئیشی خۆی بکات، دەبێت پێوەری هەبێت بۆ ئیشکردن، لەدوای پێوەرەکان دەبێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکەی بۆ ئاستی جێبەجێکردنی پێوەرەکان ئینجا دامەزراوە گەورە و رەسینەکانی دونیا ( accreditation) پێ دەبەخشن، ئەم بابەتە یەکەم شت دەمەوێت بە زمانێکی زۆر سادە پێتان بڵێم خزمەتی منداڵی هەژاری ئەم وڵاتە دەکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە بەرپرسیاریەتییەکی زۆر گەورەمان لەسەر شانە، بۆتان روون دەکەوە کە چۆن خزمەتی منداڵی هەژار دەکات، خەڵکە دەوڵەمەندەکان ئەوانەی پلە تایبەت و پلە باڵا و ئەوانە رەنگبی ئیمکانیەتێکی مادديان هەبێت، لەناو زانکۆ ئەهلییەکانیشدا بتوانن منداڵەکانیان ببەنە باشترین زانکۆی ئەهلی وە بیانبەنە باشترین قوتابخانەی ئەهلی، ئەو قوتابخانانە رەئسمالێکیان لەپشتە، سەرمایەکیان لەپشتە کە بەگوێرەی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی(٢٠١٢)ی ئەم پەرلەمانە دەرچووە، تەنزیم کراوە لە رووی یاساییەوە، کەرتی تایبەت وەبەرهێنانی تیا دەکات، بوودجەی هەیە و دەتوانێ پێوەر بێنێ موئەسەساتی دونیا بێنێ کە (accreditation) بداتێ، دەیان موئەسەسات هەیە کە ئێستا لەناو هەرێمی کوردستان کار دەکەن (accreditation) داوە بە قوتابخانە ناحکومییەکان، هەندی زانکۆش هەیە دەڵێ (accreditation) لە هەندێك بوار وەرگرتووە، بەس ئەی ملیۆنێك و حەوت سەد هەزار منداڵی خەڵکی ئەم کوردستانە منداڵەکانی نەبردۆتە قوتابخانەی ئەهلی، لەبەر هەر هۆکارێك بێت لە هۆکارەکان، جا باری دارایی باش نییە یان هەر هۆکارێك بێت لە هۆکارەکان، نابێت ئەم دامەزراوانەی حکومەت بەتایبەت ئەمە پرۆسەکە بۆ هەردووکیان بۆ کەرتی تایبەت، بۆ کەرتی حکومییە، نابێت ئەم دامەزراوانەی حکومەت پێوەریان هەبێت ئەم پێوەرانە جێبەجێ بکەن کە ئاستی کوالێتی خوێندن بەرز بێتەوە، تۆ زەمبت چییە منداڵەکەت بچێتە قوتابخانەیەك ئاستی خوێندن لە قوتابخانەکە خراپ بێت، لەبەر ئیشی ئەم دامەزراوەیە بەڕێزان هیچ ئیشێکی دیکە نییە تەنها سێ کارە، هەندێك دەڵێ دەسەڵاتەکان دیاری نەکراوە، دەسەڵاتەکان لە ماددەی (٤) دیاری کراوە، (process)ەکە بەم

شێوەیە ئەم دامەزراوەیە وەکو دەستەیەك دادەمەزرێت، خەڵك تەعینی هەمیشەیی ناکات، بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت دروست ناکات بڵێین خەڵك تەعینی هەمیشەیی دەکات، بەڵکو ئەوانەی کە هەن ئێمەین لەناو حکومەت بەشێکین لەم موئەسەساتانە لە ئەنجومەنە باڵاکەی، لە وەزارەتە تایبەتمەندەکان، بەندە جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا، ئیزافەتەن بۆ وەزیفەکەی ناوی هەر کەسێك بێت لە داهاتووش، سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە خاڵێکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە کەسانی پرۆفیشناڵ دێن ئەم کەسە پرۆفیشناڵانە ئەم پێوەرانە دادەنێن بە قۆناغبەندی، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە بە قۆناغبەندی واتا لەگەڵ واقعی هەرێمی کوردستانیش بیگونجێنین، بەڵام ستراتیژێکی روونمان هەبێت بزانین دەمانەوێت دە ساڵی دیکە (process)ی پەروەردە و فێرکاری لە هەرێمی کوردستان لە (kg1)ەوە لە باخچەی منداڵانەوە هەتا دەگاتە قۆناغی خوێندنی باڵا بەرەو کوێ دەبەین لەسەر خەریتەی پەروەردەی جیهانی و فێرکاری.

ئایا موئەسەساتەکانی ئێمە هاوشانی ئەو موئەسەساتە پەروەردەییە جیهانیانە دەبن، چەندین دامەزراوەی دونیا هەیە یەکەم شت کە کۆنتاکتی لەگەڵ دەکەی کێ تۆی (accredit) کردووە؟ کێ ئیعتمادی داوە بە تۆ؟ چ موئەسەسەیەکی عالەمی تۆی متمانە پێ کردووە بۆ ئەوەی کە من مامەڵەت لەگەڵ بکەم؟ ئەمە پرۆسەیەکە نیشتمانییە، هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە، دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لە قوتابخانە حکومییەکان، زانکۆ حکومییەکان، لەناو زانکۆ تایبەتەکان و لەناو قوتابخانە تایبەتەکانیشدا تەنزیم کردنەوەیەك دەکات بۆ ئەوەی کە زانکۆیەك زۆر باشە باشترین پێوەر جێبەجێ دەکات، بەڵام زانکۆیەکیش مۆڵەتی وەرگرتووە یا قوتابخانەیەك مۆڵەتی وەرگرتووە پێوەرەکان بەباشی جێبەجی ناکات، بەڵام لەهەمان کاتدا پارەش لە خەڵك وەردەگرێ و ئێستا تۆ دێی ئیلزامی دەکەی لە کەرتی تایبەت کە ئەم پێوەرانە پێوەری خوێندن جێبەجێی کەن ئەمە یەك، دوو من پێم وابوو دەبوو هەموو (١١١) لەگەڵ تەواوی قەناعەتم بەوەی کە بابەتەکە تازەیە و قابیلی گفتوگۆکردنە دەکرێت هەموومان گفتوگۆی لەسەر بکەین و رای جیاوازیشمان هەبێت و بابەتێکی زۆر ئاساییە، بەس پێم وابوو لەو بوعدەی کە ئەگەر قوڵتر لێی بڕوانین خزمەتی خەڵکی فەقیر و هەژار دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیلزام دەکات بە دوو تەریقە، ئەمە نەك بارگرانی دارایی، حکومەت ئیلزام دەکات بە دوو جۆر، بە دوو شێواز، بە دوو مۆدێل پشتگیریەکی زیاتری خوێندنی حکومی بکات لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو پێوەرانە جێبەجێ بکات، بەیانی قوتابخانەیەك کە پێی دەڵێی تۆ لە ئاستی پرۆگرام گەمە دەکەی، لە ئاستی مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابی ئەو ستانداردانەت هەیە، لە ئاستی راهێنانی مامۆستا ئەم بابەتانەت هەیە، ئەم ستانداردانە کە بۆی دیاری دەکەی حکومەت دەبێ دەعمی بکات، دەبێ پشتگیری بکات، دەبێت ستانداردەکان جێبەجێ بکات، دەکرێ بەمن بڵێی بڕۆ دهۆك، بەڵام من بە تۆ بڵێم سەیارەم بۆ دابین بکە بڵێی بۆت دابین ناکەم، بەمن بڵێی بڕۆ بۆ دهۆك، بەڵام بەنزینت بۆ سەرف ناکەم، ئێ منیش ناتوانم بچم، قوتابخانەیەکی حکومیش کە بەیانی پێوەری بۆ دادەنێی دەڵێی ئەم پێوەرانە ئەم ستانداردانە جێبەجی دەکەی دەبێ حکومەت ئیلزام بێت بەوەی کە پشتگیری بکات، چونکە ئەم قوتابخانەیە قوتابخانەیەکی حکومییە، عائدەتی بۆ هەرێمی کوردستانە، لەبەر ئەوە یەك ملیۆن و حەوت سەد و بیست و پێنج هەزار قوتابی لە کەرتی حکومی دەخوێنێ بەس لە وەزارەتی

پەروەردە، گەورەترین خزمەتە بە منداڵی فەقیر و هەژار، هەموو کەسێك لەم کوردستانە حەقی ئەوەی هەیە کە منداڵەکەی نەبردۆتە قوتابخانەیەکی ئەهلی حەقی ئەوەی هەیە بە حکومەت بڵێ خوێندنێکی باشترم بۆ دیاری بکە، یەکەم هەنگاو بۆ دیاریکردنی خوێندنێکی باشتر کە ئێمە هەنگاوی بۆ بنێین ئەوەیە کە دەبێت ئێمە پێوەرمان هەبێت، پێوەر دابنێین، ئەم دامەزراوەیە تەنها ئەم سێ ئیشە دەکات.

پێوەر دادەنێت بە یارمەتی شارەزایانی ناوخۆ و دەرەکیش دەتوانێ، هەڵسەنگاندنت بۆ دەکات بزانێ ئەم پێوەرانەت جێبەجێ کردووە، ئەگەر جێبەجێت کردووە بڕوانامەیەکت پێ دەبەخشێت کە پێی دەڵێن (متمانە)، (accredition)، واتە ئەمە (process)ە یەکسەر بەڵگەیەك نادرێ بە تۆ برۆ تۆ (accredition) وەرگرتووە، پێوەرەکانت هەیە، ئاشنا دەکرێی بە پێوەرەکان، راهێنان دەکرێ، ئاستی زانستی مامۆستاکانی ئێمە بەرز دەکرێتەوە، لە زانکۆکان لە قوتابخانەکانی حکومی، لەناوەندەکانی خوێندنی حکومی.

خاڵێکی دیکە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لە راستیدا ئەم بابەتە بە هیچ جۆرێك تۆخکردنەوەی مەرکەزیەت نییە، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە ئەم دەستەیە لە ئاستی باڵا بتوانێ (fund)یش وەربگرێ، ئێستا بە نمونە کارێکی ئاساییە ئێمە کە لە وەزارەتی پەروەردە ئیتصاڵ دەکەین لەگەڵ جیهات و لەگەڵ مونەزەماتی مانیحە، لەگەڵ (Education cluster)لەگەڵ هەموو ئەو جیهەتانە بتوانین (fund) پەیا بکەی بۆ دامەزراوەکانی خۆمان، چەندین قوتابخانە نۆژەن دەکەینەوە دوەلی مانیحە هەیە، بوودجەی مخصص هەیە لەلایەن مونەزەماتەوە، دەوڵەتانیش دەتوانن یان موئەسەساتی گەورەی دونیا، جیهاتی مانیحەش دەتوانن پشتگیری ئەم دەستەیە بکەن، ئەم دەستەیەش دواجار خۆی (accredition) متمانە لە دەستەیەکی گەورەتری جیهانی وەردەگرێتەوە بەو پێیە ئاستی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری لە هەرێمی کوردستان دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە لە دوور مەودا لایەنی کەم، من ناتوانم پێت بڵێم بەیانی یان ساڵێکی دیکە، چونکە ئەمە (process)ە، وەرەقە بەخشینەوە نییە، پێوەرە، ئەم پێوەرانە دەبێت خەڵکی لەسەر رابێنی، جێبەجێ بکەی، ئاستی مامۆستاکانت باش بکەی، یەك نمونەتان بۆ بێنمەوە لە دونیایا پرۆگرام شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە علمە، پرۆگرام دانان علمە، کتێبێك نییە نوسەرێکی بەڕێز بینوسێ و لە بازاڕ بۆ نمونە ئێمە بتوانین بیکڕین بیخوێنینەوە، سیلسیلەیەکی موتەرابیتی پێکەوە بەستراوە بەیەکەوە ئامانجەکانی تیا دیاری دەکرێت، کاری مامۆستای تیا دیاری دەکرێت، ئەمانەوێت قوتابی چی فێر بکەین، خوێندکار چی فێربکەین، ئەم علمە لە کوردستان تیایا لاوازین بەڕێزان، مادەم تیایا لاوازین پرۆگرامەکانی ئێمە (accredition) وەرناگرن لە دامەزراوە گەورەکانی دونیا، بۆ ئەوەی ئەم (accredition) وەرگرن ئێمە دەبێت پێوەرمان هەبێت لە هەموو بابەتەکان جێبەجێی بکەین لەسەر پرۆگرامەکانی خۆمان، بۆ ئەوەی بتوانین پرۆگرامێکی تەواو پرۆفیشناڵ پێشکەشی منداڵان بکەین، بەتایبەتیش بەڕێزان ئەوەی کە ئێمە زۆر زۆر خەممانە و دەمانەوێت زۆر پشتگیری بکەین کەرتی حکومییە، دڵنیاتان دەکەمەوە ئەم (process)ە بۆ خزمەتی منداڵی هەژارە بەر لە هەموو شتێك، دووش باش ئەوان بۆ خزمەتی ئەو کەسانەیە کە منداڵەکانیان دەخەنە قوتابخانە و زانکۆ ئەهلییەکانەوە............................ .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، وەزیری پەروەردە بۆ ڕوونكردنەوەكانت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە ئێستا بینیمان (٥٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان وتیان ئەم ڕاپۆرتە بكرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ، گوێمان لە ڕوونكردنەوەكانی بەڕێز وەزیری پەروەردەش بوو سەبارەت بە پرۆژەكە هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان دووبارە قسە لەسەر ئەوە بكاتەوە كە ئەمە زەروور نییە ناچارم بەپێی ماددەی (٥٤) قسەكەی ببڕم، بەڕێزان باشە ئەم پرۆژە یاسایە خۆ هەر ناونیشان نییە، ئێمە هێشتا لە ناونیشانداین، نیوەی پەرلەمان ناوی نوسیوە، ئێ ئەم ناوانەی نوسراون بەس بۆ قسەكردنە لەسەر ئەوەی پێویستە یان پیویست نییە، ئێستا ئێمە كەوتوینەتە ناو پرۆسەی گفتوگۆ لەناو بابەتی پێویستە و پێویست نییە نەماوین، گوێمان لە قسەی لایەنی پەیوەندیدار بوو سەبارەت بە گرینگی و بایەخی ئەم دەستەیە، بەڕێزان ئێستا ئێمە دەبێت دەست بە گفتوگۆ بكەین سەبارەت بە ناونیشان یەكێك دەیەوێت گۆڕانكارییەك لەناونیشانەكە بكات قسە لەسەر ئەوە بكات، قسە لەسەر ئەوەی پێویستە یا پێویست نییە لە ڕاستیا بڕاوەتەوە، تەواومان كردووە بەوەی كە دەستمان بە گفتوگۆ كردووە، (بدريە) خان، فەرموو.

**بەڕێز بدريە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوای خوای بەخشندەی میهرەبان، جا من هەر هەمان تێبینیم هەیە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەڵام بەشێوەی پرسیار ئاڕاستەی هەم وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم هەم هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار، ئایا ئەم پرۆژەیە گرینگ و پێویستە لەم قۆناغەدایە هەردوو وەزیر و وەزارەتی خوێندنی باڵا ................

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

وا نییە، تەواو، تەواو بەبێ مۆڵەت قسە مەكە، هەموو كەس بۆی هەیە قسە بكات، چونكە ئێمە نازانین لە دڵی ئەودا چی هەیە، تەواو، ئاخر پرسیارەكەت جواب درابۆوە، كاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(د.ڤالا) دەیەوێت قسە بكات، حەز دەكەی با تەواو بێت ئینجا.........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

ئینجا ئەوە ناكرێت ئەوان هەر قسە بكەن و هەر ئەو قسەیەی دەمانەوێت بیكەین هەر بیكەین.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو دەقە قسە دەكەم بەس بۆ دەوڵەمەندكردن، هەم قسەكانی وەزیر هەم بۆ ئەو تێگەیشتنەی لەو واقیعەی ئێستا لەناو پەرلەمان هەیە لەوەی كە دوو جیاوازی هەیە، ئامانجی پرۆژەكە جەنابی وەزیر باسی كرد دەڵێ (پێوەر، هەڵسەنگاندن، متمانە) ئەم سێ ئیشە دەكات، پێوەر ئێمە لەناو دەزگاكانی ئێستای حكومەتدا بەتایبەت مەسەلەن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەزگای دڵنیایی جۆری هەیە چوار ئیش دەكات، دڵنیایی جۆری فێركردن، زانستخوازی بەردەوام، پەرەپێدانی پرۆگرامەكان، متمانە بەخشین، ئەمە دەكات كە تۆ ئەمەت هەیە لەبەرامبەردا باسی

هەڵسەنگاندن دەکەی هەموو پرۆژە یاساکە بخوێنەوە یەك کەلیمەی تیا نییە باسی هەڵسەنگاندن بکات، ئێمە مشکیلەکەمان لەمەیە، نالێین ئیشەکە زیادە، بەس نەقسێکی گەورە هەیە، پێش ئەوەی بچینە ناو داخلی گفتوگۆکە بین حەقە دەرفەتێکی تر بدریت بە رێکخستنەوەی پرۆژە یاساکە، ئینجا ئێمە دەچینە سەر متمانە بەخشین، دوو من پێشنیازێکی تر دەکەم جەنابی وەزیر و ئەوان ئاگادارن دوو پرۆژە هەیە یەعنی ئەگەر ئەمە سیستەمەکی ئایزۆیە ئەمە ئەوە ناکا، ئەگەر پرۆژەیەکی تر هەیە پرۆژەی (tevt)ە، (BRITISH COUNCIL, UNESCO) لە عێراق کردوویانە پارەیەکی زۆری تیا چووە دەتوانین ئیستفادە لەوە بکەین بۆ ئەو بارگرانییە بخەینە سەرشانی حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، تکایە با جاریَ بەو زمانە قسە نەکەین زۆرینە و کەمینە، ئێمە رەئی خۆمان.............

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەست لە زۆرینە و کەمینە مەبەست لە فراکسیۆن نییە، مەبەست لە دەنگدانە، راست دەکات ((process)ە.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ناونیشان قسە دەکەم، تکایە قسە لەسەر لابردن و لانەبردن نییە رێگە بدە روونی بکەینەوە، لەسەر گۆڕانکاری من لەسەر سێ ئاست قسەی لەسەر دەکەم، لەرووی یاساییەوە، لەرووی پەیڕەوییە، لەڕووی علمیشەوە لەڕووی تویژینەوەیەکی زانستییەوە، لەڕووی یاساییەوە بەگوێرەی ماددەی (٥٦) ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) رێگەمان پێدراوە یاسا دەربکەین، بە ماددەی (٧٩) لە بڕگەی دووەم بۆشایی یاسایی هەیە؟ نەخێر نییە، ئەمە لەڕووی پەیڕەویشەوە، پێچەوانەی قانوونە؟ بەڵێ پێچەوانەی قانوونە ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٢٠)ە لەبەر ئەوەی بارگرانی دارایی دروست دەکات، کارنامەی حکومەت لە بڕگەی دووەمدا زۆر بە وازحی ئاماژەپێکراوە کە ئەمە بەڵێ پێچەوانەی ئەم بڕگەیە، لە ئاستی کارگێری لەکۆتایی کارنامەی حکومەت لە بڕگەی یەکەم، دووەم، کە باس لە لامەرکەزیەت و باس لەوە دەکات کە بچووککردنەوەی حکومەتە بە تەئکیدی ئەمە یەکێکە لەوانەی کە دووبارە پێچەوانەی کارنامەی حکومەتیشە، لەڕووی عەمەلییەوە ئەوەی کە جەنابی وەزیر باسی کرد (accredition) ئەمە رێکخراوێکی ئایزۆیی نییە جەنابی وەزیر ئەمە (accredition) بەم شێوەیە ناکرێت، (accredition) شتێکی تازە نییە بۆ ئێمەش وە علمیشمان پێی هەیە، چوار ئامانجی ئەساسی هەیە(mission) هەیە، (integrity ) هەیە، (quality) هەیە، لەگەڵ ڤیژنی زانکۆکە، من پێم وا نییە ئەمە شتێکی غەریب بێت زانکۆیەکی کوردی نەتوانێ ئەمە بکات، زانکۆی سلێمانی، زانکۆی هەولێر، زانکۆی کۆیە، زانکۆی دهۆك، زانکۆکانی تر ئەگەر پێمان وابێ ئەمە پێچەوانەی کوڕی فەقیر و هەژاری ئەم وڵاتەیە، نەخێر، کوڕی فەقیر و هەژاری.................. یەك خاڵی تر بە سەریعی زۆر بەخێرایی بەڵێن بێت

بە (٣٠)چـركە، تـوێژینەوەی وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا و تـوێژینەوەی زانسـتیمان هەیە زانکـۆی (Harvard) یەك ملیار و بیست و چوار ملیۆن دۆلاری سەرف كردووە بەس بـۆ یەك تـوێژینەوە لە یەك ساڵدا، لە شەش مانگیش بۆ ساڵێك...............

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ئەو جەدەلە حەسـم دەكەیــن، چەنــد ئەنـدامی بەڕێــزی پەرلەمــان لەگەڵ ئەوەیە گفتوگۆکردن بەردەوام بێت، ئێ چـی بكەیـن تـا بەیـانی هەر قسـە بكەیـن، نیـیە راسـتی مـاددەی پەیـڕەوی نیـیە، تەواو، نیـیە، ئەمە زۆرە ملێـیە بەراسـتی، ئەدی ئەگەر دەوڵەمەنـدی بكەیـن چـی دەبێت، پڕۆژەكە دەوڵەمەند بكەین، ئیسراحەتێك وەردەگرین بۆ ماوەی (١٥) دەقیقە.

## پاش پشوو

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (گۆران)، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، منیش هەمان تێبینی (گولستان) خانم هەبوو، زۆر سوپاس

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس،کاك (مەلا ناصر)، کاك (جەلال)، فەرموو.

**بەڕێز جەلال محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من دوای ئەوەی بەڕێزان هەردوو وەزیری بەڕێز ڕوونکردنەوەیان دا لە ئێستادا پێم باشە موناقەشە بکرێت، هەروەها پێم باشە ناونیشان بەم شێوازەی لێبکرێت لەبەر ئەوەی لە بەشێکی زۆر لە ناوەرۆکەکە باسی چاودێری دەکات، کە ئەم دەستەیە چاودێری دەکرێت، بۆیە پێم باشە بکرێتە (دەستەی چاودێری و متمانە بەخشین بە دامەزراوە و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان-عێراق)، بۆ ئەوەی تەعبیر لە ناوەڕۆکەکە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.شایان)، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی (ئاشنا) خان، (گولستان) خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی قسەم لەسەر ئەوە هەیە بەس تخوا قسەکانم پێ مەبڕە، مەڵێ دووبارەیە و ئەوانە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس دووبارە نەبێت نایبڕم، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە نابێت، ئێمە کە پێشنیازە یاسا یان پڕۆژە یاسا دەخەینە بەرنامەی کارەوە دەبێت لە ئەساسدا پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ نەبێت، جارێ ئەمە هەر فەراغی تەشریعیمان نییە، کەس ناتوانێ بڵێ فەراغی تەشریعی هەیە، لەبەر ئەوەی دوو وەزارەتمان هەیە، وەزارەتی پەروەردە و

خوێنــدنی بــاڵا، ئەو بابەتــانەی کە وەزیــری پەروەردە باســی دەکــات ئیشــی وەزارەتــی پەروەردە.....................

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆكی پەرلەمان:**

دووبارەیە، قسەی دووبارە مەکەن ئەگینا دەتوانن قسە بکەن، (د.شێرکۆ )، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ئەم بابەتە بابەتێکی صرف نیشتمانییە، بۆیە لە دید و بۆچوونی ئێمەوە ئەو تەخەوفەی کە هەیە لەوەی کە ئەمە هەبێ یا نەبێت پەیوەندی بە بوودجە، پەیوەندی بە دەزگایەکی زیاتر هەبێت لە حکومەتدا و ئەمانە، لەراستیا ئەمە لەسەر ئاستی دونیایا لە ئەنجومەنی وەزیران بەرزتر دەبێت سەرپەرشتی بکات، نەك تەنها ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە چۆن دیوانی چاودیری دارایی هەیە، دەبێت ئاواش چاودێری و دڵنیایی بۆ پەروەردە هەبێت کە ئەمە باس لە بەشەرە، ئەگەر کوالێتی کۆنترۆلی خۆراك پرسێکی نیشتمانی بێت، موئەسەسەیەکی نیشتمانییە دەبێت بیبا بەڕێوە ئەی کوالێتی کۆنترۆلی بەشەر و پەروەردەی بەشەر دەبێت کێ بیکات؟ بۆیە متمانە دەبێت تەعدیل بکەین بە بڕوای من، بیکەین بە (چاودیری و دڵنیایی)، پشتگیری لە قسەکانی کاك (یاسین)، (د.شایان) دەکەم، بۆ ئەوەی ببێتە (شبە مستقلە) هەیئەیەکی (شبهە مستقل) وەکو دیوانی چاودێری دارایی ئەو تەخەوفەی کە هەیە لەلای ئێمەوە کە مەسەلەی حکومەت و ئەنجومەنی وەزیران و سولتەی تەنفیزی و کۆنترۆلی تەواوی ئەوە بکات و ئەمانە بە مۆدێلی دیوانی چاودێری دارایی حەل دەبێت، بۆیە داوای ئەوە دەکەین لە ڕێی عینوانەکەیەوە کە دەستەی چاودێری و دڵنیایی، چونکە متمانە پەرلەمان دەیبەخشێ (ثقە)، (منح ثقە) پەرلەمان دەیکات، بەڵام کوالیتی کۆنترۆل و دڵنیایی، دڵنیایی لە عینوانەکەدا بچێتە جێی متمانە دەبێتە (چاودێری و دڵنیایی) ئەمانبات بەرەو ئەوەی کە ئیش لەسەر ئەوە بکەین کە ئەمە هەیئەیەکی باڵا بێ لە ئەعلا مستەوای حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا بێت، ئەو وەزیرە مەعنیانەی کە پێویستە تیایا بێت وە پەرلەمان و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵای پەرلەمانیشی تیا بێت وەکو دیوانی چاودێری دارایی (شبە مستقلە) بێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا قسەکانم کران دووبارەیان ناکەمەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (دابان)، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جیاوازییەك هەیە لەنێوان دەقە کوردییەکەی و دەقە عەرەبییەکەی لە دەقە عەرەبییەکەی (قانون هیئة اعتماد) لە کوردییەکەی (یاسای دەستەی متمانە بەخشینە)، ئەوە (منح ثقە)یە ئەوەی دیکەیان (اعتماد) پێم وایە دەبێت دەستەواژەیەکی ووردتر لەبۆ....... ئەگەر کوردییەکە بکەینە پێوەر پێم وایە دەبێت کوردیەکە بێت، ئەگەر عەرەبیەکە بێ دەبێتە تەرجومەی اعتمادەکە بکەینە سەر ............

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارت چییە کەلیمەیەکی کوردیتر؟

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا نازانم دەبیت پرس بە ئەکادیمیای کوردی بکرێت، ئینجا ئەگەر ئەوە بکەین هین بێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (مەم بورهان)، فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم کرا سوپاس، بەڵام تەنیا خاڵێکی پەیڕەوی هەیە وە بیری جەنابتی دێنمەوە و ئەندامانی پەرلەمان بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخەی کە چەند دەقەیەك لەمەوبەر دروست بوو ماددەی (٩٧) تەماشای بکە چارەسەر پێیە ئەگەر ئیشی لەسەر بکەی، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (ابوبکر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم پرۆژەیە زاڵکردنی چەندایەتییە لەسەر حیسابی چۆنایەتی کە کێشە و قەیرانەکانی ئیستای هەرێم لە چۆنایەتی دەزگا و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم و ماهیەتیانە، نەك لە ژمارە زۆریان، کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەبن، بۆیە ئەمە ئەلقەیەکی تری زیاد بۆ هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە دائەنێین کە لەسەرووی ئەوانەوە کە ئەم دەستەیە ئەم هەموو صەڵاحیەتەی دراوەتێ پێوەر دادەنی بوودجەی هەیە خاوەنی مایەی گوازراوە و نەگوازراوەیە، گریبەست دەکات، سیاسەتی گونجاو دائەنێن، چاودێری ئەکات، متمانە دەبەخشێ، لە داهاتووشدا بەریەك کەوتن ڕوودەدات لە نێوان ئەم و هەردوو وەزارەتەکەدا، قسەی ئەخیر بۆ ئەم دەستەیەشە، نەك بۆ هەردوو وەزارەتی مەعنی کە وەك بەڕێزان باسیان کرد کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان و دڵنیایی جۆری لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەموو ئەو

ئەركانە لەئەستۆ دەگرێت، بۆیە لە کۆتایشدا پشتگیری لە قسەکانی (ئاشنا) خان، (گولستان) خان، (د.شێرکۆ )، (سەرچنار) خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (شنۆ) خان، قسە ناکەی، کاك (علی حمە صالح)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ناونیشان دەبێت ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی یاساکە بێت لەناونیشانەکە دەڵێ: (متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان)، تەبعەن دامەزراوەکان متمانەیان پێ بەخشراوە، ناونیشان بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی ماددەی (٤)ە چیمان هەیە، متمانە بەخشینمان هەیە، دڵنیابوونمان هەیە، پشتیوانی کردنمان هەیە، ئەمە ئەبێت ڕوون بکرێتەوە، خاڵێکی دیکە هەندێ شت هەیە با بەرچاوڕوونبین تیایا ئێمە ئەنجومەنێکی باڵامان هەیە، ئەم ئەنجومەنی باڵایە متمانە دەدات بە سەرۆکی دەستەکە دەبێت ڕوون بێت ئەنجومەنی باڵا کێیە؟ تەعریف بکرێت لە سەرەتادا، لەکی پێك دێت؟ سەرۆکی حکومەت، جێگرەکەیتی، نانا مەبەستی من ئەوەیە ئەم عینوانە ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکەکەی نییە، چونکە دەبێت لە ماددەی (٤) من بەراستی لەوانەیە دە جار خوێندبێتمەوە، بەتەواوەتی ئەرکەکەی ئەوەی وەزیری پەروەردە خوێندییەوە بە تەواوەتی ئەمە بەرجەستە نەکراوە........................

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆکی پەرلەمان:**

پیشنیارت چییە بۆ عینوانەکە کاك (علی)؟

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبیت ڕوون بێتەوە تا ئێستا ئێمە نازانین ئایا ئەوەی (د.شێرکۆ) وتی من باوەڕو بەوە هەیە چۆن مالیە دەبێت چاودێرییەکی هەبێت دارایی، دەبێت خوێندنیش چاودێرێکی هەبێت، بەڵام ئەم بەریەککەوتنە نابێت یەعنی لێرە، وەزیری پەروەردە و خوێندنی باڵا خۆیان متمانە بدەن بە سەرۆکی دەستەیەك دەستەکە بێ چاودێری ئەوان بکە یان پێوەریان بۆ دانێ یان سەرپەرشتیان بکە یان متمانەیان پێبدا، یەعنی یەکێك متمانە دەدات بە کەسێ ئەو کەسە دوایی بێتەوە متمانە بداتەوە بەو، یەعنی تەزاروبێکی تیایە، ڕێککرێتەوە، چونکە من هێشتا لە ئامانجی پرۆژەکە هێن نەبووم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (مژدە) خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بابەتە من نازانم ئەوە بۆ بە موددەیەکی ئەوەندە کەم، یەعنی ئێمە نە فەراغی یاسایمان هەیە نە هیچ، بۆچی بە موددەیەکی ئەوەندە کەم ئەو پرۆژەیە نەگەیشتە دوو هەفتە خرایە بەرنامەی کارەوە، لە کاتێکدا سێ ساڵە لەسەر ڕەفەکانی پەرلەمان پرۆژە و پیشنیاز هەیە، بەڵام ناخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئەوە هەم بارگرانییە بۆ حکومەت هەم نە فەراغی یاسایمان

هەیە، ئەو دەستەیە هەیە لە وڵاتان، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین دەستەیەك هەبێت، بەڵام سەر بە حكومەت نەبێت، پێویستە سەربە یاخود رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بێت یان سەر بە پەرلەمانی كوردستان بێت، چۆن دەبێت وەزیر خۆی متمانە بەو دەستەیە بدات ئەویش محاسەبەی ئەو وەزیرە بكات، یەعنی.....................

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (روپاك) خان، فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەو قسانەی كە ئەو بەرێزانە كردیان دووبارەی ناكەوە پشتگیریان دەكەم، بەڵام وەزیری پەروەردە ئاماژەی بەوە كرد كە ئەو دامەزراوەیە كەسی بۆ دانامەزرێ هەر پێك دێت لە وەزیری پەروەردە، خوێندنی باڵا، كەچی لە مادده (٣) لە پێكهاتەی ئەو دامەزراوەیە دەڵێ (بۆردی متمانە بەخشینی پەروەردەیی) هیچ ئاماژەك نەكراوە كە لە كێیە، لە كێ پێك دێت، خوێندنی باڵا فەرمانگەی متمانە بەخشینی كارگێری و دارایی) ئەو فەرمانگەیە كێیە؟ ئایا ئەگەر تەئسیسكردن و دروستكردن نەبێ ئەی چیترە، بەس پێویستم بە وەڵامە، وەڵامەكی دەقیق، هەروەها پشتگیری قسەكانی كاك (مەم) دەكەم كە مادده (٩٧) ئەمەی موعالەجە كردووە ..................

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس بۆ پەسەند كردن، یەعنی سێیەم، بۆ خوێندنەوەی دووەم نییە، كاك (ذكری)، فەرموو.

**بەڕێز ذكری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز لیرە نەبووم ببورە.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین/سەرۆكی پەرلەمان:**

(هلز) خان، فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك ئەندامەكا لیژنا پەروەردەی ئەز دی ئەولیكا هەندەك روونكرنا بدەم سەبارەت ئەو راپۆرتە سەد مە دەڤ جەنابێتە ژی ئەز ئیكێژوان ئەندام پەرلەمانا بوو ئەنداما لیژنا پەروەردێ من ئیمزا ل سەر نەكرییە من تیبینیا نڤیسە كا بەر چ ئیمزا نەكرییە چونكی بدیتنا من هیچ پیتڤییەكی بڤی پرۆژە یاسا یان ڤی یاسا نەبومە فەراغەكی تەشریعی نەبوو، پرسیارا منا دیتر ئەڤەیە ئەز دەست خۆشیێ لیژنا خو دكەم لیژنەیەكا یا بئتفاقە من حەز نەكر نووكە دووبەرەكی پەیدا بیتن، بەس ئەڤی پرسیارێ لیجنا خۆ بكەم دوو پرۆژەیەت دیترێ گرینگ ل بەر دەستێ مە بوون، شەش هەیڤا پرۆژەیی یاسایی پەروەردی ل بەر دەستێ مە ئو راپۆرت ژی تەقریبەن بەرەڤ دووماهیكی بوو ئەڤ لەس لەزاتیە ل ڤی پرۆژەی هاتە كرنێ، بوچی ئەڤە گرینگترە ئان پرۆژە یاسای پەروەردێ، هەمواركرنا یاسای زانكۆیێت ناحكومی گرنگتر بوو ئان ئەڤ پرۆژە یاسایە؟ ئاخر پرسیارا من ژوەڤدێ ئەنجومەنێ وەزیران ئەڤەیە، بوچی ئەڤ دەستە دێ سەرب

ئەنجومەنێ وەزیران ڤەبیتن؟ تنێ ڤێ پرسیارێیە، بەرسڤا من دا دی دیار بیتن کانێ ئەڤ پـڕۆژە چەوا هاتیە داناتن بۆ چ مەرەم هاتیە داناتن، زۆر مەمنوونم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (سیپان)، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەلەك ژگۆتنا پەرلەمانتارێن بەڕێز کرن ئەز گوتنێت وان لێ من دڤێت ئەگەر کو ناسناڤێ یـان کـو پڕۆژە یاسایی دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا بڤی رەنگی بیتن، پرۆژە یاسایێ چاڤدێری و بەرەڤ پێشبردنا پرۆگرامی پەروەردە و خوێندنا بـاڵا ئەگەر راسـتە مەبەسـتا مە بەرەڤ پێشـڤەبردنا سیسـتەمێ پەروەردەیە بەرەڤ پێشـڤەبردنا سیستەمێ زانکۆ و پەیمانگەهـا کەواتە ئەم بڤـی رەنگـی چاڤـدێری و بەرەڤ پێشـڤەبردنا ئەوان مئەساساتە ئەگەر بەرەڤ پێشڤەبرن دناڤنیشانێدا نەبیت چاودیری ل سەردا نەبیت ل گوری وان ئەرکی کو ل ماددێ (٣)دا هاتینە دەستنیشانکرن ژبۆ دماددێ (٤)دا هـاتینە دەستنیشـانکرن ژبڤـێ دەستە کو دێتە دانان بتنێ ئەڤ دەستە دبیتە بارگرانییەك ل سـەر حکومەت نەك زێـدە، چـونکە ئەڤ ئامانجی کو دڤێرێدا هاتینە دەستنیشانکرن ئەو ئەرکێن ڤێ دەستێ هـاتینە دەستنیشـانکرن کەواتە رۆلـێ وەزارەتـا پەروەردە و خوێنـدنی بـاڵا دێ چبیـتن، کەواتە ئەگەر ئەڤ دەسـتەیە هەبیـتن، کەواتە هەبـوون و نەبوونـا وەزارەتـا پەروەردە و خوێنـدنا بـاڵا وەکـو ئێـك لێـدێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبداللە فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سەیری ئەم یاسایە دەکەین بەراستی لەناو ماددەکـانی ئەم یاسـایە ئەوەی کە جەنـابی کـاك (د.ئالان) فەرمووی بە هـیچ جۆرێـك تیایـا نیـیە، پڕیەتـی لە مەطـاطیەتێکی زۆر زۆر گرینگتـرین هەیکەلـی ئەم دەسـتەیە ئەنجـومەنی بـاڵایە، لە کاتێکـدا یاسـاکە پێکهـاتەکەی ئەرکەکەی دەسەڵاتەکانی داوە بە پەیڕەوێك لە ئەنجومەنی وەزیران دەربچێت، کەواتە ئەم یاسـایە ئەرکـی چییە؟ پاشان هەنـدەك شـتی زۆر زۆر مطـاطی تیـایە دانـانی پێـوەری گونجـاو کـام پێـوەر؟ کـام گونجـاوی؟ دڵنیـابوون لەوەی کە دامەزراوەکـانی پەروەردەیـی و خوێنـدنی بـاڵا پێـوەر و ستانداردەکان جێبەجێ دەکەن، ئەی ئەگەر.............

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان قسە لەسەر ناونیشانە، هێشتا نەچوینەتە سەر ماددەکان، تکاتان لیدەکەم.

**بەڕێز عمر عبداللە فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێوەیەکی گشتی لەسەر یاساکە قسە دەکەم خەلەلی یاساکە،..................

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لەسەر ناونیشانە بەڕێزان، ئەوە پەیڕەوە، موناقەشەی ناونیشان دەكەین، بابچینە سەر ماددەكان هەر ڕەئیەكتان هەبێ لە دوو دەقەی خۆتان بیڵێن.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەمەوێت بڵێم ئەم یاسایە زیادە بەم جۆرە ناتوانێ هیچ كێشەیەك لە كوردستانا معالەجە بكات، ئەوەی ئەم.................

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان یەعنی هەندێ شت پەیڕەوییە، داوا دەكەن پەیڕەو جێبەجێ بكرێت وەكو خۆی تكایە ئێوەش پابەندی پەیڕەو بن، (ئاشنا) خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستیەكەی من هەر سەرلەبەری دژی پرۆژەكەم................

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئازادی، زۆر ئازادی.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چونكە زۆر ناڕوونی تیایە، پێویستمان بە ڕوونكردنەوە هەیە، بەڕێزان لە تیمی وەزارەت لێرەن دەكرێت دەستەیەك لەناو ئەنجومەنی وەزیراندا دروست بكرێت ببێت بە چاودێر بەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەكانەوە، چۆن شتی وا دەبێت، ئەمە ناڕوونی تیایە، بۆیە قسەكانی ئێمە لەسەر ئەم دەستەیە، ڕاستە ئێمە دەزانین بەرێز سەرۆكی پەرلەمان لە بەریتانیا (یوكاس) هەیە، لە ئەمریكا (چیا) هەیە، پێوەری ستانداردی دونیا هەیە ئایزۆ ئیشی لەسەر دەكرێت، ئێمە دەزانین ئەمانەیە، بەڵام ئەمە ئەمە ناڕوونە، قەسەی نازانم چ ئەندامێكی بەڕێزی ڕەفیقم بوو باسی كرد، بەرێز (د.ئالان) ئەو قسانەی كە بەڕێزتان دەیكەن لەم قانوونەدا ڕەنگی نەداوەتەوە، من نایبینم، نازانم چۆن لە خزمەتی منداڵی فەقیر و هەژاردایە، پێویستە تێبگەین كە چۆن لە پێناوی خزمەتی منداڵی فەقیر و هەژاردایە، ئینجا بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بابەتیكی تر ئەم سەرۆكە كە دائەنرێت نازانین چۆن دائەنرێت، پسپۆرییەكەی چییە، بە چ پێوەرێك دائەنرێت، ئەندامەكانی ئەم دەستەیە چەندە، ڕەوایەتی دراوە بە كەمكردن و زیاد كردن، نازانین لە چ كاتێكدا ئەم سەرۆكە متمانەلە دەست دەدات، تا كەی دەتوانێ بەردەوام بێت، یەك دونیا پرسیار و سوئال هەیە بۆ ئێمە كە دەبێت بۆمان ڕوون بێتەوە كە بەراستی گرینگە دروستكردنی ئەم دەستەیە چییە، من پێت وایە وەكو ئەندامێكی لیژنەی تایبەتمەند بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان پێم وایە دروستكردنی ئەم دەستەیە هیچ شتێكی تری زیاد ناكات لەو وەزیفانەی كە لەسەر هەردوو وەزارەتەكە هەیە، وەزارەتی پەروەرد و خوێندنی باڵا، هیچ شتێكی تر ناكات، ئەصڵەن ئەركی ئەوانە ئەوە جێبەجێ بكەن، ئەگەر نەكرا دەبێت پەرلەمانی كوردستان وە لیژنەی تایبەتمەند لێپێچینەوە، چاودێری وەزارەتە تایبەتمەندەكان بكات، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامییە، کاك ( ارشد)، فەرموو.

**بەڕێز ارشد حسين محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٩٧) لە پەیڕەوی پەرلەمان ئەگەر هەر جیاوازییەك هەبوو لەسەر را کە پەسەند بکرێت یان پەسەند نەکرێت دەخریتە دەنگدان، یاخود بگەرێتەوە بۆ حکومەت، سەرۆکی پەرلەمان دایە دەنگدان وە دەنگی زیادی هینا، پێویست ناکات ئەوەنە لەسەری بڕۆین، باشە بەپێی پەیڕەو لەسەر مادده ماددەکان هەر جیاوازییەکیش هەبی زۆر نۆرماڵە، بەڵام مادده بە مادده، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان کارێکی باشی کرد کە دەرفەتی دا، راستە خۆشی فەرمووشی کە ئەمە لە دەرەوەی پەیڕەو بوو، بەڵام ئاسایی بوو، دەرفەت بدرێت، بەڵام ئەم بابەتە تەواو بووە بەڕێزان، خوێندنەوەی دووەمە راپۆرتی لێژنەیە، بەپێی پەیڕەو خراوەتە ئایا ئەم راپۆرتە بکرێتە بنەمای گفتوگۆ یان نا، (٧٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لێرە بووە، (٥٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان بڕیاری داوە ئەم راپۆرتە بکرێتە بنەمای گفتوگۆ، ئێستا ئەمە لەسەر ناونیشان تەواو بووە، ئێستا بەڕێزان لە لێژنەی تایبەتمەند، وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئەگەر وەڵامتان بۆ ئەو سەرنج و تێبینیانە هەیە بفەرموون، ئەگەر نا بچنە سەر خوێندنەوەی ماددەی (١).

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لەوەی بچینە سەر خوێندنەوەی دووەم لە ماددەی (١) زۆر بە کورتی وەڵامی هەندێك لە بەڕێزان لە ئەندامانی پەرلەمان دەدەمەوە.....................

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس تکایە رەچاوی کات بکەن، بە کورتی.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئایا ئەمە ئەم پڕۆژە یاسایە ئەم یاسایە زەرووره هەبێت؟ پێوەرەکان چین؟ ئەم پرسیارەیان کرد، بەڕێزان ئاژانسی دڵنیایی جۆری زیاتر لە (٣٠) وڵاتی جیهان ئەم ئاژانسە هەیە، بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کەوا ئاژانسی دڵنیایی جۆری لەویّ وجوودی نییە بەپێی هەموو پێوەرەکان کوالێتی خویندن وە ئاستی زانستی لەو ولاتانە زۆر زۆر بەرزترە لەو وڵاتانەی کەوا ئاژانسی دڵنیایی جۆری نییە، ئایا پێوەرەکان چین بۆ هەڵسەنگاندنی دامەزراوە پەروەردەییەکان و پرۆگراومەکان؟ لە مادده (٤) ی ئەم پرۆژە یاسایەدا زۆر زۆر بە وازحی هاتووە کە بەپێی پێوەر و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان دەبێت، هەندێك ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەندامانی لیژنەی پەروەردەش باسی ئەوەیان کرد کە گوایە دوو پڕۆژە یاسای دیکەی گرینگ مەوجوود بوون لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەبوایە راپۆرت لەسەری ئامادە کردبا، خوێندنەوەی دووەمی بۆ کرابا، بەڵیّ ئەوانیش گرینگن، ئەو پڕۆژە یاسایەش گرینگن هەر یەکەیان گرینگی خۆیان

هەیە، بەڵام ئەم پـرۆژە یاسـایەی ئێسـتا لەبەر دەسـتمانایە تەنهـا (١٠) مـاددەیە، پـرۆژە یاسـای پەروەردە (١٩٧) مــاددەیە، پێویســتی بە دیراســەی زیــاتر هەیە، کۆبــونەوەی زیــاتر، زۆربەی مەوادەکان .................

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(هلز) خان تکایە لەجێگای خۆتەوە قسە مەکە، موناقەشاتی ناو لیژنە مەیەننە ئێرە.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددە بە مـاددە پـڕۆژە یاسای پەروەردە قسـەی لەسـەر کـرایە چەنـدین کۆبـونەوەی جیـاواز لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کرا چەند ماددەیەك مایە کە پێویست بوو نـوێنەری حکومەتی هەرێـم، نـوێنەری وەزارەتـی پەروەردە لەوێ حـزوری هەبێـت، ئەوەش بـۆ سـەرەتای هەفـتەی داهاتوو انشاءالله کۆبوونەوە دەکەین ئـاخر راپـۆرتی خۆمـان بەرز دەکەیـنەوە بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێـت، هەنـدێك لە ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان باسیان کرد گوایە ناروونی هەیە لە پرۆژە یاساکەدا رەفزی هەموو شتێك دەکەنەوە لەگەڵ رێـزم بەراسـتی ئـێمە کۆبـوونەوەی لیـژنەی پەورەدە و خوێنـدنی باڵامـان کـردییە هەمـوو ئەنـدامانی لیژنەی پەرورەدە و خوێندنی باڵا بەبـێ ئیستیسـنا مـاددە بە مـاددە موناقەشـەی لەسـەر کـردییە باشـە ئەگەر ئەمـن قەنـاعەتم بەو پـرۆژە یاسـایە نیـیە بـۆ دێـم مـاددە بە مـاددە رەئـی دەکەم و موناقەشەی لەسەر دەکەم، دواتر ئێمە وەکو لیژنەی پەرورەدە و خوێندنی باڵا لە ماوەی رابـردوو لەگەڵ ئاژانسـی دڵنیـایی جـۆری بەریتانیـا کۆبـوینەوە پێمـان وابـوو وەکـو لیـژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئەوە یەکێك لە جوانترین ئیشـەکانی حکـومەتی بەریتانیـا ئەوە بـوو، هەرچەنـد کە زیاتر لە (٣٠) وڵاتی دونیا ئەم ئاژانسەی دڵنیایی جۆریان هەیە، بەڵام کە لەگەڵیان دانیشتین بەبێ ئیستسـنا هەمـوو ئەنـدامانی بەڕێـزی لیـژنەی پەورەردە زۆر سەرسـامی ئیشـوکارە جوانەکانیـان بوون دەیان گوت دەبوایە ئێمەش لە هەرێمی کوردسـتان هەمـانبوایە، ئێسـتا ئەو پـرۆژە یاسـایە تەقدیم کرایە هیوادارین هیچ.............................

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش، بچنە سەر ماددەی (١)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١):

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستەواژە و زاراوەکانی خـوارەوە ماناکـانی بەرامبەریـان دەگەیەنن:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم

سـێیەم: دەسـتە: دەسـتەیەکی دڵنیـاکەرەوەی زانسـتی متمـانە بەخشـینە بە دامەزراوەکـان و پرۆگرامەکانی پەروەردەو خوێندنی بـاڵا لە هەرێـم بـۆ پاڵپشـتی و هاریکـاری هەردوو وەزارەتـی

پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و دامەزراوەکانی تری پەروەردەیی بە ئامانجی دڵنیابوونەوە لە کوالێتی پەروەردە و خوێندن کە بەپێی ئەم یاسا دامەزراوە.
مەبەست لێرە بەڕێزان لە دامەزراوەکانی تر ئەوەیە کە دامەزراوەی پەروەردەیی تەنیا لە وەزراەتی پەورەردە و خوێندنی باڵا نییە، لە وەزارەتی ئەوقاف و کارو کاروباری کۆمەڵایەتیش هەیە.
چوارەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵای دەستە.
پێنجەم: دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا: دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەر بە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێم و هەر دامەزراوەیەکی تری پەروەردەیی.
شەشەم: بڕوانامەی متمانەیی: بەخشینی متمانە بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا کە لەلایەن دەستەوە دەدرێت، دوای دڵنیابوون لەوەی کە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا هەموو پێداویستی و پێوەرەکانی متمانە بەخشینیان جێبەجێ کردووە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ماددەی (١) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات با ناوی تۆمار بکات، ئەو بەڕێزانە لەسەر ماددەی (١) دەیانەوێت گفتوگۆ بکەن، کاك (د.محی الدین)، کاك (سیپان)، کاك (مم بورهان)، کاك (د.شێرکۆ )، کاك (د.اسماعیل)، (گولستان) خان، (گولستان سعید)، کاك (علی حمە صالح)، (شیرین امین)، (د. شایان)، کاك (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی ماددەی (١) بڕگەی دووەم، ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، پێم وایە بکرێتە پەرلەمانی کوردستان، وەکو هەر دەستەیەکی تر ئەو سەربەخۆییە وەکو دەستەی چاودێری دارایی و دەستەی مافی مرۆڤ، ئەوی تریان ئەوەی پەیوەندی بە ئەنجومەنی باڵای دەستە هەیە، پێشنیار دەکەم کە دەستنیشانی پێکهاتەی ئەنجومەنەکە بکرێت، ناکرێت ئەنجومەنەکە وا بە جی بێلین بەبی ئەوەی کە دەستنیشانی ئەندامەکانی یاخود پێکهاتەی ئەو ئەنجومەنە بکرێت، لە خاڵی شەشەمی هەمان ماددەدا هاتووە کە بڕوانامەی متمانەیی بریتییە لە پرۆسەی بەخشینی متمانەیی بە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەلایەنێکی سەربەخۆ، ئەگەر ئەو لایەنە لایەنەکی سەربەخۆیە پێم وایە دەبێ وەکو دەستەیەکی سەربەخۆ ناکری سەر بە جیهەتی تەنفیزی بێت سەر بە پەرلەمانی کوردستان بی، بۆیە پێم وایە ئەو بابەتە دەبێت چارەسەربکرێت، ئایا ئەو دەستەیە سەربەخۆیە یان بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەگەر بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن شتێکە، ناکرێت دەستەیەکی سەربەخۆ بێت یان لایەنەکی سەربەخۆ بێت کە ئیعتمادی بداتە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. (گولستان سعید)، فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بۆ ماددەی (١) بڕگەی دووەم پشتیوانی لە راکەی بەڕێز کاك (د.محی الدین) دەکەم، ئەنجومەنی وەزیران نەبێت بکرێتە پەرلەمانی کوردستان، خالێکیش زیاد بکرێت مادەم ئەم یاسایە یاسای دەستەی متمانە بەخشینە بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی بالا پێشنیاردەکەم متمانە بەخشین تەعریفە بکرێت لە ماددەی یەکەم کە دەدرێت بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی خوێندن و پۆلێن کردنیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (د. شێرکۆ )، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١) بڕگەی سێیەمدا دەستەیەکی دڵنیاکەرەوەی زانستی متمانە بەخشینە بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی بالا لە هەرێم، لەبری پاڵپشتی و هاریکاری بیکەین بە چاودێری و دڵنیایی جۆری پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی بالا تویژینەوەی زانستی...هتد، بۆ؟ چونکە ئێمە وای بە باش دەزانین کە لەبری پاڵپشتی و هاریکاری، رەقابە، کوالێتی کۆنترۆل بێ بۆ پرۆگرام وابزانم روحی ئەم داواکارییە لەوەدایە، نەك لە هاوکاری، روحی ئەم یاسایە وای دەبینین لەوەدا نییە کە هاوکاری بێت بۆ وەزارەتی خوێندنی بالا، بەڵکو کوالێتی کۆنترۆڵە بۆ پرۆگرامەکانی پەورەدرە و خوێندنی بالا، لەبەر ئەوەی پاڵپشتی و هاریکاری بگۆرین بە چاودێری و دڵنیایی جۆری پرۆگرامەکان، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (مم برهان)، فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمدقانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەقریبەن (٣٠) ساڵە وەزارەتی پەوەردە و خوێندنی باڵامان هەیە لە هەرێمی کوردستان لێرە لە بڕگەکانی سێیەم وە بڕگەی شەشەم بەتایبەتی ئەم دەستەیە کە بۆ دڵنیاکەرەوەیە وە بڕوانامەی متمانەیی کە دیسانەوە ئەم دەستەیە دەیبەخشێت من ئەم پرسیارە رووبەڕووی بەڕێز وەزیری پەروەردەی دەکەمەوە، ئایا تا ئێستا لە ماوەی (٣٠) ساڵی رابردوودا ئێمە ئەم بۆشاییەمان هەبووە کە ئەم متمانەمان نەبێت بۆ پەروەردەییەکانمان؟ دوو ئەگەر وابێت ئەم دەرگایە بکەینەوە کەواتە دەبێت وەزارتەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی و ناوخۆ و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و ئەمانە دەستەیان بۆ دروست بکەین بۆ متمانە بەخشین بۆ ئەوەی بزانین ئیشەکانیان باش دەکەن یان نا، پێم وایە ئەمە دەرگایەکی باش ناکاتەوە بۆ داهاتوو. زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(شیرین امین)خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) بڕگەی چوارەم پشتگیری لە رای (د.محی الدین) دەكەم، منیش بە هەمان شێوە پێم باشە دەستنیشانی پێكهاتەكانی ئەنجومەن بكرێت، سەبارەت بە بڕگەی شەشەم لەراستیدا بڕوانامەی متمانەیی كە باسی بەخشینی متمانە دەكات وەكو كاك (مەم) ئاماژەی پێكرد دەبێت بگەڕێینەوە بۆ كۆی پێگەو وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە ئایا متمانەیان هەیە یان نا، نازانم هەست دەكەم لێردا ئەو بەخشینی متمانەیە بەپێی پێویست نییە، ئەگەر هەر ببێت بە یاسا و كاریپێبكرێت ئایا پێوەرەكانی چین بۆ بەخشینی ئەم بڕوانامەیە و متمانەیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (علی)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من سەرنجەكانی خۆم بە خێرایی دەڵێم پێناسە واتا شەرحكردنی شتێك كە بەرامبەر تێبگا، ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵای دەستە، ئەمە شەرح نییە، چونكە ئەمەش خۆی دیسانەوە پێناسەیە، شەرحی كەین ئەم ئەنجومەنە لە فڵان بەڕێز و فڵان و فڵان پێك دێت، یەعنی شەرحی بكەین، خاڵێكی دیكە بۆ خاڵی شەشەم من وام دارشتۆتەوە (بەخشینی متمانە بە پرۆگرامەكان و چونكە دامەزراوەكان متمانەی پێ بەخشراوە بەڵام ئەم متمانەیە بەخشینی متمانە بە پرۆگرامەكان دوای ئەوە هەماهەنگی و دڵنیایی و چاودێریكردن بۆ دامەزراوەكان، چونكە ئەگەر ماددەی چوارەم سەیر بكەی ئەو سێ ئەركەی بۆ دیاریكراوە هەمانگی ئەكا، دڵنیایی دەدا، فۆرمێ لە چاودێریش دەكات، ئەوانەی بۆ زیاد بكەی، بۆیە وشەی متمانە بە دامەزراوەكان پێم وایە لەڕووی قانوونیشەوە ئیشكالیەتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز دخالا یەكێدا یەعنی خالا دوێدا پشتگیریا (د.محی الدین)، خوشكا (گولستان)، خوشكا (شیرین) دكەم، كو سەری پەرلەمانی ڤەبیتن، خالا سێدا پشتگیریا (د.شێركۆ ) دكەم بۆچوونا وی، خالا شەشێدا دیسا ئەز پشتەڤانیا كاك (علی حمە صالح)ی دكەم بۆ چونا وی، هەر ساغ بن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (سیپان)، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشی پشتگیریا ل گۆتنێت (د.محی الدین) دکەم ژبۆ خالا دوێ، خالا سێ ژبقی رەنگی دەستە ببیتە دەستەیەکا دلنکەری زانستی چاڤدێری و بەرەڤ پێشبردنا پرۆگرامێ خاندنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.شایان)، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی سێیەمی ماددەی(١) کە دەڵێ دەستەیەکی دڵنیاکەرەوەی زانستی متمانە بەخشینە بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندن ....... هتد، دامەزراوەکان مەبەستی چییە لە دامەزراوەکان؟ مەبەستتان دامەزراوە حکومی و ئەهلییەکانە؟ مەبەستتان چییە؟ ئایا ئەگەر مەبەستتان ئەو شوێنانەیە هەتا ئێستا متمانەیان پێ نەدراوە؟ هەروەرها پشتیوانی لە (د.محی الدین)، (گولستان) خان، (د.شیرکۆ) ئەگەر وەڵام دراینەوە دەبێت ئەوهای لێبکرێت (دەستەیەکی دڵنیاکەرەوەی زانستی نیودەوڵەتییە) لێرەدا هەم روونکردنەوەیەکم هەیە یاخود تێبینییەك ئایا ئەو دەستەیە اتصالی هەیە بە دەستە نێودەوڵەتییەکانی ترەوە بۆ بەرزکردنەوەی یاخود ئەو ئەو (acredit) کە بەڕێزتان ئاماژەتان پێدا؟ ئەگەر وا بێت دەبێت لە پێناسەکەشدا ئاماژەی پێبکرێت، دەستەیەکی دڵنیاکەرەوەی زانستی نێودەوڵەتییە ئەرکی متمانە بەخشینە بە پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێم، بۆ؟ ئەو پێشنیازەی کە (د.شیرکۆ) کردی پاڵپشتی و هاریکاری بکرێتە (متمانە و دڵنیایی جۆری هەر دوو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا توێژینەوەی زانستی...هتد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ جەنابی وەزیر ئەگەر زۆر بە کورتی تکایە سەرنجێك یان وەڵامێك، فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر ئەوەی کە پەیوەندی بەو پرسیارانەوە هەبوو من لەو شەرحە چوار پێنج دەقەییە ئاماژەم بە هەمووی دا، ئەم متمانەیە جیاوازە لەوەی کە وەکو مستەلەحێکی عامی ئێمە بەکاری دەێنین متمانەم پێ بکە، باوەڕم پێ بکە، ئەمە (process)ە لە بواری زانستی جا ئەگەر ئیشکال لەڕووی زمانەوانی کوردی هەیە بەڵام کەلیمەکە بە ئینگلیزی دیارە و بە عەرەبیش لە معاجیم قاموسە ئینگلیزی و عەرەبیەکانیش ئەمە تەعریف کراوە کە ئەمە (process)ی زانستییە وەڵامم دایەوە، پیشتریش پرۆسەکەم شەرح کردووە، ئاماژەم بەوەدا کە ئەمە پرۆسەکە لەوە دەستپێدەکات من پرۆسەکەم بە کورتی بۆ شەرح کردن، کە پرۆسەکە لەوە دەستپێدەکات، پێوەر دادەنرێت، بۆ ئەم پێوەرانە هەڵسەنگاندن دەکرێت بۆ ئاستی جێبەجێکردنی پێوەرەکان، لە کۆتایشدا متمانە دەبەخشرێ، واتا بڕوانامەیەك سێرتیفیکەیتێك دەدرێت کە ئەو سێرتیفیکەیتە پێی دەوترێت (acredition) ئێستا بەشێك لە قوتابخانە نێودەوڵەتییەکان بەشێك لە زانکۆکان کە من نامەوێت

لێرە ناو بێنم تەسویق بۆ هیچ شوێنێك بكەم ئەمانە لە چەندین موئەسەساتی دونیـا هەیە، بەڵام ئەمە ناكـاتە (١%)ی كـۆی دامەزراوەكـانی پەروەردە و فێركـاری لە هەرێمـی كوردسـتان، ئەی فوتابخانەیەكی حكومی چۆن ئەم پرۆسەیە بەدەست بێنێت؟ حەتمەن ئەمە بـۆ ئەو دامەزراوە كە ئەوە بێت، بۆیە جەنابی سەرۆكی پەرلەمـان مـن شـەرحە موفەصـەلەكەم باسی ئەم بـابەتەم كرد.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٢)، بەڵێ بەڕێز وەزیری كاروباری پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (١) ئەوەی كە گوترا لە جێگای ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمـان بێـت، مەبەسـتمان تەنهـا لەوەیە كە ئەنجـومەنی وەزیـران بە نیزامێـك دەسـتەكە رێـك دەخـات لێـرانە دانـراوە ئەنجومەنی وەزیران، ئەو دەستەیە سـەر بە ئەنجـومەنی وەزیـران نابێـت، كە دەڵێـت تەعریفـی ئەنجومەن بكەن، ئەنجومەنی بـاڵای دەستە دووبـارە لەولای باسـمان كـردۆتەوە كە دەمانەوێـت مرونەتێك هەبێت لە دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە بۆ ئەوەی بە نیزام رێكـی بخەیـن، هەر كاتێـك پێویستیمان بە تەعدیل بوو لەبەر ئەوەی دەبیت متمانە وەربگرێـت لەسـەر ئاسـتی نێـودەوڵەتی ئەو دەستەیەی كە دایدەمەزرێنین بتوانین بەشێوەیەكی ئاسانتر تەعدیل بكرێتن.

بـۆ وەڵامـی كـاك (د.شـێركۆ ) ئـێمەش ئەو بابەتەمـان زۆر موناقەشـە كـرد كە ئـایە مصتەلەحی (چاودێری) دابنێین باشتر نییە لە (متمانە بەخشین) مصتەلەحی (چاودێری) لەڕووی یاسـاییەوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمـان كێشـەی ئەوەیە دائیمەن رەقـابە عقـوبەی بە دووەدا دێ مەسـەلەن ئیستا رەقابە حەقی پەرلەمـانە كە ئـی هەمـوو وەزارەتەكـان بكـات وەزارەتـی پەروەردە دەكـات، خوێندنی باڵا دەكات، كاتێك كە رەقابەی دەكات حەقیشی هەیە ئەگەر زانی وەزارەتی خوێـنـدنی بـاڵا و پەروەردە (تطبيـق)ی منـاهیجی خـۆی ناكـات ئەو متمـانەیەی كە پێـی دراوە لە پەرلەمـان تطبیق ناكات حەقی هەیە لێی بسەنێتەوە ئەو متمانەیەی كە پێی داوە، ئەو دەسـتەیە چـاودێری ناكات بەس متمانە دەبەخشێ لەسەر ئەساسی ئەو ستانداردانەی كە ئەو دامەزراوە پەوەردەیـیە یان خوێندنی باڵایە (تطبيق)ی دەكات، بۆی هەیە متمـانەت پێبـدات، بۆشـی هەیە متمـانەت پـێ نەدا، كە متمـانەی پێـت نەدا ئەو موئەسەسـەییە پەورەدەیـیە دەمینێـتەوە، مانـای ئەوە نیـیە كە متمانە پێ نەدا موئەسەسەكە لەناودەچێت، نەخێـر ئەو موئەسەسـەیی پەروەردەیـیە متمـانەش وەرنەگرێـت لە خگـوەی یەكەم دەمینێـتەوە، بەڵام لە مـاددەیەكی دامـان نـاوە ئەو دەسـتە سەربەخۆیە پێویستە كاتێك كە دەبێت بەبەشێك، تەبعەن هەموو ئەو دەستانە دەستەی لۆكـالین بۆ جوابی (د.شایان)ی هەموویان لەناوخۆ دەستەی لۆكاڵین ئەو دەستە لۆكـاڵییە سـەربەخۆیانە دەبـن بە بەشـێك لە دەسـتە نێـودەوڵەتییە گەورەكە، متمـانە لە دەسـتە نیـودەوڵەتە گەورەكە وەردەگرن، ئەو دەستە لۆكاڵیانە ئیشیان ئەوە دەبێت سـتانداردی دەسـتە نێـودەوڵەتییەكە دێـنن لێرانە دەیانكەن بە پرۆگـرام و دەیـانكەن بە معـایر و دەیانـدەن بە خوێـنـدنی بـاڵا و پەروەردە بە هەردوو وەزارەتەكـان، بـۆ ئەوەی ئەوان (تطبيـق)ی بـكەن، كە تطبیقیـان كـرد ئینجـا ئەو دەسـتە لۆكاڵیە تەقیمیان دەكات، بزانێ ئایا ئەوانە هەموو ستانداردەكانیان جێبەجێ كردووە كە تەقیمی

کردن بەیانی ئیجابیات و سلبیاتیان ئینجا ئیمما متمانەیان پێ دەبەخشێ لەسەر ئەو ئەساسە وە ئیمما متمانەیان نـاداتێ، بەڵام کاتێـك کە متمانەیـان نـاداتێ ئـێمە ئیلزاممـان کـردووە گوتوومـانە دەستەی سەربەخۆ ئەو (fund)ی لەسـەر ئاسـتی نێـودەوڵەتی وەری دەگـری بـۆ پشـتیوانیکردنی هەردوو وەزارەتی پەوەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵایە بۆ بەرزکردنەوەی ئاسـتی پەروەردەیـی، واتە دەبێت لەگەڵیان بی، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بەڕێزان، ماددەی (٢)، کاك (عبدالسلام)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە دڵنیابوونەوە لە:

یەکەم: پاراستنی کوالێتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەشێوەیەکی یەکسان بۆ سەرجەم قوتابیان لە رێـگەی دروسـتکردنی کلتـووری داڕشـتن و رۆشـنبیری هەڵسـەنگاندن و بەرەوپێشـچوونی بەردەوام.

دووەم: بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی و زانستی دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا.

سێیەم: بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی بـاڵا بەمەبەسـتی پێگەیاندنی نەوەیەکی بەرپرسیار، هۆشیار، بەرهەمدار.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لەسەر ماددەی (٢) هەر بەڕێزێك دەیەوێـت گفتوگۆ بکـات، کـاك (بـالانبو)، (ئاشـنا) خان، (شیرین امین) مامۆستا (عمر)، کاك سیپان)، (مژدە) خان، (د.ریبوار)، کاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٢) بـڕگەی دووەم بەرزکـردنەوەی ئاسـتی پەروەردەیـی و زانسـتی دامەزراوەکـانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بۆچی ئاستی زانستیان بەرز دەکەینەوە؟ سێیەم بەدیهێنانی ئامـانجە گشـتییەکانی دامەزراوەکـانی پەروەردە و خوێنـدنی بـاڵا بەمەبەسـتی پێگەیانـدنی نەوەیەکـی بەرپرسیار، هۆشیار، بەرهەمدار، بەس ئامانجەکە لێـرەدا کۆتـایی نەهـاتووە ئـێمە ئەم نەوانەمـان بۆچییە؟ نەوەیەکـی بەرپرسـیار، بەرپرسـیاری لە چـی؟ کە مـافی دامەزرانـدنی نەبێـت، کە مـافە کـارکردنی نەبێـت، لەچیـیەوە هۆشـیار بێـت؟ هۆشـیاری لەوەی کە مافەکـانی خـۆی بەدەسـت ناهینێت، لە چی ببەرهەمـدار بێـت؟ پێویسـتە بـڕگەیەك بـۆ ئەو مـاددەیە زیـاد بکەیـن بـا بـڕگەی چـوارەم ( بەگەر خسـتنیان لە دامەزراوە حکـومی و ناحکومییەکـان) چـونکە ئـێمە ئەگەر ئەوانە پەروەردەش کەین بەگەڕیان نەخەین ئامانج نەهـاتۆتە دی، ئامـانج لەوەی کە باسـی دەکەیـن بـۆ ئەوەیە کە لە دوارۆژدا ئیستیفادەیەك بەم هەرێمە بگەیەنن، نەك ئێمە فێریان بکەین و لە مـاڵەوە دایان بنێین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(ئاشنا) خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئامانجەکانی ئەم یاسایە بە راستی هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا هەیانە، هیچ جیاوازییەك نابینم، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەم دەستەیە نەبێت ئیتر وەزارەتی پەورەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەم ئامانجانە هەوڵی بۆ نادەن، بەدەستی ناهێنن ئەمە پرسیارەکەیە؟ رەنگە نیەتێکی باش هەبێت لەپشتی ئەم پرۆژەوە بەڕێز وەزیری پەروەردە، رەنگە نیەتێکی باش هەبێت لە پشتی ئەم پرۆژەیەوە، بەڵام بە ئێمە نەگەیشتووە، من نازانم نیەتە باشەکە چییە، ئەوەندەی دیدێکی نێگەتڤ و بابڵێین دیدێکی نەرێنیانەم بۆ پرۆژەکە هەیە ناتوانم دیدێکی هینم هەبێت بۆی، لەبەر ئەوەی پێم وایە هەر ئەم ئامانجانە هەردوو وەزارەتەکان خۆیان دەتوانن بیکەن، هیچ بەربەستێك نییە لەوەی کە وەزارەتەکان خۆیان بیکەن، سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
(شیرین) خان، فەرموو.
**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بۆ ماددەی (٢) بڕگەی یەکەم پاراستنی کوالێتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بکرێت بە پاراستنی ئاستی پەروەردە و خوێندنی باڵا، پشتگیری لە قسەکان بەڕێز (ئاشنا) خان دەکەم، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك (سیپان)، فەرموو.
**بەڕێز سیپان سالم حسن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دوان هەرسێ خالادا ئەز بڤی رەنگی ل ئێك خالا بێتە کۆمڤەکرن بڤی رەنگی بیتن بەرەڤ پێشبرنا کوالێتیا خاندنی ل ناڤەندێن پەروەردەیی خاندنا بالا ژبۆ بلندکرنا ئاستێ هۆشیاری و زانینا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ، (مژدە) خان، فەرموو.
**بەڕێز مژدە محمود محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتیوانی قسەکانی کاك (سیپان)، (ئاشنا) خان دەکەم، لەگەڵ تەواوی قسەکانیانم، سەبارەت هەر بە ماددەی (٢) رێك هۆیەکانی دەرچوواندنە لیرە بە نەوعیکی تر رازێنراوەتەوە و زیاد کراوە، پێم وایە بە نمونە سێیەمیان هەر دەبێ لابرێت لە ماددەی (٢) بڕگەی سێیەمی، سێیەم و دووەم و یەکەم تەقریبەن رێك هۆیەکانی دەرچوواندنە، پیشنیار دەکەم پێداچوونەوەی پێدابکرێت رێك بخرێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، سەرەتا بەخێرهاتنی ئەو میوانە بەڕێزانە دەکەم، وێڕای دەست خۆشییەکی زۆرم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ناردنی ئەم پرۆژە یاسایە کە من پێم وایە وەکو پێشتریش کە مامۆستای زانکۆ بووم ڕێك ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان دامەزراوەکانی پەروەردە، دامەزراوە زانستی و ئەکادیمییەکان پێمان وایە پێویستیمان بەوەیە کە ئاستی مەعرفی و ئاستی تەکنەلۆجیا لەو دامەزراوانە بەرزبکرێتەوە، من پێم وایە تەکانێك دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مەعرفی ئەم دامەزراوانە بەتایبەتی ئەگەر لە دامەزراوە پەروەردەیی گشتییەکانیان حکومیەکانەوە قسەی لەسەر بکەین، بە هیچ جۆرێك تاوەکو ئێستا بە هیچ جۆرێك متمانەیەك لەلایەن دامەزراوە ئەکادیمیە ناوبانگەکانەوە نەدراوە بە دامەزراوەکانی بواری پەروەردە و کەرتی حکومی، بۆیە ئەمە گرینگە و جێی دەست خۆشییەکی زۆرە بە باشی دەزانم هەر هەموومان پاڵپشتییەکی زۆری بکەین، سەبارەت بە مادەی (٢) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من پێم وایە ئەوەی کە پەیوەستە بە سەرۆکی دەستەکە سەرۆکی ئەم دەستەیە لەبەر ئەوەی ئەم دەستەیە بۆخۆی جۆرییە دەستەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنە، بۆ دانانی پێوەری زانستییە، بۆ هەندێك لەو دامەزراوانە زۆر گرینگە سەرۆکی دەستەکەش هەندێك موئەهەلاتی زانستی هەبێت بۆ ئەوەی لە زمانی دەستەکە لەڕووی زانستییەوە تێبگات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە ئەگەر سەرنجێك نییە، (د.گلاویژ) ببورە یەك دەقە، مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە بۆچوونەکەی (ئاشنا) خان دەکەم، ئەم ئامانجانە هەمان ئامانجەکانی وەزارەتی پەروەردەن، وەزارەتی خوێندنی باڵان، لەویَ دامەزراوەی پەیوەندیدار دامەزراوە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە پاشان پرسیارێکی زۆر زۆر جددی هەیە لێرە ئەگەر بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە بۆچوونی ئەم دەستەی متمانە بەخشینە لەگەل بۆچوونی خوێندنی باڵا یان پەروەردە تێك گیرا کێ یەکلای دەکاتەوە؟ کێ بڕیار دەدات؟ کام ئامانجەیان بە کام وەسیلە بهێنرێتە دی؟ ئەگەر زانکۆیەك قەناعەتی لەگەل ئەم دەستەی متمانە بەخشینە نەگونجا کێ یەکلای دەکاتەوە؟ کێ حەکەمە؟ کی بڕیار دەدات؟ ئەمانە هەمووی پرسیاری جددین پێویستیان بە وەڵامە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢) وەکو ئێمە لە راپۆرتی حکومەت ناردوومانە لە بڕگەی یەکەم داوا دەکەین (دڵنیابوونەوە) دابنرێت، (دڵنیابوونەوە لە پاراستنی کوالێتی پەروەردە)، بڕگەی دووەم بە هەمان شێوە (دڵنیابوونەوە لە بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە)، سێیەمیشیان بە هەمان شێوە

(دڵنیابوونەوە لە بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان)، چونکە وەکو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان پێدا ئیشی وەزارەتە پاراستنی کوالێتی پەروەردە خوێندنی باڵا بکات، ئیشی وەزارەت خۆیەتی ئیش بکات لەسەر بەرزکرنەوەی ئاستەکەی، ئەو جێبەجێی ئەو معایرانە دەکات کە ئەو دەستەیە دەیداتی، ئیشی ئەویشە کار بکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی، بەڵام ئیشی دەستەکە یان ئامانجی دەستەکە دڵنیابوونەوەیە لەوەی ئایا ئەو پێوەرانەی کە دراوە بە موئەسەساتی خوێندنی باڵا کە دراوە بە پەروەردە ئایا ئەو پێوەرانەی جێبەجێ کردووە، ئینجا بۆ ئەو مەبەستە پێویستە مصتلەحی (دڵنیابوونەوە) لە پێش هەموو بڕگەکان دابنرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری پەروەردە، فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو وەڵامێك بۆ بەڕێز (ئاشنا) خان وەکو تەوزیحێکیش، ئێستا پرۆسەکە لە لەراستیا بۆ ئەوەی راستگۆ بم لەگەڵتان بە شێوەیەکی زۆر ناتەندروست بەڕێوە دەچێت، ئێمە خۆمان پێوەر بۆخۆمان دادەنێین، خۆشمان هەڵسەنگاندن بۆخۆشمان دەکەین، خۆشمان عەیب و کەموکوڕیەکانی خۆشمان دادەپۆشین یان هەوڵێکی بۆ دەدەین چاکی بکەین، کە ئەمە لە هیچ شوینێکدا جیهازی ئیشراف وا نییە، جیهازی ئیشراف و متمانە و پێوەربوون بەم جۆرە نییە، ئەم دەستەیە وەکو وتم ئەو پێوەرە دادەنێ کە ئێمەش بەشێکین لێرە بۆ پشتیوانی ئێمەیە، سیاسەتی ئەم دەستەیە بە وازحی نوسراوە بە کەلیمەیەکی سەریحی موتڵەق بۆ پشتیوانیکردنی هەردوو وەزارەتە، پێوەر دادەنێ، هەڵسەنگاندنەکان لەرێگەی تیمەکانی خۆشمانەوە لە رێگەی تیمەکانی ئەو دەستەیەشەوە دەکرێت، پاشان متمانە دەبەخشێت، ئەوە ئەوە نییە خۆت هەموو شتێك بکەی، پێوەریش دابنێی، خۆشت رەقابە لەسەر خۆت بکەی، خۆشت خۆت بە دڵبێت یان کەموکوڕیەکەی خۆت بشاریتەوە، نەخێرئێستا کەسێکی دیکە دەیکات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) عینوانی ماددەکە وامان لێکرد ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە دڵنیابوونەوە لە، بۆیە لە یەکەم و دووەم و سێیەم دڵنیابوونەوەمان لادا، چونکە لە عینوانەکە هەیە بۆ ئەوەی تیکرار نەبیت سێ جاران، دەست خۆشی لە بەڕێز وەزیری هەرێم دەکەم، بەس نیەتی ئێمە وا بوو کە بەم شێوە تکرار دروست نابێت، بۆیە لە عینوانی ماددەکەمان دایە، ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە دڵنیابوونەوە، ئینجا یەکەم و دووەم و سێیەم، دەتوانین بگەڕێینەوە سەر ئەسڵەکەش، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ماددەی (٣)، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

یەکەم: دەستەیەك بەناوی دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان-عێراق دادەمەزرێت و خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیی و دارایی و کارگێری دەبێت.

دووەم: دەستە سەرۆکێکی دەبێت کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵا دیاری دەکرێت و بەرپرس دەبێت لە ئاراستەکردنی کارەکانی و گشت ئەو بابەتانەی پەیوەندیان هەیە بە ئەرکەکانی دەستە و سەرجەم کاروبارەکانی.

سێیەم: دەستە لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت و لەلایەن سەرۆکی دەستەوە سەرپەرشتی دەکرێن:

١-بۆردی متمانە بەخشینی پەروەردەیی.

٢- بۆردی متمانە بەخشینی خوێندنی باڵا.

٣- فەرمانگەی یاسایی و کارگێری و دارایی.

چوارەم: پێکهاتەکانی بۆردی متمانە بەخشینی پەروەردەیی و بۆردی متمانە بەخشینی خوێندنی باڵا و فەرمانگەکانی دەست و لقەکانی و ئەرك و دەسەڵاتەکانی بە پەیڕەوێکی ناوخۆ دیاری دەکرێن کە دەستە پێشنیازی دەکات و ئەنجومەنی باڵا پەسەندی دەکات.

پێنجەم: دەستە لەکانی پێویستدا دەتوانێت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە بهێنێتە کایە وە یان لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو ماددەیە هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات با ناوی تۆمار بکات؟ بەڕێزان ئەوانەی ناویان تۆمار کردووە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ماددەی (٣) بکەن، کاك (د.محی الدین)، کاك (سیپان)، مامۆستا (عمر)، کاك (مسلم)، (گولستان) خان، (گولستان سعید)، (ئاشنا) خان، (رۆژان) خان، د(شایان)، (شیرین) خان، (شیرین امین)، کاك (سەرکۆ)، کاك (لقمان)، کاك (علی)، (مژدە) خان، (مژدە) خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەگوترا ئەو ماددەیە بارگرانی دارایی نابێت، ئەی لێرە دەڵێ دەستە خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆ و دارایی و کارگێری دەبێت، ئەوە بارگرانی دارایی نابێت پێچەوانەی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، سەبارەت بە ماددەی (٣) خاڵی پێنجەم دەڵێ دەستە لەکاتی پێویستدا دەتوانێت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە بهێنێتە کایە یان لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە، ئەوە دەسەڵاتە وەزیر زۆر لاواز ناکات؟ یەعنی کە ئەوان بڕیاری

لێبدەن لەبری وەزیر؟ خۆی وەزیر باڵاترین کەسی ناو وەزارەتەکەیە، یەعنی لە سەرووی ئەویشەوە هەبێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من پرسیارەکەم ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری پەرلەمان، باس لەوەی دەکاتن کە ئەو دەستەیە سەرۆکێکی دەبێت لەلایەن ئەنجومەنی باڵاوە دیاری دەکرێ، من پرسیارەکەم پێشتر ئەوە بوو ئایا ئەو دەستەیە سەربەخۆیە؟ ئەگەر سەربەخۆیە سەرۆکەکەی لەکوێیە دیاری دەکرێت؟ ئەگەر لەلای پەرلەمان دیاری دەکرێت مەفروز نییە سەرۆکەکە لەلایەن ئەنجومەنەکەوە دیاری بکرێت، بۆیە دەبێت ئەو ئیشکالیەتە حەل بکەی، ئایە ئەگەر دەستەیەکی سەربەخۆیە دەبێت لەلای پەرلەمان متمانە وەرگرێت، ئەگەر سەربەخۆش نییە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە ئەوە دەکرێ لەلای ئەنجومەنەکە دیاری بکرێت، بۆیە داوای روونکردنەوە لە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سیپان)، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردا کو لوێ راستڤەکرنێ دکەم ژبۆ خالا یەکەم دەستەیا چاڤدێری و بەرەڤ پێشبردنا پرۆگرامێن پەروەردێ و خوێندنا باڵا ل هەرێما کوردستانێ-عێراق دادەمەزرێت و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆی دارایی کارگێری دەبێت، ژبۆ خالا دوێ ژپشتگیریا گوتنێ (د. محی الدین)ی دکەم، خالەکیش پشتگیریا گوتنێ (مژدە) خانی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (مسلم)، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەسەر ماددەی (٣) تێبینیەکم هەبوو، ئەویش لەسەر ئەوەیە کە بەڕێز (د.محی الدین) باسی کرد ئەم دەستەیە لەلایەن ئەنجومەنی باڵاوە دیارە سەرۆکێکی بۆ دیاری دەکرێت، باشترە بەراستی پلەی سەرۆکەکە لێرە دیاری بکرێت، ئایا بە چ پلەیەك ئەو سەرۆکە دەست بەکار دەبێ؟ ناونیشانەکەی چییە؟ بۆیە بەراستی لێرەوە ئەو یاسایە روونتر بێ، ئەو سەرۆکەی کە دیاری دەکرێت لە ئەنجومەنی باڵاوە چ پلەیەکی پێ دەبەخشرێ لێرانە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(گولستان) خان، فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) بڕگەی دووەم دەستە سەرۆکێکی دەبێت پێویستە وا داڕێژرێتەوە، لەلایەن پەرلەمان متمانەی پێ بدرێت و بەرپرس بێت لە بەرامبەر ئاراستەکردنی کارەکانی و گشت ئەو بابەتە پەیوەندیدارانەی بە هەموو بابەتاکانیەوە، لە بڕگەی یەکەمیشدا بیرم چوو دەستەیەك بەناوی دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت و سەر بە پەرلەمانی کوردستان دەبێت خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی و دارایی کارگێری دەبێت، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم دەستە لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت کە لەلایەن سەرۆکی دەستەوە سەرپەرشتی دەکرێت، بۆردی متمانە بەخشین و بۆ پەروەردەیی متمانە بەخشینی خوێندنی باڵا و یاسایی و کارگێری و دارایی، کێ دەبێتە ئەندام لەم بۆردانەیا؟ ئەمە زۆر ناڕوون و زۆر ناشەفافە تیایا، مەرجەکانی بوون بە ئەندام لەناو ئەو بۆردانەیا چین؟پلەی وەزیفیان چییە؟ سکرتێرن؟ سەرۆکی ئەو بۆردانەن؟ نازانم یەعنی هیچ هینێکی وازحی تیا نییە، بۆیە من روونکردنەوەیەکم دەوێت یان ئەوەتا لە یاساکەدا دیاری بکرێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (لقمان)، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) پێشنیاز دەکەم کە بڕگەی (٤) بکرێتە دوو بڕگە خاڵی چوارەم سەرۆك و ئەندامانی بۆردەکانی ئەم دەستەیە کەسانی ئەکادیمی ئاست بەرزی خاوەن ئەزمونی کارکردن بن لەم بوارەدا، دەکرێت سوود لە توانای زانستی کەسانی ئەکادیمی بە ئەزموون لە رەوەندی کوردستانی و کەسانی بیانیش وەربگیرێت، وێڕای ئەوە پێویستە لەم ماددەیەدا پێکهاتەی دەستەکە دیاری بکرێت، من پێشنیاز دەکەم پێکهاتەی دەستە بەم شێوەیە بێت کە ئەنجومەنی دەستە سەرۆکی ئەنجومەنی دەستە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێت، جێگری سەرۆکی ئەنجومەن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێت، هەر یەك لە وەزیری پەروەردە، خوێندنی باڵا، وەزیری پلاندانان، ئەندامی ئەنجومەنەکە بن لەگەڵ ئەو کەسانەی تر کە بە پێویستە دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.شایان)، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو لە روونکردنەوەکانی پێشتردا بۆمان روونکرایەوە کە گوایە بارگرانی دارایی نابێت، بەڵام لێرە باسی سەربەخۆیی دارایی دەکات، ئەگەر لێرەدا روونکردنەوەیەکمان پێ بدەن ئەوە چییە؟ دەستە سەرۆکێکی دەبێت، ئایا پلەی سەرۆکەکە چییە؟ ئەنجومەنی باڵا، ئەنجومەنی باڵا کێیە؟ لە بڕگەی دووەم لەلایەن ئەنجومەنی باڵا دیاری دەکرێت، ئەنجومەنی باڵا کێیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (رۆژان) خان، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەبارەت بە ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم، لە کۆتایی بڕگەکەیا دەڵێ سەربەخۆیی دارایی و کارگێری هەبێت، راستە لە ماددەی (٦) باسی ئەوە دەکات کە بوودجەکەی ئەم دەستەیە لە بوودجەی هەرێمە بوودجەیەکی بۆ دیاری دەکریت، بەڵام ئەمە بارگرانی داراییە کە هەموومان باسی دەکەین و دەڵێین بارگرانی دارایشی نییە، ئەگەر بەشێوەیەکی دیکە من بەدواداچوونم کردووە دەڵێ لەلایەن رێکخراوە جیهانییەکانەوە فەند دەکرێت، ئەگەر وایە پێویستە سەرچاوەی دارایی ئەم دەستەی دیاری بکرێت، لەناو یاساکەدا هەبێت، سەبارەت بە بڕگەی دووەم سەرۆکی دەستە، باسی سەرۆکی دەستە دەکات پێویستە لە ماددەی یەکدا تەعریفی سەرۆکی دەستە بکرێت کە لێرەیا باسی کردووە، ئەم سەرۆکە بۆ ماوەی چەند سەرۆکایەتی دەکات؟ چۆنە؟ هەڵبژاردن دەبێت یان لە لایەن ئەنجومەنی باڵاوە هەڵدەبژێردرێت؟ بۆ ماوەی چەنێك سەرۆکایەتی دەکات؟ چونکە ئەمە وەکو وەزارەت نییە وەکو ئەو دەستانەش نییە کە ئیستا دەڵێین دەستەیەکی سەربەخۆیە و ئەوە، سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم بەڕای من ئەگەر پلانیان هەیە لە ئیستادا بۆ ئەم دەستەیە ئەم بڕگەیە پێویست نییە، یەعنی ئەگەر پلانێك هەیە بۆ ئەم دەستەیە ئەم بڕگەیە هیچ پێویست ناکا و هەیکەلیەتەکەی دیار کراوە یان هەیکەلیەتێکی تەواو تێر و تەسەل دیاری بکرێت بۆ ئەم دەستەیە پێویست بەوە ناکات بڵێ بەش و هۆبە و بەڕێوەبەرایەتی بۆ زیاد دەکرێ و هەڵئەوەشێنرێتەوە و ئەو بابەتە دیاری بکرێت لەناو قانوونەکەدا و ئاماژەی پێبدرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەتا وەکو زیاتر موناقەشەی ماددەکان بکەین نزیك بینەوە لە ناوەڕۆکی یاساکە زیاتر ناڕوونی و ئاڵۆزی و مگاگیەتی یاساکە دەردەکەوێت، ئەم دەستەیە لە ماددەی (٣)دا لە بڕگەی یەکەمدا باسی دەکات، بەڵام ناڵێ سەر بە کێیە، یەعنی لە کوردستاندا چوار دەسەڵات هەیە، ئەنجومەنی وەزیران، دادوەری، پەرلەمان، سەر بە کامیانە ئەمە؟ بۆ بە ڕوونی نانوسرێت؟ ئایا دەکرێت دەستەیەك هەبێت سەربەخۆ بێت لەو هەوایە بۆخۆی یەعنی کەس نەبێت چاودێری بکات، کەس نەبێت لێی بپرسێتەوە، کەس نەبێت ئەندامەکانی دانێ، شتی وا نابێت، لە کوێ؟ لە هەرێمێکدا دوو حیزبی سیاسی دەسەڵاتدار تەداخول لە مەسئول هۆبەیەك دەکەن لە یەکە ئیدارییەکاندا، ئەمە ملاحەزە یەکەمە.............

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر) موناقەشەی شتێك دەکەین کەم بچینەوە سەر حزبایەتی رجائەن،............

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێ جا سەرەتانی ئەم وڵاتە ئەمەیە.......................

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان موناقەشەی ئەو ماددەیە بکەن و چڕی کەنەوە لەسەری.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە بۆچوونەکەیە، خاڵێکی تر ئەوەیە ئەم بۆردانە کێن کێ دایان دەنێت؟ ئاستی زانستی و ئەکادیمییان چییە؟ باشە پرسیارێکی تر لێرە ئەنجومەکە دراوەتە دەست پەیڕەوێك کە لە ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت، باشە ئێمە ئەم یاسایە بۆ دەردەکەین کە هەموو شتێك پێکهاتەکەی، جۆرەکەی، دەسەڵاتەکەی، هەمووی دراوەتە دەست ئەنجومەنی وەزیران، با ئەنجومەنی وەزیران خۆی ئەم دەستەیە دەرکات وەکو دەستەیەکی راوێژکاری بۆ ئەرکەکانی، بۆ؟ بۆ بە یاسایەك ئەهێنرێت، ئەگەر فکرەیەکی جوان لە پشت ئەم یاسایەوە هەبێت بە هیچ جۆرێك نەتوانراوە لە مادده و بڕگەکانی ئەم یاسایە جێی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (شیرین) خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم، بڕگەی دووەم، دەستە سەرۆکێکی دەبێت لەلایەن ئەنجومەنی باڵا دیاری دەکرێت و بەرپرس دەبێت لە ئاراستەکردنی کارەکانی و گشت ئەو بابەتانەی پەیوەندییان هەیە بە ئەرکەکانی دەستە و سەرجەم کاروبارەکانی، گەر ئێمە لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ کۆی ئەو دەستانەی تر کە هەن لە ئەنجومەنی وەزیراندا، یاخود یاسای تایبەتیان هەیە هەموو ئەو دەستانە پلە و بڕوانامە و پسۆڕییان دیاری کراوە بەڵام لێرەدا بەداخەوە ئاماژەی پێنەکراوە بۆیە پێشنیار دەکەم کە پلە و پۆست و پسپۆڕی سەرۆکی دەستە لە یاساکەدا تەسبیت بکرێت، بۆ بڕگەی سێهەمیشی بە هەمان شێوە کە ئاماژە بە پێکهاتەکانی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سەرکۆ)، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من تێبینیەکانم لەسەر ماددەی (٣)، بەشی دووەم، سێیەمیش هاوڕێیانم قسەکانی ئێمەیان کرد پشتیوانی قسەکانی (رۆژان) خان، کاك (لقمان)، کاك (عمر گوڵپی)، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (علی)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانی قسەکانی (شیرین) خان من کۆمەڵێك پرسیارم هەیە، مەبدەئێك هەیە کێ متمانەت پێ بدات کێ داتنێت لەبەردەم ئەودا بەرپرسیار دەبین، ئەنجومەنی باڵا سەرۆکی دەستەکە دادەنێت، ئایا سەرۆکی دەستە لەبەردەم ئەنجومەنی باڵا بەرپرسیار دەبێت؟ نا، یا دەبێت لەبەردەم پەرلەمان بێت، یان دەبێت لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بێت، پاشان هەموو پلەیەك ئەگەر سەرۆك وەزیران یان سەرۆکی هەرێمیش بیبەخشێ ئیستینادی قانوونی هەیە، ئایا پلەی ئەم سەرۆك دەستە چییە، وەزیرە؟ بریکاری وەزیرە؟ چییە پلەکەی؟ نازانم نەنووسراوە لەوانەیە هیچ نەبێت، ئیستیناد بە چ قانوونێك؟ ئەم پلانە دەبەخشێت، بۆ نموونە پلەی سەرۆکی بۆردەکان چین؟ بۆردەکان چین؟ پاشان ئایا بەم پەیڕەوە کافییە یان ئەم دەستە قانوونێکی تایبەت بەخۆی دەبێت هاوشێوەی دەستەکانی تر، ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانەمان بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(ئاشنا) خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستییەکەی من قسەکانی کاك (علی) دووبارە ناکەمەوە چونکە بەشێکی قسەکانی منی کرد، بەڵام بەلامانەوە گرینگە ئەو ئەنجومەنی باڵایە روونکردنەوەمان بدەنێ بە دیاریکراوی چییە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، جا پێویستە روونکردنەوەمان بدەنێ لەسەر ئەوەی کە بەراستی ئەم سەرۆکە تا کەی بەردەوام دەبێت؟ چونکە بەراستی هەر لە دانانی سەرۆکی زانکۆکاندا ئێمە قانوونی خوێندنی باڵامان هەیە بەڕێزتان ئاگادارن یەعنی تۆ بۆ دانانی سەرۆکی زانکۆیەك یان بۆ راگرێك کۆمەڵێك مەرج و رێسات هەیە دەبێت خزمەتی ئەوەندە هەبێت، خاوەنی بڕوانامەی ئەوە بێت، ناکرێت تۆ سەرۆکێك دەهێنی دەیکەی بە سەرۆکی دەستەیەك ئاوا گرینگ کە سەرپەرشتی دوو وەزارەتی گەورە و گرانی وەکو پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکات دیاری نەکرابێت کە تایبەتمەندییەکانی چییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز هەردوو وەزیر ئەگەر وەڵام بدەنەوە، بەپێی اختصاصی خۆتان، بەس ئاگاتان لە کات بێت بەڕێزان، فەرموون.

**بەڕێز ئالان حمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، زۆر بە کورتی، ئێمە باسی ئەوەمان نەکردووە کە پلەی ئەو بەڕێزانە چی دەبێت، ئامانجیش ئەوە نییە پلەکان پلەی وەزیر بێت تا لە پەرلەمان متمانە وەربگرێت، ئیشکردنی ئەم دەستەیە بۆ ئەوەی کە تۆ پێوەر دابنێی و چاودێری یان هەڵسەنگاندن بۆ جێبەجێکردنەکەی بکەی دەبێت نەوعێك لە ئیستیقلالیەتی کارکردنی خۆتت هەبێ ئەمە یەك، دوو دەبێت میهەنیەت و ئەکادیمی پرۆفیشناڵی لە کارەکاندا هەبێت، بۆیە ئەو کەسانەی کە ئەم کارانە

دەکەن خەڵکێك دەبن لەوە دەچێت هەر وەکو گرێبەستێك گرێبەستێکیان لەگەڵدا بکرێت بۆ ئەوەی کە ئەم کارە لە بۆردی متمانەیی بابڵێین پەروەردەیی یان خوێندنی باڵا یان هەتا بۆ دەستەکە کەسێك بێت لە کوردستان لە دەرەوەی کوردستان لە شوێنێك موختص بێت لەم کارە بتوانی ئەو ئیشە بکات، دوو ئەوەی ئەنجومەنی باڵا من دەمەوێت زۆر بە صەراحەت پێتان بڵێم خەڵکانی مختص و پەیوەندیدار لە هەردوو وەزارەتەکان لێرە دەبن، بەڵام ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی دوور و درێژخایەنی ستراتیژییە، رەبتی دەبێت بە دامەزراوەی گەورەی جیهانییەوە لە بارەی (accreditation) ممکینە لە ئایندە داواکاری یان شێوازەکانی ئیتفاقی ئەمەی نێوان ئەو (accreditation) و یان رێککەوتن لە گەڵیاندا پێویست بکات کە جۆرێك لە مرونەت و تەواو تەواو خەڵکی پرۆفیشناڵی ئەکادیمی لەناو ئەنجومەنەکە کار بکات، بۆیە لێرە وەکو بەڕێز (د.ڤالا) ئاماژەی پێدا شیکردەوە مرونەتێك لە ئەنجومەنەکە را هاتووە بەڕێزان خۆ ناکرێت هەموو دەقەیەك بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان تەنها خاڵێك ئەوە بکەی لەسەر داواکاری یان لەسەر لێکتێگەیشتنێك لەگەڵ دامەزراوەیەکی گەورەی دڵنیایی جۆری یان متمانە لە دەرەوە وڵات، بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی کە لەسەر ئەو ماددەیە مناقەشە کرا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوە وەڵامی ئێمە بوو.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە دەستەکە دەستەیەکی سەربەخۆیە دەستەکەش دەستەیەکی نوێیە هاوشێوەی دەستەکانی تر نییە کە سەرۆکەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان متمانەیان پێدراوە لە بەرامبەر پەرلەمانیش بەرپرس دەبن، هەر جیهەتێك متمانەت پێبدات لە بەرامبەر ئەو جیهەتە بەرپرسی وەکو بەڕێز کاك (علی) ئیشارەتی پێدا سەرۆکی ئەم دەستەیە لەلایەن ئەنجومەنی باڵا دادەنرێت، بەڵام ئەو دەستەیە سەربەخۆیە نێودەوڵەتییە متمانەی پێدەدا کە سەرۆکایەتی هەموو دەستەکان دەکات لە جیهاندا، وازحە؟ ئەوە تایبەت بەو پرسیارە، ئەنجومەنی باڵا کێیە؟ ئەنجومەنی باڵا وەکو بەڕێز کاك (لقمان) ئیشارەتی پێدا لە مەرحەلەی یەکەم کە بە نیزام رێکی دەخەین رەنگە (١٢) تا (١٥) ئەندامی هەبێت، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری خوێندنی باڵا، وەزیری پەروەردە، زائیدەن کەسانی تری پسپۆڕ کە لەناو حوکمڕانیدا نین، ئەوانە لە مەرحەلەی یەکەم بەشدار دەبن کە بەپێی نیزام رێکی دەخەین بۆ ئەوە بتوانێ ئەو دەستە سەربەخۆیە پاڵپشتی هەبێت، سەرکەوتوو بێت لەو ئەرکانەی کە ئەنجامی دەدات، ئەو پرسیارەش (د.محی الدین) هەر لە منی کرد، سەرۆکی دەستە لەلایەن ئەنجومەنی باڵا دیاری دەکرێت بۆ لەلایەن پەرلەمان نەبێت، وەکو گوتم سەرۆکی دەستە لەلایەن پەرلەمان متمانە وەربگرێت بەرپرس دەبێت بەرامبەر پەرلەمان ئەو لەلایەن دەستەیەکی نێودەوڵەتییەوە متمانە وەردەگرێت، پێویستە سەربەخۆ بێتن، بۆیە نە سەر بە پەرلەمان دەبێت، نە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، بەڵکو دەستەیەکی سەربەخۆیە، زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٤) بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆك پەرلەمان.**

ماددەی (٤):

ئەرکەکانی دەستە بریتین لە:

١-دانانی پێوەری گونجاو بۆ چەسپاندنی بنەماکانی متمانە بەخشین بە جۆرێك کە هاوتەریب بێت لەگەڵ پێوەرە کارپێکراوە نێودەوڵەتییەکان کە دەستەبەری نایابی ئەکادیمی و پەروەردەیی و ئەنجامەکانی کۆی پرۆسەی خوێندن و فێربوون دەکات.

٢-دڵنیابوون لەوەی کە دامەزراوەکانی پەروەردەیی و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەیڕەوی پێوەر و ستاندارده نیودەوڵەتییەکانی متمانە بەخشین لە پرۆگرامەکانی خوێندن دەکەن لە رێگەی رێکخستنی میکانیزمەکانی پرۆسەی متمانە بەخشین و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێداچوونەوەی هاوشێوە و چاودێری کردنیان.

٣- پشتیوانیکردنی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ دانانی سیاسەتی گشتی و پلان و پەرەپێدان و توانا مرۆییەکانی تایبەت بە پرۆسەی بەدەست هێنانی بڕوانامەی متمانەیی بۆ دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و پرۆگرامەکانی خوێندن و فەراهەمکردن و بەدەستهێنانی بوودجە و پشتیوانی دارایی بۆ ئەو دامەزراوانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی ئەم بڕوانامەیە بەپێی پێوەرە کارپێکراوەکان.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لەسەر ماددەی (٤) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات، تەنها سێ کەسن، کاك (عمر)، کاك (بەڵێن)، کاك (د.ریبوار)، کاك (دابان)، کاك (دابان)، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤) بڕگەی یەکەم، دانانی پێوەری گونجاو بۆ چەسپاندنی بنەماکانی متمانە بەخشین بە جۆرێك هاوتەریب بێت لەگەڵ پێوەری کارپێکراوی نێودەوڵەتی، بۆ راستەوخۆ تەبەنای پێوەرێکی نێودەوڵەتی ناکرێت لەناو ئەم هینەیا، بەڕێزان کاك (کاروان)، (ئاشنا) خان باسیان لەوە کرد کە چەند پێوەرێکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ راستەوخۆ تەبەنا ناکرێت لێرە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من پرسیارم هەیە لەسەر ئەم ماددە، ئەمانە ئەرکی گرینگن، بەڵام ئەم ئەرکانە ئەی ئەگەر جێبەجێیان نەکردن ئەم دەستەیە؟ یەعنی کێ لێیان دەپرسێتەوە؟ کێ متابەعەیان دەکات؟ کێ کوالێتیەکەی دەپارێزێت؟ پاشان ئەگەر زانکۆیەك یان قوتابخانەیەك لە کوردستاندا بۆچوون و پێشنیار و پرۆسەکەی ئەمانی قبوڵ نەکرد، ئیتر کەیفی خۆیەتی، یەعنی ئیلزامییە، ئەوەی کە

ئەمان دەیکەن بۆ هەموو موئەسەسەیەکی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە کوردستان یان نەخێر ئیختیارییە، وەك ئەوەی کە ئێستا ئەو کێشە و گرفتانەی کە ئێستا هەن لە بەینی پەروەردەی حکومی و تایبەتا، لێگەڕاون بەداخەوە منداڵی ئێمە دەچێتە قوتابخانەیەکی ناحکومی فێری ئینگلیزی دەکەن وا ئەزانین فێری پێشکەوتنیان کردووە، کوردیەکەشی لەبیر دەبەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (٤) (بیت القصید) وەکو عەرەب دەڵێ جەوهەری پرۆژە یاسایەکەیە، من تەعدیلێکم هەیە بۆ خاڵی سێیەم وە ئیزافەیەکیشم هەیە لە فەقەرەی چوارەم، لە خاڵی سێیەم دەڵێ ئەم دەستەیە پشتیوانی دەکات، پشتیوانی بابڵێین دامەزراوەی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکا بۆ دارشتنی سیاسەتی گشتی، من پێم وایە دەبێت بەشدار بێت لە دارشتنی سیاسی گشتی لەگەڵ ئەم دوو دامەزراوەیە، وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا نەك پاڵپشتی بکا، بەڵکو بەشدار بێت، ئەو فەقەرەی کە من دەمەوێت ئیزافەی بکەم بۆ ئەرکەکانی ئەم دەستەیە ئەوەیە کە ئەم دەستەیە بتوانێ ئەرکی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی بڵێین جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی یا بۆ بنەما پەروەردەی و خوێندنی باڵا لەلایەن دامەزراوەکانەوە بێت، ئەرکی هەڵسەنگاندنی ئەم سیاسەتە گشتییەی هەبێت کە زۆر زۆر گرینگە، چونکە بۆخۆی دەزگایەکە یان دەستەیەکە پێوەرەکانی داناوە دەبێت هەر خۆشی چاودێری بکات بزانێ تا چەند ئەم دامەزراوانە بەگوێرەی ئەم بنەما و ئەو پێوەرانە کارەکانی خۆیان رادەپەڕێنن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەلین اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەسەرەتای گفتوگۆکانیشا باسم کرد جەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێدا کە ئامانجی یاساکە رێ وشوێنەکانی جێبەجێکردنی ئەرکەکە پێوەرە، هەڵسەنگاندنە، متمانەپێدانە، رێ وشوێنی هەڵسەنگاندن لەناو ئەم قانوونەدا نییە، لە رێستەکەشدا لەگەڵ بەڕێز (د.ڤالا) باسم کرد گوتی هەوڵ بدەین جێگەی بکەینەوە، ئێستا ئەوەی (د.ریبوار) تەرحی کرد پشتیوانی دەکەم، بەڵام یەعنی ئێستا بۆیە نەصێك ناخەمە روو بۆ ئەوەی ئیشکال دروست نەکات، داواکارم بەڕێز سەرۆکی لێژنەی قانوونی بەڕێز (د.ڤالا) و تەواوی ئەندامان ئەگەر پێشنیازێکیان هەبێت دەبێت رێ وشوێنەکانی هەڵسنەنگاندن لەم یاسایەدا جێگەی بکەینەوە، ئەگەر نا نەقصێکی گەورە لە قانوونەکە دروست دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەگەر وەزیر سەرنج و تێبینیتان نییە بچینە ماددەی دوای ئەو، فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمە سعید/ وەزیری پەورەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئەو ئیلزامییە بۆ قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن بەڵێ ئیلزامییە بۆ قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن، ئەو پێوەرانەی کە دادەنرێت، بەڵام ئیلزامیبوون بەوە نییە ئەگەر قوتابخانەیەك نەیتوانی جێبەجێی بکات ئیتر ئەو قوتابخانەیە دابخرێت بەو جۆرە نییە، ئەرکی حکومەتە کە پشتیوانی ئەو دامەزراوە پەروەردەییە، ئەو قوتابخانەیە، ئەو پەیمانگایە بکات کە بتوانی ئەو ستانداردانە جێبەجێ بکات، ئەرکی ئەوە نییە دایبخات، بەڵکو ئەرکی ئەوەیە کە بیگەیەنێتە ئەو قۆناغە، بەڵام پێوەرەکان بەڵێ دەبنە پێوەری ئیلزامی بۆ دامەزراوەکانی کەرتی حکومی و کەرتی ناحکومی، خاڵێکی دیکە پێوەرەکان بۆ یەکسەر نهێنی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان بێنین هیچ پێوەری شوێنێکی دونیا بە موتڵەقی کۆپی پەیستی بکەی لەسەر مەوقعێکی جوگرافی و دامەزراوەیەك جێبەجێی بکەی ناجیح نابێت، ئەگەر دیقەتتان دابێت من نەچوومە ناو ئەو تەفاصیلەوە، بەڵام هەندێك ئاماژەی وردم دا ئاماژەم دا بەوەی کە ئێمە بە قۆناغبەندی پێوەرەکان جێبەجێ دەکەین، پێوەرەکانی زانکۆی (هارڤارد) لەبواری کوالێتی ئیشورانس بێنین لە زانکۆکانی ئێمە جێبەجێی بکەین رەنگ بێ تووشی ئەوە ببین، تووشی یەئس و غەیبەت ئەمەل ببین، پێمان نەکرێت بەم جۆرە یان بەشێکی کەمی بتوانین لێی جێبەجێ بکەین، لەبەر ئەوە ئەم پێوەرانە بەشێوەیەکی تەساعودی ئێمە دەمانەوێت ساڵ بە ساڵ بە سیلسیلەیەکی زەمەنی خۆمان بگەیەنینە ئاستی پێوەره پێشکەوتووەکانی دامەزراوە پێشکەوتووەکانی دونیا، کۆتا خاڵ ئەوەی کاك (بەڵێن) باسی کرد، ئەگەر ئەو تێبینیە پرۆسەکە بەم جۆرەیە لە دوو سێ فەقەرە ئاماژەی پێدراوە، یەکەم لە بڕگەی یەکەم دەڵێ دانانی پێوەری گونجاو، ئەمە زۆر صەریح و زۆر وازحە، دووەم دەڵێ دڵنیابوون لەوەی کە دامەزراوەکان پەیڕەوی ئەو پێوەرانە دەکەن، یەعنی چی؟ یەعنی هەڵسەنگاندن دەکات بەدواداچوون دەکات لەسەر ئەوە، بەڵام ئەگەر بە صەریحی بنوسێت جەنابی سەرۆکی پەرلەمان منیش پێم باشە بە صەریحی مەسەلەن کەلیمەی هەڵسەنگاندن بنوسرێت گبیعیە، خاڵی سێیەم پشتیوانیکردنە وەکو بەڕێزان ئاماژەیان پێدا ئەمە هیچ یەکێك لە ڕۆڵەکانی وەزراەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا کانصڵ ناکاتەوە، دوو دامەزراوەن قانوونی خۆیانیان هەیە بەگوێرەی پەرلەمان، ئەمە تەنها جوزئیاتێکە لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری هەرێم ئەگەر، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەو ماددەی (٥)، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

یەکەم: ئەنجومەنی بالا سەرپەرشتی دەستە دەکات و پێوەر و سیاسەتی گونجاو بۆ متمانە بەخشین و رێسا و رێکسازییەکان بۆ جێبەجێکردنیان پەسەند دەکات.

دووەم: پێکهاتە و ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەم ئەنجومەنە بە پەیڕەوێك رێك دەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان هەر بەڕێزێك لەسەر ئەو ماددەیە دەیەوێت گفتوگۆ بکات؟ ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت گفتوگۆ بکەن لەسەر ماددەی (٥)، کاك (د.محی الدین)، کاك (عمر)، کاك (مسلم)، (مژدە) خان، کاك (مم)، (رۆژان) خان، کاك (عثمان)، کاك (شاخوان)، (د.ریبوار)، کاك (عثمان) سێدەری، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥)، بڕگەی یەکەم ئەنجومەنی بالا سەرپەرشتی دەستە دەکات و پێوەر و سیاسەتی گونجاو بۆ متمانە بەخشین و رێسا و رێکسازییەکان بۆ جێبەجێکردنیان پەسەند دەکات، بۆیە لێرەدا من پێم وایە ئەنجومەنی بالاکە بە ڕوونی ئیشارەت بدا کە ئەنجومەنی بالایەکە کێیە؟ کێ دەبن ئەو کەسانەی کە دەبنە ئەنجومەنی بالا کە لێرە وەکو ئەوەی کە (ڤالا) خان باسی کرد، روونتر ئیشارەتی پێبدرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جیاوازیەك هەیە لەنێوان دەقە کوردیەکەیی و دەقە عەرەبیەکەی، ئەوەی دەقە کوردیەکەی (ئەنجومەنی بالا سەرپەرشتی دەستە دەکات و پێوەر و سیاسەتی گونجاو بۆ متمانە بەخشین و رێسا و رێکارسازیەکان بۆ جێبەجێکردن یان پەسەند کردن) ئەوەی عەرەبیەکە هاتییە ئیشرافەکە تەواوە، لە عەرەبیەکەی (تصدیق)، (تنفیذ) هاتووە، بۆیە پێم باشە ئێستا دەیخوێنمەوە عەرەبیەکەشی دەخوێنمەوە، مادده (٥) دەڵێ: (یشرف مجلس الأعلی علی الهیئة و یصادق علی المعاییر و السیاسات الملائمة للإعتماد و القواعد و الضوابط لتنفیذها) بۆیە پێم وایە کوردیەکە دەبێت لەگەڵ عەرەبییەکە کامەی ئیعتماد دەکەین چونکە یان بۆ پەسەندی دەکات بۆ جێبەجێکردنە، بۆیە باشە رێکی بخەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (د. ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی (د. محی الدین)م هەبوو نوسخەی عەرەبی لەگەڵ نوسخەی کوردی لە ڕووی زمانەوانییەوە جیاوازی هەیە تکایە دیقەت بدەن زەحمەت نەبی، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك (مسلم)، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی پێنجەم، هەروەك وەزیری هەرێم باسی کرد کە ئەنجومەنێکی باڵای جیهانی سەرپەرشتی ئەو دەستەیە دەکات، بۆیە ئەگەر لێرە یەکەم ئەنجومەنی باڵای نێودەوڵەتی بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی کە روونتر بێت وازحترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، (مژدە) خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، دەست خۆش.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٥) پێکهاتەو ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەم ئەنجومەنە بەپێی پەیڕەوێك ڕێك دەخرێن، ئەم زۆر زۆر دەدرێتە دەست پەیڕە و ئەنجومەنی وەزیران من پێم وایە ئەو بەڕێزانەی ئەم یاسایەیان دارشتووە خۆشیان دڵنیا نین لەوەی دەیانەوێت چی بکەن، دەیانەوێت ئەم دامەزراوەیە ئەرکەکانی چی بێت؟ پێکهاتەکەی چی بێت؟ بۆیە نەیانتوانیوە بیهێننە ناو یاساکە باشتر بوو بهێنرێتە ناو یاساکە پێشنیارەکەم ئەوەیە پێکهاتەو ئەرك و دەسەڵاتەکانی لەناو یاساکە روون بکرێتەوەو نەدرێتە دەست ئەم پەیڕەوە لە ئەنجومەنی وەزیران، بەراستی من بەش بە حاڵی خۆم تەمەننا دەکەم دامەزراوەی ئەکادیمی، پەروەردەیی حزبی لێ دوو بکرێتەوە کاك دکتۆر تخوا با ئەم قسەیە بکەم، رێگەمان بدەن با بە ئیسراحەت قسەکانمان بکەین، ئێمە بۆیە لێرە دانیشتووین بۆیە ئۆپۆزسیۆنین لەبەر ئەوەی جیاوازین بەراستی ئەگەر هەموو وەکو یەك قسە بکەین مانای ئەوەیە هیچمان نەکرد.........................

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر) مزایەدەمان لەسەر مەکەن ئۆپۆزسیۆن، هەموو دەرفەتێکتان دراوەتی، بەپێی پەیڕەو موناقەشەی قانوونێك دەکەین، بەپێی پەیڕەو هەر یەکەتان دوو دەقەتان هەیە لەسەر ماددەکە قسە بکەن لە چوارچێوەی ئەو ماددەیە، ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو ماددەیەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ لە چوارچێوەی ئەو ماددەیەدایە، بۆیە جەخت دەکەمەوە لەوەی لەپێناو پاراستنی ئەکادیمی و بێلایەنی ئەم دەستەیە پێکهاتەکەی، ئەرکەکەی، دەسەڵاتەکانی، تایبەتمەندییەکانی، سیفەتەکانی ئەم ئەنجومەنە لەناو ئەو یاسایەدا جێی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (مم)، فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمدقانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت بڕگەی یەکەمیان کە دەڵێ ئەنجومەنی باڵا سەرپەرشتی دەکات، لە ماددەی (١)، بڕگەی چوارەمدا دەڵێ (ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵایە) پێویست ناکات ئەو دووبارە بوونەوەیە، ئەنجومنی باڵا تحصیل حاصڵە ئەو سەرپەرشتی دەکات، بکرێتە ئەنجومەن پێوەر و سیاسەتی گونجاو بۆ متمانە بەخشین و ڕێساو ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنیان پەسەند بکات، بڕگەی دووەم ئەوەی بەلای منەوە گرینگە کە ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوێك دەردەکات من وای دەخوێنمەوە ئەنجومەنی وەزیران نایەت پەیڕەو بۆ ئەنجومەنەکە دەربکات، یەك بۆ دەستەکەی دەردەکات، یەعنی ئەرکەکانی دەستەکە چییە؟ دەسەڵاتەکانی؟ پێکهاتەی دەستەکە، باسی ئەنجومەنێك ناکات چوار پێنج کەسن پێکهاتەی ئەم ئەنجومەنە چییە، بۆیە پێویستە پێکهاتە و ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەم دەستە بە پەیڕەوێك ڕێك بخرێت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (ڕۆژان) خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥)، بڕگەی دووەم ئەو وەڵامەی بەڕێز (د.ڤالا) وتی کە ئەنجومەنی باڵا پێك دێت لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگر، وەزیری خوێندنی باڵا و پەروەردە، پلاندانانیشی تێدابێت، لێرەدا دیار بکرێت پێکهاتەی ئەو ئەنجومەنە کێیە؟ ئەرك و دەسەڵاتەکانیشی بۆ بە پەیڕەو بسپێردرێ، لە هەموو ماددەکاندا دەڵێت پەیڕەوێك دەردەکرێت، بۆ لێرەیا دیاری نەکرێت؟ پێویستە لە یاساکەدا ئەرك و دەسەڵاتەکانی دیاری بکرێت، سەبارەت بەو ئەنجومەنی باڵا یان دەستەیەکی نێودەوڵەتی لێرەدا ئاماژەی پێبدرێت کە سەرۆکی دەستە بەرپرسیار دەبێت لەناو یاساکەدا بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر بەو دەستەیە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (شاخوان)، فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥)، بڕگەی یەکەم ئەنجومەنی باڵا یەعنی ناوی ئەنجومەنەکە وەکو چۆن بەشێك لە برادەران باسیان کرد ناوی ئەنجومەنەکە نەهاتووە کێن ئەنجومەنەکە؟ لایەنی کەم گرینگە ناوی ئەنجومەنەکە بهاتبا، دوو لەسەر بڕگەی دووەم پشتیوانی قسەکانی کاك (مم) دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری هەرێم، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم / وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها روونکردنەوە لەسەر ملاحەزەی کاك (مم) کە پشتیوانیش کرا زەرووڕە، ئەمە مەبەستمان لە بڕگەی دووەم لە ماددەی پێنجەم کە دەڵێین پێکهاتە و ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەم ئەنجومەنە بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات، تەنها مەبەستمان ئەنجومەنی باڵایە کە سەرپەرشتی دەستەکە دەکات، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی (٣) بڕگەی چوارەم دەڵێن (پێکهاتەکانی بۆردی متمانە بەخشینی پەروەردەیی بۆردی متمانە بەخشینی خوێندنی باڵا و فەرمانگەکانی دەستە و لقەکانی و ئەرك و دەسەڵاتەکانی بە پەیڕەوێکی ناوخۆ دیاری دەکرێت کە دەستە خۆی پێشنیاری دەکات ئەنجومەنی باڵا پەسەندی دەکات) واتە بە پەیڕەوی ناوخۆ دەستە خۆی ئەم پێکهاتەی خۆی دیاری دەکات، ئەوی لە ماددەکەی تردا هاتووە پەیوەستە تەنها بە ئەنجومەنی باڵا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری پەروەردە، فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمه سعيد/ وەزیری پەورەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابتان و ئەم مەجلیسە بەڕێزە لە هەموو لایەکمان شارەزاترێکن کە هەرەمی قانوونی دەوڵەت بریتییە لە دەستوور، بریتییە لە قانوون، بریتییە لە قەراراتی تەشریعی پاشان بریتییە لە نیزام، پەیڕەو، سیستم، وە سیستمیش لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە بەگوێرەی یاسا کە رێکخراوە، پێم وابێت بابەتێکی ئاساییە کە بەشێك لە وردەکاریەکان بە سیستم ڕێك دەخرێت دوای ئەوە بە تەعلیمات ڕێك دەخرێت، بە قەرارات و بە لەوائحی ئیداری ڕێك دەخرێت، ئەمە هەرەمی قانوونی دەوڵەتە پقهی قانوونی ئەم بابەتەی وا تەنزیم کردووە کە ئەم بابەت لە سەڵاحیەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (٦)، فەرموو.

**بەڕێز حسيبه سعيد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٦):

یەکەم: دەستە بوودجەیەکی تایبەتی دەبێت لەناو بوودجەی گشتی هەرێم.

دووەم: دەستە بۆی هەیە ببێتە خاوەنی مایەی گوێزراوە و نەگوێزراوە و هەڵسان بە گشت ئەو رەفتارە یاساییانەی پەیوەستن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی لەنێوانیشیاندا ئەنجامدانی ئەو گرێبەستانەی کە تایبەتن بۆ بەدیهێنانی ئەرکەکانی دەستە و قەبوڵکردنی یارمەتی و بەخشین و دیاری.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات؟ ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت گفتوگۆ بکەن لەسەر ماددەی (٦) بریتین لە کاك (د.محی الدین)، کاك (سیروان)، کاك (بەلێن)، (رۆژان) خان، (د.شایان)، کاك (سروان)، کاك (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس تێبینیەکم هەیە کە ئەو دەستەیە بۆ ئەوەی ئیشەکانی خۆی بەباشی بەڕێوە ببات حەقی ئەوانەی هەیە هەم بوودجەی هەبی هەم مایەی گوازراوە و نەگوازراوەی هەبی، بەڵام لە حالەتی حەلبوونی ئەو دەستەیە پێم وایە دەبێت فەقەرەیەکی بۆ زیاد بکەن لە حاڵەتی هەڵوەشانەوەی ئەو دەستەیە ماڵە گوێزراوەکان و نەگوێزراوەکانی بەگوێرەی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سیروان)، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٦)، بڕگەی دووەم دەستە بۆی هەیە هەتا خوارەوە لە کۆتایی دێرەکە دەڵێ (بۆ بەدیهێنانی ئەرکەکانی دەستە و قبوڵکردنی یارمەتی بەخشین و دیاری) یارمەتی ئەوەیە کە وەك تێگەیشتین کە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و یان ئەوانە، بەخشینیش ئەوەیە کە هەندێك کەس شت دەبەخشێت یان مادییەك دەبەخشێ بەس دیاری چی دەگرێتەوە؟ دیاری رەنگە بەرتیلیش بگرێتەوە، ئەوەی کە مادەم دەستەکە بەستراوەتەوە بە شتی نێودەوڵەتییەوە ئەگەر لە هەر وڵاتێکی دونیایا حزبێك نەك دەستەیەك، حیزبێك دیاری لە هەر کەسێك وەربگرێت وەکو بەرتیل تەماشادەکرێت، ئینجا ئەمە یان ئەو دیارییە لابرێت یان دیاریەکە تەحدید بکرێت، دیاریەکە بە مەنفەعەتی ئەو دەستە و ئەو ئەنجومەنەیە بێت، جا ئەوە قەوسی بۆ دەکەنەوە شوێنێکی بۆ دەگرێتەوە یان دیاری خۆی بەخشیشە، بەخشیشیش لەژێرەوەیە دەکرێت ئەو دیارییە تەفسیری قانوونی و غیر قانوونی بۆ بکرێت لەگەڵ رێزما، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بەلێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە ئێمە بوودجەمان نییە نازانم بوودجەی گشتی هەرێم، ئێمە لە (٢٠١٣)ەوە خاوەنی بوودجە نین لەم وڵاتە، کە تۆ قانوونی بوودجەت نەبێ چۆن بوودجەیەکی تایبەت لەناو قانوونی

بوودجە بۆ دەستەیەکی ئاوا دابین دەکەی، چۆن دیاری دەکەن؟ من تێنەگەیشتم، ئێستا تۆ ئەگەر قانوونی بوودجەت نەبێ یان لەناو بوودجەی گشتی هەرێما چۆن بوودجەیەکی تایبەتی هەبێ، ئەگەر بۆ حاڵەتی ئێستایە حەقە بکرێتە مینحەیەك وەکو هەموو شتەکانی تری کە ئێستا وڵاتی پێ بەڕێوە دەبرێت، ئەگەر نا تۆ یاسای بوودجەت نەبێ چۆن بوودجەی تیا دیاری دەکەی؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(رۆژان) خان، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان قسەی کاك (بەڵێن)م هەبوو پشتیوانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.شایان)، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکی پەیڕەویم هەیە بەپێی ماددەی (٥٠)، بەپێی شوێنی دانیشتنەکانمان بەشی پێشەوە هەمیشە سەرمایانە، ئێمەش هەمیشە گەرمامانە، نازانم ئەوەی کو رێك دەخەن؟ چونکە گەرمایەکەی ئێرە زۆر ناخۆشە، سەبارەت بەو روونکردنەوانەی بەڕێز (د.ڤالا) دای هیوادارم لیژنەی بەڕێز لەناو پرۆژە یاساکەدا جێگیری بکەن بۆ نمونە ئاماژەی بەوەدا کە دەستەکە سەربەخۆیە، نە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، نە سەر بە پەرلەمانە، ئەوە جێگیر بکرێت لە پرۆژە یاساکە بە روونی، ئەوەی تر کە باسی ئەنجومەنی باڵا دەکات لە وەزیرەکان پێکهاتووە ئەوەش پێشنیار دەکەم کە لیژنە ناڵێم جێگیری بکات، بەڵام پێشنیارم هەیە بۆ لیژنەکە بەم شێوەیە بێت، پاشان ماددەی شەشەم ئێمە هەر وەها هاتە بەر گوێمان کە ئەم پرۆژە یاسایە بارگرانی دارایی بۆ هەرێم دروست ناکات ئەو ماددەی شەشەمە مەبەست لێی چییە؟ ئەگەر هەر بوودجەشی بۆ تەرخان دەکرێت دەستە بوودجەیەکی تایبەتی دەبێت لەناو یاسای بوودجەی هەرێم نەك بوودجەی گشتی هەرێم، ئەی ئەگەر بوودجە نەبوو لەکوێوە دەیهێنێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سروان)، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، هەڤاڵی یاوەریشیان، من لەسەر ماددەی شەشەم بەراستی ئێمە وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردەمان هەیە، ئەگەر بوودجەی تایبەت بۆ ئەو دەستەیە دابین بکرێت نابێت بارگرانی بۆ حکومەت؟ لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی پەروەردە تەنسیقێك و بوودجەی پەیوەست بەو دەستەیە دابین بکرێت باشترە وەکو پێشنیار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (شاخوان)، فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له مـادده (٦)، بـڕگەی دووەم بـاس له هێنـانەدی ئامانجەکـان له نێوانیشـیاندا ئەنجامـدانی ئەم گرێبەسـتانه، یەعنـی صـەلاحیەتی بەسـتی گرێبەسـتەکان بـابڵێین واژووی گرێبەسـتەکان، رەزامەنـدی لەسـەر گرێبەستەکان تەقـریبەن تـارادەیەك لێـرە بە ڕوونـی داویەتـی بە سـەرۆکی دەسـتەکە، جـا وا باشـترە یەعنـی ئەم ئەنجومەنەکەشـی تیـا بەشـدار بێـت، ئەنجـومەنەکەش موشارەکە بکات، تەنها صەلاحیەتەکە لای سەرۆکی دەستەکە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (هیڤیدار)، فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦)، بەشی دووەم کۆتاییەکەی یەعنی پێشتریش یاسا هەبووە له پەرلەمانی کوردسـتان هەر بەخشین و دیارییەك ئـیللا به رەزامەنـدی سـەرۆکی حکـومەت بێـت، بەڕێـز (د.ڤـالا) لێـرەیه لەڕووی قانوونییەوە دەستەیەك یان وەزارەتێك که بەخشینێك وەردەگرێت یان دیارییەك دەبێ له ئەنجـومەنی وەزیـران یـان له سـەرۆکی حکـومەت وەربگرێـت، بـۆ ئەوەی هـیچ دەرگـایەکی نەخوازراو و بابەتی گەندەڵی ئەوانەی تێدا نەبێت، دەبێ دیار بێتن کێ ئەم بەخشـین و دیـارییه وەردەگرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان وەزیرەکان، فەرموو.

**بەڕێز ئالان حمه سعید (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئەوەی وابەستەبوو به وەڵامدانەوەی یارمەتی و بەخشین و دیاری (د.ڤالا) لەڕووی قانوونییەوە قسەی لەسەر دەکات، رەنگ بـێ مصتەلەحەکە له کوردی به تەواوی جـێگەی خـۆی نەگرتبێـت وشـەی (دیـاری) ئەگینـا بۆخـۆی (مـنح)، (مسـاعدات)، (هبـات)ه، بـۆ نمـونه ئـێمه قوتابخانەمان هەیه دەوڵەتێك دروستی کردووە وەکو هیـبەیەك وەکـو مینەحێـك بـۆ حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بەپێـی تەعلیمـاتی دارایـی هەر هاوکـارییەك که دێـته هەر دامەزراوەیەکـی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانەوە دەبێـته مـوڵکی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، ئەگەر رێکخراوێـك سـەد هەزار دۆلار ببەخشـێ به وەزراەتـی پەروەردە بـۆ کاروبـارێکی پەروەردەیـی بەپێـی تەعلیمـاتی دارایـی دەبێـته مـوڵکی حکـومەت، مـامەڵەی هەمـوو ئەو رێکـارانەی لەگەڵ دەکرێـت که لەسـەر پـارە و مـوڵکی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان هەیه واته دەبێـته داهـاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێــز (د.محــی الــدین) ئیشــارەتی پێــدا کە چــۆن تەصــفییەی مــایە گــوازراوە و نەگوازراوەکانی بکرێتن ئەوە بەپێـی مەبادئی عـامە لە قانوونەکـان دیـاری کـراوە کە ئەو بـابەتە حەل بووە پێویست ناکات لە هەمـوو یاسـایەك ئیشـارەت بەو وردەکـارییە بـدرێتن، بۆ بـوودجە هەبێــتن لەبــۆ ئەو دەســتەیە هەر دەســتەیەکی ســەربەخۆ ئەگەر لەنــاو یاســاکەیدا نەڵێــین بوودجەیەکی تایبەتی هەیە لە بوودجەی گشتی وڵات ئەو دەستەیە ناتوانین بڵێین دەستەیەکی سەربەخۆیە، بۆیە لەبەر سـەربەخۆبوونی پێویسـتە پەرلەمـان مـوافەقە لەسـەر ئەو بـوودجەیە بکــاتن کە بــۆ ئەو دەســتەیە دیــاری دەکرێــت، ئەو بــوودجەیەش لە مەرحەلەی یەکەم زۆر زۆر گرینگە بۆ دەعمی دەستەکە رەنگە دواجار ئەصڵەن پێویسـتییەکی ئەوتـۆی پـێ نەمێنـێ بەو کە بۆی دیاری دەکرێت، مصتەڵەحەکان بەڕێز کاك (سیروان) دیاری لێـرە مەبەسـتمان لێـرە (هـبە)یە یەعنـی لە عەرەبـی (هـدیە) هەیە و (هـبە) هەیە ئەوان هەردووکیـان هەیە، بەخشـین تەبەروعە ئینجا ئەگەر چاکی بکەن موصتەڵەحەکەی بزەبت بـۆی بـدۆزنەوە والله مەمنـون دەبـین، یەعنـی لەجێی دیاری دایبنـێن، بەپێـی نیـزام، بەپێـی تەعلیمـاتیش هـیچ دیـارییەك قبـوڵ ناکرێـت وەکـو ئەوەی بەڕێز کاك (هێڤیدار) ئیشارەتی پێـدا ئەگەر رەزامەنـدی سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیرانـی لەسەر نەدرێت، بۆیە ئەگەر لە یاساکەش..........کە لەناو نیزام ئیشارەت بەوە دەدرێتن کە هەموو بەخشینێك و هیبەیەك بە موافەقەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٧) بەڕێزان، فەرموون.

**بەڕێز کلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

دامەزراوەکانی پێکهاتووە بەپێی ئەم یاسایە جێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ناگرێتەوە و لەو ئەرك و دەسەڵاتانەی بۆیان دەساتنیشان کراوە لە یاسای تایبەتی ئەو وەزارەتانە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لەسەر مـاددەی (٧) هەر بەڕێزێـك دەیەوێـت گفتوگـۆ بکـات؟ ئەوانەی دەیانەوێـت گفتوگۆ لەسەر ماددەی (٧) بکەن بریتیت لە بەڕێزان، کاك (سیروان)، کاك (مم)، کاك (ارشد)، کـاك (ئیدریس)، (ژیان) خان، (ژیان) خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) لە کۆتاییەکەی پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیە زیاد بکرێـت، جـگە لە دانـانی پێوەر و متمانە بەخشین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (ارشد)، فەرمووو.

**بەڕێز ارشد حسين محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ئەو ماددەیە هەر هەڵبگیرێت لەبەر ئەوەی وەزارەت خۆی یاسای خۆی هەیە، پێویست ناکات لێرە ئاماژەی پێبکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك (ادریس)، فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتگیری لە قسەکانی (ژیان) خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سیروان)، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) مەفهوم نییە دامەزراوەکانی من پێم باشە بوترێت دامەزراوەکانی ئەم دەستەیە، چونکە هەندێك جار کە دەخوێنرێتەوە خۆ ناگەڕیتەوە بۆ هەموو وەرەقەکان، یان دامەزراوەکانی ئەم دەستەیە پێك هاتووە یان تەعریفێکی بەسیتی بۆ بکەن، جەنابی وەزیرش موافقە لەگەڵیا دیارە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (مەم)، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمدقانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەی (٧) پێشنیاز دەکەم بۆ ماددەی (١) کە دەڵێن وەزارتە پەیوەندیدارەکان ئاماژەیەك بکرێت رەنگە خراپ نەبێت، وەزارەتە پەیوەندیدارەکان وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان سەرنجتان هەیە وەزیرەکان؟ ئەگەر نا بچنە سەر ماددەی (٨)، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە ماددەی (٧) بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی بۆ دڵنیابوون هەردوو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵایە کە ئەو دەستەیە بە هیچ شێوەیەك ئیشی ئەوان ناکاتن بۆیە پێمان باشە ماددەکە بمێنێتەوە، بەڵام تەئیدی ئەوەش دەکەین بۆ ئەوەی هەردوو وەزارەت زیاتر دڵنیا بنەوە کە ئیشی ئەو دەستەیە تەنها بگوترێت جگە لە دانانی پێوەری، هەڵسەنگاندن، متمانە بەخشین، بۆ ئەوەی زیاتر ئیتمیئنان بدەین بە هەردوو وەزارەت کە ئەو دەستەیە ئیشی ئەو دوو وەزارەتە ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (شەمۆل)، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد ئەمەش لەگەڵ هێشتنەوە ئەو ماددەینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٨)، فەرموو.

**بەڕێز کلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بژار) وەکو ئەندام قسەی هەیە پێش ئەوەی بچینە سەر گفتوگۆ، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری رای کاك شێخ (ارشد) دەکەم، لەگەڵ قسەکانی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٨) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆی لەسەر بکات؟ هیچ بەڕێزێك نییە. ماددەی (٩)، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان هەر کەسێك دەیەوێت گفتوگۆی لەسەر بکات؟ کاك (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەوەی کە لە ماددەی (٥) بڕگەی دووەم هاتووە کە ئەو ئەنجومەنە بەپەیڕەوێك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوەی رێك دەخرێت بێتە ماددەی (٩) ببێتە دوو بڕگە، بڕگەی یەکەمیان ئەنجومەنی وەزیران بە پەیڕەوێك پێکهاتە و ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەو دەستەیە دیاری دەکات، دواتر پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):

ئەم یاسایە لە ڕێککەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وقائعی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆی لەسەر بکات؟ هۆیەکانی دەرچوواندن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و دەستەبەرکردنی کوالێتی خوێندن لە هەرێم بە ئامانجی پێگەیاندنی نەوەیەکی بەرپرسیار و هۆشیار و بەرهەمدار ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆی لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن بکات؟ کاك (سیروان)، کاك (دابان)، کاك (سیپان)، (مژدە) خان، کاك (دابان)، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر وشەی (نەوەیەکی بەرپرسیار و هۆشیار) هەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی یاساکەیا یەك ناگرێتەوە، نەوەیەکی بەتوانا و بەرهەمدار بێت، ڕەنگە ئەوە باشتر بێت لەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داڕشتنێکم هەیە ئەگەر گونجاو بێت، بەم شێوەیە ( بەمەبەستی دڵنیابوون لە بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندن و پاراستن و گرەنتیکردنی کوالێتی ئەو دامەزراوانە و دڵنیابوونەوە لە بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی و زانستی و متمانە بەخشین بە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندن و پێگەیاندنی نەوەیەکی وشیار و بەرهەمدار ئەم یاسایە دەرچوێنرا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سیپان)، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەخازم هۆیەكانی دەرچوواندن بڤی رەنگی بیت (لەپێناو بەرزكردن و بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی و ئەكادیمی دامەزراوەكان و پرۆگرامەكانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و دەسبەركردنی كوالێتی خوێندن لە هەرێم)، ئەوەی تر لە ماددەی (٢،٣) یەكەم ئاماژەی پێدراوە پێویست ناكات جارێكی دیكە هەمان شت دووبارە بكەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

(مژدە)خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە هۆیەكانی دەرچوواندن بەم شێوەی لێبكرێت (لەپێناو بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی ئەكادیمی دامەزراوەكان و پرۆگرامەكانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و دەستەبەركردنی كوالێتی خوێندن لە هەرێم ئەم یاسایە دەرچوێنرا) ئەوەی تر لە ئامانجەكاندا هەیە، لەبڕگەكانی دیكەدا هەیە و زیادەیە بە بڕوای من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (سیروان)، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچوواندن لە سەرەتا تا كۆتایی من تا ئەوێ قسەم لەسەر نییە، بەڵام نووسراوە (بە ئامانجی پێگەیاندنی نەوەیەكی بەرپرسیار و هۆشیارو بەرهەمدار) ئەم یاسایە دەرچوێنرا، ئەمە خۆی دانپیانانێكی خراپە كە ئەو نەوەی پێش ئەوە ئەمانەی تیا نییە، كەواتە یەك وشەی تری بۆ زیاد بكرێت، ئەگەر بیخوێنمەوە جارێكی دیكە، بە دیقەتەوە لیژنەی بەڕێز و بەڕێز وەزیران، بە ئامانجی پێگەیاندنی نەوەیەكی بەرپرسیار و هۆشیار و بەرهەمدار ئەم یاسایە دەرچوێندرا، كەواتە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێش ئەم یاسایە واتە ئەم شتانەمان نەبووە، بۆیە من دیسانەوە دەڵێم پیشنیار دەكەم یەك (تری) بۆ زیاد بكەن، باشتر لەو حاڵەتە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێزان، (د.ڤالا)، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری پێشنیارەکەی (مژدە) خانوو کاك (سیپان)، کاك (سیروان) دەکەم، ئەو عیبارەی ئەخیری هەڵبگرن باشترە، دەستتان خۆش بێت، ئەوە گشت ئەندامانی تر کە پێشنیاریان کرد. دەست خۆش.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر راو سەرنجێکتان هەیە، دەستتان خۆش بەڕێزان، زۆر زۆر سوپاس، بەم شێوەیە دانیشتنەکە هەڵدەگرین، دەستتان خۆش، سوپاس بۆ ماندوبوونی هەموو لایەك.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |